# پیاسەیەك بە شەقامی پەیڤی ژناندا

حكومةتي هةريَمي كوردستان
وةزارةتي رؤشنبيري و لاوان
بةرِيَوةبةريَتيي طشتيي راطةياندن
و ضاث و بلآوكردنةوة
بةرِيَوةبةريَتيي ضاث و
بلآوكردنةوةي سليَماني

بەڕێوەبەرێتیی
چاپ و بڵاوکردنەوەی
سلێمانی

2013

# پیاسەیەك بە شەقامی پەیڤی ژناندا

هەڵبژاردن و وەرگێڕان

مستەفا زاهیدی

سلێماني
2013

زنجيرةي كتيَبـي هةنار: ذمارة (؟؟؟؟)

**پیاسەیەك بە شەقامی پەیڤی ژناندا**

- وةرطيَرِانـي: مستةفـاي زاهيـدي
- بـابـةت: وتـوويـَذي ئـةدةبـي
- ثـيتضنـى: وةرطيَرِ
- هةلَـةضنـي: كـارزان عةبـدولَـلاّ
- نـةخشةسازيـي بــةرط و نــاوةوة: ئــةكرةم محةمـةد ئـةميـن
- سةرثـةرشتيـاري ضاث: كـارزان عةبـدولَـلاّ
- قـةبـارةي كـتيَب: ½ A4
- ذمـارةي لاثـةرِة: ؟؟؟؟
- زنـجيـرةي طشتـيي كـتيَب: (؟؟؟؟)
- تـيراذ : (500) دانـة
- ضاث: ضاثـخانـةى ؟؟؟؟
- نـرخ: ؟؟؟؟؟ **دينار**
- ذمـارةي سثـاردنـي (؟؟؟؟)ي ســالَـي 2013ي وةزارةتــي رؤشنـبيـريـي و لاوانـي دراوةتـىَ.

بـةرِيَـوةبـةريَـتيـي ضاث و بـلاّوكـردنـةوةي سلـيَمـانـي
طـردي ئـةنـدازيـاران
ذمـارةي تـةلـةفـؤن: 3180994

وەرگێڕانی ئەم بەرهەمە پێشکەشە بە:

–دایە بەهیە دایکی پێنج شەهیدی کوردستان.

–مەلەکە مستەفا سوڵتانی.

–رووفیە رەمەزانعەلی.

یادداشتی وەرگێڕ:

ئەو ژنانەی لەم کتێبەدا وتووێژیان لەگەڵ کراوە، هەموویان کەسانی دیاری ئەدەبی جیهانین و ژمارەیەکیان براوەی خەڵاتی لە چەشنی نۆبڵ، پۆلیتزەر، گنکۆر و بۆکێرن. یەکێك لەو کەسانە کە لێرەدا وتووێژەکەی هاتووە، ئالیس مۆنرۆیە، کە ئەمساڵ (2013) بوو بە براوەی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیات. تۆنی مۆریسۆن ساڵی 1993 بوو بە براوەی خەڵاتی نۆبڵ. ناتالی سارۆت یەکێکە لە کەسایەتییە دیارەکانی شەپۆلی نوێی ڕۆمانی فەڕەنسا. سیمۆن دی بۆڤار وەك یەکێك لە کەسایەتییە دیارەکانی ئەدەبیاتی فێمنیستی لە دونیادا دەناسرێت. بە گشتی ئەم کەسانە بەشێکن لە دەنگە دیارەکانی ئەدەبی سەدەی بیستەم و بیستویەکەم لە هەموو دونیا. کێشە و کەڵکەڵە مرۆییەکان و ژنان و ڕەشپێستەکان و... لە ئەدەبی ئەم ژنانەدا ڕەنگدانەوەی تەواوی هەبووە، کە وا دەکات ڕەنگە ژمارەیەکیان بە ئەدەبی فێمنیستی بناسرێن و ژمارەیەکیشیان وەك تۆنی مۆریسۆن و چیماماندا نگۆزی بە دەنگە دیارەکانی ئەدەبی ڕەشپێستەکان بناسرێن. ئەدەبی ئەم ژنانە وەستانەوەیە دژ بە هەر سیستمێکی دیکتاتۆری، جا دیکتاتۆری دەسەڵاتدارانی سەرەڕۆ بێت وەك هێرتاموولێر، یان دیکتاتۆری سیستمی پیاوسالاریی، وەك سیمۆن دی بۆڤار. ناتالی سارۆت وەستانەوەیە دژ بە ڕەوتی زاڵی گێڕانەوە، کە بە گێڕانەوەی بەلزاکی دەناسرێت.



ژنانی نووسەر لە ململانێی دابینکردنی بژێویی ژیان و نووسین و چاپی بەرهەمەکانیاندا، بەدڵنیاییەوە ڕووبەڕووی کۆمەڵێك کێشەی لە چەشنی پیاوانی نووسەر دەبنەوە، بەڵام ژنان ئەرکێکی تریان لەسەرە: ئەویش ئەرکی دایکبوون و هاوسەربوونە، کە قورسایی کارەکەیان دووقات دەکاتەوە.

هاندەری سەرەکیم بۆ وەرگێڕانی ئەم کتێبانە، ناساندنی دونیای ئەم ژنە نووسەرانەیە بە کتێبخانەی کوردی، لەبەر ئەوەی لەناو وتووێژەکانەوە لەگەڵ دونیای ئەو ژنانە زیاتر ئاشنا دەبین و زیاتر کەڵکەڵەکانیان دەناسین.

سەرچاوەی سەرەکی ئەم وتووێژانە کتێبی "گفتگو با یازده زن نویسنده"یە، لە وەرگێڕانی "مهرشید متولی"، کە لەلایەن "انتشارات نیلوفر"ەوە چاپ و بڵاوکراوەتەوە، بەڵام ئەو وتووێژانەی تر کە هاتوون و لەم کتێبەدا نین لەوانە وتووێژ لەگەڵ "ئالیس مۆنرۆ"، "چیماماندا نگۆزی"، "هێرتا موولێر"، لە سەرچاوەی جیاواز وەرمگرتووە لە ئینتەرنێتەوە. هەروەها سەرجەم ئەم وتووێژانەم لە زمانی فارسییەوە کردووە بە کوردی، جگە لە یەك وتووێژ لەگەڵ "ئالیس مۆنرۆ"، کە لە زمانی ئینگلیزییەوە کردوومە بە کوردی.

لە کۆتاییدا پێویستە سوپاسی هەرکام لە بەڕێزان "عەبدولخالق یەعقووبی" و "کارزان عەبدوڵڵا" بکەم. کە هەرکامەیان بە شێوەیەك بەم کتێبەوە ماندوو بوون. کاك "عەبدولخالق یەعقووبی" ئەرکی پێشەکی نووسین بۆ ئەم کتێبەی گرتە ئەستۆ و کاك "کارزان عەبدوڵڵا" وەك ئیدیتۆری زمانی هاوکاری زۆری کردم لەم بەرهەمەدا.

م.ز

**پاییزی 2013**

## فێمینیزم لەنێوان راڤە و رەخنەدا

**عەبدولخالق یەعقووبی**

مێژووی ئەدەبیاتی جیهان شاهیدی بۆ ئەوە دەدات کە ژن لە گوتاری ئەدەبیدا، چ وەک داهێنەری ئەدەبی و چ وەک کەسایەتیی نێو جیهانی ئەدەبیات، لەچاو پیاو، هەمووکات پێگەیەکی پلە دووی پەراوێزنشینکراوی بووە. ئەو راستییە لە هۆکارێکی زۆر سادە و روونەوە سەرچاوە دەگرێت: زۆرینەی نووسەرانی گوتاری ئەدەبی پیاو بوون و زۆرینەی ئەم نووسەرە پیاوانەش لە گەمەی هێزی کۆمەڵایەتیدا، ئاگامەندانە و نائاگامەندانە،



لایەنگرییان لەو گوتارە کردووە کە پیاو بە هێزی باڵادەست و بڕیاردەری سەرەکی لە قەڵەم دەدات: واتە گوتاری نێرسالاری (discourse of patriarchy). گوتاری نێرسالاری لە ژنی وەک ئامێرێك بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی خۆی روانیوە و هەر بۆیە راڤەی ئەو گوتارە بۆ ژن راڤەیەکی ئامێرتەوەر بووە و ئاوڕدانەوە لە بەها مرۆییەکانی ژن لە بەرنامە و باسوخواسی ئەو گوتارەدا پێگە و جێگەیەکی ئەوتۆی نەبووە.

سەرهەڵدانی رەخنە و روانگەی فێمینیستی لە دەیەی ١٩٦٠دا جۆرێك دژکردەوە بوو بە نیسبەت ئەو بە هەند وەرنەگرتنەی ژن بە درێژایی مێژوویەکی چەند سەدەیی. سەرەتا رەخنەی فێمینیستی وەڵامێکی خێرا بوو بۆ دیدی فۆرمالیستەکانی رووس و بیرۆکەی "رەخنەکارانی نوێ"ی ئەمریکا کە لە دەوروبەری دەیەی ١٩٣٠ بەرەو ژوور سەریان هەڵدا. بە رای ئەو دوو تاقمە لە تیۆری داڕێژان و رەخنەکاران، "عەینییەت" (objectivity) بەردی بناغەی رەخنەی ئەدەبییە و "دەق" (text) دیاردەیەکی "ناتاکەکەسی"یە و تێڕوانینە شەخسییەکانی نووسەر لە پرۆسەی خوێندنەوەی دەقدا، نەك هەر گرینگ نین، بەڵکو ناشێت ئاوڕیشیان لێ بدرێتەوە، بەڵام بە باوەڕی فێمینیستەکان بەرهەمی ئەدەبی ئاوێنەی باڵانومای باوەڕی شەخسیی نووسەرانە، هەر بۆیە رەخنەیان لە شێوەی نواندنی کەسایەتیی ژن لە ئاسەواری فۆرمالیست و رەخنەکارانی نوێی دەگرت.

وردە و وردە و لەگەڵ تەشەنەسەندنی بیرۆکەی فێمینیزم، کە ئێستا ئیتر بازنەی دژکردەوەیەکی رووتی رەخنەگرانەی لە هەمبەر ئەدەبیاتی

پیاوان بەزاندبوو و ببوو بە بزووتنەوەیەکی هەمەلایەنەی بەرفراوانی هزری و کۆمەڵایەتی، دوو داگەڕانی سەرەکی لە رەخنە و روانگەی فێمینیستیدا هاتنە ئاراوە. داگەڕانی یەکەم، کە پێی دەگوترێت "وێناکانی ژن" (Images of woman)، لەوە دەکۆڵێتەوە کە ژن لە بەرهەمگەلی ئەدەبیدا، بە تایبەتی ئەدەبیاتی دەستکردی پیاو، یان هەر ئەدەبیاتێك کە تێڕوانینی پیاوانە بەرهەمی بهێنێت، تەنانەت ئەگەر نووسەرەکەی ژن بێت، چ پلە و پایەیەکی هەیە و چۆن وێنا کراوە. بە باوەڕی ئەم داگەڕانە فێمینیستییە، پێش گریمانەی زۆربەی نووسەرانی پیاو ئەوەیە، کە بەرهەمی خۆیان بۆ خوێنەرەوەیەکی پیاو دەنووسن و هەر بۆیە جۆرێك لە جیهانی ئەدەبی چێ دەکەن، کە تێیدا ژن بە پێی ویست و داخوازییەکانی کۆمەڵگای نێرسالاری وێنا دەکرێت و دەور دەگێڕێت. بە کورتی، ئەم داگەڕانە، لەسەر راڤەی دۆخی ژن لە جیهانی ئەدەبیاتدا پێ دادەگرێت بۆ ئەوەی وێنە راستەقینەکانی ژن چیتر لە قاڵبی روانینەکانی پیاوانەدا قەتیس نەمێنێت.

داگەڕانی دووەم، کە بە "رەخنەی ژنانە" (gynocriticism) ناوبانگی دەرکردووە، پتر سەرنج دەگرێتە پێگەی ژن وەك نووسەر و بەرهەمهێنی گوتارێکی نوێی رەخنەگرانە لە هەمبەر گوتاری نێرسالاری. تیۆریی داڕێژانی ئەم داگەڕانە پێیان وایە دیدگای "وێناکانی ژن" تەنیا ئاوڕ لە تێڕوانینی پیاو، یان تێڕوانینی پیاوانە، بۆ ژن دەداتەوە و هەر بۆیە پانتاییەکی بەرتەسك و دەرەتانێکی کەمی بۆ دەرخستنی راستییەکان دەربارەی ئەزموونی راستەقینەی ژن و ژنێتی هەیە. ئەم داگەڕانە پتر



لەوەی دژکردەوەیەك بێت لە هەمبەر ئەدەبیاتی پیاوان و ئەدەبیاتی پیاوانە، هەوڵێکە بۆ نزیککردنەوەی خوێنەر و بەردەنگانی ئەدەبیات لە هەستی راستەقینە و ئەزموونی راستەخۆی ژنان. ناسنامەی زاتیی ژنان لەم تێڕوانینەدا چیتر نابێتە قوربانیی وێناکارییەکانی ژن لەسەر دەستی پیاو، ئەو پیاوەی کە ژن لە ئەدەبیاتی خۆیدا لەسەر بنەمای دووانە لێکدژی (binary opposition) پیاو/ ژن وێنا دەکات و لەم پەیوەندییەدا دەوری کاریگەر و سەرەکی بە پیاو دەدات و دەوری لاوەکی و پەراوێزنشینیش بە ژن دەبەخشێت. لەم داگەڕانەدا پتر لەوەی دۆخی ژن بکەوێتە بەر راڤەکاری، رەخنە لەو دۆخە دەگیرێت کە ژن تێیدا بووە، دۆخێك کە زۆر جار، لەسەر دەستی گوتاری نێرسالاری، بە سروشتی لە قەڵەم دراوە و رێگا نەدراوە گومانی بچێتە سەر.

ئەگەر لەو گۆشەنیگایەوە لە فێمینیزم بڕوانین کە هەوڵێکە بۆ گەڕاندنەوەی سەروەری بۆ کەسایەتیی ونبووی ژن و هەڵوەشاندنەوەی (deconstruction) ئەو ناسنامەیە لە ژنایەتی کە بە دەستی پیاو و تێڕوانینی پیاوانە چێ کرابوو، ئەوە، وەك جاناتان کالێر باسی دەکات، ئەم شێوازە لە رەخنە و روانین جۆرێکە لە رێبازی رەخنەکارانەی پاش پێکهاتەخوازی (post-structuralism)، کە تێیدا پێکهاتەی پەیوەندیی دووانە لێکدژی پیاو/ ژن هەڵدەوەشێنێتەوە و نەریتێکی نوێ بۆ ژیانی ژن و پێگەی ژن لە کۆمەڵگادا دەهێنێتە ئاراوە. لەم نەریتەدا، ژن چیتر دەنگی خۆی لە زمانی پیاوەوە نابیستێت و سیمای خۆی لە ئاوێنەی نێرسالاریدا نابینێت. لە دۆخێکی نوێی ئەوتۆدا، ژن هەوڵی کۆتاییهێنان بە

مێژووی پەراوێزنشینیی خۆی دەدات و ناسنامەیەکی نویێ، لەسەر بنەمای خەون و خواستی ژنانەی، بۆ خۆی دەستەبەر دەکات.

دیارە ئەم نەریتە لە روانین بۆ نیسبەتی نێوان پیاو و ژن لە ئەدەبیاتدا نەریتێکی رۆژاواییە و لەگەڵ رەوتی سەرهەڵدانی ژیانی پیشەسازی و ئازادیی تاکەکەسی و یەکسانیی کۆمەڵایەتیی جیهانی رۆژاوایی هاتووەتە کایەوە. ئەو خاڵەی کە بۆ کۆمەڵگایەکی نارۆژاوایی لە چەشنی کۆمەڵگای کوردی لەم پەیوەندییەدا گرینگ و شایانی باسە ئەنجام و دەستکەوتەکانی وەها نەریتێکە کە دەتوانێت ژنی کوردیش لە پێگەی پلە دوویی و پەراوێزنشینی، ئەگەر نا بە تەواوەتی و لە کورت ماوەدا، کەم و زۆر و هەنگاو بە هەنگاو رزگار بکات و دید و دنیابینییەکی نوێی پێ ببەخشێت. ژنی کورد لەم نەریتە نوێیەدا بۆی هەیە، ئەگەر تەنانەت بە شێوەیەکی رێژەییش بێت، ببێتە خاوەنی وێنە و دەنگی خۆی و ناسنامەی مرۆڤانەی خۆی لەسەر بنەمای دۆخ و داخوازیی خۆی چێ بکات. ئەوە بە دڵنیاییەوە بە واتای رزگاریی هەمەلایەنە و دەستاوبەجێی ژن نییە لە چنگ گوتارە باو و نێرسالارەکانی سەردەمی مۆدێرنیش، بەڵام لانیکەم ژن دەخاتە پێگەیەکەوە کە چیتر رێگا نەدات بە ناوی رەگەزی پلە دوو بچەوسێندرێتەوە و ببێتە کرێکاری مادی و مانەوی بۆ خاوەن سەرمایەکانی گوتاری نێرسالاری.

ئەم کتێبەی بەردەستتان کۆمەڵێك دەلاقەی نوێتان لە باسوخواسی ئەدەبی و هزری بەڕوودا دەکاتەوە، بۆ ئەوەی لە نیزیکەوە و بێ دەستتێوەردانێکی ئەوتۆی نێرسالاران لە پەیڤ و گوتاری ژنانی داهێنەر و



کاریگەری داگەڕان و بزووتنەوە جۆراوجۆرەکانی فیمینیزم و تەنانەت ئەوانەش کە خۆیان لەم رێبازە بەدوور گرتووە، ئاگادار ببنەوە. خاڵی سەرنجڕاکێش و تەوسی ئەم وەرگێڕانە لەوەدایە، کە تاقە دەستتێوەردانی نێرانەی ئەم بەرهەمە ئەوەیە کە قەڵەمی وەرگێڕێکی پیاو، نەك ژن، کردوویەتی بە کوردی. پێم وایە جوانیی و نەرمونیانیی کوردییەکەی "مستەفا زاهیدی"، وەرگێڕی ئەم کتێبە، بایی بەرپەرچدانەوەی ئەو تەوسە دەبێت.

**پاییزی ٢٠١٣/ زانکۆی جیهان، هەولێر**

ژێدەر:


Abrams, M.H and Geoffrey Galt Harpham (2009) A Glossary of Literary Terms, 9th edition. Boston: .Wadsworth

Culler, Jonathan (2011) Literary Theory: A Very Short .Introduction, 2nd ed. Oxford University Press

پاینده، حسین (١٣٩٠) گفتمان نقد: مقالاتی در نقد ادبی. تهران: انتشارات نیلوفر.

وێبستێر، چارلز (٢٠٠٦) تۆژینەوەی تیۆریی ئەدەبی، پێناسەیەکی پوخت. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی. هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی.

## ئيزابيَل ئاليَندة





## ئیزابێل ئالێندە

ئیزابێل ئالێندە دەڵێت: "نووسینی ژیاننامەی کەسێك کارێکی زۆر سەیرە، لەبەر ئەوەی لیستەیەکە لە مێژوو و رووداو و دەستکەوتەکان. لە دونیای واقیعدا، گرینگترین شتی ژیانی کەسێك لە مەنهۆڵە شاراوەکانی



دڵیدا روو دەدات و ناکرێت لیستەی لێ بگریت. لام وایە گرینگترین ئەنجامی ژیانم، نووسەربوون نییە، بەڵکو عەشقی منە بۆ بنەماڵەکەم".

ئیزابێل ئالێندە ئۆگۆستی 1942 لە لیما، لە پێرۆ لەدایك بوو. باوکی دیپلۆمات بوو لەو وڵاتە. سێ ساڵ دواتر هەموویان گەڕانەوە بۆ شیلی. باوك و دایکی لەیەکتر جیابوونەوە و دایکی و منداڵەکانی گەڕانەوە بۆ ماڵی بابەگەورە و نەنکیان. سالڤادۆر ئالێندە سەرۆك کۆماری سۆشیالیستی شیلی، کە ساڵی 1973 لە کوودەتایەکی نیزامیدا کوژرا، لە خزمە نزیکەکانی باوکی بوو. ئیزابێل ئالێندە لە شازدە ساڵیدا قۆناغی دواناوەندیی تەواو کرد و سێ ساڵ دواتر ژیانی هاوسەریی پێکهێنا. سەرەتا وەك سکرتێر لە رێکخراوی کشتوکاڵ و خواردنی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سانتیاگۆ خەریکی کار بوو. دواتر دەستی کرد بە کاری رۆژنامەنووسی، چەند دیدارێکی تەلەفیزیۆنی ئەنجامدا و چەند راپۆرتێکی دۆکیۆمێنتی ئامادە کرد.

دوای کوودەتای شیلی و کوژرانی سالڤادۆر ئالێندە، ژیانی ئیزابێل بەتەواوی گۆڕا. ئەو کە توانیبووی ژمارەیەك حەشار بدات و یارمەتی کۆمەڵێك کەس بدات لە وڵات بڕواتە دەرەوە، خۆی کەوتە مەترسییەوە. سەرەتا بە تەنها وڵاتی بەرەو ڤەنزوێلا بەجێهێشت، بەڵام چەند مانگ دواتر کە دۆخەکە باشتر نەبوو، مێرد ومنداڵەکانیشی بەرەو ئەوێ رۆشتن.

چەند ساڵ دواتر ئیزابێل ویستی نامەیەك بۆ باوەگەورەی بنووسێت کە بەدوور لە منداڵ و نەوە و نەبیرەکانی لە شیلی مابۆوە. ئەم نامەیە هەمان کتێبی "ماڵی رۆحەکان"ە کە ساڵی 1982 لە ئیسپانیا چاپ بوو و زۆر

زوو بوو بە کتێبێکی پڕفرۆش و وەرگێڕدرایەوە سەر زۆربەی زمانەکانی دونیا. ئالێندە دوای ئەوە "لە عەشق و سێبەرەکان" (1984)ی نووسی. بەم شێوەیە ژیانی ئەدەبی ئالێندە دەستی پێکرد.

ئالێندە ساڵی 1987 لە مێردەکەی جیابۆوە و ساڵی دواتر لەگەڵ پارێزەرێکی ئەمریکایی ژیانی هاوسەری پێکهێنا و لەو کاتە بەدواوە لە کالیفۆرنیا- ئەمریکا گیرسایەوە.

پائۆلا کچی ئیزابێل ئالێندە ساڵی 1990 بێ هیچ پێشینەیەك تووشی نەخۆشییەکی چارەهەڵنەگر بوو و زۆری نەبرد بوو بە گیا. دایکی گواستییەوە بۆ ماڵەکەی خۆی لە ئەمریکا. پائۆلا دوای ساڵێك مرد. کتێبی "پائۆلا"(1994) باسکردنە لە نەخۆشی درێژماوە و مەرگی پائۆلا. ڕەخنەگری حەفتەنامەی "بڵاوکەرەوەکان" دەربارەی ئەم کتێبە دەڵێت: "تەنها نووسەرێك بە لێهاتوویی ئالێندە دەتوانێت ئەم تراژیدیایە بەم شێوەیە بۆ خوێنەرانی بگوازێتەوە و لە هەمانکاتدا وایان لێ بکات پێیان خۆش بێت و سوپاسی بکەن".

ئالێندە ژمارەیەکی زۆر بڕوانامەی فەخری لە زانکۆکان، مەدالیای ڕێزلێنانی لە هەموو دونیا، جگە لە وڵاتەکەی خۆی (شیلی)، وەرگرتووە. کتێبی ماڵی ڕۆحەکان هەم کراوە بە فیلم و هەم وەك شانۆنامە نمایش کراوە.

ئیزابێل ئالێندە بە زمانی ئیسپانیایی دەنووسێت و لە چیرۆکەکانی خۆیدا، ڕیالیزم لەگەڵ ئاستێك لە توندوتیژی و بەسەرهاتە سیاسییەکان و نەریتی ڕیالیسمی سیحری ئەمریکای لاتین تێکەڵ دەکات. بەرهەمەکانی بە



بەشێك لە ئەدەبی فێمنیستی ئەمریکای لاتین دەزانن. ئەو بە کەڵکوەرگرتن لە مێژوو و کلتووری ئەمریکای لاتین، ئەزموونەکانی خۆی بە شێوەی ڕۆمانە پڕفرۆشەکان دەنووسێت. ژنان، سیاسەت، مێژوو و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان و لە بەرهەمەکانیدا هەموو کەس پەسیڤ دەردەکەوێت. کەسایەتییەکانی بەرهەمەکەی کە ژنن، باس لە دژواری، زیندان، برسێتی و خەمی لەدەستدانی ئازیزەکانیان دەکەن، بەڵام هیچکات خۆشویستن فەرامۆش ناکەن.

دوایین ڕۆمانەکانی: زۆرۆ (2005) و "ئینس گیانی من(2006) و کۆکردنەوەی ڕۆژەکان(2007)".

ئەوەی لێرەدا دەیخوێننەوە وتووێژێکە کە لیندا ئێل ریچاردز لە جێنواری مەگەزێن ساڵی 1999 سازی داوە. چوارەمین ڕۆمانی لیندا ریچاردز بە ناوی "قاتڵی نیگەران" ساڵی 2008 لە لایەن چاپ و بڵاوکردنەوەی مارتینیز مینیتۆرەوە چاپ کراوە.

هەرچەند ئیزابێل ئالێندە لای وایە وتووێژەکان تا ڕادەیەك ماندووکەرن و تا ڕادەیەك ئازاری دەدەن- بەدەر لەمەش، بەر بە کاری نووسینیشی دەگرن کە ئیشێکی گرینگە- بەڵام نیشانی دا لە وتووێژدا زۆر باشە. ئەو کە ڕاستگۆییەکی ئارامبەخشی تێدا بەدی دەکرێت، وەڵامی سادەترین

پرسیارەکان، بەوردی دەداتەوە و وشەکان زۆر بەوردی هەڵدەبژێرێت. وادیارە هەموو رستەیەك وەك نووسەرێك لێکدەداتەوە. هەموو وشەیەك بۆ کاریگەری، ئاشکرابوون و ریتم هەڵدەسەنگێندرێت. کە بە ئینگلیزی قسە دەکات زۆر بە روونی قسە دەکات، زۆر بەوردی و باش قسە دەکات، بەشێوەیەك مرۆڤ لەبیری دەچێت ئەو تەنها بە ئیسپانیایی دەنووسێت. دەکرێت بڵێین بەرهەمەکانی تەرجەمە کراوەتەوە بۆ هەموو زمانەکانی دونیا.

هەر لەو کاتەوە کە یەکەم کتێبی "ماڵی رۆحەکان" لە ئیسپانیا چاپ بوو، بەرهەمەکان لە روانگەیەکی جیهانییەوە پەسەند کران. لە وڵاتەکانی ئەڵمانیا، شیلی، سویسرا و مەکسیك یان ئەوەیە بووە بە نووسەری ساڵ یان کتێبەکەی بووە بە کتێبی ساڵ. ئالێندە لە لایەن بیتس کۆلیج، دەمینیکەن کۆلێج، زانکۆی ئەیالاتی نیویۆرك و کۆلێجی کۆلۆمبیا دکتۆرای فەخری و لە وڵاتی فەڕەنسا مەدالیای شوالیەی لە هونەر و ئەدەبدا پێ بەخشراوە. ساڵی 1994 لە لایەن دامەزراوەی زۆرینەی فێمنیستەوە، نازناوی فێمنیستی ساڵی پێ بەخشرا. ئیتر درێژەی پێ نادەم، لاموایە لە ماڵەکەی لە مارین کانتی کالیفۆڕنیا، ژوورێکی بچووکی پڕ لە کاپ و رێزلێنان و بڕوانامەی هەیە، هەرکامەیان بە زمانێك.

ئیزابێل ئالێندە خزمی سالڤادۆر ئالێندە سەرۆك کۆماری شیلیایە کە رێفۆڕمە توندڕەوانە سۆسیالیستییەکانی بوو بە هۆی شۆڕشێك لە شیلیا کە سەرەنجام کوودتای سەربازی لێکەوتەوە و پریزیدێنت ئالێندە گیانی لەدەست دا، بە دەربڕینێك بە دەستی خۆی، خۆی کوشت. لە کاتی



کوودەتاکەدا ئیزابێل ئالێندە رۆژنامەنووس بوو. ئەمڕۆ دەڵێت: "رۆژنامەنووسێکی باش نەبووم، زۆر خراپ بووم". بەمەشەوە لە دیدی رۆژنامەنووسێکەوە رووداوەکانی بینی و زانی لەبەر ئەوەی شتی زۆری بینیوە، ناتوانێت ئەو شتانە لەبیر بکات، "هەڕەشەم لێکراو لە ماوەی بیستوچوار کاتژمێردا وڵاتم بەجێهێشت".

ئەو بەتەنها بەرەو ڤەنزوێلا رۆیشت و لای وابوو ئەم جێهێشتنی وڵاتە کورت ماوەیە "من و مێردەکەم لامان وابوو چەند مانگێك لەوێ دەمێنینەوە و دواتر بێدەنگ دەگەڕێینەوە بۆ وڵات"، بەڵام نەکرا، چونکە ئەگەر بگەڕامایەوە هەرکات ئەگەری ئەوە بوو دەستگیر بکرێم. "سەرەنجام مێردەکەم و منداڵەکان وڵاتیان بەجێهێشت و هەموومان لە ڤەنزوێلا یەکمان گرتەوە. لامان وا نەبوو سێنزە ساڵ لە ڤەنزوێلا دەمێنینەوە. بەردەوام لامان وابوو، دیکتاتۆری لە شیلی، لە وڵاتێکدا کە نەریتێکی دوورودرێژی دیمۆکراسی هەیە، زۆر ناخایەنێت، لامان وابوو قەت ناکرێت درێژەی هەبێت"، بەڵام 17 ساڵی خایاند. بەوەها پێشینەیەکەوە سەیر نییە لە سەرجەم رۆمانەکانی ئالێندەدا، کەسانێك هەن کە لە تاراوگە دەژین. خۆی دەڵێت: "دەکەوێتە پەراوێزەوە. تەنانەت غوربەت ئەگەر بەمانای جێهێشتنی وڵاتیش نەبێت، ئەو پشتگیرییەی کە لە وڵات دەکرێیت، لێی بێبەری دەبیت. من ئەو کەسانەم خۆش ناوێت کە لەسەر لێوار دەوەستن و سەرپەنایەکی نییە".

رەنگە مەبەستی کەسانێکی وەك خۆی بێت. وەك ئەلیزای پاڵەوانی رۆمانی کچەی چارەڕەش. رووداوەکانی ئەم رۆمانە لە سانفرانسیسکۆ و

دەورووبەری لە خولی یەکەمی "تای زێڕ" (1984) روو دەدات. ئێلیزا بەهێز، وریا، نەترس و سەرنجڕاکێشە. وەرگێڕانی ئینگلیزی ئەم کتێبە مانگی ئۆکتۆبەری 1999 هاتە بازاڕ و زۆر زوو، هەم لە کەنەدا و هەم لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، بوو بە کتێبێکی پڕفرۆش.

ئیزابێل ئالێندە جگە لە رۆمان، کتێبێکی تریشی نووسیوە، کە چیرۆك و داستان نییە. ئافرۆدێت، شێوەی ئامادەکردنی خواردن، چیرۆك و کارەکانی تری ئافرۆدێتی.

**لیندا ئەل ریچاردز، جێنواری مەگەزێن– 1999**



**ئەگەر نەتنووسیبا، خەریکی خواردن دروستکردن دەبوویت؟**

نا، عاشق دەبووم یان کارێکم دەکرد قاپ شتنی تێدا نەبایە. لەگەڵ نەوەکانم یاریم دەکرد. سەگێکم بۆ خۆم دەکڕی. من عاشقی نووسینم. عاشقی رەوتی نووسین. بیر لە ئەنجامەکەی ناکەمەوە. تەنها عاشقی ئەو کاتانەم بە تەنها لە ژوورێك، وشەکان بەلای یەکەوە ریز دەکەم بۆ ئەوەی دونیایەك بۆ خۆم بخولقێنم. ئەمەم بەدڵە. دواتر، دوای ئەوەی کتێبەکە چاپ بوو، تازە شێتێتی دەست پێدەکات. کتێبەکانم وەرگێڕدراوەتەوە بۆ سەر زۆربەی زمانەکانی دونیا و هەموو بڵاوکەرەوەیەك دەیەوێت نووسەر بڕواتە ئەوێ، بۆ ئەوەی یەك بە یەك کتێبەکان بفرۆشێت. ئەم کارە ناکرێت لەبەر ئەوەی کاتێك بۆ نووسین نامێنێتەوە. نووسین وەك ئەرکێکی پێویست... وەك ئەوە وایە تۆ لە دەروونی خۆتا کۆگایەکت هەبێت و دەبێت پڕی بکەیت بۆ ئەوەی بتوانیت بنووسیت. دایم لەبەرچاودا بوون، زۆر قسەکردن، شیکردنەوەی ئەو شتانەی کە ناکرێت شییان بکەیتەوە، هەستێکی نامۆیە. بۆچی دەنووسین؟ کێ دەزانێت ئێمە بۆچی دەنووسین؟ بەزۆری ئەو شیکردنەوەیەی مامۆستایانی زانکۆ لەو بارەیەوە، پێوەندی بەوەوە نییە کەسێك بۆچی دەنووسێت.

**بەرهەمەکانت بە زۆری لەگەڵ بەرهەمی "دایانا ئاکیرمەن" بەراورد دەکەن. تۆ بەرهەمەکانی ئەو لەگەڵ کتێبەکانی خۆت بەراورد دەکەیت. شتێك هەیە تۆ لێی ئاگادار بیت؟**

لام وایە ئەو خانمە رقی لە منە.

**بەڕاست؟**

هەمان ئەو خانمە نییە کە چەند چیرۆکێکی هەیە دەربارەی هەستەکان.

**بەڵێ هەر ئەو دەڵێم.**

کەوایە هەمان ئەو خانمەیە کە لێکۆڵینەوەیەکی زۆر خراپی دەربارەی "ئافرۆدێت" نووسی. هیچ کوێی کتێبەکەی بەدڵ نەبوو.

**زۆر باشە، کە وایە وازی لێ دێنین، بەڵام سەیرە، لەبەر ئەوەی زۆرجار دێتە پێش لە خوێندنەوەی کتێبەکانیدا، ناوی تۆ دەبرێت، لە خوێندنەوەی کتێبەکانی تۆشدا ناوی ئەو.**

لام وایە کتێبەکانی زۆر باشن. لە لێکۆڵینەوەکانمدا بۆ کتێبی ئافرۆدێت کەڵکم لە کتێبی ئەو وەرگرت. لام وایە جوانی نووسیوە. بەڕاستی بەدڵم بوو، بەڵام ئەو بەئاشکرا رقی لە کتێبەکەی منە.

**کام یەک لە کتێبەکانت زۆرتر خۆش دەوێت؟**

من کتێبێك نییە کە زۆر زیاترم خۆش بوێت و کتێبی خوازراوم بێت، لەبەر ئەوەی وەك بەرهەمێك لێیان ناڕوانم. دەکرێت بڵێم بۆ من وەك ئەزموونێکی بەردەوامە. رەنگدانەوەی رووداوەکانی ژیانم، بەڵام گرینگترین کتێبی ژیانم "پائۆلا"یە و هەموو کات وا دەبێت. لەبەر ئەوەی وایلێکردم خۆم نەکوژم و پائۆلاش فەرامۆش نەکرێت. بەم مانایە، کتێبێکە کە رێز لە



ژیانی کەسێك دەگرێت. رێزلێنان لە شتێك کە گرینگی پێدەدەین: ژیان و عەشق. بەڕاست دەربارەی مەرگ نییە.

**کارەکتەر و کەسایەتییەك هەیە کە لەگەڵتدا بژی و بەردەوام لەگەڵت بێت؟**

چەند کارەکتەرێکی تایبەت هەن کە خۆیان لە کتێبەکەمدا جێکردۆتەوە. نازانم ئەم کەسایەتییانە لە کوێوە دێن. ئەم کەسایەتییە لە "ئیوالونا" بازرگانێکی عەرەبە، لە "کچی بەخت"دا تائۆچینە. ئەم کەسایەتییە جۆرێك باوك یان براگەورەیە کە رەنگە خۆشەویست بێت، یان نەبێت. هەموو کاتیش رزگاریدەرە. ئەو کەسەی بەزەیی بەسەریدا زاڵ دەبێت. ئەو کەسەی بۆ یارمەتیدانی کەسانی تر هەموو کارێك دەکات. ئەی ئێستا لەکوێوە هێناومە؟ لام وایە لە مامە پابلۆ وەرمگرتووە، مامە پابلۆ وەك ئەم کەسایەتییە دەچێت. دکتۆری ماڵی رۆحەکان و هەر بەم شێوەیەش وەك رزگاریدەر دەردەکەوێت.

**شتێکی سەرنجڕاکێشم لە کچی بەختدا بینی– من دەربارەی ئەو سەردەمە مێژووییە زۆرم خوێندۆتەوە، هێرشی زێڕ و چل و نۆییەکان– ئەوەبوو کە هیچکام لە سەرچاوە پێشترەکان لە روانگەی کەسێکەوە نەنووسراوە ئەمریکایی نەبێت. هەربۆیە ئەوەندە سەیر، ئەوەندە سەرنجڕاکێش دەردەکەوێت. لەبەر ئەوەی زۆر رەنگ و بۆی...**

هەموو کات لە روانگەی پیاوێکی سپی پێستەوە.

**بەڵێ.**

ئەگەر مێژووی ئەمریکا لە لایەن شارەزایەکی سپی پێستەوە بنووسرێت، گۆشەنیگا و جۆری روانینی بەرامبەر بە رووداوە راستەقینەکان تەواو جیاوازن، هەروەها نووسین دەربارەی هێرشی زێڕ. بەر لە هەر شتێك دەبێت بزانێت تا 9 رۆژ دوای دۆزینەوەی زێڕ، ئەو وڵاتە، مەکسیك بوو. خەڵك بە ئیسپانیایی قسەیان دەکرد. ئەو شوێنە بە تەواوی ئیسپانیك بوو تا ئەوەی مەکسیك لە شەڕ لەگەڵ ئەمریکا شکستی خوارد و تەکساس، ئاریزۆنا، یۆتا، نیوەی کێلرادۆ، نیومەکسیکۆ و کالیفۆرنیای لەدەست دا. کەوایە لە سەرەتادا، ساڵی 1948، کرێکارانی کانەکان رەنگین پێست بوون. دواتر چلونۆییەکان هاتن و کاروبارەکانیان گرتە دەست و ئەوێ بوو بە بەشێك لە ئەمریکا. من نەوەیەکم هەیە لە پۆلی چوار دەخوێنێت و خەریکی خوێندنی هێرشی زێڕن. مامۆستاکەی کتێبەکەی منی خوێندبۆوە و دوای لێکردم برۆمە خوێندنگەکە و دەربارەی هێرشی زێڕ قسە بکەم. منیش رۆیشتم، لە پۆلی سێ بە سەرەوە هەمووان کۆببوونەوە. لەبەر ئەوەی مامۆستاکەیان وتبووی هیچکات ئەم چیرۆکەی لە روانگەی کۆچبەرێکی رەنگین پێستەوە نەبیستووە. لە روانگەی دۆڕاوەکانەوە. لە روانگەی ئەو کەسانەوە شکستیان خوارد و کۆنترۆڵی ئەوێیان لەدەست دا. ژمارەیەکی زۆر لەوانەی لەوێ بوون شیلیایی و پێرۆیی بوون. سپی پێستەکان یاسای زۆریان دژ بە رەنگین پێستەکان دانابوو. بەتایبەت دژ بە چینییەکان. زۆر خراپ بەرامبەر بە چینییەکان هەڵسوکەوتیان دەکرد.



ئێستا من چۆن لێکۆڵینەوەم کرد؟ پێت بڵێم نیوەی لێکۆڵینەوەکەم لە شیلی بووە. لەبەر ئەوەی ئەو شیلیاییانەی بۆ کارکردن لە کانەکان روویان کردبووە زێڕ، دوای ساڵێك دەرکران، هەم ئەوە بوو کانەکانیان لێ داگیرکردن و هەم دەستیان بەسەر زێڕەکاندا گرت. ئەوە بوو گەڕانەوە. ئەم کرێکارانە نامەیان بۆ وڵات دەنووسی و بیرەوەری رۆژانەی خۆیان دەنووسی. یەکیان کتێبێکی نووسیوە. لێکۆڵینەوە لەم گۆشەنیگایەوە زۆر سەیر و سەرنجڕاکێشە. نامەکانی ئەوانەی لە کانەکان کاریان دەکرد، زۆر سەرنجڕاکێشە، لەبەر ئەوەی مرۆڤ بەوە دەگات ئەو سەردەمە پەرداخێك شیر گرینگتر و گرانتر بووە لە بتڵێك شامپاین، لەبەر ئەوەی مەشرووب لە هەموو شوێنێك دەست دەکەوت، بەڵام کەس نەبووە گا بدۆشێت. نانێك شتێکی زۆر پڕبەها بووە، لەبەر ئەوەی کەس نەبووە نانەوایی بکات.

**چ هاندەرێك بەرەو رووداوەکانی ئەم کتێبەی بردیت؟**

ساڵی 1987 عاشقی پیاوێك بوو کە لام وابوو دوای حەفتەیەك یان دوو حەفتە لەبیرم دەچێتەوە، لەبەر ئەو رۆیشتمە ئەمریکا و رووم کردە ئەمریکا. بەڵێ، دوازدە ساڵ پێشتر و پێنج کتێب پێشتر بوو. ئێستاش هەر لێرەم.

**ژیاننامە رێگای خۆی دەدۆزێتەوە.**

بەڵێ. بەکورتی من شتێکم دەربارەی ژیانی ئەم پیاوە نووسی و دەبوایە لێکۆڵینەوەم دەربارەی کردبا، لەبەر ئەوەی کاتێك هاتمە ئێرە شتێکی وام

دەربارەی کالیفۆرنیا نەدەزانی. دواتر زانیم سانفرانسیسکۆ تەنها 150 ساڵە هەیە. بیرم لەوە کردەوە چۆن کۆمەڵگایەك بە جوانی و ئاڵۆزییە– لە زۆر لایەنەوە ئاڵۆز و پڕلەپارادۆکس– لە ماوەی 150 ساڵدا لە هیچەوە دروست بووە؟ دواتر زانیم هێرشی زێڕ خەڵکی لە شوێنە جیاوازەکانی دونیاوە هێناوەتە ئێرەو هەر لە سەرەتاوە، سانفرانسیسکۆ ئەم فرەچەشنی و فرە کلتوورییەی تێدا بوو کە دەکرێت بە وڵاتی 72 نەتەوە ناوی ببەین.

**تۆ یەکێکیت لە نووسەرە ناودارەکانی دونیا.**

سوپاست دەکەم خۆزگا دایکم ئاگای لێت دەبوو.

**ناوداربوون چ هەستێکت پێدەبەخشێت؟**

هەموو کات بە کتێبەکانم دەڵێن کتێبی پڕفرۆش. هەموو کات لە بازاڕدایە. لە خوێندنگە و کۆلێج و زانکۆکان. لە هەموو شوێنێك دەیانخوێننەوە و هەر درێژەشی هەیە. لەم رووەوە زۆر بەخت یاوەرم بووە. لەبیرمە ئەو کاتەی کتێبی "ماڵی رۆحەکان"م دەنووسی، هەموو کەس دەربارەی قسەی دەکرد، پارێزەرەکەم پێی گوتم "ئەم قسانەت بەلاوە گرینگ نەبێت". تەنها کات دیاری دەکات چی باشە و چی خراپە. ئەوەی کە ئەمڕۆکە کتێبەکانت دەفرۆشرێت و هەموو کەس حەز دەکات بیخوێنێتەوە مانایەکی تایبەتی نییە، لەبەر ئەوەی رەنگە ساڵێکی تر



بەتەواوەتی فەرامۆش بکرێت. کەوایە لە راستییدا تەنها کات دیاری دەکات شتێکی زۆر باشە یان خراپە.

**ئەم سەرکەوتنە نەبووە هۆی سەرسووڕمانت؟**

پێم سەیربوو، لەبەر ئەوەی چاوەڕوانی وەها شتێك نەبووم. لە راستیدا نەمدەزانی کتێبەکە چاپ دەبێت. کە "ماڵی رۆحەکان"م نووسی نەمدەزانی چیم نووسیوە. شتێکم نووسیبوو نەمدەوێرا ناوی رۆمانی لەسەر بنێم. دواتر دایکم وتی: "تەماشاکە، لەوە دەچێت ئەمە رۆمان بێت". دایکم کتێبەکەی بە چەند کەس لە هاوڕێکانی لە ئەمریکای لاتین و بڵاوکەرەوەیان هەبوو و کاری پێداچوونەوەیان دەکرد، پێشنیار کرد. کەسیان حەزی نەدەکرد بیخوێنێتەوە، هەموویان کتێبەکەیان رەت کردەوە و کەس وەری نەگرت، تا ئەوەی سکرتێری چاپخانە تەلەفۆنی بۆکردم و وتی "من دەستنووسەکانم بردە ماڵەوە و خوێندمەوە، زۆر لە ئەدەب تێناگەم، بەڵام شتێك دەزانم ئەویش ئەوەیە، ئەم کتێبە لێرە چاپ نابێت. بۆچی ناتەوێت پارێزەرێك پەیدا بکەیت؟" وتم: "چی؟ نەمدەزانی کتێبیش پارێزەری دەوێت". ئەو خاتوونە پێی گوتم: "نووسەرێکی گەنج بەبێ پارێزەر کارەکانی ناچێتە پێش و کتێبەکەی بۆ چاپ نابێت". ناوی پارێزەرێکی پێدام لە ئیسپانیا. ئەوکات لە ڤەنزوێلا دەژیام. کتێبەکەم بۆ نارد و دوای سێ مانگ کتێبەکە چاپ بوو و من خەریکبووم لە ئەوروپا ریکلامم بۆ دەکرد. واتە هەموو شتێك زۆر خێرا چووە پێش و هەموو شتێك جێگای سەرسووڕمان بوو. هەموو شت.

## له هەموو کتێبەکانی تۆدا، تاراوگە بوونی هەیە.

له وەڵامی تۆدا دەڵێم قارەمانەکان و زۆربەی کەسایەتییەکانم کەسانێکی پەراوێزکەوتوون. تەنانەت ئەگەر تاراوگەش بەمانای جێهێشتنی وڵات نەبێت، ئەو مانایە دەدات کە سەقامگیری لەدەست داوە. من ئەو مرۆڤانەم خۆش دەوێت لەسەر لێوار وەستاون و هیچ سەرپەنایەکیان نییە. لەسەر ئەم لێوارەیە کە تۆ هەموو ئەو هێزەی لە دەروونتایە کۆی دەکەیتەوە و دەیدەیتە دەرەوە، ئەگەر لە شوێنێکی پارێزراو بیت، هیچکات ئەو هێزە دەروونییانە بەکار ناهێنیت، لەبەر ئەوەی پێویستت پێی نییە، بەڵام ئەو کاتەی لە دۆخێکی خراپدایت- وەك جەنگ یان ئەشکەنجە یان شتی لەمجۆرە- پێویستت بەهەموو ئەو هێزانەیە و تێدەگەیت وەها کانگایەکی گەورەی وزەی لەبن نەهاتوو لە دەروونتایە، پەنای بۆ دەبەیت، دەیدۆزیتەوە.

## تکایە پێمان بڵێ مرۆڤە پەراوێزکەوتووەکان کێن؟

پەراوێزییەکان بەو مانایەی کە بۆ وێنە پاڵەوانەکانی من بیانین، یان کۆچبەرن، یان مەنفاکراون، یان هێموسێکسواڵن، یان دزن، یان ژنانی نەخوێندەوار و هەژار، هەتیون، ئەو خەڵکانەی بە پلەی بەرزی چینایەتییەوە لەدایك نەبوون. ئەگەر وەك ماڵی رۆحەکان بە پلەی کۆمەڵایەتیشەوە لەدایك بن، شتێك لە ژیانیاندا هەیە کە بەرەو پەراوێزیان دەبات. ناکەونە ناو ئەو چوارچێوەیەوە. ئەو خەڵکانەی کە ناسازن.



## کەوایە دەکەونە پەراوێزی کۆمەڵگاوە؟

بەڵێ وایە.

## رات چییە دەربارەی فیلمی "ماڵی رۆحەکان"؟

فیلمەکەی پێ خۆش بوو، بەڵام هەڵبەت ئەمریکای لاتینی نییە. زۆر فیلمێکی سکاندیناڤیاییە، بەڵام پێمخۆش بوو. بەلامەوە سەرنجراکێش بوو و چێژم لێ بینی. ئەوکاتەی فیلمەکەی بینی زانیم کتێبەکەم دەربارەی چییە (پێدەکەنێت). بەڕاست پێشتر نەمدەزانی. لاموایە لە زۆربەی کتێبەکانمدا-بەتایبەت کتێبی یەکەم- نازانم چی دەکەم. دواتر خەڵك بەردەوام دەپرسن "کتێبەکەت دەربارەی چییە؟" هەموو چیرۆکەکانی کتێبێك بۆ من لە ئاستێکدان و وەك یەك گرینگن. نازانم کامە چیرۆك، چیرۆکی سەرەکییە. دواتر کە فیلمەکەم بینی، بینیم کەسێکی تر چیرۆکی سەرەکی هەڵبژاردووە، لەبەر خۆمەوە وتم، ئێ، کەوایە چیرۆکەکە دەربارەی ئەمەیە.

## کتێبەکانی ترت بووە بە فیلم؟

"لە عەشق و سێبەرەکان" بووە بە فیلم. ئێستا بە ڤیدیۆ هەیە. خەریکن بۆ ئیوالۆنا و چەند کورتە چیرۆکی تر فیلمنامە دەنووسن. بۆ ئەم کتێبەم (کچی بەخت) لە چەند لایەنەوە پێشنیارم پێکراوە. ئێستا دەمەوێت سەبر کەم.

**ئێستا هیچ شتێکت بەدەستەوەیە بۆ نووسین؟**

ئێستا نا. هیوادارم لە 8ی جێنیڤەری (2000)ەوە بێدەنگ لە شوێنێك دانیشم و بنووسم. هیوادارم.

**لە شوێنێك خوێندمەوە کتێبی یەکەمی تۆ لەڕاستییدا نامە بووە.**

نامەیەك بوو بۆ باوەگەورەم کە لە شیلی لە سەرەمەرگدا بوو. لە ڤەنزوێلا دەژیام و ئەو کات نەمدەتوانی سەردانی شیلی بکەم. ئەوەبوو کە دەستم کرد بە نووسینی نامە، بەڵام لاموایە زۆر زوو زانیم یەکەم ئەوەی هیچکات باوەگەورەم ئەو نامەیە ناخوێنێتەوە، دووەم ئەوەی دەینووسم نامە نییە. شتێکە جیاواز لە نامەیەك. ئەو شتەی ساڵانێکی زۆر لە دەروونی مندا لە گەشەدابوو و من ئامادەی نووسینی نەبووم، یان ئەوەی بیانووییەکم نەبوو بۆ نووسینی.

تەنها بەشەودا دەمنووسی لەبەر ئەوەی بەڕۆژدا دەرۆشتمە سەرکار. لە خوێندنگەیەك کارم دەکرد. بەیانی و ئێواران کارم دەکرد، لە حەوتی بەیانییەوە بۆ حەوتی شەو کارم دەکرد. دوانزە کاتژمێر لە رۆژدا کارم دەکرد. کاتم نەبوو نانی نیوەڕۆ بخۆم. شەوانە کتێبەکەم دەنووسی. هەندێجار خوێندکارانم پێم دەڵێن: "ئەی هاوار... کاتمان نییە بۆ نووسین". پێیان دەڵێم زووتر لەخەو هەستن، تا درەنگان بەخەبەر بن. ئەگەر بتانەوێت هەموو دەم کات دەدۆزنەوە.



**وتت لە قوتابخانە کارت دەکرد، چیت دەکرد؟**

کاری ئیداریی قوتابخانەم دەکرد. کاری بانك و ژمێریاری. لەم کارانە سەردەرناکەم، بەڵام چوارساڵ و نیو ئەمە پیشەم بوو.

**دواتر کتێبەکە چاپ بوو و لەوکاتە بە دواوە هەموو شت بە خێرایی گۆڕا.**

نا، نا، وا نییە. هەڵبەت کتێبەکە چاپ بوو، بەڵام من وازم لە کارەکەم نەهێنا، لەبەر ئەوەی نەمدەزانی ئاخۆ دەتوانم بە پارەکەی بژیم. لام وانەبوو بکرێت. دواتر کتێبی دووەمم نووسی و هێشتا هەر لەکارەکەم بەردەوام بووم و شەوانە دەمنووسی. لە ڤەنزوێلا دەژیام. کتێبی یەکەمم بە ماشێنی تایپی بچووك کە دەکرا بیگوازیتەوە، لەسەر پێشخانی چێشتخانەکە نووسی. بۆ کتێبی دووەمم ئۆفیسی کارێکم بۆخۆم دروست کرد و بە ماشینی تایپی کارەبایی دەمنووسی. کاتی کتێبی سێیەم، کوڕەکەم وتی: "تۆ ئیتر پێویستت بە کۆمپیوتەرە". دوای کتێبی سێیەم وازم لە کارەکەم، لە قوتابخانە هێنا.

**کتێبی سێیەم کامە کتێب بوو؟**

ئیوالۆنا. بەڵام لام وانەبوو تەنها بە نووسین بتوانم ژیانم بەڕێوە ببەم. نووسین بۆمن شتێکی لاوەکی بوو. کتێبەکانم وەرگێڕدرایەوە. زۆر دەفرۆشا و شتی لەمجۆرە، بەڵام هێشتا هەستم نەدەکرد بەوەی لەباری ئابوورییەوە کێشەم نابێت. لام وابوو ناتوانم کتێبی دواترم بنووسم. هەموو جار ئەم شتە دووبارە دەبۆوە، بەڵام ئێستا فێربووم دڵنیابم کە دەتوانم بنووسم،

بەڵام هەرجارەی کتێبێك تەواو دەکەم لام وایە بەختم لەگەڵ بووە، پەرچوویەك بووە و جارێکی تر رەنگە جارێکی تر ئەم پەرچووە دووبارە نەبێتەوە. ئەم هەستە کە تۆ دڵنیا نیت، بەڵام ئێستا دڵنیام ئەگەر بۆ ماوەیەکی زۆر بە رادەی پێویست دانیشم، شتێك روودەدات، بەڵام چی دەبێت، نازانم.

**چیرۆکەکانت لە کوێوە دێن؟**

نازانم چیرۆکەکان چۆن دێن بەرەولام. تا رادەیەك دەگەڕێتەوە بۆ بیرەوەریی. بۆ ئەو مرۆڤەی کە هەم. بۆ ئەو ئەزموونانەی کە لەژیاندا هەمبووە. دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شتانەی لە چواردەورمدا بەلامەوە سەیربووە. لەبەر ئەوەی بۆ وێنە ناتوانم چیرۆکی پۆلیسی بنووسم، لەبەر ئەوەی بەلامەوە سەرنجراکێش نییە، یان دەربارەی کۆمپانیا بازرگانییەکان. کتێبەکان دەربارەی ئەو جیهانەیە کە سەرنجراکێشە بەلامەوە. کاتێك ناتوانم کۆنترۆڵی بکەم و بەسەریدا زاڵ بم، نازانم کەی دێن بەلامەوە.

ئەم هەستە زۆر بەهێزە، لەبەر ئەوەی دوای نووسینی پائۆلا، بۆ ماوەیەکی زۆر نەمدەتوانی بنووسم. بەرۆژ چەندین کاتژمێر لەبەردەم کۆمپیوتەرەکەم دادەنیشتم و هیچ نەدەبوو.

چیرۆکێك لە زەینمدا بوو. تەنانەت هێڵە گشتییەکانی چیرۆکەکەم دەنووسی، بەڵام نەمدەتوانی چیرۆکەکە بنووسم، لەبەر ئەوەی ئەو شتەی دەبایە روویدابا، رووی نەدەدا. پێویستم بەچی بوو؟ نازانم. رەنگە تا



رادەیەك جووڵە و شادی و بەخت، کە هیچکامیانم نەبوو. خەمۆکی بووم زۆرم هەوڵ دەدا. کێ ئاگای لەوەیە.

**وتت بۆ ماوەیەکی زۆر نەتتوانی بنووسیت، چ ماوەیەك؟**

سێ ساڵ.

**ماوەیەکی زۆرە. دواتر چی بوو؟**

بابەتێکم بۆ خۆم دیاریکرد. هاتەوە یادم کە رۆژنامەنووسێکم کە خولی رۆژنامەنووسیم بینیوە و ئەگەر بابەتم پێ بدەن و کاتی پێویستم لەبەردەستدا بێت بۆ لێکۆڵینەوە، دەکرێت بڵێم دەربارەی هەموو شت دەتوانم بنووسم. بابەتێکم بۆ خۆم دیاریکرد کە تا دەکرێت لە مەرگەوە دوور بێت. بڕیارم دا دەربارەی خواردن و عەشق و سۆزداری بنووسم. رێزگرتن لە ژیان. بابەتگەلێکی ئافرۆدیتیم هەڵبژارد. لام وایە لە لێکۆڵینەوەکانمدا گەڕامەوە بۆ دەروونی جەستەی خۆم.

کەوایە دەزانم ئەگەر لە هەشتی جێنیڤەریدا رابگیردرێم یان ئیلهامێکم نەبێت یان هەرشتێکی تر، دەتوانم بابەتێك هەڵبژێرم کە چیرۆك نەبێت، پرۆژەیەکی ناداستانی هەڵدەبژێرم و دەستی پێدەکەم.

**ئاخۆ بابەتێکت بەدەستەوەیە کە لەم رۆژانەدا دەتەوێت دەربارەی بنووسیت؟**

دەمەوێت دەربارەی جوانیی بنووسم، زۆر ناترسم لەبەر ئەوەی کۆمەڵێك سەرچاوەم هەیە. هەڵبەت پێم باشە رۆمان بنووسم. لە رۆماندا ئازادم ئەوەی دەمەوێت بینووسم، بەڵام لە کتێبێکدا کە چیرۆك و داستانی نەبێت، دەبێت تەنها واقیع باس بکەم. من هیچکات رۆژنامەنووسێکی باش نەبووم، واتە زۆر خراپ بووم. بەدرێژایی ئەو ماوەیە درۆم دەکرد. ویژادنم نەبوو، ئەگەر بابەتێکم بەدەستەوە نەبایە لە خۆمەوە شتێکم دروست دەکرد. کەوایە وەك رۆژنامەنووس کارم باش نەبوو، بەڵام هەموو ئەم شتانە لە چیرۆکدا رێگەپێدراوە.







## جۇيس كارۇل ئۇيتس



**جۆيس كارۆل ئۆيتس**

جۆیس کارۆل ئۆیتس 16ی جێنیوەری 1938 لە لاك پۆرتی نیویۆرك لەدایکبوو، تا تەمەنی تازەلاوی لە گوندێك نزیك بە نیویۆرك و لە مەزراکەی باوك و دایکیدا مایەوە. بەهۆی شکستی ئابوورییەوە ئەو ناوچەیەی ئەوان خەساری گەورەی بەرکەوت و بنەماڵەکەی بۆ بەدەستهێنانی بژێویی ژیان، بە دژواریی کاری دەکرد. ئەو بەرلەوەی نووسین فێربێت بە وێنە چیرۆکی دەنووسی. کە تەمەنی گەیشتە ئەوەی بچێتە قوتابخانە، لە هەمان ئەو قوتابخانە بچووکە یەك پۆلییە دەستی کرد بە خوێندن کە کاتی خۆی دایکی لەوێ خوێندبووی. لە تەمەنی 14 ساڵیدا دایەگەورەی ماشێن تایپێکی پێ پێشکەش کرد و دواتر لە سەردەمی دواناوەندیی و کۆلێجدا بەردەوام دەینووسی و خۆی بۆ نووسینی رۆمان ئامادە دەکرد. بە پلەی باشەوە ئامادەیی تەواو کرد و بۆرسەی زانکۆی وەرگرت و لە زانکۆی سیراکۆز خەریکی خوێندنی زمانی ئینگلیزی بوو. لە زانکۆ لە پێشبڕکێی کورتەچیرۆکنووسینی خوێندکارانی زانکۆ کە لە لایەن گۆڤاری مادموازێلەوە رێك دەخرا، بەشداری کرد و خەڵاتی یەکەمی وەرگرت. دوای بەکالۆریۆس، تەنها دوای ساڵێك لە زانکۆی ویسکانسین ماستەری وەرگرت. لەم زانکۆیە لەگەڵ ریمۆند سمیت ئاشنا بوو و سێ مانگ دواتر ژیانی هاوسەرێتییان پێکهێنا.

ئەم ژن و مێردە گەنجە ساڵی 1962 لە ویترویت میشیگان نیشتەجێ بوون و جۆیس لە زانکۆی ویترۆیت وانەی دەگوتەوە. لە تەمەنی 28 ساڵیدا



یەکەم رۆمانی خۆی بە ناوی (With Shuddering Fall) چاپ کرد. ساڵی 1968 ئۆیتس و مێردەکەی بەرەو کەنەدا کەوتنە رێ و لە وینزۆر مانەوە و لە زانکۆی وینزۆر خەریکی وانەوتنەوە بوون. ساڵی 1970 کتێبی "ئەوان" بوو بە براوەی خەڵاتی کتێبی نەتەوەیی. لە دە ساڵی دواتردا جۆیس کارۆل ئۆیتس سەرەڕای کاری پڕاوپڕی زانکۆ، ساڵێك دوو یان سێ کتێبی لە ژانرە جیاوازەکاندا نووسی. زۆربەی کتێبەکانی بەباشی دەفرۆشران. ئەو سەرەڕای بۆڵەبۆڵی رەخنەگرەکان بەوەی کە زۆر دەنووسێت لە دەیەی 30 تەمەنیدا یەکێك بوو لەو نووسەرانەی کە پێگەیەکی تایبەتی هەبوو لەناو نووسەرە ئەمریکییەکاندا.

جۆیس کارۆل ئۆیتس و مێردەکەی لە کەنەدا ناوەندێکی چاپ و بڵاوکردنەوەی بچووکیان رێکخست و گۆڤارێکی ئەدەبییان بە ناوی "لێکدانەوەی کتێبی ئانتاریۆ" بە سەرنووسەری ریمۆند سمیت و بە هاوکاری ئۆیتس بڵاوکردەوە. ئەم دوو کەسە ساڵی 1978 بەرەو پرینستۆن نیوجێرسی کۆچیان کرد و سەرقاڵی کارکردن بوون لە زانکۆ و چالاکی ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوە و بڵاوکردنەوەی گۆڤاری "لێکدانەوەی کتێبی ئانتاریۆ"وە سەرقاڵ بوون و هەموو ساڵێك دوو ژمارەیان لەو گۆڤارە چاپ و بڵاو دەکردەوە[1].

جۆیس کارۆل ئۆیتس جگە لە ناوی خۆی، بە دوو ناوی خوازراو دەینووسی، یەکیان (رۆزامۆند سمیت) و ئەویتر (لۆرن کێلی). ئەو

---

1– ریمۆند سمیت 18ی فێبریواری 2008 لە تەمەنی 77 ساڵیدا ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

بابەتانەی سەرەنجی رادەکێشان، هەژاری دێهاتییەکان و توندوتیژی سێکسی، ململانێی چینایەتی، خواستی بوونی هێز، منداڵی و تازەلاوی ژنان و هەندێجاریش بابەتی مێتافیزیکی. توندوتیژی بابەتێکە کە لە زۆربەی کارەکانی ئەودا رەنگیداوەتەوە و لە وەڵام بەوەی بۆچی بەرهەمەکانت ئەوەندە توندوتیژئامێزن، وتار دەنووسێت.

دەربارەی نووسەرەکانی تر، ئۆیتس ساڵی 2001 رایگەیاند بە ئاسانی ناتوانیت کاریگەری نووسەرەکانی تر لە بەرهەمەکانی ئەودا ببینیتەوە، لەبەر ئەوەی زۆرن ئەو نووسەرانەی کاریگەرییان هەبووە لەسەر کارەکانی، بەڵام چەند کەسێکی ناوبرد. لەوانە لۆئیس کارۆل ئالیس، لە وڵاتی سەیروسەمەرەکان بە عشق لە یەکەم نیگادا دەیبینێت! دواتر ئاماژە دەدات بە سیلیڤیا پلات، هێنری جەیمز، هێنری دەیڤید تۆرۆ، فلانری ئۆکانێر، باب دیلن و ویلیام فاکنەر و جەیمز جۆیس بە خزمی خۆی دەزانێت.

ئۆیتس سێ جار بووە بە پاڵێوراوی خەڵاتی پۆلیتزێر و رەخنەگرەکان بە کەسێکی دەزانن کە هەموو دەم پاڵێوراوی خەڵاتی نۆبێل دەزانن.

ئۆیتس ساڵی 1968 یەکەم کتێبی خۆی چاپ کرد و تا ساڵی 2007 کە رۆمانی پیاوی گۆڕکەن، بڵاوبۆوە، بە گشتی 48 رۆمانی نووسی(37 رۆمان بە ناوی ئۆیتس، 8 رۆمان بە ناوی رۆزامۆند و 3 رۆمان بە ناوی لۆرن کێلی) 8 نۆڤلێت، 31 کۆمەڵە چیرۆک، 8 شانۆنامە،10 دیوانی شیعر و 11 کتێبی کۆمەڵە وتار و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و 5 چیرۆک بۆ لاوان و 2



کتێبی چیرۆک بۆ منداڵانی چاپ کردووە. لە ئێستادا لە زانکۆی پرینستۆن، ئەدەبی داهێنەرانە دەڵێتەوە و هەر بەردەوامە لە نووسینی.

ئەو وتووێژەی لە خوارەوە دێت لە لایەن رۆبێرت فیلیپسەوە لە پاریس ریڤیۆ لە ساڵی 1978 ئەنجامدرا.

جۆیس کارۆل ئۆیتس لەو گەوهەرە نایابانەیە، نووسەرێك کە سەرەڕای ئەو ئاستە زۆرە لە بەرهەمەکانی و سێ بڵاوکەرەوە- یەکیان بۆ چیرۆکەکانی، یەکێك بۆ شیعرەکانی و بڵاوکەرەوەیەکی بچووك بۆ ئەو بەرهەمە تازانەی کە ئەزموونین و چاپی کەمتر و ئەو کتێبانەی بڵاوکەرەوەکانی تر ئامادە نین چاپیان بکەن، مرۆڤێکی بێ فیزە. سەرەڕای ئەوەی هەموو دەم پێشنیاری ئەوەی پێدەکرێت وانە بڵێتەوە، هەروەك رابردوو وزەیەکی زۆرتر بۆ "لێکدانەوەی کتێبی ئۆنتاریۆ" تەرخان دەکات کە وەرزنامەیەکی ئەدەبییە و مێردەکەی سەرنووسەریەتی و ئۆیتس وەك هاوکاری سەرنووسەر لەگەڵیدا کاردەکات.

کارۆل ئۆیتس خانمێکە بە باڵایەکی بەرز و باریکەوە و چاوی گەورە و کونجکوڵەوە، روخسارێکی سەرنجڕاکێشی هەیە. زۆر سەرەنجڕاکێشە، بەڵام فۆتۆژنیك نییە. تا ئێستا هیچ رەسمێك روخسار و رواڵەتی بەدروستی نیشان نەداوە و نەیتوانیوە وریایی و خوێنشیرینی ئەو بەوێنا بکێشێت. دەکرێت هەڵسوکەوتی بەوە لێك بدەینەوە کە کەسێکی گۆشەگیرە- ماوەیەکیش وابووە، بەڵام بە چاپکردنی سیوسێ کتێب و ئامادەکردنی سێ شانۆنامە و بردنەوەی خەڵاتی کتێبی نەتەوەیی، هێشتا کەسێکی شەرمنە.

وتووێژەکەمان لە ماڵی وینزۆر لە هاوینی 1976 ئەنجامدرا، بەرلەوەی بڕواتە پرینستۆن. لەکاتی وتووێژەکەدا، دەنگی وەك هەمووکات ئارام لەسەرخۆ بوو. ئینسان کە دەبینێت خاتوو ئۆیتس شتێك نالێت جگە لە رستە گونجاو و لەسەرخۆکان، ئەوە مرۆڤ دەخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە. زۆر بە ئاشکرا وەڵامی پرسیارەکان دەدات. چەند پشیلەیەکی ئێرانی هەبوو



کە لەسەر کاناپەکان کزۆڵەیان کردبوو. (خاتوو ئۆیتس عاشقی پشیلەیە و لەم دواییانەدا لە پرینستۆن دوو بەچکە پشیلەی تری هێناوە).

وتووێژەکەمان بەدەم رێگاوە لە کەنار رووباری دیترۆیت درێژە پێدا، خاتوو ئۆیتس دانی بەوەدا نا چەندین کاتژمێر لەوێ دادەنیشێت و چاو لە ئاسۆ و بەلەمەکان دەکات و لە خەیاڵی خۆیدا گیان دەبەخشێتە سەر کارەکتەرەکان و ئەو وێنایانە لە ژووری کارەکەی لە پشت مێزێك کە روو بە رووبارەکەیە، دێنێتە سەر کاغەز.

درێژەی پرسیارەکانم لە کریسمەسی 1976، لە نیویۆرك لێ پرسی. خانمی ئۆیتس و مێردەکەی بۆ بەشداری لە کۆنفرانسێك دەربارەی کارەکانی ئۆیتس کە بەشێکە لە کۆنڤانسیۆنە ساڵانەکانی ناوەندی زمانی مۆدێرن، هاتۆتە نیویۆرك. زۆربەی ئەو پرسیار و وەڵامانە لە رێگای نامەوە ئەنجامدراون. ئۆیتس لەسەر ئەو باوەڕەیە تەنها بەشێوەی نووسراوەیی باشتر وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە، بێ ئەوەی هیچ خراپ تێگەیشتنێك دروست بێت.

**رۆبێرت فیلیپس- پاریس ریڤیۆ-1978**

**باشتر وایە بەم پرسیارە دەست پێ بکەین، زۆر جار تۆ بەوە تاوانبار دەکەن کە کتێبی زۆر چاپ دەکەیت.**

توانای بەرهەمهێنان شتێکی ڕێژییە و بەڕاست شتێك نییە زۆر گرینگ بێت. سەرەنجام ئەوەی گرینگە بەهێزترین کتێبی نووسەرە. دەکرێت پرسیارەکە وەها بپرسین هەموومان بۆ گەیشتن بە چەند کتێبی هەرمان و باش، دەبێت کتێبی زۆر بنووسین. ڕاست وەك نووسەران یان شاعیرانی گەنج کە بەر لە نووسینی کتێبێکی باش دەبێت شیعری زۆر بنووسن. بەمەشەوە، نووسینی کتێبێك، ئەزموونێکی زۆر سەرنجڕاکێشە و مرۆڤ هەموو دەم هەست دەکات بۆ ئەوە لەدایك بووە ئەم کتێبە بنووسێت. دواتر، ساڵانی دواتر، ئەو ئەگەرە هەیە بێلایەنانەتر و ڕەخنەگرانەتر دادوەری بکەین.

بەڕاست نازانم چی بڵێم. باش تێدەگەم و هەروەها تا رادەیەکیش دەتوانم لە ڕەخنەگرتن و لۆمەکردنی ڕەخنەگرەکان تێبگەم. ئەوانەی کە لایان وایە من زۆر دەنووسم لەهەڵەدان، ئەگەر لایان وایە دەبێت هەموو کتێبەکانی من بخوێننەوە بۆ ئەوەی ڕەخنە لەدوایین بەرهەمم بگرن و لێکی بدەنەوە. (لانیکەم لاموایە بەم هۆیە هەڵوێستیان توندڕەوانەیە)، هەر کتێبێك لە پێگەی خۆیدا، دونیایەکی بۆخۆی هەیە و دەبێت سەربەخۆ بێت، جا ئەم کتێبە یەکەم کتێبی نووسەر، دەیەمین یان پەنجایەمین کتێبی ئەو بێت، گرینگ نییە.



**دەربارەی ڕەخنەگرانی بەرهەمەکانت، ڕەخنەکان زۆر دەخوێنیتەوە، تا ئێستا لە خوێندنەوە و لێکدانەوە و ڕەخنە لە کتێب یان وتارەکانت، هیچ فێربوویت؟**

ڕەخنە و لێکدانەوەکان هەندێ جار، بەڵام ئەو وتارە ڕەخنەگرانەیەی کە بۆم دەنێرن بێ جیاوازی دەخوێنمەوە. وتارە ڕەخنەگرانەکان بە پێی پێوەرەکانی خۆیان سەرەنجڕاکێشن. هەڵبەت جێگای خۆشحاڵییە کەسێك کتێبەکەت بخوێنێتەوە و رای خۆی دەرببڕێت، لێت تێبگات، ستایشت بکات، زۆربەی جۆرەکان لەسەرووی چاوەڕوانییەوەن...

بەگشتی، لێکدانەوەکان، پارچەیەکە کە بەخێرایی نووسراوە و شتێك نییە حەتمی بێت. کەوایە بەوردی خوێندنەوەی ئەم لێکدانەوانە ڕەنگە نووسەر بەلاڕێدا ببات. هەموو نووسەرەکان بێ جیاوازی هەست دەکەن دەم پیسیان لێ دەرهاتووە.لام وایە ئەم هەستە (بەمەرجێك کەسێك رزگاری ببێت) زۆر رزگارییەبەخشە. مرۆڤ تەنها جارێك دەمرێت... ئەو نووسەرەی بە قەد من کتێبی چاپ کردووە، پێستی وەك پێستی کەرگەدەنی لێهاتووە، لە حاڵێکدا لەناو ئەو پێستەدا پەپوولەیەکی ناسك و هیواردار ماڵی چێ کردووە.

**بگەڕێینەوە سەر پرسی توانای بەرهەمهێنانی ئێوە، کەڵك لە زەبت (تەسجیل) وەردەگریت؟**

نا، سەیر ئەوەیە ئەو ڕۆمانەم یەکەمجار بە دەست نووسی، بۆ مرۆڤکوژەکان کۆمەڵێکی زۆر دەسنووسم هەبوو، کە مرۆڤی دەترسان،

هەشتسەد لاپەڕە، ڕەنگە نزیک 1000 لاپەڕەش. ئەم دەستنووسانە وریای کردمەوە بەوەی شتێکم لەبیر نەچێت. هەڵبەت ڕۆمانی "چایلدووله"ش پێویست بوو بە دەست بنووسرێت. ئێستا ڕەشنووسی هەموو شتێك بە دەست دەنووسم. ماشێنی تایپ شتێکی نامۆیە. شتێکی لۆکس و نامرۆڤانەیە. سەرجەم ڕۆمانە سەرەتاییەکانم بە ماشێنی تایپ نووسی: ڕەشنووسی یەکەم، دواتر پێداچوونەوە و سەرەنجام پاکنووس کردن، هەمووی بە ماشێنی تایپ، بەڵام ئیتر ناتوانم بەو شێوەیە بنووسم. گوێگرتن لە زەبت (تەسجیل) و نووسین لە ڕوویەوە بەلامەوە خۆش نییە. ئەگەر هێنری جەیمز تەمبەڵی نەدەکرد و بەسەر تەمبەڵییەکەیدا زاڵ دەبوو و بۆ سکرتێرەکەی نەدەخوێندەوە، کارەکانی دواتری زۆر باشتر دەبوون. درێژداڕیی و قسەکردنی بەردەوام ئەو کاتەی دێنە نووسین چاك دەکرێن و دەگۆڕدرێن.

**بە لەبەرچاوگرتنی ژمارەی زۆری بەرهەمەکانت، هیچ کات لەوە نەترساویت دیمەن، یان کەسایەتی، یان دیالۆگی کارەکتەرێکت لە کتێبێکتدا لە کتێبێك تردا دووبارەبێتەوە؟**

دەزانیت ژمارەیەك نووسەر هەن (جان چیڤەر، مۆریس گلانت کە ئێستا بە مێشکمدا هات) هیچکات نووسراوەکانیان جارێکی تر ناخوێننەوە، بەڵام کۆمەڵێك نووسەری تر هەن کە بەردەوام بە نووسینەکانیاندا دەچنەوە و دەیخوێننەوە. لام وایە من لەنێوان ئەم دوو جۆرە کەسانەدام. ئەگەر لام



وابێت دیمەنێك یان چەند ڕستەیەکم پێشتر نووسیوە، دەستبەجێ دەگەڕێمەوە بۆ سەریان و چاویان لێدەکەمەوە.

**بەرنامەی کارکردنت چۆنە؟**

یاسایەکی تایبەتم نییە، بەڵام حەز دەکەم بەر لە نانی بەیانیان بنووسم. هەندێ جار نووسین ئەوەندە ڕەوان دەڕواتە پێش کە بۆ چەند کاتژمێر بێ پچڕان دەنووسم، کەوایە ئەو ڕۆژەی ڕۆژێکی باش بێت، نزیك بە سەعات دوو و سێی دوانیوەڕۆ نانی بەیانی دەخۆم. ڕۆژانی مەکتەب، ئەو ڕۆژانەی وانە دەڵێمەوە، بەیانیان، بەر لە یەکەم سەعاتی وانە وتنەوە، چلوپێنج دەقە تا سەعاتێك بە نووسینەوە سەرقاڵ دەبم، بەڵام یاسایەکی تایبەتم نییە. ئێستا هەست دەکەم تووشی خەمۆکی بووم یان ڕەوتەکەم لە دەست دەرچووە، یان هەست دەکەم ون بووم، لەبەر ئەوەی چەند حەفتە لەوەوپێش ڕۆمانێکم نووسی و هێشتا بەر لە یادداشتی پرش و بڵاو و بێ ئامانج، کاری دواترم دەست پێ نەکردووە.

**بە بڕوای تۆ سەقامگیربوونی باری سۆزداریی تا چەند بۆ نووسین گرینگە، یان بە هەر دۆخێکی زەینییەوە دەتوانیت دەستبەکار بکەیت، خوو و خەدەتان لە نووسیندا ڕەنگ دەداتەوە، چۆن وەسفی ئەو دۆخە زۆرباشەی نووسین لە بەیانیانەوە تا ئێوارە دەکەیت؟**

ئینسان دەبێت بەرامبەر بە "خوو و خەدە" دڵڕەق بێت. بەو مانایەی خودی نووسین کەش و هەوای تایبەت بە خۆی دەخولقێنێت و نووسەر

خۆشحاڵ دەکات. ئەگەر هونەر بەڕاست شتێك بێت لەسەرووی مەعریفەی مرۆڤەوە كە من لام وایە بەو شێوەیە– بە شێوەیەك كە لە دۆخێكی بەرتەسك و داخراوی زەینییەوە سەرهەڵدەدا– كە وایە نابێت زۆر گرینگ بێت لە چ دۆخێكی زەینی، یان سۆزدارییداین. بە گشتی من لام وایە ئەمە راستە: ئەو کاتەی بە تەواوی ماندوو بووم، ئەو کاتەی هەست دەکەم رۆحم وەك پەڕەی سیغارێك ناسك بۆتەوە، ئەو کاتەی لام وایە هیچ شتێك بەهای ئەوەی نییە پێنج خولەك تەحەمولی بکەیت و تاقەتی هیچ شتێکم نییە، خۆم ناچار دەکەم بنووسم...و چالاکی نووسین بە شێوەیەك هەموو شتێك دەگۆڕێت. یان بە رواڵەت گۆڕیویەتی. جۆیس دەربارەی ژێربینای ئۆلیس– هاوتەریب بوون و پاڕادۆکسی ئۆدیسە– دەڵێت، تا ئەو جێگەیەی پردێك ببێت بەهۆی پەڕینەوەی (سەبازەکان)، گرینگ نییە خوێنەر باوەڕی پێ بکات یان نا. ئەو کاتەی سەربازەکان پەڕینەوە چ گرینگییەکی هەیە پردەکە برمێت؟ دەی دەکرێت ئەم شتەش دەربارەی دەستپێکردنی نووسین بڵێین. ئەو کاتەی سەربازەکان لەسەر ئاوەکە پەڕینەوە...

**کە رۆمانێك تەواو دەکەیت چ روو دەدات، پرۆژەی دواتر لە ریزەکەدا وەستاوە، یان کاری دواتر شتێکە خۆی دێت؟**

کە رۆمانێك تەواو دەکەم، دەینێمە لاوە دەست دەکەم بە نووسینی کورتەچیرۆك و دواتر دەچمەوە سەر کارێکی درێژتر، رۆمانێك، کە ئەم رۆمانەم تەواو کرد دەچمەوە سەر رۆمانی پێشتر و زۆربەی بەشەکانی دەنووسمەوە. لەم ماوەیەدا رۆمانی دووەم لەناو چەکمەجەکەمدایە. هەندێ



جار هاوکات لەسەر دوو رۆمان کار دەکەم، هەرچەند هەموو دەم یەکیان ئەوی تر دەخاتە پەراوێزەوە. ریتمێك بەم شێوەیە: نووسین، پێداچوونەوە، نووسین، پێداچوونەوە و سەرەنجام، ئەو شتەی کە بەکەڵکم دێت. حەز دەکەم تا زیاتر تەمەنم دەچێتە سەر، زیاتر سەرقاڵ و شەیدای هونەری پێداچوونەوە بم. هەندێ جار وا دەبێت دەترسم لەوەی واز لە رۆمانێك بێنم. بۆ وێنە رۆمانی دواترم، عەشقی ناموبارەکم هاوکات لەگەڵ رۆمان "چایلدوولد"دا نووسی، دوای تەواوبوونی ئەم رۆمانە، بەم رۆمانەی تردا دەچمەوە. بەهار و هاوینی رابردوو هەر تەواو سەرقاڵی پێداچوونەوە بووم. هەرچەن بەوە ناوم دەرکردووە کە خێرا و بێ کێشە دەنووسم، زۆر لایەنگری چاکسازی و پێداچوونەوەم و تەنانەت جۆرێك بۆچوونی تایبەتم هەیە لەسەری، ئەویش ئەوەیە ئەمە خۆی هونەرە، یان دەبێت وەك هونەر چاوی لێبکرێت.

**یادداشتی رۆژانە دەنووسیت؟**

چەند ساڵ لەوەوپێش دەستم کرد بە نووسینی بیرەوەریی رۆژانە، وەك جۆرێك نامەنووسینی بەردەوام بۆ خۆم، بەزۆری دەربارەی ئەدەب. لە رەوتی ئەزموونەکانمدا ئەوەی سەرنجی منی راکێشا و منی شەیدای خۆی کرد، هەستە جیاوازەکانم بوو. بۆوێنە ئەو کاتەی رۆمانێك تەواو دەکەم، بیر لە ئەزموونەکانی نووسینی، کە زۆر دڵخۆشکەر و دژوارە، دەکەمەوە، بەڵام لەڕاستییدا (لەبەر ئەوەی بە وردی دەینووسم) ئەم ئەزموونانە جیاوازن: سەردەمێکی کورتی شکست، وەستان و خەمۆکی بوون تێپەڕ دەکەم. لەم

چەند ڕۆمانەی دواییمدا چەند لاپەڕەیەك هەیە كە حەڤدە جار پێیدا چوومەتەوە و نووسیومەتەوە. چیرۆكی پێوەندییەكان، بەرلە چاپ و دوای چاپیش لە لێكدانەوەی كتێبەكانی هادسن چاك كردووە، دواتر بەر لەوەی لەگەڵ كۆمەڵەچیرۆكی دواترمدا چاپی بكەم، هەمدیسان پێیدا چوومەوە— ئەو ترس و دڵەڕاوكەیەی كە دەكرێت بۆ هەمیشە ببێت.

بەمەشەوە، دواتر بە ئاسانی فەرامۆشی دەكەم، هەستەكانم لە شتێكدا ڕەنگی داوەتەوە كە ئالۆزییەكی كەمتری هەبووە. لام وایە مرۆڤ بە چەند هۆ بیرەوەری ڕۆژانە دەنووسێت، بەڵام لەو سەرچەشنە سەرسووڕهێنەری كە لە ساڵەكانی دواتردا دەردەكەوێت و دووبارە دەبێتەوە، دەبێت هەموومان بەیەك ڕادە تووشی سەرسووڕمان بین. ستایلێكی عەرەبی كە توخمە تایبەتەكان لەوێدا دەركەون و دووبارە و چەندبارە دەبنەوە، وەك گەلاڵەی ڕۆمانێكی باش و داڕێژراو. دەنگی من لەو یادداشتانەدا زۆر لە ئەو دەنگە دەچێت كە ئێستە بۆ وەڵامدانەوە بە پرسیارەكانت بەكاری دەهێنم، ئەو دەنگەی كاتێك چیرۆك نانووسم بیری لێدەكەمەوە و چاودێری دەكەم.

**لە كاری نووسین و وانەوتنەوەدا، چ چالاكییەكی تایبەت و ڕۆژانە بەلاتەوە گرینگە، سەفەر، هەڵهاتن، مۆسیقا، بیستوومە پیانیستێكی زۆر باشیت؟**

ئێمە سەفەری زۆر دەكەین، بەزۆری بە ئۆتۆمبێل. لەمسەر بۆ ئەوسەری كیشوەرمان بە ئۆتۆمبێل و بە خێرایی كەم بڕیوە، بە حەزێكی تایبەتەوە هەموو باشوور و نیۆئینگلەند و هەڵبەت ئەیالەتی نیویۆركم بۆ خۆم دۆزیوەتەوە. وەك پیانیست بە خۆم دەڵێم "تازەكارێك كە حەزی لە پیانۆیە". واتە گەورەترین شتێك كە دەكرێت دەربارەم بوترێت. حەزم لە



شێوەكاری و گوێگرتن لە مۆسیقایە و زۆرجاریش هیچ كارێكی تایبەت ناكەم، تەنانەت ناتوانم بڵێم بیریش دەكەمەوە. لەگەڵ ئەمەش حەزم لە پیشەی سووكی ماڵدارییە، بەڵام ناوێرم باسی بكەم، ئەم سەردەمە ئیتر وایە. چێشتلێنان، چاودێریكردنی گوڵ و گیا، باخەوانی (زۆر كەم) و كارە ئاسانەكانی ماڵەوەم پێ خۆشە، حەز دەكەم لە فرۆشگا گەورەكاندا بگەڕێم. تایبەتمەندییەكانی خەڵك بگرمە ژێرچاو، بە دزییەوە گوێ بدەمە قسە بە قسەیان، چاو لە ڕواڵەتی خەڵك، جلوبەرگیان و شتی لەم چەشنە بكەم. وەك نووسەر، پیاسەكردن و شۆفێریكردن بەشێكە لە ژیانم. بەڕاست لام وایە ئەم شتانە بەشێكن لە تایبەتمەندییەكانی من.

**سەرەڕای ئەوەی لە باری مادییەوە هەروەها لە ڕوانگەی ڕەخنەگرانیشەوە سەركەوتوویت، بەڵام هێشتا هەر بە وانەوتنەوەوە مەشغووڵیت. بۆچی؟**

من لە زانكۆی وینزۆر سێ وانەم هەیە دەیڵێمەوە. یەكیان نووسەری داهێنەرانە، ئەویتریان سمیناری ماجستەر (سەردەمی مۆدێرن) و سێیەمینیان پۆلێكی قەرەباڵغی (115 خوێندكار)ی قۆناغی بەكالۆریۆس، زیندوو و وروژێنەرە، بەمەشەوە بە گشتی نزیكایەتییەك هەیە لەنێوان خوێندكاراندا كە بەلامەوە زۆر گرینگە. هەركەس وانەی وتبێتەوە زۆر باش دەزانێت تا دەقێك بە وتنەوەی سەرجەم وردەكارییەكان بە خوێندكاری وریا و خوازیاری فێربوون نەڵێیتەوە، بەڕاست هەستی پێ ناكەیت. لەئێستادا لەگەڵ نۆ خوێندكاری قۆناغی ماجستەر خەریكی خوێندنەوە و پێداچوونەوە بە بەرهەمەكانی جۆیسین. هەموو كۆڕێك ئەوەندە

سەرنجڕاکێشە و وا دەکات خەریکی لێکدانەوە بیت کە ڕاست پێت بڵێم هیچ کارێکم لەوە پێ باشتر نییە.

**هەندێ جار ئەو دەنگۆیە بڵاو دەبێتەوە مێردەکەت کە مامۆستای زانکۆیە، زۆربەی بەرهەمەکانت ناخوێنێتەوە. هۆکاری ئەمە چییە؟**

(ری) خۆی مەشغەڵەی زۆرە. بۆ پۆل خۆی ئامادە دەکات. سەرنووسەری (لێکدانەوەی کتێبی ئۆنتاریۆ)یە و شتی لەم جۆرە، ئیتر کاتی نییە کتێبەکانم بخوێنێتەوە. هەندێ جار ڕەخنە و لێکدانەوەکانی نیشان دەدەم، بە کورتی ڕای خۆی دەردەبڕێت. لام وایە خۆم پێمخۆشە لەگەڵ نووسەرانی تر پێوەندی ئاسانتر و بەردەوامترم هەبێت، بەڵام تا ئێستا پێش نەهاتووە.

لە زانکۆی وینزۆر دوو سێ کەس هەن کە شیعرەکانی یەکتر دەخوێنینەوە، بەڵام ڕەخنە وەك ڕەخنە زۆر کەم. ئەوەی ڕاستی بێت هیچکات نەمتوانیوە بە تەواوی وەڵامی ڕەخنەکان بدەمەوە، لەبەر ئەوەی زۆرجار ئەو کاتانەی ڕەخنە دەگیردرێت، من سەرقاڵی نووسینی کتێبێکی ترم. لەلایەکی ترەوە زۆرجار ڕەخنەگرەکان ڕەخنە لەو بەرهەمانە دەگرن من لەبیرم نییە نووسیومن.

**ژیانکردن لە ئەمریکا بەشێوەیەك ئەو هەستی دوورییە لە وڵات، یان تاراوگەت پێ نابەخشێت؟**

بە دڵنیاییەوە بە شێوەیەك لە تاراوگەدام. لام وایە ئەگەر لە دیترۆیتیش ژیابام، هەر لە تاراوگە بووم. بەخۆشحاڵییەوە وینزۆر کۆمەڵگایەکی



نێونەتەوەیی و گلۆباڵە و هاوکارە کەنەداییەکانی ئێمە زۆر ناسیۆنالیست و دەمارگرژ نین، بەڵام لەخۆم دەپرسم هەمووومان بەڕادەیەك هەست بە تاراوگە بوون ناکەین؟ کە دەگەڕێمەوە میلرپۆرتی نیویۆرك، ئەو شارەی لێی لەدایك بووم و ئەو هەموو گۆڕانەی لەوێ ڕوویانداوە، دەبینم، هەست بە بێگانەبوون دەکەم، گوزەری ئاسایی کات ئەو هەستی تاراوگەبوونە بە هەموومان دەبەخشێت. ڕەنگە ئەمە شتێکە پێکەنین هێنەر بێت، بەڵام بە تراژیکی دەزانین، لەبەر ئەوەی جەختکردنەوەیە لەسەر دەسەڵاتی کۆمەڵگای لە کاتی گۆڕان، بەسەر تاکدا. وینزۆر کۆمەڵگایەکی جێکەوتووە، بەوپەڕی سەرسووڕمانەوە، من و مێردەکەم لەوێ زیاتر لە هەر شوێنێك هەست دەکەین لە ماڵی خۆماندانین.

**بەڵام هیچکات وشیارانە و بە مەبەستی نووسین، ستایلی ژیانی خۆتان نەگۆڕیوە؟**

نەبەوشێوەیە. من لەخۆمدا کەسێکم کە ژیانم نەزمێکی تایبەتی تێدایە بەوپەڕی وردەکاریی و دڵەڕاوکەوە دەژیم و زۆر دەروونگەرام، کەوایە هەرکات بمەوێت، ژیانێکی ڕاهیبانە و گۆشەگیرانە هەڵدەبژێرم و بەشێوەیەك دەچمە خەڵوەوە. فلۆبێر دەڵێت وەك بۆرژواییەك بژی. من زۆر بەرلەوەی بزانم فلۆبێر چی وتووە، بەو شێوەیە ژیاوم.

**ئەو کاتەی لە لەندەن دەژیان، ڕۆمانی "هەرکارێکت پێ خۆشە لەگەڵم بیکە"ت نووسی. ئەو کاتەی لەوێ بوویت لەگەڵ نووسەرانێکی وەك**

**دووریس لسینگ، مارگارێت درابێل، کالین ویلسێن، ئایریس مێردۆخ، دیدارت هەبوو، ئەو نووسەرانەی کە وەك چۆن لە لێکدانەوەی تۆ بۆ بەرهەمەکانی دەردەکەوێت، جێگای رێزن بەلاتەوە. هیچ رایەکی تایبەتت هەیە دەربارەی پێگەی نووسەر لە کۆمەڵگای بەریتانیا بە بەراورد لەگەڵ ئەو شتەی لێرە دەیبینیت؟**

رۆماننووسەکانی بەریتانیا بەزۆری بێ جیاوازی چاودێری کۆمەڵگان (مەبەستم لە کۆمەڵگا مانا بەرتەسك و دانەبڕاوەکەیەتی)، جگە لە نووسەرانی بەریتانیایی وەك لارێنس (کە بەگشتی وەك نووسەری بەریتانیایی دەرناکەوێت) حەزێکی تایبەت بە زەینگەرایی، دەروونناسی ژیان و هەناسەی مرۆڤەکان لە بەرهەمەکانیاندا نابیندرێت. هەڵبەت رۆمانی زۆر سەرکەوتوو و جوانیان نووسیوە، بەریتانیاییەکان دۆریس لسینگیان هەیە، بەشێوەیەك دەنووسێت کە ناکرێت پۆلێنبەندی بکرێت، حیکایەتی تەمسیلی، ئۆتۆبیۆگرافی، چیرۆکی رەمزی و کۆد دار...؟ ئایریس میردۆخ و جان فاوێلزیان هەیە.

رایان دەربارەی رۆمانی ئەمریکایی ئەوەیە کە ئێمە جیاوازی زۆر زۆرمان هەیە. خۆمان حەز دەکەین ئەو مەترسییە قبووڵ بکەین بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی کە بۆچوونیان دەربارەی فۆڕم و ستایل زۆر بەرتەسکە ئێمە بە نووسەرانێك ناوببەن کە "فۆڕممان نییە". پێمان دەڵێن ئێمە بێ سەرەوبەرەتر، سەرەتاییتر، بەرزەفڕانەتر و رەنگە بێ شەرمترین و وەك ئەوانی تر زوو بێ هیوا نابین. حەز ناکەین ژیانی رووناکبیرانە بێنینە ناو رۆمانەکانمانەوە. لە ژیانی بیرمەندانەی ستایلی هاکسلی، یان لە ئاستی



خوارتر سی.سی. ئێسنۆ، کە زۆر سەرنجڕاکێشە بۆ خوێندنەوە، بەڵام بێ هیواکەرە، دەترسین.

**بەشی کۆتایی چاپی بەریتانیایی رۆمانی سەرزەمینی سەیر و سەمەرەکان لەگەڵ چاپی ئەمریکاییەکەی جیاوازە. بۆچی، ئاخۆ هەندێ جار بە کارە چاپبووەکانتدا دەچیتەوە؟**

لام وابوو ئەو جۆرە کۆتایی پێ هێنانە باش نییە و لام وابوو دەبێت پێیدا بچمەوە. بە هیچ کارێکی چاپکراومدا ناچمەوە. هیچ کارێکی چاپکراوم ئێدێت ناکەمەوە (هەڵبەت جگە لە کورتەچیرۆکەکان کە هەندێ جار بەرلەوەی لە کۆمەڵە چیرۆکێکدا چاپیان بکەم، پێیاندا دەچمەوە و دەیاننووسمەوە). ئەگەر لام وابێت پێداچوونەوە بەکەڵك نایەت، ئەم کارە ناکەم.

**تۆ هەندێ رۆمانت هەیە دەربارەی بوارە تایبەتەکان، لەوانە عەمەلیاتی مێشك، لەم بوارانەدا چۆن لێکۆڵینەوە دەکەیت؟**

بەزۆری شتی زۆریان لەسەر دەخوێنمەوە. چەند ساڵ لەوەوپێش هێمای نەخۆشییەکی سەیر و سەمەر لەمندا دەرکەوت، دەبا سەردانی دکتۆرم کردبا، ماوەیەکیش باس لەوە دەکرا سەردانی دکتۆری مێشك بکەم. بە تووڕەیی و بەشێوەیەکی خورافییانە دەستم کرد بە خوێندنەوەی ئەو گۆڤارانەی بابەتیان تێدایە دەربارەی ئەم نەخۆشییە. سەرەنجام تێگەیشتم چاك دەبمەوە و کەفوکوڵم دامردەوە.

**تۆ جگە لە ڕۆمانێك دەربارەی پزیشكی، ڕۆمانێكت نووسیوە دەربارەی سیاسەت، یەكێك دەربارەی ئایین و یەكێك دەربارەی ئەو وەرزشانەی لایەنگریان زۆریان بووە. ئاخۆ بەئەنقەست وەها بەرنامە دادەنێیت چەند ڕۆمانێك دەربارەی ستایلی ژیانی ئەمریكایی بنووسیت؟**

زۆر لە ڕووی وشیارییەوە نییە. گرینگی زۆرم بۆ پزیشكی لەو ڕووەوە بوو كە ماوەیەك لەگەڵ كۆمەڵێك بابەتی تایبەتدا پەیوەندیم هەبوو، كە نزیكن بە مەرگ و تێداچوونەوە: نەخۆشخانەكان، نەخۆشییەكان، دكتۆرەكان، دونیای مەرگ و مردن و كەرەسەكانی بەرگریكردنی مرۆڤ دەربارەی ئەو دیاردانە. (هەر ئەو كات یەكێك لە خزمەكانم كە زۆر لەیەك نزیك بووین هێدی هێدی بەهۆی شێرپەنجەوە مرد). هەولّم دا هەموو ئەو هەوڵانەی ئەمڕۆ دەدرێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تێداچوون دەدرێت، بكەم بە چیرۆكێك بۆ ئەوەی لەگەڵ هەستە بیچم نەگرتووەكانم رابێم. هەولّم بۆ هاوسەرگیریی لەگەڵ كەسایەتیی چیرۆك تێكەڵكردنی دەستكردی لەگەڵ دۆخێكی بەربڵاوتر و تا ڕادەیەك ڕەمزاویی كە بوو بە ڕۆمانێك، كە نووسین– و لام وایە خوێندنەوەشی– دژوارە.

دەربارەی یاسا، لام وایە لە دەیەی 1960دا، یاسا خۆی لە خۆیدا هەموو كەسی بەخۆیەوە مەشغووڵ كرد: پێوەندی نێوان (یاسا) و شارستانییەت چییە و دەكرێت چ هیوایەكمان هەبێت بە شارستانییەتی بێ (یاسا)، هەروەها شارستانییەتێك بە یاساوە، وەك چۆن لە نەریتی ئێمەدا بیچمی گرتووە؟ خواستە تاكەكەسی زیاتر لەگەڵ بابەتگەلی بەربڵاوتری



وەك "تاوان" و "تاوانكاری" تێكەڵ دەكرێن، بە شێوەیەك هەستم كرد بەسەرهاتێكی تەواو تایبەتی و لۆكاڵی و كە تا ڕادەیەك لە باری سۆزدارییەوە بۆم گرینگ بوو، بەولاوەتر بڕۆم. زۆر بەهەڵكەوت بینیم دەربارەی ژنێك دەنووسم كە كە بەرتەسككراوەتەوە بۆ ئەوەی زۆر ناسروشتی، لە دونیایەكی تەواو پیاوانەدا، (پەسیڤ) بێت. ئەو بابەتەی كە تەنانەت ئەو كاتەش ڕۆمانی "هەركارێك پێخۆشە لەگەڵم بیكە" چاپ بوو، زۆر باو بوو و ئێستەش هەر باوە.

دەربارەی ڕۆمانی سیاسی، مرۆڤكوژەكان، لە دوو ئەزموونی چەند ساڵ پێشتری خۆمەوە سەرچاوەی گرت، یەكیان كۆنفرانسی بەردەوام و یەك لە دوای یەك لە ئاستی باڵادا بە بەشداری سیاسەتمەدارەكان، مامۆستایانی زانكۆ، پارێزەرەكان و بڵاوبوونەوەی–نەك بەم رادە زۆرەی ئێستا– ئەدیبەكان. (لە ئێستادا ئیتر وردتر شی ناكەمەوە). بە لەبەرچاوگرتنی سروشتی خۆم، ئەم كارە بەلامەوە بە شێوەیەكی سەیر سەرنجڕاكێشە و بینیم دەتوانم لە كارەكتەرە جیاوازەكاندا، ئەو هەستە دەمارگرژییەی ئەوان بۆ كارەكەی خۆیان هەیانە، زیاتر لە هەمووان هەوڵی (ئەندرۆ پێتری) لۆ گۆڕینی شعووری ئەمریكا– بخەمە ڕوو. مرۆڤكوژەكان دەربارەی خۆبەزلزانین و ئەو ئەنجامانەیە لێی دەكەوێتەوە و لام وایە بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی تایبەتی سەردەمی ئێمە، پێویستە مرۆڤكوژەكان بە سیاسەتەوە سەرقاڵ بن.

ڕۆمانە نوێیە (ئایینیە)كەم، كوڕی بەیان، تا ڕادەیەك ئۆتۆبایۆگرافییەكی دڵتەزێنە، بەڵام تا ئاستێك. كتێبەكە بەوە دەگات ئایین شتێكی دەروونی

نییە، بەڵکو شتێکی زەینییە، تەواو تایبەتی و تاکەکەسییە، کە وایە رەنگە ئەم رۆمانە زۆر وەك ئەو سێ رۆمانە نەبێت کە ئاماژەم پێدا، یان وەك رۆمانی تایبەت بە رەگەز (رووخانی لەرزۆك) نەبێت. کوڕی بەیان رۆمانێکە کە بە فرەخوازییەوە دەست پێدەکات و بە قەناعەتی زۆرەوە کۆتایی دێت.

**لە شوێنێك خوێندمەوە مرۆڤکوژەکان یەکێکە لەو رۆمانانەی زۆرت بەدڵە. رەخنە و لێکدانەوەی جیاواز هەیە بۆ ئەم رۆمانە. زۆر جار واتێدەگەم خراپ لەم رۆمانە تێگەیشتوون. بۆوێنە لام وایە "شەهید" لەو رۆمانەدا، خۆی وا دەکات تیرۆری بکەن، وایە؟ ئەوەی کە ژنەکەی هیچکات لەدەرەوەی خانووی بەهارە تەقەی لێ نەکراوە، هیچکات لە ڤیلاکە نەچۆتە دەرەوە. لەجێدا کەوتن، هەمووی لە زەینی خۆیدایە.**

وای، زۆرم بە دڵە، زۆر باشە! تۆ ئەو دیمەنەت بە هەمان شێوە کە مەبەستم بووە خوێندۆتەوە و لێی تێگەیشتووی. هیچکام لە رەخنەگرەکان، ئاماژەیان بەم شتە نەداوە. تا ئەو شوێنەی ئاگادارم، تەنها یەك یان دوو کەس دیمەنی ئایۆنن بەو شێوەیەی مەبەستم بووە خوێندۆتەوە و لێی تێگەیشتوون. چییەتی وەهماوی دیمەنی "بڕینی ئەندامی لەش" کە شتێکی ئاشکرایە. بەڵێ، "ئەندرۆ پێتری" وای کرد تیرۆری بکەن وەك چۆن لە لاپەڕەکانی کۆتایی رۆمانەکەدا دەردەکەوێت.

خراپ لە رۆمانەکە تێگەیشتوون. بەڵێ، هەڵبەت وایە، بەشێکی لەبەر ئەوەیە تا رادەیەك دوورودرێژەو وادیارە، ئەوکەسانەی رەخنە دەگرن و لێکی دەدەنەوە هەموو دەم لەژێر کاریگەری (کات)دان، زۆر رووکەشانە



هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکەن. ناتوانم بەدڵنیاییەوە بڵێم ئەمە ئەو رۆمانەیە من زۆرم بەدڵە، بەڵام بەرزەفڕانەترین رۆمانم بووە یان هەیە. زۆر دژوار بوو پێکەوە هێنانی ئەو پارچانە یان بیروەرییانەی کە لەگەڵ یەك جیاوازن، یان لەگەڵ یەك ناگونجێن و دژی یەکن. ئێستا یەکێك بێت و ئەم شتانە ببینێت یان گەرما بەلای سەهۆڵەوە دابنێت. بەڕاست لۆمەی ئەم کەسانە ناکەم بەوەی نەیانتوانیوە هەموو رۆمانەکە بخوێننەوە. تا رۆمانەکانم ئاڵۆزتر دەبن، زیاتر بەدڵمە، بەڵام کەمتر لەلایەن دونیای ئەدەبەوە پەسەند دەکرێت، شتێکی ناخۆشە بەڵام ئیفلیجکەر نییە.

**کێشە تەنها ئاڵۆزبوون نییە. مرۆڤ هەست دەکات هەوڵێکی زۆر هەیە بۆ هەرچی زیاتر زەینیکردنەوەی بەرهەمەکانت و زۆر کەمتر سەرنج دەدرێت بە وردەکارییەکانی دونیای دەرەوە– بەتایبەت لە چایلدوولد. ئەو رۆمانە هەوڵێکی بەئەنقەستە بۆ نووسینی "رۆمانێکی شاعیرانە؟ یان لەخۆیدا شیعرێکی درێژە؟**

لام وایە خودی چایلدوولد وردەکارییەکانی جیهانی دەرەوە لەبیر ناکات. لە راستییدا سەرجەم کتێبەکە پێکهاتووە لە وردەکاریی وێنەیی– لە جیهانی سروشتی، لەو مەزرایانەی کە لەلایەن باتلێتەکانەوە بەڕێوە دەبرێت و شارێکی بچووك کە بەرەو ئەوێ دەکێشرێن، بەڵام لەوەی کە دەڵێیت رۆمانەکە شاعیرانەیە، راست دەکەیت و بەڵێ وایە. من دەمویست نەسرێکی شیعرئامێز لە چوارچێوەی رۆماندا دابرێژم یان رۆمانێك لە فۆڕمی شیعری نەسریدا. ئەو شتەی زۆر بەلامەوە تا رادەیەك دژوار بوو، راهاتن بوو لەگەڵ

گوشاری دەروونیدا، ئەو گوشارەی کە لە بونیادی وێنا تەوەری شیعر، چیرۆك تەوەری و بونیادی هێڵی یارییەکی دوو لایەنە کە رۆمانێك پێکدێنێت، دروست دەبێت. بە دەربڕینێکی تر، شیعر جەخت لەسەر وێنا، هەست و سۆز دەکاتەوە، لەحاڵێکدا چیرۆك جەخت لەسەر جووڵە دەکاتەوە لە کات و شوێندا. ئاراستەی یەکیان بەرەو وەستانە و ئەوی تریان بەرەو جووڵە. لەنێوان ئەم دوو ئاراستەیەدا گوشارێکی رۆحی تایبەت دروست دەبێت کە وادەکات کە نووسینی رۆمان دژواربێت. لام وایە کارێکی ئەزموونییە، بەڵام خۆم پێم باش نییە بۆ نووسینەکانم ناولێنانێکی وەها ببەمە کارەوە. لام وایە هەرکەس بە خۆی بڵێت نووسەری "ئەزموونی" خودوشیارییەکی تایبەتی هەیە. هەموو نووسینەکان ئەزموونییە، بەڵام تاقیکردنەوە خۆی لەخۆیدا بەلای منەوە سەرنجڕاکێش نییە. وا دەردەکەوێت ئەمە تایبەتە بە سەرەتای دەیەی شەست کە دادائیزم خەریکبوو، جارێکی تر دەدۆزرایەوە و کەشف دەکرایەوە. بەشێوەیەك ئێمە هەموومان نووسەرانێکین دوای هەستانەوەی (فینەگانەکان) و جۆیس، تەنها جۆیسە کە سێبەرێکی درێژ و ترسێنەری هەیە. کێشە لەوەدایە نووسەربوونی شارەزایانە، هۆش و بیرێکی تیژی دەوێت، هەروەها نووسەر دەبێت کارێك بکات بەوەی دەست وەرنەدات لە سۆز و هەستی خوێنەرەوە. کە دوایی لاپەڕەی هەستانەوەی فینەگانەکان بەدەنگی بەرز بۆ خوێندکارەکانم دەخوێنمەوە و بە بەشە کۆتاییە شکۆدارەکەی دەگەین و هەناسەم دەرنایەت (بەڵام تۆ خەریکی دەگۆڕێیت ئێکۆشا، لە دیدی منەوە خەریکی دەگۆڕدرێیت، دەتوانم هەستی پێ بکەم) لام وایە دەتوانم



لەگەڵ هەستە جوان و تاڕادەیەك کوشندەی شاراوە لە پشت ئەو دێڕانەوە پێوەندی بگرم و دواتر سەرم سوورِ بمێنێت، بەڵام گەمژانەیە لام وابێت بەشێکی زۆر لە خوێنەرەکان، تەنانەت خوێنەرە زیرەکەکان، خۆیان بخەنە زەحمەتەوە بەوەی هەستانەوە بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بەو هەستە سۆزداری و رۆحییەی کە لە کتێبەکەدا هەیە، بگەیت. ئۆلیسی جۆیسم زیاتر بەدڵە: تێکەڵەیەکە لە پێکەوەهێنانێکی جوانی "ناتۆرالیستی" و "سیمبۆلیك"، کە لەگەڵ خوو و خەدەی مندا دێتەوە... هەوڵدەدەم کتێبگەلێك بنووسم کە لەم رووەوە، ئەو خوێنەرەی کە زەینێکی فەنتازیایی نییە بتوانێت کتێبکە بخوێنێتەوە و لە روویەکی ترەوە، ئەو خوێنەرەی ئاگاداری کورتبێژی سیمبۆلیك و توخمە کورتکراوەکانە، بتوانێت بیانخوێنێتەوە. هەرچەند هەر ئەو کتێبەیە، کتێبێك بێت کە بکرێت بوترێت "بەو شێوەیەی کە دەبێت ببێت هەیە".

**تەنز، گاڵتەجاڕی، لەکارەکانی تۆدا زۆر کەمە. بەشێك لە کتێبەکانت لەوانە "مرۆڤە بەنرخەکان" ،"رۆحە برسییەکان" و بەشێك لە وڵاتی سەیروسەمەرەکان لە باری تەنزی پووچەوە، تا رادەیەکی پینتێرسێك (Painteresque) دەردەکەوێت، ئاخۆ هارۆلد پینتەر کاریگەری هەبووە لەسەرت؟ تۆ خۆت لات وایە تەنز دەنووسیت؟**

لە سەرەتاوە جۆرێك تەنز لە نووسینەکانمدا هەبوو، بەڵام بەشێوەیەکی پارێزکارانە یان بێ تام. هیچکات تەنزی پینتەر بەلامەوە تەنزێکی خۆش نەبووە. مەگەر تراژیك نانووسێت؟

که کەسێك یۆنسکۆ و کافکا و دیکێنز (کە کافکا زۆر شتی لێوە فێر بووە، هەرچەند بە کۆتاییهێنانێکی جیاواز) بەدڵە. وەك چۆن پێشتر وتم، من تەنزی ئینگلیزیم بەدڵ نییە. تەنزی پووچگەرا، یان "تاریك" یان "رەش" یان هەرشتێکی تر: هەر شتێك تراژیك نییە، لەناو کۆمیدیادایە. رۆمانێك هەردووکیان کەڵك وەردەگرێت و وەك برسییەك هەموویان قووت دەدات.

**چی لەکافکاوە فێربوویت؟**

لە ترس، گاڵتەجاڕ دروست بکەیت. زۆر جیدی نەبیت.

**ئاپدایك بەوە تاوانبار کراوە توندوتیژی لە کتێبەکانیدا نییە، تۆ بەوە تۆمەتبار کراویت توندوتیژی زۆر رەنگیداوەتەوە لە بەرهەمەکانتدا. کارکردی توندوتیژی لەبەرهەمەکانتدا چییە؟**

بەلەبەرچاوگرتنی ژمارەی ئەو لاپەڕانەی نووسیومە، ئەو رووداوە توندوتیژئامێزانەی لە سەرجەم ئەم لاپەڕانەدا هەیە و بە هەموو شێوەیەك توندوتیژی نووسین پێناسە بکەیت، گومانم هەیە ئەم شتە من بگرێتەوە. بۆ وێنە رۆمانێکی وەك (ئەوان) کەمترین دیمەنی توندوتیژی تێدایە. وا دەوترێت رۆمانێکی ناتۆرالیستییە کە لە دەیەی شەست لە دیترویت روودەدات. ژیانی راستەقینە زۆر لەمە ئاڵۆزترە.



**نووسینی کام یەك لە کتێبەکانت کێشەی زۆرتری بۆ دروستکردیت و کامیان بەلاتەوە خۆشتر بوو یان زیاتر شانازیی پێوە دەکەیت؟**

نووسینی سەرزەمینی سەیروسەمەرەکان و مرۆڤکوژەکان دژوار بوو. مرۆڤە بەنرخەکان لە هەمووی ئاسانتر بوو. خۆم زۆر "چایلدوویڵد"م بەدڵە، لەبەر ئەوەی بەشێوەیەکی جیاواز دەربڕی دونیایەکە کە بەتەواوی لە بیرەوەری و فەنتازیا و پێکەوەهێنانی هاوکاتی کاتە جیاوازەکان دروستکراوە. هەموو دەم بەلامەوە سەیرە ئەم رۆمانە پەسەند دەکرێت، لەبەر ئەوەی بەلای خۆمەوە زۆر تاکەکەسی و فەردییە... لەو کارانەی کە نووسەر تەنها یەکجار دەتوانێت بیکات.

دوای ئەوە، رۆمانی "هەرکارێکت پێخۆشە لەگەڵم بکە"م زۆر بەدڵە. لەئێستادا زۆر هەست بە نزیکایەتی دەکەم لەگەڵ رۆمانێك کە تازە تەواوم کردووە، رۆمانی "کوڕی بەیان". (بەگشتی لام وایە هەموو دەم دوایین رۆمانم زۆرتر بەدڵە، وا نییە؟ هۆکارەکەشی دیارە) دواتر بیر لە "جۆلز و مۆرین" و لۆرتای ئەوان دەکەمەوە و لەخۆم دەپرسم رەنگە ئەمە ئەو رۆمانەبێت کە زۆرم بەدڵە.

**بۆکێ دەنووسیت... خۆت، هاوڕێیانت، خوێنەرەکانت؟ ئاخۆ خوێنەرێکی ئایدیال لە زەینتدا بۆ بەرهەمەکانت وێنا دەکەیت؟**

ئەوەی راستی بێت هەندی چیرۆك هەن بۆ کەسانێکی تایبەتم نووسیوە، بۆوێنە رۆحە برسییەکان کە بۆ کۆمەڵێك خوێندکاری زانکۆم نووسیوە، بەڵام بەگشتی نووسین خۆی دێت، مەبەستم ئەوەیە کەسایەتییەك خۆی

دەنگی خۆی دیاری دەکات و من دەبێت شوێنی بکەوم. ئەگەر لە بەشی یەکەمی مرۆڤکوژەکان ڕێگای خۆم دەگرتە بەر زۆر کورتتر دەبوو، بەڵام دژوار بوو دەمی "هیۆپێتری" ببەستی، لەبەر ئەوەی دەبا قسەی کردبا و ئەگەر بەدەستی خۆم بایە، ئەو بەشە دوورودرێژە زۆر بەکورتی کۆتایی پێدەهات. کێشەی خولقانی کارەکتەرێکی وەها تێگەیشتوو و فامکردوو لەوەدایە ئەم کارەکتەرانە دەیانەوێت لە پەراوێزەکانی ئەو بەرجەوەنە ئەدەبییەی کە ئەوان تێدا دەژین، بگەن و وەك "کاش" لە ڕۆمانی چایلدوێلد هەوڵیان ئەوەیە حیکایەتبێژی بخەنە ژێر چەتری خۆیانەوە، یان بە مەیلی خۆیان بەرەو ئەو شوێنەی ببەن پێیان خۆشە. "هیوو" نەیدەویست بمرێت، کەوایە ئەو بەشە درێژەی پێدراو چووە پێشەوە و زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێم زۆر ترسام لە خولقانی ئەو کەسایەتییەدا.

کوڕی بەیان، بگێڕەوە یەکەم کەسی تاکە، پیاوێك بەدرێژایی کتێبەکە، خودا دەکات بە بەردەنگی خۆی و قسەی لەگەڵ دەکات، کەوایە هەموو کتێبەکە پاڕانەوەیە. کەوایە خوێنەری ئایدیال تەنها ئەو خودایە. هەرکەسێکی تر لەوانە خۆشم، کەس و خوێنەری دووەمین.

**خۆت بە کەسێکی ئایینی دەزانیت، لات وایە بنەمایەکی ئایینی لە بەرهەمەکانتدا هەیە؟**

خۆزگا دەمزانی چۆن وەڵامی پرسیارەکەت بدەمەوە، بەتەواوکردنی ڕۆمانێك کە یۆنگ وتەنی لە ئەزموونی خوداییدا ڕۆچووە، تێگەیشتم هیچ شتێك دەربارەی باوەڕەکانم نازانم، وەك هەرکەسێکی تر، بەڵام هەموو دەم



باوەڕم پێیان نییە. باوەڕ دێت و دەڕوات. خودا بە توخمی فرەچەشن و سەرسووڕهێنەر دابەش دەبێت، ژینگە، عەشق، و دۆستان و بنەماڵە، پێشە، کار، "چارەنووس"، سازان یان نەسازانی بیۆکیمایی. جا ئاسمان خۆڵەمێشی تۆخ بێت یان شینی روون و دڵڕفێن. ئەم توخمانە جارێکی تر تێکەڵ دەبن و شتێکی تاقانە دروست دەکەن، بەڵام ئەمە حەزی مرۆڤە. مەگەر وا نییە؟ حەزی ئێمە بۆ دیتن یان ئارەزووی بینینی ئەو شتەی لە ڕۆحی خۆماندایە و لە ئاسمانەکاندا دەیبینینەوە. هیوادارم جارێکی تر دەربارەی ئەزموونی ئایینی بنووسم، بەڵام لەئێستادا پیر و ماندووم و وەك هەموو دەم گێژ و وێژ.

**باسی یۆنگت کرد. فرۆید کاریگەری هەبووە لەسەر تۆ، ئەی لە ئینگ؟**

هەموو دەم لام وابووە فرۆید یەکلایەنە و بەرتەسك بیردەکاتەوە. لەم ساڵانەی دواییدا یۆنگ و لە ئینگم خوێندۆتەوە. ئەو کاتەی لە زانکۆی سیراکیۆز ماستەرم دەخوێند، نیچەم ناسی، ڕەنگە کاریگەری نیچە (کە نووسراوەکانی بەدڵنیاییەوە زیاتر وورووژێنەرە لە وتارەکانی فرۆید) بە هەندی لە بەرهەمەکانمەوە دیاربێت. ڕەنگە ئەم کاریگەرییە شتێك بێت خۆشم پێی نەزانم. لام وایە چیرۆکەکان بەزۆری لە پەیوەندی سیحرئامێزی کارەکتەرەکان و شوێنی ڕوودانی چیرۆکەوە دەست پێدەکات (یان دەستی پێدەکرد لەبەر ئەوەی تا ئێستە چەند چیرۆکی لەمجۆرەم نووسیوە) بەشێك لە چیرۆکەکان (ناڵێم کامیان) بە تەواوەتی لە دەرەوەی شوێنی ڕووداوەوە شکڵ دەگرن.

**یەکەم چیرۆکەکانت لەژێر کاریگەری فاکنەر، فلانێری ئۆکانریدایە. ئاگات لەم کاریگەرییانە هەیە، کەسانێکی تریش هەن؟**

سالانێکی زۆرە کتێب دەخوێنمەوە و ئەو کاریگەرییانە دەبێت زۆر بەربڵاو بێت، وەڵامی ئەم پرسیارەت دژوارە. ئەو کاریگەرییەی کە زۆر کەم ئاماژەی پێدەدەم "تۆرۆ"یە، کە لە تەمەنی کاریگەری وەرگرتندا (سەردەمی تازەلاوی) خوێندمەوە. هەروەها هێنری جەمیز و ئۆکانری و بەدڵنیاییەوە فاکنەر و کاترین ئان پۆرتەر و دۆستۆیۆفسکی. لیستەیەکی سەیروسەمەرە.

**ناوی سەرەزمینی سەیروسەمەرەکان و توانجی زۆر لە بەرهەمەکانت دا، ئەگەر نەڵێین ئەم هۆگرییە هێمایەکە بۆ پەسەندکردنی لوئیس کارۆل. پێوەندیت لەگەڵ کارۆل چۆنە، پێوەندییەکی جێگای سەرنجە؟**

ئالیس لە وڵاتی سەیروسەمەرەکان لەناو شووشەی چاویلکەوەی لوئیس کارۆل لە یەکەم ئەم کتێبانە بوو خوێندمەوە. ئەوەی کە کارۆل شتە نالۆژیکییەکان پێکەوە دێنێت، پێکەوەهێنانی شتە پێکەنینهێنەر و ترسێنەر و عادڵانەکان ئەو شتانەیە کە پێم خۆشە. ساڵی پار ئەو کاتەی ئەم کتێبانەم لە پلەی ماستەر دەوتەوە، هەستێکی خۆشم هەبوو و زۆر خۆشحاڵ بووم.

**کە منداڵبوویت لە چ شتێك زۆر دەترسایت؟**



وەك زۆربەی منداڵەکان رەنگە منیش لە زۆر شت ترسابێتم، شتە نەناسراوەکان؟ ئەو شتە بێزارکەرانەی لە لایەن قەزا و قەدەرەوە مەسخ کراون، کە وادیارە بەسەر هەندێك لە کارەکتەرەکانی کارۆلدا زاڵ دەبن. ئازاری جەستەیی. ون بوون... ئەوەی کە مەیلێکی زۆرم هەیە بۆ کەسانی گاڵتەجاڕ و هاروهاج بووە بەهۆی ئەوەی یان کارۆل وەك ئیلهامێك بەسەرمدا داسەپێنێت، یان ئەوەی پەسەندی کردووە. من خۆم لەخۆمدا کەسێکی هاروهاج بووم و بەو شێوەیەش مامەوە. ئەمە یەکێکە لەو نهێنییانەی من کە زۆر باش پاراستوومە.

**تۆ زۆر زوو دەستت دایە نووسین. بنەماڵەکەت هانیدایت. یان بنەماڵەکەت خەونی بەرزەفڕانەی هونەرمەندانەی هەبوو؟**

لەم ساڵانانەی دواییدا باوك و دایکم (هونەر دۆست)یان لێدەرهاتووە، بەڵام کە گەنجتر بوون و منداڵەکانیشیان بچووکتر، جگە لە کارکردن هیچ دەرفەتێکیان بۆ هیچ کارێکی تر نەبوو. هەموو دەم باوك و دایکم، نەنکم و مامۆستاکانم هانیان دەدام بەوەی کە داهێنەر بم. لەبیرم نییە کەی دەستم کرد بە حیکایەتبێژی یان شێوەکاری. سەرەتا بە شێوەکاری چیرۆکم دەگێڕایەوە، بەڵام ئەوکات زۆر منداڵ بووم. شتێك بووە غەریزی و خۆڕسك لە دەروونمدا و منیش بە شێوەیەکی سروشتی دوایکەوتم.

**زۆربەی بەرهەمەکانت لە دەیەی 1930 روو دەدەن، ئەو سەردەمەی کە ئەگەر بێت و لەدایکیش بووبێتی، ساوا بوویت، بۆچی رەنگدانەوەی ئەو دەیەیە ئەوەندە لە بەرهەمەکانی تۆدا زۆرە؟**

لەو رووەوە کە ساڵی 1939 لەدایك بووم، ئەو دەیە بەلامەوە زۆر گرینگە. دونیای باوك و دایکمە کە ئەوکات گەنج بوون، ئەو دونیایەی من تێیدا لەدایك بووم. دەیەی سی بەشێوەیەکی سەیر وەك ئەوە وایە هێشتا لەگەڵ من دەژی، بەشێکی لە رێگای بیرەوەری دایك و باوکم و باوەگەورە و دایەگەورەکانم، بەشێك لە رێگای کتێب و فیلمەکانەوە، بەڵام دەیەی بیست بەلامەوە زۆر دوورە– بەلامەوە هیچ گرینگ نییە! زۆر سادە پێت بڵێم وەها هێزێکی خەیاڵیم نییە کە شتێکی بەو دوورییە لە ئەمڕۆدا زیندووکەمەوە. من زۆر هەستێکی هاوبەشم هەیە لەگەڵ دایك و باوکم. ناتوانم وا بکەم قانع بیت، بەڵام ژیانیان بەر لە لەدایکبوونم بە شێوەیەکە دەتوانم دەستم پێی بگات، نەك بەشێوەی راستەوخۆ، بەڵکو لە رێگای خەیاڵەوە و بە شێوەیەکی داهێنەرانە. بیرەوەرییەکانی دایك و باوکم وەك بیرەوەری خۆم دەبینم. کە بەوردی چاو لە رەسمە کۆنەکان دەکەم، هەندێ جار بوونی ئەمڕۆم دەمهەژێنێت، چما ئەو کاتەی تازەلاو بوون، دەیانناسم. سەیر نییە! خۆم بەلامەوە سەیرە. لام وایە کەسانی تریش بەرامبەر بە ئەزموون و بیرەوەری بنەماڵەییان وەها هەستێکیان هەبێت و وەك منیش نازانن بۆچی وان.



**ئەو کاتەی لە سەردەمی خوێندنی بەکالۆریۆس لە سیراکیۆز بووین، تۆ تا رادەیەك ناوت دەرکردبوو. وا باوبوو کە رۆمانێك تەواو دەکەیت دەستبەجێ لە پشت لاپەڕە سپییەکانی ترەوە دەست دەکەیت بە نووسینی رۆمانی تازەت، هەرکات هەر دوو بەری کاغەزەکە پڕبۆوە، هەموویان دەخەیتە لاوە و کاغەزی سپی هەڵدەگریت. یەکەم جار لە سیراکیۆز بوو زانیت دەبیت بە نووسەر؟**

لە سەردەمی دواناوەندییدا دەستم کرد بە نووسین و هەرکات چیرۆکێکم تەواو دەکرد، هەموویانم دەخستە لاوە و لەبیرمە دەفتەرێکی سێسەد لاپەڕەییم بە کورتەچیرۆك پڕکردبۆوە کە هەموویان پەیوەندییان بەیەکەوە هەبوو. لام وایە جۆرێك لاساییکردنەوەی رۆمانی "لەکاتەکان"ی هێمێنگوای بوو، بەڵام رۆمانسییانەتر لە کتێبەکەی هێمینگوای (ئەوکات هێشتا دووبلینییەکانم نەخوێندبۆوە). لەبیرمە رۆمانێکیم بە لاساییکردنەوەی "قیڕەو تووڕەیی" نووسی. بەختەوەرانە هەموو ئەم شتانەم فڕێدا. سیراکیۆز بەلای منەوە زانکۆیەکی روووناکبیرانە بوو و شوێنێك بوو هانی دەدام. لە ماوەی چوارساڵی خوێندندا، رەنگە تەنها چوار یان پێنج وانە ئامادە نەبووبێتم، هیچکامیشیان ئینگلیزی نەبوون.

**لەبیرمە تۆ ئەندامی ئەنجومەنی کچانی خوێندکار بوویت. ناتوانم بیر لەوە بکەمەوە تۆ بەشێك بوویت لەو ئەنجومەنە.**

ئەزموونم لە ئەنجومەنی کچانی خوێندکار، ئەزموونێکی تاڵ و ناخۆش نەبوو، بەڵکو دڵساردکەرەوە بوو. چەند هاوڕێیەکی نزیکم لەو ئەنجومەنە

پەیدا کرد کە ئێستا دەتوانم بڵێم شتێکی گەورەم لەدەست نەدا. بەدڵنیاییەوە ئیتر لەم کارانە ناکەم. لە راستییدا ئەمە یەکێکە لەو سێ چوار کارەی کە ئیتر لە ژیانمدا ئەنجامی نادەمەوە.

**بۆچی سەردەمی ئەنجومەنی کچانی خوێندکاری سیراکیۆز ئەوەندە دڵساردکەرە، هیچ شتێکت دەربارەی نووسیوە؟**

دواکەوتوویی ئایینی و رەگەزی، گەمژەیی "رێ و رەسمە نهێنییەکان"، سووربوونی گەمژانە لەسەر "ئەو چالاکییانە"ی کە زۆر پێوەندییان پێکەوە نەبوو– لە راستییدا دژی یەك بوون– کونجکۆڵییەکی عەقڵانی بوو، ترساندنی مرۆڤی بە رواڵەت لاواز لە لایەن کەسانی بەرواڵەت بەهێزەوە، ئەوەی کە خراپترین خوو و خەدەی ئەمریکایی لەخۆت نیشان بدەیت– عەڤداڵی پێشکەوت و گەشە، لەخواترسین، نەزانینی خۆبەزلزانینانە، پەرەستشی ترسنۆکانەی لاساییکەرەوە، پۆخڵی و پیسی و شێواوی شوێنەکە بە شێوەیەك ئەگەر کەسێك لە نهۆمی خوارەوە بایە خۆی دوور دەگرت... یەکەم ساڵەکان هەوڵم دا لەدەستیان هەڵێم، بەڵام ئەو پێوەندییەی لەنێوان ئەنجومەنەکانی کچان و بەرپرسی بەشی ژنانی زانکۆ و دەفتەری خزمەتگوزاریی لە بەشی ناوخۆیی زانکۆدا هەبوو، وای دەکرد نەتوانیت هەڵبێیت، وادیارە لە نەزانینی ساڵەکانی یەکەمی زانکۆدا جۆرێك پەیماننامەم واژۆ کردبوو کە یاسایی بوو و دەبوا بەرێوەی ببەم... هەموو ئەم شتانە ترساندبوومی. لەبیرمە قاڵاوێکی سپی کە بە پۆدرە و عەتر داپۆشرابوو، جیاوازی جوولەکەکان و رەشپێستەکانی لە ئەنجومەنی کچان شی دەکردەوە: "تۆ تەماشاکە، کۆنفرانسەکان لە یانەی کیپ پلاسید



بەرێوە دەچوو، جێگەی شەرمەزاری نییە سەرجەم ئەندامەکانی ئێمە ناتوانن بەشدار بن؟... بۆچی نا، نیگەران دەبن، ئەی وا نییە؟"

وتاری تەواوبوونی خوێندنی پۆلەکەمان لە لایەن منەوە خوێندرایەوە، پۆلی هەزار و نۆسەدو شەستی. سەرەتای وتاردانەکە دەستمکرد بە خەیاڵکردن بەوەی کە "سەرەرای ئەوەی ئەنجومەنی کچانی زانکۆ بەشێوەی هاوئاهەنگ هەوڵیان دا بەرم بگرن، زۆر باش توانیم زانکۆ بەسەرکەوتوویی تەواو بکەم...".

لەمبارەوە هیچم نەنووسیوە، هیچکاتیش نانووسم. بابەتێکی زۆر گەمژانە و بێ بەهایە. مرۆڤ دەبێت وەك "جان ئۆهارا" هەستیار بێت– کە وا دیارە هەموو ئەم شتانەی بە جیدی وەردەگرت– بۆ ئەوەی گرینگی بە وەها تازەلاوێکی گاڵتەجاڕ بدات.

**لەبیرمە دوایین ساڵی سیراکیۆز بوویت بە براوەی پێشبڕکێی شیعر، بەڵام دیوانی شیعرەکانت دوای چیرۆکەکانت چاپ بوو. هەموو کات شیعرت دەنووسی؟**

نا. لە راستییدا درەنگ دەستم کرد بە شیعرنووسین. دەبێت دان بەوەدا بنێم ئێستاش شیعرنووسین بەلامەوە ئاسان نییە. ئاسانە؟ خەریکم کتێبێك کۆ دەکەمەوە کە لام وایە دوایین دیوانەشیعرمە. کەس حەز ناکات شیعری رۆماننووسێك بخوێنێتەوە. لە راستییدا سەرقاڵبوون بە رۆمانەوە بەسە، واتە زۆرە. بەوپەڕی سەرسوورمانەوە، هاوکارە شاعیرەکانم لە گەورەیی خۆیاندا منیان وەك شاعیر وەرگرتووە. ئەگەر لەبەرچاویان نەدەگرتم و

گرینگییان بە شیعرەکانم نەدەدا، بەلامەوە سەیر نەبوو، لە راستییدا ئەم هاوکارانە زۆر پشتیوان و هاندەری منن، کە زۆر لەگەڵ تایبەتمەندی شاعیرەکاندا ناگونجێت کە لەگەڵ شاعیرەکانی تر هەست بە ئیرەییبردن و ململانێ دەکەن.

**وتت کەس حەز ناکات شیعری رۆماننووسێك بخوێنێتەوە. ئەی رۆبێرت پێن واران، جان ئاپدایك، ئەریکا یۆنگ چی، لام وایە ئالێن تیت و جەیمز دیکی شاعیریش رۆمانیان هەیە...**

وابزانم تەنها خەریکبووم دەربارەی پرچەکردارێکی گریمانەیی بەرامبەر بە شیعرەکانی خۆم قسەم دەکرد و بیرم لەو پەرچەکردارە دەکردەوە. تۆ رۆبێرت پێن واران لەبەرچاو مەگرە، رەخنەگرەکان زۆر حەز دەکەن نووسەرەکان پۆلێنبەندی بکەن. بەو شێوەیەی بەکەسێك دەڵێن نەسرنووس (پەخشان نووس)، یان بە کەسێك دەڵێن شاعیر. ئەگەر لارێنس ئەو رۆمانانەی نەنووسیبا هەموان ئامادە بوون وەك گەورەترین شاعیری ئەم زمانە بیناسن و تاریفی بکەنەوە. بەمەشەوە شیعرەکانی لەبەرچاو نەگیرا (لانیکەم تا ئەم دواییانە).

**یەکەم کتێبت، لە رێگای دەروازەی باکوورەوە کۆمەڵە چیرۆکێکە، ئێستاش کورتەچیرۆك چاپ دەکەیت. کورتەچیرۆك عەشقی گەورەی تۆیە، تۆش لەبەر ئەو باوەڕەیت نووسینی کورتەچیرۆك دژوارترە لە رۆمان؟**



بابەتە بچووکەکان، دەبێت بەکورتی بپەرژێیتە سەری. هیچ کارێك لە رۆماننووسین دژوارتر نییە. هەرکەس رۆمانێکی نووسیبێت دەزانێت کورتەچیرۆك بە بەراورد لەگەڵ رۆمان، تەنانەت ئەو رۆمانانەی کە تا رادەیەك ئاسایین، سەرکەوتنێکە.

بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا کەمتر چیرۆکم نووسیوە. بەدروستی نازانم بۆچی. لام وایە هەموو وزەی خۆم بۆ نووسینی کاری درێژتر تەرخان کردووە. رەنگە لەبەر ئەوە بێت زۆرترین کاتی توانایی و کارامەیی خۆم تێپەڕاندووە و زیاتر حەز دەکەم کاتی خۆم بۆ کارێك تەرخان بکەم و هەوڵم ئەوەیە ئەو کارە لاپەڕە بە لاپەڕە و بەش بە بەش "بێ کەموکوڕی" تەواو بکەم.

**بەمەشەوە تۆ زیاتر لە هەر نووسەرێکی جیدی لە ئەمریکا کورتەچیرۆکت چاپ کردووە. لەبیرمە ئەو کاتەی خەریکبوویت بیستویەك چیرۆکت بۆ کۆمەڵەچیرۆکی "سوکانی عەشق" هەڵدەبژارد، چیرۆکەکانت لەناو نەوەد چیرۆکدا کە دوو ساڵ دوای کۆمەڵەچیرۆکی پێشتر لە گۆڤارەکاندا چاپ ببوو، هەڵبژارد. چیت کرد لەو حەفتا چیرۆکەی تر، دواتر دەگەڕێتەوە سەریان و بیرێکیان لێ دەکەیتەوە؟**

من دەربارەی چیرۆك زۆر جیدییم. لە کتێبێکدا پارێزگاریی لێدەکەم،ئەگەر وا نەبێت دەبێت فەرامۆشی بکەیت. ئەم بابەتە شیعر و رەخنە و لێکدانەوەی کتێب و وتارەکانیش دەگرێتەوە. من جارێکی تر چوومەوە بۆ سۆراغی ئەو چیرۆکانەی کە بەهۆی ناوەرۆکەوە لە کۆمەڵەچیرۆکی "سوکانی عەشق"دا دامنەنابوون و لە کۆمەڵەچیرۆکێکی

تردا بە ناوی "فریو و چیرۆکەکانی تر"بڵاوکردەوە. هەر کۆمەڵەچیرۆکێك جۆرێك تێم و ناوەرۆك دەگرێتەوە و مەبەستم ئەوەیە وەك گشتییەتێك بیخوێنینەوە. پێکهاتەی چیرۆك زۆر گرینگە و ئەوە نییە شتێکی بەڕێکەوت بێت.

**تۆ مەشرووب ناخۆیتەوە. هیچ کات دەرمانێك بەکار دەبێت کە چالاکی مێشك زیاتر بکات، ئەم شتەت تاقیکرۆتەوە؟**

نا، تەنانەت چا (بەهۆی کافەئینەوە) بۆ من زۆر بەهێزە. وەك ئەوەی زۆر هەستیار بم بەرامبەر بە زۆر شت.

**تۆ ئاماژەت دا بە "هیۆپتێری" لە ڕۆمانی مرۆڤکوژەکان. ئەو یەکێکە لە کارەکتەرە شێتەکانی کتێبەکانت. بەڕاست کەسێکت لە نزیکەوە دەناسی شێت بێت؟**

بەداخەوە کەسم نەدەناسی کە لەباری دەروونییەوە تەواو نەبێت. ئەو کەسە نەناسراوانەی کە لەباری دەروونییەوە تەواو نین، جار جار دێنە سەر ڕێم. نازانم بۆچی.

حەفتەی پێشتر کە چووم بۆ زانکۆ، ئیزنیان پێ نەدا بڕۆمە سەر پۆل، شەوێك پێشتر پیاوێکی تووڕە و هەڵچوو تەلەفۆنی بۆ یەکێك لە خوێندکارانی ماستەر کردبوو و پێی وتبوو دەیەوێت بمکوژێت. کەوایە ناچار بووم لە شوێنێکی خەڵوەت لەگەڵ بەرپرسی بەش و بەرپرسی پاراستنی ئەمنی زانکۆ و دوو پۆلیسی ناوەندی پۆلیسی وینزۆێر بمێنمەوە. ئەو دۆخە زیاتر لەوەی نیگەرانم بکات، ئازاری دەدام. یەکەم جار بوو کەسێك ئەوەندە ئاشکرا هەڕەشەی لێدەکردم دەمکوژێت. پێشتر ناڕاستەوخۆ و



شاراوە بەمەبەستی ترساندن هەڕەشەیان لێکردبووم، بەڵام زۆر بە هەندم وەر نەدەگرت.

(کەسمان ئەو کەسەمان نەدەناسی تەلەفۆنی بۆ خوێندکارەکەم کردبوو. تەنانەت دانیشتووی وینزۆێر نەبوو. نازانم لەچی تووڕە بوو، بەڵام مەگەر کەسێکی هەڵچوو پێویستی بە هۆکار هەیە...؟)

**ئەی دەربارەی ئەو شتانەی کە جیدی نین، بەڵام دەبن بەهۆی نیگەرانی چی؟ پەرچەکرداری دۆستان یان خزمان، هەر پەرچەکردارێك بەرامبەر بە وەسفی وشیارانە یان ناوشیارانە لە بەرهەمەکانتان.**

باوك و دایکم، وەك منداڵێ، لە سەرزەمینی سەیروسەمەرەکاندا زۆر کورت دەرکەوتوون. قارەمانی گەنج کە ویژدانی ئاسوودە نییە لە ڕێگاکەی بۆ بۆفالۆ یان لە گەڕانەوەی، بە کورتی چاومان لێدەکات. بەدەر لەمە، هیچ وەسفێك لە بنەماڵە یان خزمەکان لە بەرهەمەکانی مندا نابینیت. باوك و دایکم هەردووکیان بەرامبەر بە شوێنی ڕوودانی چیرۆکەکان و ئەو ڕۆمانانەم کە دەیانناسنەوە، پەرچەکرداریان لەخۆیان نیشان دەدا (هەندێ جاریش تووڕە دەبوون)، بەڵام لەو ڕووەوە کە شتێکم نەنووسیوە هەڵگری شوناسی فەردی کەسێك بێت، زۆر تووشی کێشە نەبووم.

**جگە لە ڕووداوی نائاسایی زانکۆ، خراپی ناودەرکردن چییە؟**

من ئاگام لەوە نییە ناوم دەرکردووە، بەتایبەت لێرە لە وینزۆێر کە دوو کتێبفرۆشی گەورەی هەیە و تەنانەت کتێبەکانم ناهێنێت. زۆر کەمن ئەوانەی ئاگایان لە بوونی من هەیە چ بگات بەوەی بەرهەمەکانم

بخوێننەوە. کەوایە لەوەی کە نەناسراو شاراوەم لە زانکۆ چێژ وەردەگرم، کە رەنگە ئەگەر لە ئەمریکا بام ئەم چێژە بوونی نەبا و یەکێك لەو هۆکارانەی لێرە ئەوەندە هەست دەکەم لە وڵاتی خۆمدام ئەمەیە.

**لەمپەری تایبەت و تاکەکەسیت هەیە؟**

شەرمن بوون بووە بە لەمپەر لەبەردەم زۆرێك لە کارەکانمدا. هەروەها زۆری کار و بەرپرسایەتیم لە وینزۆێر.

**هەست دەکەیت وەك نووسەرێك کەموکوڕییەکی بەرچاو، یان شاراوەت هەیە؟**

بەرچاوترین کەموکوڕی من... ئەوەندە ئاشکرایە کە هەموو کەس دەیبینێت. کەموکوڕییە شاراوەکەشم هەم بەختەوەرانە نهێنییە.

**خاڵی پۆزەتیڤی نووسەری ژن لە چیدایە؟**

خاڵی پۆزەتیڤ. رەنگە ئەوەندە زۆر بێت نەکرێت بژمێردرێت. لەبەر ئەوەی بە شێوەیەکی گشتی رەخنەگرانی پیاو کە لە رۆژنامەکان نووسەرەکان بە پلە 1و 2و 3 دابەش دەکەن، من ناخەنە ئەو پۆلێنبەندییەوە. لامولیە ئازادم چیم پێ خۆشە بیکەم. من زۆر هەستی پێشبڕکێم نییە یان حەز بە ململانێ و پێشبڕکێ ناکەم. تەنانەت ناتوانم باوەڕم بەو شتە بێت کە هێمینگوای و لاساییەکەرەوەی پلەدووی میلەر، پێی دەڵێن جەنگ لەگەڵ کەسانی بەتوانا لە رینگی بۆکسدا. بەرهەمێکی هونەری تا ئەو شوێنەی من دەیزانم، هیچکات جێگای بەرهەمێکی تر ناگۆڕێت. ژیان ئەوەندەی لەگەڵ خودی ژیاندا لە ململانێدایە لەگەڵ مەرگدا



نییە... ژنبوون ئەو دەرفەتی شاراوەبوونەی بۆ خولقاندم، وەك پیاوی شاراوەی ئیلیسۆن. (دەسنووسی رۆژانە دوورودرێژەکەم کە ئێستا دەبێت بووبێت بە سەدان لاپەڕە، ناوێکی هەیە بەناوی "ژنی شاراوە". لەبەر ئەوەی ژنێك بە شێوەی میکانیکی دادوەری دەکرێت دەربارەی رواڵەتی، ئەو خاڵە پۆزەتیڤەی هەیە کە لەناو رواڵەتیدا خۆی بشارێتەوە و بەپێچەوانەی گومان و وێنای ئەوانی تر، ئەو کەسە بێت کە خۆی دەیەوێت. هەست بە هیچ پەیوەندییەك ناکەم لەگەڵ رواڵەتی فیزیکیمدا و بەزۆری لە خۆمم پرسیوە ئەمە هەمان ئەو ئازادییەیە کە پیاوان– چ نووسەر و چ کەسانی تر– لێی بەهرەمەندن).

**لە دیدی پیاوێکەوەنووسین بەلاتەوە دژوارە؟**

نا وا نییە. من ئەوەندە لەگەڵ کارەکتەرە پیاوەکانم هەست بە نزیکی و هاوسۆزی دەکەم کە لەگەڵ کارەکتەر و کەسایەتییە ژنەکانم. زۆرجار، لەباری خوو و خەدەوە لە کارەکتەرە پیاوەکانم نزیکترم. بۆ وێنە ناتان ڤێکری لە کوری بەیاندا– هەست دەکەم بە تەواوی لە ئەوان دەچم– هەرێمی خودا لە دەرووندایە.

**لە رووی نووسینێکەوە دەزانیت نووسەر ژنە یان پیاو؟**

نا بە هیچ شێوەیەك.

**لات وایە کام یەك لە نووسەرە پیاوەکان لە وەسفی ژناندا بەتواناتر و سەرنجڕاکێشتر کاریان کردووە؟**

تیۆلیستۆی، لارێنس، شکسپیەر، فلۆبێرو... ژمارەیان زۆر کەمە. مەگەر نا؟ بەڵام ژمارەی ئەو ژنانەش کە لە وەسفی پیاواندا بەتوانا بوون کەمن.

**چێژ لە نووسین وەردەگریت؟**

بەڵێ، چێژ لە نووسین وەردەگرم. زۆر زۆر و ئەو کاتەی کارێك تەواو دەکەم و هێشتا نەچووم بەلای کارێکی ترەوە، هەست بە ونبوون، بێ ئامانجی و دابڕان دەکەم و زۆر گەمژانە هەستیار دەبم. هەموو ئەوانەی دەنووسن دان بەوەدا دەنێن و رازی بوون بەوەی بەشداری دەکەن لە چالاکییەکی کۆمەڵایەتییدا. دەور و کاریگەری من چ نووسین و چ خوێندنەوە و چ وەڵامدانەوە، زۆر گرینگ نییە. من ئەم وتەیەی فلۆبێرم بە جیدی و هەند وەرگرتووە کە دەبێت لە هونەرەکەماندا یەکترمان خۆش بوێت، وەك عەشقێکی پڕنهێنی کە یەکترمان لە خودادا خۆش دەوێت. بە رێزگرتن لە بوونەوەرێکی تر رێز لە شتێك دەگرین کە هەموومان بەیەکەوە گرێدەداتەوە.

هەڵبەت نووسەربوون، لەناو ئەو ژمارە زۆرەی چالاکییدا، تەنها چالاکییەکە کە ژیانی ئێمە دیاری دەکات. لام وایە شتێکە کە هەندێکمان ئەوەندە کاتی خۆی بۆ تەرخان دەکات و جەخت دەکاتەوە لەسەری، وەك ئەوەی چارەنووسی ئێمە بێت کە بۆمان دیاریکراوە. لەو رووەوە کە زۆر باوەڕم بەم رەوتانە، هەروەها نەستی مرۆڤەکان هەیە لە ئەزموونەکانەوە



فێربووم گرینگی نەدەم بە دادوەرییەکانی دەروون و گومان و دڵەڕاوکەکانی، هیچکات خۆم ناچار نەکردووە وەڵامی وەها پرسیارێك بدەمەوە. تەنانەت وەك تاکێکیش، ئەگەر بمرین، وزە لە خودی بەرهەمەکەدا دەمێنێتەوە، لەوێدا زیندانی دەبێت و چاوەڕوانی رزگاربوون دەکات بەوەی کەسێك لە دەرفەتێکدا گرینگی پێ بدات و ئازادی بکات.





# مارطاريَت ئاتوود

## مارگارێت ئاتوود

مارگارێت ئاتوود (**Margaret Eleanor Atwood**) نووسەر، شاعیر و رەخنەگری پڕکار و بەتوانای کەنەدایی تا ئێستا 35 کتێبی رۆمان، چیرۆك، شیعر، رەخنەی ئەدەبی، مێژووی کۆمەڵایەتی و کتێبی منداڵانی نووسیوە، کە وەرگێڕدراونەتەوە بۆ 22 زمانی دونیا.

مارگارێت ئاتوود 18ی نۆڤەمبەری 1939 لە ئۆتاوا لەدایکبووە. باوکی مێژووناس و دایکی پسپۆری بواری خواردن بوو. بەهۆی پیشەکەی باوکییەوە و لێکۆڵینەوە لە مێرووەکان بنەماڵەکەی هەشت مانگ لە ساڵی لە دارستان بەسەر دەبرد. یانزە ساڵی تەمەن بوو کە چووە قوتابخانە. ساڵی 1959 دواناوەندیی تەواو کرد و دەربارەی بڕیاردان بۆ داهاتووی لە کتێبی ساڵی قوتابخانەکەدا نووسی: "نووسینی گەورەترین رۆمانی کەنەدا". ئەو ساڵی 1961 لە ڤیکتۆریا لە کۆلێجی زانکۆی تۆرێنتۆ بەکالۆریۆسی تەواو کرد و هەر لەم ساڵەدا یەکەم کتێبی خۆی، کۆمەڵەشیعرێکی بە پارەی خۆی چاپ کرد. ئەم کتێبە بوو بە براوەی مەدالیای "ئی .جەی، پرێت" (E.J.prett). لە ساڵەکانی 1962–63 و 1966–67 لە بواری ئەدەبی سەردەمی ڤیکتۆریادا درێژەی بە خوێندن دا، بەڵام نەیتوانی نامەکەی دەربارەی "رۆمانە عاشقانە مێتافیزیکییە ئینگلیزییەکان" تەواو بکات و نەیتوانی دۆکتۆرا وەربگرێت و لە زانکۆ هاتە دەرەوە و زانکۆی بەجێهێشت. سەرەتای دەیەی 1970 بوو بە ئیدیتۆری



ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئاتائیس لە تۆرێنتۆ و کتێبی "رزگاری": رێنوێنییەك لەسەر ناوەرۆکی ئەدەب لە کەنەدا، بڵاوکردەوە کە کتێبێك بوو مشتومڕ و باسی زۆری لێکەوتەوە. زمانی تەنزئامێزی ئەو لەم کتێبەدا بۆ شارەزایانی ئەو بوارە هەرس نەدەکرا. بەتایبەت کە ئەو هەموو دەم جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە ئەدەب لە کەنەدا هێشتا زەینییەتی زمانلووسانەی سەردەمی کۆلۆنیالیزمی بەسەرەوەیە. ساڵانی دواتر ئاتوود جارێکی تر گەڕایەوە سەر ئەم بابەتە و کتێبی شتە سەیروسەمەرەکان: باکووری خراپ لە ئەدەبی کەنەدا–دای لە ساڵی 1995 نووسی. ئەو لە گەڕان بەدوای "شوناسی دروستکراویی کەنەدایی"دا دەڵێت: "کەنادادییەکان حەزیان لە نەهامەتی باشە. بەتایبەت ئەگەر لەم بەڵا و نەهامەتییانە، ئاو و بەفر و سەهۆڵ رەنگدانەوەیان هەبێت".

ئاتوود بەدرێژایی هەموو تەمەنی کارکردنی ناو بەناو پەرژاوەتە سەر شیعر و پەخشان و هەندێ جار لە ساڵێکدا کتێبێکی شیعر و کتێبێکی پەخشان و هەندێ جاریش هەرساڵە و یەکێك لەو کتێبانەی چاپ کردووە. شیعرەکانی بەزۆری دەرخەری روانگەی تایبەتی ئەوە و زۆرتر رادەربڕینی تاکەکەسییە لەحاڵێکدا رۆمانەکانی گشتیتر و دەربڕی پرسی کۆمەڵایەتین. شیعر و پەخشانی ئەو لێکئاڵاون و پێوەندییان هەیە لەگەڵ یەکتر. کۆمەڵە کورتەچیرۆکەکانی پردێکە لەنێوان شیعر و پەخشانی ئەودا.

ئاتوود چ لە پەخشان و چ لە شیعردا، زمانێکی تەنزی هەیە و ستایلێکی وردی هەیە کە ژیانی رۆژانە تێیدا رەنگیداوەتەوە و بە زۆری بە توندی رەخنە لە ناعەدالەتی و ئازار و دەرد دەگرێت. رۆمانەکانی نوقرچك لە

کۆمەڵگا دەگرێت و پاڵەوانی ڕۆمانەکانی بە زۆری ژیانی شاری و مۆدێرن، بە زۆری نووسەر و هونەرمەندن و بەردەوام جۆرێك بەپرسایەتی کۆمەڵایەتی بوونی هەیە. ئەم ژنانە بۆ خۆیان و بۆ رزگاربوونیان لە کۆمەڵگا دەجەنگن، ئەو کۆمەڵگایەی کە پیاوەکان تێیدا دوژمنانێکی بەسۆز و بەڕوحم و میهرەبانن و ژنان خۆیان هاوکارییان دەکەن بەوەی بکەونە داویانەوە. ئاتوود لە سەرجەم ڕۆمانەکانیدا دەنگێکی فێمنیستی هەیە، پاڵەوانە ژنەکەی ئەو نوێنەری هەر ژنێکە کە سیاسەت و جێندەر، ئەو بەکەم دەزانێت و ئازاری دەدات.

ژمارەیەك خەڵاتی بە بۆنەی چالاکییە فێمنیستی و مافی مرۆڤییەکانییەوە وەرگرت. لەوانە ژنی ساڵی 1988، خەڵاتی مرۆڤدۆستانی ئایدا نۆدێل لە ساڵی 1978، خەڵاتی مرۆڤدۆستی ساڵی 1978. ئەو لە ساڵەکانی 1981–82 بوو بە بەرپرسی ناوەندی نووسەرانی کەنەدا و لە 1983ەوە بۆ 1986 ببوو بە بەڕێوەبەری ناوەندی قەڵەمی نێونەتەوەیی کەنەدا و بەرپرسی ئەو ناوەندە بوو. یەکێکە لە لایەنگرانی جیدی یاسای کۆپی رایت و لای وایە مافی نووسەران دەبێت پارێزراو بێت.

ئاتوود هەروەها وێنەگر و شێوەکارێکی بەتوانایە. تابلۆکانی وەسفێکی شاعیرانەی تێدایە. هەندێ جار تابلۆی بەرگی کتێبەکانی خۆی دەکێشێتەوە.

مارگارێت ئاتوود ژیانی هاوسەریی پێکهێناوە و سێ کچی گەورەی هەیە و لە ئێستا لەگەڵ مێردەکەی و یەکێك لە کچەکانی لە تۆرێنتۆ دەژی.



تا ئێستا 35 کتێبی نووسیوە، 55 خەڵات و لەوانە خەڵاتی پارێزگاری گشتیی کەنەدای و خەڵاتی بەریتانیایی بۆکێری وەرگرتووە.

ئەوەی لە خوارەوە دەیخوێننەوە، وتووێژێکی لیندا، ئەل، ریچاردز، ڕۆماننووس و سەرنووسەری یەکێك لە دامەزراوەکانی جێنواری مەگەزین لە ساڵی 2000 بۆ ئەم گۆڤارەی کردووە.

یەکەمجار باڵای سەرنجی راکێشام کە بۆچی باڵای بەرز نییە. ئەم ناودارەی ئەدەب، ئەم لایەنگرەی مافی هونەرمەندان و ئازادیی بەیان ئەگەر بەلای باڵایەوە دایبنێین، هێماکە دەکەوێتە سەر خوارترین ئاست، واتە 150 سەنتیمەتر، بەڵام خەڵاتەکان و پێداهەڵدانی لایەنگرانی باڵای ئەو بەرز دەکاتەوە بۆ 210 سەنتیمەتر. ئاتوود ساڵێکی پڕکاری هەبووە. رۆمانی مرۆڤکوژی کوێری پاییزی 2000ی دەنگدانەوەی زۆری هەبووە. لە ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتان، تەنانەت بەرلەوەی بگاتە کتێبفرۆشییەکان، بوو بە یەکێك لە پڕفرۆشترین کتێبەکان. ئەو رەخنە و لێکۆڵینەوانەی دەربارەی کتێبی مرۆڤکوژی کوێر نووسراوە، بە زۆری لە هەموو دونیادا وەسفکردن و پێداهەڵدان بووە. حەفتەیەك پێش ئەم وتووێژە، ئەم رۆمانە بوو بە براوەی خەڵاتی بۆکێر، ئەو خەڵاتەی هەموو نووسەرێك حەز دەکات بیباتەوە. سێ رۆمانی پێشتری ئاتوود، چیرۆکی خزمەتکار، چاوی پشیلە و ئالیانس گرینس (جەختکردنەوەی خواوەند بە دەربڕینێکی تر) پاڵێورابوون بۆ ئەم خەڵاتە (خەڵاتی بۆکێر).

ئاتوودی جوان، بەباوەڕ بە خۆبوونەوە، لە تەمەنی 61 ساڵیدا بەرامبەر بە کامێرا دادەنیشێت. دوای ماوەیەك زۆر کە بە یەك فۆڕم و ژێست دەمێنێتەوە، بە دەنگێکی ئارام بە وێنەگرەکەمان دەڵێت: "ئیتر بەسە". پێیەکانی بە ئارامی و بە شێوەیەکی زۆر جوان لەژێر خۆیدا کۆدەکاتەوە و



بۆ کامێراکە پێدەکەنێت و دەڵێت: "ئێستا دەمانەوێت بڕۆینە سەر باسی ئەمە".

سەرەنجام سەرەڕای ئەوەی دەنگی مەکینەکان بەرزن، هەڵدەستێت و دەگەڕێتەوە و بە زەردەخەنەوە دەڵێت "تادا". وێنەگرەکە دەزانێت واتە: "ئەم بەشە لە بەرنامەکە تەواو بووە". زۆر ئارام ئەمە دەڵێت، وەك ئەوەی ئاماژەیەکی هێمنانەی کردبێت. پێیەکانی ساف دەکات و جارێکی تر سەرنجی بۆ لای من رادەکێشرێت. ئارامە و لە هەمانکاتدا دڵنیا و باوەڕی بە خۆیەتی. هەموو شتێك بە باشی دەڕواتە پێش، هەرچی ویستووە بە دەستی هێناوە. پێگەیەکی زۆر باشی هەیە، هەمان ئەو ئاتوودەیە کە لە رێگای بەرهەمەکانییەوە خۆشمان دەوێت.

یاریدەدەرەکەی دەپرسێت: "کارتان بە وتووێژەکە تەواو بوو؟" من خەریکبوو وەڵامی بدەمەوە ئاتوود وتی: "نا دەمانەوێت برێك زیاتر قسە بکەین". کام هەواڵنێرە ئەمەی پێ ناخۆشە؟

دەڵێت لام وایە بەڕادەی پێویست دەربارەی کتێبە تازەکەم قسەم نەکردووە. دەڵێم: "زۆر کەس دەربارەی قسەی کردووە، من دەمەوێت خۆت دەربارەی خۆت قسە بکەیت".

دواتر چیرکێکی کتێبەکەیم بۆ دەگێڕێتەوە. لەوانەی کە هێشتا زۆر دەبارەی نەنووسراوە. لەبەر ئەوەی هەر لەم ماوەیەی دواییدا، واتە لە سەردەمی چاپی "مرۆڤکوژی کوێر"دا روویداوە. ئەو شتەیە کە بەکەڵکی من دێت، لەبەر ئەوەی کەس هێشتا زۆر دەربارەی قسەی نەکردووە و

ڕووداوێکی جیاواز و سەرنجڕاکێشە و چیرۆکێکی باشی لێ دەردەچێت. هەڵبەت ئەگەر ئاتوود شتێك بە باشی بزانێت ئەویش چیرۆك گێڕانەوەیە.

هەندێجار دژوار دەتوانین دونیای ئەدەب بەبێ ئاتوود وێنا بکەین. وەك ئەوەی ئەو هەموو دەم ناوێکی ئاشنابووبێت، ناوێك کە تێکەڵە بە نهێنی شاراوە و ئاڵۆز، ئەو ناوەی کە هەموو دەم لەگەڵ شتە نوێ و ترسێنەرەکاندا هاتووە.

هەر لە کاتی چاپی یەکەم ڕۆمانییەوە ( The Edible Woman(1969) ) ئاتۆد دەنگێکی بەهێز، ڕوون و جیاوازی هەبووە. ئەو خۆی ویستوویەتی ببێت بە نووسەر، ئەو نووسەرەی چیرۆکەکانی بە ستایلی خۆی دەگێڕێتەوە. دەڵێت ئەو کاتەی بیری لەوە کردەوە ببێت بە نووسەر، ژنێکی گەنجی کەنەدایی بژاردەی زۆری لەبەردەستدا نەبوو بۆ کارکردن.

مرۆڤکوژی کوێر[2] وادیارە لوتکەی ساڵەکانی حیکایەتبێژی ئەوە. ئەو ساڵانەی کە چالاکانە لە بوارە جیاوازەکاندا نووسیویەتی: چیرۆك، دەقی جیاواز لە چیرۆك، وتاری ئەدەبی، لێکدانەوەی کتێب و هەڵبەت شیعر کە لەم بوارەشدا ناسراوە. مرۆڤکوژی کوێر ڕۆمانێکی تێکەڵە و چەندلایەنەیە لە پەیوەندییە مرۆڤانەکان و تێگەیشتنی بەرامبەر، دەگاتە لایەنی حەماسە. حیکایەتبێژی سەرەکی مرۆڤکوژی کوێر، ئایریس چیس گرین،

---

[2] -*The Blind Assassin* (2000, winner of the 2000 Booker Prize and finalist for the 2000 Governor General's Award, shortlisted for the 2001 Orange Prize for Fiction.)



ژنێکە کە لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا شێتانە هەوڵدەدات بەرلەوەی زۆر درەنگ بێت، گێڕانەوەی خۆی لە چیرۆکی ژیانی بەدەست بێنێت.

ئێمە یەکترمان لە ژوورێك لە هۆتێلێك لە ڤانکۆڤەر بینی. ئەو بۆ بەرنامەیەکی تایبەت: "فێستیڤاڵی نووسەرانی ڤەنکۆڤەر" هاتبووە ئەم شارە. حەزی دەکرد دەربارەی توانا نووسین و شاعیری و لێهاتووییەکانی و ئەو ڕێگایەی کە بڕیویەتی بۆ ئەوەی ببێت بە یەکێك لەو نووسەرانەی کە ڕێزی لێدەگیرێت و کارەکانی پەسەند دەکرێت.

**لیندال، ریچاردز– جێنڤاری مەگەزێن 2000**

**من تا ئەم دواییانەی لام وابوو تۆش یەکێك بوویت لە کچانی رادکلیف.**

بەڕاستی وانەبوو، تا رادەیەك رادکلیفی بووم. تەماشاکە چی روویدا. من ساڵی 1961 بۆ ماستەرەکەم چوومە زانکۆی هارڤارد. ئەوکات ماستەری رادکلیف هێشتا لە کۆلێجی خوێندنی باڵای هارڤارد جیابوو، بەڵام پۆلەکانیان هەر یەك بوو. رێك ئەو ساڵە، ئەو دوو کۆلێجەیان لە باری تەکنیکییەوە تێکەڵ کرد، من بڕوانامەکەم لە رادکلیف وەرگرت، بەڵام بەتەواوەتی وەك بڕوانامەی هارڤارد بوو و ساڵی دواتر بەفەرمی بوون بە یەك. دواتر من سێ ساڵی تر لە هارڤارد مامەوە. رادکلێف وەك کۆلێجی کچانەی بەکالۆریۆس مایەوە، بەڵام بۆ خوێندنی باڵا لەگەڵ هارڤارد تێکەڵ کرا. کەوایە لەباری تەکنیکییەوە راستە کە رادکلیفیم، بەڵام لە راستییدا هیچ جیاوازییەك نەبوو.

**تۆ زۆر بەختەوەر بوویت و شانست لەگەڵ بوو لەبەر ئەوەی 1961 ساڵێکی سەیرە. ئەوکاتەی چاو لە پێشینەی تۆ دەکەم دەکەومەوە یادی شتێك کە هەموو کات خۆم دەیڵێم: نەوەد لە سەدی بەخت یان ئیقباڵ، هەوڵدانە. تۆ بە شێوەی جیاواز کارت کردووە کە بەشێکی لە رووی هەوڵدان و ماندوو نەناسییە. چما وەك ئەوەی بەڕاست هەر بۆ ئەم کارە سەرنجڕاکێشە دەستت بە کار کردبێت.**

(پێدەکەنێت) لام وایە دژوارترین کارێك کە بەهەموو تەمەنم کردبێتم، تەواوکردنی پۆلی 13 بوو لە ساڵی 1957 لە ئۆنتاریۆ. لام وایە ئێستا ئیتر وەك رابردوو نییە، بەڵام ئەو کاتە تاقیکردنەوەکان لە ئاستی ئەیالەتیدا بەڕێوە دەچوو، بەبێ لەبەرچاوگرتنی پێشینە، بێئەوەی ئەو ئیشانەی ئەو ساڵە کراوە لەبەرچاو بگیردرێت بە چاوی قوچاوەوە نمرەیان دەدا، یان ئەوەیە دەردەچووی یان دەرنەدەچووی. تاقیکردنەوەیەك. هەموو تاقیکردنەوەکان لەماوەی دوو حەفتەدا لە هۆڵی ژێمناستیکی دواناوەندیی بەڕێوە دەچوو کە هەواگۆڕکێ (ساحیبە)ی نەبوو، لە کەشوهەوایەکدا کە ئێستا کەس باوەڕ ناکات. بەم تاقیکردنەوەیە تێدەگەیشتی کە ئاخۆ دەچیتە زانکۆ، یان نا، ئەگەر دەڕۆیت لەکام زانکۆ و شتی لەمجۆرە. گوشارێکی زۆرم لەسەر بوو، شووشەیەکی کرێمی "نۆگزێما"م خستبووە ناو فریزەرەوە. کە دەگیشتمە ماڵەوە، دەرم دەهێنا و هەر بەو شێوەیە بەو ساردی و بەستووییە دەمدا لە دەموچاوم بۆ ئەوەی زەینم ئارامبێتەوە و جارێکی تر دانیشم و خۆم ئامادە بکەم بۆ تاقیکردنەوەکان. دوو ئیمتحانی زیاترم دا لەبەر ئەوەی لام وابوو نمرەی لاتینم زۆر باش نابێت.

**لاتینیش؟**

وای، دەبایە لاتینت تەواو کردبا بۆ ئەوەی لە ئینگلیزی نمرەی بەرز بهێنیت. لاتینییەکەم خراپ نەبوو، بەڵام بەراورد لەگەڵ نمرەی زانست، نا، بەرزترین نمرەم لە گیاناسی و ئاژەڵناسی بەدەستهێنا. ئەو کات بۆ هەڵەی نووسین (لەهەموو وانەیەکدا) نمرەیان کەم دەکردەوە. نیو نمرە بۆ هەر هەڵەیەك و من هەموو دەم گوێ، هیجام هەبوو.

**واته باش هێجات دەکرد، یان خراپ؟**

نا، زۆر خراپ هێجام دەکرد. ئێستا نووسینم باشتر بووە، بەڵام هێشتا... (شانی هەڵدەتەکێنێت) هەموو نووسەرەکان وەهان. وشەکان دەبیستن، بەڵام ئەوە نییە سەداسەد بیانبینن. ئیملا و نووسینم زۆر خراپ نەبوو، بەڵام ئەوەندە خراپ بوو کە نمرەکەم بێنێتە خوار. دەزانیت، خۆش ئەوەیە خەڵك توانای ئیملانووسین زۆر گریٚ دەدەنەوە بە نووسەرەوە. کە منداڵ بووم دایکم دەیگوت: "بەم ئیملا خراپەتەوە، چۆن دەتوانیت ببیت بە نووسەر؟" بەڕاست نەیدەزانی ئەم دووانە لەیەك جیان و پەیوەندییان بەیەکەوە نییە. دایکم دەیگوت: "ئەگەر دەتەوێت ببیت بە نووسەر، خراپ نییە هێجیکردن (حونجەکردن) فێرببیت". (پێدەکەنێت) منیش دەمگوت: "کەسانی تر ئەم کارەم بۆ دەکەن". ئێستا هەڵەچنیم بۆ دەکەن، یان هەڵەچنەکە کەسێکی حەقیقییە یان مرۆڤێکی بچووکە لەناو کۆمپیوتەردا خۆی شاردۆتەوە، دێتە دەرەوە و دەستت بۆ رادەوەشێنێت و هێڵ دەکێشێت بە ژێر وشە هەڵەکەدا.

**هەموو دەمدەتزانی دەتەوێت ببیت بە نووسەر؟**

نا، نەمدەزانی، لە شازدە ساڵییەوە زانیم دەبم بە نووسەر، بەرلەوە نەمدەزانی. منیش وەك هەموو منداڵەکان دەمنووسی. هەر زۆر منداڵ بووم دەمنووسی. دواتر نەمنووسی. چەند ساڵ نەمنووسی. ئیتر حەزم نەدەکرد بنووسم. کتێبی زۆرم دەخوێندەوە و لام وا نەبوو دەبم بە نووسەر. لاموایە



لە 7 بۆ 16 ساڵییەوە خووم بە هەندێ شتی تر گرتبوو. لە شازدە ساڵییەوە دەستم کرد بە نووسین. مەپرسە بۆچی. نازانم. ئەگەر بگەڕێیتەوە بۆ رابردووم و چاو لە رابردووم بکەیت دەمبینی بەردەوام خەریکی خوێندنەوە بووم. بە حەزەوە خەریکی خوێندنەوە بووم، بەڵام ئەو خوێندنەوە چاوبرسییانەیەم نەدەکرد بە نووسین.

**دواتر لە شازدە ساڵیدا کەوتیتە بەر هێرشی زەوق و هەست؟**

(پێدەکەنێت) چیرۆکی من بەو شێوەیە قامکێکی ئاماژەی گەورە لە ئاسمانەوە دەرکەوت وتی: تۆ. ساڵی 1956 بوو، لە تۆرێنتۆ، ئەوکات وەك ئێستا فرەکلتوور نەبوو، بەڵکو شارێکی بچووك بوو. لەو شارەدا من لە بێزارکەرترین و وشکترین دواناوەندیی دەمخوێند. هەرچەند خوێندنگەیەکی باش بوو، بەڵام نەیدەتوانی وزەیەکی داهێنەرانە قبووڵ بکات. هەمووان وایان دەزانی من گێلم.

**لەبەر ئەوەی دەتویست ببیت بە نووسەر؟**

چی بڵێم، بەڕواڵەت ئەو شتەم لە خۆمدا رانەدەبینی لە کافتریای خوێندنگە بە هاوڕێکانم بڵێم دەمەوێت ببم بە نووسەر. یەکێك لە هاوڕێیانی سەردەمی دواناوەندیم دەڵێت وەها شتێکم وتووە، بەڵام خۆم لەبیرم نایە، بەڵام ئەو دەڵێت هەموومان دانیشتبووین نانی نیوەڕۆمان دەخوارد و سێو و لەفە (سەندویچ)ەکانمان لەناو پاکەت دەردەهێنا و من ئەو شتەم وتووە کە خۆم لەبیرم نایەت.

**هەمووان تۆ بە کڵاوێکی پەشمینی بەرخییەوە دێننەوە یاد و...**

هەمووان لایان وایە من یاخییەکی تەواوم. بەرخیش بە هیچ کوێ نەگەیشت. ئێمە لە هەموو شوێن بێئاگا بووین. تەنها ئینسانە مردووەکانمان بەگرینگ دەزانی. بەزۆری نووسەرە مردووە بەریتانیاییەکان. وەک چۆن هەمووان دەزانن تەنها یەک نووسەری کەنەدایی بوونی هەیە، ئەویش سیڤەن لی لۆک بوو. کەوایە شتێکی نائاساییە بڕیار بدەیت ببیت بە نووسەر، ئێستاش نازانم بۆچی ئەم کارەم کرد.

**دواتر ژیانی خۆت بۆ نووسەربوون تەرخان کرد.**

دواتر ژیانم خۆم بۆ نووسین تەرخان کرد. کوتوپڕ ڕەوتی ژیانم گۆڕی. لە زەمینێکی فووتباڵدا ئەم گۆڕانەم بینی– لە زەمینەکەدا یاریی نەدەکرا. (پێدەکەنێت) ڕێگای چوونم بۆ قوتابخانە دەیخواردە ناو ئەو زەمینی دووگوڵییە. کوتوپڕ ڕوویدا و من هەوڵم دا ژیانم وەها ڕێکبخەم کە ببم بە نووسەر.

**دواتر ڕێکت خست؟**

بەڵێ، زۆریش ئاسان نەبوو، لەبەر ئەوەی کارێکی تایبەت نەبوو کە بیکەم. ئەو کات کۆرسی نووسەری داهێنەرانە نەبوو، یان من ئاگام لێ نەبوو. سەردەمی کەونینە بوو.

**سەرچەشنێکیشت نەبوو؟**



نا، هیچ سەرچەشنێکی زیندووم نەبوو. بەختەوەرانە لە پرۆگرامی خوێندندا، زمانی ئینگلیزیمان هەبوو، ئەوە بوو زانیم کەسانێکی وەک جین ئاستێن و برۆنتەکان و جۆرج ئێلیوت بوونیان هەیە. دواتر چوومە سەر چیرۆکە کورتە مۆدێرنەکان کە چیرۆکی کاترین ئان پۆرتێر[3] و کەسانی تری دەگرتەوە، ژنانی شاعیر، کە هەندێ شتم دەربارەیان دەزانی، لەوانە ئەلیزابێت بارت براونینگ[4].

**شتێک هەیە کە ئێستا زانیاریت هەبێت دەربارەی؟ هەرئەوەی کە ئەو کات، ئەوەندە سەرچەشن و ئۆلگووت کەمبووە و ئێستا تۆ بوویت بە سەرچەشن و ئۆلگووی نووسەرانێکی گەنج؟**

بەڵێ، تۆزێک زیاتر لەوەی دەبا ئاوت تێکرد. من هیچکات حەزم نەکردووە ببم بە سەرچەشن و ئۆلگوو. لەبەر ئەوەی ئۆلگوو و ئەم وشەیەی کە تۆ بەکاری دەهێنێت ڕاست هی سەردەمی رادکلیف/هارواردە. مانا ڕوونەکەی ئەوەیە تۆ دەبێت قات لەبەر بکەیت و تا ڕادەیەکی کەم

---

3– Katherine Anne Porte (15ی مای 1890– 18ی سێپتەمبەری 1980)– چیرۆکنووس و ڕۆماننووسی ئەمریکایی، ساڵی 1930 دوای چاپبوونی یەکەم ڕۆمانی (*Flowering Judas*) خۆی وەک نووسەرێکی خاوەن ستایلی تایبەت ناساند، ساڵی 1966 خەڵاتی پۆلیتەزری بردەوە. (و–کوردی).

4– Elizabeth Barret Browning (6ی مارسی 1806–29 جولای 1861)، یەکێک لە دیارترین شاعیرانی چاخی ڤیکتۆریا، لە سەردەمی ژیانیدا شیعرەکانی لە بەریتانیا و ئەمریکا لایەنگری زۆریان هەبوو. (و–ک)

ڕواڵەتێکی ژنانەت هەبێت (ڕەنگە تەنها دەسڕەیەك بە دەوری ملتەوە) بۆ ئەوەی نیشانی بدات کچیت. دەبێت هەڵسوکەوتێکی باشت هەبێت و لەباری زەینییەوە خۆت بە تەواوی ئامادە بکەیت. مەبەستم ئەوەیە ئەمانە هەموویان باشن، بەڵام بەکەڵکی نووسەرەکان نایەن. خۆ دەزانیت چی دەڵێم.

**ڕەنگە زۆریش بەکەڵکی ژیان نەیەت.**

لام وایە ئەگەر کەسێك بییەوێت ببێت بە بەرپرسی زانکۆ، یان سەرچەشن و ئولگووی گەنجەکان بێت، باشە. لام وایە ئەو کارانەی من لە ژیانمدا کردوومە، کەسانێکی تر کە ڕاست بیانەوێت بە شێوەیەکی تایبەت بژین، پێویست ناکات ئەنجامی بدەن.

**ئەی ئێستا؟**

ئێستا بە خەڵك ناڵێم ئەگەر بە شوێن خانەنشینی و داهاتێکی گەرەنتیکراوەوەن، وەك پیشەیەك بکەونە شوێن نووسەری، کارێکی مەترسیدار و ریسکە. نووسەربوون، پیشەیەك نییە بە خانەنشینییەوە یان ئەوەی ببیت بە بەرپرس یان داهاتێکی گەرەنتیکراوت هەبێت، کە هەموو دەم ڕوو لە زیادبوون بێت. قەت وا نییە، "ئەو سەرکەوتنە کوتوپڕە"ی کە وێنای دەکەن، بەبۆنەی هەوڵ و کۆششی زۆرەوە بەدەست دێت. "سەرکەوتنی کوتوپڕ"ی من کوتوپڕ بەدەست نەهات! (پێدەکەنێت) شازدە ساڵ نووسیم هەتا توانیم بە نووسین خۆم بژیەنم. هەربۆیە، کارم



دەکرد، خوێندکاری زانکۆبووم، بۆرسەی خوێندنم وەردەگرت و لە کافی شاپێك خەزنەدار بووم.

**ئەی پلەی زانکۆیی. دەزانم لە زانکۆش کارت دەکرد.**

بەڵێ، دەگەڕێتەوە بۆ ماوەیەك دواتر. یەکەم پیشەم لە زانکۆی ڤانکۆڤەر بوو لە ساڵی (1964–65). وەك نووسەرێك نەدەناسرام، پلەکەم زۆر لەخوارەوە بوو. وانەگەلێکم دەگوتەوە کە کەسانی پلەبەرز نەیاندویست بیڵێنەوە، وەك گرامەر وتنەوە بە خوێندکارانی ئەندازیاری سەعات هەشت و نیوی بەیانی. (پێدەکەنێت) زۆر باش لەگەڵ یەکتر ڕاهاتبووین، هەموومان خەواڵوو بووین. دواتر هەندێ وانەم دەگوتەوە دەربارەی ئەدەب لە چاوسەر[5]ەوە تا تی ئێس ئلیوت[6]. دواتر دوای چەند ساڵ گەڕامەوە بۆ هاروارد بۆ ئەوەی وانەکانم تەواو بکەم و تاقیکردنەوەی زارەکی بدەم. لە زانکۆی سێر جۆرج ویلیامز، کە ئەوکات لە مۆنتراڵ بوو وانەم دەگوتەوە: دوو وانەی تایبەت، یەکیان ئەدەبی سەردەمی ڤیکتۆریا و ئەویتریان ڕۆمانتیکەکانی ئەمریکا. زۆر باش بوو، ئەو ساڵە ساڵێکی خۆش

5– Geoffrey Chauce (1343ی زایینی – 26 ئۆکتۆبەری 1400).
**شاعیر، نووسەر، فەیلەسووف و سیاسەتمەداری بەریتانیایی. لە لەندەن لەدایکبووە، هەرچەند بەڕوونی شوێن و کاتی لەدایکبوونی ڕوون نییە، ئەو یەکەم نووسەری بەریتانیایی بوو دوای دەسەڵاتداری نۆرمەنەکان. هەرچەند کتێبی زۆری لێ بەجێماوە، بەڵام وەك ناودارترین بەرهەمی دەکرێت ئاماژە بدەین بە "ئەفسانەکانی کانتێربێری).** (و–کوردی)

6– Thomas Stearns Eliot

بوو بۆم. کێشم زۆر دابەزی. بۆچی؟ لەبەر ئەوەی هەر هیچم نەدەخوارد. لەبەر ئەوەی ئەو دوو وانەیەم بەڕۆژا دەوتەوە بە خوێندکارانی گەنج و شەوانەش هەر هەمان ئەو وانەیەم بەو خوێندکارانە دەگوتەوە کە جارێکی تر گەڕابوونەوە بۆ زانکۆ. هەر ئەو کاتە خەریکبووم ڕۆمانی (The Edible Woman) بۆچاپ ئامادە دەکرد. بیرەوەرییەکانی ڕۆژانەی "سوزانا مودی"شم کۆ دەکردەوە. خورادنیشم دروست دەکرد و دەچوومە بازاڕ و کاری بازاڕیشم دەکرد. لەبەر ئەوەی چووبوومە ژیانی هاوسەرێتییەوە. زۆرم قاوە دەخواردەوە. تەواو لەڕ ببووم. جەستەیەکی باریکم هەبوو، نزیک بە 50 کیلۆ کێشم هەبوو. نیگەران مەبە نەخۆشی "ئانەرکسیا"م نەبوو. زۆرم بیر لە خواردن نەدەکردەوە. دەمزانی سەرقاڵم و خورادنم لەبیر دەکرد. واتە لەبیرم نەدەچوو (پێدەکەنێت) کاتم نەبوو. زیاتر لەوەی دەمخوارد، کالەریم دەسووتاند. بەڵێ ئیتر، هۆی ئەوەی کە کێشم کەم دەبوو ئەمە بوو.

**چ کاتێك؟**

دەبێت ساڵی 1967–1968 بێت.

**دوایین وانەوتنەوەی تۆ لە زانکۆی تەکساس بوو، 1989؟**

تەکساس؟ نا. لەوێ پرۆگرامی نووسەران بوو بۆ یەك یان دوو حەفتە. تەنها بۆ سەرگەرمبوون. دوایین ساڵی وانەوتنەوەم لە زانکۆ ساڵی 1971



بوو لە نیویۆرك. لەو کاتە بەدواوە ئیتر تەواو هیچ کات لە زانکۆ وانەم نەگوتووەتەوە.

**کە چاو لە ژیاننامەکەت دەکەین، دەبینین زانکۆکانی ترینیتی، سێن ئانتۆنیۆ، تەکساس لە ساڵی 1989دا بووە و زانیم لە دەیەی 1990دا بەرهەمی زۆرت هەبووە، بەتایبەت ساڵی 1995.**

چیم کردبوو؟

**کتێب بۆ منداڵان، شازادە خاتوون پرۆنلا و عەلی بابای وەنەوشەیی.**

بەڵام لە ڕاستییدا ئەم کتێبانەم پێشتر نووسیبوو.

**بەرهەمی زۆرت ساڵی 1995 چاپ کرد. ئالیانس گریس لە ساڵی 1996 و شتە سەیروسەمەرەکان...**

مەلزەمەی خوێندنمە لە زانکۆی ئۆکسفۆرد.

**کتێبی نوێی ئۆکسفۆرد دەربارەی چیرۆکە کورتەکانی کەنەدا لە...**

بەڵام ئەمانە شتێك نییە ئینسان بینووسێت. ئەمانە کۆ دەکەنەوە.

**بەڵام هەر کارت کردبوو.**

بەڵێ، کارم کردبوو.

**که وایه دەبینیت ۆزر مەشغوولێ بوویت. له دەیەی 1990دا وا دیاره زۆر مەشغوولێ بوویت.**

زۆرم کار هەبوو، بەڵام هەموو دەم وا دیارم کە زۆر مەشغوولم. لام وایە دژوارترین سەردەم ئەو کاتەبوو کە تەواوی وەخت خوێندکار بووم و دەمنووسی، یان بە درێژایی رۆژ کارم دەکرد و دەمنووسی. مەشغوولبوون یانی ئەمە. کارێکی لێکۆڵینەوەی مەیدانیم هەبوو و یەکەم رۆمانم نووسیبوو هێشتا چاپ نەببوو. دەوروبەری ساڵی 1936 بوو. ئەو سەردەمە زۆر کارم دەکرد.

**منداڵەکانیش له شوێنێکی تر بوون.**

1976، زۆر دواتر. وازبێنە لەم باسە. رێزۆمە و پێشنەی کاری من زۆر ئاڵۆزە و بە شوێنکەوتنی دژوارە. لەبەر ئەوەی ئەملاوئەولای زۆرم کردووە و پیشەی جیاوازم هەبووە، لە شاری جۆراوجۆردا کارم کردووە تەنها وەك کار. واتە وەها نەبووە کە بڵێم کەوایە ئەڕۆم بۆ مۆنترالێ، زۆر باشە بابڕۆین بۆ ئێدمۆنتۆن. دەڕۆشتم بۆ شوێنێك کاری لێ بێت.

**کەوایە بۆیە کە تەماشای پێشێنەکەت دەکەین وەهایە. مرۆڤ کە تەماشای پێشینە و رێزۆمەتان دەکات، دەڵێت: زۆر باشە، چەنە بە بەرنامە کارت کردووە.**

بەلێ، ئیتر وابوو. لەملاوە بۆ ئەولا. دواتر ساڵی 1972 بووم بە نووسەری دانیشتووی زانکۆی تۆرێنتۆ و کۆتایی ئەو ساڵە بەرەو ولات



رۆیشتمەوە و لەو کاتە بەدواوە، لە رێگای جیاوازەوە، لە رێگای نووسینەوە بژێویی ژیانم بەدەست دێنم. (پێدەکەنێت)، لەم رێگایەوە واتە لە رێگای نووسینەوە و لەو رێگایەوە واتە لەم شوێن و ئەو شوێنەوە بەرنامەی خوێندنەوەم هەبوو، ئەو کات بەقەد ئێستا پارەیان نەدەدا– فیلمنامەی تەلەفزیۆنی و سینەماییم دەنووسی و هیچکامیان دروست نەکرا، کاری لەم جۆرە. بەکورتی و نووسین و نووسین و نووسین کە بوو بە کاری من.

**له ئێستادا هیچ کارێکت بەدەستەوەیە؟**

بەلێ، ئاپریل/مای ئەمساڵ– کە ساڵی 2000ە– بەشداری شەش کۆنفرانس بووم لە زانکۆی کەمبرێج و لەوێ وتارم پێشکەش کرد. ناوی وتاردانەکان ویلیام ئیپسۆنە[7]، بۆ رێزگرتن لەو پیاوەی کە کتێبی (Seven Types of Ambiguity)یە. ئەو کاتەی کتێبی (Seven Types of Ambiguity) دەنووسی لە زانکۆی کەمبرێج دەریان کرد، لەبەر ئەوەی لە ژوورەکەیدا شتومەکی بەرگرتن بە منداڵبوونیان پەیدا کرد. زۆر خۆشحاڵم لە بەرنامەی وتاردانەکانی "ویلیام ئێپسۆن"دا بەشداربووم،

---

7- **William Empson(27 September 1906 – 15 April 1984) was an English literary critic and poet, widely influential for his practice of closely reading literary works, fundamental to New Criticism. His best-known work is his first, Seven Types of Ambiguity, published in 1930.)**

بۆ ڕێزگرتن لەو پیاوەی کە ئەوەندە تێگەیشتوو بوو و زۆرباش داهاتووی پێشبینی دەکرد. لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ ئەگەر ئینسان شتومەکی پێشگرتنی نەبێت لە زانکۆ دەری دەکەن (پێدەکەنێت)، ئەو پیاوێك بوو سەر بە داهاتوو.

من شەش وتارم پێشکەش کرد و بەشێك لەم وتارانە چاپ و بڵاوکردنەوەی زانکۆ دەیکات بە کتێب. لەو کتێبانەی کە ناوی دەنێن، چیرۆك نییە، یان شیعر نییە و ناوەکەی؟ ناوەکەی "وتووێژە لەگەڵ مردوودا". لە چ بوارێکدا؟ لە بواری نووسەربوونەوە. نەك ئەوەی چۆن بنووسیت، نەك دەربارەی نووسراوەکانی من، بەڵکو دەربارەی ئەوەی نووسەرەکان ئەنجامی دەدەن، چۆنکە کارەکەیان لە شێوەکاری، سەما، گۆرانیبێژی، دەرهێنانی فیلم و ئەم شتانە ناچێت. هەموو نووسەرەکان، بە هەر ستایلێك بنووسن، چ شتێکی هاوبەشیان هەیە؟ تەنها وەك نووسەر. وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانە ئەو کاتەی کتێبەکە چاپ بوو، وەردەگریتەوە. (پێدەکەنێت).

**(پێدەکەنم) نا، نابێت، شتێك لەو بارەیەوە بڵێن.**

شتێك، زۆرباشە. شتێك دەڵێم. من گەڕام و ئەم پرسیارانەم لە نووسەرەکان پرسی– زۆربەیان ڕۆماننووس بوون. چۆن دەست دەکەیت بە ڕۆماننووسین؟ هەموو وتیان، تاریك. وەك تاریکخانە. وەك ژوورێکی تاریکی پڕ لە کەرەسە کە ناتوانیت هیچ ببینیت. وەك تونێلێك. وەك ئەشکەوتێك. وەك چوونە خوارەوە لە قاڵدرمەوە بەرەو شوێنێکی تاریك. وەك ڕەتبوون



لە رووبارێکەوە. وەك چوونە ناو توناوتوونێك. سەیر نییە؟ کە نەیگوت وەك ڕاکردنە بەسەر هەورەکاندا. کەس.

**تۆش هاوڕایت؟ تۆش لات وایە تاریکە؟**

بەڵێ تاریکە. شتێکم لە هاوڕێکەم هێنری سێنگەر هاتەوە یاد کە لە کۆتاییەکانی دەیەی 1950دا دەمناسی. خوێندکاری پزیشکی بوو. پێی وتم، دکتۆربوون واتە چەنە ئەوێ تاریکە. (پێدەکەنێت) نووسەربوونیش هەر بەم شێوەیە، ئەوێ چەنە تاریکە.

**شتێکم لە شوێنێك خوێندەوە کە وێنایەکی گشتی لە ژیاندا بوو بە دەستەوە، نووسیبووی: ژیان وەك سواربوونە لە تاریکیدا.**

بەڵێ، بەڵام دەربارەی نووسەربوون تۆ سوار نیت، پیادەی. (پێدەکەنێت) لام وایە ڤێرجینیا وۆڵف وتوویەتی: نووسینی ڕۆمانێك وەك ڕێکردنە بە چرایەکەوە لە هۆڵێکی تاریکدا. ڕووناکی ئەو چرایە ئەو شتانەی کە هەموو دەم لەوێ بوون ڕووناك دەکاتەوە. شتێکی لەم جۆرەی وتووە. دەبێت بڕۆم و قسەکەی بە تەواوەتی بدۆزمەوە.

**ناوێکی زۆر جوانە: وتووێژ لەگەڵ مردوودا. زۆر جوانە.**

منیش هەروا بیردەکەمەوە. بۆچی وتووێژ لەگەڵ مردوودا؟ لەبەر ئەوەی لە بەشی کۆتاییدا، نا ئیتر باسی ناکەم. دەربارەی ئەوەیە کە چەندە تاریکە.

**کەوتمە یادی کاریگەری نووسەرانی مردوو.**

ئەوەش هەیە، بەڵام بابەتەکە ئەوەیە نووسەر چی دەکات؟ چ شتێك جیایان دەکاتەوە لە گۆرانیبێژەکان یان سەماکەرەکان. پێت بڵێم جیاوازییەکەی ئەوەیە ئەو کاتەی خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەی کتێبدایە، نووسەر لە هیچ کوێ نییە. لە راستییدا نووسەر لەوێ نییە. تەنها کتێبەکە لەوێیە. لە حاڵێکدا دەربارەی گۆرانیبێژ یان سەماکەر، ئامادەبووان بوونیان هەیە. دەربارەی حیکایەتبێژی نەریتی، هەموو ئامادەبووان، لەوێ ئامادەن. کەسێك چیرۆك دەگێڕێتەوە. گوێگران لەوێن و گوێ دەگرن، بەڵام ئەگەر چیرۆك بنووسیت، پێوەندییەکی زۆر جیاواز دروست دەبێت. ئیتر بەسە نامەوێت هەر لێرەدا هەموو کتێبەکەت بۆ بگێڕمەوە. کەڵکی نییە. لەئێستادا کەس ناتوانێت کتێبەکە بخوێنێتەوە.

**دیارە زۆرت بیر لە نووسین کردۆتەوە. لە بەرهەمەکانیشتدا دەبیندرێت. لە "مرۆڤکوژی کوێر"دا ئایریس نووسەرە...**

بەڵێ، بەشێوەی جیاواز، بەڵام بڕیار نییە باس لە کۆتاییەکەی بکەم. ئەو بە نووسینی چیرۆکی ژیانی دەست پێدەکات. کۆمەڵێك شتی هەیە کە دەبێت لە سندووقەکەی دەربیبێنێت. بە کورتی لەو شتانەی کە بەستوویەتی و ئامادەیە بۆ ناردن، دەبێت هەندێکیان بکاتەوە، لەگەڵ کات لە پێشبڕکێدایە بەرلەوەی بکەوێتە رێ، بەڕاستی دەتوانێت رێگایەك بدۆزێتەوە و بڵێت لە رابردوودا چی کردووە.



**پریاسەکەکانی دەکاتەوە. وایە.**

سندووقێکی هەیە لە ناوەڕاستی چێشتخانەدا.

**خەڵاتی بۆکێرت پیرۆز بێت.**

زۆر سوپاس.

**ئیزن بدە بەشێك بم لە هەزارکەسی یەکەم کە پیرۆزبایی وەرگرتنی ئەم خەڵاتەت پێدەڵێن. لام وایە وڵاتەکەت شانازیت پێوەدەکات.**

لام وایە وڵاتەکەم زۆر خۆشحاڵ بوو و ماندووی حەسایەوە، لەبەر ئەوەی ئیتر چاوەڕوانی کۆتایی هات. (پێدەکەنێت) لاموایە زۆربەی خەڵك خۆشحاڵ بوون و پێیان خۆش بوو. دوو سێ کەسێکیش هەن کە زۆریان پێ ناخۆش بوو.

**وتت شتێکی سەیرمان دەربارەی بەرگی "مرۆڤکوژی کوێر" بۆ دەگێڕیتەوە.**

بەڵێ. بەرگەکەی. سەرقاڵی گەڕان بووین بە شوێن رەسمێکی هونەری دەیەی 1920 یان 1930 یان شتێکی لەو جۆرە. شتێکی وامان نەدۆزییەوە کە زۆر زەق و بەرچاو نەبێت و کارێکی باشیش بێت. سارا (سکرتێرەکەم) وتی لە ریکلامەکاندا بەشوێنیدا بگەڕێین. ئەوە بوو بڵاوکەرەوە بەریتانیاییەکە رۆشتە سەر ئەرشیڤی وێنەکان و ئەمەی

دۆزییەوە (ئاماژە دەکات بۆ بەرگی کتێبی مرۆڤکوژی کوێر کە پۆرترەی ژنێکە) و بە ئیمەیڵ بۆی ناردین. هەردووکمان هەر ئەو کاتە پێمان خۆش بوو. لامان وابوو ریکلامی سابوون، یان کرێمی دەموچاو یان شتێکی لەوجۆرەیە. هەرئەوەمان لەسەر بەرگ دانا. دواتر ئەو کاتەی کتێبەکە چاپ بوو، نامەیەکمان لە سێنت ئانتۆنی تەکساسەوە پێگەیشت، کە نووسیبووی: رۆشتمە کتێبفرۆشی گەڕەکەکەمان، کتێبفرۆشییەکە پڕبوو لە رەسمی دایکم. ئەمە رەسمی دایکی ئەو خاتوونەیە. ساڵی 1934 شاجان بووە و بۆ بەرگی گۆڤاری "سێتردی ئیڤینینگ" ئەو رەسمەی گرتبوو. ئەو خاتوونە چەند رستەیەکیشی دەربارەی دایکی نوسیبوو و لە کۆتاییدا نووسیبووی: ئەم رەسمە لە هەموو ولاتەکان بینرا! (پێدەکەنێت) بەختەوەرانە دایکی خۆش دەویست، زۆر خۆشحاڵ ببوو، ئەگەر دایکی خۆش نەویستبا ئەو هەموو رەسمە دەبوو بە مۆتەکەیەک. (پێدەکەنێت)

**دەتوانیت بزانیت چەنە تووشی سەرسوورمان ببوو.**

زۆر خۆشحاڵ ببوو. بەڕاست، وتی ئیتر دایکم بوو بە هەرمان و نەمر. ژنێکی زۆر باش بوو. ماڵپەڕێکی تایبەت بەم رۆمانە هەیە کە دەتوانیت بەرگی ئەم کتێبە لە هەموو شوێنێکی دونیا ببینیت. هەموو بڵاوکەرەوەکان ئەو وێنەیەیان هەڵبژاردووە، بەڵام هەبووە بەرگی جیاوازیش بەکاربێنێت، لێتۆنیا بەکاری نەهێناوە، بەڵام ئەوانی تر هەر ئەو رەسمەیان بەکارهێناوە.



**مرۆڤکوژی کوێرم زۆر بەدڵ بوو، ئەو چوارچیرۆکەم پێخۆشبوو کە لە راستییدا یەك چیرۆکیشە. تەنانەت دەربارەی رێکخستنی نووسینی ئەم کتێبە بیر بکەمەوە. زۆر شتی جیاواز دەبێت پێکەوە یەکبگرن.**

راستە. لەلایەکی ترەوە هەنگاوێك بچنە دواوە و تەماشا بکەن، زۆریش سادەیە. هەموو چیرۆکەکان بەدەوری چیرۆکێکدا دەسووڕێنەوە. هەمووان دەکرێنەوە بۆ ئەوەی ناوەرۆکەکەی خۆیان بەو شێوەیەی کە هەیە، بخەنەڕوو.

**زۆر باش کارکراوە. وەك تۆکمەترین و جوانترین کاری تۆ کاریگەری لەسەر دانام. نەك ئەوەی بڵێم کارەکەی ترت جوان نەبوو، بەڵام وەك رەوتی کامڵبوونی کارەکانتان کاریگەری لەسەر دانام.**

**دركاندت! (پێدەکەنین)**

نا، بەڵام راستە. ئەمە تەنها کتێبێکە کە دەربارەی خوشکەکانە و تەنها کتێبێکە لە کۆتاییدا، حیکایەتبێژ لەگەڵ ئێمەدا نییە.

**لەم رووەوە کۆتاییەکەی زۆر جێگای سەرنج نییە و سەیر نییە. ئەو پیرەو بەرەو هەمان شوێن دەڕوات.**

(سەری دەجووڵێنێت) دەتوانین وەك هاتن ببینین.

**ئاخۆ ئەوە گرینگە ئەو تەنها حیکایەتبێژ بێت.**

بۆ من گرینگە.

**بۆچی؟**

ڕەنگە بڵێیت بەکۆتایی نەگەیشتوون، بەڵکو کۆتاییەکە لە پێشەوە دەبینن. کۆتایی لە بەرجەوەنەکەدایە.

**لە زۆربەی شوێنی کتێبەکەدا، ئایرێس تەماشای ئەو بەرجەوەنە دەکات.**

نا، مەبەستم ئەوەیە بۆم گرینگە، لەبەر ئەوەی ئێستا لە تەمەنێکدام کە هێشتا کۆتایی نییە، بەڵام دەکرێت کۆتایی ببینین. کۆتایی لە بەرجەوەنەکەدایە.

**تەماشاکە، بەگشتی لەبیرم چووبوو، من بەو شێوەیە دەربارەی تۆ بیر ناکەمەوە. شەست ساڵت تەمەنە؟**

18ی نۆڤەمبەر دەبم بە شەستویەك ساڵە. لەبەر ئەوەی نۆڤەمبەر لەدایکبووم، هەموو دەنووسن کە ساڵێك گەورەترم.

**کەوایە ئەو کۆتاییە لەم نزیکانەدا نییە، وا نییە؟**

لەناوچوون بەرەبەرە بەرەو من دێت. دەبێت بڵێم حەز ناکەم سەد ساڵ بژیم. مەگەر ئەوەی بەوپەڕی تەندروستییەوە بژیم، ئەگەر ئەوەندە سالم و تەندروست بم، زۆر خراپ نییە، بەڵام لەوکاتەشدا، هاوڕێیانم هەموویان مردوون. زۆر سەیر نییە. ئایریس (لە مرۆڤکوژی کوێر)دا کۆگایەکی خاك و خۆڵە. (پێدەکەنێت).

**نووسەریش.**

بەڵێ وایە. بڕبڕەی پشتی مرۆڤ دەلەرزێت. وا نییە؟ (پێدەکەنێت)





سیمۆن دي بۆظاردا

## سیمۆن دی بۆڤاردا

### چاوخشاندنێك بەسەر بیرکردنەوەکانی سیمۆن دی بۆڤاردا

ئەم نووسینە دەیەوێت ژیانی خێزانی، لایەنی تاکەکەسی–دەروونی و زانستییەکان سیمۆن دی بۆڤار و کاریگەری بیرکردنەوەی دی بۆڤار لە پەرەپێدان بە تیۆری فێمنیسم بداتە بەر خوێندنەوە.

لە سەدەی بیستەمدا و هاوکات لەگەڵ هاتنە بەر باسی فێمنیسم لە کۆڕ و کۆمەڵە زانستییەکان، سیمۆن دی بۆڤاریش بە پێشکەشکردنی کۆمەڵێك بۆچوون لەسەر بنەمای ئێگزیستانسیالیزم، باسی لە دۆخی ژنان و ئەو زوڵمەی کە لێیان دەکرێت، کرد. بۆچوونی جیاواز دەربارەی سیمۆن دی بۆڤار لەئارادایە، دی بۆڤار لە لایەن پێڕەوکەران و لایەنگرانییەوە وەك کەسێك ناسراوە کە تیۆرییەکانی لە گەشەی بەرەی گەنج و پرۆژە لێکۆڵینەوەییەکان، رۆڵی سەرەکی هەبووە، هەندێکیش لەسەر ئەو باوەڕەن دەبێت بە تەواوەتی نکۆڵی لە دی بۆڤار و فێمنیستبوونی بکرێت.

ڕەخنەگرانی دی بۆڤار بە لێکدانەوەی ناوەڕۆکی بۆچوونەکانی دی بۆڤار، باس لەوە دەکەن کە دوو تیۆری ناسراوی دی بۆڤار، واتە "نایەکسانی جنسی" و "ئەویتر" پێگەی زانستی خۆیان لەدەست داوە و هیچ ڕێگەچارەیەك بۆ کەمکردنەوەی کێشەکانی ژنان ناخەنە روو. خاڵی تێڕامان ئەوەیە هەرچەند فێمنیسم سەردەمانێك لەژێر کاریگەری تیۆرییەکانی دی بۆڤاردا بوو، بەڵام ئەمڕۆکە ئەو ڕستە ناسراوەی ئەو "ئێمە ژنانە لەدایك نەبووین" بەتەواوەتی ڕەتکراوەتەوە و لە بەرامبەردا دەوترێت "من ژنێکم، بۆچی نەبم؟" سەرەنجام فێمنیسمی نوێ بوونی پیاو نەك سەرتر لە خۆی نابینێت، بەڵکو ڕەگەزی پیاو بە بێکەڵك دەناسێنێت. ئەم نووسینە دەیەوێت ژیانی خێزانی، لایەنی تاکەکەسی–دەروونی و زانستییەکان سیمۆن دی بۆڤار و کاریگەری بیرکردنەوەی دی بۆڤار لە پەرەپێدان بە تیۆری فێمنیسم بداتە بەر خوێندنەوە.

**وشە گرینگەکان**: فێمنیسم، جۆری ڕەگەز، ڕەگەز، ژن، ئێگزیستانسیالیزم، سیمۆن دی بۆڤار، ڕەگەزی دووەم، نابەرابەری جنسی و ڕەگەزی.

خستنە بەر باسی تیۆری فێمنیسم و باسکردن لە فێمنیسم باسێکی تازە نییە و لەمێژە باسی لێ دەکرێت و ئەم باسکردنە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانێك کە جیایی دوو ڕەگەز هاتە بەر باس و قسەکردن. لێکۆڵەرانی زانستە مرۆڤایەتییەکان بە پشتیوانی تیۆرییە جیاوازەکان زۆریان هەوڵداوە بەوەی پێگەی ژن لە کۆمەڵگادا بناسن و باسی لێ بکەن. سیمۆن دی بۆڤار یەکێك لە ناودارترینی ئەو کەسانە بوو کە لە دەیەی 1970دا لە ڕێگای



کتێبە زانستییەکانی، ڕۆمان، وتاردان و کۆڕ و کۆبوونەوە و پێوەندییە گشتییەکان کۆمەڵێك بۆچوونی دەربارەی ڕۆڵ و پێگەی ژنان لە پرۆسەی مێژوویی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری ژناندا هێنایە بەر باس. دی بۆڤار لە ڕێگای دووبارە پێناسەکردنەوەی پێوەندی نێوان ژن و پیاو، تێڕوانینی کۆمەڵگای بەرامبەر بە ژنان گۆڕی تا ئەو شوێنەی سیاسییەکانی ڕۆژئاوا گرنگییەکی زیاتریان دا بە ژنان و گەڵاڵەی تایبەتیان لەم بارەیەوە داڕشت. دی بۆڤار بەو هۆیەی لایەنگری لە قوتابخانەی ئێگزیستانسیالیزم دەکرد، خوازیاری ئازادی، ئیختیاری ڕەها و بێ مەرجی مرۆڤەکان بوو، هەر بۆیە، لە کتێبی "ڕەگەزی دووەم"دا بە گرنگیدان بە سروشتی مرۆڤ، باسی لە بنەماکانی ڕەگەز و ڕەگەزبوون کرد، هەر ئەم بابەتە دەتوانێت خاڵی وەرچەرخانی ناسینی بۆچوونەکانی دی بۆڤار بێت. ئێستا زیاتر لە نیو سەدە لەو سەردەمی دی بۆڤاری تێپەڕ دەبێت و لە حاڵێکدا فێمنیستەکان گەشە و پێشکەوتنی دۆخی ژنانیان کردووە بە ئامانجی سەرەکی خۆیان، بەشێك لە فێمنیستەکان خۆیان نزیك دەبینن لەگەڵ بۆچوونەکانی دی بۆڤار و هەندێکیشیان دژ بە بۆچوونەکانی ئەون و لە بەرامبەر ئەو گۆڕانانەدا وەستاون. کۆمەڵێکی تریش بەشێك لە بۆچوونەکانی دی بۆڤاریان بەلاوە پەسەندە و ڕەخنە لە بەشێکی تری دەگرن. لەم نووسینەدا بە تێڕوانینێکی ورد، زانستی و بێ هیچ دەمارگرژییەك کەسایەتی زانستی، دەروونی، کۆمەڵایەتی و خێزانی دی بۆڤار دەدەینە بەر لێکۆڵینەوە بۆ ئەوەی پێگەی ئەو لە سەدەی ئێستادا دیاری بکەین.

## 1– ژیاننامەی سیمۆن دی بۆڤار

سـیمۆن دی بۆڤــار (Simone de Beauvior) 9ی جێنیــوەری 1908 لە پاریس لەدایك بوو. باوکی ژۆرژ برترانێد دی بۆڤار ( Georges Bertrand de Beauvior) سەر بـە بنەماڵەیـەکی ئەرسـتۆکرات بـوو و سەردەمانێکی ئاواتەخواز بوو ببێـت بـە شـانۆکار، بـەڵام لـە بـواری حقـووق (ماف)دا خوێندنی تەواو کرد و سەرەنجام وەك کارمەندی دەوڵـەت دەسـتی بـە کـار کـرد. سـەرەڕای هـۆگری زۆری بـۆ شـانۆ و ئـەدەب، هـەروەها لائیکبوونی، بەردەوام کەسێك پارێزکار مایەوە و حـەزە ئەرسـتۆکراتییەکەی ئەوی هاندا بەرەو لایەنگری لە راستگەرایی رادەبەدەر.

باوکی دی بۆڤـار سـاڵی 1906 لەگـەڵ فرانسـوا برسـۆر ( Franciose Brasseur) ژیانی هاوسەرێتی پێکهێنا، کە سـەر بـە بنەماڵەیـەکی بـۆرژوا بـوو جـەهازێکی زۆری لەگـەڵ خۆیـدا هێنـابوو، کـە لـە سـەردەمی جـەنگی یەکەمی جیهانیدا لەناو چوو. فرانسیس ژنێك بوو کە ئـەزموونی کۆمەڵایـەتی نـەبوو و زۆر بـاوەڕدار و ئـاییني بـوو کـە پێـی خـۆش بـوو منداڵـەکانی بـە کەسـانێکی کـاتۆلیکی بـاوەڕدار پـەروەردە بکـات. ئـایین و هۆگرییـە بۆرژوازییەکانی فرانسیس دواتر بوو بە هۆی ناکۆکی فرانسـیس لەگـەڵ کچـە گەورەکەی سیمۆن. خـودی دی بۆڤـار لـە بـەرگی یەکـەمی بیرەوەرییەکانـدا لەبارەی لەدایکبوونییەوە دەنووسێت: "دیـار بـوو ئـەو منداڵـەی بڕیـار وایـە لـەدایك بێـت، دەبێـت چـۆن بێـت. فەڕەنسـایی، بـۆرژوا و کاتۆلیـك، تـەنها جنسییەتەکەی (کوڕ یان کچبوونی) دیاری نەکرابوو (دی بۆڤار 1958).

سیمۆن لە سەرەتاوە منداڵێکی زرنگ و ئازاو و کونجکۆڵ بـوو. دوو سـاڵ دوای لەدایکبوونی خوشکەکەی هێلێن، لەدایك بوو و زۆر زوو بوو بە قوتـابی



خوشکە گەورەکەی. بەدەر لە کونجکۆڵییەکی زاتی باوکی سـیمۆنیش هـانی دەدا بۆ فێربوون. هەڵبژاردەیـەك لـە بەرهـەمی ئـەدەبی جیهـانی خسـتبووە بەردەسـتی و هێشـتا زۆر منـداڵ بـوو هـانی دەدا بـەوەی بخوێنێتـەوە و بنووسـێت. ئـەم حـەزە بـە پێشـکەوتنی سـیمۆن تـا سـەردەمی تـازەلاوی درێژەی هەبوو و ئەو کاتەی سیمۆن رایگەیاند دەیـەوێت درێـژە بـە خوێنـدن بدات، پێوەندی نێـوان سـیمۆن و بـاوکی تێکچـوو. سێمۆن لـە قوتابخانـەی کـاتۆلیکی تایبـەت بـە کچـان لـە ئەنیسـتیتۆی ئـادلێن دزیـر ر ( Institut Adline Desir) دەستی کرد بـە خوێنـدن تـا تەمـەنی 17 سـاڵی لـەوێ مایـەوە. هـەر لـەوێ لەگـەڵ کچـێك بـە نـاوی ئـەلیزابێت مابـل (زازا) (Elizabeth Mabille) ئاشـنا بـوو و هاوڕێیـەتی قووڵیـان تـا مـەرگی کوتـوپڕی زازا لـە سـاڵی 1929 درێـژەی هـەبوو. هەرچـەند دکتۆرەکـان رایانگەیاند مەرگی زازا بەهۆی مێننژیت[8]ەوە بووە، بەڵام سـیمۆن لای وابـوو هاوڕێکەی بەهۆی دڵشکانێکەوە کە بەهۆی ئەوە بوو کـە بنەماڵەکـەی بـەزۆر دایان بە شوو، مـردووە. بـیرەوەری هاوڕێیـەتی و مـەرگی زازا لـە سـەرجەم ژیانی دی بۆڤاردا لەگەڵی بـوو و خـۆی لەسـەر ئـەو بـاوەڕە بـوو کاریگـەری قـووڵی هـەبووە لەسـەر شـێوەی ژیـانی و رەخنـە تونـدەکانی لـە شـێوەی هەڵسوکەوتی بۆرژوازی لەگەڵ ژنان.

دی بۆڤـار لـە منداڵیـدا لـەژێر چاودێری دایکیـدا منـداڵێکی زۆر ئـاییني و باوەڕدار بوو. دی بۆڤار لە تەمەنی 14 سـاڵیدا بـە دڵنیاییـەوە بـەو بـاوەڕە

[8] Meningitis– دیارترین هێمای ئەم نەخۆشییە سەرئێشەی بەردەوام و وشك بوونی گەردەنە جۆرێك نەخۆشین کە لە مێشکدا روو دەدات. (و–کوردی)

گەیشت خودا بوونی نییە و تا کۆتایی تەمەنی بێ باوەڕ مایەوە. هۆکاری ئەوەی زۆر زوو بەو باوەڕە گەیشت خودایك بوونی نییە خوێندنەوەکانی سەردەمی منداڵی بوو و ئەوە بوو کە زۆر زوو دەستی کرد بە خوێندنەوە. لە ژیاننامەکەی خۆیدا دەڵێت "لە کتێبی بەلزاك– کە ئەو کات قەدەغە بوو– بەسەرهاتی عەشقێکی سەیری نێوان پیاوێك و پڵنگێکم خوێندەوە، بەو ئەنجامە گەیشتم زۆر زیاتر لەوە باوەڕم بە شادی و حەزی جەستەیی و جێژی جنسی هەیە کە بتوانم درێژە بە ژیان بدەم لەژێر چاودێریی خودادا (دی بۆڤار 1958، لە زمان مکلینتاکەوە 1990)، لە درێژەدا بڕیاری دا لە بواری فەلسەفەدا درێژە بە خوێندن بدات.

ساڵی 1925 لە تاقیکردنەوەی بەکالۆریۆس (baccalaureat)ی بیرکاری و فەلسەفەدا بەشداری کرد. دواتر لە ئەنیستیتۆی کاتۆلیك (Institut Catholique) خەریکی فێر بوونی بیرکاری و لە ئەنیستیتۆی سێنت ماری (Institut Saint-Marie) خەریکی فێروونی ئەدەب و زمان بوو و بەر لەوەی لە بواری فەلسەفەدا لە ساڵی 1927 دەست بکات بە خوێندن، ساڵی 1926 لە زمانەکانی فەڕەنسی و لاتیندا بڕوانامەی بەرزی وەرگرت. لە ساڵی 1927ەوە سەرقاڵی خوێندنی فەلسەفە بوو لە زانکۆی سۆربۆن و هەر ئەو ساڵە لە تاقیکردنەوەکانی تایبەت بە مێژووی فەلسەفە، زمانی یۆنانی و لۆژیکی بە سەرکووتوویی سەرکەوتوو بوو. ساڵی 1928 لە تاقیکردنەوەکانی تایبەت بە ئەخلاق، کۆمەڵناسی و دەروونناسیدا بەشداری کرد و نامەکەی لەبارەی لایبنیتزەوە، لەژێر چاودێری لیۆن برۆنشۆیگ ( leon



Brunschvig)ەوە نووسی و دەورانی فێروونی وانەوتنەوەی خۆی لە دواناوەندیی ژانسۆن دۆسالی (Lycee Janson-de-Sailly) وێڕای دوو هاوپۆلی تری، مۆریس مۆڕلۆپۆنتی و کلۆد لۆی–شتراوس، کە لەگەڵ هەردووکیاندا لە باسە فەلسەفییەکاندا مایەوە، تێپەڕ کرد. ساڵی 1929 لە تاقیکردنەوەی پێشبڕکێی ئاگریگاسیۆن (Agregation)دا بەشداری کرد و بە بەجێهێشتنی ڕەقیبەکانی لەوانە پۆل نیزان و ژان هیپۆلیت، پلەی دووەمی بەدەستهێنا. ژان پۆل سارتەر پلەی یەکەمی بەدەستهێنا کە هەڵبەت بۆ جاری دووەم بوو لەم تاقیکردنەوەدا بەشداری دەکرد. بە پێچەوانەی دی بۆڤار هەرسێکیان (سارتەر، نیزان، هیپۆلیت) لە پۆلەکانی خۆئامادەکردن بۆ تاقیکردنەوەکان بەشدارییان کردبوو و قوتابی فەرمی ئاکۆل نۆرمال سۆپریۆر بوون. دی بۆڤار هەرچەند بە فەرمی قوتابی ئاکۆل نۆرمال نەبوو، بەڵام لە کۆڕەکانیدا بەشدار دەکرد. دی بۆڤار لە تەمەنی 21 ساڵیدا گەنجترین کەس بوو کە لە تاقیکردنەوەکانی ئاگریگاسیۆن دەرچووبوو و بوو بە گەنجترین مامۆستای فەلسەفە لە فەڕەنسا.

دی بۆڤار لە ئاکۆل نۆرمال لەگەڵ سارتەر ئاشنا بوو. سارتەر و کۆڕی هاوڕێیانی نزیکی (لەوانە رنە ماهۆر کە بە سیمۆن دوبۆڤاری دەوت کاستۆر (Castor) و پۆل نیزان) لە پۆل ئاکۆر بە نوخبەگەرایی ناوبانگیان دەرکرد، کاتێ دی بۆڤار تاقیکردنەوەکانی ئاگریگاسیۆنی بە سەرکەوتوویی تێپەڕ کرد، سارتەر بە شوێنی کەوت و خۆی پێ ناساند. دی بۆڤار پەیوەست بە سارتەر و کۆڕی هاوڕێیانی و پێکەوە خۆیان بە بەشی زارەکی تاقیکردنەوەی ئاگریگاسیۆن ئامادە دەکرد. بۆ یەکەم جار دی بۆڤار

سارتەری وەك رۆشنبیرێکی شایستەتر (یان وەك چۆن خۆی دەڵێت "سەرتر" لە خۆی دیت). ئەو خولقانی کەسایەتییەی سارتەر لە زەینی دی بۆڤاردا بوو بەهۆی ئەوەی لە سەرجەم ژیانییدا کەسانێك دی بۆڤار بە کەسێك بزانن کە رەگی رەسەنی فەلسەفی نەبووە و لە باری فەلسەفییەوە گرێی بدەنەوە بە سارتەرەوە. تا کۆتایی ژیانیان ئەم دوو کەسە وەك عاشقانێکی زاتی (Essential lovers) مانەوە. هەرچەند پێوەندی عاشقانەی "بەرێکەوت"(Contigent)یان لەگەڵ ژنان و پیاوانی تر هەبوو. سارتەر و دی بۆڤار هەرچەند هیچکات زەماوەندیان نەکرد (سەرەڕای ئەوەی سارتەر ساڵی 1931 پێشنیاری زەماوەندی دا) نەبوون بە خاوەنی منداڵ و تەنانەت لە ماڵێکیشدا نەژیان، بەڵام تا کاتی مەرگی سارتەر لە ساڵی 1980، وەك شەریکی فیکری و هەستی یەك مانەوە. شێوەی ژیان پێوەندی دی بۆڤار و سارتەر بۆ ئەو سەردەمەی ئەوان زۆر پێشکەوتووانە بوو و زۆر جار بە شێوەیەکی بێ ویژدانانە کەسایەتی دی بۆڤاری وەك ژنێك، لە بەراورد بە هاوکارە پیاوەکانی، دەبردە ژێر پرسیارەوە. بە درێژایی تەمەنی جگە لە پێوەندی تایبەت و تاکەکەسی لەگەڵ سارتەر، لەگەڵ ژنان و پیاوانێکی تریشدا پێوەندی هاوڕێیانە و عاشقانەی هەبوو.

ساڵی 1931 لە دواناوەندییەك لە مارسەی دەستی کرد بە وانەوتنەوە. ساڵی 1932 گوێزرایەوە بۆ دواناوەندییەك لە روان (Rouen). لە روان بەهۆی رەخنەی زۆر لە بارودۆخی ژنان و لایەنگری لە ئاشتی، بە فەرمی



تەمبێ کرا. ساڵی 1940 نازییەکان پاریسیان داگیر کرد و ساڵی 1941 دی بۆڤار لە لایەن نازییەکانەوە لەسەر کار دەرکرا.

ساڵی 1943 جارێکی تر دی بۆڤار بەهۆی سکاڵای دایك و باوکی یەکێك لە قوتابییەکانییەوە کە دی بۆڤاریان بەوە تاوانبار کردبوو کە بووە بەهۆی بەلارێدابردنی کچەکەیان، لەسەر کار دەرکرا و مافی وانەوتنەوەی لێ سەندرایەوە و ئیتر هیچ کات نەگەڕایەوە بۆ سەر پیشەی مامۆستایەتی. هەرچەند دی بۆڤار شوێنی کارەکەی خۆش دەویست، بەڵام هەر لە سەرەتاوە پێی خۆش بوو ببێت بە نووسەر. یەکەم کۆمەڵەچیرۆکی لە لایەن ناوەندی بڵاوکەرەوەوە رەتکرایەوە و تا ساڵی 1979 بڵاو نەبۆوە، بەڵام کتێبی میوان وەك یەکەم کتێبی دی بۆڤار ساڵی 1943 بڵاوبۆوە و بوو بەهۆی ناودەرکردنی دی بۆڤار. سەردەمی داگیرکاری فەڕەنسا لە لایەن ئەڵمانییەکانەوە سەردەمێکی لە ژیانی ئەدەبی دی بۆڤاردا کە خۆی بە "سەردەمی ئەخلاق" (Moral period) ناوی لێ دەبات. ئەو لەم سەرەدەمەدا بە ریز رۆمانەکانی خوێنی دیتران (یەکێك لە گرینگترین رۆمانە ئیگزیستانسیالیستییەکانی بەرگری فەڕەنسا)، ناملیکەی سێ بەشی فیرووس و سینا (یەکەم ناملیکەی فەلسەفی دی بۆڤار) و رۆمانی هەمووان دەبڕ و شانۆنامەی "دێهاتییە بێکەڵکەکانی" بڵاوکردەوە.

هەرچەند بە وتەی زۆر کەس دی بۆڤار بە رادەیەکی کەم سەرقاڵی بەرگریکردن دەبێت، بەڵام هۆگرییە سیاسییەکانی لە دەیەکانی 1930 و 1940دا بە خێرایی پەرە دەستێنێت. ساڵی 1945 وێڕای سارتەر، مێرلۆپۆنتی، ریمۆن ئارۆن و کەسانێکی تر، گۆڤاری چەپگەرا و ناسیاسی

سەردەمی نوێ (Les Temps Modernes) بڵاو دەکاتەوە، کە لەو گۆڤارەدا هەم کاری پێداچوونەوەی ئەنجام دەدا و هەم بابەتی بڵاو دەکردەوە. خودی ئەم گۆڤارە و پرسی پێبەندبوونی سیاسی رۆشنبیران دواتر بوو بە بابەتی سەرەکی رۆمان "ماندرانەکان".

دی بۆڤار ساڵی 1947، نامیلکەیەکی تری فەلسەفی تری بە ناوی ئەخلاق بڵاوکردەوە، کە هەرچەند خۆی هیچکات هەستی بە رەزامەندی نەدەکرد بەرامبەر بە نووسینی، بەڵام ئەم کتێبە بە یەکێك لە گرینگترین بەرهەمەکانی تایبەت بە ئەخلاقی ئێگزیستانسیالیستی دەزانرێت. ساڵی 1953 کتێبی "ئاخۆ دەبێ مارکی دووساد بسووتێنین؟"ی بڵاوکردەوە، کە لەودا جارێکی تر پەرژایە سەر بابەتی ئەخلاقی داخوازییەکانی ئێمە لە دیتران و ئەرکی ئێمە بەرامبەر بەوان.

ساڵی 1949 و دوای بڵاوکردنەوەی زنجیرەوتارێك لە گۆڤاری سەردەمی نوێدا، کتێبی "رەگەزی دووەم"ی لە دووبەرگدا بڵاوکردەوە. هەرچەند دی بۆڤار بەر لە بڵاوبوونەوەی ئەم کتێبە هیچکات خۆی بە فێمنیست نەدەزانی، بەڵام "رەگەزی دووەم" تا کۆتایی تەمەنی شوناسێکی فێمنیستی پێ بەخشی. ئەم کتێبە لەلایەن بەشێکی زۆر لە فێمنیست و رۆشنبیرەکانەوە پێشوازی لێ کرا و هەردوو باڵی سیاسی، راست و چەپ، بە توندی رەخنەیان لەم کتێبە گرت و هێرشیان کردە سەری. ساڵەکانی دەیەی 1970 کە بە دەیەی بزووتنەوە فێمنیستییەکان ناوبانگی دەرکردووە، سەردەمی دڵخوازی دی بۆڤار بوو، دی بۆڤار لە رێپێوانەکاندا بەشداری دەکرد، لەبارەی بارودۆخی ژنانەوە وتاری دەنووسی و وتاری



دەدا و بانگەوازە جیاوازەکانی واژۆ دەکرد، کە داکۆکییان لە مافی ژنان دەکرد. یەکێك لەم بانگەوازانە، بانگەوازێك بوو بە ناوی "من منداڵم لەباربردووە"، کە لەودا 434 ژن وێڕای راگەیاندنەی ئەوەی لە ژیانیاندا لانیکەم جارێ منداڵیان لەبار بردووە (ئەو سەردەمە لەباربردنی منداڵ لە فەرەنسا نایاسایی بوو و سزای قورسی بە شوێنەوە بوو)، خوازیاری ئازادیی منداڵ لەباربردن بوون. دی بۆڤار ساڵی 1973 بەشێکی فێمنیستی لە گۆڤاری سەردەمی نوێدا رێکخست.

بەهۆی سەرکەوتنە ئەدەبییەکانییەوە و چالاکییە بەربڵاوەکانی دی بۆڤار و سارتەر، دی بۆڤار لە سەردەمی ژیانیدا وەها ناوبانگی دەرکرد کە دەکرێت بڵێین هیچکام لە فەیلەسووفەکان لە سەردەمی ژیانیاندا وەها ناوبانگیان دەرنەکردووە. ناودەرکردنەکەی دوو لایەنی هەبوو. یەکەم کار و چالاکییە ئەدەبییەکانی خودی خۆی و دووەم پێوەندی ئەو لەگەڵ سارتەر. زۆرجار ئەو بە قوتابی قوتابخانەی فەلسەفەی سارتەر دەزانن (رەنگە بەهۆی وتەکانی خۆیەوە بێت)، بەڵام هەندێکیش لەسەر ئەو باوەڕەن زۆربەی ئایدیاکانی نوێ و زادەی بیرکردنەوەی خودی خۆین و لەگەڵ کار و بیرکردنەوەی سارتەردا تەواو جیاوازن.

ناودەرکردنی دی بۆڤار هیچکات نەبوو بەهۆی ئەوەی خۆی دووربگرێت و لە سووچێکەوە دانیشێت، دی بۆڤار درێژەی بە یەکێك لە حەزە دەروونییەکانی خۆی، واتە سەفەرکردن دا و دوو سەفەرنامەی بڵاوکردەوە. ئامریکا رۆژ لەگەڵ رۆژ لە ساڵی 1948 و رێپێوانی درێژماوە (سەفەرنامەی چین) لە ساڵی 1957.

دوایین کارەکانی دی بۆڤار بریتین لە چەندین چیرۆك، وتاری فەلسەفی و وتوویژ. دی بۆڤار، هەروەها درێژەی بە چالاکی سیاسی خۆی دا و لە سەردەمی شەڕی ئەلجەزایردا، بە توندی فەڕەنسای مەحکووم کرد.

ساڵی 1980 سارتەر، شەریکەژیانی دی بۆڤار بۆ ساڵانێکی دوورودرێژ، کۆچی دوایی کرد و دی بۆڤار کتێبێکی بە یادی ئەو بڵاوکردەوە. دوای مەرگی سارتەر، دی بۆڤار بە فەرمی هاوڕێکەی خۆی، سلۆی لێبن (Sylvie Le Bon)ی بە کوڕی خۆی قبووڵ کرد و لێبن بوو بە بریکاری دی بۆڤار بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی. سیمۆن دی بۆڤار 14ی ئەپریلی 1986 بەهۆی ئیلتهابی سییەوە ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

## 2– کەسایەتیی سیمۆن دی بۆڤار

لێکدانەوەی کەسایەتی سیمۆن دی بۆڤار کارێکی ئاسان نییە. هەمووان کاتی لێکدانەوەی کەسایەتی ئەو لەسەر دوورپێیانێکدان. بۆچوونەکانی دی بۆڤار چ پێگەیەکی هەیە بەرامبەر بە لقەکانی تری فێمنیسم؟ زانستەکەی ئەو لەسەر بنەمای کامە تیۆری داڕێژراوە؟ ئاخۆ دی بۆڤار فێمنیستە، یان فێمنیستەکان بەهۆی هەژاریی تیۆری، یان بڵاوبوونەوەی کتێبەکانی بە فێمنیست ناوی لێ دەبەن؟

بۆ ناسینی کەسایەتی زانستی و دەروونی سیمۆن دی بۆڤار پێویستە ئەم خاڵە بەبیر بێنینەوە روانگەکان، تێڕوانینەکان و ئەو هەڵسوکەوتەکان دواتر ئەنجام دەدرێن، هەموویان لەژێر کاریگەری کلتووری لۆکاڵیدان، کە وایە ناتوانین بڵێین مرۆڤەکان دەگەڕێنەوە بۆ رەگە سرووشتییەکەی



خۆیان، لەبەر ئەوەی هۆکارە کلتوورییەکان بەسەر مرۆڤەکاندا زاڵن. لە راستییدا هەمووکات هەموو شتێك هاوئاهەنگ لەگەڵ کلتوور لە گۆڕانە و کلتوور هەموو کاتێك خەریکی دروستکردن، رێکوپێککردن و سڕینەوەی کۆمەڵێك هۆکارە. سەرەنجام بەم شتە دەگەین هیچ بابەتێکی رەها بوونی نییە و بنەما گشتییەکان وەك قەبوولکردنی ژیانی هاوسەرێتی، یان جیاوازییەکان لە فۆرم و ناوەڕۆکدا گرێدراوەتەوە لەگەڵ پرسە کۆمەڵایەتی، ئابووری و دەروونییەکان، کۆمەڵێك گرووپی کۆمەڵایەتی بەرهەم دێنێت و یاساکانی هەر کۆمەڵگایەك بە مەبەستی بەخشینی پرەنسیپ بەو کۆمەڵگایە دادەمەزرێن. سەیر نییە ئەگەر بڵێین هۆکاری بونیاتنەری شارستانییەتێك کە ئێمە تێیدا دەژین، لە دەرەوەی هەڵهێنجانە ئایینی، فەلسەفی و مێتافیزیکییەکانەوەیە. تێگەیشتن و بۆچوونی مرۆڤەکان دەربارەی ئازادی و ئەو ئازادییانەی بەدەستیان هێناوە، ئەو ئیزنەمان پێ دەدات بڵێین لە دەستی بیرکردنەوەی رەهای کۆمەڵایەتی رزگارمان بووە. لە هەموو کۆمەڵگاکاندا لەباری بیۆلۆژییەوە دوو رەگەز بوونی هەیە کە ئیزنیان پێ دەدات بە پێکگەیشتنی ئەو دوو رەگەزە منداڵ بخەنەوە و بەم شێوەیە مانەوە و بوون گەرەنتی بکەن، بەڵام پێوەندی مرۆڤەکان دەبێت ئەم جۆرە پێوەندییە تێپەڕ بکات، مرۆڤەکان پێویستیان بە جۆرێك پێوەندی کۆمەڵایەتی هەیە بۆ گەشەدان بە لایەنی تاکەکەسییان.

سیمۆن دی بۆڤار لە بەرهەمەکانی خۆیدا باسی لەو هۆکارانە کرد کە لە سەرەوە باسی لێکرا و بەپێی تێڕوانین و بۆچوونی خۆی باسی لێ کردن. بەتایبەت لە کتێبی رەگەزی دووەمدا، بە لایەنە "زەینی" و

"ئۆبژەکتیڤییەکان"ی راستییە کۆمەڵایەتییەکان، بە پشتبەستن بە سروشتی مرۆڤ لە چوارچێوەی دوو بابەتی بوونخوازی باس لە بنەماکانی رەگەز و رەگەزی بوون دەکات(De Beauvoir. S, 2001, P34) .

سیمۆن دی بۆڤار، سەرەتا لە روانگەی سرووشتخوازی و بەرهەمهێنانەوە باس لە پرسی رەگەز دەکات، بەڵام لە قۆناغی دواتردا و لە چوارچێوەی رەگەزییەتدا، راستییە مێژوویی، کۆمەڵایەتی و تاکەکەسییەکان، بۆچوونەکانی دەخەنە ژێر کاریگەری خۆیانەوە و ئەم رستە ناودارە دەڵێت "ئێمە ژنانە لەدایك نابین، بەڵکو دەبین بە ژن". ئەم رستەیە دەرخەری داسەپاندنی کلتووری کۆمەڵگایە بەسەر ژناندا، گرنگی زاڵبوونی کلتووری ئەو جۆرە داسەپاندنە لەسەر زانست و پێشکەوتن و پرسە کۆمەڵایەتییەکان دەخاتە روو، بەڵام دەبێت چاوەڕوان بین تا ساڵی 1970 و ئەو کاتەی خەڵکناسە فێمنیستەکانی ئەمریکا هەوڵیان دا مافەکانی ژنان لە پرسە کۆمەڵایەتییەکاندا دیاری بکەن، لەم دۆخەدا وشەی "رەگەزی بوون" بە مانای دەوری کۆمەڵایەتی نێوان ئەمان و ئەوان (ژنان و پیاوان) لە بەرامبەر وشەی رەگەز کە مانایەکی سروشتی و بیۆلۆژیکی هەبوو، بەکار برا. ئەم مانایە بە رواڵەت تازەیە هەمان ئەو چەمکە بوو کە سیمۆن دی بۆڤار لە رستەی "ژنانە لە دایك نەبووین"دا باسی لێوە دەکرد و سەرەنجامی هۆکاری کلتووری کۆمەڵگای بە شتێك دەزانی کە چارەنووسی مرۆڤەکان دیاری دەکات (Quand les Femmes s? en melent) "ئەو کاتەی ژنەکان دێنە پێش".



ئاخۆ سیمۆن دی بۆڤار فێمنیست بوو؟ ژمارەیەك لەسەر ئەو باوەڕەن لەبەر ئەوەی فێمنیسم تیۆرییەکی سەرچاوەی نەبوو و لایەنە زانستییەکانی چەوساندنەوەی ژنان و هەڵاواردان دژ بە ژنان بە شێوەی نووسراوە کەمتر باسی لێ کرابوو و لە کتێبەکان، رۆمانەکان و بەتایبەت کتێبی "رەگەزی دووەم"ی سیمۆن دی بۆڤاردا ئەم بابەتە بە شێوەی جیاواز نووسرابوو، فێمنیستەکان بەهای زۆریان پێدا و ژمارەیەکی تریش لەسەر ئەو باوەڕەن سیمۆن دی بۆڤار ئاگاداری ئەم شتە نەبوو و سەرەنجام ژمارەیەك لەسەر ئەو باوەڕەن دی بۆڤار فێمنیست بووە و لە زۆربەی ئەو کۆڕ و کۆبوونەوانەدا بەشداری کردووە کە دەربارەی ژنان گیراوە.

تیرییەکانی لایەنە زانستییەکانی سیمۆن دی بۆڤار لە کتێبی "رەگەز و بوون" دەدەینە بەر باس. سیمۆن دی بۆڤار لەم کتێبەدا لەو سەرچاوانە کەڵکی وەردەگرت کە لێکۆڵەرەکانی هاوچەرخی کەڵکیان لێ وەردەگرت: بۆ وێنە تیۆرییەکانی ژان پۆل سارتەر، کانت، هێگل، زاسفێرس، کیەرکەگارد، هۆسرێل. لە راستییدا دی بۆڤار کەڵکی لە فەلسەفەیەکی رەسەنی لۆکاڵی وەردەگرت، بەپێی بۆچوونی "گۆڵد هێلمەن" دی بۆڤار زیاتر حەزی لە "فەلسەی وتووێژ" بوو. لە حاڵێکدا زۆر کەس باس لەوە دەکەن سارتەر فەلسەفەی خۆی بەسەر دی بۆڤاردا داسەپاندووە، بەڵام هێما زانستییەکان ئەوە دەخەنە روو ئەم دوو کەسە شانبەشانی یەك لە لایەنە زانستییەکاندا کاریان دەکرد و دی بۆڤار بە رادەی سارتەر خوێندنەوەی فەلسەفی بووە، ئەم دوو کەس ژن و مێردێکی زانستی بوو کە

زۆربەی کات پێکەوە هاوکارییان کردووە. سیمۆن دی بۆڤار هیچکات لە بۆچوونەکانی سارتەردا نەتوایەوە، بەڵکو خۆی وەها بۆچوونێکی هەبوو.

### 3–دی بۆڤار و فەلسەفەی ئێگزێستانسیالیزم.

فەلسەفەی ئێگزێستانسیالیزم خوازیای ئازادی و ئیختیاری رەهای مرۆڤەکانە و لە راستییدا روویەکی توندڕەوانەی لیبرالیسم و ئۆمانیسمە. قوتابخانەیەك كە بووە بەهۆی گەشەی ئایدیای فێمنیسم (لەوانە، سیكۆلاریزم، ئۆمانیزم، ئێگزێستانسیالیزم) تەنها لە هەرێمی "وشیاری" و "ئازادی رەها"دا دەجووڵێت و بە گرنگیدان بە پێویستییە دنیاییەکان، پێویستی لە لایەنە مینۆکی (مەعنەوی) و ئایین و... لەبەرچاو ناگرێت. سیمۆن دی بۆڤار یەکێك بوو لە ناودارترین لایەنگرانی فەلسەفەی ئێگزێستانسیالیزم. لە روانگەی ئەوەوە پرسی زەین و عەقڵ بێزی وەڵامدانەوەیەکی بۆ پرسی رەگەز و لە هەموو چیرۆکەکانی خۆیدا هەوڵی سەلماندنی ئەم بابەتەی داوە. سیمۆن دی بۆڤار لە کتێبی "رەگەزی دووەم"دا روانگەکانی خۆی بەرامبەر بە ژنان بە چەند شێوە دەخاتە روو (Deuxime sex Folio , 1976cf, simon de beavoir).

1–دی بۆڤاری چەمکی ئێگزێستانسیالیزمی "ئەویتر" بۆ پیاوان بەکاردەبات و بوونی پیاو بە مانای جەهەننەم و تێکدەری ژیانی تاکەکەسی و ئازادیی ژن دەزانێت. دی بۆڤار لای وایە دوو هۆکاری زەماوەند و دایکبوون هۆکاری سەرەکی کۆیلەبوون و کۆیلە مانەوەی ژنانن. دی بۆڤاری سیستمی بنەماڵە وەك یەکێك لە بنەما گرنگەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و



پەروەردەکردنی منداڵ بە تەواوەتی رەت دەکاتەوە و زەماوەندکردن بە هۆکاری چارەڕەشی ژنان دەزانێت.

2– بەشێکی تری کتێبەکە، باس لە جیاوازی نێوان ژن و پیاو دەکات لە رووی کۆمەڵایەتی و بیۆلۆژیکییەوە. دی بۆڤار جیاوازی نێوان ژن و پیاو بە شتێکی زەق و بەرچاو دەزانێت، بەمەشەوە بانگهێشتی ژنان دەکات چالاکی پیاوانەیان هەبێت و لای وایە دەبێت ئەم بابەتە دەروونی بکرێتەوە.

3– سیمۆن دی بۆڤار کاریگەری کلتوور لە جیاوازییە رەگەزییەکاندا دەخاتە روو و بە ناسینی هۆکار و ئەنجامەکانی ئەم کلتوورە لە کۆمەڵگادا، جیاوازییە رەگەزییەکان بە شتێك دەزانێت کە لەژێر کاریگەری کلتووری کۆمەڵگادایە، بەم جیاوازییەوە کە هیچ کەسێك ژنانە لەدایك نابێت، بەڵکو دواتر دەبێت بە ژن.

4– سیمۆن دی بۆڤار لە چوارچێوەی بونیادگەرایی کۆمەڵایەتییدا، جیاوازییە رەگەزییەکان دەخاتە روو و لەسەر ئەو باوەڕەیە "شارستانییەت، نەتەوەیەکە" و بوونەوەرێکە لەنێوان ژن و پیاودا کە بە بونیادە دیار و روونەکانییەوە، یەکیان دەکات بە ژن و ئەویتر بە پیاو.

5– دی بۆڤار بەم شێوەیە باس لە پرسی "زەینی بوون" دەکات، "زەین شوێنێکە دوور لە رەگەزی بوون و سەرچەشنی رەگەزی". ئەو لەسەر ئەو باوەڕەیە ژن وتەزایەکی تەواو دیار و سەلمێندراوە و لە هەمانکاتدا وتەزایەکی تاکەکەسییە کە لەگەڵ پیاوان جیاوازی هەیە. باشترین رێگای وەستانەوە دژ بەم جیاوازییە، کەمکردنەوەی ئەم

جیاوازییانەیە لە "زەین"دا. کە وایە ژنان هان دەدات وەك پیاوان بژین و بە ناسیینی شوناسی تاکەکەسی خۆیان بە ژیانێکی ئارمانی بگەن.

6- دی بۆڤار هەستێکی ئەکتێڤبوون لە ژیانی فیکری-کۆمەڵایەتیدا دەخاتە بەردەم ژنان. بە دەربڕینێکی تر دی بۆڤار شێوەی تیۆری تایبەت بە خۆی دەربارەی پێگەی ژنان دەخاتە روو، ئەو رێگە چارەسەرانەی تا ئێستا پێشکەشکراون بە شتێکی کۆن دەزانێت. دی بۆڤاری رێگای وەك بەرگری لە چوونە سەرەوەی ژمارەی ژنان لە پەرلەمان، یان لە پۆستە گرینگەکاندا، یان ماف دەنگدان و ماف میرات وەرگرتنی یەکسان بە شتێکی کەم دەزانێت و لە بەرامبەردا گۆڕینی رەگەزیەتی زەینی، بە باشترین رێگای سەرکەوتنی ژنان دەزانێت.

7- دی بۆڤار لە رۆمانی "هات کە بمێنێتەوە" سەرەتا دژە ژنبوونی کلتووری بۆرژوایی فەرەنسا بە وێنا دەکێشێت و دواتر قوناغی بەرێوەچوونی ئەم کارە دەخاتە روو و سەرەنجام دەیخاتە روو ئەگەر ژنان ئازاد بن، دەتوانن کار بکەن "تەنانەت ئەگەر ئەو کارە کوشتنی خۆشەویستەکەیان بێت". ئەو شتەی دی بۆڤار لە سەدەی بیستەمدا پێشەکەشی کردین، تێگەیشتنی لە رەگەز بوو وەك شکڵی و شێوەی بنەڕەتی جیاوازی کۆمەڵایەتی. ئەو بابەتە سەرەکییانەی دی بۆڤار باسی لێ دەکردن بریتین لە:

1- بکەربوونی ژنان (بنەمای ناسینی بیرکردنەوەی دی بۆڤار لەم خاڵەدایە).



2- پێوەندی ژنان لەگەڵ ناسیندا (ئەو مەرجەی کە لەگەڵ خۆیدا کلتووری پیاوسالاریی رۆژئاوا دەخاتە روو و دەیناسێنیت).

3-باوەڕە بە گۆڕانی کۆمەڵایەتی (سیاسەت و حکومەت دەبێت بە شێوەی بنەڕەتی بگۆڕدرێت).

دی بۆڤار لە پێوەند لەگەڵ فێمنیسمدا پێگەیەکی دوولایەنەی هەیە. لە لایەکەوە، هەر مەرجێك لە لایەن فێمنیسمەوە باسی لێ دەکرێت، کارەکانی دی بۆڤاریش دەگرێتەوە و لەو رووەوە فێمنیسم کاریگەری هەبووە لەسەر بوار و پانتاییەکانی تر و نەریتە فیکرییەکان، هەربۆیە کۆمەڵێك کاری دی بۆڤار هەیە لەو دەقانەشن کە فێمنیستی نین. دی بۆڤار رۆڵێکی گرینگی نەبوو لە گەشەی فێمنیسمدا، بەڵکو لە راستییدا خۆی لە لایەن شەپۆلی دووەمی فێمنیستەکانەوە دۆزرایەوە و ناسێندرا، واتە بە خستنە بەرباسی پێگەی پلە دوو بوونی ژنان لە کۆمەڵگادا، فێمنیستەکان دی بۆڤاریان دۆزییەوە. دەتوانین بڵێین دی بۆڤار لە بنەما سەرەکییەکاندا لەگەڵ فێمنیستەکان ناکۆك بوو.

1- دی بۆڤار دانی بە پیاوانەبووندا دەنا و خوازیاری ئەوە بوو ژنان زەینی خۆیان وەك پیاوان بگۆڕن بۆ ئەوەی سەرکەون.

2- پێویستی بە جنسی بەرامبەری وەك کێشەی سەرەکی و کۆتایی کردەی جنسی دەناساند.

هەرچەند ئەم دوو روانگەیە بە تەواوەتی دژ بە بۆچوونەکانی فێمنیستەکانی سەدەی نۆزدەیەم بوو، بەمەشەوە فێمنیستەکان هەموو

دەم دانیان بە دی بۆڤاردا دەناو دی بۆڤاریان بە فێمنیست دەزانی، هەربۆیە لە کۆتاییەکانی دەیەی 1960دا پەیوەست بوو بە ڕێکخراوی بزووتنەوەی ئازادیی ژنانەوە و یەکێك بوو لەو کەسانەی راگەیەندراوی ژنانی واژۆ کرد. زۆر پێشنیاری گرینگ و کاریگەری لەم راگەیاندنەدا خستە بەردەم چالاکانی ئەو بوارە، لەوانە، لەباربردنی منداڵ، کۆنترۆڵی منداڵبوون، هەروەها کۆمەڵێك ڕێکاری تر وەك سپاردنی منداڵان بە ناوەندە دەوڵەتییەکان، پەروەردەکردنی منداڵان لە تاقیگەکاندا و نەهێشتنی کۆت و کۆسپی ژیانی خێزانی.

**4–لێکدانەوەیەك لەسەر کتێبی (رەگەزی دووەم).**

دەوترێت رەگەزی دووەمی سیمۆن دی بۆڤار یەکێکە لەو کتێبە پڕفرۆشانەی لەبارەی ژنانەوە نووسرابێت. گرنگیی ئەم بابەتە دەتوانین لەم بابەتانەی خوارەوەدا ببینین

1– کەمن ئەو کەسانی دەربارەی بزووتنەوەی ژنان و فێمنیسم خوێندنەوەیان هەبێت و رەگەزی دووەمیان نەخوێندبێتەوە.

2– ئەم کتێبە بۆ زۆر کەس سەرچاوەیەکی گرنگی مێژووییە.

3– ژمارەیەك بۆ پێشەکەشکردنی رەخنە و لێکۆڵینەوەی زانستی ئەم کتێبە دەخوێننەوە.

4– ژمارەیەك بە پیرۆزی دەزانن و وەك "کتێبی پیرۆزی فێمنیسم" چاوی لێ دەکەن. بۆ وێنەی مۆنیك ڕێمی لە کتێبەکەی خۆیدا (utopieal integration, p29) رەگەزی دووەم بە کتێبی پیرۆز ناو دەبات.



5– ئەدەبیات و نووسین و ستایلی نووسینی دی بۆڤار بە لای کۆمەڵێك کەسەوە زۆر گرنگە و جێگای سەرنج پێدانە. وەك چۆن لین تۆماس لەسەر ئەو باوەڕەیە نووسینێکی گرنگی ئەدەبی و بەهێز دەتوانین لە کتێبەکانی سیمۆن دی بۆڤاردا بدۆزینەوە و لە لایەکی ترەوە نووسینەکانی دی بۆڤار کاریگەری زۆریان هەیە لەسەر بنەما سەرەکییەکانی فێمنیسمی نوێ (Lyn Thomas 1999,p5)

6– ژمارەیەك باس لە ئاستی بەرهەمەکانی دی بۆڤار دەکەن. وەك چۆن مۆنلریۆ لە کتێبی "ژنانی سەدەی بیستەم"دا وەك بەرهەمێکی گرینگ و بنەڕەتی ناو لە "رەگەزی دووەم" دەبات و باس لەوە دەکات فێمنیستە هاوچەرخەکان دەبێت وەك سەرچەشنێك ناوەرۆکی ئەم کتێبە لەبەرچاو بگرن. لەباری ژمارەیشەوە بە راگەیاندنی فرۆشتنی 1004435 ژمارە لەم کتێبە لە ساڵەکانی 1949 تا 1997، واتە پڕفرۆشترین کتێب، بەهایەکی تایبەتی هەیە. کاترین رۆدێژ دەنووسێت: لە حەفتەی یەکەمدا 22000 ژمارە لەم کتێبە دەفرۆشرێت (Catherine .R 1998, P156).

7–ژمارەیەك لە لێکۆڵەران تێڕوانینی چەند لایەنە و زانستییانەی سیمۆن دی بۆڤاریان بەلاوە پەسەندە و لەسەر ئەو باوەڕەن دی بۆڤار لایەنە جیاوازەکانی زانستی لە زانستی مرۆڤایەتیدا بەکارهێناوە، وەك چۆن لایەنە فەلسەفی، دەروونناسی، بیۆلۆژی، ئەدەبی و کۆمەڵناسی پێکەوە ئاوێتە کردووە و ئەم بابەتە دەتوانین لە کتێبی رەگەزی دووەمدا بە جوانی ببینین. دی بۆڤار بەم شێوەیە دەبێت بەهۆی خولقانی روانگەی جیاواز و هاتنەگۆڕی پرسیاری قووڵتر دەربارەی دۆخی ژنان لە لایەنە جیاوازەکانی

زەینی و ئۆبژەکتێڤ (عەینی) و گەشەی زانست، هەڵبەت دوا بەدوای ئەوە بوو بەهۆی هەڵوێستگرتنی جیاوازی رەخنەگران.

8- سەرەنجام ژمارەیەکیش ئەم کتێبە بە کتێبێکی بێ هەڵە نازانن و لەسەر ئەو باوەڕەن لەبەر ئەوەی دی بۆڤار کەسێکی دوودڵ، سادیستی بووە، ئەم جۆرە کەسایەتییە لە نووسینەکانیدا رەنگیداوەتەوە.

9-¯ ژمارەیەك لەسەر ئەو باوەڕەن رەگەزی دووەم لە باری زانستییەوە تاقیکراوەتەوە و لەو تاقیکردنەوانە دەرچووە، لەبەر ئەوەی ئەم کتێبە دەستبەجێ و کوتوپڕ بڵاو نەبۆتەوە، بەڵکو چەند بەشێکی وەك وتار لە گۆڤاری "سەدەی نوێ" کە خودی دی بۆڤار سەرنووسەری بوو، بڵاوبۆتەوە و دواتر بە کتێب هاتۆتە بازاڕ. لەو بەشانەی کە بڵاوبوونەتەوە "ئوستوورەی ژنان لە مانگی فێبریوەریدا"، پێشەکییەك لەسەر پرسە جنسییەکانی ژنان لە مانگی مەی، هێمۆسێکسواڵیتە، لە مانگی جون و دایکبوون لە مانگی جولای.

ئەم گۆڤارە زۆر زوو دەفرۆشرا، وەك چۆن کاترین رۆدژێر دەڵێت: وەك نان دەفرۆشران (Catherine, 1998, p15). ژووزیان ساویگما لە کۆنفرانسی پەکێن پێشنیاری کرد کتێبی رەگەزی دووەم بخوێننەوە و ئەم کتێبەی بە کتێبی هەڵبژێردراوی فێمنیستەکان ناو لێ برد. ئەو لای وایە ئەم کتێبە پێگەیەکی گرنگی هەیە لە دڵی مێژوو و باسەکانی تایبەت بە ژنان و فێمنیسم و بەرهەمێکی گرنگە لە فێمنیسمی فەڕەنسا و زانستی فێمنیستیدا.

**5- رەخنەگرانی سیمۆن دی بۆڤار**



لە هەلوومەرجێکدا کە فێمنیسم درزی کردبووە ناو لقە جیاوازەکانی زانستەوە تا فێمنیسم لق و جۆری جیاوازی لێ دەبۆوە، کتێبەکانی سیمۆن دی بۆڤار بە لای هەندێ کەسەوە پیرۆزییەتی خۆیان لەدەست دا، تەنانەت بەشێك لە رەخنەگران لە دەیەی 1980ەوە تا ئێستا دەستیان کردووە بە رەتکردنەوەی بۆچوونەکانی تا ئەو شوێنەی ئەوە دەبین کە ناڕەزایەتی و نیگەرانی نێگەتیڤ هەیە بەرامبەر بە کەسایەتی زانستی و دەروونی سیمۆن دی بۆڤار. رەخنەگران لەسەر ئەو باوەڕەن کتێبی رەگەزی دووەم لە دوو رووەوە کەموکوڕی هەیە، یەکەم ئاستی نزمی زانستی فەلسەفەی سیاسی و لە لایەکی ترەوە لاوازیی کەسایەتی نووسەر. رەخنەگرانی لە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی و لە رێوڕەسمی رێزگرتن لە دی بۆڤار بەڕێوەچوو، بەم شێوەیە رەخنەیان لە دی بۆڤار گرت:

1- سیمۆن دی بۆڤار تا ئەو رادەیە زانستی سیاسی لە خوار بووە کە نەیتوانیوە پرسە سیاسییەکانی سەردەمی خۆی (جەنگی دووەمی جیهانی) بناسێت، دۆخی کۆمەڵگای نەناسیوە.

2- دەربارەی پێوەندی دی بۆڤار لەگەڵ سارتەر تا ماوەیەك زۆر دەوترا دی بۆڤار وەك بت سارتەر دەپەرستێت

3- بەرزەفڕیی نازناوێکی تر بوو لە لایەن رەخنەگرانەوە درایە پاڵ دی بۆڤار، چونکە وایان لێك دەدایەوە دی بۆڤار بە نووسینی کتێبی رەگەزی دووەم رۆڵی هەبووە لە گۆڕان و بەلاڕێداچوونی پێناسەی پرسی رەگەز. لە حاڵێکدا خودی ئەو ژنە و لێکۆڵەران رۆژ لەگەڵ رۆژ جەخت لەسەر نازانستیبوونی بەرهەمەکانی دەکەنەوە.

ئاندرێ مێشل لەسەر ئەو باوەڕەیە ناتوانین هەموو لایەنەکانی تیۆری سیمۆن لە بەرچاو نەگرین، بەڵام ئەو هەڵەیەی کە ئەو ئایدیالیسم و تاکگەرایی لە تیۆرییەکەی خۆیدا تێکەڵ کرد، بوو بەهۆی ئەوەی تیۆرییەکەی بەهای خۆی لەدەست بدات ( A. Michel Himit 17.08.2005). یەکێکی تر لەو رەخنانەی لە تیۆرییەکەی دی بۆڤار دەگیردرێت، ئەوەیە هەموو ژنانی دونیا وەك یەك لەژێر گوشاری دەسەڵاتە جیاواز و تایبەتەکاندا دەبینێت. مەبەستی دی بۆڤار، جیاوازی نێوان "دیتران"ە، کە لە تیۆری "دیتران"دا باسی دەکات. لە راستیدا کەسەکان تەنها وەك دوو رەگەزی جیاواز دەبینێت. سیمۆن دی بۆڤار لەسەر ئەو باوەڕەیە هێمۆسێکسواڵەکان لە هەموو کلتوورەکان کێشەیان هەیە و بە شێوەیەك دەتوانین بڵێین نەخۆشن. ( Sylvie Chaperon, 1997,p3).

4-- سیمۆن دی بۆڤار کۆمەڵێك نازناوی دەخستە پاڵ ژنان کە ژمارەیەکی زۆر لە فێمنیستەکان هەر لەم رووەوە گومان دەکەن لە فێمنیستبوونی و ژمارەیەك لە سەر ئەو باوەڕەن دی بۆڤار کەسێکە سووکایەتی کردووە بە پێگەی ژنان و زۆر کەمن ئەو کەسانەی بەم شێوەیە دەربارەی ژنان نووسیبێتیان. بۆ وێنە لە کتێبی "هۆکاری بەهێزبووندا" وەك کچێکی چارەڕەش، تووڕە، بێزراو، پڕاوپڕ لە گرێی دەروونی، بەرامبەر بە پیاوان، ژنانی تر هەست دەکات لە باری جنسییەوە کەمی هەیە، هێمۆسێکسواڵ، 100 جار کورتاژ کراو، دایکبوون بە دزییەوە، نیگەران، دەداتە پاڵ ژنان. بەم جۆرە خراپ باسکردن لە ژنان لەلایەن سیمۆن دی



بۆڤارەوە ئاماژەیە بەوەی سیمۆن بە چاوی کەم لە ژنانی روانیوە و بە قەڵەمەکەی سووکایەتی کردووە بە ژنان، هەر بۆیە یەکێك لەو هۆکارانەی فێمنیستەکان گومان دەکەن لە فێمنیستبوونی دی بۆڤاری شێوەی نووسینی دی بۆڤارە.

**5-** هەروەها تووریل موا لە کتێبی "تیۆری فێمنیستی سیمۆن دی بۆڤار" وێڕای باسکردن لە زانستییانە نەبوونی تیۆرییەکەی سیمۆن دی بۆڤار، بە سووکایەتییان دەزانێت بەرامبەر بە ژنان (Ibid, p22) دەیسەلمێنێت کۆمەڵێك وشە و دەستەواژە کە لە ئەدەبدا بەکار نەدەبران و نەدەهێنران لەلایەن سیمۆن دی بۆڤارەوە بە شێوەیەکی عاددی بەکارهێنراون.

6- سیمۆن دی بۆڤار کۆمەڵێك چەمك دەربارەی ژنان بەکاردەبات، کە خۆی ناتوانێت بە کردەوە دەریان بێنێت. سیمۆن دی بۆڤار جیاوازی رەگەزی بە تاوانی کۆمەڵگا دەزانێت، بەڵام خۆی تووشی تاوانێکی گەورەتر دەبێت و دەیەوێت ژنان پیاوانە بیربکەنەوە و کار بکەن بۆ ئەوەی پێگەیەکی وەك پیاوانیان هەبێت لە کۆمەڵگادا، بەڵام بەرامبەر بەم پرسیارە کە ژن چ پێگەیەك و بە چ بەهایەك چۆن دەتوانن سەرکەوتوو بن وەڵامێکی نییە و سەرەنجام باس لەوە دەکات ژنان گرووپێکی تایبەت نین، بەڵام ناتوانێت بڵێت ئەگەر گرووپی تایبەت نین، چین؟

سیمۆن دی بۆڤار بۆ وتووێژی منی بە ژان ژێنە و ژان پۆل سارتەر ناساند، بەڵام خۆی گومانی هەبوو بەوەی وتووێژی لەگەڵ بکەم: "بۆچی دەبێت دەربارەی من قسە بکەین، لات وایە لە کتێبی بیرەوەرییەکانمدا لە سێ بەرگدا[9] بەڕادەی پێویست قسەم نەکردووە؟" با من ئەم وتووێژە نەکەم، دوای چەندین جار نامە نووسین و قسەکردن توانیم رازی بکەم وتووێژ بکەین و دواتر بەو مەرجە ئامادە بوو وتووێژ بکات کە وتووێژەکە زۆر دوورودرێژ نەبێت.

وتووێژەکە لە ژوورێکی گەورە، کە خۆر دەیدا لەو ژوورە و هەم وەك ژووری دانیشتن بوو، هەم ژووری خوێندنەوە، لە ستۆدیۆی خاتوو دی بۆڤار لە شەقامی شیلشەر مۆن پەرنەس بەڕێوەچوو. لەناو رەفەی کتێبەکانیدا بەوپەڕی سەرسوورمانەوە، کتێبگەلێکی بێکەڵك دەبیندرا. دەڵێت: "کتێبە

[9]- بەرگی چوارەمی بیرەوەرییەکانی، ساڵی 1976 چاپ و بڵاوکرایەوە. وەرگێڕی فارسی.



گرینگەکان لای هاوڕێکانمن کە نەیانهێناوەتەوە". سەر مێزەکە پڕە لە شتی رەنگاوڕەنگ کە لە سەفەرە جیاوازەکانییەوە هێناویەتی و تەنها کارێکی بەهادار لە ژوورەکەیدا، چرایەك بوو کە "جیا کۆمتی" دروستی کردبوو بۆی. سەفحەی گرامافۆن، لەو شتە دەگمەنە جوانکاری و لۆکسانەیە کە سیمۆن دی بۆڤار حەزی لێیانە، لەناو ژوورەکەدا بڵاوببوونەوە.

بەدەر لە روخساری کلاسیکی، ئەو شتەی لە سیمۆن دی بۆڤاردا مرۆڤ دەخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە، چاوەکانی زۆر جوان دەگەشێنەوە. مرۆڤ وا هەست دەکات سیمۆن هەموو شت دەزانێت و دەبینێت، ئەمە دەبێت بەهۆی ئەوەی شەرمی لێ بکەم. بە خێرایی قسە دەکات و بێ پەردەبوون لە قسەکانیدا دیارە و دوورە لە توندوتیژی و تا رادەیەك دەم بە پێکەنین و خۆماڵییانە دەردەکەوێت.

**مێدڵن گابیل- پاریس ریڤیۆ-1965**

**له حەوت ساڵی رابردوودا سەرقاڵی نووسینی بیرەوەرییەکانت بوویت. له کتێبەکەدا بەردەوام بیر له کار و خوێندنت دەکەیتەوە. ئەو کاریگەرییەی من لەم کتێبەم وەرگرت ئەوەیە، ئەوکاتەی باوەڕی ئایینیت لەدەست دا، دەستت کرد بە نووسین.**

بێ هیچ درۆ و دەلەسەیەك، لێکدانەوەی رابردووی کەسێك کارێکی ئاسان نییە. حەزی من بۆ نووسین دەگەڕێتەوە بۆ پێشتر لەم شتانە. لە هەشت ساڵیدا چیرۆکم دەنووسی، بەڵام خۆ زۆرێك لە منداڵان دەنووسن. ئەمە نابێت بەوە بڵێیت توانای نووسینی هەیە. رەنگە بکرێت بڵێم لەبەر ئەوەی باوەڕی ئاینیمم لەدەست دا، پێشوازیم کرد لە حەزم بۆ نووسین. بەدەرلەوەش هەندێ کتێبم دەخوێندەوە بە تەواوی دەیهەژاندم، وەك "ئاش لە کەناری رووباری فلووس"[10]، ئاواتم بوو وەك جۆرج ئیلیوت بنووسم، ببم بە کەسێك کتێبەکانی دەخوێندرێتەوە، ئەو کەسەی کتێبەکانی خوێنەر دەهەژێنێت.

**ئەدەبی ئینگلیزی کاریگەری لەسەرت هەبوو؟**

10 _the Mill on the floss



لە منداڵییەوە حەزێکی تایبەتم هەبوو بۆ خوێندنەوەی ئەدەبی ئینگلیزی. کۆمەڵی ئەدەبی منداڵان لە زمانی ئینگلیزیدا زۆر زیاترە لە زمانی فەرەنسا. من عاشقی ئالیس لە سەرزەمینی سەیروسەمەرەکانی پیتەر پێن و تەنانەت رۆزامۆند لیمەن[11] بووم.

**وەڵامێکی سەرپێیانە[12].**

بەڵێ، من عاشقی ئەو کتێبە بووم، لەحاڵێکدا تا رادەیەك کتێبێکی کۆن و سواو بوو. کچێك لە تەمەنی مندا وەها کتێبێکی دەپەرست. هەر کچێك خۆی لە "جوودی"دا دەبینییەوە. کتێبەکە تا رادەیەك کتێبێکی زیرەکانەیە. بەڵام خۆم، ئێرەیی بە ژیانی سەردەمی خوێندکاریم لە بەریتانیا دەبەم. لەگەڵ بنەماڵەم دەژیام. ژوورێکی تایبەتم نەبوو. لە راستییدا هیچ شتێکم نەبوو. کەوایە بەم حاڵەوە ناتوانیت بڵێیت لە دۆخێکی باشدابووم. لەو کتێبەدا، ژیانی تایبەتی شتێکی مەجازی بوو کە بەلای منەوە شتێکی شکۆدار بوو. نووسەر دونیای خەیاڵی کچانی تازەلاوی بەباشی دەناسی: کوڕانی جوان و قۆز بە رواڵەتێکی پڕ لە راز و نهێنی و شتی لەم جۆرە، هەڵبەت دواتر برۆنتە و ڤیرجینیا وۆڵفم خوێندەوە. ئۆرلاندۆ، خاتوو دالووی، رۆمانی "ریخەڵانەکان"م زۆر بەدڵ نەبوو، بەڵام یەکێکم لەو کەسانەی لایەنگری ئەو کتێبەن دەربارەی "ئیلیزابیت و بارت برانینگ"[13] نووسیویەتی.

11 - Rosamond leman
12 - Dusty answer
13 Elizabeth Barrett browning.

**ئەی ژیانی رۆژانە؟**

زۆرم پێ خۆش نەبوو. زۆر تەکنیکی ئەدەبی بەکارهێناوە. سەرنجڕاکێشە، بەڵام نامۆیە بەلای منەوە، وۆڵف زۆر نیگەرانی چاپی کتێبەکانی و قسەی خەڵك بوو. من کتێبی "ژوورێك بۆ خۆمم" بەدڵە. لەم کتێبەدا باس لە پێگە و دۆخی ژنان دەکات. وتارێکی کورتە، بەڵام زۆرباش داویە لە خاڵ. زۆرباش شی دەکاتەوە بۆچی ژنان ناتوانن بنووسن. ڤیرجینیا وۆڵف زیاتر لە هەموو نووسەرە ژنەکان سەرنجڕاکێشە بەلامەوە. تا ئێستا رەسمەکانیت بینیوە، بەشێوەیەکی زۆر سەیر روخساری تەنهایی تێدا دەبیندرێت... لەهەندێ رووەوە وۆڵف زۆر سەرنجڕاکێشترە بەلامەوە لەچاو کۆلێت[14]. کۆلێت بەگشتی زۆر دەپەرژێتە سەر پرسە بچووکەکانی خۆشەویستی، ماڵداری، جل و قاپ شتن و ئاژەڵەکانییەتی. کەڵکەڵەی ڤیرجینیاوۆڵف زۆر بەربلاوترە.

**وەرگێڕانی کتێبەکانیت خوێندۆتەوە؟**

نا، بە ئینگلیزی خوێندوومەتەوە. ئینگلیزی خوێندنەوەم زۆر باشترە لە قسەکردنم.

14 - Collete



**رات چییە دەربارەی خوێندنی زانکۆ بۆ نووسەرێك، تۆ یەکێك بوویت لە خوێندکارە زۆرباشەکانی سۆربۆن و هەمووان چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد وەك مامۆستا کارێکی زۆرباشت دەستکەوێت؟**

خوێندنی من، هەندێ زانیاری سەرەتایی پێدام دەربارەی فەلسەفە، بەڵام بوو بەهۆی ئەوەی حەزێکی تایبەتم هەبێت بۆ فەلسەفە. مامۆستای زۆر باش و بەکەڵك بوو بۆم، واتە کاتی زۆرم تەرخان کرد بۆ خوێندنەوە، نووسین و وانەخوێندن. ئەوکات مامۆستاکان بەرنامەیان زۆر قورس نەبوو. خوێندنم بوو بەهۆی ئەوەی بنەمای فیکریم بەهێزتر بێت، لەبەر ئەوەی بۆ دەرچوون لە تاقیکردنەوەکان دەبوایە هەندێ بوارم بدۆزیبایەتەوە کە لەناو کتێبەکانی زانکۆدا نەبوون. ئەو شێوە ئەکادیمی و زانستییانەی کە فێری بووم، بەتایبەت بۆ نووسینی کتێبی "رەگەزی دووەم" بەکەڵکم هات و بەگشتی خوێندنەوەکانم بەکەڵك بوو. واتە بە چاوخشاندنێکی خێرا بە کتێبەکاندا، بتوانیت پۆلێنبەندییان بکەیت، بزانیت کام بەرهەم گرینگە و ئەوانەی گرینگ نین بخەیتە لاوە، بتوانیت چاوێکی پیا بخشێنیت و کورتی بکەیتەوە.

**مامۆستایەکی باش بوویت؟**

لام وانییە، لەبەر ئەوەی تەنها خوێندکارە زیرەك و وریاکانم بەلاوە پەسەند بوو و گرینگیم بەوانی تر نەدەدا، لەحاڵێکدا مامۆستای باش دەبێت هەموو قوتابییەکانی خۆی خۆشبوێت، بەڵام لە وتنەوەی فەلسەفەدا

بەكەڵك نایەت. هەموو كات چوار یان پێنج خوێندكار بەشداری باس و مشتومڕەكان دەكەن و ئەوانی تر بەلایانەوە گرینگ نییە، من خۆم بەوانەوە زۆر ماندوو ناكەم.

**تۆ تا تەمەنی 35 ساڵی، دە ساڵ بوو دەتنووسی، بێئەوەی هیچ كتێبێك چاپ بكەیت، بێ هیوا نەدەبوویت؟**

نا، لەبەر ئەوەی لە سەردەمی ئێمەدا شتێكی نائاسایی بوو لە سەردەمی گەنجیدا كتێب چاپ بكەیت. هەڵبەت یەك دوو كەس لە تەمەنی گەنجیدا كتێبیان چاپ كرد وەك "رادیگە" كە كەسێكی هەڵكەوتوو و جیاواز بوو. سارتەریش تا تەمەنی سیوپێنج ساڵی كە "رشانەوە"و "دیوار"ی چاپ كرد، هیچ شتێكی چاپ نەكردبوو. ئەو كاتەی یەكەم كتێبم كە بۆ چاپ دەشیا، رەتكرایەوە و چاپ نەكرا، زۆر دڵساردبوومەوە. ئەو كاتەی یەكەم گێڕانەوەی "ئەو هات بمێنێتەوە" رەتكرایەوە، هەستێكی زۆرناخۆشم هەبوو. دواتر بیرم لەوە كردەوە پێویست ناكات پەلە بكەم. زۆرن ئەو نووسەرانەی درەنگ دەستیان پێكردووە. هەمووان هەموو كات باس لە ستاندال دەكەن، كە تا تەمەنی چلوپێنج ساڵی دەستی نەكرد بە نووسین.

**ئەو كاتەی یەكەم رۆمانەكانت دەنووسی، زیاتر لەژێر كاریگەری نووسەرانی ئەمریكاییدا بوویت؟**

لە "ئەو هات كە بمێنێتەوە" بەدڵنیاییەوە لەژێر كاریگەری هێمێنگوایدا بووم، لەبەر ئەوەی ئەوە هێمێنگوای بوو سادەبوونی وتووێژ و گرینگی شتە بچووكەكانی ژیانی فێری ئێمە كرد.



**بۆ رۆمان گەڵاڵەیەكی روون دەكێشیتەوە؟**

نا، خۆت باشتر دەزانیت، دە ساڵ سەرقاڵی نووسینی رۆمانێك بیت و هەرئەوكات خەریكی نووسینی بیرەوەرییەكانت بیت، ناكرێت. بۆوێنە ئەوكاتەی "ماندارنەكان"م نووسی، كەسایەتییەكان و شوێن و فەزاكەیم دروستكرد و بەرەبەرە گەڵاڵەكە شكڵی گرت، بەڵام بەگشتی، چیرۆكەكە زۆر بەرلەوەی گەڵاڵە(PLOT)ەكە دەركەوێت، دەست پێدەكەم.

**خەڵك باس لەوە دەكەن تۆ زۆر بە پرەنسیپیت و تەنانەت یەك رۆژیش بێكار نیت. چ سەعاتێك كاركردنت دەست پێدەكەیت؟**

من هەموو دەم پەلەمە. با لێت نەشارمەوە كاركردنی سەرلەبەیانی زووم پێخۆش نییە. سەرەتا چایی دەخۆم و دواتر دەوروبەری سەعات 9 دەكەومە رێ، تا یەك سەعات كار دەكەم. دواتر هاوڕێكانم دەبینم و سەعات پێنج دەست دەكەمەوە بە كار تا سەعات نۆ. حەزم لە كاركردنە لەدوای نیوەڕواندا. كە تۆ بڕۆیت، رۆژنامەكان دەخوێنمەوە و رەنگە بچم بۆ بازاڕ و شت كڕین. زۆرجار كاكردن چێژبەخشە.

**كەی سارتەر دەبینیت؟**

شەوانە و هەندێ جار كاتی نانی نیوەڕۆ. بەزۆری دوای نیوەڕوان لە ماڵەكەی ئەو خەریكی كاركردنم.

**دژوار نییە بەلاتەوە لەم ئەپەرتمانەوە ئەڕۆی بۆ ئەو ئەپەرتمان؟**

نا، لەبەر ئەوەی كتێبی زانكۆ نانووسم، هەموو كاغەزەكانم لەگەڵ خۆم هەڵدەگرم و لەوێش دەكرێت زۆر بەباشی كاربكەم.

**دەستبەجێ دەتوانیت دەست بکەیت بە کار؟**

پەیوەستە بەوەی کە چی دەنووسم. ئەگەر کارەکان بەباشی چووبێتە پێش، چارەکێك یان نیو سەعات نووسینەکانی ڕۆژی پێشتر دەخوێنمەوە و چەند شوێنێك دەگۆڕم. دواتر لەوێوە درێژەی پێدەدەم. بۆ درێژەدان دەبێت نووسینی ڕۆژی پێشتر بخوێنمەوە.

**هاوڕێیانی نووسەریشت هەموو ئەم خووەی تۆیان هەیە؟**

نا، ئەم شتە زۆر تایبەتە. بۆ وێنە (ژێنە) زۆر جیاوازە. شەش مانگی تەواو دوانزە سەعات لە ڕۆژدا کار دەکات. دواتر کە کتێبەکەی تەواو بوو، شەش مانگ هیچ ناکات. وەك پێم وتی من هەموو ڕۆژ کار دەکەم، جگە لە دوو سێ مانگی پشوو کە دەڕۆمە سەفەر. لە سەفەردا کارناکەم. لە سەفەردا تەنها دەخوێنمەوە. هەربۆیە ئەوکاتەی دەچمە سەفەر ساکێك پڕ لە کتێب لەگەڵ خۆم هەڵدەگرم، ئەو کتێبانەی کاتم نەبووە بییانخوێنمەوە، بەڵام ئەگەر سەفەرەکەم مانگێك یان مانگ و نیوێك بێت پێم ناخۆشە. بەتایبەت ئەگەر لە کاتی نێوان دوو کتێبدا بم. بێکاریی بێتاقەتم دەکات.

**ئایا ڕەشنووسی یەکەمت هەمیشە بە دەست دەنووسیت. کێ لێیان تێدەگات؟ "نیلسۆن الجرنوون" دەڵێت یەکێکە لەو دەگمەن کەسانەی دەتوانێت دەستخەتی تۆ بخوێنێتەوە.**



نازانم تایپ بکەم، بەڵام دوو تایپیستم هەیە کە دەتوانن دەستخەتی من بخوێننەوە. کە یەکەم پاکنووسم ئەنجامدا، نوسخەی لێ هەڵدەگرم. زۆر بەوردی. ئاگام لێیەتی. نووسینەکانیشم روونە و دەخوێندرێتەوە.

**لە ڕۆمانی "خوێنی ئەوانیتر" و "هەمووان دەمرن" باس لە کێشەی کات دەکەیت. لەم بارەیەوە کاریگەریت لە کێ وەرگرتووە. جۆیس یان فاکنەر؟**

هیچکام، تەنها کەڵکەڵەیەکی زەینی خۆمە. من هەموو دەم وشیارییەکی قووڵم هەیە بەرامبەر بە تێپەڕبوونی کات و زەمان. هەموو دەم هەستم بە پیریی کردووە، تەنانەت لە 12 ساڵیشدا لام وابوو 30 ساڵەبوون گاڵتەجاڕ و پێکەنین هێنەرە. هەموو دەم هەستم دەکرد شتێکم لەدەست داوە. لە هەمانکاتدا ئاگادارم بەرامبەر بەو شتەی بەدەستی دێنم. لە قۆناغێکی تایبەت لە ژیانم زۆر شت فێربووم، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە، بیرکردنەوە لە تێپەڕبوونی کات و ئەو راستییەی کە مەرگ تا دێت نزیك دەبێتەوە، هەموو دەم زەینمی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە. بەلای منەوە کێشەی کات پەیوەستە بە مەرگەوە، کە بێئەوەی بەدەستی خۆمان بێت تا دێت لێی نزیك دەبینەوە. پرسی سەرەکی ترس لە لەناوچوونە تا ئەو راستییەی کە هەموو شت لێك هەڵدەوەشێتەوە و سەرەنجام کۆتاییهاتنی عەشق. ئەمەش ترسێنەرە، هەرچەند وەك خۆم کێشەیەك لەوەدا نابینمەوە. هەموو دەم گرێدراوییەکی گەورە لە ژیانمدا هەبووە. هەمووکات لە پاریس ژیاوم. دەکرێت بڵێم لە هەموو گەڕەکەکانی پاریس. پەیوەندیم لەگەڵ سارتەر دەوامی زۆری بووە و ماوەیەکی زۆرە پێوەندیمان هەیە.

هاوڕێیانێکی زۆرم کۆنم هەیە کە ئێستاش سەردانم دەکەن. کەوایە بەو شێوەیە نییە هەموو دەم وێرانبوون و لێکهەڵوەشانی شتەکان ببینم و هەستیان پێ بکەم، بەپێچەوانەوە هەموو دەم پێگەی خۆم دەناسم. دەزانم ساڵانێکی زۆرم تێپەڕاندووە و ساڵانێکی زۆرم لەبەردەمدایە. ساڵەکان دەژمێرم.

**لە بەشی دووەمی بیرەوەرییەکانتدا، وێنایەك لە سارتەر دەدەیت بەدەستەوە لەکاتی نووسینی ڕۆمانی "ڕشانەوە"دا. چما سارتەر کەسێك بە وتەی خۆی "قرژاڵەکان" و دڵەڕاوکەکانی، زەینی ئەوی بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە. بەڕای خۆت ئەوکات لەو شادتر بوویت، ئەمە لەحاڵێکدا لە ڕۆمانەکانتدا مەرگ وەك سەرقاڵییەکی زەینی دەخەیتەڕوو کە لە سارتەردا نەماندیبوو.**

لەبیرتە لە وشەکانتدا چیت وتووە؟ هیچکات هەستی بە نزیکی مەرگ نەکردووە. لە حاڵێکدا هاوپۆلییەکانی لەوانە نیزان نووسەری عەدەن، عەرەبی– شەیدای مەرگ بوو. بە دەربڕینێکی تر سارتەر لای وا بوو مردنی بۆ نییە و هەمیشە دەمێنێتەوە. هەموو شتێکی لە بەرهەمە ئەدەبییەکانیدا کورت دەکردەوە بەو هیوایەی بەرهەمەکانی زیندوو بمێننەوە، لە حاڵێکدا من قەت بیر لە مانەوەی بەرهەمەکانم ناکەمەوە، لەبەر ئەوەی دوای خۆم ژیان بۆ من کۆتایی دێت. بەردەوام بیر لەوە دەکەمەوە و ئاگام لەوەیە هەموو شتە عادییەکانی ژیانم لەناودەچێت، چالاکییە ڕۆژانەکان، باوەڕ، ئەزموونەکانی رابردوو. سارتەر لای وابوو دەکرێت ژیان لەناو زنجیرەیەك لە



وشەکاندا زیندانی بکرێت و قەتیس بکرێت، بەڵام من هەموو دەم لام وایە وشەکان خودی ژیان نین، بەڵکو لاموایە خولقاندنەوەی دووبارەی ژیانە لە شتێکی مردووەوە.

**ڕاست ئەوەی دەمانەوێت باسی بکەین ئەمەیە. هەندێ کەس باس لەوە دەکەن تۆ ئەو هێزەت نییە لە ڕۆمانەکانتدا ژیان بێنیتە پێشەوە، یان بیبەیتە دواوە. ئاماژە دەدەن بە کارەکتەرەکانی ژیانت کە کۆپیکراوی کەسانی دەورووبەری خۆتن.**

چی بڵێم. ئەی خەیاڵ لە کوێدایە؟ پرسی گەیشتن بە هێزێکی گشتی لە درێژماوەدا لەئارادایە، ئەو ڕاستییانەی دەربارەی هەبوون بوونیان هەیە، دەربارەی ژیانی ڕاستەقینەی تاك. ئەو بەرهەمانەی بنەمایەکی ڕاستەقینەیان نەبێت سەرنجم بۆ لای خۆیان ڕاناکێشن، مەگەر ئەوەی تەواو زێدەڕۆیی تێداکرابێت. وەك ڕۆمانەکانی ئیلکساندر دۆما یان ڤیکتۆر هۆگۆ کە بە شێوەیەك ڕۆمانی حیماسین. من بەو چیرۆکە دەستکردانە ناڵێم چیرۆکی خەیاڵی، بەشێوەیەك بە فیڵ لێکردنیان دەزانم. ئەگەر بمەوێت بەرگریی لە خۆم بکەم دەتوانم ئاماژە بدەم بە شەڕ و ئاشتی تیۆلیستۆی، کە سەرجەم کارەکتەرەکان لە ژیانی ڕاستەقینەدا بوونیان هەیە.

**زۆرباشە، با زیاتر باسی کارەکتەرەکانت بکەین. ناوەکانیان چۆن هەڵدەبژێریت؟**

زۆر بەلامەوە گرینگ نییە. لە رۆمانی "ئەو هات بۆ ئەوەی بمێنێتەوە"دا ناوی"خاڤیەر"م هەڵبژارد، لەبەر ئەوەی کەسێکم ناسی بەو ناوە. کە بەشوێن ناودا دەگەڕێم کەڵك لە دەفتەری تەلەفۆن وەردەگرم، یان هەوڵدەدەم ناوی قوتابییەکانی پێشترم بێنمەوە یاد.

**کام لە کارەکتەرەکانت زیاتر لە هەمووان خۆش دەوێت؟**

نازانم. لام وایە زۆر هۆگری کارەکتەرەکانم نیم، زیاتر پەیوەندییەکانیانم پێخۆشە، چ ئەوەی عاشقانە بێت، یان هاورێیانە. رەخنەگرێك بەناوی "کلۆد رۆی" ئاماژەی بەم شتە دابوو.

**لە رۆمانەکانتدا کارەکتەری ژنێك دەبینین کە گومان و باوەڕە غەڵەتەکان، بەلاڕێیاندا بردووەوە خەریکە شێت دەبێت.**

زۆربەی ژنانی سەردەمی ئێمە لەمجۆرە ژنانەن. ئەو ژنانەی کە ناچارن رۆڵی شتێك بگێڕن کە نین، بۆ وێنە رۆڵی لەشفرۆشێکی دەربار، گۆڕینی کەسایەتی خۆیان. ئەو ژنانەی لەوەدایە لەباری دەروونییەوە تێك بچن. زۆر هەست بە هاوسۆزی دەکەم لەگەڵ ئەمجۆرە ژنانە. ئەم شتانە سەرنجم رادەکێشن لەچاو ئەو ژنانەی کە ژنانی ماڵن و دایکن. هەڵبەت جۆرێك لە ژنانی تر بەلامەوە سەرنجڕاکێشن. ئەوانەی کە راستگۆ و سەربەخۆن. ئەوانەی کە کار دەکەن و دەخولقێنن.

**هیچکام لە کارەکتەرەکانی تۆ بەدوور نین لە عەشق. تۆ حەزت لە نیشانە و هێمای رۆمانسیبوونە؟**



عەشق بەختەوەرییەکی گەورەیە. عەشقی راستەقینە کە زۆر دەگمەنە، مانا دەبەخشێت بە ژیانی ئەو ژن و پیاوەی کە تامی عەشقیان چێشتبێت.

**لە رۆمانەکانتدا ژنانێك دەبینین- بیر لە "فرانسوا" لە رۆمانی "ئەو هات کە بمێنێتەوە"و "ئان" لە رۆمانی "ماندارانەکان" دەکەمەوە-چێژی تەواو لە عەشق وەردەگرن.**

لەبەر ئەوەیە ژنان لە عەشقدا زیاتر لەوەی کە دەبێت ببێت وزە و توانای خۆیان سەرف دەکەن. زۆربەیان شتێکی تریان نییە سەرنجیان رابکێشێت. رەنگە لەبەر ئەوەی ژنان توانای دلۆڤانبوونیان زیاتربێت کە دەکرێت بڵێین دلۆڤانبوون بنەمای عەشقە. رەنگە لەبەر ئەوەی من ئاسانتر دەتوانم کەسایەتییەکی ژن بخولقێنم و لێی تێبگەم لەبەر ژنبوونم و خۆم بەجێی ئەو دانێم لەچاو پیاو. کەسایەتییە ژنەکانم زۆر بەهێزترن لە کەسایەتییە پیاوەکانم.

**تۆ هیچکات کەسایەتی ژنی ئازاد و سەربەخۆت نەخولقاندووە بۆ ئەوەی بەشێوەیەك تیۆری "رەگەزی دووەم" بەوێنا بکێشێت.**

من ژنان بەو شێوەیەی هەن بەوێنا دەکێشم، واتە مرۆڤێکی جێکەوتوو، نەك ئەوەی کە دەبێت ببێت.

**دوای رۆمانی دوورودرێژی "ماندارنەکان"، وازت لە چیرۆکنووسین هێنا و دەستت کرد بە نووسینی بیرەوەری، کام یەك لەو دوو فۆڕم و ستایلەت بەلاوە زیاتر پەسەندە.**

هەردووکیانم خۆشدەوێت. هەرکامەیان بەشێوەیەك مرۆڤ خۆشحاڵ دەکەن، یان وات لێدەکەن هەست بە کەمتەرخەمی و خەمساردی بکەیت.

نووسینی بیرەوەری هەستێکی خۆش دەدات بە مرۆڤ، لەبەر ئەوەی لەسەر بنەمای واقیعە، بەڵام لە روویەکی ترەوە، ئەوکاتەی رۆژ لەگەڵ رۆژ هەوڵی ئەوە دەدەیت واقیعەکان بنووسیتەوە، وەك من، بە قووڵاییەکی تایبەت دەگەیت، بە جۆرێك وەهم و مانا کە مرۆڤ لەبەرچاوی ناگرێت. نووسەر لە رۆماندا دەتوانێت ئاسۆ و سێبەرەکانی ژیانی رۆژانە وەسف بکات، بەڵام بەهەرحاڵ توخمێکی دەستکردی تێدایە کە رێگرە لە وەسفکردنیان. ئامانجی نووسەر دەبێت ئەوە بێت کە شتێك بخولقێنێت، بێ ئەوەی تەزویر بکات و شتێك لەخۆڕا بخولقێنێت. لەمێژبوو حەزم دەکرد باسی سەردەمی منداڵی و گەنجی خۆم بکەم. پەیوەندییەکی زۆر قووڵم لەگەڵ منداڵیم هەبوو، بەڵام نیشانەیەك لەو پەیوەندییە لە هیچکام لە کتێبەکانمدا نەدەبینرا. تەنانەت لە کتێبەکانمدا حەزم دەکرد زۆر دۆستانە وتووێژ بکەم، وەك چۆن لە کتێبەکەدا هەیە. پێویستییەکی زۆر سۆزداریی و تاکەکەسی بوو. دوای بیرەوەرییەکانی کچێکی رازاوە[15]، رازی نەبووم، دەبا کارێکی ترم کردبا، بەڵام نەمدەزانی. بە خۆمم وت: "بۆ ئازادی خەبات بکە". چم کرد لە ئازادی، چی بەسەرهات؟ درێژەیەکەیم نووسی کە لە تەمەنی 21 ساڵییەوە تا بە ئەمڕۆی خایاند، لە "تەمەنی کامڵبوونەوە"[16]ەوە تا "ناچاربوون"[17] بوون.

15– Memoirs of Dutiful daughter بەرگی یەکەمی بیرەوەرییەکان.

16- The prime of the life بەرگی دووەمی بیرەوەرییەکان.

17 The Force of circumstance بەرگی سێیەمی بیرەوەرییەکان.



**لە کۆبوونەوەیەکدا چەند ساڵ لەوەوپێش لە فۆرمێنتۆر کارلۆ لێڤی[18]، "تەمەنی کامڵبوون"ی بە "باشترین چیرۆکی عاشقانە سەدە" وەسف دەکات. سارتەر لەو کتێبەدا بۆ یەکەمجار وەك کەسێك دەردەکەوێت. تۆ لە کتێبەکەدا سارتەرێك وەسف دەکەیت کە هێشتا بەتەواوی نایناسیت.**

بەئەنقەست وامکرد. سارتەر نەیدەویست دەربارەی بنووسم. سەرەنجام کە بینی بەوشێوەیە قسەم کردووە، وتی ئازاد بە.

**بەڕای ئێوە سەرەڕای بیست ساڵ خۆشناوی کە سارتەر بەدەستی هێناوە، بۆچی هێشتا سارتەری نووسەر وەك خۆی خەڵك لێی تێنەگەیشتوون و رەخنەگران بە توندی هێرشی دەکەنە سەر؟**

بەهۆکاری سیاسی. سارتەر بە تەواوی ناکۆکە لەگەڵ چینی کۆمەڵایەتی خۆیدا، ئەو چینەی کۆمەڵایەتییەی کە تێیدا لەدایکبووە و سەر بەو چینە کۆمەڵایەتییەیە، کەوایە بە خیانەتکاری دەزانن، بەڵام ئەم چینە هەمان ئەو چینەیە کە پارەی هەیە، کتێب دەکڕێت. سارتەر لە دۆخێکی پاڕادۆکسیدایە. ئەو نووسەرێکی دژە بۆرژوایە کە کتێبەکانی لەلایەن بۆرژواکانەوە دەخوێندرێتەوە و ئەوان هانیدەدەن و ئەو بە دەستکەوتی خۆیان دەزانن. بۆرژوازی خاوەنی ماف مۆنۆپۆلکردنی کلتوورییە و لای وایە سارتەری زادەی ئەوە. لە هەمانکاتدا ئەم بۆرژوازییە بێزارە لە سارتەر لەبەر ئەوەی سارتەر هێرش دەکاتە سەر بۆرژوازی.

18– Carlo levi

**هێمینگوای لە وتووێژێکیدا لەگەڵ پاریس ریڤیۆ دەڵێت: "دەربارەی ئەو نووسەرانەی کە سیاسی بیردەکەنەوە، بۆئەوەی بەرهەمەکانیان بمێنێتەوە و نەمرێت، مرۆڤ بۆ ئەوەی ئەو کاتەی دەیانخوێنێتەوە بەشە سیاسییەکەیان نەخوێنێتەوە و لێیان بگوزەرێت". هەڵبەت دەزانم تۆ هاوڕا نیت لەگەڵ هێمینگوای. ئێستاش باوەڕت بە "دەربەست"بوون هەیە.**

هێمینگوای لەو نووسەرانە بوو کە هیچکات نەیدەویست دەربەست بێت. دەزانم سەرقاڵی جەنگی ناوخۆیی ئیسپانیا بوو، بەڵام هەواڵنێر بوو. هێمینگوای هیچکات لە دڵەوە دەربەست نەبوو، لەسەر ئەو باوەڕە بوو ئەوەی لە ئەدەبدا دەمێنێتەوە و نەمرە ئەوەیە، کە سەر بە مێژوویەکی تایبەت نەبێت، بە هیچ شتێك دەربەست نەبێت. من هاوڕا نیم لەگەڵ ئەم بۆچوونە. دەربارەی بەشێکی زۆر لە نووسەرەکان، پێگەی سیاسییان کاریگەری هەیە لەسەر ئەوەی خۆشم دەوێن یان خۆشم ناوێن. بەشێکی زۆر لە نووسەرانی سەردەمی پێشتر بەڕاست دەربەستانە نەیاندەنووسی. هەرچەند رەنگە کەسێك "گرێبەستی کۆمەڵایەتی رۆسۆ" بە حەزەوە وەك "دانپێدانانەکان"ی ئەو بخوێنێتەوە، هەر ئەو کەسە هیلۆئیزێکی تر[19] ناخوێنێتەوە.

---

Jolie or new helois–19 **کتێبێکی ژان ژاك رۆسۆ، کۆمەڵێك لە نامە عاشقانەکانی نێوان دوو خۆشەویست کە لە شارێکی بچووك لە پای کێوی ئاڵپ دەژیان. و–ف**



**وادیارە سەردەمی ئێگزیستانسیالیزم هەمان سەردەمی جەنگ بوو تا ساڵی 1952، لەو سەردەمەدا زۆر لایەنگری هەبوو. ئێستا "رۆمانی نوێ" باوە و نووسەرانێکی وەك "دیرۆ لارۆشێل"[20] و "رۆگێر نیمیر"[21] باون و زۆر باسیان دەکرێت.**

بەدڵنیاییەوە فەرەنسا گەڕاوەتەوە بۆ سەردەمی راستگەرایی و راستەکان لەسەر کارن. خودی "رۆمانی نوێ" کۆنسێرڤاتیزم نییە، نووسەرەکانیشی کۆنسێرڤات نین. لایەنگرانی ئەم جۆرە رۆمانە ئازادن لەوەی بڵێن دەیانەوێت پەیمانە تایبەتە بۆرژوازییەکان دەنێنە لاوە. ئەو نووسەرانەی باست کردن، ئازارێکیان نییە. بە تێپەڕبوونی کات "گلیزم" ئێمە بەرەو "پێتنیزم"[22] بەرەو دواوە دەبات. تەنها دەتوانین چاوەڕوانی ئەوە بین کە هاوپەیمانگەلێکی وەك "لارۆشێل" و دواکەوتوویەکی کۆنسێرڤاتی وەك "نیمیر" زۆر لایەنگر پەیدا نەکەن. بۆرژوازی دووبارە ماهییەت و چییەتی راستەقینەی خۆی دەخاتە روو. مەبەستم ماهییەت و چییەتی دواکەوتووانەیەتی. تەماشاکە کتێبی "وشەکان"ی سارتەر چ سەرکەوتنێکی بەدەستهێنا. دەبێت چەند خاڵێکمان لەبەرچاو بێت. ناڵێم باشترین کتێبی، رەنگە یەکێك بێت لە باشترین کتێبەکانی. بەهەرحاڵ کتێبێکی زۆر باشە، بەرهەمێکی سەرنجڕاکێشە. لەهەمانکاتدا هۆکاری وەها

---

20 - Drieu La Rogchelle

21 - Roger nimier

Petanisim –22 **لایەنگرانی مارشاڵ پێتن،، رێبەری دەوڵەتی "ویش" کە لە لایەن فەرەنساوە دانرابوو. وەرگێڕی فارسی.**

سەرکەوتنێك ئەوەیە کتێبێکی "بەرپرسانە" نییە. رەخنەگران وتیان ئەم کتێبە و رۆمانی "رشانەوە" باشترین کتێبەکانی سارتەرن. دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە "رشانەوە" لەبەرهەمە سەرەتاییەکانی سارتەرە و بەرپرسایەتی تێدا نابینرێت و چەپی و راستییەکان وەك یەك پێشوازیی لەم بەرهەمە دەکەن، بەڵام پێشوازییان لە شانۆنامەکانی نەکرد. ئەم شتەش بۆ من روویدا، بۆ بیرەوەرییەکانی کچێکی جوان. بەلای ژنانی بۆرژاوە کە گەنجێتی خۆیان تێدا دەبینییەوە، شتێکی خۆش بوو. دژایەتییەکان دوای "تەمەنی کاملبوون" دەستی پێکرد و تا "ناچاربوون" درێژەی هەبوو. ئەم گۆڕانە زۆر روون و زۆریش کوتوپڕ روویدا.

**دوایین بەشی "ناچاربوون"پەرژاوەتە سەر جەنگی ئەلجەزایر، کە وادیارە زۆر لە دیدێکی فەردییەوە بۆ ئەم شتەت روانیوە و دژی ئەم جەنگە بوویت.**

هەست و بیرەوەرییەکانم بەرامبەر بە هەموو شت سیاسی بوو، بەڵام هیچکات بەشداری چالاکی سیاسی نەبووم. سەرجەم بەشی کۆتایی "ناچاربوون" تایبەتە بە جەنگ. لە فەرەنسادا کە ئیتر کاری بەو جەنگە نییە وا دیارە شتێکی کۆنە.

**بەوەت زانیوە خەڵکیان ناچارکردووە ئەو جەنگە فەرامۆش بکات؟**

من خۆم بەشێکی زۆر لە لاپەڕەکانی ئەو کتێبەم لابرد. کە وایە تێگەیشتبووم کە ئەم قسانە کۆن دەبێت. لەلایەکی ترەوە، بەڕاست حەزم



دەکرد دەربارەی قسە بکەم، زۆرم پێ سەیرە خەڵك چۆن توانیویانە بەم شێوەیە لەبیری بکەن. فیلمی ژیانی جوان (La Bella Vie) بەرهەمی دەرهێنەری گەنج "رۆبێر ئینریکۆ"ت بینیوە؟ خەڵك تووشی شۆك بوون بۆچی جەنگی ئەلجەزایر پیشان دەدات. کلۆد مۆریاك لە فیگارۆی ئەدەبیدا نووسی: "بۆچی دەبێت ئەوە نیشان بدات سەربازەکان بە پەرەشووتەوە لە مەیدانەکانی شار دادەبەزن؟ خۆ ئەمە ژیانی راستەقینە نییە؟" بەڵام ئەمە ژیانی واقیعە. من هەموو رۆژێك ئەوانم لە پەنجەرەی ماڵەکەی سارتەرەوە لە سێن جێرمەن دەبینی. خەڵك لەبیریان چۆتەوە. خۆیان دەیانەوێت فەرامۆشی بکەن. دەیانەوێت بیرەوەرییەکانیان فەرامۆش بکەن. لەبەر ئەمەیە لەگەڵ چاوەڕوانییەکانی من ناگونجێت. لەبەر قسەکانم دەربارەی جەنگی ئەلجەزایر هێرشیان نەکردە سەرم، بەڵام بەبۆنەی ئەو قسانەوە دەربارەی مەرگ و پیری کردبووم، دژایەتییان کردم. دەربارەی جەنگی ئەلجەزایر هەموو فەرەنساییەکان ئێستا بەو قەناعەتە گەیشتوون وەها شتێك رووی نەداوە، کەس ئەشکەنجە نەدراوە، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەشکەنجەدانێك هەبا بەدڵنیاییەوە دژی دەوەستانەوە.

**لە کۆتایی بەشی "ناچاربوون" دەڵێیت: "ئێستا کە بە دوودڵییەوە چاو لەو تازە لاوە گومانکەرە دەکەم، سەرم سوور دەمێنێت چ کڵاوێکی چۆتە سەر". ئەم رستەیە لاموایە دەبێت بەهۆی ئەوەی تەعبیری جیاوازی لێبکرێت و رەنگە بەشێوەی جیاواز لێك بدرێتەوە.**

خەڵك، بەتایبەت دوژمنەکانم، هەوڵیان داوە ئەم رستەیە وەك سەرنەکەوتنی من لە ژیان تەعبیر بکەن و لێکی بدەنەوە، چ لە رووی هەڵەکردنمەوە لە سیاسەتدا، چ لەو رووەوە کە سەرەنجام بەوە گەیشتووم ژن دەبێت منداڵی هەبێت و... هەرکەس کتێبەکەمی بە وردی خوێندبێتەوە بە جوانی تێدەگات من پێچەوانەی ئەم شتەم وتووە، وتوومە من ئێرەیی بە کەس نابەم، من لەو ژیانەی کە هەمبوو، رازیم، هەموو بەڵێنەکانی خۆم بەجێهێناوە، بەمەشەوە ئەگەر بڕیار بێت جارێکی تر بژیمەوە، جۆرێکی تر ناژیم. هیچکات غەمی ئەوەم نەبووە کە منداڵم نییە، لەبەر ئەوەی ئامانج و مەبەستی من نووسین بوو.

ئەی مەبەست لە "کڵاوچوونەسەر" چییە؟ کە کەسێکی وەك من، روانینێکی ئێگزیستانسیالیستی هەبێت بۆ ژیان، پاڕادۆکسی ژیانی مرۆڤایەتی، بەلایەوە راست وەك هەوڵدان بۆ "بوون" دەردەکەوێت و لە درێژماوەدا تەنها وەك هەبوون دەردەکەوێت. کە زارەکەت لەم ژیانە هەڵدەدەیت، کە بەشێوەیەك تایبەتە بەو کاتانەی مرۆڤ گەڵاڵەیەك دادەڕێژێت، تەنانەت ئەگەر بشزانیت ناتوانیت لەو ژیانەدا سەرکەوتوو بیت. بە دەربڕینێکی تر ژیان وەك شتێکی بێ گیان، وەك ژیانی خواوەندێك (کە ئێستا ئیتر قەناعەتمان کردووە شتێکی بێ ئەگەرە)، شتێك نییە تێپەڕبووبێت، ژیان تەنها ژیانی مرۆییە. رەنگە کەسێك وەك "ئالێن" پەیدا بێت و بڵێت (چەنە ئەم شتەم پێخۆشە) کە "بەڵێنی هیچ شتێکیان پێنەداوین". ئەم قسەیە لە روویەکەوە دروستە و لە روویەکەوە دروست نییە. لەبەر ئەوەی کۆمەڵێك بەڵێن دراوە بە کوڕ و کچە بۆرژواکان کە کلتوورێکی تایبەتیان هەیە. لاموایە ئەو کەسانەی لە گەنجیدا ژیانێکی



دژواریان بووە، سالانی دواتر نالێن "کڵاو چووە سەرم"، بەڵام کە من دەڵێم کڵاو چووە سەرم. مەبەستم کچێکی حەڤدە سالانە کە نزیك بە جەنگەڵی کەستانە (فندق) بیری لە داهاتووی دەکردەوە. من هەرچیم ویستبێت کردوومە، کتێب نووسین، فێربوون، بەڵام بەمەشەوە کڵاو چۆتە سەرم، لەبەر ئەوەی هەر ئەمەیە و بەس. مالارمێ بەم شتە دەڵێت: "بۆنی خۆشی غەم کە لە دڵدا دەمێنێتەوە". درێژەکەیم لەبیر نییە. مرۆڤەکان هەموو دەم شتێکی تریان دەوێت. خاتوونێکی دکتۆری دەروونناس نامەیەکی زۆر جوانی بۆ نووسیبووم. لەو نامەیەدا نووسیبووی: "لێکۆڵینەوەکانی ئەم دواییانە ئەوە دەخاتەڕوو خواستەکانی مرۆڤ زیاترە لەو شتانەی بەدیهاتوون". واتە لە راستییدا من هەرچیم ویستبێت پێی گەیشتووم، بەڵام ئەو کاتەی بە خواستەکەم گەیشتووم، زیاتر لەو شتەم بەدەست نەهێنا کە خۆم دەمویست. کە گەنج بوو خەون و ئاواتێکم بۆ ژیان هەبوو کە سەرجەم کەسە مرۆڤە بۆرژوا گەشبینەکان، مرۆڤ بەرەو ئەو ئاراستەیە هان دەدەن و ئێستە خوێنەرەکانم تاوانبارم دەکەن بەوەی بۆ ئەو ئاوات و خەونانە هانیان نادەم. مەبەستم ئەوەیە بەداخەوە نیم بۆ ئەو کارانەی کە کردوومە. بەداخەوە نیم بۆ بیرکردنەوەکانم.

**خەڵك لەسەر ئەو باوەڕەن غەمی خودا لە بەرهەمەکانتدا شاراوەیە.**

نەخێر. من و سارتەر هەموو کات وتوومانە حەزی مرۆڤ بۆ "بوون" بەهیچ شێوەیەك گرێ نەدراوەتەوە بە ژیانەوە. ئەمە راست هەمان ئەو شتەیە کانت لە ئاستێکی رووناکبیرانەدا وتوویەتی. ئەگەر کەسێك باوەڕی بەڕووداوەکان بێت، مەبەست ئەوە نییە باوەڕی بە بوونێکی بەرز هەبێت.

ئەگەر مرۆڤ حەز بە بوون دەكات بەو مانایە نییە بە هەبوون دەگات، تەنانەت ئەگەر ئەو هەبوونە، خەیاڵێك بێت. بەهەرحاڵ هەبوون رەنگدانەوەیەكە و لەهەمانكاتدا بوونی هەیە. تێكەڵكردنی بوون و هەبوون كە شتێكی نامومكینە. بۆشاییەك لە مرۆڤدا هەیە، تەنانەت لە دەستكەوتەكانیشیدا بۆشاییەك هەیە، هەر ئەمە. من ناڵێم ئەوەی ویستوومە پێی نەگەیشتووم، بەڵكو دەڵێم بەدیهاتنی ئەوەی دەمەوێت هیچكات بەو شێوەیە نییە خەڵك بیری لێدەكەنەوە. جگەلەمە هەندێ لایەنی ساویلكانە یان لاوەكی بوونیان هەیە. خەڵك لایان وایە ئەگەر مرۆڤ لە ئاستی كۆمەڵایەتییدا سەركەوتوو بێت، دەبێت بەتەواوی لە دۆخی گشتی ژیانی مرۆڤایەتی رازیبێت، بەڵام پرسی سەرەكی ئەمە نییە.

"كڵاو چۆتە سەرم" شتێكی تر دەگەیەنێت، واتە ژیانم بوو بەهۆی ئەوەی دونیا بەو شێوەیەی هەیە بدۆزمەوە، واتە دونیای ئازار و ئەشكەنجە، دونیای برسییەتی زۆربەی خەڵك. ئەمە ئەو شتانەیە كە كاتێك منداڵبووم نەمدەزانی و كاتێك دۆزینەوەی دونیام لە زەینی خۆمدا بەوێنا كێشا، مەبەستم دۆزینەوەی شتە جوانەكان بوو. لەم رووەشەوە كلتووری بۆرژوازی هەموو دەم كڵاوی ناوەتە سەرم. هەر لەبەر ئەمەیە نامەوێت بەشداری بكەم لەوەی كڵاو بچێتە سەر ئەوانی تر، هەربۆیە وتم كڵاو چۆتە سەرم. بەكورتی، وەك ئەوەی كڵاو نەچووبێتە سەر ئەوانی تر. لە راستییدا پرسی سەرەكی پرسێكی كۆمەڵایەتییە. بەكورتی من هەموو چارەڕەشییەكانی دونیام بە وردی دۆزییەوە، دواتر تا دەهات چارەڕەشی و نەهامەتی زۆرترم دەدۆزییەوە تا ئەوكاتەی سەفەرم كرد بۆ ئەلجەزایر و زانیم من گرێدراوم بەم بەدبەختی و چارەڕەشییەوە.



**هەندێ لە خوێنەر و رەخنەگرەكان هەست دەكەن تۆ وێنایەكی رەش لە پیریی دەدەیت بە دەستەوە.**

زۆر كەس ئەو شتانەیان پێ خۆش نییە كە من باسم كردوون. لەبەر ئەوەی حەز دەكەن باوەڕ بكەن سەرجەم قۆناغەكانی ژیان دەتوانن بە شادی و خۆشی بژین، دەیانەوێت بەو باوەڕەوە بژین منداڵەكان بێ گوناهن، هەموو تازەبووك و تازەزاواكان بەختەوەرن، سەرجەم پیر و بەساڵاچووەكان ئارام و لەسەرخۆن. من بەدرێژایی تەمەنم دژ بەم جۆرە باوەڕانە وەستاومەتەوە، گومان لەوەدا نییە ئەم ساتە، كە بەلای منەوە تەمەنی پیری نییە، بەڵكو سەرەتای تەمەنی پیرییە، تەنانەت ئەگەر كەسێك هەموو پێویستییەكانی ژیانی لەبەردەستدا بێت، وەك سەرقاڵی كار، ئەم ساتە دەرخەری گۆڕانە لە ژیاندا، ئەو گۆڕانەی كە بەلەدەستدانی زۆر شت خۆی دەردەخات. ئەگەر كەسێك خۆی نیگەران نەكات بەوەی ئەو شتانە لەدەست دەدات، لەبەر ئەوەیە ئەو شتانەی خۆش نەویستووە. لام وایە ئەو كەسانەی پیری و بەساڵاچوونیان پێخۆشە و رێزی لێدەگرن، ئەو كەسانەن ژیانیان خۆش ناوێت. هەڵبەت ئەمڕۆ مرۆڤ لە فەرەنسا دەبێت بڵێت هەموو شت باشە، هەموو شت جوانە، تەنانەت مەرگیش هەر جوانە.

**بێكت، بەقوڵی هەستی دەكرد كڵاو چووەتە سەری، بێكتت زیاتر لە رۆماننووسە نوێكان خۆش ناوێت؟**

بەڵێ، زیاترم خۆش دەوێت. هەموو ئەو جۆرە هەڵسوكەوتەی لەگەڵ كات كراوە لە رۆمانی نوێدا، لە كارەكانی فاكنەردا دەیبینم. فاكنەر فێری كردن چۆن یاریی بە كات بكەن و لام وایە خۆی باشتر لە هەمووان ئەو یارییە دەكات، بەڵام دەربارەی بێكت، بەشی تاریكی ژیان بەجۆرێك بەوێنا دەكێشێت، كە جوانە.

بەمەشەوە بێکت رازی بووە بەوەی ژیان تاریکە و تەواو. منیش دەڵێم ژیان تاریکە، بەڵام بەمەشەوە عاشقی ژیانم، بەڵام ئەم باوەڕە هەموو شتێکی خراپ کردووە. ئەگەر بە گشتی دەتەوێت ئەمە بڵێیت، با بزانیت ئیتر پەنجا رێگا بۆ گێڕانەوە بوونی نییە. من لە بەشێکی زۆر لە بەرهەمەکانی بێکتدا تەنها کۆمەڵێك دووبارەکردنەوە دەبینم. ئەو دووبارەکردنەوەیە لە "لەچاوەڕوانی گۆدۆ"دا دەبیندرێت، بەڵام لاوازترە.

**بەشێکی زۆر لە نووسەرانی هاوچەرخی فەرەنسات خۆشدەوێت؟**

نە زۆر. دەستنووسی زۆرم بۆ دەنێرن، زۆربەی جارەکانیش خراپە، نیگەران دەبم و زۆرم پێ ناخۆشە. لە ئێستادا ڤیۆلێت لۆدۆك[23] دەمهەژێنێت. یەکەم کتێبی "کلکیسۆنی هیوا" ساڵی 1946 چاپ و بڵاوکرایەوە و کامۆ هەڵەچنی کرد بۆی. رەخنەگران زۆریان پێیدا هەڵدا، سارتەر و ژێنە و یۆهاندۆ[24] زۆریان خۆشدەوێت. کتێبەکەی نەفرۆشرا. بەمزووانە بایۆگرافییەکی زۆر جوانی نووسیوە بە ناوی "حەرامزادە". سەرەتای کتێبەکە لە "لەچاخی نوێدا" کە سارتەر سەرنووسەریەتی، چاپ بوو. من پێشەکییەکم بۆ نووسی، لەبەر ئەوەی لام وابوو نووسەرێکی فەرەنسی بەرەی دوای جەنگە کە لێی تینەگەیشتوون. لە ئێستادا سەرکەوتنی زۆری بەدەستهێناوە لە فەرەنسا.

**لەناو نووسەرانی هاوچەرخدا چ پلەیەك بۆ خۆت دادەنێیت؟**

جا چی بڵێم. پلەدانان یانی چی؟ دەنگەدەنگ، بێدەنگی، بەرەی داهاتوو، ژمارەی خوێنەرەکان، نەبوونی خوێنەر، گرینگی پێدان لە کاتێکی

23 - Leduc
24 - Jouhandeau



دیاریکراودا؟ لام وایە خەڵك تا ماوەیەکی زۆر کتێبەکانم بخوێننەوە. لانیکەم خوێنەری کتێبەکانم وا دەڵێن. من تا رادەیەك بەشداریم کردووە لە وەسف و بەوێنا کێشانی کێشەکانی ژنان. دەزانم، لەبەر ئەوەی نامەم بۆ دەنێرن، بەڵام دەربارەی ئاستی ئەدەبی کتێبەکانی من بە مانای رەها، بۆچوونەکانم لە هەمووان بێبەهاتر نەبوو.



# سؤزان زؤنتاط



## سۆزان زۆنتاگ

رەخنەگری هونەری، وتارنووسی، بیرمەند و رۆماننووسی ناوداری ئەمریکی کە یەکێکە لە کاریگەرترین رەخنەگر و نووسەرەکانی ئەمریکا.

سانتاگ 16ی جێنیوەری 1933 لە نیویۆرك لەدایك بوو. باوکی (جەك رۆزن بلیت) لە چین بازرگانی پێست بوو و کاتێك سۆزان لە تەمەنی 5 ساڵیدا بوو باوکی هەر لە چین بەهۆی نەخۆشی سیلەوە کۆچی دوایی کرد.

حەوت ساڵ دواتر دایکی (میلدرێد) لەگەڵ کاپیتەن ناتال زۆنتاگ زەماوەندی کرد.

سۆزان لە تووسان و ئاریزۆنا گەورە بوو و لە لۆسانجلس چووە قوتابخانەی دواناوەندیی. لە تەمەنی 15 ساڵیدا چووە زانکۆی بێرکلی کالیفۆرنیا. ساڵی دواتر خۆی گواستەوە بۆ سیتی کۆلێجی شیکاگۆ و ساڵی 1951 خوێندنی تەواو کرد.

سۆزان لە تەمەنی 17 ساڵیدا و ئەو کاتەی خوێندکاری قۆناغی دووەم بوو لەگەڵ "فیلیپ ریف" کە 28 ساڵی تەمەن بوو و کۆمەڵناسی دەوتەوە، ژیانی هاوسەری پێکهێنا. کوڕێکی لێی بوو و لە کۆتایی دەیەی 1950 لەیەك جیابوونەوە. زۆنتاگ دواتر دەیوت: "بەختم هەبوو ئەو کاتەی زۆر گەنج بووم زەماوەندم کرد و منداڵم بوو، ئیتر بەسە، ناچار نیم دووبارەی کەمەوە".

کوڕەکەی دەیڤید ریف، بە بەرهەمەکانی دایکیدا لە چاپ و بڵاوکردنەوەی "فارار، شتراوس و گیرۆکس"دا دەچۆوە و ئێستە بووە بە نووسەر.

زۆنتاگ خوێندنی لە هارڤارد تەواو کرد و ساڵی 1957 خوێندنی دکتۆرای تەواو کرد.

هەر ئەو ساڵە بەمەبەستی خوێندن بەرەو فەرەنسا رۆیشت. دواتر لە سیتی کۆلێجی نیویۆرك و سارا لۆنس فەلسەفەی دەوتەوە و ساڵی 64-1960 ببوو بە مامۆستای زانکۆ لە بەشی ئایینەکانی زانکۆی کۆلۆمبیا.



لە دەیەی 1960دا، کارکردنی لەگەڵ بڵاوکراوەی "پارتیزان ریۆیۆ" وایکرد پەیوەندی نزیکی ببێت لەگەڵ "رۆشنبیرانی نیویۆرك".

زۆنتاك لە تەمەنی سی ساڵیدا رۆمانی "The Benefactor" نووسی و بەم کارە دەستی کرد بە نووسین. لە سەرەتای دەیەی 1960دا، لە نارەزایەتییەکانی نیویۆرك، زۆنتاگ وەك ژنێکی شۆڕشگێڕی رادیکاڵی ئەمریکایی ناوی دەرکردبوو. ژنێك کە جگە لەوەی زانیارییەکی قووڵی دەربارەی کلتووری کەونارایی و مۆدێرنی ئەورووپا هەبوو، بەڵکو دەشیتوانی ئەو کلتوورە جارێکی تر لە روانگەیەکی ئەمریکاییەوە تەفسیر بکات.

ساڵی 1968 بژاردەیەك لە نووسراوەکانی بەناوی "دژی تەفسیر و وتارەکانی تر" چاپ و بڵاوبۆوە، لەو کتێبەدا زۆنتاگ رایگەیاند کە تیگەیشتن لە هونەر کاتێك مومکینە کە پەیوەندی راستەوخۆت ببێت لەگەڵی، نەك شیتەڵکردن و لێکدانەوە و روانینی رووناکبیرانە: "کاری هونەر شتێکە لەناو ژیاندا، نەك دەقێك یان شیکردنەوەی ژیان". بەم شێوەیە توانی بەرگری بکات لە جوانیناسی فاشیستی "لێنی ریفنشتاڵ" کە سەرکەوتنی ئیرادە (1935) نموونەیەکی دیاری پڕوپاگەندی نازییە. دواتر زۆنتاگ بە بۆچوونەکانی خۆیدا چووەوە و ساڵی 1974 لە وتاریکدا، دروشمی " فاشیزمی خەڵەتێنەر"ی دروستکرد. ئەم وتارە هێرش بوو بۆ سەر "ریفنشتاڵ". لە کارە گرینگەکانی تری زۆنتاگ دەتوانین باس لە کتێبی "شێوەی ئیرادەی بنەما هەڵتەکێن" بکەین، کە ساڵی 1969 چاپ

بووە و لەو کتێبەدا لێکۆڵینەوەکانی خۆی دەربارەی مادە سڕکەرەکان، پۆرنۆگراف، سینەما و هونەری مۆدێرن و مۆسیقی درێژە پێدەدات.

کتێبی دواتری دەربارەی وێنەگرتنە کە پێنج ساڵ سەرقاڵی خوێندنەوە بوو بۆ ئەو کارە. ساڵی 1978، زۆنتاگ ڕۆمانی شێرپەنجە، هەروەها کتێبی "نەخۆش وەك خوازە"یەکی چاپ کرد. ساڵی 1988 جارێکی تر بەم کتێبەدا چووەوە و ئایدز و خوازەکانی ئایدزی بەم کتێبە زیادکرد.

ساڵی 1967 دووەم ڕۆمانی زۆنتاگ بە ناوی "کەرەسەی مەرگ" چاپ کرد، کۆمەڵە چیرۆکێکی بە ناوی من و ئەوانی تر لە ساڵی 1977 و سێیەمین ڕۆمانی "عاشقی بورکان" ساڵی 1992 چاپ و بڵاوبۆوە.

ئەم ڕۆمانە بوو بە پڕفرۆشترین کتێبی ساڵ. چیرۆکی ڕۆمانەکە لە سەدەی 18دا ڕوودەدات و ڕووداوێکە لەنێوان باڵیۆزی 56 ساڵە، سێر ڤیلیان هێمێلتۆن، ژنە بیست ساڵەکەی لیدی هێمێلتۆن و لۆرد نێلسۆن ڕوو دەدات، ئەو لۆرد نیلیۆنەی بەسەر ناپلیۆندا سەرکەوت و سەرکەوتنەکەی لەبەر ژنێك بوو.

ڕۆمانی "لە ئەمریکا" لە ساڵی 199 چاپ و بڵاوبۆوە، بەپێی چیرۆکێکی ڕاستەقینە و گەڕانی ژنێك بەوێنا دەکێشێت کە دەیەوێت گۆڕان لە خۆیدا دروست بکات. ئەکتەرێك کە ساڵی 1876 لەگەڵ گرووپێکی پۆلەندایی و بنەماڵەکەی بەرەو کالیفۆرنیا سەفەر دەکات بۆ ئەوەی "یۆتۆپیا" بدۆزێتەوە. ئەم کتێبە بوو بە براوەی خەڵاتی "کتێبی نەتەوەیی" ساڵی 2000. دواتر زۆنتاگ بەوە تۆمەتبار کرا ئەم کتێبەی دزیوە، کە یەکێك لەو شتانەی دزی لێوە کردووە ڕۆمانی "ڤیلا کاتێر"ە. زۆنتاگ



وەڵامیدایەوە ئەو بەشە لە کتێبەکەی "ڕەنگدانەوەی" نووسەرەکانی ترە کە وەك کاریگەری ئەدەبی بە ئەنقەست بەکاری هێناوە.

چاپ و بڵاوبوونەوەی کۆمەڵەوتارێکی زۆنتاگ بەناوی "ئەو شوێنەی ستریس"ی هەیە، ساڵی 2001 بوو بەهۆی ئەوەی نیویۆرك تایمز، هێرش بکاتە سەر زۆنتاگ وەك "ڕۆشنبیرێکی گرینگی ئەمریکی".

زۆنتاگ بەدرێژایی ژیانی، جگە لە نووسینی وتار و کتێب، چەندین فیلمی دروستکردووە و شانۆنامەی نووسیوە و بردوویەتە سەر تەختەی شانۆ.

زۆنتاگ وەك چالاکێکی سیاسی، کاتی جەنگی ڤێتنام سەردانی هانۆیی، پایتەختی ڤێتنامی باکووری کرد کە لەلایەن ئەمریکییەکانەوە بۆمباران دەکرا.

لە کاتی گەمارۆی سێ ساڵەی سارایۆڤۆ (96-1993) چەند مانگ لەوێ مایەوە و شانۆنامەی "لە چاوەڕوانی گۆدۆ"ی لە هۆڵی شانۆی سارایۆڤۆ لە بێ کارەباییدا و لەبەر ڕووناکی مۆم بردە سەر شانۆ.

لە 24 سێپتەمبەری 2001 زۆنتاگ لە نیویۆرك تایمزدا وتارێکی نووسی دەربارەی دەرئەنجامەکانی هێرشی 11ی سێپتەمبەر کە بوو بە سەرەتایەك بۆ ناڕەزایەتی دەربڕینی نووسەرانێکی تری وەك "نوام چۆمسکی" ڕایدەگەیەنن ڕووداوی 11 سێپتەمبەر هێرشێکی "ترسنۆکان" نییە دژ بە "شارستانییەت"، یان "ئازادی"، یان "مرۆڤایەتی"، یان "دونیای ئازاد"، بەڵکو هێرشە بۆ سەر ئەوانەی بانگەشەی زلهێزبوون دەکەن لەم دونیایەدا و بەئاشکرا ئەم هێرشە دەرەنجامی هەڵسوکەوتی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانییەتی... ئەگەر بڕیارە وشەی "ترسنۆکانە" بەکار

ببرێت، ڕەنگە بۆ ئەوکەسانە باشتر بێت ئەم وشەیە بەکارببرێت کە بێ هیچ جۆرە گرێدراوێتییەك لە ئاسمانەوە مرۆڤەکان دەکوژن، نەك بۆ ئەو کەسانەی بۆ کوشتنی کەسانی تر ئامادەن خۆیان بکوژن... بەڵام بۆ ئەوەی بێلایەنی بپارێزین، دەربارەی بوێریی دەڵێم: "ئەوانەی ڕووداوی یازدەی سێپتەمبەریان خولقاند، هەرچی بن ترسنۆك نەبوون".

سۆزان زۆنتاگ لە 28ی دیسەمبەری 2004 دوای ساڵانێك دەست و پەنجە گەرمکردن لەگەڵ شێرپەنجەی خوێن، لە تەمەنی 71 ساڵیدا لە نیویۆرك کۆچی دوایی کرد.

**ئەو خەڵاتانەی بەدەستی هێنا و سەرکەوتنەکانی:**

–1990 مەك ئارتۆر فلۆشیپ.

– 2001 خەڵاتی ئۆرشەلیم.

– 2003 خەڵاتی ئاشتی "بازرگانی کتێب"ی ئەڵمانیا لە پێشانگای کتێبی فرانکفۆرت.

– 2003 خەڵاتی پرێنس ئاستۆریاس بۆ ئەدەب.

– 2004 دوو ڕۆژ دوای مەرگی، شارەوانی سارایۆڤۆ ڕایگەیاند شەقامێك لەم شارە بۆ ڕێزگرتن لە زۆنتاگ بەناوی ئەوەوە ناودەنرێت. نووسەر و مرۆڤدۆستێك کە چالاکانی لە خولقاندنی مێژووی سارایۆڤۆ و بۆسنیادا بەشداری کرد.

ئەو وتووتوێژەی دەیخوێننەوە لە لایەن ئیوانز چان، دۆکیۆمێنت ساز، شانۆنامەنووس، فیلمنامەنووس و دەرهێنەری شەپۆلی نوێی هۆنگ هۆنگی



کە نیشتەجێی نیویۆرکە، لە کۆتاییەکانی 2000دا لەژێر ناوی "دژی پۆست مۆدێرنیزم و...هتد" ئەنجامدراوە.

ڕۆژێکی هەتاوی، بەڵام نەك تاقەت پڕووکێن، لەگەڵ ئەوەی چوومە بیناکەوە سکرتێرەکەی زۆنتاگم بینی کە لە شوێنێك دەگەڕایەوە، پێکەوە سواری ئاسانسۆر (مەسعەد) بووین. کە دەرگای ئەپارتمانەکەمان کردەوە زۆنتاگ خەریکبوو بڕێك کاغەزی بەکارهاتووی دەخستە ناو سەتڵی خۆڵەوە. دواتر وتی لەوکاتەوەی نەخۆشکەوتووە ئەپەرتمانەکەی بووە بە کەلاوە

کۆن. زۆنتاگ ساڵی 1998 بۆ دووەمجار تووشی نەخۆشی شێرپەنجە بوو و ئێستە باشترە. دەڵێت: "ئەمڕۆژانە زیاتر خەریکم بۆ وتارەکانم و دەستنووسەکانم و ئەو کتێبانەی کە لەم دووساڵەدا وەرمگرتووە، جێگا دەکەمەوە". ژمارەیەک کاری دەستی و تابلۆی بە دیواردا هەڵواسیوە کە وایکردووە ئەپەرتمانەکەی برازێنێتەوە. کەوتمەوە یادی رستەیەک لە مۆنۆلۆگی ئالیس جەیمز لە شانۆنامەی زۆنتاگ، ئالیس لەناو پێخەفدا: "بە زەینم دەتوانم ببینم، دەتوانم هەموویان لە زەینمدا زیندوو رابگرم. هەمووان دەڵێن (رۆم) زۆرجوانە. تەماشای رەسمەکانم کردووە. هێڵکارییەکان، بەڵێ، پیرانزی".

لەگەڵ خۆمدا ژمارەیەک لە مانگنامەی چینی کە خوێندنەوەی بۆ دوایین کتێبەکەم (The last of Chinese) کردووە لەگەڵ خۆم هێناوە بۆ ئەوەی بیبینێت. سەرنووسەری مانگنامەکە، رەسمی بەرگی دوایین رۆمانی زۆنتاگ، "لە ئامریکادا"ی لە سەرەتای وتارەکەیدا داناوە، لەبیرمە بەلامەوە سەرنجراکێش بوو و پێم خۆش بوو، لەبەر ئەوەی زۆنتاگ شوێنپەنجەی دیارە لەسەر نووسراوەکان، فیلمسازی و بەر لەوەی نووسراوە رەخنەگرانەکانی بخوێنمەوە، وەک موریدێک، یەکەم رۆمانی زۆنتاگ "وەلی نیعمەت"، وتاری فاشیزمی فریودەر و چیرۆکی کورتی "پرۆژەیەک بۆ سەفەر بۆ چین"ی زۆنتاگم بەبێ لەبەرچاوگرتنی یاسای کۆپی رایت وەرگێڕایەوە. ساڵانێکی زۆر وەرگێڕانی کارەکانی ئەوم بە زمانی چینی لێرە و لەوێ لە هۆنگ کۆنگ، تایوان و چین دەبینی و خۆشی ئاگای لە هیچیان نەبوو.

هاورێیانێکی زۆر ناچاریان دەکردم بۆ چاپ و بڵاوکراوە چینییەکان، لەگەڵ زۆنتاگ وتووێژ بکەم و رەنگە بتوانم بەشێک لە نووسینەکانیشی



وەربگێڕمەوە بە زمانی چینی. لەبەر ئەوەی پرۆژەی کارکردن لەسەر بەرهەمەکانی زۆنتاگ لە واقیع نزیک بوو، سەرەنجام لە کۆنسێرتی تریشابراون لە شانۆیی جۆیس، خۆم پێ ناساند و ئەویش دەستبەجێ ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ ئەوەی وتووێژم لەگەڵ بکات. کاتێک دەربارەی دۆخی خراپی چاپ لە چین قسەمان کرد گرینگییەکی پێ نەدا: "خەڵک لایان وایە لەبەر ئەوەی دزی ئەدەبییە، من تووڕە دەبم، بەڵام من هاوڵاتییەکی باش نیم بۆ کۆمەڵگای سەرمایەداری. هەڵبەت پێمخۆشە پارەم پێبدەن، بەڵام پێم ناخۆشە بەدوای کەوم. من بڵاوکراوە و بریکارم هەیە، ئادرەسەکەی لە Who's who لە ناساندنەکەمدا هاتووە و هەمووان دەتوانن لە ئینتەرنێت دەستیان پێی بگات، بەڵام نا، تووڕە نیم، زیاتر لە هەموو کەس حەز دەکەم نووسینەکانم بخوێنرێتەوە".

دواتر لە پشت مێزی چێشتخانە دانیشت. لە پشت سەریەوە بەڵەکۆنێک هەبوو کە ئێوارەی هادسن و ئاسمانی مەنتەهەنی لێوە دیاربوو. زۆنتاگ پای خستە سەر مێزەکە و کورسییەکەی کرد بە "حەقلی مەقۆ" و قاوەکەی خواردەوە. دووساڵە ئێتر جگەر ناکێشێت.

**ئیوان چان– نیویۆرک– 2000**

**لە دەیەی 60ی زایینییدا تۆ یەکەم کەس بوویت هەوڵت دا پردێک دروست بکەیت لەسەر شەقڵی نێوان کلتووری سەروو و خوارەوەدا. ئێستا**

**دوای سیٚ دەیە دەبینین کە کلتووری باڵا، یان ئەو شتەی پێی دەوترێت رەسەن، لە هەموو لایەکەوە کەوتۆتە بەر هێرشی کلتووری رەشۆکی و فرەکلتووری. ئەمڕۆکە جۆرێك حەزی هونەریمان هەیە کە بە پێی روانینی هەرکەس، یان لەوجۆرە تێگەیشتنەی کە تۆ لە دوایین وتاری دژە تەفسیر (1966) بانگەوازت بۆ دەکرد، پێش دەکەوێت یان گاڵتەی پێدەکات. ئێمە ئەمڕۆکە لە چاخی تەفسیری گلۆباڵ و گشتگیردا دەژین. لەبەر ئەمەیە زۆرکەس و لەوانە خۆشم لایەنگری لە پۆست مۆدێرنیزم دەکەن. تا ئێستا وادەردەکەوێت تۆ دژی پۆست مۆدێرنیسمی و نەتهێشتووە "کەمپ" بخەنە ناو گرووپی پۆست مۆدێرنیستەکانەوە.**

هیچکات لام وا نەبوو لەسەر پردێك پیاسە دەکەم کە بەسەر شەقڵی کلتووری چینە کۆمەڵایەتییەکاندا لێدراوە. من بیٚ هیچ مەرج و کۆتوبەندێك، بیٚ هیچ دوودڵییەك و روون و ئاشکرا باوەڕم بە رەسەنییەتی کلتووری باڵا هەیە لە ئەدەب، مۆسیقا و هونەرە جوانەکان و شانۆ. هەڵبەت هەندیٚ جار هونەرە گشت پەسەندەکان و لەوانە مۆسیقام زۆر بەدڵە و چێژی لێوەردەگرم. لام وایە لەو رۆژانەدا هەوڵم ئەوە بوو لەم فرەچەشنییە و ئەوەی کە چۆن دەکرێت پێکەوە بگونجێن و دژی یەکتر نین، تێبگەم. هەروەها دەمویست بزانم فرەچەشنی یان جۆراوجۆربوونی ستانداردەکان چییە. بەهەرحاڵ بەو مانایە نەبوو کە پلە زنجیرە بڕووخێنێت، بەمانای یەکسانبوونی هەموو شتیش نەبوو. لە روویەکەوە من ئەندازەی کۆنسێرڤاتێکی کلتووری لایەنگری پلەزنجیرەی کلتووری نەریتی بووم، بەڵام من وەك ئەوان پۆلێنبەندیم بەکار نەدەهێنا... با نموونەیەکت بۆ بێنمەوە. لەبەر عاشقی دۆستۆیۆفسکیم ناتوانیت پێم بڵێیت ناتوانم عاشقی "برۆس سپیرینگستین"بم. هەڵبەت ئەگەر کەسێك پێم بڵێت لەنێوان ئەدەبی رووس و "راك ئەند رۆڵ"دا یەکیان هەڵبژێرم، بەدڵنیاییەوە ئەدەبی رووس هەڵدەبژێرم، بەڵام ناچار نیم هەڵیبژێرم. بەدەربڕینێك من هیچکات نامەوێت ئەوە بسەلمێنم کە هەردووکیان وەك یەك گرینگن، بەڵام هەموو دەم ئەزموونەکانی کەسێك و دەوڵەمەندی ئەزموونەکانی تووشی سەرسووڕمانم دەکات. کەوایە، لاموایە بەشێکی زۆر لە لێکۆڵەرە کلتوورییەکان کە دەربارەی فرەچەشنی ئەزموونیان قسە دەکەن، راست ناکەن. لەلایەکی ترەوە، زۆر شت هەیە لە کلتووری جەماوەردا کە سەرنجڕاکێش نییە بەلامەوە، بەتایبەت تەلەفزیۆن کە هەڵگری زۆر شتی سووکە کە شتێکی تایبەتم پیٚ نابەخشێت و سووك و ئاساییە. کە وایە شتێك نییە بەوەی پێی بوترێت لەسەر شقڵ پرد دروستکردن. تەنها ئەوە هەیە من لە ئەزموونەکانی خۆمدا لەو شتانەی کە پێم خۆشە، وێکچوون و بەریەککەوتنم بینیوە و هەستم کردووە گفتوگۆکان دەربارەی کلتوور، یان دژە هونەرانەیە یان رووکەشانە و داهێنەرانە.

کەوایە بەو شێوەیە نەبوو کە بوترێت ئەمە "لێرەدایە" و ئەوە "لەوێدایە"، کە وایە من دەتوانم پردێك دروست بکەم، بەڵکو ئەوە بوو من خۆم هەموو جۆرە ئەزموون و خۆشییەکم هەست پێکردووە و هەوڵم داوە تێبگەم بۆچی ئەم شتە وەهایە و چۆن دەکرێت بەم شێوەیە شعووری پلەبەندی کراو و پلەزنجیرەی بەهاکان بپارێزیت.

ئەمە ئەو شعوور و تێگەیشتنە نییە کە پێی دەڵێن پۆست مۆدێرن، ئەمە ئەو وشەیە نییە کە من بەکاری دەبەم یان لاموایە بەکەڵك دێت بەکاری ببەیت. وشەی پۆست مۆدێرن لە بیناسازییەوە دەستی پێکرد. مانایەکی روونی هەیە. قوتابخانەی باوهاوس (Bauhaus)، کۆربۆزیە (Corbusier) و تاوەرەکان، لە جوانکاری مۆدێرندا مانایەکی تایبەتیان هەیە. هەموو چەشنە مۆدێرنیسمێکی دۆگم لە بیناسازیدا بوو بە باو کە هۆکارەکەی تەنها بەها جوانیناسییەکان نەبوو، ئەم ئایدیایانە بە جیدی پشتیوانییان لێدەکرا: بەم شێوەیە بینا دروستکردن هەرزانتر بوو. بەهەرحاڵ ئەو کاتەی چەمکی پۆست مۆدێرنیان بۆ هەموو هونەرەکان بەکاربرد، شتێکی پڕزریق و بریق بوو. لە راستییدا ژمارەیەکی زۆر لەو نووسەرانەی کە پێشتر بە مۆدێرن، یان پۆست مۆدێرن ناویان لێدەبرا، ئێستا پێیان دەوترێت پۆست مۆدێرن، لەبەر ئەوەی ریسایکلین دەکەن، قسەی کەسانی تر بەکار دەهێننەوە، یان ئەو شتە بەکاردەهێنن کە پێی دەوترێت نێوان دەقێتی– بۆ وێنە بیر لە دۆناڵد بارتێلمی دەکەمەوە.

**بەڵێ، بەم شێوەیە نووسەرەکان بە پۆست مۆدێرن دەناسرێن و بە پۆست مۆدێرن ناویان لێدەبرێت، هەندێ جار دەبێت بەهۆی سەرلێشێواویی. بۆ وێنە فردریك جیمسۆن کە کارەکانیم پێخۆشە، کە وتی بێکت نووسەرێکی پۆست مۆدێرنە، سەرم سووڕما، لەحاڵێکدا من بێکت بە بەرهەمی کۆتایی مۆدێرنیزمی باڵا دەزانم.**



جیمسۆن، پسپۆڕی پێشەنگبوونە، هەوڵی دا زیاتر لە پۆلێنبەندی پۆست مۆدێرنیسم سەر دەربێنێت. یەکێك لەو هۆکارانەی کە وایکردووە من هێشتا رازی نەبووم ئەم چەمکە بەکارببەم، ئەوەیە لام وانییە جیمسۆن زۆر هۆگری هونەر بێت. بەڕاست حەزی لە هونەر نییە. تەنانەت حەزی لە ئەدەبیش نییە. ئەو هۆگری ئایدیاکانە. ئەگەر ئەدەب بەلایەوە گرینگ بایە، ئەو هەموو پشتی بە قسەکانی "نۆرمەن میلەر" (Norman miler) نەدەبەست. کە تۆ ئایدیاکانت بە هێنانەوەی قسەی هەندێ وتەی ناو رۆمانەکانت شی دەکەیتەوە، ناڕاستەخۆ بە خوێنەر ئەو هەستە دەبەخشیت کە تۆ ئەو کتێبانەت خوێندۆتەوە. من لام وایە جیمسۆن نە دەزانێت میلەر نووسەرێکی باش نییە و نە بەلایەوە گرینگە. با نموونەیەکی تر بێنمەوە، کە تایبەتە بەوکاتەی جیمسۆن بۆ تیۆریزەکردن و تیۆری خولقان، ڤانگۆگ و "وارهۆڵ" وەك یەك دەبینێت، لەبەر ئەوەی دوو کەسن کە بەکەڵکی تیۆرییەکانی دێن. ئێ، من ئیتر زۆر لەسەر ئەم شتە ناڕۆم. من لام وایە ئەو شتەی پێی دەوترێت پۆستمۆدێرن– هەموو شت وەك یەك ببینین– کە ئایدیۆلۆژیایەکی بەرزە بۆ کۆمەڵگای بەرخۆری بۆرژوازی، ئایدیای کەڵەکەبوونی سەرمایەیە. ئایدیای مۆبیلیزەکردن و رێکخستنی کۆمەڵە بۆ کڕینی بەکۆمەڵ. ئەمانە باوەڕی رەخنەگرانە نییە...

**بەمەشەوە لە وتارە دوورودرێژەکەتدا "ئایدز و خوازەکانی" (1989) تۆ ئەو ساتانەت بەم شێوەیە وەسف کردووە: "... گەڕانەوەیەکی بەرز بۆ ئەو شتەی پێی دەوترێت "نەریتەکان"، وەك گەڕانەوە بۆ روخسار و**

**وێناسازی... گەلاڵە و کەسایەتی و بەدرۆخستنەوەکانی تری مۆدێرنیزمی دژوار لە هونەرەکاندا، لەو بارەیەوە زۆر قسەکراوە.. ریالیزمێکی سێکسی نوێ کە ملکەچی دۆزینەوەی دووبارەی چێژی مۆسیقای تۆناڵە، کارێك لە سەرمایەگوزاری سیستمی بانکی و هاوسەرگیریی لە کەنیسە". من خۆم هەست دەکەم تۆ خەریکیت لەبەر خۆتەوە ستایشی پۆست مۆدێرن دەکەیت.**

بەڕاست؟ بەڕاست مەبەستم ئەمە نەبوو. لام وابوو پڕە لە خوازە.

**لام وایە بە نووسینی "عاشقی گرکان"(1992) و لە ئەمریکا(2000) گۆڕانێکت لە خۆتدا دروست کردووەو بە نووسینی رۆمانی مێژوویی دەستت گەیشتووە بە سەرچاوەیەکی نوێی وزە. لام وایە ئەم رۆمانە بکەونە ناو رۆمانە پۆست مۆدێرنەکانەوە.**

هەرچەند دوو رۆمانم نووسیوە کە لە رابردوودا روودەدەن، بەڵام ئەمانە بە رۆمانی مێژوویی نازانم. من خۆم بە کەسێك نازانم کە لە ژانرێکی تایبەت، بۆ وێنە رۆمانی پۆلیسی، رۆمانی زانستی خەیاڵی یان رۆمانی گۆتیك کار دەکات. حەز دەکەم وەك نووسەرێکی حیکایەتنووس، سەرچاوەکانم پەرە پێ بدەم. بینیم ئەو کاتەی توخمە داستانییەکانم لە رابردوودا دادەنێم، ئاسانترە. ناکرێت ئەم رۆمانانە لە سەردەمێکی تر جیاواز لە سەدەی نۆزدەیەم بنووسیت، تێکەڵەیەك لە یەکەم کەس و سێیەم کەسی بگێڕەوە و تێکەڵکردنی دەنگەکان. لام وانییە شتێکیان تێدابێت وەك گەڕانەوە بۆ دابونەریتەکان، یان گەڕانەوە بۆ "تەمسیل". رەنگە بکرێت ئەم رۆمانانە



وەك کتێبگەلێك دەربارەی سەفەر لەبەرچاو بگرین، دەربارەی ئەو خەڵکانەی لە شوێنگەلێکی نەناسراون: عاشقی گرکان، باس لە بوونی بەریتانیاییەکان دەکات لە ئیتاڵیا، "لە ئەمریکا" دەربارەی ئەو پۆڵەندایانەیە کە بەرەو ئەمریکا کۆچ دەکەن. رۆمانێکم دەست پێکردووە دەربارەی ژاپۆنییەکانە لە فەرەنسا لە سەرەتای دەیەی 1920. بەمەشەوە من نامەوێت بەرنامەیەکی تایبەت جێبەجێ بکەم، من خەریکم خۆم پەرە پێدەدەم.

**لات وایە لەم رۆمانەکانی ئەم دواییەتدا بە شێوەیەکی لێهاتووانەتر لەگەڵ توخمەکانتدا هەڵسوکەوتت کردووە، ئاخۆ "کارەکتەرەکان" بابەتێکە کە پێشتر دیاریکراوە؟**

لام وانییە "کارەکتەرەکان" شتێکی لەپێشدا دیاریکراو بێت، بەڵام هەموو دەم بە مرۆڤەکان دەست پێدەکەم. تەنانەت لە رۆمانی "وەلی نیعمەت" (1963) و "کەرەسەی مەرگ" (1967). وەلی نیعمەت ماهییەتێك و چییەتییەکی دژە خەڵکی دەدۆزێتەوە کە لە راستییدا زۆر نیهێلیستییە. نهێلیزمێکی ئارام (پێدەکەنێت). کەرەسەی مەرگ دەربارەی پیاوێکە کە خۆی دەکوژێت. ئەوکاتەی ئەم دوو رۆمانەم دەنووسی بەرەبەرە هۆگری رۆمانی مێژوویی بووم– نەك ئەوە بێت بەتایبەت گرێدرابێتەوە بەو رووداوانەی کە بوونیان هەیە و بابەتی دیاریکراوەکان– بەڵکو تەنها تێگەیشتن لە مێژوو و ئەوەی کە تێگەیشتن لە مێژووی شتێك بەڕاست چ مانایەکی هەیە، لەپشت هەر شتێکدا و لە هەر ساتێکی تایبەتدا

چ شتێك بوونی هەیە. پێشتر لام وابوو حەزم لە سیاسەتە، بەڵام دوای ئەوەی بابەتی مێژوویی زۆرم خوێندەوە، ئەم بیرۆکەیە بە مێشکمدا هات چەمکی سیاسەت زۆر رووکەشییانەیە. لە راستییدا، ئەگەر گرینگی بدەیت بە مێژوو، سیاسەت بەلاتەوە گرینگ نییە.

دوای نووسینی دوو رۆمانی یەکەمم، زۆرتر سەفەرم کرد. تا ئێستە جگە لە وڵاتانی دەوڵەمەندی ئەمریکای باکوور و ئەوروپای رۆژئاوا، سەردانی کۆمەڵێك وڵاتی ترم کردووە. بۆ وێنە باکووری ئەفریقا و مەکسیك، بەڵام ڤێتنام یەکەم وڵات بوو کە ئازاری راستەقینەم تێیدا بینی، تەنها لە دیدێکی جوانیناسانەوە چاو لەو ئەزموونانە ناکەم، بەڵکو بە جیدییەتێکی ئەخلاقییەوە دەیبینم. کەوایە ئەوە نییە لە مۆدێرنیزم دڵم کەندبێت و بێزاربم لە مۆدێرنیزم. بەلای خۆمەوە دەمەوێت بە کۆمەڵێك راستی زیاتر بگەم، بە کەرەسەی مۆدێرنیزم بپەرژێمە سەر ئازاری راستەقینە و دونیایەکی بەربلاوتر و سنوورەکانی نارسیسیزم و خۆبەزلزانی بشکێنم.

**ئاخۆ دەور و نەخشی کاوالیە لە رۆمانی "عاشقی گرکان" خوێندنەوە نییە دەربارەی سروشتێکی تاڵی مالیخولیایی کە دەگەڕێتەوە بۆ رۆمانە "خۆبە بەسەنتەرزانینەکان"ی سەرەتا؟ دەزانین ئەو خود وشیارییەت لە شوێنێکی بەربلاوتر و لە رەوتێکی مێژووییدا جێ کردۆتەوە و لایەنێکی شانۆییت پێداوە.**



لام وایە سەرجەم کارەکانم لەژێر کاریگەری ئەستێرەی زوحەلدایە، مالیخۆلیا، لانیکەم تا ئێستە بەو شێوەیە بووە. لام وایە بۆ هەمیشە بەم شێوە نامێنێتەوە.

**نەتگوتبوو رۆمانە سەرەتاییەکانت زۆر خۆش ناوێت؟**

من هەموو شتێکی گەمژانە کە پێت خۆش بێت وتوومە (پێدەکەنێت). جارێکیان لۆئیس بۆنۆئێل وتی حەز دەکات رۆمانی "کەرەسەکانی مەرگ" بکات بە فیلم. فیلمێکی زۆر باشی لێدەردەهات.

**ماوەیەك لەوەوپێش دوای بیست ساڵ رۆمانی "وەلی نیعمەت"م خوێندەوە. یەکەم کتێبی تۆ بوو کە خوێندبوومەوە تا ئێستاش بەلامەوە ناباوترین و درەوشاوترین رۆمانێکە کە خوێندبێتمەوە. سەرەتا بەرێکەوت رۆمانەکەم بینی. لە هۆنگ هۆنگ دەژیام، زۆر دووربووم لە ئەدەبی هاوچەرخ، بە شێوەیەکی کوتوپڕ و بەرێکەوت دەستم کرد بە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی "هانا ئارێنت". لە شوێنێك دیتم وەسفی رۆمانی "وەلی نیعمەت" دەکات. تاریفی رەسەنییەتی تۆی کردبوو و تواناکانی تۆی لە دروستکردنی چیرۆك لە خەون و خەیاڵەوە پەسەند کردبوو. لام وایە ئەو شتەی بەلای هانائارێنتەوە سەرنجڕاکێش بوو، ئەو شتەیە کە پێی دەڵێت: "تاقیکردنەوەی فیکری". من هەروەها سەرنجم بۆ ئەوە راکێشرا "وەلی نیعمەت" تا چەند کەڵکەڵەکانی تۆی گرتۆتە خۆی. یەکەم ئەوەی چیرۆکەکە دژە تەفسیرە. هیپۆلیت ئەو کەسەیە نایەوێت چیرۆکەکانی لە**

**ڕێگای خەونەکانییەوە تەعبیر بکات، بەڵکو دەیەوێت لە لای خەونەکانیدا و لەم ڕێگایەوە کار بکات.**

بەڵێ، ئەوەی کە وەلی نیعمەت هەڵگری پەیام و ناوەڕۆکی سەرجەم بەرهەمەکانی منە راست دەکەیت. ئەگەر وەرەقەت بەدەستەوەیە و یاریی دەکەیت، زۆرم پێ سەیرە ئەگەر بە چاوی نوقاوەوە ئەم کارە بکەیت و دواتر لە نیوەی ڕێگای تەمەنتدا بەڕاست چاو لە وەرەقەکان بکەیت و بزانیت چیت بە دەستەوەیە. هەرچەند ماوە جارێك چاوێك بە بەرهەمەکانما دەخشێنم بۆ ئەوەی بزانم چۆن لەگەڵ یەك دەگونجێن و چ جۆرە پێوەندییەکیان هەیە. بۆ وێنە ئەو وتارەی دەربارەی نەخۆشی نووسیم– نەخۆشی وەك خوازەیەك و ئاید و خوازەکانی– ئەوەش بە شێوەیەك دژە تەفسیرە. نەخۆش بوون تەفسیر مەکەن، نەخۆش بوون تەنها نەخۆشبوونە و بەس. بە ئەفسانە و وەهمەوە جوانکاری تێدا مەکەن...

**لە (وەلی نیعمەت)دا نووسیوتە: "لە تێگەیشتن و شعووری مۆدێرندا هیچ شتێك بێزارکەرتر لە هەوڵدانی بۆ پاساوهێنانەوە و هەموو دەم شتێك بە جێگای شتێکی تر دانان نییە".**

ئەمەم لەبیرچووبۆوە. هەمووی ئەو کات لە ڕووی ناوشیارییەوە نووسیومە، چۆن بمزانییا کە چیم دەزانی؟ کە دەستم کرد بە نووسینی (وەلی نیعمەت)، نەمدەزانی چی دەکەم، بە پێچەوانەی نووسراوەکانی پێشترم کە بەرلەوەی دەست بکەم بە نووسین بیرم لە ڕوانگە



سەرەکییەکان دەکردەوە. لەو کتێبەدا ئەوەی راستی بێت رستە بە رستە دەچووومە پێش، نەمدەزانی چی پێدێت و چۆن کۆتایی دێت، بەڵام لە هەمانکاتیشدا نووسین ئاسان بوو. وەك ئەوەی ئەو شتانە لە شوێنێك بێت و کاری من ئەوە بێت هەڵیانگرم و بیانخەمە ناو کتێبەکەوە. چەند دانە لە خەونەکان رەنگدانەوەی خەونەکانی خۆمن، بەڵام بەشێکی زۆریانم لە خۆمەوە دروستکردووە و خولقاندووە.

**رەخنەگرێك لای وایە هیپۆلیت و ژان ژاك، لە ڕووی ئارتۆ و ژانەوە خولقێنراون.**

بۆ ژان ژاك تا رادەیەك ئیلهامم لە ژانە وەرگرتووە، واتە وێنایەك لە ژانە، بەڵام بۆ هیپۆلیت؟ بیرم لە کەسێکی تایبەت نەدەکردەوە.

**ئەم تەنزەی دەستپێکی "وەلی نیعمەت" منی بەشوێن خۆیدا راکێشا. (Je reve done je suis!)[25] رەنگە لەبەر ئەوەی چینیم و هەموو چینییەك چیرۆکی پیاو پەپوولەی "چانگ تێسۆ" دەزانێت، ئەو پیاوەی خەوی بینیوە بووە بە پەپوولە. کە لە خەو هەڵدەستێت لە خۆی دەپرسێت نەکا بەڕاست پەپوولەیەك بێت کە بووە بە مرۆڤ. تێگەیشتووم کە "وەلی نیعمەت" تا چەندە لەژێر کاریگەری وتارێك دەربارەی شانۆیی بووکەڵەیی کلایست[26]دایە، لەبەر ئەوەی سەفەر وا لە هیپۆلیت دەکات بۆ ئارامش و هاوسەنگی بگەڕێت.**

---

25– من خەو دەبینم کە وایە هەم.

26– Kleist

دەربارەی کلایست تۆ راست دەکەیت. وتاری کلایستم کاتێک خوێندەوە کە گەنج بووم و تازە دەستم دەکرد بە کارکردن. بەهەرحاڵ بابەتی سەرەکی ئەوەیە تۆ دەبێت لە شوێنێکی زۆر قووڵەوە دەست پێ بکەیت و بنووسیت. ئەم شتانە وەك وتارەکەی کلایست، بە قووڵاییەکاندا رۆ دەچێت و دواتر دەزانیت کە دەتوانی بنووسیت. زۆر کەس لێم دەپرسێت بۆچی چیرۆك، یان شانۆنامە دەربارەی گەمارۆی سارایۆڤۆ نانووسم. لە وەڵامدا ئەڵێم هەست دەکەم ئەزموون ناڕواتە قووڵترین شوێنێك کە دەبێت بڕوات.

**لە پەرچەکردار بە بەشداری سیاسیتان لە سارایۆڤۆ، بە نمایشکردنی لە چاوەڕوانی گۆدۆدا، ژان بۆدریار وتبووی: "تەنانەت ئەگەر رۆشنبیریش مابێتەوە، من هاوڕا نیم لەگەڵ ئەو روناکبیرانەی کە خۆیان بە بەرپرس دەزانن بەرامبەر بە "شتێك" و شانازی بەوەوە دەکەن کە جۆرێك ویژانی گشتی تێیاندا رەنگیداوەتەوە. ئەم شتانە هەموو دەم وەك مافێکی تایبەتی روناکبیران بووە... سووژەیەکی وەك سۆزان زۆنتاگ ئیتر نابێتەوە، تانەت بە شێوەیەکی سیمبۆلیك، بەڵام جارێکی تر دەیلێمەوە ئەمە وشیاری پێشتر یان تێگەیشتن نییە". پەرچەکرداری تۆ بەرامبەر بەو وتەیەی دەربارەی "مافی تایبەتی روناکبیران" و هەروەها دەربارەی راگەیاندنی بە رواڵەت تێگەیشتنی دەربارەی سەردەمی ئێمە چییە؟**

بۆدریار گەمژەیەکی سیاسییە. رەنگە گەمژەیەکی شەریفیش بێت. ئەگەر بە درێژایی تەمەنم بە مێشکمدا هاتبێت رۆڵی روناکبیری خەڵکی



بگێڕم، ئەو ئەزموونانەم لە سارایۆڤۆ بە شێوەیەك دەرمان بوو بۆم. من بۆ ئەوە نەچوومە سارایۆڤۆ کە لە چاوەڕوانی گۆدۆدا نمایش بکەم. مەگەر شێت بم بەو شێوەیە بیر بکەمەوە. من چوومە سارایۆڤۆ لەبەر ئەوەی کوڕە رۆژنامەنووسەکەم کە ئەرکی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی جەنگی گرتبووە ئەستۆ، پێشنیاری پێکردم ئەو سەفەرە بکەم. کە بۆ یەکەمجار لە ئاپریلی 1993 چوومە ئەوێ، بە خەڵکم گوت حەز دەکەم بگەڕێمەوە بۆ ئەوێ و لەو شارە گەمارۆدراوەدا کار بکەم. لێیان پرسیم چیم لەدەست دێت لەوێ و دەتوانم چی بکەم. وتم: من دەزانم تایپ بکەم، دەتوانم کارە سەرەتاییەکانی دەواو دەرمان بکەم، دەتوانم وانەی ئینگلیزی بڵێمەوە و دەزانم چۆن فیلم دروست دەکرێت و دەتوانم دەرهێنەری شانۆ بم. وتیان: "ئێ، چ باش! بەڕاست دەتوانیت دەرهێنەری بکەیت؟ ئێرە ئەکتەری زۆری لێیە و هیچ کارێکیان نییە". لە چاوەڕوانی گۆدۆدم بە راوێژی کۆمەڵی شانۆی سارایۆڤۆ هەڵبژارد. بابەتی سەرەکی ئەوەیە خەڵك داوایان لێکردم ئەو شانۆیە نمایش بکەم. لەوێ لە خەڵکی سارایۆڤۆوە فێربووم چۆن دەکرێت تا رادەیەك بەکەڵك بێم و ئەمە ئەنجامی کارەکەم بوو.

پێوەندی بە "مافی تایبەتی روناکبیران"ەوە نییە. من بە مەبەستی بەشداری و دەستێوەردانی سیاسی سەردانی سارایۆڤۆم نەکرد. ئەگەر حەزێکم هەبوو بەوەی بچمە ئەوێ، ئەخلاقی بوو، نەك سیاسی. من ئەگەر یارمەتی نەخۆشەکانم دەدا لە چەرخدا دانیشن، خۆم خۆشحاڵ دەبووم. بە مەترسی خستنی گیانی خۆم لە دۆخە تاڵ و پڕمەترسییەدا، بۆم دەرکەوت دەربەستم بەرامبەر بە شتێك. بە درێژایی رۆژ و حەفتە و مانگ، بۆمب

دەتەقییەوە، فیشەکەکان لای سەرمەوە ویزەیان دەهات... خواردن نەبوو، کارەبا نەبوو، ئاوی خاوێن نەبوو، فەرمانگەی پۆستە و گەیاندن نەبوو، تەلەفۆن نەبوو. ئەمە شتێکی "سیمبۆلیك" نییە، واقیعی تەواوە. خەڵك لایان وایە من ماوەیەك چوومە ئەوێ بۆ ئەوەی شانۆیەك نمایش بکەم. با بزانیت من یەکەمجار ئاپریلی 1993 چوومە سارایۆڤۆ و تا کۆتایی 1995 بەزۆری لەوێ بووم، دەکاتە ساڵ و نیوێك. نمایشی شانۆکە تەنها 2 مانگی خایاند. گومانم هەیە بۆدریار بزانێت چەنە لە سارایۆڤۆ بووم. من بێرنارد هێنری لۆئی نیم کە بڕۆم و دۆکیۆمێنتی بۆسنا دروست بکەم. لە فەڕەنسا پێیان دەگوت BHL، لە سارایۆڤۆ پێیان دەگوت (Deux Heures a sarajev)DHS، واتە دوو کاتژمێر لە سارایۆڤۆ. بە فڕۆکەیەکی سەربازیی فەڕەنسا ڕۆژێك بەیانی هاتە ئەوێ و دوای نیوەڕۆش ڕۆیشت. فیلمەکەیان پارچە پارچە لەگەڵ خۆیان بردە پاریس، وتووێژێکی میترانیان پێ زیادکرد و ئێدێتیان کرد و دەنگیان لەسەر دانا. کاتێك کە جۆن بایز (joan baez) بۆ 24 کاتژمێر هاتە ئەوێ، پێی نەنایە سەر زەوی. بە تانکی فەڕەنسایی کە سەربازەکان بەدرێژایی ئەو ماوەیە دەوریان دابوو، بەملاو ئەولادا چوو. بەڵێ، هەندێ کەس لە سارایۆڤۆ ئەم کارەیان کرد.

**قەت بە بۆدریارت وتووە "نهێلیستی فێڵەباز"؟**

گومانم هەیە. لام وا نییە پێم گوتبێت نهێلیست. لام وایە ئەو گەمژەو کەلبی مەسلەك (Cynicism)ە. بەدڵنیاییەوە هەندێ بۆچوون هەیە دەربارەی رووناکبیران. رووناکبیران، رووناکبیران زۆربەیان شوێنکەوتوون، بەڵام هەندێکیان بوێرن، زۆر بوێرن، بەڵام پۆست مۆدێرنیسم بە چ کەڵکێکی رووناکبیران دێت. خەڵك چۆن ئەم زاراوانە لە خۆیان دوور دەخەنەوە لەبری ئەوە چاو لە واقیع بکەن! من عاشق و شەیدای ئاڵۆزیی و رێزگرتن لە واقیعم. حەزم لەوەیە لە بنەچەناسی (Genealogy) تێبگەم. من ئەگەر دژە تەفسیرم، بەو مانایە نییە سەرجەم بیرکردنەوەکان تەفسیرە. من بەڕاست دژی دابەزاندنی تەفسیرم، جێگۆڕکێی رووکەشییانە و دروستکردنی هاوواتای بێبەها.

**بەمەشەوە، بە چاوخشاندنێك بەسەر وێنەگریدا (1997)، دەکرێت کتێبەکەت بە پێشەنگێکی پۆستمۆدێرنیسم بزانین. بۆ وێنە وتووتە حەز و روانینی وێنەگری دەبێت بەهۆی دامەزرانی دیمۆکراسی، هاوسەنگیی دروست دەکات، ئەو توانایییەی هەیە جیاوازی نێوان روانینی سەلیقەی خراپ و باش نەهێڵێت. وێنەگری یان کلتووری وێنەکان، کارەسات و نەهامەتییەکان بە شێوەیەکی جوانیناسانە نمایش دەکات. دونیاکەمان پارچە پارچە دەکات، واقیع دەخاتە جێی (ناواقیع) و چەمکی چارەنووس دەوروژێنێت: "لە دونیای وێنەدا، ئەوەی هەیە روویداوە، لەوێدا بۆ هەمیشە و بە هەمان شێوەی روویداوە". (ئەم رادەربڕینە هێمایەکە لەو شتانەی ویریلیۆ دەیبینێت. بەم شێوەیە کە بەجێی رابردوو، ئێستاو داهاتووەکانمان (Rewind, play, fast forward) گرتۆتەوە. وێنای مرۆڤی مۆدێرن/پۆست مۆدێرن، ئەوانەی کە بە ریمۆند کۆنترۆڵێك،**

**نابن بە مۆدێل). بەلای تۆوە وێنەگری لوتکەی مۆدێرنیزم و چارەڕەشییەکەیەتی؟**

بەڵێ، لاموایە، بەڵام ئێستاش دەیڵێمەوە بە پێویستی نازانم چەمکی پۆستمۆدێرن بەکار ببەم، بەڵام لاشم وانییە کە دونیا لە وێنەیەکدا ببینین (هاوسەنگی)یەکی باش بێت. لە هەمانکاتدا ئەنجامی بینینی بەڵاکان و شتە ترسێنەرەکان لە ڕێگای وێنەکانەوە تووشی سەرسووڕمانم دەکات. ئاخۆ دەبێت بەهۆی حەیرانبوونمان؟ وامان لێدەکات خوو بە هەندێ شت بگرین؟ بەهای شۆک لەناو دەچێت؟ نازانم. دواتر جیاوازی زۆر هەیە لەنێوان وێنا نەگۆڕ و وێنە جووڵەدارەکاندا. وێنە جووڵەدارەکان زۆر بەهێزن لەبەر ئەوەی نازانیت جووڵەکەیان تا کوێ دەچێت. لە دواین وتاری کتێبی "دەربارەی وێنەگری" دەربارەی ئەزموونم لە تەماشاکردنی نەشتەرگەری لە ڕێگای بێهۆشکردنەوە بە دەرزی ئاژنەوە (**گب سوزنی**) قسەم کردووە. من بینیم بەشێکی زۆر لە گەدەی کەسێکیان بەهۆی برینێکی گەورەوە بڕی. دیاربوو بێهۆشکردن لە ڕێگای دەرزی ئاژنەوە کاریگەر بوو. نەخۆش چاوەکانی کراوە بوو، قسەی دەکرد و بە قەسەب (نەی) شلەیەکی دەخوارد. کڵاونانە سەر و فێڵ نەبوو، بەڕاستی نەشتەرگەری دەکرا. دکتۆر دەیگوت ئەمجۆرە بێهۆشکردنە لەسەر جسم کاریگەری هەیە، بەڵام بۆ دەست و پێ باش نییە. لە هەندێ لە نەخۆشەکانیشدا هیچ کاریگەرییەکی نییە، بەڵام بۆ ئەو کەسەی من بینیم کاریگەر بوو. من بێ ئەوەی پشتی لێ بکەم نەشتەرگەرییەکەم بەچاو بینی. بڕین و دڕینی سک، برینی گەورەی گەدە. یەکەم نەشتەرگەریی بوو کە بە چاوی خۆم دەمبینی، لام وابوو



دژوارە بۆم چاوی لێ بکەم، بەڵام وا نەبوو. شەش مانگ دواتر لە سینەمایەك لە پاریس، فیلمی چینی ئانتۆنیۆنی، چانگ کۆم بینی. دیمەنێکی تێدایە کە سێزاریەن لە ڕێگای دەرزی ئاژنەوە نیشان دەدات. ئەو کاتەی سکی ژنە سکپڕەکەیان بڕی، نەمدەتوانی تەماشای بکەم. چەنە سەیربوو! نەمدەتوانی تماشای ئەو دیمەنە بکەم، بەڵام بە واقیع و بەچاوی خۆم توانیبووم بیبینم، زۆر سەیرە. لە کلتووری دیمەنێکدا، ئەوەی پەروەردە دەکرێت، هەموو جۆرە مەتەڵێك بوونی هەیە.

**هەندێ لە شوومترین پێشبینییەکانت دەربارەی وێنەگری بووە بە واقیع. بۆ وێنە وێنەگری– لە دوایین قۆناغیدا لە ڕێگای تەکنۆلۆژیای دیجیتاڵەوە– بەدڵنیاییەوە بەسەر هونەردا زاڵ دەبێت. تەلەفزیۆن، هۆلیوود و نووسینگەکانی شادی و خۆشی هەموو شت دەگرنە دەست. کە جگە لە شتەکانی تر دەبێت بە گرینگترین فۆڕمی هونەری مۆدێرن. ئەو شتەی کە تۆ وەك "دەیەی سینەما" نای لێدەبەیت. ژان لۆك گۆدار ماوەیەك لەوەوپێش وتی ئەو سینەمایەی من دەمناسی تەواو بووە.**

ئەو سینەمایەی ئەو دەیناسی بەڕاست تەواو بووە. دڵنیابە بە کۆمەڵێك هۆکار لەوانە تێکشکانی سیستمی بڵاوکردنەوە. من دەبوایە هەشت ساڵ چاوەڕوان بام بۆ ئەوەی فیلمی (Smoking/No smoking)ی ئالێن ڕێنە[27] لە سەنتەری لینکۆڵن ببینم. ڕێنە لە سەرەتای دەیەی 1990 فیلمەکانی دروستکرد، بەڵام هیچکام لەو فیلمانە لە دەیەی ڕابردوودا لێرە

27– Alen Resnais

(له ئەمریکا) بڵاو نەبوونەوە. ئێمە خەریکین دەستچنێکی زۆر بچووکتر لێرە لە نیویۆرك، کە وا دیارە شوێنێکی باشە بۆ فیلم دیتن، کۆ دەکەینەوە... بە دەربڕینێکی تر ئەگەر تاقەتی قەتعی بچووکت هەیە- من کێشەم هەیە لەگەڵ وێنەی مینیاتۆریدا- دەتوانیت هەموو مێژووی سینەما لێرە ببینیت و بەدڵی خۆت دانیشیت و تەماشای بکەیت و پێویست بە سیستمی بڵاوکردنەوە ناکات.

من لام وایە گەورەترین کێشەی سینەما بەر لە هەر شتێکێت رووخان و تێکشکانی کلتوورییە. سەلیقەکان تێکچوون، زۆر کەم دەتوانیت دەرهێنەرێك ببینیت حەز بکات بیرۆکە و هەستە پڕنێوەرۆکەکان بەکاربیات. لەبەر هەندێ هۆکار، ئەو فیلمانەی کە من بەدڵمە زۆرتر هی ئەو بەشە لە دونیایە کە سەرمایەی کەمتری هەیە، ئەو شوێنەی کە بەهای بازرگانی هەموو شتی کۆنترۆڵ نەکردووە. بۆ وێنە من لام وایە ئەوەی خەڵك زۆر فیلمەکانی "کیارۆستەمی"یان بەدڵە، لەبەر ئەوەی ئەو مرۆڤگەلێك نمایش دەکات کە بە تەواوی بێتاوانن و لەم دونیایەدا کە توانج و تانە تا دێت زیاتر دەبێت، توانج ناگرێت. لەمڕووەوە لام وا نییە سینەمای تەواو بووبێت.

**دەوترێت لە وەستانێکی گەورەدا کە کەوتە ناو دوو تاقم لە رۆمانەکانت، لە چیرۆکنووسییەوە رووت هێنایە فیلم دروستکردن (فیلمەکانی سۆزان زۆنتاگ بریتین لە شانۆنامەی دوو ئەکتەری بۆ هاورەگەز خوازەکان**



**(1969) برای کارێل (1971) سەرزەمینی بەڵێندراو (1974) و سەفەری بێ ڕێنوێن (1983).**

رەنگە وابێت، بەڵام من مۆدێل و سەرچەشنی پێشەیی کەڵکوەرگرتنم نییە. لاشم وا نییە مرۆڤ تا کتێبێکی تەواو نەکردووە دەست نەکات بە کتێبێکی تر. من حەز دەکەم ئەو کتێبانە بنووسم کە ناتوانم نەیانووسم.

**پرسیارێکی تر دەربارەی "وەلی نیعمەت" و پیشەی نووسینی تۆ، لەبەر ئەوەی یەکەم رۆمانەکەت بە تایبەت لە بەر تیشکی تەمەنێك پەیوەندی لەگەڵ تەفسیر، فرۆیدناسی و... هتد، وا دیارە شتێکی سەرنجڕاکێشە. هانا ئارێنت بێزارە لە دەروونشیکاری، لەبەر ئەوەی تێگەیشتنی ئەو لە ئازادیی مرۆڤ دەکات بە شتێکی بێ بنەما. رستەیەك لە رۆمانی "وەلی نیعمەت" دەهێنمەوە: "تەنها کەسێك دەبێت بڵێت ئەوی تر ئازادە کە خۆی بەڕاستی ئازادبێت. من تەنها دەتوانم بە خەونەکانم بڵێم ئازادن، بۆ خۆیانن، بۆ ئەوەی لە دەستیان رزگارم بێت. لانیکەم تا ئەو ئاستە ئازاد بم کە مرۆڤێك مافی ئازادبوونی هەیە". من رەنگدانەوەی ئەم بۆچوونە لە وتارەکەتاندا دەربارەی بارت (Barthes) خودی نووسین، دەبینم. لەو وتارەدا تۆ دانت ناوە بە "بەکارهێنانی خودوشیاری وەك بەرزترین ئامانجی مرۆڤ- لەبەر ئەوەی تەنها لە رێگای وشیاری تەواوەوەیە کەسێك دەتوانێت ئازاد بێت". لەبەر ئەوەی هەست دەکەم ئامانجی خودوشیاری کە رێزی لێدەگرین، زیاتر لە چیرۆکنووسیدا کەڵکت لێوەرگرتووە لەچاو وتارنووسین؟**

بەڵێ، ئەوکاتەی چیرۆك دەنووسم، هەست دەكەم زیاتر ئازادم. وەك ئەوەی دەنووسم و زیاتر لەو بابەتە نزیك دەبمەوە كە بەلامەوە گرینگی هەیە. مەبەست ئەوەیە هەمدیسان روونتربێتەوە و دەبێت واقیع زیاتر لە هەركاتێك وەربگرین و خۆمان بۆ وەرگرتنی واقیع ئامادە بكەین.

**قبووڵ دەكەیت كە لە كارەكانتدا حەزێكی دژە دەروونناسی دەبیندرێت، ئاخۆ ئەمە هەمان ئەو شێوەكارە جوانیناسی، فەرمی و مۆدێرنیستە نییە كە تاڕادەیەكی زۆر لە رۆمانی نوێی فەڕەنساوە سەرچاوە دەگرێت، یان هەڵوێستی ئەخلاقی و فەلسەفی تۆ لەپێوەند لەگەڵ دۆخی ئینسانی؟**

لام وانییە دژە دەروونناسی بم. زۆرتر دژە ئۆتۆبیۆگرافیم. رەنگە شتێك بووبێت بەهۆی سەرلێشێوان. لام وانییە شتێكی وەهام لەو شتەی پێی دەوترێت رۆمانی نوێی فەڕنسا وەرگرتبێت. هیچكات خۆشم لێیان نەهاتووە. لام وابوو "سەرنجڕاكێش"ن، كە ئەمە جۆرێك پێناسەیە بۆ ئەو قسانەی كە بێ بنەما و فریوەدەرانەن. حەز دەكەم بڵێم خۆم لەم شتانە رزگار كردووە.

**دەوترێت دوو رۆمانت واز لێ هێناوە.**

داوای لێبووردن دەكەم، سێ رۆمان. 50–60 لاپەڕەم نووسی و ئیتر نەمتوانی درێژەی پێ بدەم. ئەگەر دەگەیشتمە لاپەڕەی 100 دەمتوانی تەواوی بكەم.



**نەتویستووە فیلمێك لەسەر بنەمای یەكەم رۆمانی (سیمۆن دی بۆڤار) میوان، ئەو هات بمێنێتەوە، دروست بكەیت؟**

بۆچی نا. هەموو فیلمنامەكەشم نووسیبوو. بڕیاربوو تێچووەكەی سیمۆدی بۆڤار بیدات، لە شوێنێكیشەوە پشتیوانییەكی كەمی ماددیشم پەیدا كرد، بەڵام لە شوێنێكدا، باوەڕی خۆم بە فیلمنامە یان فیلم یان بابەتەكە لەدەست دا– لەبیرم نییە كامیان. ئیتر لەسەر ئەو باوەڕە نەبووم كارێكی باش دەردەچێت.

**ماڵئاواییت لەگەڵ دەرهێنانی فیلم كردووە؟**

سینەما عەشقی ژیانی من بووە. لە قۆناغێك لە ژیانمدا هەموو رۆژێك سەردانی سینەمام كردووە، هەندێجاریش لە رۆژێكدا دوو فیلمم بینیوە. بێرسۆن و گۆدار و سایبربێرگ و لەم دواییانەشدا سۆكۆرۆف، زۆر بەلامەوە گرینگ بوون. نا من ماڵئاواییم لەگەڵ دەرهێنان نەكردووە. حەز ناكەم كتێبەكانی خۆم بكەم بە فیلم، بەڵام شتی تر رەنگە، بۆچی نا، حەز دەكەم جارێكی تر فیلم دروست بكەم.

**لە وتارێك لە ساڵی 1995 دەربارەی وی جینگ شنگ (On wei jingsheng) پرسەت گێڕا بۆ "لەناوچوونی ئەخلاقی گشتی و ستانداردە سیاسییەكانی بەها گەشبینەكانی سەدەی پێشتر" كە دەربارەی چین، ئەوەی دەبیندرێت بێبەرییبوونە لە ستانداردەكانی مافی مرۆڤ. لام وایە بەم وتارە و وتاری ساڵی 1984 "ئامانجە لەچوارچێوەگیراوەكان" راستەوخۆ**

**دڵی لەمپەرە سیاسییەکانی دوای جەنگی سارد و دوای چاخی ئایدیۆلۆژیت کردۆتە ئامانج. وتووتە لە هەموو دونیا، روانگەی غرووورئامێزی بۆرژوازی دەربارەی "بەرتەسککردنەوەی بەردەوامی چالاکییە ئابوورییە پڕداهاتەکان" بووە بەهۆی هاندانی دیکتاتۆرییەت.**

بە مەبەستی مانەوە پێت دەڵێم: من ئەمانەم نەنووسی. ئەمانە قسەی منە لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەنووسی لە نیویۆرک ئەو کاتەی "وی" دەستگیر کرا و ئۆرویل شێل کۆنفرانسەکەی رێکخستبوو، کە سەنتەری "لێکدانەوەی کتێبی نیویۆرک" ئەو شتانەی زۆر بە وردی هەڵگرتووە. چەند رۆژ دواتر بیستم بڕیار وایە بۆچوونەکانم چاپ بێت. لە "لێکدانەوەی کتێبی نیویۆرک"ەوە تەلەفۆنیان بۆ کردم. وتیان رەشنووسی "پارچەیەک دەربارەی چین"ی خۆمیان بە پۆست بۆ ناردەم (پێدەکەنێت). دەبینی من رێژەیی گەرا (Relativistic) نیم. من بەم قسەیە فرچکم گرتووە و گەورەبووم کە کلتووری ئاسیایی جیاوازە لە کلتووری رۆژئاوایی. بەرەی چین ناسەکان لەوانە "جیان فیرینک" وتوویانە کە باسی چین بکرێت، ستانداردە رۆژئاواییەکانی ئازادیی شارستانی شتێکی نەگونجاوە لەوێ یان بەکەڵک نایەت، لەبەر ئەوەی لەگەڵ کلتووری پرۆتستانەکانی ئەورووپاوە سەرچاوەی گرتووە، کە زۆر گرینگی دەدات بە ئازادیی تاکەکەسی، لەحاڵێکدا کلتووری ئاسیاییدا بەگشتی لایەنگری خاوەندارێتی بەکۆمەڵن. ئەم جۆرە روانینە وێرانگەر و کۆلۆنیالیستییە. ئەم جۆرە ستانداردانە بۆ کۆمەڵگای نەریتی بەکەڵک نایەن، ئەورووپاش بەشێکە لەو کۆمەڵگایانە، بەڵام ئەگەر لە دونیای مۆدێرندا دەژیت، کە بە پێی پێناسە، واتە ئەو



جیهانە جیهانێکی نەریتی نییە، ئەو کاتەیە ئەم ئازادییانەت دەوێت، هەرکەس ئەم ئازادییانەی وەک تاک دەوێت. شیکردنەوەی بۆ مرۆڤە خۆشگوزەرانەکانی وڵاتە دەوڵەمەندەکان کە لایان وایە ئەم شتانە تەنها بۆ "ئەوانە" گرینگە.

**"ئامانجە لەچوارچێوەگیراوەکان" بەشێکە لە کارێکی گەورەترت کە لێی پەشیمانبوویتەوە؟**

بەڵێ، بڕیاربوو ببێت بە کتێبێک لە قەبارەی نزیک بە 100 لاپەڕەدا دەربارەی رووناکبیران و کۆمۆنیزم، لەبەر ئەوەی بەڕاستی کەوتبوومە ژێر کاریگەرییەوە ئەوانەی سەردانی وڵاتە سۆسیالیستەکان دەکەن چەنە نەفامن. ئەم کەسانە بەزۆر وەک وەفد سەردان دەکەن، لە هۆتێل دەمێننەوە و هەر لەوێ رێنوێن و پاسەوانی تایبەتبان لەگەڵە. کەوتمەوە یادی سەفەرەکەم بۆ چین لە جێنیوەری 1973، کۆتاییەکانی شۆڕشی کلتووری. لەگەڵ ئەو خانمەی کە وەک وەرگێڕ بۆم دانرابوو بووم بە هاوڕێ. کەسێکی گرینگ نەبوو، هەربۆیە ئەم کەسە پلە نزمەم لە وەزارەتی دەرەوە وەرگرت. دیاربوو هەموو رۆژە راپۆرتی لەسەر من دەنووسی. ژنێکی لەبەردڵان و ترساو بوو، کە تەمەنی مامناوەند بوو و مێردەکەی لە شۆڕشی کلتووریدا لەدەست دابوو. لێم پرسی لەکوێ دەژی، وتی لەگەڵ هاوڕێکانی دەژی. دواتر دەرکەوت لە ژوورێکی زۆر بچووک بە قەد کەنتۆرێک دەبوو، دەژیا. من ژوورەکەیم بینی لەبەر ئەوەی سوور بوو لەسەر ئەوەی شوێنی ژیانی ببینم. بڕیار نەبوو نیشانم بدات. رۆژێک دوای ئەوەی ئاماژەی

کرد کە ژوورەکە مایکرۆفۆنی شاراوەی تێدایە، داوای لێکردم بڕۆین بۆ پیاسەکردن. بەو ئینگلیزییە سەر و پێ شکاوەیەوە بە ئارمای قسەی دەکرد: " تۆ... کتێبێك... بە ناوی... 19" کە 19م بیست دڵم گیرا. دەمزانی چی دەڵێت. وتی "84". دووبارەم کردەوە "1984" زیاتر لەوەی بمەوێت دڵم پڕ بوو. وتی: "بەڵێ، چین راست وەك ئەو رۆمانەی وایە" و پێکەنی. لام وایە ئەگەر تۆزێك خۆت بخەیتە زەحمەتەوە و پەیوەندی بە چەند کەسەوە بکەیت، دەتوانیت لەم وڵاتەدا بە زۆر راستی بگەیت. لانیکەم رۆلان بارت بەهۆی حەزە سێکسییەکانییەوە بوێریی ئەمکارەی هەبوو. ئەو وڵاتانی باکووری ئەفریقا و ئاسیای خۆش دەویست، لەبەر ئەوەی لەوێ دەیتوانی لەگەڵ کوڕە گەنجەکان بخەوێت، لەبەر ئەوەی لە چین ئەو دەرفەتەی بۆ نەدەلوا بێزار ببوو، بەڵام کەر نەبوو. حەزە سێکسییەکانی وای کرد کە رێزی ببێت لەبەر ئەوەی قسەکانی مائۆی گەورە نەکردەوە و لەخۆڕا تاریفی مائۆ و چینی نەداوە، بەڵام هەر لەو سەفەرەدا بۆ چین لە ساڵی 1974 ژوولیا کریستیڤا و فیلیپ سۆلرێز، کە گەڕانەوە زۆریان تاریفی چین کرد و بەردەوام قسەکانی مائۆیان دووبارە دەکردەوە. چاویلکەی ئایدۆلۆژیك وایکردبوو راستییەکان نەبینن و دۆخەکە بە شێوەیەکی تر ببینن. لە دەیەی 1930شدا هەندێ گەلحۆ و گەمژە سەردانی یەکێتیی سۆڤیەتیان کرد. حەز دەکەیت چی بەم کەسانە بڵێیت: "راوەستە؟ دەزانیت لەکوێی؟ چی دەبینی؟ هەوڵبدە لەو شتانەوە دەست پێبکەی کە بەتەواوی ئۆبژەکتیڤ و عەینین. چۆن ئەو شتانە نابینین؟"

**سەردەمێکیش بووە لە ژیانتدا کە فریوی کۆمۆنیزم بخۆیت؟**



نا، کۆمۆنیزم نا، بەڵام فریوی ململانێی دژە ئیمپریالیسمم خوارد. جەنگی ڤێتنام منی بەخۆیەوە مەشغووڵ کرد. تەنانەت تا ئەمڕۆش ئەمریکاییەکان باس لەو 56000 سەربازە دەکەن کە لەوێ مردن. 56000 زۆر زۆرە، بەڵام سێ ملیۆن سەربازی ڤێتنامی و ژمارەیەکی زۆر شارۆمەندی ڤێتنامی مردن. وڵاتەکەیان لە باری ئێکۆلۆژییەوە وێرا بوو. ئەو بۆمبانەی کە درا لەو وڵاتە، لەو بۆمبانە زیاتربوو کە لە جەنگی دووەمی جیهانییدا بەکار بران. دەربارەی کۆریاش هەروەها، ماهییەت و ئاستی هێزی جەنگی ئەمریکا بەرامبەر بەو دوو وڵاتەی کە هێرشیان کرابووەسەر، لەگەڵ ئەو دوو وڵاتەدا نەدەگونجا و سەرسووڕهێنەربوو. ئێستا چاو لە عێراق بکەن. جەنگ تەواو بووە، بەڵام ئەمریکاییەکان بۆمبی ناپاڵم و گڕداریان باراند بەسەر ئەو سەربازە پێ پەتییە عێراقییانەدا کە خەریکی پاشەکشەبوون بەرەو باکوور. ئەو شتانە بێ هیوای کردم. دەبێت کەسێك لەبیری بێت لە نێوان 1963 تا ئۆگۆستی 1968 کە یەکێتیی سۆڤیەت هێرشی کردە سەر چیکوسیلڤاکیا، ئەو سەردەمە بۆ زۆربەمان سەردەمی بیرکردنەوە بوو. ساڵی 1963 من سەرقاڵی بزووتنەوەی دژە جەنگ بووم، واتە بەر لەوەی بەڕاست بزووتنەوەیەکی دژە جەنگ بوونی هەبێت. تازە جەنگی ڤێتنام دەستی پێکردبوو. من تیمێکم لەگەڵ کۆنە سەوزەکاندا رێکخست و دەستمان کرد بە وتاردان دژی جەنگ لە شارە جیاوازەکانی ئەمریکا. لە سووچی شەقامەکان رادەوەستاین، دووجاریش بەردبارانیان کردین. لەو ماویەەدا و لە ناوەڕاستی دەیەی 1960 من دووجار رووسەکانم بینی و لە راستییدا پێیان دەوتم هەموو شت باشتر بووە و کەوتۆتە سەر

رەوتێکی باشتر. دواتر هەموو ئەو شتانە لە ئۆگۆستی 1968دا رووخا. کە وایە بەڵێ، لە 1963ەوە تا 1968 ئاواتم ئەوە بوو باوەڕ بکەم وڵاتانی جیهانی سێیەمی دژی ئیمپریالیزمی ئەمریکایی کە دەوڵەتی تاك حیزبی کۆمۆنیستییان هەیە- نەك تەنها وڵاتانی ڤێتنام و کووبا- دەتوانن کۆمەڵگای ئینسانی، لە جێگای دۆخی کۆلۆنیالیستەکراویان دابنێن... بەڵام ئەوەی کە تەمەنێك نیگەرانی رووداوەکانی دونیا بووم، نابێت پێنج ساڵ هەڵەکردن زۆر بێت بەلایەوە و شتێکی بەرچاو بێت.

**ئاخۆ ئەو راگەیاندنەت لە ساڵی 1982 لە تالاری شارەوانی وەردەگریتەوە کە وتبووت "کۆمۆنیسم، فاشیزمە بە روخسارێکی مرۆییەوە"؟**

نا، وەری ناگرمەوە و پەشیمان نیم لە وتنی. دەوڵەتە کۆمۆنیستەکان بۆ ماوەیەك رویان کردە سەرچاوە بەربڵاوەکانی ئایدیالیزم. لە دەیەی 1930 لە ئەورووپا، کەسی زۆر دیار، لە ناو بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا نقوم بوون و نەیاندەزانی چ بووەو چ قەوماوە. دواتر بەرەبەرە هەرکە دەربارەی ئەم بزووتنەوەیە لەگەڵ ئەو کەسانەدا قسەیان دەکرد، پێیان وتم بێدەنگ بن، لەبەر ئەوەی گرینگتر لە هەموو شت، شەڕی دژە هیتلەرە و ئێمە نابێت لە جەنگی ئیسپانیادا لایەنگری لە باڵی راست فەرامۆش بکەین.

**تۆ لەبەر ئەوەی دەترسایت کۆنسێرڤاتە نوێکان کتێبەکەت بەکار بێنن، کتێبی دەربارەی رووناکبیران و کۆمۆنیزمت تەواو نەکرد؟**



وا نەبوو. وازم لەو کتێبە هێنا، لەبەر ئەوەی زیاتر لە هەر شتێك حەزم دەکرد چیرۆك بنووسم. تەنها چیرۆك. دەمزانی ئەو کتێبە چەند ساڵێك کاتم دەگرێت. من زۆر شتم بە نیوەچڵ جێهێشتووە. من لەوانە نیم کە زۆر شێت و شەیدای نووسینن و هەموو دەم خەریکی نووسینن. هەندێ کات بووە نووسینم بە دژوارترین کاری دونیا زانیوە.

**هەندێك لە رەخنەگرەکان لەسەر ئەو باوەڕەن مارینا لە کتێبی ئەمریکادا جۆرێك وێنای خودی خۆتە بە شێوەی چیرۆك. دەکرێت بزانین تا چەند دەکرێت تۆ لەگەڵ وەسفی چیرۆکدا بە یەك بزانین، بۆ وێنە لە دوایین روانینتدا بۆی لە زمانی کەسی سێیەمەوە دەڵێیت: "مارینا دانیشت و چاوی لە ئاوێنەکە کرد. بەدڵنیاییەوە فرمێسك زابووە چاوی لەبەر ئەوەی زۆر بەختەوەر بوو. مەگەر ئەوەی بڵێین شتێك نییە پێی بوترێت ژیانی بەختەوەرانە. بەرزترین دۆخێکی ژیان کە کەسێك دەتوانێت بەدەستی بێنێت ژیانێکی زێدەڕۆییانەیە. بەختەوەری بە شێوەی جیاواز سەرهەڵدەدات، بۆ هونەر ژیان شتێکی تایبەتە، بەرەکەتە".**

من خۆم بە تەواوی لەگەڵ ئەو دەقەی خوێندتەوە نزیك دەبینم و بە وەسفی خۆمی دەزانم.

دوای ئەم وتووێژە، سۆزان زۆنتاگ بوو بە براوەی خەڵاتی نەتەوەیی کتێبی ساڵی 2000 لە ئەمریکا و دوا بەدوای ئەوەی خەڵاتی ئۆرشەلیمی بردەوە و وەرگرتنی ئەم خەڵاتە دەنگ و هەرای زۆری لێکەوتەوە.

وتاردانەکەی لەو ڕێوڕەسمەدا لە لۆسانجلس تایمز بە ڕێکەوتی 10ی جولای 2001 چاپ و بڵاوبۆوە.





ناتالي ساروٌت

## ناتالی سارۆت

ناتالی سارۆت رۆماننووس، شانۆنامەنووس و رەخنەگر و وتارنووسی فەرەنسی، وێڕای ئالێن رۆب گریە، کلۆد سیمۆن، مارگرێت دۆراس و میشێل بۆتۆر، بە پێشەنگەکانی رۆمانی نوێی فەرەنسی دەزانرێن. سارۆت روانینی نەریتی و کۆن بۆ پلات (گەڵاڵەی چیرۆك) و بەردەوامی کات و دروستکردنی کەسایەتی و حیکایەتبێژی نایەوە لایەوە و هەر لە بەرهەمە سەرەتاییەکانییەوە، جەختی کردەوە لەسەر هەست و نەستی زەین.

هەرچەند ئەو نووسەرانەی کە ناویان لێبرا، وێڕای ژمارەیەکی تر لە نووسەران، بە گشتی لەسەر ئەو باوەڕە بوون ئەو رۆمانانەی کە پلات و

ستراكتۆر (بونياد) و كارەكتەرێكی يەكدەست و ئاسانيان هەيە و خوێندنەوەيان ئاسانە هيچ نين جگە لە سەرقاڵييەكی خۆش. ئەو نووسەرانە هەركامەيان بەشێوەی تايبەتی خۆيان دەنووسن. سارۆت لە رۆمانی نوێدا هاوڕا نييە لەگەڵ ئابستراكت و پشتبەستن بە وەسفی تايبەتمەندييە دەرەكييەكان و زياتر جەخت لەسەر جووڵەكانی ناوەوە دەكاتەوە.

ناتاليا چێرنياك لە 18ی جولای 1900 لە شاری ئيوانۆڤا لە رووسيا لەدايك بوو. باوكی دۆكتۆرای كيميای هەبوو و دايكی نووسەر بوو. دوو ساڵ دوای لەدايكبوونی ناتاليا، باوك و دايكی لەيەكتر جيابوونەوە و ناتاليا و دايكی روويانكردە پاريس. ناتاليا لەوكاتە بەدواوە تا تەمنی 6 ساڵی، دوو مانگ لە ساڵ لە رووسيا دەبوو و مانگەكانی تری ساڵ لە پاريس دەبوو. ساڵی 1906 دايكی ناتاليا بۆ جاری دووەم لەگەڵ كەسێكی مێژوونووسدا چووە ژيانی هاوسەرييەوە و ناتاليا لە پێترێزبۆرگ گيرسايەوە. هەر لەم ماوەيەدا باوكيشی ژيانی هاوسەری پێكهێنا و رۆيشتە پاريس و لەوێ كۆمپانيای رەنگ دروستكردنی دانا و ساڵی 1908 ناتاليای بردە لای خۆی كە ئيتر لە فەرەنسا پێی دەوترا ناتالی. ناتالی لە هەمان 8 ساڵی يەكەمی ژيانيدا بەهۆی هاتوچۆی بەردەوامی لەنێوان فەرەنسا و رووسيا، هەردوو زمان بە تەواوی فێربوو. دايكی زڕدايكەكەی كە ژنێكی هەڵكەوتوو و تێگەيشتوو بوو فێری زمانی ئەڵمانی و ئينگليزی كرد. بەم بۆنەيەوە ناتالی سارۆت بەرهەمی نووسەرانێكی وەك دۆستۆيۆفسكی، كافكا، جۆيس و ڤێرجيناوۆلفی بە زمانی يەكەم خوێندەوە. قوتابييەكی زۆر وريا بوو و ساڵی



1914 ئامادەيی تەواو كرد. لە سۆربۆن دەستيكرد بە خوێندنی زمانی ئينگليزی. دواتر بۆ خوێندنی ماستەر روويكردە زانكۆ ئۆكسفۆرد. دواتر لە كۆلێجی ئەدەبياتی بەرلين، كۆمەڵناسی خوێند. ساڵی 1922 رۆيشتە پاريس و لە زانكۆی پاريس خەريكی خوێندنی ياسا بوو. ساڵی 1925 مافی پارێزەريی پێدرا و لەگەڵ ريمۆن سارۆت، هاوپۆلی لە كۆلێجی ماف هاوسەرگيريی كرد. لە ژيانی هاوسەرييياندا بوون بە خاوەنی سێ كچ. ناتالی سارۆت لە ساڵی 1925ەوە تا 1939 وەك پارێزەر خەريكی كار بوو.

ناتالی سارۆت حەزی لە نووسين و شيكردنەوەی رووداوەكانی ژيانی نەبوو و لە كتێبی منداڵيدا (1938) كە دەكرێت بڵێين ئۆتۆبايۆگرافييە، زياتر پەرژاوەتە سەر باسكردن لە هەستەكان و وێناكان، نەك گێڕانەوەی وردی رووداوەكانی ژيانی.

لە ساڵەكانی 1932 و 1933دا دوو پلات\چيرۆكی كورتی نووسی كە هەندێ كەس وەك شيعری نەسری باسيان لێوە دەكرد و هەندێكی تريش بە چيرۆكی ئەزموونيی ناويان لێدەبرد. ناوی ئەم نووسينانەی نا ترۆپيزمەكان (Tropisms). دواتر ئەم دوو پلاتەی لە يەكەم كتێبيدا گونجاند. كتێبەكە هەر بە ناوی ترۆپيزمەكان لە ساڵی 1939 بڵاوبۆوە و تەنها يەك وتاری رەخنەيی لەسەر نووسرا. چاپ و بڵاوكردنەوەی گاليمار كە ئامادە نەبوو ئەم كتێبە و كتێبی دواتری سارۆت (روخساری پياوی نەناسراو)

چاپ بکات، لە کتێبی سێیەمی بەدواوە، واتە لە مارترۆوە[28] بوو بە بڵاوکەرەوەی تایبەتی بەرهەمەکانی سارۆت. سارتەر پێشەکییەکی لەسەر کتێبی (روخساری پیاوی نەناسراو) نووسی و بە کتێبێکی سەرلێشێوان و "دژە رۆمان" ناوی لێبرد.

وشەی ترۆپیزمی لە بایۆلۆجییەوە وەرگرتبوو و مانای جووڵەیەکە کە وەك پەرچەکردارێك دەردەکەوێت بەرامبەر بە جووڵێنەری دەرەکی، دەبێت بەهۆی ئەوەی بوونەوەری زیندوو، یان بەشێك لەو بوونەوەرە بەرەو ئاراستەیەکی دیاریکراو دەسوورێت. دەربارەی بەکارهێنانی ئەم وشەیە لە ئەدەبدا سارۆت دەڵێت: "دەمەویست (جووڵەی) دەروونی دیاریکراو بخەمە روو، ئەو جووڵانەی کە لەمێژ بوو سەرنجی رادەکێشام. ئەم جووڵانە کە بە تەواوی ئاگاداریان نیین، وەك هەستێکی زۆر خێرا و پێناسەهەڵنەگر دەخزێنە ناو سنوورەکانی وشیاری ئێمەوە و لەپشت جووڵەکانی دەست و سەر و روخسارمان لەپشت ئەو وشانەوەی بەکاری دەبەین و ئەو هەستەی دەری دەبڕین، واتە هەموو ئەو شتانەی کە لێیان بەئاگاین و دەتوانین پێناسەیان بکەین، دەشاردرێنەوە.

دوو بەرهەمی دواتری سارۆت رۆمان بوو. یەکیان روخساری پیاوی نەناسراو (1948) کە بەهۆی پێشەکی سارتەرەوە– دەربارەی

---

28 – Martineau وەرگیراو لە وشەی Martyr بە مانای شەهید و Martreau بە مانای چەکوش و دەرخەری لێدانی خێرا و ناخۆشی ئەو ساتەیە لەگەڵ واقیع رووبەڕوو دەبیتەوە.



ئێگزێستانسیالیزم– سەرنجی زۆری بۆلای خۆی راکێشا. بەرهەمەکەی تری مارترۆ بوو.

سارتەر لە وەسفی رۆمانی سارۆتدا وەك "دژە رۆمان" دەڵێت: "... بەلای سارۆتەوە مرۆڤ کارەکتەر نییە، نە یەك توخمی چیرۆکێکە و نە بەرچاوترین و نە تەنانەت رایەڵەیەکە لە خوو و خەدەکان. رۆمانەکانی سارۆت هاتوچۆیەکی بەردەوامە لە نێوان پاژ و گشتدا... ئەو بە وێناکێشانی بەردەوامی هیوابەخشی ئەو ژیانەی کە پشتی پێ نابەسترێت و ماندووکەرە، بە تەکنیکێك دەگات کە گەیشتن بە واقیعی مرۆڤایەتی، راست لە بوونی ئەودا مومکینە".

لە روانگەی رۆمانی نەریتییەوە شتێکی تایبەت لە کتێبەکانی سارۆتدا روو نادات، لە روخساری پیاوی نەناسراودا، شاهیدی لە خۆنامۆبوونی ئەندامانی بنەماڵەیەکین و لە مارترۆدا، هەتیوێك لەگەڵ بنەماڵەی نائاسایی مارترۆدا ئاشنا دەبێت.

سارۆت بەم دوو کتێبەی و بە کۆمەڵە وتارەکەی، چاخی بێباوەڕی (1963) خۆی خستە ریزی پێشەنگەکانی رۆمانی نوێوە، ئەو رۆماننووسانەی کە هەموویان لەژێر کاریگەری دۆستۆیۆفسکی، کافکا، جۆیس (بەتایبەت شەپۆلی زەین لە ئۆلیس)و رۆماننووسانی ئەمریکایی، جان دوس پاسوس و فاکنەر (بەتایبەت قیڕەو تووڕەیی)دا بوون.

رۆمانی دواتری سارۆت شێوەئاسمان ساڵی (1959) چاپ و بڵاوبۆوە. هەرچەند وەك نموونەیەکی کلاسیکی رۆمانی نوێ پێشوازی لەم رۆمانە کرا، کەچی زیاتر لە چیرۆکەکانی تری ئەو پلات (گەڵاڵە)ی هەیە. دوای ئەوە

ساروت شانۆنامە و شانۆنامەی رادیۆییشی نووسی کە هاوکات لە رادیۆی فەرەنسا، ئەڵمانیا، سویسرا، و وڵاتانی سکاندیناوی بڵاو بۆوە. ناتالی ساروت ئۆکتۆبەری 1999 ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

کلۆد مۆریاك دەربارەی ساروت دەڵێت: "تەنها نووسەرێکی زیندووە کە دوای پرۆست شتی جیددی نووسیوە". بەمەشەوە "پییەر" لەگەڵ ئەو هاوڕا نییە و دەڵێت: "روخساری پیاوێکی نەناسراو کتێبێکی سەرکەوتوو نەبوو و چاخی بەدگومانی پێشوازی زۆری لێکرا. ناتالی ساروت کەسێکی زۆر وریا و هەڵکەوتەیە، بەڵام بەئەستەم دەکرێت بڵێین رۆماننووسێکی داهێنەرە".

**وا دیارە تەنانەت هەر لە دەیەی 1930شدا کە یەکەم کتێبت، ترۆپیزمەکانت نووسی، ستایل و فۆرمی خۆتت دۆزیبۆوە، رەوتە ئەدەبی، کۆمەڵایەتی، سیاسییەکان چ کاریگەرییەکیان لە پێشکەوتنی کارەکانتدا هەبوو؟**



رەوتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان کاریگەرییان نەبوو. ئەو رەوتە ئەدەبییانەی کاریگەرییان لەسەرم هەبوو، رەوتە ئەدەبییەکانی پێشترە، فلۆبێر، مادام بۆڤاری، دیستۆیۆفسکی و نوێترەکان پرۆست و جۆیس.

**دەکرێت باس لە کاریگەری ئەو نووسەرانە بکەیت؟**

دوای سەرهەڵدانی پرۆست و جۆیس، گۆڕانێکی گەورە لە ئەدەبدا روویدا. دەبێت ئاماژەش بدەین بە ڤێرجینیا وۆڵف کە جگە لەوەی شتی مۆدێرنی دەنووسی، بەڵکو دەربارەی گۆڕانی رۆمانیش خاوەن بۆچوون بوو و کاریگەری زۆری لەسەرم هەبوو. کە دەستم کرد بە نووسین هەستم کرد ئیتر ناکرێت لاسایی ئەم نووسەرانە بکەمەوە، ناکرێت وەك کلاسیکەکان بنووسم. هەربۆیە بەشوێن شتێك، ماددەیەك، فۆرمێکی تایبەت بە خۆمدا گەڕام. ئەم نووسەرانەی ناوم بردن پێیان نیشاندایین کە چوارچێوەی کۆنی رۆمان ئیتر ناتوانێت وەڵامی پێویستییەکانی ئەمڕۆ بداتەوە، بیرم کردەوە دەبێت سەرنجراکێش بێت. بەڕاست بیرم لەوە نەدەکردەوە بەتەنها جووڵە دەروونییەکان، بەبێ کارەکتەر، بەبێ پلۆت بخەمە روو. بێ بیرکردنەوە نووسیم.

**پێی دەڵێیت ترۆپیزەکان؟**

پێی دەڵێن ترۆپیزەکان، لەبەر ئەوەی جووڵەکان شتێکی زاتی و غەریزین و لە نەستدا روودەدەن کە وەك ترۆپیزمەکانی گیاکان کە بە

هاندەرێکی دەرەکی دەجووڵێن، لەگەڵ ئۆبژەی دەرەکیدا، لەگەڵ بزوێنەری دەرەکی، هان دەدرێن و دەبزوێنرێن.

**کاریگەری تریش هەبوو؟ بیر لەکاریگەری کۆمەڵایەتی دەکەمەوە، بۆ وێنە ئەوەی لە دونیادا روودەدات.**

نا، لەبەر ئەوەی دەینووسم بە هیچ شێوەیەك پەیوەندی بە رووداوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانەوە نییە، جا ئەو رووداوانە چی بێت گرینگ نییە. لانیکەم بە رادەی کاریگەری ئەم شتانە لە بەرهەمەکانی پرۆستدا، نەك زیاتر. کارەکانم لەم پرسانە بەدوورە. کتێبەکانم تەنها لێکۆڵینەوە و گەڕانی هونەرییە و ئەمە پەیوەندی بە رۆمانی کۆمەڵناسییەوە نییە، ئەدەبیاتی دەربەست نییە.

**لە بەرهەمەکانی تۆدا جەختکردنەوەی دەروونناسی دەبیندرێت، بەڵام زۆر جیاوازە لە رۆمانی نەریتی دەروونناسی.**

بە تەواوی دەروونناسی نییە، لەبەر ئەوەی هەرکە دەڵێن دەروونناسی، دەستبەجێ بیر لە پۆلێنبەندی کلاسیکی دەروونناسی دەکەمەوە. شیتەڵکردن و لێکدانەوەی هەستەکان و شتەکانی تری لەمجۆرە زۆر بەکاربراوە. دەروونناسی من جۆرێك یۆنیڤێرس[29]ی زەینییە کە هێشتا

29– Universe **بەرامبەر بە کائناتی فارسی هاتووە و بەرامبەر بەمە لە زمانی کوردیدا کەون هەیە. کە وایە ئەکرێت بڵێت جۆرێك کەونی زەینییە. و– کوردی**



چەمکەکەی بۆ دروست نەکراوە. ئەوەی کارەکتەرەکانی من ئەزموونی دەکەن، ئەوەی روودەدات، بۆ وێنە ئیرەییبردن، عەشق، بەر لە هەستپێکردنی دەردەکەوێت. ئەو شتە نیشاندەدەم و باسی لێوە دەکەم کە لە دەروونی خۆماندا روو دەدات، لەکاتی روودانیدا، ئەو شتەیە کە شی ناکەمەوە. لە رۆمانی دەروونناسیدا، شیکاری دەکرێت بۆ هەستەکانی تاکێك. لە کاری مندا هەندێ رووداو هەن کە ناویان نییە، ناچنە ناو پۆلێنبەندیی دەروونناسییەوە. ئەو کاتە دەنووسمەوە کە ئەم جووڵانە لەو کاتەی کە دەروونین، هەست پێدەکەم.

**پەرچەکردارت چییە بەرامبەر بەو بانگەشەیەی کە دەوترێت رۆمان مردووە؟**

زۆرجار دەبیستم رۆمان مردووە، برێتۆن ساڵی 1952 ئەمەی وت، بەڵام بەچاوی خۆم بینیم هەمان ساڵ لە فەرەنسا چەند رۆمان لە ماوەی چەند حەوفتەدا چاپ کرا. لام وایە زۆر باشیش دەچوونە پێش.

**بەڵام ئەمە شتێکی حاشاهەڵنەگرە لە بەرهەمەکانی تۆدا، کارەکتەرێك کە بۆ رۆمان بشێت نابینرێت.**

بەلای منەوە کارەکتەرەکان تەنها بۆ فریودان و بە شێوەی رواڵەتیی بوونیان هەیە. ئەوەی گرینگە کردەوە و ئاکاری دەروونییە. لە کتێبەکانی دواترمدا، تەنانەت روخساری رواڵەتی کارەکتەریش بوونی نییە. تەنها شعوور بوونی هەیە کە لەو شعوورانە ئەم تڕۆپیزمانە دروست دەبێت.

**بەڵام ئەگەر کەسێك کارەکتەرەکان و حیکایەتبێژی بنێتە لاوە، ڕۆمان چی بەسەر دێت؟**

کارەکتەر تەنها جۆرێك فۆڕمە. مرۆڤ دەتوانێت بیر لە جۆری تری فۆڕم بکاتەوە لای خۆی. کە بەلزاك دەیویست نینۆکێکی وشك وەسف بکات، فۆڕمی "پیری گراندە"ی بەمێشکدا هات و خستییە ناو ئەم چوارچێوەیەوە. هەروەها شاردین کە دەیویست ڕەنگی زەرد بە وێنا بکێشێت، وەك لیمۆ نیشانی دا. کەسێك بە دڵنیاییەوە دەتوانیت بۆ نیشاندانی ئاکاری بە شێوەی "خەست" خۆی لە دەست کارەکتەرەکان ڕزگار بکات، لە خودی جووڵە و لە خودی جووڵە کارەکتەری جیاواز دروست بکات. بوونی کارەکتەر شتێکی حەتمی ئیلزامی نییە. لە کتێبەکانمدا کارەکتەر بوونی نییە. کارەکتەر نابێت بەهۆی سەرنجڕاکێشبوونی ڕۆمان، لەبەر ئەوەی ئەو شتەی هەستی پێدەکەین، هەمووان هەستی پێدەکەین، هەم من و هەم تۆ. بەوێناکێشان و نیشاندانی کارەکتەر بەکەڵکی چی دێت. زۆر شت تێك دەدات. کە تۆ مادام بۆڤاری دەخوێنیتەوە بە خۆت دەڵێیت: "وایە" لەبەر ئەوەی تۆ هەمان ئەو شتە لە ژیانی کەسانی تر، لە کۆمەڵگایەکی زۆر جیاوازدا دەبینیت. لە هونەری مۆدێرندا، لە ڕۆمانی مۆدێرندا، پێویست ناکات ژنی دکتۆرێك لە شارۆچکەیەکی بچووك بەوێنا بکێشین، لەبەر ئەوەی تۆ کە ئێستا لە بلۆمینگتنیت، هەمان ئەو شتە هەست پێدەکەیت. کەوایە پێویستە هەستەکان بە وێنا بکێشین، شتێك لەو دۆخەدا کە هەیە و بە هەمان ئەو شێوەیەی کە هەیە بە وێنا بکێشین. تەنانەت فلۆبێر دەڵێت: "خۆزگە



دەمتوانی هەموو ئەم شتانە بخەمە لاوە. شتێك لە ڕێگای خۆیەوە نیشان بدەم".

**کە وایە لاتوایە ڕۆمان هێشتا هەر خەریکی لێکۆڵینەوەیە...**

من لام وایە ئێمە سەر دەکێشین بە هەموو کونج و کەلەبەرەکاندا. ڕەنگە بگەڕێینەوە بۆ کارەکتەرێکی تایبەت، بەڵام جۆری گۆڕانی. لام وایە ڕۆمانیش وەك هونەرەکان جووڵەی هەیە. هەموو دەم خەریکی تازەکردنەوە و گۆڕانی خۆیەتی.

**لە ئێستادا بە نووسینی چییەوە مەشغووڵیت؟**

تازە کتێبێکی بچووکم تەواو کردووە. وەك تڕۆپیزمەکان وایە، هەرچەند هەر بەشێکی ئەم کتێبە درێژتر لەوەو بە یاریی زمانی تایبەت، یان دەربڕینی تایبەت دەکات. کە شتێك دەڵێین چی ڕوودەدات و بۆچ. بۆ وێنە هەموو ئەو شتانەی کاتی وتنی وشەی "عەشق" ڕوودەدات، ئەوەی بەر لە وتنی ئەم وشەیە ڕوودەدات و دواتر دوای ئەوەی ئەم وشەیە هاتە سەر زمان، ئەو گۆڕانانەی ئەم وشە سادەیە دروستی دەکات. ناوی کتێبەکە بەکارهێنانی وشەکان و بڕیار وایە سەرەتای 1980 چاپ و بڵاو بکرێتەوە.

**ئێستا کە بەم شێوەیە بەر بە هاتنەناوەوەی مرۆڤەکان بۆ ناو بەرهەمەکانت دەگریت، هەستی بێ متمانەیی دەستت پێ نادات؟**

بەڵێ، وایە بە دڵنیاییەوە بێ متمانە دەبم. هەموو دەم بەگومانم. تا ئەوکاتەی خوێنەران بە شوێن کارەکتەر و پلاتدا دەگەڕێن و زۆرجار ئەو

شتەی کە هەوڵدەدەم نیشانیانی بدەم و نایبینن، متمانەیان پێم نامێنێت. لەبەر ئەوەی ئەم خوێنەرانە دەیانەوێت بزانن کارەکتەرەکان دەچنە ژیانی هاوسەرییەوە، کێ چی وت؟ ئەمانە هەمان ئەو کەسانەن لە بەشی یەکەمدا قسە دەکەن؟ بەڵام ئەم شتانە بەلای منەوە گرینگیان نییە، بەڵام خەڵك گوشار بۆ خۆیان دەهێنن و دەڵێن: "بەڵام خۆ ئەم دووانە لەگەڵ یەك هاوسەرگیرییان کردبوو، ئەمانە لە بەشی یەکەمدا یەکتریان بینی". بەمشێوەیە دەڕۆنە پێش و پاساو بۆ هەندێ شت دەهێننەوە کە بەلای منەوە گرینگ نییە.

**کە خوێنەر خەریکە کتێب دەخوێنێتەوە لات وایە جۆرێك گوشاری دەروونی لەنێوان ئەو و نووسەردا دروست دەبێت؟**

گوشاری دەروونی؟ بەڵێ، لام وایە شتێکی باشە. لام وایە ئەو نووسینەی زۆر ئاسان بێت، خراپە. خوێنەر ناچار بە هەوڵدان ناکات. خودی خوێنەر پێویست ناکات هیچ بخولقێنێت. خوێنەر کە دەخوێنێتەوە دەبێت ئافرێنەر بێت. دەبێت هەوڵبدات شتەکان زیندوو بکاتەوە. کەوایە ئەگەر تۆ دەقێکی ئاسانی پێ بدەیت، تەنها ئەوەیە سەرقاڵی دەکەیت، هیچ کارێك ناکەیت، لەسەر شتەکە پای دەخلیسکێت. لام وایە خوێنەری باش کە دەخوێنێتەوە، دەبێت کارێك بکات، دەبێت هەندێ کاری فیکری ئەنجام بدات.

**بەمەشەوە زۆرن ئەو خوێنەرانەی کە وەها هەوڵێك نادەن.**



بەدڵنیاییەوە خوێنەری لەو چەشنە هەن، بەڵام کە چی؟ مرۆڤ ناتوانێت بۆ هەموو کتێبخوێنەکان بنووسێت. بۆ وێنە شاعیرێك ناتوانێت بۆ کەسێك کە حەز بە شیعر ناکات، شیعر بنووسێت. بۆ ژمارەیەکی کەم لە خەڵك کە حەزیان لەم کارانەیە شیعر دەنووسێت.

**لە "چاخی بێباوەڕی"دا دەڵێیت: "تا ئەو کاتەی نووسەرەکان لە فۆڕمە کۆنەکان کەڵك وەردەگرن، جەماوەر ئازاد نابن". لات وایە ئەدەبی تۆ ئەدەبی ئازادییە.**

لام وایە هەوڵی سەرجەم هونەرەکان بۆ پێشکەوتنە- کە باس لە پێشکەوتن دەکەم دیارە مەبەستم پێشکەوتن لە چییەتی نییە، هیچکات بانگەشەی ئەوە ناکەم لە شکسپیر و دۆستۆیۆفسکی باشترە- پرسی سەرەکی ڕۆیشتنە بۆ شوێنی تر، لاسایی نەکردنەوەی شاکارەکان، هەوڵدان بۆ دۆزینەوە و گەیشتن بە شتێك بۆ خۆت، جا ئەو شتە باش بێت، یان خراپ. بۆ چوونەناوەوەی ئەم دۆخە ئازادبووەی ڕۆح، تاك نابێت لاسایی بەرهەمی کەسانی تر بکاتەوە. دەبێت بەشوێن شتێکەوە بێت کە هی خۆی بێت. ئەم کارە شێوەیەکی ئازادکردنی زەینە. دواتر ناکرێت پەنا بەرێتە بەر سیاسەت. بۆ وێنە سەرجەم ئەو نووسەرانەی ڕۆمانی نوێیان نووسیوە، هیچکات ئەدەبی دەربەستیان نەنووسیوە و هیچکات ڕاگەیاندنی دژە جەنگی ئەلجەزایریان واژۆ نەکردووە. لەبەرچی؟ لەبەر ئەوەی دۆخی ئازادیی زەین شوێنکەوتن نییە. ئەو کەسانەی دەیانەوێت کۆمەڵگا بگۆڕن دەبێت وەها کەسێك بن.

**باسی رۆمانی نوێت کرد. بەشداری ئەم بزووتنەوەیە دەکەیت؟**

من بەشداریی بەرچاوم هەبووە لەم بزووتنەوەیەدا. چاخی بەدگومانی یەکێکە لە بنەماکانی ئەم بزووتنەوەیە.

**ئێستاش لەم بزووتنەوەیەدا چالاکیت؟**

گرووپێکی راستەقینە نییە. هیچکات یەکتر نابینین. هەرکامەمان بە ستایل و فۆرمی تایبەت بە خۆی دەنووسێت. ئەو شتەی من دەینووسم ناکۆك و ناتەبایە لەگەڵ نووسینەکانی رۆب گریە، لەبەر ئەوەی ئەو رواڵەت وەسف دەکات و من قووڵایی و دەروون. لە کارەکانی مندا، گەڵاڵەیەکی نەگۆڕ نابیندرێت. لە بەرامبەردا هەر جووڵە دەبینی، خاڵی بەرامبەر رۆب گریە، بەڵام هەردووکمان لەسەر ئەو باوەڕەین کە ئەبێ کارەکتەر و پلات ئەو شتانەی تر کە هەموو دەم رەخنەگرەکان دای دەسەپێنن بخرێنە لاوە.

**ئەمانە ئامانج و مەبەستی رۆماننووسە نوێکانە؟**

وایە. هەوڵدان بۆ چوونەدەرەوە لەو شەقڵەی رۆمانی نوێ دروستیکردووە. هەڵبەت زۆریش باشە. هەموو دەمیش جایزەی گنکۆر دەباتەوە.

**سیگمۆند فرۆید[30] دەربارەی دەور و کاریگەری نووسەر وتوویەتی: "نووسەرانی فەنتازیایی و خەیاڵپەروەر، هاوکارانێکی جێگای رێز و گرینگن**

30– سیگمۆند فرۆید: بە ئەڵمانی، (Sigismund Schlomo Freud) لەدایکبووی 6ی مای 1856 کە ساڵی 1939 ماڵئاوایی لە ژیان کرد.



**بۆ ئێمە دەربارەی زانیاری لە دڵی مرۆڤ. لە هەندێ سەرچاوە یارمەتی وەردەگرن، کە هێشتا زانست پەی پێ نەبردووە".**

لام وایە زۆر راستە. من وەك ئەوانی تر و بەقەد خەڵکانی تر بە فرۆیددا هەڵنادەم، بەڵام لام وایە قسەکەی زۆر راستە. زۆر زیاتر لەوەی کە باسی دەکات کەڵکی لە هاملێت وەرگرتووە. کە وایە لام ئەو ماددە خاوەکەی لە ئەدەب وەرگرتووە، بەڵام نووسەرەکان ناچار نین ماددەی خاوەکەیان لە فرۆید وەربگرن. بیر لەوە بکەوە ئەگەر شکسپیر کاتی نووسینی هاملێت ئاگاداری گرێی ئۆدیپ با چ کارەساتێك رووی دەدا و زۆر باشتر کە ئاگای لێ نەبوو، بەڵام بۆ فرۆید خوێندنەوەی هاملێت زۆر بەکەڵك بوو.

**واتە دەڵێیت ئەدەب، لە ناوەڕۆکی دەروونناسییدا، بەردەوام هەمان ئەو کاریگەرییە دەخاتە روو کە لە سەردەمی فرۆیدا نیشانی دەدا؟**

من دڵنیام هەندێ شتی تر دەخاتەڕوو. ئەدەب دەبێت جووڵەی هەبێت. ناکرێت وەك کلاسیکەکان هەمان ئەو شتانەی پێشتر نیشان بدەین. بەم شێوەیە ئەدەب هەموو دەم هەوڵی ئەوەیە چەند بەشێکی تر لەو دونیا گەورەیەی کە تێیدا دەژین، بخاتەڕوو. هیچ کۆتاییەك لەئارادا نییە. دڵنیایە لەوەی لێکۆڵەرانێکی تر و نووسەرانێکی تر دێن بۆ ئەوەی دونیای تازەو نوێ بدۆزنەوە. بەر لە هاتنی جۆیس کەس نەیدەتوانی بیرلەوە بکاتەوە

سیگمۆند دەمارناسێکی نەمسایی بوو کە بە دامەزرێنەری دەروونشیکاری (Psychoanalysis) دەزانرێت. (و– کوردی)

جیهانێکی نوێ لەگەڵ خۆی دێنێت، کافکاش هەروەها. بەدڵنیاییەوە هەر بەم شێوەیە درێژەی دەبێت.

**دەی کەوایە تۆ لات وایە هیچکات ئەدەب کۆتایی نایەت و وەستانی بۆ نییە؟ دەزانم بەم شێوەیە بیر دەکەیتەوە، بەڵام زۆرن ئەو کەسانەی کە لایان وایە...**

بەڵێ، خەڵك زۆرجار ئەم شتانە دەڵێن. پەنجا ساڵ لەوەوپێش وتیان تەمەنی ڕۆمان تەواو بووە و بە کۆتایی گەیشتووە. بریتۆن[31] و سووریالیستەکان وتیان تەواو بوو. وتیان ئیتر کەس ناتوانێت ڕۆمان بنووسێت. چەند ساڵ دواتر سیلین بە ڕۆمانی "سەفەر بۆ کۆتایی شەو"[32]

---

31– **ئاندرێ بریتۆن (André Breton)(1966–1896) شاعیر و نووسەر و یەکێك لە پێشەنگەکانی قوتابخانەی سوریالیسم. (و– کوردی)**

32– **ئەم ڕۆمانە کە بە زمانی فەڕەنسا بەم ناوە (Voyage au bout de la nuit) نووسراوە و بەرامبەرە ئینگلیزییەکەی بەم ناوەیە ( Journey to the End of the Night )، یەکەم ڕۆمانی لۆئی فردینان سلین، ڕۆماننووسی فەڕەنسییە کە ساڵی 1932 چاپ و بڵاوکرایەوە. ئەم ڕۆمانە بە یەکێك لە شاکارەکانی ئەدەبی فەڕەنسی دەزانرێت لە دەیەی 30دا. ئەم ڕۆمانە چیرۆکی فردینان باردۆمۆ دەگێڕێتەوە کە لە ساڵانی نێوان جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانیدا دەژیا. ئەو باس لە ڕۆژانی گەنجێتی خۆی و ڕابواردن و**



دەرکەوت کە سەرەڕای هەڵسوکەوتی نەشیاوی لە سەردەمی داگیرکاری فەڕنسادا، بەرهەمێکی زۆر باشە. سیلین نووسەرێکی گەورەیە.

**بگەڕێینەوە سەر بابەتی دەروونناسی، ئاخۆ لە نووسینەکانی تۆ بۆ لێکۆڵینەوە دەروونناسییەکان، یان دەرمان کەڵك وەردەگرن و بەکاری دەبەن؟**

نازانم.

**رات چییە لەم بارەوە؟**

من لام وایە دەروونناسی (Psychology) و دەروونشیکاری (Psychoanalysis) دەبێت هەموو ئەو شتانە بەکاربهێنن کە بەکەڵکیان دێت. وەك فرۆید لە ئەدەب کەڵك وەربگرن. گریمانەی فرە ئەدگاری ( A multi-faceted approach) یەکەم جار لە لایەن دیستۆیۆفسکییەوە باسی لێکرا و دۆزرایەوە. شتێکی ڕێگە پێدراویشە، لەبەر ئەوەی بەشێك لە ژیانی دەروونی دەخاتەڕوو کە نەناسراوە. زۆر ئاسایی و سروشتییە پزیشکە دەروونییەکان (Psychiatrist) کە شتێك لە نەخۆشخانە دەدۆزنەوە لە ئەدەب کەڵك وەربگرن.

**رات چییە دەربارەی نووسین وەك دەرمانی نەخۆشی دەروونی؟**

---

**خۆشگوزەرانی خۆی دەکات و زۆر کەس لەسەر ئەو باوەڕەن ئەمە ژیان و بەسەرهاتی خودی (سیلین)ە. (و–کوردی)**

لـەم بارەیـەوە زۆر وتـراوەز فلـۆبێر[33] دەڵێـت هـەرکات هەسـتیکردووە لەباری دەروونییەوە حاڵی بـاش نییـە دەسـتیکردووە بـە نووسـین و باشـتر بووە. نووسین جۆرێك بەتاڵبوونـەوەی دەروونییـە، رەهابوونـە، بـەڵام خـۆم هیچکات بەمشێوەیە نەبووم و زۆرم بیر لـەو شـتانە نەکردۆتـەوە. دەنووسـم لەبەر ئەوەی پێمخۆشـە. هیچـکات نەمویسـتووە بـە شـوێن هـۆی نووسـیندا بگـەڕێم. کەوایـە جـارێکی تـر دەیڵێمـەوە لـە ئێسـتادا تەفسـیرە دەروونشـیکارییەکان سـەرجەم لێکۆڵینـەوە دەروونناسـییەکانی راگرتـووە. هـەموو شـت لـە نەسـتدا روودەدات و مـن نـازانم ئـەم نەسـتە چـییە. دەروونشـیکارەکان هـەموو دەم لـە سـەرجەم مرۆڤەکانـدا کۆمـەڵێك خـاڵی هاوبـەش دەدۆزنـەوە کـە لێکۆڵینـەوەکان رادەگرێـت. لام وایـە لـە ئێسـتادا جۆرێك بیرکردنەوە بووە بەهۆی ئەوەی نـەتوانین بڕۆینـە پێشـەوە. مـن وای بۆ دەچم کە دەروونشیکارەکان لە سەراولێژیدان.

**[33]– گۆستاو فلۆبێر (Gustave Flaubert) (12ی دێسەمبەری 1821–8 مای 1880) یەکێك لە رۆماننووسە ناودار و گەورەکانی فەڕەنسا لە سەدەی 19دا. فلۆبێر یەکێك بوو لە رۆماننووسە ناودارە ریالیستەکان کە کاریگەری هەبووە لەسەر نووسەرانێکی وەك مۆپاسان، ئیمیل زۆلا، ئالفۆنس دودە. (و–کوردی)**



**بەم زووانە رۆماننووسی گەنجی ئەمریکایی– ریتا مـی بـراون[34]، لـە بلۆمینگتۆن[35] دەیگوت، زانکۆکان شوێنێکی زۆر نالەباریان بۆ خولقانی ئەدەبی دروستکردووە. رای تۆ چییە؟**

بەپێچـەوانەوە. ئەمڕۆکـە فێرکـردن و پـەروەردەکردن زۆر بـەربڵاوترە لـە رابـردوو و وەك پێشـتر دیـاریکرا و بەرتەسـك نییـە. ئەگـەر خوێنـدکارەکان کەسایەتییەکی بە ئەندازەی پێویست بـەهێزیان هـەبێت کـە دژ بـە بـاوەڕی داسـەپێنراو بوەسـتنەوە، نـازانم چـۆن دەکرێـت کـۆنترۆڵ بکـرێن. لێـرە بـە گشـتی خوێنـدکاران لـە بـاری بیرکردنـەوەوە ئـازادن. کـە پەیوەنـدیم گـرت لەگەڵ خوێنـدکاران لـەو هـەموو ئازادییـەی پێیـان درابـوو، سـەرم سـووڕما. خوێندکاران دەیانتوانی بڵێن: "ئەو کەسەم خۆش ناوێت". دەیـانگوت: "لام وایە خراپـە، یـان ئـەو شـتەیە یـان هـەر شـتێکی تـر". لـە سـەردەمی منـدا هیچکات نەدەکرا لە سۆربۆن بڵێن راسـین[36] نووسـەرێکی خراپـە. تەنانـەت بەرهەمەکانیشـی بێکەڵکـە! ئێسـتا کـە خوێنـدکار دەڵێـت: "مـن خۆشـم لـە

**[34]–ریتا مای براون (Rita Mae Brown) (لەدایکبووی 28ی نۆڤەمبەری 1944) نووسـەر و فێمنیسـتی ئـەمریکی. یەکـەم بەرهـەمی خـۆی بـە نـاوی (*Rubyfruit Jungle*.) ساڵی 1973 چاپ و بڵاوکردەوە. (و–کوردی)**

**[35]– بلۆمینگتۆن (Bloomington) شارێك لە ئیالەتی مریلەند لە ئەمریکا. (و–کوردی)**

**[36]– ژان راسین (Jean Racine) (22ی دیسـەمبەری 1639–21 ئاپریـل 1699) یەکێکـە لـە شانۆنامەنووسـە ناودارەکـانی فەڕەنسـا لـە سـەدەی 17دا. زیاتر بـە ژانـری تراژیـدیا دەینووسـی، بـەڵام بەرهـەمێکی کۆمێدیشـی لـە خـۆی بەجێهێشت. (و–کوردی)**

فلانـی نایـەت.، لام وایـە بـاش نییـە". مامۆسـتا بەوپـەڕی ڕێـزەوە گـوێی لێدەگرێت.

**دەی بەڵگە، یان هۆیەکیان هەیە بۆ ئەوەی...**

لەو رووەوە کە دڵنیام کەس بێ خوێندنەوە ناتوانیت بنووسێت– بـەر لـە نووسـین دەبێـت بخوێنیتـەوە– لام وایـە زانکۆکـان دەرفـەتێکی بـاش دەخولقێنن بۆ خوێندنەوە.

**تۆ لە سەردەمی فێمنیسـمدا دەنووسـیت. رات چییە دەربـارەی ئـەم بزووتنەوەیە و ئاخۆ بەشداری دەکەیت لە بزووتنەوەی فێمنیستیدا؟**

بەر لە جەنگ کـە ژنـان لـە فەڕەنسـا مـافی دەنگدانیان نـەبوو و هـەوڵیان دەدا ئەم مافە بەدەست بێنن و بۆیان هەبێت لـە هـەموو پیشـە و کارەکانـدا بە شێوەی چالاکانە بەشداری بکەن، لەم بزووتنەوەیـەدا بەشـداریم دەکـرد. من بـاوەڕم بـە سـەرجەم لایەنـەکانی فێمنیسـمە کـە هـەوڵ دەدات بـۆ مـافی یەکسان، پێویستی ژنان بۆ کـار، داهـات، داهـاتی یەکسـان، یارمەتیـدان بـە ناوەندەکانی راگرتنی منداڵان، هەیە. ئـەو شـتەی کـە سـەری لـێ دەرناکـەم ئەوەیە خانمەکان دەڵێن ئێمە "سروشتی تایبەتمان"مان هەیە و "نووسـینی ژنانە"مان هەیە. لەبەر ئەوەی نـازانم یـانی چـی ئـەم قسـەیە و چ مانایـەکی هەیـە، بـە تـەواوەتی دژ بـەم لایەنـەی بزووتنـەوەی فێمنیسـتیم. لام وایـە ئەوەی کە دەوترێت جیاوازن جۆرێك خۆکوژییە. زمانی خۆیان نـازانن لەبـەر ئەوەی پیاوان خولقاندوویانە. ئەمە بەلای منەوە بێمانایـە. منـداڵانی کچـیش



بەقەد منـداڵانی کـوڕ قسـە دەکـەن. لایـەنگرانی ئـەم بزووتنەوەیـە خـەریکن خۆیـان لـە جۆرێـك خۆکـوژی بەکۆمـەڵ، جۆرێـك نارسیسـیزمدا[37] زینـدانی دەکەن. بەردەوام خۆیان لە ئاوێنەدا دەبینن. ئـەم جـۆرە فێمنیسـمە ئـەوان بە تـەواوی لـە دونیـای پیاوانـە دادەبڕێـت، ئـەەو دونیایـەی هـەموو شـتێك، باسـی زانسـت، فەلسـەفە، مۆسـیقا، شـێوەکاری و تەنانـەت ئـەدەبیش لـەو دونیایەدا خولقاوە و سەر بەو دونیایە. نازانم ئەم ژنانـە دەیانـەوێت بـە چـی بگەن. لام وایە کەوتوونەتە رەوتێکی پارادۆکسەوە. خۆیان زانیویانە خۆیـان لە نووسینە فێمنیستییەکاندا زیندانی کردووە.

**لام وایە بە شوێن دەنگی خۆیاندا دەگەڕێن.**

بەڵێ وایە. رەنگە هەڵە بکەن، بەڵام باشتر وایـە لـەبری ئـەوەی بـیری لـێ نەکەنەوە، بە شوێنیدا بگەڕێن.

**بەڵام من هیوادارم بە شتێکی تر بگەین و شتێکی تر بدۆزینەوە.**

---

[37]– **نارسیسیزم (Narcissism) یان شەیدای خود بوون، کە دەربڕی جۆرێك عاشـقی خۆبـوون، یـان شـەیدای خۆبوونـە، نارسیسـیزم لـە وشـەی یۆنـانی نارسیس (نـەرگس، ئوستوورەی نارسیسیوس)ەوە وەرگیراوە. نارسیس یان نـەرگس پیاوێکی جوانی قۆز بوو کە لـە عەشقی (ئێخوو) (Echo) یـەکێك لـە خواوەنـدەکانی کێـوی هلیکـۆن، خـۆی دوور دەگرێـت و عاشـقی روخسـار و دەموچاوی خۆی دەبێت لە حەوزێکی ئاودا. نارسیس کە بە عەشقەکەی خۆی، واتە روخساری خۆی لە حەوزەکەدا ناگات، ئەوەندە خەم دایـدەگرێت و دەگری تا ئەوەی کە دەبێت بە گوڵی نێرگس. (و– کوردی)**

بەڵێ. ئەو شتەی کە دەبێت پێی بگەن و بیدۆزنەوە، سەرجەم دەرفەتەکانی باشتربوونی روانگەی خود و کارامەبوونی خودە، هەمان ئەو شتەی کە پیاوەکان هەیانە، هەر ئەو شتانە بگرنە دەست لە ئێستادا، بەڵام ئەوان خۆیان بێبەریی دەکەن لەو شتانە. دەبێ یەکسان بن، بەڵام لە باری رۆشنبیرییەوە، لە هەر روویەکەوە یەکسان بن، بەڵام دەڵێن جیاوازن. زۆر باشە ئەگەر ئەگەر جیاوازبن گاڵتەیەکی خراپە، تەنانەت لەباری زانستییەوە. لە خۆم دەپرسم ئەمە کامە بیرکردنەوە و زەینی ژنانە کە هێشتا کارێکی وای نەکردووە، کەچی جیاوازە؟ ئاسۆیەکی خراپە. بەپێچەوانەوە دەبێت بڵێن من هەمان زەینم هەیە، بەڵام بەریان پێگرتووم، یان پێشتر بەریان پێدەگرتم بەوەی پێش بکەوم، بەڵام ئێستا دەمەوێت پێشبکەوم. ئەمە راستە. راستە لەبەر ئەوەی کاتێك دەخوێنمەوە، بۆ وێنە ئەو کاتەی بۆدلێر دەخوێنمەوە، زیاتر لە هەموو پیاوەکان لە بەرهەمەکانی ئەو تێدەگەم، لەبەر ئەوەی ئاستی هەستیاریم بۆ بەرهەمەکانی ئەو لەسەرەوەیە. ئەوەی کە من ژنم هیچ دەور و نەخشێکی لەمڕووەوە نییە. لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەمە راست بێت کە نەتوانین بەرهەمی نووسەرانی پیاو بخوێنینەوە، وەك پیاوانی نووسەرمان لێدێت! دەبین بە پیاوەکان! ئەگەر بانگەشەی ئەوە دەکەن زەینی ژنانە، ئەوەندە جیاوازە، کەوایە خانمەکان زۆر دژوار دەتوانن شتێك بخوێننەوە.

**هیچکام لە نووسەرە ئەمریکاییەکان سەرنجی تۆ بۆ لای خۆی رادەکێشێت؟**



ئەگەر ئیزن بدەیت بگەڕێینەوە دواوە پێت دەڵێم بەڕاستی حەزم لە نووسینەکانی فاکنەر[38] و فاکنەرم خۆش دەوێت. بە پێچەوانەی ژمارەیەکی زۆر لە ئەمریکاییەکان لەسەر ئەو باوەڕەم بەرهەمەکانی دۆس پاسۆس[39] بەرهەمی پڕبەهان. دەزانم ئەم بۆچوونە بەلای ئەمریکاییەکانەوە سەیرە، لەبەر ئەوەی دۆس پاسۆس زۆر دەگەڕاییەوە بۆ دواوە. وا هەست دەکەم هەندێ شتی سەرنجڕاکێشی دۆزییەوە، هەندێ شتی سەرنجڕاکێش لە ئەدەبدا. لەو کاتە بە دواوە بەرهەمی نووسەرانی ئەمریکایی دەخوێنمەوە، کتێبەکانیان جیاوازی زۆرە لەگەڵ کارەکانی من. با بزانیت من کتێبەکانیان دەخوێنمەوە، زۆرم پێ خۆشە. پڕە لە ژیان و جموجووڵی ژیان، لەبەر ئەوەی ژیانی ئەمریکایی بە وێنا دەکێشێت و دەیخاتە روو. لە ئەمریکاش ژمارەیەك نووسەر هەن کە دەیانەوێت لە

---

38– **ویلیام فاکنر** (William Cuthbert Faulkner) (1897–1962) **رۆماننووسی ئەمریکایی و براوەی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیات. کە لە بەرهەمەکانیدا دەتوانین ئاماژە بە قیڕە و تووڕەیی (*The Sound and the Fury*)، گۆڕبەگۆڕ، ئابشالۆم ئابشالۆم، شار، مێشەکان، بدەین. (و–کوردی)**

39– **دۆس پاسۆس** (**John Roderigo Dos Passos**) (January 14, 1896 – September 28, 1970) **رۆماننووسی رادیکاڵی ئەمریکی، هەروەها ئەکتیڤیستێکی هونەری لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا. لە شیکاگۆ لەدایك بوو و ساڵی** 1920 **یەکەم رۆمانی خۆی بڵاوکردەوە بە ناوی** (One Man's Initiation) **بەرهەمەکانی بۆ بەشێکی زۆر لە زمانەکانی دونیا وەرگێڕدراوەتەوە. (و–کوردی)**

ڕەوتـــی ڕۆمـــانی نـــەریتی لابـــدەن، لەوانـــە جـــان بـــارت[40] و بـــارۆز[41] کـــە بەرهەمەکانیانم پێ خۆشە.

**لات وایە ئەو بەرهەمانەی تایبەتن بە ئەدەب لە سەدەی بیستەمدا لـە باری ئەدەبییەوە یارمەتی ئەدەبی فەڕەنسایان داوە؟**

- بەڵێ بە دڵنیاییەوە گۆڤاری "لێکدانەوەی ڕۆمـانی فەرانسـە" دوای جەنگی یەکەمی جیهـانی ڕۆمـانێکی گـرنگ بـوو و گرنگـی تایبـەتی هـەبوو و بەرهەمی باشترین نووسـەرانی ئـەوکات لـەو گۆڤـارەدا چـاپ دەبـوو. ئێسـتا چەند گۆڤاری ئەدەبی نوێمان هەیە کە هەوڵیان ئەوەیـە نووسـەرە تازەکـان بدۆزنەوە و بەرهەمەکانیان چاپ بکەن. کە ئەم گۆڤارانە دەخوێنیتەوە بـاش یان خراپ دەزانیت چی ڕوو دەدات.

**لە ڕوانگەی تۆوە ئەرکی ڕۆماننووسێك چییە؟**

من لام وایە ئەرکی سەرجەم ڕۆماننووسـەکان، شـێوەکارەکان، سـەرجەم مۆسـیقی زانـەکان و هـەموو ئەوانـەی هـەوڵ دەدەن بـۆ بـە جووڵەخسـتنی هونەرە، یەکێکە و ئەویش: بە شوێن شتێکەوە بـن کـە بـە تـەواوی هەسـتی

---

[40]– جان بارت (**John Simmons Barth**) لەدایکبووی 27 مای 1930. ڕۆماننووسـی ئـەمریکایی کـە وەك ڕۆمـاننووس و چیرۆکنووسـێکی پۆست مۆدێرن ناسراوە. (و–کوردی)

[41]– بـارۆز (**William Seward Burroughs**) (5ی فێبرایـەری 1914– بۆ 2ی ئۆگۆستی 1997) ڕۆماننووس و چیرۆکنووسی و ڕەخنـەگری ئەدەبی و ئەندامی ئەکادیمیای هونەر و ئەدەبی ئەمریکا (و–کوردی)



پێدەکـەن، بـێ ئـەوەی گرنگـی بـدەن بـە سـتایلەکان، بـێ ئـەوەی تیـۆری بەلایانەوە گرنگ بێت. بە وێناکردنی ئەو شتەی هەسـتی پێدەکـەن گرنگـە و جێگای متمانەیە، ئەو شتەی ناچـاریان دەکـات فۆڕمێـك بدۆزنـەوە، فـۆڕم و ستایلێك کە هی خۆیان بێت، ئەمجۆرە فۆڕم و ستایلە زیندووە، نەك فـۆڕم و ستایلێکی ئاکادیمیایی و بەرتەسك.

**ئەی ئەگەر پەسەند نەکرا.**

کە دەست دەکەن بـە نووسـین نابێـت بـیر لـەم شـتانە بکەنـەوە. بـۆدلێر دەڵێت: "من جـوانیی خـۆم بەسـەریاندا دادەسـەپێنم". بـۆدلێر بـۆ ئـەوەی نەدەنووسی خەڵکی ئەو سەردەمە پێیان خۆش بێت، ئەو شتەی دەنووسـی خـۆی بـە قـووڵی لـە دەروونیـدا هەسـتی پێـدەکرد و فـۆڕم و سـتایلێکی بـۆ دۆزیبۆوە، پێیـان خـۆش بێـت یـان پێیـان نـاخۆش بێـت، زۆر گـرنگ نییـە. ستاندال پەسـەند نـەدەکرا. زۆرن ئـەو نووسـەرانەی لـە سـەردەمی خۆیانـدا پەسەند نەدەکران.



**فرانسوا ساطان**







## فرانسوا ساگان

فرانسوا ساگان[42] رۆژی 21 جێنیوەری 1935 لە گوندێك لە باشووری رۆژئـاوای فەڕەنسـا لـە بنەماڵەیـەکی دەوڵەمەنـد لـەدایك بـوو، دوای کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانی لەگەڵ بنەماڵەکەی روویکردە پـاریس. نـاوە راسـتەقینەکەی فرانسـوا کـوارە[43]یـە. نـاوی خـوازراوی خـۆی لـە "پرەنسیس ساگان" لە رۆمانی "گەڕان بە شوێن کـاتی لەدەستچـوو"[44]دا وەرگرتووە.

فرانسوا ساگان نەیتوانی لە تاقیکردنەوەی چوونە نـاو زانکـۆی سـۆربۆن دەرچێت، سالی دواتر لـە هـاوینی 18 سـاڵیدا، واتـە سـاڵی 1954 کتێبـی سڵاو بۆ غەمی نووسی کە زۆر زوو بوو بە رۆمانێکی پڕفرۆش و سـەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێنا. ناوی ئـەم کتێبـەی لـە شـیعرێکی پـۆل ئێلـوار[45]ەوە

---

[42] Francoise sagan

[43] - Quiurez

[44] – **گەڕان بە شوێن کاتی لەدەستچوو (*In Search of Lost Time*) رۆمانێکی 7 بەرگی لە نووسینی مارسل پرۆست کە بە شاکاری ئەم نووسەرە دەناسرێت و لـە سـاڵی 1908ەوە تـا سـاڵی 1922 سـەرقاڵی نووسـینی ئـەم رۆمانە بوو. (و– کوردی)**

[45] – **پـۆل ئیلـوار (Paul Éluard) (14ی دیسـەمبەری 1895– 18ی نۆڤامبـەری 1952) نووسـەری فەڕەنسـایی و یـەکێك لـە رێبـەرانی بزووتنـەوەی سـوریالیزم. هـەروەها یـەکێك بـوو لـە دامەزرێنـەرانی گۆڤـاری شۆڕشـی**

وەرگرتووە. ساڵی 1957 لە رووی کتێبی (سڵاو بۆ خەم ) فیلمێك دروستکرا کە دێبۆراکێر، دەیڤید نیۆن و جین سیبێرگ تێیدا دەوریان دەگێڕا و لە فەڕەنسا سەرکەوتنی زۆری بەدەستهێنا. دەوترێت ئاوازی ( The sound of silence)ی سیمۆن و گارفانکل لەژێر کاریگەری ئەم کتێبەدا نووسراوە.

رۆمانی دواتری (پێکەنینی دڵنیایی) ساڵی 1959 چاپ بوو، کە ئەویش زۆر سەرکەوتوو بوو.

ساگان ستایلێکی کلاسیکی، کۆنترۆڵ کراو و سادەی هەیە و لە سەردەمێکدا کە رۆمانی نوێ فۆرم و ستایلی زاڵ بوو، ئەو رۆمانی فەڕەنسایی دەروونناسییانەی دەنووسی. کەسایەتییە تەنهاکانی ساگان، وەك کارەکتەرەکانی ژان پۆل سارتەر و سیمۆن دوو بۆڤار، لە پەیوەندییە تاکەکەسییەکانی خۆیان تووشی خەمۆکی و یەئس بوون و هەوڵیان ئەوەیە تێپەڕبوونی کات لەگەڕان بە شوێن بەختەوەریدا پڕ بکەنەوە. کارەکتەرەکانی رەمز و سیمبۆلن لە تازەلاوانی خەمۆکی و تا رادەیەك لە کەسایەتییەکانی جی–دی سالینجەر دەچن.

هەرچەند پیاوان لەسەر ئەو باوەڕەن رۆمانەکانی فرانسوا ساگان لە رۆمانە سەرقاڵکەرەکاندا پۆلێنبەندی بکەن، رەخنەگرە فێمنیستەکان لەسەر ئەو باوەڕەن رۆمانە سەرەتاییەکانی زیاتر شیاوی بایەخن.

---

**سوریالیستەکان لە ساڵی 1924. لە ساڵی 1927–ەوە تا ساڵی 1933 و هەروەها دوای 1938 ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی فەڕنسا بوو. (و–کوردی)**



فرانسوا ساگان لە دەیەی 1960دا زیاتر روویکردە شانۆنامە نووسین و تواناکانی خۆی لە نووسینی دیالۆگی پێکەنینهێنەرانە خستە روو.

ساگان لە ماوەی ژیانیدا دەیان شانۆنامە، وتار و شیعری گۆرانی نووسی و ژمارەیەکی زۆر لە شانۆنامە و رۆمانەکانی کرایە فیلم.

فرانسوا ساگان لە تەمەنی 69 ساڵیدا و سێپتەمبەری 2004 بەهۆی شێرپەنجەی سییەکانەوە ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

**چۆن بوو لە تەمەنی 18 ساڵیدا دەستت کرد بە نووسینی "سڵاو بۆ غەم"، لات وابوو چاپ دەبێت؟**

تەنها ئەوە بوو دەستم کرد بە نوسوین. زۆرم حەز لە نووسین بوو و کاتی بەتاڵیشم زۆربوو. بەلای خۆمەوە وتم ئەمە جۆرێك بەرزەفڕییە، کچانی هاوتەمەنی من کەمتر کاتی خۆیان بۆ شتی وەها تەرخان دەکەن، هیچکات ناتوانم تەواوی بکەم. بیرم لە "ئەدەب" و کێشە ئەدەبییەکان نەدەکردەوە و تەنها بەخۆم دەگوت ئاخۆ بەڕادەی پێویست ئیرادەم هەیە بۆ تەواوکردنی و بیرم لەم شتە دەکردەوە.

**سەرەتا بە ناتەواویی وازت لە کتێبەکە هێنا و دواتر دەستت پێکردەوە؟**

نا، حەزێکی زۆرم بۆ نووسین هەبوو، هیچکات هیچ شتێکم ئەوەندە پێ خۆش نەبووە. کە دەمنووسی بەخۆمم دەگوت زۆر باش دەبێت ئەگەر چاپ بێت و بەخت یاوەرم دەبێت. سەرەنجام تەواو بوو و لام وابوو شتێکە کەس وەریناگرێت. دواتر خۆم و کتێبکەم پێ سەیر بوو.

**لەمێژبوو حەزت دەکرت شتێك بنووسیت؟**

بەڵێ، چیرۆکی زۆرم خوێندبۆوە و دەخوێندەوە. لام وابوو هەموو کەس حەز بە نووسینی چیرۆك دەکات و ناکرێت کەسێك حەز بە نووسینی چیرۆك نەکات. بیرم لەوە دەکردەوە چەند سەرنجڕاکێش و خۆشە لەبری ئەوەی ئینسان بچێت بۆ شیلی و لەگەڵ ژمارەیەك گەنجی شەقاوەدا بێت، لە پاریس دانیشێت و ڕۆمان بنووسێت.

**خێرایی بەرەوپێشچوونی کارەکانت چۆن بوو، پێشتر بیرت لە چیرۆکەکە کردبۆوە؟**



لە سڵاو بۆ غەم-دا تەنها شتێك کە سەرەتای کارەکە بیرم لێکردبۆوە، کارەکتەر بوو، کچێك. تا ئەوکاتەی دەستم نەکرد بە نووسین بەڕاستی شتێکی ئەوتۆم نەدەزانی. بۆ ئەوەی ئایدیایەك بە مێشکم بگات دەبوو دەستم بە نووسین کردبا. سڵاو بۆ غەمم لە ماوەی دوو سێ مانگدا نووسی و ڕۆژی دوو سێ کاتژمێر کارم دەکرد. پێکەنینی دڵنیایی وەها نەبوو. چەند یادداشتێکی بچووکم نووسیبوو و دوو ساڵ بوو بیرم لێدەکردەوە. کە دەستم پێکرد، ئەمجارەش ڕۆژی دوو سێ سەعات دەمنووسی و زۆر خێرا دەچووە پێش. کە کەسێك بڕیاردەدات بە پێی بەرنامە بچێتە پێشەوە و بنووسێت ئەو بەرنامەیە بەڕاست جێبەجێ دەکات، زۆر خێرا دەنووسێت. لانیکەم من وابووم.

**بۆ لێکدانەوە و تاوتوێکردنی ستایلەکەت زۆرت کات تەرخانکرد.**

نا، زۆر کەم.

**کە وایە دوو ڕۆمانی تۆ بەگشتی پێنج شەش مانگ زیاتری نەخایاند؟**

نا، ڕێگایەکی زۆرباشە بۆ پارە پەیداکردن!

**وتت گرنگترین شت بەلای تۆوە بۆ دەستپێك کارەکتەرێکە؟**

کارەکتەرێك یان چەند کارەکتەر، یان نەخشە و پلانێك بۆ چەند دیمەن تا ناوەڕاستی کتێبەکە، بەڵام کاتی نووسین هەموو ئەم شتانە دەگۆڕدرێت. بەلای منەوە پرسی نووسین، دۆزینەوەی ڕیتم و ئاهەنگێکی تایبەتە. من

لەگەڵ ریتمی جاز بەراوردی دەکەم. زۆربەی کاتەکان ژیان جۆرێک پێشکەوتنی ریتمیکی سێ کارەکتەرە. بەم شێوەیە ژیانکردن شتێکی ئیختیاری دەرناکەوێت.

**کارەکتەرەکانت لە رووی ئەو کەسانەوە کە دەیانناسیت، هەڵدەبژێریت؟**

زۆرم هەوڵ دا بزانم وێکچوون هەیە لەنێوان مرۆڤەکانی رۆمانەکەمدا لەگەڵ ئەو کەسانەی دەیانناسم و وێکچوونێك بدۆزمەوە، بەڵام هیچ شتێکم وام نەدۆزییەوە. لە وێناکردنی مرۆڤەکانی ناو کتێبەکاندا بە شوێن کەسێکدا ناگەڕێم لە دەرەوە هەبێت. هەوڵ دەدەم مرۆڤە خەیاڵییەکان جۆرێك بخولقێنم چما بوونیان هەیە. ئەگەر ئەو کەسانەی دەیانناسم بیانخەمە ناو رۆمانەکەمەوە وەها ماندووم دەکات کە ماندوێتی و بێزاریی دەمکوژێت. لام وایە دوو جۆر فێڵ هەیە: یەکیان ئەو دەمامکانەی خەڵك لەبەردەم یەکتردا دەیپۆشن و ئەویتریان ئەو دەمامکەی نووسەر دەیکاتە روخساری واقیعدا.

**کە وایە تۆ لات وایە جۆری کارەکتەرە کە راستەوخۆ لە واقیعەوە وەرگیراوە؟**

بەدڵنیاییەوە هونەر دەبێت واقیع تووشی سەرسوورمان بکات. دەبێت ئەو ساتانە هەڵبگرێت کە بەلای ئێمەوە تەنها یەك ساتن و بەس، ئەم ساتە لەگەڵ ساتێکی تر و بە شێوەی دڵخوازانە دەبن بە زنجیرەیەك لە ساتەکان کە بە هەستێك پێکەوە گرێدراون. من لام وایە هونەر نابێت بۆ ئەوەی



بەرامبەر سەرقاڵ بکات لاسایی واقیع بکاتەوە. هیچ شتێك بە ئەندازەی رۆمانە بەناو ریالیستییەکان لە واقیعەوە دوور نین و ناواقیعی نین. ئەم رۆمانانە وەك مۆتەکە وان. لە رۆمانێکدا دەتوانین بەجۆرێك هەستی راستەقینە بگەین، هەستی راستەقینەی کارەکتەرێك، هەر ئەمە.

هەڵبەت روانگەی هەڵە بۆ هونەر ئەوەیە کە ئەدەبی بەرز ئەو ئەدەبەیە زۆر لە واقیعەوە نزیکە، کە راستە بە پێچەوانەوەیە. ژیان ئاڵۆزە و هیچ نەزمێکی نییە، ئەدەب بەپێی یاسا و قانوون دەچێتە پێشەوە.

**هەندێ چالاکی دیاریکراو لە ژیاندا تا رادەیەك وەك چالاکی جێکەوتوو دەردەکەون، بۆ وێنە پێشبڕکێی ئەسپسواری. کە وایە بەپێی قسەکانی تۆ سوارەکان واقیعی و راستەقینە نین؟**

چالاکی کەسەکان بە تەواوی داگیریان دەکات، رەنگە سوارەکانیش هەر وابن، تکایە وا خۆتان نیشان مەدەن بەوەی کە ئەمە واقیعە، زۆربەی کات وەك کارەکتەری رۆمانیان پێدێت، بەڵام بێ رۆمان وەك هوڵەندایی کە دەفرێت(شم).

**دوای تەواوکردنی کتێبێك، کارەکتەرەکان لە زەینتدا دەمێننەوە، چۆن دادوەری دەکەیت لەبارەیانەوە؟**

**[46]– بەپێی چیرۆك و حیکایەتێکی کۆن، پاپۆڕەی باڵدار بۆ هەمیشە لە دەریادایە و هیچکات ناگەڕێتەوە شوێنی خۆی.**

که کتێبێك تەواو دەبێت دەستبەجێ کارەکتەرەکانم فەرامۆش دەکەم و ئیتر هیچ هۆگرییەکم پێیانەوە نییە. هیچکات بە شێوەی ئەخلاقی دادوەری ناکەم لەبارەیانەوە. هەموو ئەو شتانەی دەیڵێم ئەوەیە ئەم کەسە گاڵتەجارە، شادە یان زۆر بێزارکەرە. ئەوەی کە دەربارەی کارەکتەرەکانم دادوەری بکەم، زۆر ماندووم دەکات. تەنها ئەخلاقیاتی رۆماننووسێك، بنەما ئەخلاقییە جوانیناسانەکانییەتی. من کتێب دەنووسم، بە خاڵی کۆتایی دەگەم و هەم و غەمی من ئەمەیە و بەس.

**ئێدیتۆر زۆر بە کتێبی "سڵاو بۆ غەم"دا چۆوە و زۆری دەستکاری کرد؟**

لە کتێبی یەکەممدا چەند پێشنیارێکیان پێدام. بۆ وێنە چەند کۆتاییەکی جیاوازم هەبوو کە لە یەکیاندا "ئان" نەدەمرد. سەرەنجام بڕیارمان دا ئەو گێڕانەوەیەی کە "ئان" دەمرێت بەهێزترە، کتێبەکە بەهێزترە و باشترە.

**لەو رەخنانەی کە لە کتێبەکانت گیراوەو چاپ بووە هیچ شتێك فێربووی؟**

ئەو رەخنانەی کە بونیاتنەرن تا کۆتایی دەیانخوێنمەوە، لە هیچکامیانەوە هیچ شتێکی تازە فێر نەبووم، بەڵام ئەو فەنتازیا و داهێنانانەیان تووشی سەرسوورمانی کردووم. کۆمەڵێك چەمکیان دۆزیبۆوە مەبەستی من نەبوو.



چ هەستێکت هەیە بەرامبەر بە "سڵاو بۆ غەم"؟

پێکەنینی دڵنیاییم زۆرتر خۆش دەوێت لەبەر ئەوەی دژوارتر بوو، بەڵام سڵاو بۆ غەم زیاتر سەرقاڵی دەکردم لەبەر ئەوەی بەبیرهێنەرەوەی سەردەمێکی تایبەتی ژیانم بوو. یەك وشەشی ناگۆڕم. لەبەر ئەوەی نووسیومە و تەواو بووە.

**بۆچی دەڵێیت پێکەنینی دڵنیایی بەلاتەوە کتێبێکی دژواتر بوو؟**

کە کتێبی دووەمم نووسی، هەمان ئەو خاڵانەی وەرەق بەدەستمەوە نەبوو، نە کەش و هەوای پشووی هاوینەی کەنار دەریا، نە ورووژانێك کە لەوپەڕی پاکیزەییدا بە لوتکە دەگەیشت، نە هیچکام لە رەش بینییەکانی سیسیلی. هۆیەکی تری ئەوە بوو لەبەر ئەوەی کتێبی دووەم بوو، دژوارتر بوو.

**گۆڕان لە یەکەم کەسی تاکی سڵاو بۆ غەمەوە بۆ بگێڕەوەی سێیەم کەس لە کتێبی پێکەنینی دڵنیایی بەلاتەوە دژوار نەبوو؟**

بەڵێ، سەخت و دژوارترە و زیاتر بەرتەسکت دەکاتەوە و وا دەکات زیاتر بە یاساکانەوە پەیوەست بیت، بەڵام بە رادەی نووسەرانی تر کێشەی بۆ دروست نەکردم.

**کاری کام نووسەری فەڕەنسایی پێ باشە و بەلاتەوە گرنگە؟**

نازانم. بەدڵنیاییەوە ستاندال و پرۆست. عاشقی چیرۆکبێژی و رەوتی گێڕانەوەیانم کە زۆر شارەزایانە دەنووسن. بە شێوەیەك پێویستم پێیانە. بۆ وێنە بە دڵنیاییەوە دوای پرۆست کۆمەڵێك کار هەیە کە دووبارە نابنەوە. پرۆست سنووری تواناکانی تاکی دیاری کرد، ئەو ئەگەرانەی کە لە پەیوەند لەگەڵ کارەکتەردا بوونیان هەیە، دەخاتە روو.

**چ شتێکی تایبەت لە کارەکتەرەکانی پرۆستدا سەرنجت رادەکێشێت؟**

رەنگە دەربارەی کارەکتەرەکانی پرۆست، ئەوەی نایزانم زیاتر بێت لەوەی دەیزانم. من لام وایە ئەدەب بە باشترین دەربڕین و باشترین مانا ئەمەیە. بۆ وێنە دوای ئەو هەموو شیکارییە وردەی دەربارەی (سوان)[47] کراوە، خوێنەر هێشتا نەیتوانیوە لە بیرکردنەوە و راستییەکانی ئەو بگات، ئەدەب دەبێت بەم شێوەیە بێت. کەس حەز ناکات بپرسێت (سوان) کێیە؟ هەر ئەوەی بزانن پرۆست کێ بوو بەسە. نازانم لە مەبەستم تێدەگەیت، یان نا؟ مەبەستم ئەوەیە سوان بە تەواوی گرێدراوەتەوە بە پرۆستەوە و ناکرێت سوانێکی بەلزاکی وێنا بکەین. وەك چۆن وێنای (مەرسای)[48] یەکی پرۆستی مومکین نییە.

**47– کارەکتەری پرۆست لە رۆمانی "گەڕان بە شوێن زەمەنی لەدەستچوو"دا. و– فارسی.**

**48– مەرسای– کارەکتەرێك کە بەلزاك زۆری خۆش دەوێت. و– فارسی.**



**دەتوانین بڵێین رۆمان کاتێك دەنووسرێت کە رۆماننووس خۆی لە پێگەی رۆماننووسێکدا دەبینێت کە رۆمان دەنووسێت؟**

نا، کەسێك خۆی بە پاڵەوان دەزانێت و دواتر بە شوێن رۆماننووسدا دەگەڕێت کە بتوانێت چیرۆکەکە بنووسێت.

ئەو کەسەش هەمووکات ئەو رۆماننووسە دەدۆزێتەوە؟

بەڵێ وایە. بە مانایەکی بەربڵاوتر، لام وایە مرۆڤ هەمووکات ئەو کتێبە دەنووسێت. من کارەکتەرێك لەم کتێبەوە بۆ کتێبێکی تر دەگوێزمەوە و دەینێرم بۆ کتێبێکی تر، درێژە بە هەمان ئایدیا دەدەم. تەنها ئەوەیە گۆشە نیگا، ستایل، فۆرمی نووسینەکە دەگۆڕم. بەگشتی لام وایە دووجۆر رۆمان بوونی هەیە، واتە هەر ئەوەندەمان هەڵبژاردن لەبەردەستدایە. ئەو رۆمانانەی کە بەڕادەیەکی زۆر کەڵك لە دیالۆگ وەردەگرن، وەك بونیادی کتێبەکانی بێنجیامین کۆنستان[49]، سڵاو بۆ غەم و پێکەنینی دڵنیایی. ئەو کتێبانەی کە کارەکتەر و رووداوەکان شی دەکاتەوە و وەسفیان دەکات. هەر دوو فۆرمەکە دژواری خۆیان هەیە. لە چیرکنووسینی سادەدا زۆربەی کات پرسە گرینگەکان دەخرێنە لاوە. لە رۆمانە کلاسیکە دوورودرێژەکاندا، بازدان لە بابەتێکەوە بۆ بابەتێکی تر لەتمە و خەسار دەگەیەنێت بە کاریگەری دانانی رۆمان لەسەر خوێنەر.

**49– بێنجیامین کۆنستانت** Benjamin constant **نووسەر و رۆماننووسی سویسرایی\فەڕەنسایی** (1767–1830) **نووسەری رۆمان ئادۆلف. ئەم رۆمانە بە پێشەنگی رۆمانە دەروونناسییەکان دەزانرێت. و–فارسی.**

**پێت خۆشە ڕۆمانی وەسفی بنووسیت؟**

بەڵێ، بەڵێ پێم خۆشە. لە ڕاستییدا خەریکی گەڵاڵە دانانم، ڕۆمانێک بە ژمارەیەکی زۆری کارەکتەرەوە و سێ پاڵەوانەوە، کارەکتەرەکانی پڕقسەترن و زیاتر دەگۆڕدرێن لەچاو دومینیک و سیسیلی و کارەکتەرەکانی تری دوو ڕۆمانی یەکەمم. ئەو ڕۆمانەی دەمەوێت بینووسم ئەوەیە، کارەکتەری ڕۆمان لە کۆتوبەندی پلۆت، لە خودی ڕۆمان و نووسەر خۆی ڕەها کردووە.

**تا چەندە لەمپەرەکانی بەردەمت دەناسیت و خواست و ویستەکانت چۆن لێکدەدەیتەوە.**

ئەم پرسیارە لە پرسیارە ناخۆشەکانە. وا نییە. ناسینی لەمپەرەکانی بەردەم بەو مانایە کە تیولستۆی و دۆستۆیۆفسکی و شکسپیرم خوێندۆتەوە. لام وایە ئەمە باشترین وەڵامە. بەدەر لەمانەش لام وانییە هیچ کەموکوڕییەك لە کارەکانمدا هەبێت.

**تۆ زۆر زوو پارەیەکی زۆرت بەدەستهێنا. ئەم پارەیە ژیانی تۆی گۆڕی، جیاوازی دادەنێیت لەنێوان نووسین بۆ پارە لەگەڵ نووسینی جیدی وەك ژمارەیەك لە نووسەرانی ئەمریکایی و فەڕەنسایی؟**

بەدڵنیاییەوە سەرکەوتنی کتێبەکە بە شێوەیەك ژیانی گۆڕیم، لەبەر ئەوەی پارەم زۆرە سەرف بکەم، بەڵام ئەگەر مەبەستت دۆخی ژیانمە، زۆر نەگۆڕاوە. ئێستا ئۆتۆمبێلم هەیە، بەڵام هەمووکات دەتوانم بڕۆمە ڕێستورانت و ستیك بخۆم. ئەوە زۆر خۆشە مرۆڤ پارەی زۆری لەگیرفاندا بێت، بەڵام هەر ئەوە نەك زیاتر. ئەوەی کە چاوەڕێی پارەی زیاتر یان



کەمتر بم کاریگەری لەسەر نووسینم دانانێت. من کتێب دەنووسم، جا ئەگەر دواتر پارەیەکیشم بەدەست بگات باشترە.

**خاتوو ساگان وتووێژەکە دەبڕێت بۆ ئەوەی بڵێت دەبێت بڕوات. بەرنامەیەکی رادیۆیی هەبوو کە دەبا پرۆڤەی کردبا. داوای لێبووردنی لێکردم و هەستا ڕۆیشت. کە قسەکانی بڕی دژواربوو باوەڕ بەوە بکەم ئەم کچە باریکەلە سەرنجڕاکێشە، بەرهەمەکانی ئەوەندە خوێنەریان هەبێت و ژمارەی خوێنەرانی ئەوەندە زۆر بێت، کە ڕۆماننووسێك بە درێژایی تەمەنی و بە هەموو کتێبەکانییەوە ئەوەندە خوێنەری نەبێت. بە پێچەوانەوە مرۆڤ لای وابوو خوێندکارێکە کە بەپەلە بەرەو سۆربۆن دەڕوات و لەبەر دەرگا ماڵئاوایی لە دایکی دەکات و بە دایکی دەڵێت لە زانکۆوە دەڕوات بۆ سەر کار و دواتر زوو دەگەڕێتەوە.**



## هێرتا موولێر، براوەی خەڵاتی نۆبڵ.

هێرتا موولێر رۆژی 17ی مانگی ئابی 1953 لە نیتزکی دۆرف لە رۆمانیا لەدایك بوو. باوەگەورەی وەرزێرێکی دەوڵەمەند بوو کە داراییەکەی

له لایەن حکومەتی کۆمۆنیستییەوە دەستی بەسەردا گیرا. دایکی چەند ساڵ لە ئۆردووگای کاری زۆرەملیّ لە رووسیا کاری دەکرد. باوکی کە ماوەیەك ببوو بە سەربازی گەشتاپۆ وەك شۆفێری لۆری کاری دەکرد.

هێرتا موولێر (Herta Müller) یەکەم کتێبی بە ناوی "lowlands" بۆ چەندساڵ لە رۆمانیا ئیزنی بڵاوبوونەوەی نەبوو و ساڵی 1982 دوای سانسۆرێکی زۆر چاپ و بڵاوکرایەوە. ساڵی 1987 لەگەڵ مێردەکەی، ریچارد واگنەر روویکردە ئەڵمانیای رۆژئاوا، ساڵی 1995 بوو بە ئەندامی ئەکادیمیای زمان و شیعری ئەڵمان. تا ئێستا زیاتر بیستوچوار بەرهەمی بڵاوبۆتەوە و لە ساڵی 1981ەوە بیستوهەشت خەڵاتی جۆراوجۆری ئەدەبی پێبەخشراوە. ساڵی 2009 بوو بە براوەی خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئەدەب.



**چ شتێکی خەڵاتی نۆبڵت بەلاوە خۆش بوو؟**

من لە خەڵاتی نۆبڵدا جۆرێك پاداش دەبینم. هەندێ کەس لایان وایە براوەی خەڵاتی نۆبڵ دەبێت پێگەیەکی تایبەتی هەبێت، بەڵام نووسەرێك وەك نووسەر پێویستی بەوە نییە پێگەی هەبێت و من ئەمەم پێخۆشە ئەم خەڵاتە، بەخشراوە بە بابەتی کتێبەکانم. ئەو بابەتەی کە بەردەوام دەپەرژێتە سەر حکومەتی دیکتاتۆری و لەناوبردنی مرۆڤەکان، ئەو مرۆڤانەی کە لە حکومەتی دیکتاتۆرییدا بێبەها دەکرێن و بێبەهایانە چاویان لێدەکرێت. من ئەمرۆکە بۆ ئەو هاوڕێیانەم خۆشحاڵم کە سەردەمانێك بوون بە قوربانی تیرۆر و تۆقاندن و ژمارەشیان کەم نییە. بۆ

ئۆسكار پاستیۆر[برله] خۆشحاڵم كە ئەگەر ئێستا لە نێوانماندابایە وەك منداڵ شادی دەكرد.

**لە كتێبی (Atemschakel)دا باست لەم نووسەرە گەورەیە كردووە كە پێنج ساڵ لەوەوپێش ماڵئاوایی لە ژیان كرد.**

بەڵێ، ئەم كارەم كرد و زۆرم پێناخۆشە، ئەو ئەم بەرهەمەی نەبینی. بە خۆم دەڵێم، رەنگە لە ژوورە هەورییەكەی خۆی دانیشتووە و تەماشا دەكات، بەڵام ئەمە تەنها ئارامكردنەوەیەكە و باوەڕم بەم شتە نییە. خۆڵەمێشەكەیان لە زەوی ناشتووە، نەك لە ئاسمان.

**ئەم رۆمانەی تۆ زۆر شاعیرانەتر و بەهێزترە لە كارەكانی پێشترت. ئاخۆ لە تەنیشت فرید ئۆسكاردا، پەیوەندی هەیە بە كاری تۆشەوە كە پێكەوەلكانی وشەكانە كە لە رۆژنامەكاندا هاتوون.**

بەدڵنیاییەوە وایە. من لە كاتی بڕین وشەكان پەیوەندی راستەوخۆ دەگرم لەگەڵ هەركام لەو وشانە، لەبەر ئەوەی وشەكان بەیەكەوە دەلكێنم بۆیە شوێنێكی كەمم بەدەستەوەیە. ئەم كارە هونەرییە دەربڕی نووسینی كورتە، واتە بە هەڵبژاردنی وشەكان، كورتترین رێگا بدۆزینەوە بۆ رستە دروستكردن. لە كتێبەكەشدا لە چەند شوێن ئەم شێوە نووسینە هاتووە. وشەكان بە دروستی لە مێشكمدا جێگای خۆیان دەكەنەوە و هەركات

---

[50]–(1927-2006 ) Oscar Pasitor- **شاعیر و وەرگێڕی رۆمانیایی كە ناسنامەی ئەڵمانیایی وەرگرت.**



رستەیەكی تر دەنووسم ئەمانە دەستبەجێ دێنەوە بیرم و پێكەوە گرێدەدرێن. وشەكان زۆر بە جوانی لە مێشكمدا جێی خۆیان كردۆتەوە و هەركات رستەیەكی تر دەنووسم، ئەمانە دەستبەجێ دێنەوە یادم و پێكەوە گرێدەدرێن. بێ رەحمی و كارەساتێك كە نیشاندەری ئۆردووگا بوون، یان لە قسەكردنیاندا دەردەكەوت یان قسەكردن لە دەروونی ئەو كەسانەی كە لەژێر ئەم گوشارانەدا بوون. بەدەر لەمانەش دەبوایە دەربڕینێكی جوانم هەبایە و ئەو "من"ە كە لەژێر زەخت و گوشاردابوو، نەدەبا خۆی دەرخستایە. رەنگە ئەگەر ئۆسكاربایە دەیگوت بەڵێ وابوو و ئەمە زۆر گرنگ بوو بەلای منەوە.

**هەندێ جار مرۆڤ ئەو هیوایەی هەیە كە رابردوو فەرامۆش دەكرێت، وایە؟**

هیچ كەس رابردوو فەرامۆش ناكات و ئەمەش بۆ هەموو دۆخێك وایە و لە هەر دۆخێكدا بێت بەم شێوەیە. هەموو كەس لەوە دەترسێت كە پەیوەندییەكانی دەپچڕێت، هەركەس لەوە دەترسێت هەركات رەنگە تووشی نەخۆشییەك بێت. ئەم ترسانە دەمێننەوە و ئەوە ئێمەین دەگۆڕدرێین. ئەم شتە زۆر دێتە پێش، ئەو كاتەی مرۆڤ لەگەڵ دۆخێكی نالەبار رووبەڕوو دەبێتەوە، ئەو كاتەی نیگەرانی ژیانە و بیر لە مەرگ دەكاتەوە، ئەو كاتەی كەسێك وەك من لە لایەن حكومەتی زوڵم و زۆرەوە بۆ ماوەی پازدە ساڵ لەژێر چاودێریدا دەبێت، ئەم شتە زۆرتر هەستی پێدەكرێت، بەمەشەوە مرۆڤ زۆر سەیر خوو دەگرێت بەم شتانە، هەرچەند ئەم شتە بۆی دەبێت بە خوویەكی دێوەزمەئاسا.

مرۆڤ ترسی خۆی کۆنترۆڵ دەکات و هەوڵی ئەوەیە شتێکی تر لە رۆژگار دروست بکات، هەرچەند واقیع شتێکی تر بێت، بەڵام هەندێ جار ئەم کۆنترۆڵکردنە روو دەدات. رەنگە من شێت بم، بەڵام هەموو کات هەوڵم ئەوە بووە لەگەڵ خۆمدا بمێنەوە، وەك چۆن ئەمرۆش وایە.

**کە ساڵی 1987 هاتیتە ئەڵمانیا، ئایا بیرت دەکردەوە ئێمە کەسانێکی نائاگاین؟**

نا وا نییە، لەبەر ئەوەی لە ئەڵمانیاش سیستمی دیکتاتۆری شتێکی نامۆ نییە. ناسیۆناڵ سۆسیالیزم ئەڵمانیای بونیادنا و دوای ئەوە رژێمی دیکتاتۆری ئەڵمانیای رۆژئاوا دامەزرا، کە زۆر لە دیکتاتۆریی دەچوو و دیکتاتۆری هاوشێوەش لە شوێنەکانی تری ئەوروپا بوونی هەبوو.

**هەندێ جار دژ بە کتێبەکانت بابەت دەنووسرێت.**

رەخنەی ئەوەم لێدەگرن کە بۆچی بەردەوام باسی رابردوو دەکەم و دەربارەی رابردوو دەنووسم، ئەی کەی دەربارەی ئەڵمانیا و ئێستا دەنووسم. پێم سەیرە بۆچی ئەم رەخنانە ئاراستەی پریمۆ لێڤی ( Primo Levi)، یۆرگ سێمپرۆن (Semprun Jorge) یان جۆرجی ئارتۆر گۆلداشمیت (Georges Arthur Goldschmidt) ناگرن کە زۆریان دەربارەی تاوانی نازییەکان نووسیوە.

**رەنگە لە بەر ئەوەیە لە ئەڵمانیا "ئایدۆلۆژیای راست" زۆرتر سەرنجی پێدەدرێت لەچاو "ئایدۆلۆژیای چەپ".**



ئەم شتە راستە. بۆ ماوەیەکی زۆر خەڵك لە تۆقاندن و تیرۆری رژێمی کۆمۆنیستی نەناسراو مایەوە. ئەو کێشانەی کە لەبەردەم خەڵکی ئەڵمانیای رۆژئاوادا بوو کە سەفەر بکەن بۆ ئەڵمانیای رۆژهەڵات، وایکرد کە ئەوان نەتوانن لەو سنوورە بپەڕنەوە، ئەمە بوو بەهۆی ئەوەی دانیشتووانی ئەڵمانیای رۆژئاوا بەرەو وڵاتانی تری ئەوروپا، لەوانە فەڕەنسا و ئیتاڵیا سەفەر بکەن و بەگشتی ئەڵمانیای رۆژهەڵات، واتە وڵاتێکی بێ رۆح و مردوو بەلایانەوە سەرنجڕاکێش نەبێت. خەڵکی رۆمانی، رۆمانیایی بوون و بولگارییەکان بولگاری، بەڵام خەڵکی ئەڵمانیای رۆژهەڵات لەباری ئایدۆلۆژییەوە جیاوازییان هەبوو لەگەڵ ئەڵمانیای رۆژئاوا، ئەم ئایدۆلۆژییە لە ئەڵمانیای رۆژهەڵاتدا شتێك بوو کە دادەسەپێنرا بەسەرتدا و رژێمی ئەڵمانیای رۆژهەڵات لەم بارەیەوە زۆر بێڕەحمانە هەڵسوکەوتی دەکرد.

**بۆچی دوورخستنەوە و دەرکردنی کەمینەی ئەڵمانیا لە رۆمانیا ئەوەندە "تابۆ" بوو؟**

ئەم بابەتە هی سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانی بوو. رۆمانیا پشتیوانی لە هیتلەر دەکرد و ماوەیەك بەر لە کۆتاییهاتنی جەنگ بەرەی گۆڕی. دوای جەنگ مێژووی رۆمانیاییان بەلاڕێدا برد و بە شێوەیەکی تر گێڕایانەوە و تەنها باسیان لە سەرکەوتنی مەزنی سپای رووسیا دەکرد، وەك ئەوەی قەت پشتیوانییان لە هیتلەر نەکردبێت. لە ئۆکراین خەڵك نەیاندەزانی ئەم ئۆردووگایانە بوونیان هەبوو، لەبەر ئەوەی رووسەکان هەموو ئاسەوارەکانیان لەناو بردبوو، تەنانەت قەبرستانەکانیش!

**که ئیزنی چوونە دەرەوەی ئەڵمانیایان پێدای، ڕێکخراوی ئەمنیەتی ئەڵمانیا وەك هاوکاری ڕێکخراوی ئەمنیەتی ڕۆمانیا "سێکۆریتات" (Securitat) سەیری دەکردیت.**

کەس "سێکۆریتات"ی خۆش نەدەویست و هەمووان بێزاربوون لێی، کاتێك دەیانویست کەسێك تووشی کێشە بکەن، وەك هاوکاری خۆیان دەیانناساند. ئەو کارەی لەگەڵ من کردیان و ئەڵمانیاش باوەڕی بەو درۆیەی ئەوان کرد، بەڵام هیچکات نەمویستووە سیخوری "سێکۆریتات"بم. ئەوان زانیاری هەڵە و ناڕاستیان گەیاندە ڕێکخراوی ئەمنییەتی ئەڵمانیا، ئەوان ئاگاداری سەفەری من بوون. بەر لە سەفەرم بۆ ئەڵمانیا، چەند نامەیەکم لە هاوڵاتییەکانمەوە پێگەیشت کە "سێکۆریتات" بێزارە لێم و لە ڕۆژنامەکانیشدا هەندێ کاریان دژ بە من ئەنجام داوە. ئەو ڕۆژنامانەی بە سیخوڕ ناویان لێبردم. تەنانەت باسیان لەوە کرد کتێبی یەکەمی خۆمم بە ناوی "lowlands" بە سفارشی ئەو ڕێکخراوە سیخوڕییە نووسیوە و ڕێکخراوی ئەمنیەتی و زانیاری ئەڵمانیاش جۆرێك هەڵسوکەوتی لەگەڵ کردم وەك ئەوەی من سیخوڕ بم. داوایان لێکردم ئەو سیخوڕانە ناو ببەم کە کاریان لەگەڵ دەکەم و من پێمگوتن ئەوان کاریان بە من هەیە من کارم بەوان نییە و ئەمە شتێکی جیاوازە، ئەمە لە حاڵێکدایە وەڵامیان دایەوە ئەوانن دیاری دەکەن جیاوازی لە چیدایە، لەبەر ئەوەی بۆ ئەم کارەمان مووچە وەردەگرین. ئەوان زۆریان ئەزیەت دام و زۆریان ئازاردام و خۆزگەم دەخواست بۆ شوێنیکی تر بڕۆم، بەڵام بۆ کوێ؟ کە هاتمە بەرلین بەرپرسانی ئەمنیەتی پێیان وتم مەترسی ئەوەیە هەیە کەسانی



"سێکۆریتات" بمکوژن بۆیە پێویستە بادیگارد (حیمایە)م هەبێت. پێیان وتم چەکێکی نایلۆنی کە لە دەمانچەی ڕاستەقینە دەچێت، بکڕم، هیچ زەرفێك وەرنەگرم و نەچمە جێگەی نەناسراو و دوایین ڕستە کە لە نووسینگەی ڕێکخراوی ئەمنیەتی ئەڵمانیا پێیان وتم ئەوە بوو، ئەگەر لە لایەن "سێکۆریتات"ەوە کارێکم پێ سپێردراوە، دەتوانم بە ئاسانی پێیان بڵێم. ئەمانە کۆمەڵێك شتی پاڕادۆکس بوو کە هیچکامەیان هیچ پەیوەندییەکیان پێکەوە نەبوو.

**تۆ دەربارەی بابەتی تایبەت بە کتێبت نەدەنووسی و تەنها شیعرت دەنووسی. ئەم گۆڕانە ئەدەبییە یانی چی؟**

هیچکات بیرم لەوە نەدەکردەوە ببم بە نووسەر و ئەو کاتەی کێشەکان زۆر توندبوونەوە لەسەرم و هیچ ڕێگاچارەیەکی ترم نەبوو، دەستم کرد بە نووسین. باوکم لەو سەردەمەدا مرد و من نەمدەزانی کێم و لەکوێم. ئەو کاتەی بە "دوژمنی وڵات" ناویان لێبردم هاوکارەکانم لە کارگە لێم دوورکەوتنەوە و تەنها مامەوە. ئەم شتە زۆر ناخۆش بوو و بەم شێوەیە دەستم کرد بە نووسین. دەربارەی نیتزکی دۆرف کە خەڵکی ئەوێم، دەربارەی ئەو وەرزێرانەی 300 ساڵە لەوێ دەژین و هەر لەوێش ماونەتەوە. گوندێك کە کارەساتی گەورە تێیدا ڕوویداوە، جەنگە جیهانییەکان و کردنەدەرەوەیان لە گوند و دواتر هەرکەسیان کە ڕزگاری بوو، وەك ئەوەی بە هێزێکی مۆگناتیسی ڕاکێشرابێت، دووبارە گەڕایەوە گوندەکەی.

**تۆ هەر درێژەت بە نووسین دا.**

بەڵێ، بەڵام دوای نووسینی هەر کتێبێك بیرم لەوە کردەوە کارێکی باش کراوە و شتێکم پێ زیاد بووە. بەمەشەوە ئەگەر مرۆڤ جارێك ئەم کارە دەست پێ بکات بۆ ئەوەی بژێویی بەم شێوەیە دابین بێت، ئیتر ناتوانێت رزگاری بێت لە دەستی، ناتوانێت کۆتایی بە نووسین بێنێت.

**کتێبەکانت زۆر لەگەڵ یەك جیاوازن و هەرکامەیان شێوە و فۆرمێکی تایبەتی نووسینیان هەیە و "ریتم"یان لەگەڵ یەك جیاوازە. ئەم خاڵە چۆن هەڵدەسەنگێنیت.**

ئەمە شتێکی بەئەنقەست نییە. کە دەست دەکەم بە نووسین و دەچمە ناو رەوتی نووسینی کتێبێکی نوێوە، دواتر ئەمە ئەو بابەتەیە کە هەموو دەرفەتەکان، ریتم و سەرچەشنەکان دیاری دەکات و لە راستییدا دیاری دەکات نووسینەکە چۆن بێت.

**کە وایە ئەوکات تۆ دەبێت تەنها شێوەی زمان بدۆزیتەوە؟**

پێوەندی بە زمانەوە نییە، یان باشتر وایە بڵێم زمان لە ئەدەبدا هەر بە هەمان شێوەیە کە لە ژیانی رۆژانەماندا هەیە. ئەوەی کە ئەزموونی دەکەین لە راستییدا بەهۆی زمانەوە نییە، بەڵکو بەهۆی شوێنەکان یان کەسە دیاریکراوەکانەوە، هەموو ئەمانەش دەبێت لە زمان و شێوەی دەربڕیندا بتوێنەوە. ئەمە کارێکە وەك ئەوەی "پانتۆمیم"ێك نمایش بکەین دەربارەی



رووداوێك و من تەنها دەتوانم هەوڵ بدەم بە شێوەیەك لێی تێبگەم کە لە واقیعەوە نزیك بێت.

**لە کتێبی (Atemschakel)دا ئەوە دەبینین ژیانی "ئۆسکار پاستیۆر" بەپێی کات و ریزی رووداوەکان ناگێڕێتەوە، تاراوگەبوونی لە رۆمانیا، ژیان لە ئۆردووگای زۆرەملێ لە رووسیا و گەڕانەوەی بۆ وڵات.**

ئەوە گرینگ نەبوو رووداوەکان بە ریز بگێڕمەوە. هەوڵم ئەوە بوو باس لە خەسارێك بکەم و بیخەمە روو، هەربۆیە پێویست بوو باس لە دۆخێك بکەم کە ببوو بەهۆی ئەم چارەڕەشییە. بۆ ئەم کارە پێویست بوو باس لە ژیانی رۆژانە بکەم لە ئۆردووگا کە بەردەوام دووبارە دەبۆوە و ساڵ لەگەڵ ساڵ خراپتر دەبوو. ئۆسکار هیچکات نەیدەزانی ئاخۆ رۆژێك لە ئۆردووگا دێتە دەرەوە و وتبووی: "ئەگەر بەم شێوەیە بەردەوام بێت، ئەمە واقیعی ژیانی منە و رووسەکانیش دەژین".

**رستەیەکی هیوابەخش لەم کتێبەدا هەیە ئەویش رستەیەکی دایەگەورەی پاستۆرە: دەزانم دەگەڕێیتەوە.**

ئۆسکار پێی وتم ئەم رستەیە هیوای پێداوە بۆ ژیان.

**ئەگەری ئاشتی و رێکەوتن هەیە.**

ناکرێت لەگەڵ کارەساتێك رێك بکەویت. چۆن دەتوانم لەگەڵ سێکۆریتات رێك بکەوم و ئاشتی دروست بێت لەنێوانماندا.

**ئەی ئەو ئەفسەرەی کە ئەو کات ئەشکەنجەی دایت؟**

دوای رووخانی "چائۆچێسکۆ" کە گەڕامەوە بۆ رۆمانیا، زۆر بە رێکەوت بینیم. لە شەقامێك بینیم. هەوا ساردبوو و ئەو پاڵتۆیەك و کڵاوێکی چەرمی لەسەردا بوو، هەر بۆیە نەمناسییەوە. کە بە ترس و لەرزە لە ریزێکدا خۆی شاردبۆوە و هەوڵی دەدا نەناسرێتەوە، ناسیمەوە و بەرەو رووی رۆیشتم و پێم گوت: تەماشا کە، ئێستا ئەوە تۆی کە دەبێت لە من بترسیت، وەك ئەو کاتەی من لە تۆ دەترسام. ئەو کارانەی چی تێدابوو بۆ تۆ. حەفتەکانی یەکەمی کۆتایی دیکتاتۆری خەڵك زۆر تووڕە بوون و ئەو دەترسا بێئەوەی دادگایی بکرێت، خەڵك بیکوژن.ئەو ئیتر مردووە و ئیتر نەیدەتوانی لەگەڵ من رێك بکەوێت و ئاشت بێتەوە، لەبەر ئەوەی نوێنەری سیستەمێك بوو و منیش نەمدەتوانی لێی ببوورم، لەبەر ئەوەی هاوڕێی زۆرم هەبوو کە مردبوون و ئەم ئاشتکردنەوەیە دەبوا بە ناوی ئەوانەوە بکرایە و من نەمدەتوانی وەها قورساییەك هەڵبگرم.

**کە وایە دەبێت هەوڵ بدەین کاریگەریمان هەبێت بەوەی ئەم باسە فەرامۆش بکرێت. ئەم کارەی کە تۆ دەیکەیت.**

خودی کەسەکە ناتوانێت فەرامۆشی بکات، ئەگەر لەم بارەیەشەوە بنووسێت، بە دڵنیاییەوە هەوڵی ئەوەیە کەسانی تریش لەم شتە ئاگاداربنەوە.

**بە ناچاری؟**

من رانەسپێردراوم بەوەی ئەم کارە بکەم، تەنها ئەوەیە لەگەڵ خۆم کێشەم هەیە، ناتوانم فەرامۆشی بکەم بەوەی چییان لەگەڵ من و کەسانی تر کرد، ئەو هەموو چارەڕەشی و نەهامەتییەی کە بینیمان و ئەو هەموو ئینسانەی کە سووکایەتییان پێکرا.



**باست لەوە کرد خەڵاتی نۆبل پاداشێکە. ئاخۆ ئەم خەڵاتە بە مانای جۆرێك "قەرەبووکردنەوە"یە؟**

ناکرێت وابێت، بەڵام ئەمە شتێکی گرینگە کە باس لە دیکتاتۆرەکان بکرێت و بە ئاسانی لە لایانەوە رەت نەبین. بەداخەوە ئێستاش زۆرن و وەك ئەوەی تەواو بوونیان بۆ نەبێت. وڵاتی "چین" کە لەم پێشانگای کتێبی فرانکفۆرتەشدا هەیە و "ئەی وای وای" بێنەوە یادی خۆت کە چەندەی لێدرا.

**وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ ژیانت دەگۆڕێت؟**

چی دەگۆڕێت؟ چاو لەخۆم دەکەم و بە زۆری سەرم سووڕ دەمێنێت، زۆر بەختەوەر بوو و زۆربەی کات نازانم ئەم خۆشبەختییە چۆن بووە بەرەو من هاتووە. لە لایەکی ترەوە ئازار دەچێژم، ئەوکاتەی بیر لە هاوڕێکانم دەکەمەوە کە مردوون. ژیان پڕە لە رووداوی خۆش و ناخۆش. ژیان بەرز و نزمی زۆری هەیە.

**کەسێکی ئارام و لەسەرخۆیت؟**

کەسێکم کە زوو هەڵدەچم، بەڵام ئێستا بە رادەی پێویست ئەزموونم هەیە و کەسێکی بەئەزموونم. زوو هەڵناچم ئیتر.

**بیرت لەوە کردۆتەوە چی بەم هەموو پارەیە- نزیك بە یەك ملیۆن دۆلار-ە بکەیت؟**

نا، ئەزموونی دەوڵەمەندبوونم نییە. زۆرتر لەگەڵ هەژارییدا راهاتووم.

**سەرچاوە:**

**گۆڤاری بوخارا، ژمارە 72–73. بەفرانباری 1389ی هەتاوی– 2010ی زایینی.**



ئاليس مؤنرؤ

## ئالیس مۆنرۆ

ئالیس مۆنرۆ، نووسەری ناوداری کەنەدایی لەدایکبووی 10ی جولای 1931، لەو دەگمەن چیرۆکنووسانەیە کە بەرهەمەکانی جگە لای رەخنەگران، خوێنەرانی جیدی ئەدەبییات، لە لایەن خەڵکانی تریشەوە پێشوازی گەورەی لێکراوە و خوێنەری زۆرە. ئالیس مۆنرۆ نووسەری شارە بچووکەکان و گوندەکانی کەنەدایە. چیرۆکەکانی زیاتر دەربارەی ژیانی ژنانە لە فەزا و ژینگەی ئەمنی رابردوودا. مۆنرۆ تا دێت زیاتر دەناسرێت و بە چیخۆڤ ئێستا ناوی لێدەبرێت. ئەم نووسەرە کەنەداییە لەم دوو دەیەی رابردوودا زۆر چالاك بووە و هەرچوار ساڵ جارێك کۆمەڵەچیرۆکێکی چاپ کردووە. یەکەم کتێبی بە ناوی "سەمای سێبەرە شادەکان" ساڵی 1968 چاپ و بڵاوبۆوە. دواتر کۆمەڵەچیرۆکەکانی "ژیانی ژنان و کچان"، "ئەو شتەی دەمویست پێت بڵێم" و "بۆ لات وایە تۆ کێیت؟" بە ریز لە ساڵەکانی 1971، 1974، 1978 چاپ و بڵاوکردەوە. لە بەرهەمەکانی تری کە بەم دواییانە چاپ بوون، دەکرێت ئاماژە بدەین بە "نهێنی ئاشکرا"، "عەشقی ژنێکی باش"، "هەڵهاتن". ساڵی 2006 کتێبێکی چاپ بوو بە ناوی "The View from Castle Rock" هەروەها ساڵەکانی 2009 و 2012 دوو کتێبی تری چاپ بووە. ساڵی 2009 کتێبی "Too Much Happiness" و ساڵی 2012 کتێبی "Dear Life " چاپ کرد. هەروەها ساڵی 2009 بوو بە براوەی



خەڵاتی ئەدەبی بۆکێر. مارگرێت ئارتۆد لە وتارێکدا ستایشی کارەکانی ئالیس مۆنرۆی کردووە.

**چی وات لێدەکات زیاتر بەرەو کورتەچیرۆك بڕۆیت و کورتەچیرۆك بنووسیت، نەك ڕۆمان، لات وایە لەم فۆڕم و چوارچێوە کورتترەدا چ کارێك دەتوانیت بکەیت کە لە ڕۆماندا ڕەنگە جێگای نەبێت بیکەیت؟**

وا دیارە ئەو چیرۆکانەی من دەینووسم چوارچێوە و یاسا و فۆڕمی کورتەچیرۆك تێکدەشکێنن و لەگەڵ یاسا و فۆڕمی ڕۆمانیشدا نایەنەوە. بیر لە فۆڕمێکی تایبەت ناکەمەوە. زیاتر بیر لە چیرۆك دەکەمەوە، با بڵێم بیر لە چیرۆکێك دەکەمەوە. ئەوەی کە دەمەوێت چی بکەم و دەبێت چی بکەم؟ دەمەوێت چیرۆکێك بگێڕمەوە بە شێوەی کۆن– بەسەرهاتێك کە بۆ کەسێك ڕوودەدات– دەمەوێت ئەو "بەسەرهاتەی کە ڕوودەدات" لەگەڵ ڕادەیەکی زۆر لە هەڵپەساردن و لە چاوەڕوانیدا هێشتنەوە، فلاش بەك و... دێتە گێڕانەوە و دەبێت بە چیرۆکێکی سەرنجڕاکێش. دەمەوێت خوێنەر هەست بکات شتێك لەم چیرۆکە سەرنجڕاکێشەدا هەیە، مەبەستم "ئەو ڕووداوە نییە کە ڕوودەدات"، بەڵکو ستایل و فۆڕمی گێڕانەوەی ڕووداوم مەبەستە. ئەم چیرۆکە کورتە، درێژانە مەبەستی من بە باشترین شێوە دەگەیەنن.

**بیرۆکەی چیرۆکێك، یان کەسایەتییەکی تایبەت لە کوێوە دێت؟**

هەندێ جار دەستپێکی چیرۆکێك لە بیرەوەری یان حیکایەتێکەوە وەردەگرم، بەڵام ئەم دەستپێکە سەرەنجام لە چیرۆکدا ون دەبێت و بە



زۆری نابینرێتەوە و ناناسرێتەوە. بێنە بەرچاوی خۆت "لە بیرەوەری تۆدا" ژنێکی گەنج هەیە کە بە جلوبەرگێکی زۆر ڕازاوەوە لە شەمەندەفەر دادەبەزێت، بە شێوەیەك کە بنەماڵەکەی لەبەر ئەم شتە سەرکۆنەی دەکەن (ڕووداوێك کە جارێك بۆ خۆم هاتە پێش و لە ژیانی خۆمدا ڕوویدا) لە چیرۆکەکەدا بە شێوەیەك دەبێت بە ژنێك کە دوای نەخۆشییەکی دەروونی و قەیرانێکی دەروونی خەریکە چاك دەبێتەوە و ڕوو لە چاکبوونەوەیە و مێردەکەی و خەسووی و پەرەستاری خەسووەکەی کە مێردەکەی هێشتا نازانێت عاشقییەتی، هاتوونەتە پێشوازییەوە. وەها شتێك چۆن ڕوویدا؟ نازانم؟

**کاتی نووسین چ خوو و عادەتێکت هەیە، کۆمپیوتەر بەکاردێنیت، بەیانی یان شەو، چەند دەخایەنێت چیرۆکێك تەواو بکەیت؟**

ساڵێکە کۆمپیوتەر بەکاردێنم– زۆر درەنگ بەرهەمە دەستکەوتە تەکنۆلۆژییەکان بەکاردێنم و ئێستاش مایکرۆوەیڤ(microwave) نییە– بەڵام بەرلەوەی بچم بەلای کیبۆردەوە، بەدەست یەك یان دوو ڕەشنووس دەنووسم. ڕەنگە نووسینی چیرۆکێك لە سەرەتاوە تا کۆتایی دوو مانگ تەواو بێت، بەڵام ئەم شتە زۆر کەم ڕوودەدات. ڕەنگە شەش یان هەشت مانگ بخایەنێت، بە هەموو گۆڕانەکانەوە، چەندجار ئەملاوئەولاکردن، چەند جار بەلاڕێداچوون، بڕێك بێ هیوابوون. هەموو ڕۆژێك دەنووسم، مەگەر ئەوەی نەکرێت، لەگەڵ ئەوەی لە خەو هەستام و

قاوەم ساز کرد، دەست دەکەم بە نووسین و هەوڵم ئەوەیە بەرلەوەی ژیانی حەقیقی من کەمەنکێشی خۆی بکات، دوو سێ سەعات بنووسم.

**چ ئامۆژگارییەکت هەیە بۆ نووسەرانی گەنج و تازەکار؟**

ناکرێت ئامۆژگاری نووسەرانی گەنج بکەیت، لەبەر ئەوەی زۆر جیاوازن. دەتوانیت بڵێیت "بخوێنەوە"، بەڵام رەنگە نووسەرێك زۆر بخوێنێتەوە و ئیتر نەتوانێت بنووسێت. یان بڵێین "مەخوێنەوە، بیرمەکەرەوە، تەنها بنووسە" و ئەنجامەکەی دەتوانێت ببێت بە کۆگایەك لە هەڵیت و پڵیت. ئەگەر بڕیارە ببیت بە نووسەر، رەنگە بە زۆر رێگای هەڵەدا بڕۆیت، دواتر رۆژێك سەرەنجام هەمان ئەو شتە دەنووسیت کە دەبێ بینووسیت. ئەوکات رۆژ لەگەڵ رۆژ کارت باشتر دەڕواتە پێش و کارەکانت باشتر دەبن، تەنها بەو هۆیەی کە دەتەوێت کارەکانت باشتر بێت و باشتر بنووسین، تەنانەت ئەو کاتەش کە پیر دەبیت بە خۆت دەڵێیت: "رەنگە خەڵکانی تر کاری تریش بکەن". ناتوانیت بە تەواوی واز لە نووسین بێنیت.

**ئەو نووسەرانەی کە زۆرترین کاریگەرییان لەسەرت هەبووە، کامانەن و حەز دەکەیت بەرهەمی چ کەسانێك بخوێنیتەوە؟**

کە گەنج بووم ئیودوراولتی، کارسن مەك کالێرز، کاترین ئان پۆرتەر، فلاتری ئەکانر و جەیمز ئەکی، دواتر ئایدایك، چیوور، جۆیس کارۆل ئۆیتس، پیتەر تیلەر و بە تایبەت ویلیام مەکسوول. هەروەها ویلیام تێرۆر، ئێدنا ئێوبراین و ریچارد فۆرد. لام وایە ئەمانە ئەو نووسەرانەن کاریگەرییان



لەسەر داناوم. دەیان نووسەریتریش هەن کە تەنها حەز دەکەم بەرهەمەکانیان بخوێنمەوە. دوایین کەس کە دۆزیومەتەوە نووسەرێکی هۆڵەندییە بەناوی سیس نۆتبۆم. زۆر لەم ناو ریزکردنانە بێزارم، لەبەر ئەوەی زۆر زوو تێدەگەم کە نووسەرێکی گەورەم لەبیرچووە و زۆرم پێ ناخۆش دەبێت. هەربۆیە تەنها دەربارەی ئەو کەسانە قسە دەکەم کە کاریگەرییان لەسەر داناوم، نەك هەموو ئەو نووسەرانەی کە لە خوێندنەوەی بەرهەمەکانیان چێژم وەرگرتووە.

**سینتیاویزەك وەك "چیخۆفی ئەمڕۆیی" ناوی لێبردوویت. چ هەستێکت هەیە بەرامبەر بەم بەراوردکردنە؟**

من ماوەیەك لەوەوپێش چیرۆکەکانی چیخۆفم دوو جار خوێندەوە، زۆر هەست بە لاوازبوون و سووکبوون دەکەم. تەنانەت ناتوانم بڵێم لەژێر کاریگەری چیخۆفدام، لەبەر ئەوەی چیخۆف کاریگەری لەسەر هەمووان هەبووە. بەرهەمەکانی، وەك شکسپیر، لە ئەوپەڕی کەماڵدایە و رۆشنگەرە– نە ئەوەیە باس لە خەبات بکرێت لە بەرهەماکانیاندا، نە لە پرسی تایبەتی. دەی شتێکی روون و ئاشکرایە هەمووان پێیان خۆشە بەم شێوەیە بنووسن و لات وایە دەکرێت منیش پێم خۆش نەبێت!

**بەشێکی زۆر لە رەخنەگران بەم هۆیە کارەکانی تۆیان بەلاوە پەسەندە کە دەتوانیت هەموو ژیان لە لاپەڕەیەکدا بخولقێنیت. چۆن دەتوانیت وەها کارێکی گەورە ئەنجام بدەیت؟**

من دەبێت کەسایەتییەکانم بەقووڵی بناسم– بزانم چی هەڵدەبژێرن، لە قوتابخانە چۆن بوون و زۆر شتی تر... دەزانم پێش و دوای ئەم بەشە لە ژیانیان کە من دەپەرژێمە سەری، چی روو دەدات. ناتوانم تەنها لە ئێستادا و لە چوارچێوەی ئێستا و کێشمەکێشەکانی ئێستادا قەتیسیان بکەم و تەنها ئەم بەشە بچووکەی ژیانیانم لەبەرچاو بێت. لام وایە هەر بەم هۆیەوەیە دەمەوێت تا ئەو شوێنەی دەتوانم وێنایەکی کاملتر لەوان بدەم بە دەستەوە.

**بەشێکی زۆر لە چیرۆکەکانت لە زادگەکەت–ئۆنتاریۆ– دوور نەکەوتۆتەوە. چ شتێك دەبێت بەهۆی ئەوەی شوێنی ژیانت و زادگەکەت وەها بەستێنێکی بەهێز و پڕبەهرە بێت بۆ ئەم هەمووە چیرۆکە جیاوازە؟**

راستە من لە ئۆنتاریۆ دەژیم، بەڵام بە هیچ شێوەیەك کە خۆم بە بگێڕەوەی ناوچە گوندییەکانی ئەم ئیالەتە نازانم. لام وایە ژیان لێرە رەنگە ئەو خاڵە پۆزەتیڤەی هەبێت کە مرۆڤی جیاوازی زیاتر دەناسیت لەچاو کۆمەڵگایەکی گەورەتر (کە بەزۆری خۆیان لە "چین"ی ئابووری، یان خوێندەواری، یان پیشەییدا زیندانی کردووە).

**رەنگە ئەم فەزا فیزیکییە زیاتر لە هەر فەزایەکی تر "راستەقینە"تر و "واقیعیتر"ە.**

من عاشقی ئەم بەرجەوەنەم. نەك لەبەر دیمەنەکانی، بەڵکو لەبەر ئەوەی بەقووڵی هەموو شتێکی دەناسم. کەش و هەوا، گوندەکان و



شارەکانیشی زۆر باش دەناسم. نەك تەنها لەرووی لایەنە جوان و دڵڕفێنەکانییەوە خۆشم دەوێت، بەڵکو لە هەموو لایەن و روویەکەوە دەیناسم و خۆشم دەوێت. دابونەریت و ژینگە هەرچی بێت، ئەزموونی ئینسانی بەلای منەوە جیاوازییەکی وای نییە، تەنها لە هەندێ شتی بچووکدا جیاوازییان هەیە.

**لە بەشێکی زۆر لە چیرۆکەکانی تۆدا بیرەوەری دەور و نەخشێکی گرنگی هەیە. چ شتێك دەبێت بەهۆی ئەوەی هێزی بیرەوەریی و کاریگەرییەکانی لە ژیانی ئێمەدا تا ئەم ئاستە سەرنجڕاکێش بێت.**

ئێمە لە رێگای بیرەوەرییەوە بەردەوام چیرۆکەکانمان بۆ خۆمان دەگێڕینەوە و رەنگە بە شێوەی جیاوازیش ئەم گێڕانەوەیە روو بدات. ئەستەمە بتوانین بەبێ چیرۆکێکی بەهێز کە خەریکی شکڵگرتنە بژین و لە پشتەوەی هەموو ئەو چیرۆکە ئیدێتکراوانەوە، کە پڕن لە داهێنان، بەلای ئێمەوە بوونێکی گەورە و گرنگ و ترسێنەر و پڕ لە راز و نهێنی بە ناوی حەقیقەت بوونی هەیە، کە بڕیارە ئەو چیرۆکانەی کە دەیانگێڕینەوە، شتێکیان لێوەردەگرن و بە شێوەیەك ئەو گێڕانەوانە قەرزداری ئەو چیرۆکە گەورانەن. کامە پیشە دەتوانێت لە ژیاندا لەمە سەرنجڕاکێشتر بێت؟ لام وایە یەکێك لە رێگاکانی ئەنجامدانی ئەم کارە، گرنگیدانە بەو دەور و نەخشەی کە بیرەوەریی دەیگێڕێت و لەبەرچاوگرتنی ئەوەی بیروەرییە جیاوازەکانی مرۆڤەکان دەپەرژێنە سەر ئەزموونێکی یەکە (هاوبەش). هەرچەند ئەم جیاوازییانە زیاتر ئارامشی ئێمە بشێوێنن، نووسەری

دەروونی من زیاتر و بە شێوەیەکی نامۆ خۆشحاڵ دەبێت و زیاتر دەردەکەوێت.

**لەنێوان چیرۆکەکانتدا یەك یان چەند چیرۆکی تایبەت هەیە کە زۆر بەلاتەوە ئازیز بێت؟**

هەموو دەم ئەو چیرۆکەی کە خەریکی نووسینیم، زیاتر لە هەر چیرۆکێکی ترم خۆش دەوێت، دوای ئەوە ئەو چیرۆکانەی کە تازە بڵاوم کردوونەوە. لە کتێبە نوێکەمدا چیرۆکەکانی "درۆینەکەرەکە رزگار بکە" و "خەوی دایکم"م زۆر خۆش دەوێت. لەناو چیرۆکە کۆنەکانمدا "پێشڤەچوونی عەشق" و "نانی شەوی رۆژی کرێکار" و "لەخۆ نامۆبوون"م زۆر خۆش دەوێت و لە راستییدا زۆر چیرۆکی تریشم زۆر خۆش دەوێت.

## کورتەچیرۆکنووسین کارێکی زۆر دژوارە.

**ئالیس مۆنرۆ**



**تازەترین کۆمەڵەچیرۆکت "Too Much Happiness" هەڵگری ژمارەیەك چیرۆکە دەربارەی بەسەرهاتی ئەو کەسانەی کە هەرکامەیان بە شێوەیەك لەو چارەنووسەی بۆیان دیاریکراوە، هەڵدێن. هەموویان بە ئەنقەست یان نەخوازراو بە ئاراستەیەکی تردا رۆیشتوون و رێگایەکی تریان هەڵبژاردووە. ئەم بەسەرهات و رووداوانە لە چیرۆکەکانی "ئازادی ماورلی"، "کێری"،"شەمەندەفەر"، "ئامۆندسێن" و چەند چیرۆکی تردا دەبیندرێت. ئاخۆ ناکرێت ئەم چەشنە چارەنووسە لە بەرهەمەکانی تۆدا نەیەت؟**

لەناو ئەو چیرۆکانەی کە ناوت برد، چیرۆکی "ئامۆندسێن"، بەسەرهاتی کچێکە کە تووشی بووە بە تووشی پیاوێکی زۆر خۆبەزلزان و لووتبەرزەوە و لەگەڵ ئەم کەسەدا دەژی، بەڵام سەرەنجام بڕیارێکی عاقڵانە دەدات. ئەو هەوڵدەدات زیاتر لۆژیکی بێت و ئەو پیاوەی تەنها لە خەونەکانی خۆیدا خۆش بوێت. من ئەوم بەم شێوەیە دەبینی و بەم شێوەیە خولقاندم، بەڵام چیرۆکی "ئازادی ماورلی" دەربارەی چەند کەسە کە بە شوێن سۆز و خۆشەویستییەوەن. ئێمە لە ژیانی ماشێنی خۆماندا عەشق و خۆشەویستیمان ونکردووە. یەکێك لەم کەسایەتییانە، ژنێکی کەمئەندامە کە چارەنووسی ئەو و مێردەکەی دیاریکراوە و هیچ چارەیەکی نییە جگە لەوەی بەو چارەنووسە رازی بێت. هەڵبەت ئەوەش بڵێم هەندێ جار زۆرم حەز دەکرد کەسایەتی چیرۆکەکانم لە شوێنێکدا رووبەڕووی یەکتر ببنەوە و

سەرەنجام بە شێوەیەك لەگەڵ یەكتر هەڵبكەن و پێكەوە بژین، بەڵام بەتایبەت لە چیرۆكی "بەندەر"دا كە تا رادەیەكی زۆریش لە چیرۆكی گەنجێتی خۆم دەچێت، حەزم دەكرد مێردێكی ئایدال وێنا بكەم، بەڵام سەرەنجام ئیزنم دا كارەكتەری چیرۆكەكەم لە ئایدالبوون ماندوو بێت. تەنها خوا خۆی دەزانێت دواتر چی روودەدات. چیرۆكی شەمەندەفەر تا رادەیەك جیاوازە. دەربارەی پیاوێكە لەوەی كە هیچ ژنێك لە چواردەوریيدا نییە، زۆر خۆشحاڵە، لام وایە لەبەر ئەوەیە لە سەردەمی گەنجێتیدا ژنێكی شەڕخواز ئەوی ئازارداوە. من لام وا نییە ئەو كەسە بتوانێت كارێك بكات بەوەی یارمەتی خۆی بدات. چارەنووسی ئەوەیە كە دەبێت لە دەست ژنەكان هەڵبێت و لە ژنەكان دووركەوێتەوە. من ئەم كەسایەتییانەی چیرۆكەكانم بەم شێوەیە دەبینم و بەم شێوەیە دەست دەكەم بە نووسینەوە دەربارەیان. ئێستا ئەگەر چارەنووسیش بە دەخیل و كاریگەر دەبینم، زۆر نائاسایی نییە.

**هەندێ جار وا هەست دەكرێت تۆ هەوڵت ئەوەیە ئەوە بڵێیت جێگا شەرمە ژنان تەنها پشت بەخۆیان ببەستن و بیر لەخۆیان بكەنەوە. ئەگەر بمانەوێت بۆ رابردووی تۆ بگەڕێینەوە، تۆ خۆت وازت لە ژیانی گوندی و مانەوە لە گوند هێناوە بۆ ئەوەی بڕۆیتە زانكۆ. تۆش تاك بووی و تەنها پشتت بەخۆت دەبەست، بەوەی بڕۆیتە پێش. ئەم ئەزموونانە بوو بەهۆی ئەوەی بتەوێت لە زمانی نووسەرێكەوە ئەم شتانە بەوێنا بكێشیت؟**



من لە بنەماڵەیەكدا گەورە بوو كە هەمووكات لەسەر ئەو باوەڕە بوون خراپترین شت بۆ ئینسانێك ئەوەیە تەنها بیرلەخۆی بكاتە، یان لای وابێت لە كەسانی تر زیرەكترە. هەڵبەت دایكم جیاواز بیری دەكردەوە، هەرچەند بەداخەوە زۆر نەژیا. هەروەها ئەم یاسایە بۆ ئێمە گوندییەكان بوو و شارنشینەكانی نەدەگرتەوە. هەموو هەوڵم ئەوە بووە ژیانێكی شایستەم هەبێت. هەروەها حەزم كردووە سنووری تایبەتی خۆم هەبێت و چوارچێوەی ئەو سنوورە پارێزراو بێت. لەو كچانەی كە دەمناسین كەسیان نەچوونە زانكۆ. ئەو كوڕانەش كە دەمناسین ژمارەیەكی زۆر كەمیان رۆشتنە زانكۆ. تەنها من توانیم بۆ دوو ساڵ بۆرسەی خوێندن وەربگرم و لەو بۆرسەیە كەڵك وەربگرم. دواتر چوومە ژیانی هاوسەرییەوە بۆ ئەوەی بتوانم درێژە بە خوێندن بدەم. ئەوە راستە من لە بنەماڵەیەكی هەژاردا گەورە بووم، بەڵام هەموو كات كتێب بە دەوروبەرمەوە بوو. من زۆرم دەخوێندەوە و زۆریشم دەنووسی. ئەوەی كە پشتم بەخۆم بەستبوو یان هەوڵم دەدا بە چوونە ژیانی هاوسەرییەوە پشت بە كەسێكی تر ببەستم، كاریگەری نەبووە لە سەر چیرۆكەكانم. رەنگە هەوڵمدابێت جۆرێك نموونە و سەرچەشن لە ژیانی تایبەتی و ئەزموونەكانم وەربگرم، بەڵام نامەوێت لەسەر ئەم بنەمایە هیچ حوكمێك بدەم. ئامانجی من نووسینە و تەنها كاتێك دەتوانم بنووسم كە شتێكم بۆ وتن هەبێت. جا ئێستا ئەگەر كەسێك بەم شێوەیە لە چیرۆكەكانم دەڕوانێت و هەڵهێنجانێكی لەوجۆرەی هەیە، چ كێشەیەك هەیە؟ بەڵام ئەوەی راستی بێت من خۆبەزلزانین و شەیدای خۆبوون و بەگشتی نارسیسیزم بە خراپ دەزانم، نەك پشت بەخۆبەستن.

**تۆ لەم کۆمەڵە چیرۆکەشدا وەک چیرۆکەکانی پێشتر دەربارەی ئەو کچانەت نووسیوە و قسەت کردووە کە خۆیان تەرخان کردووە بۆ ئەو کارانەی کە بەڕاستی حەزی پێ ناکەن. لەو رووەوە کە خۆشت زوو چوویتە ژیانی هاوسەرییەوە و لە دەیەی بیستەمی ژیانتدا دوو کچت هەبوو، دەمەوێت بپرسم چۆن توانین لەنێوان ئەرکی دایکبوون و هاوسەربوون و حەزی نووسیندا هاوسەنگیی دروست بکەیت؟**

ئەوی راستی بێت نە کارەکانی ماڵەوە و نە کچەکانم هیچیان ماندوویان نەدەکردم، ئەوە نووسین بوو هەندێ جار ماندووی دەکردم. هەندێجار حەزم دەکرد وەک ژنە سادەکان بژیم. ژیانێکی ئاساییم هەبێت و ئەم هەموو کەسایەتییە لە مێشکمدا بەردەوام لە جووڵەدا نەبن. بەدەر لەمەش هەرچیم دەنووسی هەستم دەکرد باشم نەنووسیوە. من هەمووکات بە شوێن ئەو شتانەوە بووم کە نەبوون، یان بە دژواری بەدەست دەهاتن. کەوایە ئەوەی دژوار بوو، نووسەربوونی من بوو، نەک دروستکردنی هاوسەنگی لەنێوان ئەم ئەرکانەدا. من زۆر بە هەستیارییەوە چاو لە نووسینەکام دەکەم و جۆری نووسین هەندێ جار بەلامەوە دژوار و تاقەتپڕووکێنە و وادەکات ژیان بەلامەوە ئاسان نەبێت.

**بەشێک لە چیرۆکەکانی کۆمەڵە چیرۆکی "Too Much Happiness" ئەو چیرۆکانەن کە تۆ پیشتریش وتووتە دەتوانین بڵێین چیرۆک نین. بەشێکیان ئۆتۆبایۆگرافین. چیرۆکی "ژیانی خۆشی"یشت**



**ماوەیەک لەوەوپێش لە گۆڤاری نیویۆرکەر وەک بیرەوەری نووسیبۆوە، بەلام ئەوەی لە سەرجەم ئەم چیرۆکانەدا سەرنجراکێش بوو ئەوەیە، تۆ کەڵک لەو رووداوانە وەرگرتووە کە لە ژیانی خۆتدا روویانداوە و بە هەندێ شتی زیادییەوە چیرۆکێکی زۆر جوانت خولقاندووە. بەتایبەت وادیارە سەردەمی منداڵیت کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر کارەکانت. لەو بیرەوەرییانەی کە لە سەردەمی منداڵیدا دەتنووسییەوە کەڵک وەردەگریت بۆ چیرۆکەکانت؟**

من هیچکات بیرەوەرییەکانم نەنووسیوەتەوە. هەموو دەم هەوڵم دەدا بیرەوەرییە فرەچەشن و بەرفراوانەکانی سەردەمی منداڵی و سەردەمەکانی تری ژیانم لە مێشک و زەینمدا نەخش بکەم و بەو شێوەیە بیانپارێزم.

**دایکت لە سەرجەم چیرۆکەکانتدا دەورێکی بەرچاوی هەیە. تۆ لە وتووێژێکدا لەگەڵ گۆڤاری "پاریس ریڤیۆ" ساڵی 1994 وتبووت دایکت سەنتەری سەرەکی سەرجەم چالاکییە رۆژانەکانتە. ئاخۆ ئێستاش هەروایە؟**

بەڵێ، ئێستاش دایکم چەقی سەرەکییە لە ژیانی رۆژانەمدا. لەبەر ئەوەی ئەو ژیانێکی زۆر دژوار و ناخۆشی هەبوو و ژنێکی زۆر بوێر بوو. ئەو هەموو هەوڵی دا بەوەی من بەرزترین پلەکانی خوێندن تەواو بکەم و بەو شێوەیە بە هەموو ئەو رێگا دژوار و ناخۆشانەدا نەڕۆم کە ئەو پێیاندا تێپەڕیوە. (واتە بە پێچەوانەی ئەو ژیانێکی خۆشم هەبێت). هەرچەند کەم ژیا، بەلام کاریگەری ئەو لەسەر کارەکام حاشا هەڵنەگرە.

**که بینیم له بەشێك له کتێبێکدا به ناوی "یەکەمین و دوایین" ئاماژەت بەوە داوە ئیتر هیچ شتێك دەربارەی ژیانی خێزانیت باس ناکەیت و نانووسیت زۆرم پێ سەیر بوو. وادیارە بەشێکی زۆر لە چیرۆکەکان لە ژیانی سەردەمی منداڵیت وەرگیراون. زۆر شت لە چیرۆکەکانتدا هەیە ئاماژەن بەم ئەزموونانەی سەردەمی منداڵی و سەردەمەکانی تری ژیانت. تەنانەت هەندێ جار ئەوە دەبینین خوێنەری خۆت لەو ڕووداوانەی کە لە ژیانی خۆت و باوك و دایکتدا ڕوویداوە، ئاگادار دەکەیتەوە. بۆ وێنە لە کۆمەڵەچیرۆکێکتدا بەناوی "دیمەن لە پشت پەنجەرەی قەڵای ڕۆك"ەوە سەرجەم چیرۆکەکان لە ژیانی تاکەکەسی خۆت وەرگیراون. وا نییە؟**

من هەموو دەم لە بەشێك لەو ڕووداوانەی لە ژیانی ڕاستەقینەمدا ڕوویان داوە، کەڵکم وەرگرتووە، بەڵام لەم دوایین کتێبەمدا نەمدەویست ژیانم و ڕووداوەکانی ژیانم دەورێکی بەرچاویان هەبێت. بەمەشەوە تا ڕادەیەك وازم لەوە نەهێناوە کە ڕووداوەکانی ژیانم بگێڕمەوە، بەڵام دەربارەی کۆمەڵەچیرۆکی "دیمەن لە پشت پەنجەرەی قەڵای ڕۆك"ەوە کە تۆ باست کرد، دەبێت ئەوە بڵێم تا ئەو جێگایەی بۆم دەکرا هەوڵم دەدا ئەو بەسەرهاتانە بێنمە نووسین کە لە ژیانی تایبەتی و تاکەکەسی خۆمدا ڕوویانداوە.

**کە خەریکی لێکۆڵینەوە بوویت دەربارەی ئەم کتێبە (کە خەریکی کۆکردنەوەی ماتریاڵەکانی ئەم کتێبەبوویت)، زانیت لە سەرجەم بەرەکانی**



**ژیانی بنەماڵەییاندا نووسەرێك بوونی هەبووە. ئەوکاتەی بوویت بە نووسەر، هەستت دەکرد بوویت بە میراتگری نەسڵ و بەرەکانی پێشتری بنەماڵەت؟**

ئەوەی ڕاستی بێت پێم سەیربوو ئەم هەمووە نووسەرە بەتوانایە لە بەرە و نەسڵەکانی پێشتری بنەماڵەماندا بوونیان هەبووە، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت دەوروبەرەکەم جگە لە دایکم هەموویان هەوڵیان دەدا هانم بدەن بەوەی وەك ئەوان خەریکی ڕستن و چنین بم. بۆ وێنە پوورەکانم و نەنکم هەمووکات هانیان دەدام خەریکی ئەم کارانە بم و منیش قەت پێم خۆش نەبوو. ڕۆژێك هەموویانم تووشی شۆك کرد و پێیانم وت دەمەوێت ببم بە نووسەر و سەرەنجام بووم بە نووسەریش.

**کە لە سەرەتای ڕێگای نووسیندا بوویت، ئاخۆ لەڕووی وشیارییەوە و بە ئەنقەست کەڵکت لە نووسەرانی تر وەردەگرت و لاسایی ئەوانت دەکردەوە؟**

نووسەرێك کە زۆر کارەکانیم بەدڵ بوو، "ئێدوارد ڤۆڵتی" بوو، کە ئێستاش هەر کارەکانیم بەدڵە، بەڵام هیچکات هەوڵم نەداوە و نادەم کە لاسایی کارەکانی بکەمەوە. "سێوە زێڕینەکان" بەرهەمێکی ئەوە کە زۆرم بەدڵە و لام وایە هەموو کات شایستەی خوێندنەوەیە.

**وەك دوایین پرسیار، چۆن بوو دەستتکرد بە نووسینی کورتەچیرۆك؟**

ساڵانێکی زۆر لام وابوو کورتەچیرۆکنووسین جۆرێك پرۆڤەی نووسینە. ئەو ساڵانە لام وابوو کورتەچیرۆك نووسین ئاسانترە لە ڕۆماننووسین، تا

ئەوەی رۆمانێکم نووسی، تا ئەوەی زانیم کورتەچیرۆکنووسین کارێکی زۆر دژوارە و دەتوانم هەردووکیان هاوکات ئەنجام بدەم. هەڵبەت زۆریش پەیوەستە بەو بابەتەوە کە هەڵیدەبژێرم. لام وایە دەتوانم قسەکانم بەم شێوەیەش کورتکەمەوە.



## وتووێژی واڵ ستریت ژۆرناڵ لەگەڵ ئالیس مۆنرۆ

مۆنرۆ هیچکات نایەوێت بیرەوەرییەکانی بڵاو بکاتەوە. دەڵێت: "لە بیرەوەرییەکاندا ناوی زۆر کەس دێتە گۆڕێ، چۆن دەتەوێت بە راست دەربارەیان بنووسیت؟ مۆنرۆ کە تووشی نەخۆشی شێرپەنجە بووە، دەڵێت: "ئێستاش هەندێ رووداو دێتە پێشەوە بۆم کە وا دەکات چیرۆکێکی تر بنووسم.

ئالیس مۆنرۆ، چیرۆکنووسی کەنەدایی زۆربەی کات وەك نووسەرێك دەناسرێت کە سەرەڕای ئەوەی ناوبانگی جیهانی هەیە، بەڵام کارەکانی زۆر رێزی لێ نەگیراوە. لە کلتوورێکی ئەدەبیدا کە زۆربەی خەڵاتەکان بە رۆماننووسەکان دەبەخشرێت، ئەو هەر سوورە لەسەر ئەوەی وەك چیرۆکنووس کار بکات و بەردەوامە لەسەر کورتەچیرۆکنووسین، ئالیس مۆنرۆ تا ئێستا 12 کۆمەڵەچیرۆکی بڵاوکردۆتەوە و تەنها یەك رۆمانی نووسیوە. هۆگرانی کارەکانی دەڵێن لەبەر ئەوەی ئەو کورتەچیرۆك دەنووسێت، کۆمیتەی نۆبڵ هەموو کات ئەو لەبەرچاو ناگرێت. ئەم خانمە نووسەرە ساڵی 2009 خەڵاتی بۆکێری نێونەتەوەیی بەبۆنەی چیرۆکەکانییەوە پێ بەخشرا.

رەخنەگران و نووسەران ستایلی سادە و پلۆتی بەهێز و کەسایەتی سادە و دیالۆگی گونجاوی کارەکانی ئەو ستایش دەکەن. "جاناتان فێرنێرن" نووسەری دیاری ئەمریکایی لە وتارێکدا لە رۆژنامەی نیویۆرك تایمز نووسی "مۆنرۆ" شیاوی ئەوەیە وەك باشترین چیرۆکنووسی ئێستای ئەمریکای باکوور ناوی لێ ببرێت. چیرۆکەکانی کۆمەڵە چیرۆکی نوێ ئەم خاتوونە نووسەرە بە ناوی "شادی زۆر" کە ماوەیەك لەوەوپێش چاپ و بڵاوبۆوە، بە بەراورد لەگەڵ کارەکانی تری لێڵ تر و دڵەڕاوکە خولقێنترە، لە چیرۆکە سەرەتاییەکانیدا بەزۆری کەڵك لە کەرەسەی خاوی ئۆتۆبایۆگراف و پرسە بنەماڵەییەکان وەرگیراوە. لەم کۆمەڵە چیرۆکە نوێیەدا هەندێ چیرۆك دەبیندرێت کە لەو چیرۆکانەدا ئەندامانی بنەماڵە یەکتر دەکوژن، دەستدرێژیی دەکرێتە سەر خانووی بێوەژنێك، کوڕێك کە روخسارێکی شێواوی هەیە، دەبێت بە ئیلهام بۆ کچۆڵەیەك بەوەی دەموچاوی خۆی بریندار بکات.

خانمی مۆنرۆ کە ئێستا 80 ساڵی تەمەنە لە شارێکی بچووك لە "ئۆنتاریۆ" دەژی و هێشتا هەربەردەوامە لە نووسین، خۆی دەڵێت "بەلایەوە سەیرە هێشتا هەر لە نووسین بەردەوامە. چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد تا ئێستا خانەنشین بێت".

**وال ستریت جۆرناڵ: لە ژمارەیەکی زۆر لە چیرۆکەکانی کۆمەڵەچیرۆکە تازەکەت "Too Much Happiness" نیشانەکان توندوتیژی دەبیندرێت، سەرچاوەی ئەم توندووتیژییە لە کوێوە هاتووە؟**



من خۆم تا ئەوکاتەی نووسینی کۆمەڵەچیرۆکەکە تەواو نەبوو، بەم شتەم نەزانی. خۆم دەمزانی لە یەکەم چیرۆکی کۆمەڵەچیرۆکەکەدا توندوتیژی رەنگدانەوەی زۆری هەبووە، لە راستییدا تەنانەت خۆشم نەمدەتوانی جارێکی تر پێیدا بچمەوە و بیخوێنمەوە. ئەم چیرۆکە دڵەڕاوکە دروست دەکات... من نەمدەویست مۆتیڤی توندوتیژی لەم کۆمەڵەچیرۆکەدا ببێت، بەڵام ئەم توندوتیژییە لە چیرۆکەکانی ئەم کۆمەڵەچیرۆکەدا دەبیندرێت و ئەم دۆخە دەتوانێت شتێك بێت کە لە دەرەوەی ئیختیاری تۆی نووسەرەوە بێت، بۆ ئەوەی نووسەر ئاگای لێبێت ئەم شتە روویداوە... یەکەم چیرۆکی ئەم کۆمەڵەچیرۆکە کۆپیکردن و گێڕانەوەی رووداوێکی واقیع و راستەقینە نییە، بەڵام زۆر سەیرە، لە ماوەی شەش مانگ لەوە پێشەوە کوشتنێکی وەك ئەوەی لە چیرۆکەکەدا روویداوە، دەبیندرێت، باوکێك منداڵەکانی خۆی دەکوژێت بۆ ئەوەی لە شەڕی ئەم دونیا رزگاریان بکات و دایکی منداڵەکان تەنها دەمێنێتەوە.

**وادیارە تۆ بەرامبەر بەوەی هەر جارەی فۆرم و جۆرێکی ئەدەب دەبێت بە مۆدە و باو پارێزراویت، تۆ بەئەنقەست هەوڵ دەدەیت پێبەند و وەفادار بیت بە چیرۆکبێژی سادە و جۆرێك گێڕانەوە کە کەسایەتی و کارەکتەرەکان بونیادی گێڕانەوەکەن؟**

من ئەمەم دەربارەی خۆم خوێندۆتەوە، ئەوەی کە دەڵێن فۆرم و ستایلێکی سادە و بێ گرێ و گۆڵم هەیە. وەك ئەوە وایە جلی سادە لەبەر بکەیت، بەڵام من دەربارەی ستایلی نووسینم بەم شێوەیە بیر ناکەمەوە.

ئەوە نییە بە ئەنقەست ئەم فۆرم و ستایلەم هەڵبژادرێت. ژمارەیەك نووسەر هەن لەوانە ناباکۆف، بەرهەمەکانیانم زۆر بەدڵە. زۆرم پێخۆش دەبوو بە ستایلی ئەوان بمنووسیبا، بەڵام ئەم بڕیارە هونەرمەندانە نییە.

**بەزۆری چەند لەسەر چیرۆکێکت کاردەکەیت؟**

ژمارەیەك لە چیرۆکەکان رەنگە بەشێوەی بەردەوام یەك ساڵ لەسەریان کار بکەم. کورتترین ماوە، دوو مانگە.

**چۆن دەست دەکەیت بە نووسینی چیرۆکێك؟**

بەقەڵەم جاف چیرۆکەکە لەناو دەفتەرێکدا دەنووسم، چیرۆکەکە لە سەرەتاوە بۆ کۆتایی دەنووسم، بەڵام ئەم چیرۆکە ئەوە نییە چیرۆکی کۆتایی بێت و ئەو چیرۆکە بێت کە بڵاوی دەکەمەوە. دواتر دەفتەرێکی تر هەڵدەگرم و سەرلەنوێ بە قەڵەم جاف دەینووسمەوە، ئەمجارەیان چیرۆکەکە لەو شتەی من دەمەوێت نزیکترە. دواتر ئەم دوو دەفتەرە دەدڕم و دەیخەمە لاوە و بێئەوەی چاو لە هیچ بکەم بە کۆمپیوتەر خەریکی نووسینی چیرۆك دەبم، ئەوکاتەیە چیرۆکێکی باش دەنووسم.

**کارکردن بە کۆمپیوتەر بۆت ئاسانە؟**

من لە شتە تەکنیکییەکاندا کەسێکی زۆر خراپم و هیچی لێ نازانم. ئەگەر ماوەیەك دوورودرێژ بە کۆمپیوتەر کار نەکەم، هەموو شتێکم لەبیر دەچێتەوە و دەبێت مێردەکەم بێت و هەموو شتێکم سەرلەنوێ بۆ شی



بکاتەوە. بەدەر لەمانەش من ماوەیەکە نەخۆشکەوتووم، تووشی شێرپەنجە بووم، دەرمانی شێرپەنجەش بە شێوەیەکە بەشێك لە مێشکی مرۆڤ لەناو دەبات و لەم دۆخەدا کە شتێك فێر دەبێت لە مێشکتدا نامێنێتەوە و لەبیری دەکەیت.

**بۆچی ئەوەندە پێیەند و وەفاداری بە کورتەچیرۆك؟**

ماوەیەك هەوڵم دا رۆمان بنووسم، بەڵام هیچ کەڵکی نەبوو. هەموو کات ئەو چیرۆکەی دەمویست وەك رۆمان دایڕێژم و بیگێڕمەوە لە نیوەی رێگادا تێك دەچوو و منیش ئیتر لێی دەکشامەوە و ئیتر لام وابوو بەکەڵك نایەت و بەردەوامیش نەدەبووم لەسەری. ئێستاش لام وایە ئەو چیرۆکانەی دەینووسم شتێکە لەنێوان کورتەچیرۆك و رۆماندا، هەڵبەت خەڵك پێی دەڵێن کورتەچیرۆك، بەڵام چیرۆکەکانم زۆر کەم کورتن و دەشزانم کە رۆمان نین. نازانم بۆ ئەو چیرۆکانەی کە دوورودرێژن ناوێکی تایبەت بوونی هەیە، یان نا. شتێك هەیە پێی دەڵێن "کورتە رۆمان"، بەڵام هیچکات نەمزانیوە کورتە رۆمان چ جۆرە چیرۆکێکە، یان ئەوەی من تا ئێستا کورتە رۆمانم نووسیوە، یان نا.

**لە وتووێژێکدا لەگەڵ گۆڤاری "پاریس ریڤیۆ" وتووتە وەك نووسەرێك هەمووکات نیگەرانی ئەوەی چەند بەشێك لە چیرۆکە پرش و بڵاوەکانت فەرامۆش بکەیت و لەبیرت بچێت بیاننووسیتەوە. ئێستا ئەو نیگەرانییەت هەیە؟**

نا، دەبێت بڵێم ئەم دۆخە لەمندا گۆڕاوە، لەوکاتەوەی تووشی نەخۆشی شێرپەنجە بووم تەنها خۆشحاڵم بەوەی کە زیندووم، ئیتر نیگەرانی ئەوە نیم شتێکم لەبیر چووبێت، ئەوەی راستی بێت مرۆڤ دەبێت خۆش شانس و بەختەوەر بێت کە هەندێ شت، بۆ وێنە چیرۆکێکی لەبیر بچێت. بۆ وێنە چیخۆف، ئەگەر تەنها چیرۆکی "ژنێك بە تولە سەگەوە"ی نووسیبا، شیاوی ژیان و مانەوە بوو. ئیتر زۆر ورد و رەخنەگرانە چاو لە بەرهەمەکانم ناکەم.

**تۆ داوات لە بەڕێوەبەرانی خەڵاتی ئەدەبی "گیلێر" کە یەکێکە لە ناسراوترین خەڵاتە ئەدەبییەکانی کەنەدا کردووە، کە ناوی تۆ نەخەنە ناو لیستی پاڵێوراوانی ساڵی 2009ی ئەم خەڵاتەوە، لەبەر ئەوەی پێشتر جارێك ئەم خەڵاتەت بردۆتەوە و بەم کارەت ویستووتە دەرفەتی زیاتر بدەیت بە نووسەرانی تازەکار. تۆ نووسەرانی دیار هاندەدەیت بەوەی کاری وەك ئەوەی تۆ بکەن؟**

نا، ئەم راوبۆچوونێکی تایبەتی خۆم بوو. خۆزگا بەو شێوەیە قسەم نەکردبا لەبەر ئەوەی مانای قسەکەم ئەوەیە کە لە پێشدا دەمزانی براوەی خەڵاتی گیلێرم. بۆ وێنە دەبوایە بمگوتبا ماندووم، تازە خەریکم "کیمیا دەرمانی" تەواو دەکەم، لەباری جەستەییەوە تووشی کێشەم، بەڵام لەبەر ئەوەی نەمدەویست دەربارەی کێشە تایبەتییەکانی خۆم قسە بکەم بەم شێوەیە قسەم نەکرد، وتم نووسەرانی گەنج پێویستیان بەدەرفەتی زیاترە. خۆزگا ئەم قسەیەم نەکردبا، بەڵام لەسەر ئەو باوەڕەم نووسەرێك دوای



ماوەیەك کە بەشێوەیەك پرۆفێشناڵ کاری کرد ئیتر پێویستی بەوە نییە خەڵات وەربگرێت. ئیتر خەڵات زۆر ناتهەژێنێت. پێم ناخۆش نییە لە پێشبڕکێ بۆ وەرگرتنی خەڵاتی گیلێر کشاومەتەوە.

**تۆ لە کۆمەڵەچیرۆکی "Too Much Happiness"دا چیرۆکێکت هەیە کە دەربارەی "سۆفیا کڤالیۆسکی" ماتماتیکزانی رووسییە. تۆ زۆر کەم دەربارەی کەسایەتییە مێژووییەکان چیرۆك دەنووسیت. چی بوو بەهۆی ئەوەی چیرۆکێك لەسەر بنەمای کەسایەتی و ژیانی ئەم ژنە بنووسیت؟**

وەك کەسایەتییەکی چیرۆك بەلامەوە کەسێکی سەرنجڕاکێشە. جارێك لە ئێسنکلۆپیدیا بە شوێن شتێکدا دەگەڕام کە هەندێ زانیاریم دەربارەی ئەم ژنە دەستکەوت. من کەسایەتییەکم ناسی هەم ماتماتیکزانە و هەم چیرۆکنووس. لەحاڵێکدا ئەم دوو کارە لە حاڵەتی ئاساییدا پێکەوە ناگونجێن.

**پلۆتی چیرۆکەکانت چۆن دەدۆزیتەوە؟**

ژمارەیەك لە پلۆتەکان لەو رووداوانەوە دەدۆزمەوە و بەدەستیان دێنم کە روودەدەن، ژمارەیەکی زۆریان بەپێی ئەو رووداوانە نووسراون کە لەوانە بوو رووبدەن، یان ئەوەی روویان نەداوە، بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە رووبدەن، ئەو رووداوانەی کە لە ژیانمدا سەرنج دەدەم، ئەگەر فڵانە رووداو یان فیسارە رووداو روویدەدا پەرچەکردارم چۆن بوو بەرامبەریان؟ ئەو

چیرۆکانەی بە شێوەیەك لێکدانەوەی ئەم بابەتەن کە خەڵك یان گرووپێکی تایبەت لە خەڵك لە دۆخی جیاوازدا چ پەرچەکردارێکیان هەیە. هەڵبەت بابەتەکە زۆر روونتر و بەرچاوتر لەم قسانەیە. من ئێستا دەتوانم ئەم شتانەت پێ بڵێم لەبەر ئەوەی ئەمرۆ بەیانی بە شێوەکی تەواو لەسەر قۆناغە سەرەتاییەکانی چیرۆکێك کارم دەکرد.

**تۆ ماوەیەکی کورت لە زانکۆدا وانەی نووسەری و نووسەربوونت دەوتەوە، بەڵام دواتر وتت لەم کارە بێزاریت.**

بەڕاستی باوەڕم بەوە نییە بکرێت چیرۆکنووسین وەك وانە بڵێیتەوە و باوەڕم بە وتنەوەی چیرۆکنووسین نییە. دەڵێم ئەو کەسەی دەیەوێت چیرۆك بنووسێت، دەبێت دانیشێت و هەر بنووسێت و بنووسێت و کارەکەی خۆی هەڵسەنگێنێت. ئەوکاتەی سەروکارت لەگەڵ گرووپێك لە کەسەکان هەیە، مەترسی ئەوە هەیە جۆرێك پەرچەکردار ببینیت، جۆرێك بەرهەم کە هەڵبەت کاریگەریش نییە و ئەوانی تریش لاسایی کارەکانی ئەو دەکەنەوە، لەبەر ئەوەی لە پۆلدا کەسایەتییەکی بەهێزی هەیە. من بۆخۆم لام وایە ئەم چیرۆکانە هیچکات وەك چیرۆکی باش دەرناکەون.

**ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتییەکانی کۆمەڵەچیرۆکی " Too Much Happiness" بیر لە پیربوون دەکەنەوە. ئاخۆ ئەمە بابەتێکە کە مێشکی تۆی داگرتووە. ئاخۆ ئەوەی کە پیرتربوویت جۆرێك دڵەڕاوکە لەتۆدا سەریهەڵداوە و دەرکەوتووە؟**



خۆم چاوەڕوانی ئەوەم دەکرد وەك نووسەر خانەنشین بم. هەمووکات بیرم لەوە دەکردەوە کە بە تەمەنێکی دیاریکراو بگەم ئیتر بە خواستەکانم گەیشتووم و خانەنشین دەبم و چێژ لە ژیانی تایبەتی وەردەگرم و ئەوکاتەی ئیتر بڕیار نییە وەك نووسەر کار بکەیت پێویست ناکات بەیانی زوو کە لە خەو هەستای دەستبەجێ دەست بکەیت بە نووسین. ئەوکاتەی بەهیچ شێوەیەك ئەم شتە روونەداوە بۆم، پێم سەیرە کە چۆنە روونەداوە. هەموو کات لام وابوو نووسەران یان لانیکەم بەشێك لە نووسەران سەرەنجام رۆژێك خانەنشین دەبن، بەڵام هێشتا هەندێ رووداو لە ژیانمدا روودەدەن کە وام لێدەکەن چیرۆکێکی تر بنووسم و دواتر بەخۆم دەڵێم: "ئیتر ئەمە دوایین چیرۆکە. کە ئەم چیرۆکەم نووسی ئیتر واز لە نووسەربوون دێنم و پشوو دەدەم، بەڵام تا ئێستا روونەداوە".

**ئەگەری ئەوە هەیە کتێبی بیرەوەرییەکانت بنووسیت؟**

نا، نازانم ئەوکەسانەی کتێبی بیرەوەریی دەنووسن چۆن ئەم کارە دەکەن. کە بیرەوەریی دەنووسیت باسی زۆر کەس دێتە گۆڕێ. چۆن دەتەوێت راستییەکان دەربارەی ئەوان بنووسیت؟ رەنگە ئەگەر ئەوەندە مامەوە و تەواو پیر و پەککەوتە بووم و سەرجەم ناسراوەکان تا ئەوکات مردن، ئەوکات کتێبی بیرەوەریی بنووسم.

**کتێبی دواترت چییە؟**

من ئێستا چەند چیرۆکی تەواوکراوم هەیە. ئەم چیرۆکانەم چەند ساڵ پێشتر نووسیوە و چەند چیرۆکیش هەیە خەریکم لەسەریان کار دەکەم.

**وال سترین ژۆرناڵ/ ئیلکساندەر ئالتەر**

**وەرگێڕانی بۆ فارسی: فەرشید عەتایی**




## گیان و دونیای ئالیس مۆنرۆ
## تەنها لە چیرۆکەکانیدا خۆی بەجێدێڵێت!



**ئەو رووداوانەی کە بکرێت وەک چیرۆک دوایان بکەوین، تەنها بۆ ئەو کەسانە روودەدەن کە دەتوانن زۆر باش بیگێڕنەوە.**

**پاوڵ ئاوستێر**

رۆیشتن بۆ ئەو شوێنەی ئالیس مۆنرۆ دەژی کارێکی دژوارە، واتە شاری کلینتۆن لە ناوچەی ئۆنتاریۆ، مەزرایەکی بازنەیی لە باشووری کەنەدا. لە وەرزی پاییزدا، کلینتۆن بەو خانووە بچووکانەوە کە لە یەک دەچن و هەموویان لە دار و خشت دروستکراون لە ناو دیمەنەکانی دەورووبەردا ون بووە، شارێکە کە وات لێدەکات غەم دات بگرێت.

بەو کەش و هەوا نالەبارەوە، کلینتۆن شوێنکی باش نییە بۆ ژیانی ترسنۆکەکان. بەمەشەوە خانمی مۆنرۆ هیچکات ئەوێ بەجێ ناهێڵێت. ئەو ماتریاڵی خاوی چیرۆکەکانی لێرە، لەناو کۆچەبەرە سکۆتلەندییەکان، هەڵسوکەوت کۆنترۆڵکراویان و ئەو رستە کورتانەی کە هەڵی دەبژێرن بۆ ئەوەی بەکورتترین شێوە مەبەستی خۆیان بگەیەنن، هەڵدەبژێت. ئەمە رێک ئەو شتەیە کە ئەو دەیەوێت. خۆی دەڵێت: "عاشقی ژیانی ئێرەم. زیاتر لە خۆشویستن دیمەن و بەرجەوەنەکانی ئێرەم خۆشدەوێت. ئەو شتەی کە بەباشی دەیزانم ئەوەیە کە حەزناکەم هیچکات ئێرە جێ بێڵم. ئەوەی کە بەتەنها دەژیم پێم خۆشە و چێژی لێوەردەگرم".

ئالیس مۆنرۆ یەکێکە لە باشترین چیرۆکنووسەکانی زمانی ئینگلیزی لە دونیادا. ساڵانە 25 تا 30 هەزار دانە لە کتێبەکانی دەفرۆشرێت، کە ئەمە بۆ کەسێك کە کورتەچیرۆك دەنووسێت، زۆر باشە. ئەو نووسەرێکە کە لەلایەن نووسەرەکانی ترەوە لەبەر لێهاتووییەکەی لە نووسین و ستایلی رەسەنی، ستایش دەکرێت. بەرهەمەکانی بەوە بەناوبانگن کە ستایل و فۆڕمێکی ئاڵۆزیان هەیە. چیرۆکە ئاساییەکانیشی رەنگە لە خاڵێکدا دەست پێ بکەن کە نووسەرەکانی تر وەك خاڵی کۆتایی هەڵیدەبژێرن. دواتر گێڕانەوەکە فلاش بەك دەدات بۆ 10 ساڵ پێشتر و دوای ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ خاڵی سەرەتا.

ریچارد فۆرد، رۆماننووسی ناودار دەڵێت: "ئالیس وەك "خێرا نووسەکان" کار دەکات، لە هەرکوێ بیت لەگەڵ ئەوەی ناوت برد، هەمووان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە ئالیس لە کارەکانیدا شارەزایە"!

لە دانیشتنی خوێندنەوەی کتێبی "عەشقی ژنێکی باش" لە نیویۆرك تایمز، میکائیل گوورا، ئالیس مۆنرۆ لەگەڵ "ڤۆردز ڤۆرس" بەراورد دەکات، لەبەر ئەوەی "ئالیس دەتوانێت هەر سات و رووداوێك وێران بکات و گرێی بداتەوە بە سات و رووداوێکی ترەوە بە شێوەیەکی بێ وێنە و زۆر شارەزایانە لە حاڵێکدا کە بەردەوامیی رووداوی تێك نەداوە، گرێیان بدات بەیەکەوە".

ئالیس دوای وەرگرتنی هەرخەڵاتێك کە پێی دەبەخشرێت دەگەڕێتەوە بۆ کلینتۆن و دووبارە درێژە دەداتەوە بە ژیان.



ئالیس مۆنرۆ بەردەوام دەڵێت: "ئەمە تەنها لەبەر دیمەنە جوانەکەی نییە". ئەو دەڵێت: "من عاشقی ژیانێکم کە بەتەواوی جیاواز بێت لە کەش و هەوای نووسین". هەموو ساڵێك زستانان بۆ پشووی زستانە دەڕواتە ئەپارتمانەکەی لە پارێزگای بریتیش کۆلۆمبیا کە لەگەڵ کەسێك پێکەوە کڕیویانە شەریکن لەو ئەپارتمانەدا.

چیرۆکەکانی مۆنرۆ ژیانی خەڵکانی ئاسایی دەگێڕنەوە، رازەکانیان، بیرەوەرییەکانیان لە دیمەنەکانی سەرهەڵدانی تووڕەیی و هەڵچوون و حەزە سێکسییەکانیان. لە چیرۆکی "دوورگەی کۆرتێس" ژنە نووسەرێك، کارێك هەڵدەبژێرێت و ئەویش پێڕاگەیشتن بە پیرەپیاوێکە بە ناوی گووری. ئالیس مۆنرۆ دەنووسیت بگێڕەوەی چیرۆکەکە ئاگای لە "بۆنی ناخۆش، چاوە لەرزۆك و ددانەکانی پیرەپیاوەکەیە کە لە ددانی سەگ دەچێت"، بەڵام لە خەیاڵی خۆیدا بیر لەوە دەکاتەوە لەگەڵ پیرەپیاوەکە پەیوەندی سێکسی هەبێت. پاگان لە خەیاڵی خۆیدا دەبینێت: "هێرشبردن، وەڵامدانەوە و هەموو ئەو شتانەی عەشق دوورخراوەتەوە بۆ ئەوێ، بەرەو سەرتر لەو شتانە دەخزێت کە عەشق پێشنیاری پێدەکات. شایستەبوونیش هەروەها. قەرەوێڵەکەمان– قەرەوێڵەی من و گریگۆری– کەنارێکی لمی، یان سەر تەختی بەلەمێك، یان هەر شوێنێك کە ئێمە لێی بحەوێینەوە".

لە چیرۆکی ترسێنەری "بەرلەگۆڕان"دا ژنە دەزانێت باوکی منداڵی ژنان لەباردەبات و کاری لەباربردنی منداڵی ئەو ژنانەیە سکیان پڕ بووە و دەیانەوێت منداڵەکەیان لەبار ببەن. کەوایە یارمەتی باوکی دەدات لەم کارەدا. کەسایەتی سەرەکی چیرۆکەکە دەڵێت: "ئەو ژمارەیەك شیشی یەك

ئەندازەی هەبوو کە سەنتیمەکانی لەسەر نەخشکرابوو. من نەمدەتوانی چوونە ناوەوەی شیشەکان لە جسمی ژنەکاندا ببینم، بەلام بە بینینی یەکەم شەپۆلەکانی ئازار لە جەستەیاندا کە وایدەکرد ترس بەتەواوی دایان بگرێت، هەستم بەو شیشە دەکرد لە جسمیاندا". ئالیس مۆنرۆ هەروەها دەنووسێت: "ئەو شتەی زیاتر لە هەر شتێك لە نووسیندا هەستی پێدەکەم بە شێوەیەك ساتێکی تەواو و ئیلهامێکی ترسێنەرە، کە هیچ کارێکیشمان لەدەست نایەت بۆ ئەو سات و ئیلهامەی بکەین".

ئالیس لە بەشێك لە بەرهەمەکانیدا باس لە وەها شتێك دەکات: "جۆرێکی نوێ لە گرووپێك لە پیرەژنەکان کە بەپێی یاسایەکی تایبەت دەژین و پیر دەبن و سەرەنجام لە ئاخرین پلیکانەدا دەبینن، کە دەیانتوانی بەشێوەیەکی تر بژین".

هێنانەگۆڕی تیۆری "جۆرێکی نوێ لە پیرەژنەکان" لە دەیەی 1960دا کە هێماکانی هیپیبوون لە سەردەمی گەنجێتیدا لەودا دەبیندرا، بەمێشکیدا هات، لەو سەردەمەدا کە هەستی بە بەرپرسایەتی نەدەکرد، عاشقبوون و عاشقی کردن و هەندێجاریش بیرکردنەوە لەوەی کە منداڵەکانی لەبەر کەسێکی تر جێ بێڵێت. ئالیس مۆنرۆ دەڵێت: "ئێمە پیرەژنەکان بە ئەخلاقیاتی باو و پەیوەندییە سێکسییەکانیانەوە گرێ دەدەینەوە"، بەلام " ژمارەیەکی زۆر لە ژنان ژیانێکی پڕمەترسیتریان هەبووە لەچاو کچەکانیان. واتە مەترسی ئەوەی کە تەنها بژین".

یەکێك لەو چیرۆکانەی کە خۆی پێی خۆشە "رزگارکردنی دروێنەکەر"ە. ئەو چیرۆکی ژنێکی بەتەمەن دەگێڕێتەوە، کە لە پەیوەندییەکی ناشەرعی



ژنێکی هەیە، هەروەها دەتوانێت هەست بە ئازارە دەروونییەکانی کچەکەی بکات. رۆژێك هەر ئەو بەتەمەنە رێبوارە– کچێك– سوار دەکات (بێئەوەی پارەی لێوەبگرێت) لەگەڵیدا سێکس دەکات. لە کۆتایی چیرۆکەکەدا ژنەکە نازانێت کچەکە سەردانی دەکاتەوە، یان نا؟ بەلام لێرەدا ئالیس مۆنرۆ دەنووسێت: "کچەکە ئیتر ناگەڕێتەوە. راست دە خولەك بەرلەوەی بەو شارێیە بگات پێشنیاری باشتری پێدەدرێت. رەنگە پێشنیاری پڕمەترسیتر، بەلام سەرنجڕاکێشتر".

بەسەرنجدان بەم نموونە بچووکە، دەتوانین بە ئاشکرا ئەوە بڵێین ئالیس مۆنرۆ لە نووسیندا زۆر وردە و زۆر بە وردەکارییەوە کار دەکات. بە شێوەیەك کە لە خوێندنەوەی چیرۆکەکانیدا ناتوانین تەنانەت وشەیەکیش لەبەرچاو نەگرین. بەشێوەیەك دەتوانین بڵێین ئەو چیرۆکانەی دەینووسێت بە شێوەیەك لە ژیانی خۆی وەرگیراوە و کاریگەری ژیانی خۆی لەسەر نووسینەکانی دەبیندرێت. بۆ وێنە چیرۆکی "وێستگەی بیابانی" لە ژیانی یەکێك لە باوەگەورەکانییەوە وەرگیراوە کە بەهۆی ئەوەی دارێك کەوتووە بەسەریدا مردووە. لەو چیرۆکەیدا کە ئەو نووسیویەتی ژنێك باس لەوە دەکات مێردەکەی خۆی کوشتووە. "وێستگەی بیابانی"یش وەك کورتە چیرۆکەکانی تری باس لە چیرۆکی کوژران و قەتڵێکی ناسەرکەوتوو دەکات.

بوونی ئەم وردبینیانەیە کە وایکردووە ئاستی چیرۆکەکانی بەرزتر بێت لە ئاستی چیرۆکی نووسەرانی هاوتەمەنی خۆی. ئەوەی کە ئەمساڵیش خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتی پێ بەخشرا، بەڵگەیە بۆ ئەم شتە. بەگشتی مۆنرۆ ئاڵۆز دەنووسێت و بۆ تێگەیشتن لەم ئاڵۆزییە پێویستە لەگەڵ کارەکتەرەکان بژیت.

ئالیس مۆنرۆ دوای وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیات لە وتووێژێکدا دەڵێت: "ئەو سەرنج و ئەو هەموو گرینگیدانەی ئەمڕۆ سبەی بینیم کە دەربڕی سۆز و خۆشەویستیی خوێنەرانە، تووشی سەرسووڕمانی کردم، ئەمە سۆرپرازێکی گەورەیە و جێگای سەرسووڕمانە. بەڕاستی شانازیی دەکەم بەوەی لە لایەن کۆمیتەی نۆبڵەوە بەمشێوەیە گرینگیم پێدراوە و لەبەرچاویان گرتووم و منیش سوپاسیان دەکەم".

"کە دەستم کرد بە چیرۆکنووسین تەنها دەستەیەکی بچووکی پێکهاتوو لە نووسەرانی کەنەدایی بوونیان هەبوو و دونیای ئەدەب ئەوانی لەبەرچاو نەدەگرت، بەڵام ئێستا بەرهەمی نووسەرانی کەنەدایی دەخوێندرێنەوە و لە لایەن خوێنەرانەوە لە هەموو دونیا گرینگییان پێدەدرێت. منیش ئەوەی کە خەڵاتی نۆبڵم پێ بەخشراوە لە خۆشیدا لەوانەیە باڵ دەربکەم. هیوادارم ئەم خەڵاتە هاندەر بێت بۆ سەرجەم نووسەرانی کەنەدایی. هەروەها هیوادارم ببێت بەهۆی ئەوەی سەرنجی زیاتر بدرێت بە فۆڕمی کورتەچیرۆک لە هەموو دونیا".

ئالیس مۆنرۆ لەمێژە وەک نوێنەری کورتەچیرۆک لە دونیا دەناسرێت. بۆ سەلماندنی ئەم شتەش پێویستە باس لە جۆری بونیادی گێڕانەوە و قووڵایی خولقانی کارەکتەرە، کە ئێمە لە ڕۆماندا چاوەڕوانین ببینین، بەڵام سەرجەم ئەم شتانە لە کورتەچیرۆکە 30 بۆ 40 لاپەڕەکانی مۆنرۆدا هاتووە و دەیبینین. ڕەخنەگران و هاوتەمەنەکانی بەهەر شێوەیەک کە کراوە، ستایشی کارەکانی ئەویان کردووە، زمانێکی بەهێز، وەسفی شتەکان بەشێوەی ورد، سۆرپرایز و لۆژیکی حیکایەتبێژی، گۆڕینی فەزای



چیرۆک بەشێوەیەکی باش و بێ کەموکوڕی و هەروەها پەیوەندی نزیک بە لایەنی جیاوازەوە لە هەڵسوکەوت و ڕەفتاری ئینسانەکان.

ماوەیەک لەوەوپێش لە وتووێژ لەگەڵ ڕۆژنامەی نیۆنەتەوەیی کەنەدادا باسی لەوە کرد ئیتر نایەوێت بنووسێت! ئێستا دەبێت ئەوە بزانین دوای ئەوەی خەڵاتی نۆبڵی پێ بەخشراوە، هێشتا هەربەردەوامە لەسەر ئەم بڕیارەی خۆی، یان نا!

ئالیس مۆنرۆ لە بەرهەمەکانیدا لانیکەم لەچاو براوەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی لەوانە ماریۆ بارگاس یۆسا و دۆریس لیسینگ، کەمتر بۆچوون و ڕوانگەی سیاسی هەیە. ساڵی 2003 لە وتووێژ لەگەڵ هەواڵنێری AP وتی ئیلهام لەو ڕووداوانە وەرناگرێت کە ئەمڕۆ ڕوودەدەن، ماتریاڵی خاوی چیرۆکەکانی لەناو بیرەوەرییەکان، ئەو دۆنگۆ و حیکایەتانەی لە رابردوو دەیگێڕنەوە، دەدۆزێتەوە.

"لە ژیانی ئاساییدا زۆر چالاک و سیاسی نیم. بۆ خۆم بڕوام بەهەندێ شت هەیە و بەپێی ئەو باوەڕەی خۆم پەیوەندی بە گرووپە جیاوازەکانەوە دەکەم، بەڵام هەموو کات حەز دەکەم بزانم خەڵکانی خوارتر لە خۆم چ کارێک لەم بارەیەوە چۆن دەڕوانن و چی دەکەن، ئەم کارەم زیاتر بەلاوە پەسەندە".

## وتاری مارگاریت ئاتۆد
## دەربارەی ژیان و بەرهەمەکانی "ئالیس مۆنرۆ"

ئالیس مۆنرۆ یەکێك لە چیرۆکنووسە ناودارە ئینگلیزی زمانەکانی هاوچەرخی ئێمە. رەخنەگرانی ئەدەبی لە ئەمریکای باکوور و بەریتانیا ستایشی بەرهەمەکانی دەکەن، هەروەها ئەو ژمارەیەك خەڵاتی بردۆتەوە و دونیا بە باشی لەگەڵ بەرهەمەکانی ئاشنایە. لەناو نووسەرەکانیشدا ناوی ئالیس مۆنرۆ بە ئارامی دەوترێتەوە. ئالیس مۆنرۆ لەو نووسەرانەیە کە زۆربەی کاتەکان دەربارەیان دەڵێین هەرچەند لە دونیادا ناسراوین، بەڵام پێویستە زیاتر بناسرێن.

بەڵام هەموو ئەم تایبەتمەندییانە یەکشەوە و کوتوپڕ بەدەست نەهاتووە. مۆنرۆ لە ساڵەکانی دەیەی 1960ەوە دەستی کردووە بە نووسین و یەکەم کۆمەڵەچیرۆکی بەناوی "سەمای سێبەرە شادەکان" (Dance of the Happy Shades) لە ساڵی 1968 چاپ و بڵاوکردەوە. دوایین کۆمەڵەچیرۆکی بەناوی "هەڵهاتن" (Runaway)[51] ساڵی 2004 چاپ و بڵاوکرایەوە و لە لایەن

[51]– هەڵبەت کۆمەڵەچیرۆکی "هەڵهاتن" دوایین بەرهەمی ئەو نووسەرە نییە تا ئێستا، بەڵکو دوای ساڵی 2004 سێ کۆمەڵە چیرۆکی تری بە ناوەکانی (The View from Castle Rock) ساڵی 2006 و (Too Much Happiness)



بڵاوکراوە ئەدەبییەکانەوە گرینگی تایبەتی پێدرا. مۆنرۆ بە گشتی 10 کۆمەڵە چیرۆك (هەڵبەت تا کاتی نووسینی ئەم وتارەی مارگاریت ئارتۆد 10 کتێبی چاپ کردووە، بەڵکو ئێستا 12 کتێبی چاپ بووە)ی چاپ کردووە کە هەرکامەیان بە نۆ یان دە چیرۆکیان لەخۆ گرتووە. هەرچەند چیرۆکەکانی مۆنرۆ بەردەوام لە ساڵی 1970ەوە لە گۆڤاری "نیویۆرکەر" چاپ و بڵاو دەبێتەوە، بەڵام لە ئێستادا کۆمەڵگای ئەدەبی جیهانی زۆر دێر دەچن بەلای چیرۆکەکانی ئەوەوە. ئەم کەمتەرخەمییە بەشێکی بۆ فۆرمی چیرۆکەکانی ئەو دەگەڕێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو چیرۆکنووسە، یان بەدەربڕینێکی تر وەك چۆن لە رابردوودا دەمانگوت: حیکاتەنووس و بەو شێوەیەی ئەمڕۆ باوە: کورتەچیرۆکنووس. زۆر نووسەری ئەمریکایی، کەنەدایی و بەریتانیایی لە ئاستی بەرزدا بوون کە ئەم فۆرمەیان تاقیکردۆتەوە، واتە کورتەچیرۆکیان نووسیوە، بەڵام هێشتا زۆرکەس لەسەر ئەو باوەڕەن هەرچەند چیرۆکێك دووردرێژتر بێت، بەها و ئەرزشی زیاترە.

لەم ناوەدا ئالیس مۆنرۆ لەو نووسەرانەیە کە هەرچەند ماوە جارێك لە دەرەوەی کەنەدا کارەکانی گرینگی پێدەدرێت. وەك ئەوەی کوتوپڕ لەناو کێکێکی گەورەوە بپەڕێتە دەرەوە و بڵێت: "سڵاو!". ماوەیەکی بەسەردا دەچێت و ئەو بێدەنگ دەبێت، بەڵام جارێکی تر دەردەکەوێتەوە و ئەم کارە دووبارە دەکاتەوە و هەمدیسان ئەم رووداوە روو دەداتەوە. خوێنەران

ساڵی 2009 و (Dear Life) ساڵی 2012 چاپ و بڵاوکردۆتەوە. (و– کوردی)

و بەردەنگەکانی ئەدەب ناوی ئالیس مۆنرۆ لە هەموو شوێنێك نابینن و لە دەمی هەموو کەسی نابیستن. هەندێ جار کوتوپڕ چیرۆکەکانی دەبینن و سەریان سووڕ دەمێنێت و لەخۆیان دەپرسن: "ئالیس مۆنرۆ خەڵکی کامە وڵاتە؟ چۆنە پێشتر لە هیچ کوێ ناویم نەبیستووە؟ وەها چیرۆکگەلێکی گرینگ لەکوێوە کوتوپڕ سەریان هەڵدا و دەرکەوتن؟"

ئەوی راستی بێت مۆنرۆ کوتوپڕ و لە هیچ کوێوە سەری هەڵنەدا و دەرنەکەوت. مرۆنر لە راستیدا لە "هۆرۆن کانتی" لە باشووری رۆژئاوای ئۆنتاریۆوە، واتە ئەو شوێنەی زۆربەی کارەکتەرەکانی خەڵکی ئەوێن، دەرکەوتووە. ئۆنتاریۆ یەکێکە لە ئیالەتە زۆر گەورەکانی کەنەدا کە لە رووباری ئۆتاواوە تا رۆژئاوا لە دەریای سۆپریۆر درێژەی هەیە. ئۆنتاریۆ ناوچەیەکی سەرنجڕاکێش و بەربڵاوە، بەڵام باشووری رۆژئاوای ئۆنتاریۆ شوێنێکی ترە و لەگەڵ شوێنەکانی تری ئەم ئیالەتە جیاوازە. "گۆرگ کۆرنۆ"ی شێوەکار ئەو شوێنە بە "سووستۆ" ناوی لێدەبات. "کۆڕنۆ"لای وایە سووستۆ ناوچەیەکی سەرنجڕاکێشە، بەڵام جۆرێك نەناسراوی و هەستێکی خەمۆکییانەی سەیر باڵی بەسەر ئەم ناوچەیەدا کێشاوە و بەشێکی زۆر لە دانیشتووانی ئەم ناوچەیە لەگەڵ "کۆڕنۆ" لەم بارەوە هاوڕان. "رۆبێتسۆن دیویس"یش خەڵکی سووستۆیە و دەربارەی ئەو ناوچەیە وتوویەتی: "من دابونەریتە تاریکەکانی خەڵکانی ئەم ناوچەیە دەناسم". دەی خۆ مۆنرۆش دابونەریت و هەڵسوکەوتی خەڵکانی ئەم ناوچەیە دەناسێت، بەڵام لە مەزراکانی گەنمی ناوچەی سووستۆدا پیاسە



بکەن، رەنگە خودای خۆتان ببینن و رەنگیشە جەهەننەم بە چاوی خۆتان ببینن و ئەمەیە تایبەتمەندی ئەم ناوچەیە.

دەریای "هۆرن" لەبەشی رۆژئاوای سووستۆدایە و دەریای "ئاری" لە باشووری ئەم ئیالەتەدایە. بەشی زۆری ئەم ئیالەتە مەزرا داپۆشیوە لە حاڵێکدا رووبارە بەخرۆشەکان لەناو ئەم مەزرایانەوە گوزەر دەکەن. هاتوچۆ بە بەلەم و ئاشە ئاوییەکان کە کارەبای ناوچەکە دابین دەکەن، بوو بەهۆی ئەوەی لە سەدەی نۆزدەیەمدا ژمارەیەکی زۆر شاری بچووك و گەورە لەم ئیالەتە دروست بێت. لەم هەموو ئەم شارانەدا هۆڵی کۆبوونەوەی خشتی سوور دەبیندرێت کە بەزۆری تاوەرێکی بچووکیشیان لەسەرە. لە سەرجەم ئەم شارانەدا دایرەی پۆستە و گەیاندن و ژمارەیەکی زۆر کڵێسەی گەورە و بچووك دروستکراوە و شەقامی سەرەکی و بەشی رازاوە و جوانی شار کە شوێنی ژیانە، هەروەها ئەو گەڕەکانەی بە شێوەی نائاسایی دروستکراون بە ئاشکرا دەبیندرێت. هەرکام لەم خانووانە چیرۆکی خۆیان هەیە و ئێسکی بنەماڵەیەکی تایبەتیان لەخۆیاندا شاردۆتەوە.

هەروەها لە سەدەی نۆزدەیەمدا کوشت و بڕی "دانلی" لەم ناوچەیە روویدا و ناوچەیەکی بەربڵاو لە قەبرستانەکانی ئەم کوشت و بڕە لە سووستۆ دەبیندرێت. ژمارێکی زۆر بنەماڵە لەم رووداوەدا کە بەهۆی پشێوییە سیاسییەکانی ئایرلەنداوە بوو، قەتلوعام کران و خانووەکانیان سووتێندران. سرووشی سەخۆش و مەست، هەستە سەرکوتکراوەکان، گرێ دەروونییە شاراوەکان، توندوتیژییە ئاشکراکان، تاوانە قێزەون و ناشیرینەکان و ونبوونی بەردەوامی خەڵك لە تایبەتمەندییەکانی سووستۆی

چیرۆکەکانی مۆنرۆیە کە سەرجەم چیرۆکەکانی لە ژیانی راستەقینەی خەڵکانی ئەم ناوچەیە سەرچاوە و ئیلهامی وەرگرتووە.

مۆنرۆ لە ساڵەکانی 1930 بۆ 1940 لەم ناوچەیە گەورەبوو و ئەوکات ئەگەر کەسێك لە شاری بچووکی ناوچەی باشووری رۆژئاوای ئۆنتاریۆ باسی لەوە کردبا کە دەیەوێت ببێت بە نووسەر گاڵتەی پێدەکرا و دەبوو بە گاڵتەجاڕی هەمووان. تەنانەت لە دەیەکانی 1950 و 1960 ژمارەیەکی کەمی ناوەندی بڵاوکەرەوە لە کەنەدادا هەبوون و زۆربەی ئەو بڵاوکەرەوانەی هەبوون تایبەت بوون بە بڵاوکەرەوەی کتێبە دەرسییەکان و ئەوەی وەك ئەدەب دەهاتە کەنەدا لە بەریتانیا و ئەمریکاوە دەهات. بەمەشەوە چەند گرووپێکی بچووکی تازەکاری شانۆی قوتابخانە دواناوەندییەکان لەم ناوچەیەدا دەبیندران و شانۆکانیشیان شتێکی وای تێدا نەبوو. ئەو سەردەم رادیۆ میدیای زاڵ بوو و لە ساڵەکانی دەیەی 1960دا مۆنرۆ کارکردنی خۆی لە کەناڵی (CBC)و بە بەشداری لە بەرنامەی "گوڵچنی ئەدەبی" کە رابێرت ڤیۆر ئامادەکاری بوو، دەستپێکرد.

بەڵام لە ئێستادا نووسەرانی کەنەدایی توانیویانە خوێنەر لە دونیادا بۆ خۆیان پەیدا بکەن و کە کەسێك حەز بە نووسین دەکات، پێی خۆشە کەسانێکی زۆر لە دونیا بەرهەمەکانی بخوێننەوە، بەڵام کەسانی وەك مۆنرۆ بێ هیوا دەبن لەبەرئەوەی لەو ناوچەیەی مۆنرۆی لێدەژیا، هونەر بە شتێکی عەقڵانی و باش نەدەهاتە ئەژمار و هونەرمەندی زۆریشی لێ نەبوو و سەرەنجام ئەو کەسانە ناچار دەبوون ئەو ناوچەیە بەجێ بهێڵن. ئەوکات



هەمووان دەیانزانی لەرێگای نووسینەوە کەس ناتوانێت بژێویی ژیانی خۆی دەربێنێت و ژیانی بەڕێوە ببات.

سەرەنجام ئەگەر کەسێك زۆر حەزی لە هونەربایە، بە ئاوڕەنگ تابلۆیەکی دەکێشایەوە و شیعری دەنووسی و وەك چۆن مۆنرۆ لە چیرۆکی "وەرزی قەلەموون"دا وتوویەتی: "تا حەزکەیت کەسانی سەیروسەمەرە لەم شارەدا بوون و هەمووان یەکتریان دەناسی. یەکێك لەوانە کەسێکی باڵابەرزی موو فرفری بوو کە کاغەز دیواری دەدا لە دیوارەکان و بەخۆی دەگوت دیکۆراتۆری ناوەوەی ماڵ، کەسێکی تر قەشەیەکی قەڵەو بوو کە ژنەکەی مردبوو، کوڕێکی خراپکاری پیسکەش هەبوو، کە هەموو کات بەشداری دەکرد لە پێشبڕکێی کێك دروستکردندا و سەرمێزی دەچنی، کەسێکی تر بەڕێوەبەر مالیخولیاییەکەی کڵێسە بوو، هەروەها مامۆستای مۆسیقای کۆڕی سروودی قوتابخانەش بوو کە هەموو کات بە ناوچاو ترشاوییەوە دەیقیژاند بەسەر خوێندکارەکانیدا". تەنها بژاردەیەك کە لەبەردەم ژنێکدا بوو بۆ ئەوەی دەستی بچێتە گیرفانی خۆی، ئەوە بوو کە هونەر وەك حەز و سەرقاڵبوون هەڵبژێرێت یان ئەوەی سەرەنجام کارێك بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی بژێوی ژیانی پێ دەربێنێت. چیرۆکەکانی مۆنرۆ بەسەرهاتی ژنانی لەم جۆرەی گرتۆتە خۆی. ئەو ژنانەی کە پیانۆ دەلێنەوە، یان بۆ گۆشەی رۆژنامەکان بابەت دەنووسن. ئەگەر وەك "ئالمادا راس" کە لە چیرۆکی "مێنستۆنگ"دا شیعری کورتی بە ناوی "پێشکەشی" دەنووسی، تۆزە توانایەکیان هەبا، هیچ بەستێنێك نەبوو بۆ ئەوەی پێش بکەون و دەرفەتی پێشکەوتنیان نەبوو.

ئەگەر بڕۆیتە شارە گەورەکانی کەنەدا، ڕەنگە چەند بنەماڵەیەك بە مانای بنەماڵەی سەرکەوتوو بدۆزیتەوە، بەڵام لە شارە بچووکەکانی ئیالەتی سووستۆدا، دەبێت لەسەر پێی خۆت ڕاوەستیت و تەنها پشتت بە خۆت گەرم بێت، لەم ناوەدا، "جان کێنت گالبرایت، رابرتسۆن دیۆیس، ماریان ئینگل، گرائم گیبسۆن، جەمیز رێنی"، هەموویان لە ئیالەتی سووستۆ لەدایکبوون و مۆنرۆ سەرەڕای ئەوەی زۆر شەیدا کەناری ڕۆژئاوایە، گەڕاوەتەوە بۆ ئەم ئیالەتە و ئێستاش شوێنی ژیانی زۆر دوور نییە لە وینگهام، واتە ئەو شوێنەی کە بە شێوەی جیاوازی ژووبیلییەکان، ڤالییەکان، دالگیشەککان و هانراتییەکان لە چیرۆکەکانیدا دەبیندرێت.

چیرۆکەکانی مۆنرۆ ناوچەی "هۆرن کانتی" سووستۆی وەك ناوچەی "پۆکناپاتافا کانتی" ویلیام فاکنەر بەوێنا کێشاوە، پارچەیەك زەوی کە لە لایەن نووسەرێکی بەتواناوە بووە بە ئەفسانە و ئوستوورە و ستایش دەکرێت، هەرچەند دەربارەی ئەم دوو ناوچەیە، کە ئەم دوو نووسەرە باسی دەکەن، بەکاربردنی دەستەواژەی "ستایش دەکرێت" تا ڕادەیەك هەڵەیە. لە چیرۆکەکانی مۆنرۆدا باشتر وایە بڵێین ئەم پارچە زەوییە لە لایەن ئەم نووسەرەوە "شیتەڵکاری" بۆکراوە. هەرچەند وشەی "شیتەڵکاری" مرۆڤ دەخاتەوە یادی کلینیکە پزیشکییەکان. چیرۆکەکانی مۆنرۆ لە ڕاستییدا تێکەڵەیەکن لە چەند تایبەتمەندی جیاواز، چ وشەیەك دەتوانین بە مانای تێکەڵەیەك لە شیتەڵکاری وردبینانە و کەونینەناسانە، زیندووکردنەوەی بیروەرییەکان بە شێوەی ورد، لێکدانەوەی ورد و کاملّی چینە ئاڵۆزەکانی سروشتی مرۆڤ، بەبیرهێنانەوەی نهێنییە ئیرۆتیکییەکان،



نۆستالۆژیای ئەو نەهامەتییانەی لەناوچوون و ژیان لە شادی و خۆشیدا، بەکاربیەین؟

لە کۆتایی کتێبی "ژیانی کچان و ژنان"دا کە ساڵی 1971 چاپ و بڵاوکرایەوە و تەنها ڕۆمانی مۆنرۆیە– چیرۆکێك کە ڕوخساری کچە هونەرمەندێك لە گەنجیدا بەوێنا دەکێشێت– ڕستەیەکی گرینگ هەیە. "دێل جۆردەن" لە ناوچەی "ژووبلییەوە" پەیوەست بووە بە کۆمەڵی ژنانی شارەوە و ئیتر کچۆڵەیەکی کەمئەزموون نییە و دەستی کردووە بە نووسین و نووسەربوونی هەڵبژاردووە، دەربارەی سەردەمی تازەلاوی و باڵقبوونی دەڵێت: "من بەو شێوەیە گەورە نەبووم کە ڕۆژێك ڕووبەڕووی ژووبلییەکان بوەستمەوە. وەك چۆن مامە کریك "جێنکین بێند" دانیشتووە و خەریکی نووسینی مێژووی سەرزەمینەکەیەتی، منیش دەمەوێت ژیانم بنووسمەوە". "دەبێت لیستەیەك ئامادە بکەم، لیستەیەك لە کۆگاکان و نووسینەگانی خانوو فرۆشی شەقامی سەرەکی ئەو کەسانەی پێیان قەرزدارن، لیستەیەك لە ناوی بنەماڵەکان، ئەو ناوانەی لەسەر قەبری قەبرستانەکان هاتووە و ئەو شتانەی لەسەری نووسراوە"، "ئەوەی کە هیوادار بیت ئەم کارە بە دروستی ئەنجام بدەیت، کارێکی گەمژانەیە". "هیچ لیستەیەك سەرجەم ئەو شتانەی دەمەوێت، ناگرێتە خۆی، لەبەر ئەوەی من هەموو شتێکم دەوێت، سەرجەم ئەو شتانەی دەوترێت، تیشکی خۆر لەسەر دیوارەکان، تۆکلاشی دارەکان، بەرزی و نزمییەکان، ئازارەکان، بەجێهێشتنەکان، ئەو وەهم و خەیاڵانەی کە هێشتا بوونیان هەیە و تا هەتایە دەشبن".

وەها پلان و بەرنامەیەك بۆ ژیان بەڕاستی ترسێنەرە و مرۆڤ دەترسێنێت، بەڵام مۆنرۆ ئەوە سیوپێنج ساڵە بە وەها بەرنامەیەك وەفادارە، ئالیس مۆنرۆ ساڵی 1931 بە ناوی "ئالیس لیدلا" لەدایك بوو. واتە مۆنرۆ لە ساڵانەدا کە ئەمریکا تووشی کێشەبوو (ئەو ساڵانەی جەنگی دووەمی جیهانی لەئارادابوو) منداڵێك بوو. ساڵی 1939، واتە ئەو ساڵەی پەیوەست بوو بە جەنگی دووەمی جیهانییەوە، مۆنرۆ تەنها هەشت ساڵی تەمەن بوو، دوای جەنگی جیهانی بوو کە ڕۆیشتە زانکۆی ئۆنتاریۆی ڕۆژئاوا. ئەوکاتەی ئالویس پریسلی لە ئەمریکا وەك ئەستێرەیەك دەرکەوت، ئالیس مۆنرۆ 25 ساڵی تەمەن بوو دایکێکی گەنج بوو و لە سەردەمی شۆڕش و بزووتنەوەی ژناندا لە ساڵەکانی 1968 و 1969 سیوهەشت ساڵی تەمەن بوو. واتە ئەو ساڵەی کە یەکەم کتێبی چاپ کرد. ساڵی 1981 پەنجا ساڵی تەمەن بوو و زۆربەی چیرۆکەکانی مۆنرۆ باس لەم ساڵانە، واتە ساڵانی 1930 بۆ 1981، دەکەن و ئەو ڕووداوانەی بۆ باوەگەورە و باوك و دایکی هاتۆتە پێش.

نیوەی باوانی مۆنرۆ دەگەڕێتەوە بۆ پرۆتستانەکان سکۆتلەند و پێشینەی خێزانیان بۆ "جەیمز هووگ"و "ئۆتریك شیفێرد" هاوڕێی "ڕۆبیرت برۆنز" و ئەدەبیەکانی ئیدیبنۆرگی سەدەی هەژدەیەم، واتە نووسەری کتێبی "دان پێدانانی توانابارى لەسەرحەق"، ناوێك کە دەتوانێت ببێت بە ناوی یەکێك لە کتێبەکانی مۆنرۆ. نیوەی تری باوانی مۆنرۆ دەگەڕێتەوە بۆ کڵێسەی بەریتانیا و خراپترین تاوان و گوناه بەلایانەوە ئەوە بوو لەسەر مێزی نانی ئێوارەدا کەسێك چەتاڵەکە بەهەڵە



دەستییەوە بگرێت. بەمەشەوە ئەوەی کە مۆنرۆ بە تەواوی ئاگاداری چینە کۆمەڵایەتییەکان جیاوازیی و وردەکارییەکانی جیاوازییەکانی هەر چینێکە لەگەڵ چینەکەی تر، بەهۆی پەروەردەی پرۆتستانی ئەوەوەیە کە بووە بەهۆی ئەوەی کەسایەتی چیرۆکەکانیشی خوو و خەدەو هەڵسوکەوتی ورد و گونجاویان هەبێت و پێشینە و هەستەکان، خەونەکان و دەروون و ویژدانی خۆیان بناسن و بۆ گەیشتن بەو شتانە هەنگاو هەڵبگرن کە لەگەڵ ئەوانەدا دێتەوە. لە کلتووری کۆنی پرۆتستانەکاندا، وەك کلتووری کۆنی ناوچەی سووستۆ، بەخشین و عەفووکردن کارێکی ئاسان نییە و سزای توند چاوەڕوانیان دەکات، خەڵك سووکایەتی بەیەکتر دەکەن و شەرم لە هەموو شوێنێك لەبۆسەدایە و کەس بە ئاسانی لە دەست ئەم هەموو چارەڕەشییە ڕزگاری نابێت.

ئەم نەریتە هەروەها هەڵگری باوەڕی ئاینیشە و بەخشش و لێبوردن جێگەیەکی تایبەتی هەیە تێیدا. لە بەرهەمەکانی مۆنرۆشدا، لێبووردن بە فراوانی دەبێندرێت، بەڵام بەشێوەی سەیر و سەمەرە دەردەکەوێت، لە چیرۆکەکانی مۆنرۆدا هیچ شتێك پێشبینی ناکرێت. هەستەکان هەڵدەقوڵن، دەمارگرژیی وێران دەبێت و دەڕووخێت، سەرسووڕمان و تووشی شۆك بوون لە هەموو شوێنێکی بەرهەمەکانیدا دەبیندرێت. لە وەها شوێنێکدا کردەوە شەیتانییەکان ڕەنگە ئەنجامی باشیان لێ بکەوێتەوە و سەرەنجام لەو شوێنەی کە هەمووان هیوابڕاو دەبن، ڕزگاری و ئازادبوون بە شێوەیەکی نوێ دەردەکەوێت. بەمانەشەوە، کە وەها دەستەواژەیەك بۆ بەرهەمەکانی مۆنرۆ بەکار دەبەن، یان بەشێوەی تر شیکاری و لێکدانەوەی

بۆ دەکەن، بەڵگە دەهێننەوە و بە ئەنجامێك دەگەن، هێشتا لە زۆربەی چیرۆکەکانی مۆنرۆدا رەخنەگر و لێکۆڵەرێك دەبینن کە گاڵتەی بە ئێوە و ئەوکارانەی کردووتانە، دێت و بە شێوەیەکی تر دەڕوانێت، ئەو کەسەی لەبەرخۆیەوە پێتان دەڵێت: "بۆ لات وایە کێیت؟ چی بووە بەهۆی ئەوەی ئەوەندە بوێر بیت و لات وابێت شتێك دەربارەی من، یان کەسانی تر دەزانیت؟" یان ئەوەی شتێك لە چیرۆکی "ژیانی کچان و ژنان" وەردەگریت و دەڵێیت: "ژیانی ئەم خەڵکە چەند بێزارکەر، سادە، سەرنجڕاکێش و قووڵە. ئەو ئەشکەوتە قووڵانەی کە بۆ مۆم داپۆشراوە". خاڵی جێگای تێڕامان لە وشەی "قووڵ"دا شاراوەیە.

لە دونیای چیرۆکەکانی مۆنرۆدا چەند کەسایەتییەکی لاوەکیش دەبینین کە هونەر و داهێنان و هەرچەشنە خۆدەرخستنێك بە سووك دەزانن و بەچاوی سووك چاوی لێدەکەن. لەوەها دۆخێکدایە رەخنەگرانی ئەدەبی پاڵەوانی چیرۆکەکانی مۆنرۆ بە شێوەیەك وەسف دەکەن کە خەبات دەکەن بۆ رزگاربوون لە دەست ئەم کەسانە، ئەو پاڵەوانانەی هەوڵ دەدەن و خەبات دەکەن بۆ ئەوەی بتوانن تواناکانی خۆیان بخەنە روو. لە هەمانکاتدا پاڵەوانەکانی مۆنرۆ لایەنی دەستکردی هونەر بەسووك چاو لێدەکەن و گومانیان هەیە لەسەری. دەربارەی دەبێت چی بنووسین؟ چۆن دەبێت بنووسین؟ کەڵکوەرگرتن لە هونەر تا چەند هەڵگری ئاستی هۆش و توانایيە و چەند لەو زیرەکی و توانایيە لەناو دەبات و دەیگۆڕێت بە فێڵی فۆرمەکان؟ فێڵی وەك لاساییکردنەوەی خەڵك و هەڵسوکەوت و هەستەکانیان. چۆن دەکرێت دەربارەی کەسێکی تر، تەنانەت کەسێکی



خەیاڵی بێ پێش گریمانە رادەبڕین و چیرۆك بنووسین؟ گرینگتر لە هەموو ئەمانە، چۆن چیرۆکێك تەواو بکەین؟ مۆنرۆ بەزۆری چیرۆك بە پرسیارێك کۆتایی پێدێنێت. هەندێ جاریش بێباوەڕی دەخاتەڕوو، وەك پەرەگراف کۆتایی چیرۆکی "مێنستۆنگ" کە بگێڕەوەکە دەڵێت: "رەنگە هەڵەشم کردبێت". ئاخۆ کردەوەی نووسین، جۆرێك خۆبەزلزانین و بێشەرمی نییە؟ لە ژمارەیەك لە چیرۆکەکانی مۆنرۆدا وەك "هاوڕێی سەردەمی گەنجیم"، "دزراو"، "وێستگەی بیابان" "بێزاری، دۆستایەتی، پێکەوەبوون، عەشق، هاوسەرگیریی" کۆمەڵێك دەستەواژە دەبێندرێت کە خۆبەزلزانین یان لەهەڵەدابوون و تەنانەت بەد جنسبوونی نووسەرەکەیان دەخەنە روو. ئەگەر نووسین چەند رستەیەکە کە دەبێت بەهۆی ئەوەی رێگای راستمان لێ بشێوێت، ئەی دەربارەی خودی نووسەر دەبێت چی بڵێین؟

وەها پرسیارگەلێك لە چیرۆکی " مانگە هاوبەشەکان"یشدا دەبیندرێت. کەسایەتی چیرۆکەکانی مۆنرۆ جگەلەوەی لەبەر ئەوەی سەرکەوتوو نەبوون، لۆمە دەکرێن، بەڵکو لەبەر سەرکەوتووبوونیشیان لۆمە و تەمبێ دەکرێن. لەم چیرۆکەدا، نووسەرە ژنەکە بیر لە باوکی دەکاتەوە و بەخۆی دەڵێت: "گوێم لێی ئەبێت، من لە (چیرۆکی) مەك لئاندا شوێن پێی تۆم نەدیوە. ئەگەر شتێکیشی دەربارەی من خوێندبۆوە، دەیگوت: زۆر متمانەم بەو نووسراوە خەیاڵی و فەنتازیاییانە نییە. تۆنی دەنگی گاڵتەجاڕانە بوو، بەڵام هەموو ئەمانە وایکرد بەزەییم پێیدا بێتەوە. ئەو پەیامەی لەوم وەرگرت، بەم ئاسانییەیە: دەبێت بەدوای ناوبانگ بکەوین و

دواتر لەبەر ئەو شتە داوای لێبووردن بکەین، جا ناوبانگت بەدەست هێنابێت، یان نەتهێنابێت. لەهەرحاڵدا لۆمەت دەکەن".

"دڵسۆزی رۆح" یەکێك لە کێشە سەرەکییەکانی ئالیس مۆنرۆیە. کەسایەتییەکانی مۆنرۆ لە جەنگدان لەگەڵ ئەم "دڵسۆزیە"و هەوڵ دەدەن دایمرکێننەوە و خەڵکانی تریش چاوەڕوانییەکانیان و یاساکانی زاڵی ژیانیان و هەرچەشنە لادانێکی رووحی و دەروونی کۆنترۆڵ دەکەن. بەگشتی دوو جۆر مرۆڤ دەبینین، مرۆڤێك کە کاری باش دەکات، بەڵام هەستەکانی خراپە و بێ هەستە و مرۆڤێك کە کاری چاك دەکات، بەڵام هەستەکانی راستەقینەیە و لەگەڵ خۆی راستگۆیە. ژنی چیرۆکەکانی مۆنرۆ لە جۆری دووەمن، واتە رەنگە هەڵسوکەوت و رەفتاری خراپیان لێ بوەشێتەوە، بەڵام هەستەکانیان راستەقینەیە و لەگەڵ خۆیان راستگۆن، لەبەر ئەوەی ئەگەر لە جۆری یەکەم بایەن، لادان و دووڕوویی و فێڵ و تەڵەکانی خۆیان دەشاردەوە.

ئەو کۆمەڵگایەی مۆنرۆ لە چیرۆکەکانیدا باسی لێوەدەکات، کۆمەڵگای مەسیحییە. مەسیحییەتێك کە زۆربەی کاتەکان ئاشکراو روون نییە و زۆرتر بەهۆی رابردووی کەسەکانەوە لەگەڵیانەو بەشێوەیەك بە میرات پێیان دەگات. کەسایەتی "فلۆ" لە چیرۆکی "خزمەتکاری سواڵکەر"دا دیوارەکانی بە "ژمارەیەکی زۆر ئامۆژەی ئایینی رەشکردۆتەوە و دروشم و ئاگادارکردنەوەی ئایینی نووسیوە: خودا شوان و رێنوێنی منە، باوەڕتان بە خودای مەسیح هەبێت بۆ ئەوەی بەرزگاری بکەن"، بەڵام بۆچی "فلۆ" کە بەڕاستی باوەڕدار نییە، باس لەم دروشمە ئایینییانە دەکات؟ ئەمانە کۆمەڵێك تایبەتمەندین کە خەڵکانی ئەم ناوچەیە لە رووی عادەت و خوو و خەدەوە لەگەڵ خۆیان هەڵیان گرتووە. خەڵك باس لە مەسیحییەت دەکەن



و لە کەنەدا، کڵێسە و دەوڵەت هیچکات لە یەکتر جیا نەبوون. لە قوتابخانە دەوڵەتییەکاندا دۆعا و ئینجیل دەخوێندرێت و کلتووری وەها مەسیحییەتێك ماتریالێکی خاوی زۆر باشە بۆ مۆنرۆ، بەڵام ئەم بەم بەکارهێنانە لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی چیرۆکنووسی مۆنرۆ نییە.

بنەمای سەرەکی مەسحییەت لە وەها کۆمەڵگایەکدا لەسەر دوو تایبەتمەندی دامەزراوە، یەکیان ئیلاهیاتە و ئەویتریان ئینسانییەت، کە هەردووکیان تایبەتمەندی سەرەکی عیسای مەسیحن. خەڵك باوەڕیان بە نیوە خودایەك یان خودایەکی دەستکرد و درۆینە نییە، بەڵکو لە وەها کۆمەڵگایەکدا خودا وەك مرۆڤێك دەردەکەوێت و لەهەمانکاتدا پیرۆز و ئاسمانیش دەمێنێتەوە. لەهەمانکاتدا باوەڕ بە یەکێك لەم تایبەتمەندییانە، واتە باوەڕ بەوەی عیسا تەنها مرۆڤێك بووە یان عیسای خودا بووە، لە روانگەی کڵێسەی مەسیحییەوە داهێنانە و گوناحە و بەکفر دەزانرێت (لەبەر ئەوەی ئەوان لەسەر ئەو باوەڕەن عیسا تێکەڵەیەك بووە لە هەردووکیان. هەم خودا بووە و هەم ئینسان). کەوایە مەسیحییەت لەوەها کۆمەڵگایەکدا هەم لۆژیك وەردەگرێتە و شتێکی لۆژیکییە و هەم ئەوەیە رەتی دەکاتەوە. لۆژیك دەڵێت A ناتوانێت لە یەك ساتدا هەم A بێت و هەمیش A نەبێت، بەڵام مەسیحییەت دەیگوت وەها شتێك مومکینە. لەوەها کۆمەڵگایەکدا دەبێت باوەڕت بەوە ببێت کە A هەم Aەو هەمیش A نییە.

بەشێکی زۆر لە چیرۆکەکانی مۆنرۆ تەواوکەری یەکترن، بەڵام هەندێجاریش وەها نییە. یەکەم نموونەیەك کە بەزەینم دەگات، چیرۆکی "ژیانی کچان و ژنان"ە، کە لەو چیرۆکەدا مامۆستایەك کە لە دواناوەندیی کۆرێکی بچووکی سروود و ئۆپێرایەکی بچووکی رێکخستووە، سەرەنجام خۆی دەخاتە رووبارەوە و خۆی دەخنکێنێت. بەلای مۆنرۆوە رەنگە

حەقیقەت هەم ئەوەیە حەقیقەت بێت و هەم حەقیقەت نەبێت. لە چیرۆکی "جیاواز"دا جۆرجیا بە خۆی دەڵێت: "هەم هەڵەیە و هەمیش راستە". یان بگێڕەوەی چیرۆکی "گەشەی عەشق" دەڵێت: "چەند دژوارە لام وابێت هەموو ئەم شتانەم لەخۆمەوە دروستکردووە. لام وایە حەقیقەت حەقیقەتە و هەموو کات باوەڕم پێی بووە". لە چیرۆکەکانی مۆنرۆدا دونیا پڕە لە کفر و گوناه و لەهەمانکاتدا پیرۆزە. دەبێت هاوکات هەڵگری ئەم دوو شتە بێت. هەموو کات دەکرێت زیاتر لەوەی پێویستمان پێیەتی بۆ تێگەیشتن لێی تێبگەین. چیرۆکەکانی مۆنرۆ پڕە لە پرسیار، بەڵام لەهەمانکاتدا ئەم چیرۆکانە لە دەروونی خۆیاندا وەك دەروونی هەر مرۆڤێك، گەنجێکی مەترسیداری شاردۆتەوە کە وەك یاقووتێکی گرانبەها وایە، کە ناکرێت نرخی لەسەر دانێین، ئەو گەنجە هیچ نییە جگە لە خواستی دەروونی مرۆڤەکان.





## نادین طۆردیمێر

## نادین گۆردیمێر (Nadine Gordimer)



نادین گۆردیمێر نووسەر، رۆماننووس، چیرۆکنووس، وتارنووسی و فیلمنامەنووس و چالاکی سیاسی و براوەی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتی ساڵی 1991، ساڵی 1923 لە سپرینگز، شارێکی بچووك نزیك بە ژۆهانسبۆرگ لە دایك و باوکێکی جوولەکە لەدایك بوو. دایکی لە دایکبووی بەریتانیا و باوکی سەعات ساز بوو کە خەڵکی لیتڤانی بوو.

ئەوەی کە دەیبینی دایکی گرینگی دەدا بە هەژاری و هەڵاواردنی رەگەزی دژی رەشپێستەکان و دامەزراندنی دایەنگەی منداڵان بۆ منداڵە رەشپێستەکان، بوو بە سەرچاوەی چالاکییە مرۆڤدۆستانە و دژە رەگەز پەرەستییەکانی. باوکی، ئایزیدۆر گۆردیمێر، بە پێچەوانەی دایکی بەرامبەر بەو ناعەدالەتییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییانە چاوی نوقاندبوو گرنگی بەم شتە نەدەدا.

نادین گۆردیمێر خوێندنی زانکۆ نەخوێندووە و تەنها یەك ساڵ چووەتە زانکۆ و ئیتر وازی لێ هێناوە.

پانزە ساڵی تەمەن بوو کە یەکەم چیرۆکی لە گۆڤارێکدا چاپ و بڵاوکرایەوە. یەکەم کتێبی خۆی بەناوی (face to face) ساڵی 1949 چاپ و بڵاوکردەوە کە کۆمەڵە چیرۆکێك بوو کە باسی لە گەشبینی دەکرد لە کۆمەڵگایەکی رەگەزپەرەستدا. دووەم بەرهەمی بە ناوی ( The Soft Voice of the Serpent ) ساڵی 1952 چاپ و بڵاوبۆوە. رۆمانی رۆژانی درۆکردن (The Lying Days) چاپ و بڵاوکرایەوە.

رۆژانی درۆکردن کە تا رادەیەك ئۆتۆبیۆگرافییە، باس لە وشیاربوونەوەی ساکارانەی شارێك دەکات. باس لە کچێکی سپی پێست دەکات لە شارێکی بچووکدا کە دەیەوێت لە دەست رەگەزپەرەستی هەڵبێت. "پیاسەکردن لە گۆڕستانە جوانەکاندا کە مرۆڤی بە زیندوویی تێدا دەنێژن". ئەم کتێبە دەربارەی ئەفریقای باشوورە وەك وڵاتێك کە زیاتر بە وڵاتێکی ئەورووپی دەناسرێت، یان باشتر بڵێین لکاندوویانە بە ئەورووپاوە، پەراوێزنشینەکانی چینی مامناوەند، ئەوانەی کە یەکشەممان دەڕۆنە دەرەوە و بێ ئاگان لە لایەنە شاراوەکانی کۆمەڵگا، بێئاگان لەو ژمارە زۆرە رەشپێستەی کە تەنها بۆ خزمەتکردنی ئەوان لە (سپی پێستەکان) لە ماڵ و کارگەکاندا کار دەکەن.

وشیاری نادین گۆردریمێر لە رۆمانەکانی تریدا زیاتر رەنگدەداتەوە. دەڵێت: "رۆمان وەك مێژوو جیاوازە لە رۆمانی مێژوویی". لە رۆمانی دونیای بێگانەکاندا (A World of Strangers)(1951) ئالۆزی لیبرالیزمی خێرخوازانە دەبینین. لەرۆمانی (لە دەرفەتی عاشقبووندا) (Occasion for Loving (1963) ئەبینین ئاپارتاید ناتوانێت روانگەی کەسێکی ئۆمانیست بە وتاردانێك کە لاسایی زاهیدەکان دەکاتەوە، بە مەیلی خۆی بگۆڕێت و شکڵی پێ بدات. رۆمانی دونیای بۆرژوازی مردوو (The Late Bourgeois World (1966 رەنگدانەوەی گۆڕانی بڕیاری نێلسۆن ماندێلایە لە خەباتی مەدەنییەوە بۆ خەباتی چەکدارانە.



ئەو کاتەی کۆنگرەی نەتەوەیی ئەفریقا (ANC) نایاسایی بوو، گۆردیمێر بەم کۆنگرەیەوە پەیوەست بوو. هاوڕێکانی لە کۆنگرە رووناکبیران و سیاسییە رەشپێستەکان بوون، بازنەی بزووتنەوەی ماندێلای گەنج هەر لەوێوە دەستی پێکرد. ساڵی 1960، ساڵی کوشتنی شارپ ویل، نزیکترین هاوڕێی گۆردیمێر (بێتی دوو ئۆتیت) دەستگیر کرا. بەم شێوەیە خەباتی سیاسی لەگەڵ ژیانی تایبەتی ئەودا تێکەڵ بوو. رێبەرانی کۆنگرەی نەتەوەیی ئەفریقای لە ماڵەکەی خۆی دەشاردەوە و یارمەتی دەدان بەوەی کە هەڵبێن و لە دەست رژێمی ئاپارتاید رزگاریان بێت. ئەو دەڵێت خۆشترین رۆژی ژیانی و ئەو رۆژەی کە شانازیی پێوە دەکات، ئەو رۆژە نییە کە خەڵاتی نۆبڵی وەرگرت، بەڵکو رۆژێکە لە ساڵی 1968 کە لە دادگای دێلماس کە 22 کەس لە چالاکانی کۆنگرەی نەتەوەیی و ئەوانەی دژ بە ئاپارتاید و رژێمی ئاپارتایدبوون بە تاوانی خیانەت دادگایی کران و ئەو لە بەرژەوەندی دۆستانیدا شایەتی دا. گۆردیمێر کە لە رێگای کتێبەکانییەوە لە دونیا ناسراوە بە سەفەرکردنی بۆ وڵاتە جیاوازەکان، دەستی کرد بە وتاردان دژ بە ئاپارتاید و ئاپارتایدی رەگەزی و سەرکوتی سیاسی و دەنگی خۆی و هاوخەباتەکانی بە گوێی هەموو جیهان گەیاند.

نێلسۆن ماندێلا دوای ئازادی لە زیندان و دوای ئەوەی زیاتر لە 27 ساڵ لە زیندان بوو، یەکێك لەو کەسانەی کە زۆر زوو داوای کرد بیبینێت، نادین گۆردیمێربوو. گۆردیمێر لە رمانی کچی بورگێر ( Burger's Daughter 1979)دا دەنووسێت: "ژیان لە وڵاتێکدا کە هێشتا قارەمانی هەیە، سەیرە".

ئەو لەسەر ئەو باوەڕەیە ئەرکی نووسەر گۆڕانی فۆڕمە بۆ ئەزموون بە شێوەیەك کە بتوانێت بچێتە ناو ژیانی کەسانی ترەوە، جا رەشپێست بن، یان سپی پێست، ژن بن یان پیاو، دواتر گوشاری رووحی هەر کام لەو لایەنانە لە بەرهەمەکەی خۆیدا جێ بکاتەوە. ئەو دەتوانێت بچێتە ناو جەستە و زەینی پیاوچاکان و تاوانبارەکانیشەوە.

رۆمانی کۆنسێرڤات (1974) The Conservationist لەگەڵ رۆمانی پشووەکانی ستانلی میدلتۆن سالّی 1974 خەلاّتی بۆکێریان بە هاوبەشی وەرگرت. ئەم رۆمانە گەورەیە کە شاعیرانەتر لە بەرهەمەکانی تری ئەم نووسەرەیە کە لە درێژەی رۆمانی "چیرۆکی مەزرایەکی ئەفریقایی"لە نووسینی ئێلیو شراینەر (1883)دا نووسراوە. "مرینگ" دژە پالّەوانی بۆێر[52]ی چیرۆك، کە مەزراکەشی وەك ژیانی بێ بەهرەیە، سروشت و رژێمی ئەپارتایدی هەر بەو شێوەیە دەپارێزێت و ئەوانی تر دەخاتە لاوە. ئەو پێی خۆشە فرەچەشنی و جۆراوجۆری سروشت بپارێزێت، بەلاّم لە راستییدا داگیرکارەکان دەیپارێزن و سروشت عەشقە سانتی مانتالّەکەی بۆ ناگێڕێتەوە. "مرینگ" لە بۆشایی ئەخلاقیدا دەبینێت ئەفریقا جارێکی تر بووەتەوە بە مولّکی رەشپێستەکان. تەرمێك دەدۆزێتەوە کە ناناسرێتەوە. ئەم تەرمە لە بێدەنگیدا باس لەوە دەکات کە ئەو خاکی پاکی مەزراکەیە. وەسفی بەهێزی گۆردیمێرۆ لە دیمەنەکان لەم رۆمانەدا خوازەیەکە بۆ رۆح.

---

52– Boer ئەفریقاییە دوو رەگەکان کە بە رەگەز هۆلّەندایین.



ئەم نووسەرە زیاتر حەز دەکات دەربارەی عەشق و سیاسەت بنووسێت و عەشق و سیاسەت لە زۆربەی کارەکانیدا رەنگیانداوەتەوە. لە پشتەوەی هەر پەیوەندییەکی عاشقانە و هەروەها لە پشتەوەی سەرجەم دەولّەتەکانەوە، گەڕانێکی وەك یەك بۆ دۆزینەوەی شوناس هەیە. گەیشتن بە خودی خود، ئەوەی کە حەز دەکەیت کەسێکت خۆش بوێت، یان کەسێك خۆشی بوێیت، یان سەر بە گرووپێکی دیاریکراو بیت. بەلای گۆردیمێرەوە رۆمان و کورتەچیرۆك ئامرازێکن بۆ ئەوەی درز بکەنە ناو کۆمەلّگا. ئەو کۆمەلّگایەی بەرگری لە خۆی دەکات لە بەرامبەر هەر هەولّدانێك بۆ ئەوەی بە تەواوی سەنگ و سوژن بکرێت و خۆی لە سانسۆر و دووڕووییدا دەشارێتەوە و نایەوێت دان بە مێژووی خۆیدا بنێت و لەو رووەوە رێزمان درووست دەکات کە پڕە لە درۆ و لەوێدا کاپیتالیزم، لیبرالیزم و مارکسیزم یەك مانایان هەیە: سەرکوتی خەلّك.

گۆردیمێر کە لە تەمەنی لاوێتیدا چووبووە ژیانی هاوسەرییەوە و کچێکی هەبوو، سالّی 1954 جارێکی تر چووە ژیانی هاوسەرییەوە و تا سالّی 2001 لەگەڵ مێردەکەی رینۆلّد کاسیرز– فرۆشیار و دەلاّلی بەرهەمە هونەرییەکان– کە مالّئاوایی لە ژیان کرد، ئەم ژیانە هاوبەشە هەر بەردەوام بوو. بەرهەمی ئەم ژیانی هاوسەرییە کوڕێکە کە ئێستا لە نیویۆرك دەرهێنەرە و بە یارمەتی یەکتر چەند فیلمی دێکۆمێنتییان دروستکردووە.

نادین گۆردیمێر سالّی 1991 وەك 7ەمین ژنی نووسەر، بوو بە براوەی نۆبلّی ئەدەبیات و لە وتاردانەکەیدا نووسەرانی ئاگادارکردەوە کە دوو مەترسی گەورەیان لەسەرە. یەکیان سزادانیان لە لایەن دەولّەتەکانەوە بە

تاوانی خیانەت بە دەوڵەت و وڵات و ئەویتریان پێخۆش نەبوونی بزووتنەوە رزگاریخوازەکان، کە بۆچی نووسەران وەفاداریی خۆیان بە بزووتنەوە نیشان نادەن و نایخەنە روو.

گۆردیمێر کە لە دەیەی 1990 بەدواوە چالاکی بزووتنەوەی خەباتی دژ بە ئایدز (HIV) داوای لە بیستویەك نووسەری گەورە و ناوداری دونیا کرد کە وەك گرووپە مۆسیقییەکان کە کۆنسێرت بەرپێوە دەبەن بۆ وەستانەوە دژ بە ئایدز، هەرکامەیان چیرۆکێك بنووسن بۆ ئەوەی لە کۆمەڵە چیرۆکێکدا کە سوودەکەی بۆ دەرمانی ئایدز لە باشووری ئەفریقا تەرخان دەکرێت، بڵاو بکرێتەوە. ئەم کۆمەڵە چیرۆکە بە ناوی "حیکایەت بێژی" بڵاوکرایەوە کە نادین گۆردیمێر ئیدێتی کرد و ساڵی 2004 چاپ و بڵاوکرایەوە.

ئەم وتوێژەی کە دەیخوێننەوە ساڵی 1979 و 1980 لە لایەن جێنیکا هیووروویت لە پاریس ریۆریۆ لە نیویۆرك ئەنجام دراوە.



ئەم وتووێژە لەگەڵ نادین گۆردیمێر لە دوو بەشدا ئەنجامدرا. یەکیان لە پاییزی 1979 کە لە ئەمریکادا کەوتبووە گەڕان بۆ خوێندنەوەی دوایین کتێبی "کچی بەرگێر" و ئەویتر لە بەهاری 1980 کە بۆ رێوڕەسمی دەرچوونی کوڕەکەی (تەخەڕوج) هاتبووە ئێرە.

دیداری یەکەممان لە ژوورێك کە بڵاوکەرەوەکەی "وایکینگ پرێس" ئامادەی کردبوو، بەڕێوەچوو و ئەم وتووێژە لەوێ ئەنجامدرا. لەو ژووره بچووك و پڕ لە کتێبانەی کە نەبوونی پەنجەرە تووشی ترسی دەکردیت. دووەمجار لە ژووری هۆتێلدا بینیم. گۆردیمێر لە وتووێژدا وەك دەقەکانی وشەی بەفیڕۆ نەدەدا. هەردووجار لەگەڵ ئەوەی چوومە ناو ژوورەکە، ئامادەی وتووێژ بوو و لەکاتی خۆیدا تەواومان دەکرد و زۆر کاتی دەپاراست.

گۆردیمێر ژنێك کورتەباڵا و ناسك بوو، کە دەنگێکی گەرم و ئارامی هەبوو. وەك ئەوەی زیاتر لە چوار دەیەی تەمەنی کە بە نووسین سەرقاڵ بووە، وای فێرکردووە کە چۆن وشە بە دروستی بەکار ببات و ئاهەنگ ببەخشێت بە وشە، چ لە نووسین و چ لە قسەکردندا ئەم شتە دەپارێزێت– نووسەرێکی خەڵکی ئەفریقای باشوور بە دڵنیاییەوە ئاگاداری هەموو ئەو رووداوانەیە کە چواردەوریان داوە و بەو بۆنەیەوە گوڕ و تینی پێدەبەخشێت– هەروەها زۆر گرنگی دەدات بە بابەتی بەرهەمەکان و زۆر بە هەستیارییەوە دەیگوێزێتەوە بۆ ئێمە، ئەو بابەتانەی کە بۆ هەر نووسەرێك باسکردنە لە دۆخی مرۆیی و بە پێی دۆخی نالەباری ژیان لە ئەفریقای باشوور داڕێژراوە.

وا دەردەکەوێت بە هەڵسوکەوت و ڕەفتاری پێمان دەڵێت هەموو ئەم شتانە بابەتی گرنگن بۆ گفتوگۆ، وەرن لەم بارەیەوە قسە بکەین، بۆ ئەوەی بچم بەلای کارمەوە و دەربارەی هەموو شت بنووسم.

**جنیکا هیوور ویت– پاریس ریڤیۆ–1983**

**لە ئەفریقای باشووردا گۆڕانی وەرزتان هەیە، یان بە درێژایی ساڵ گەرمە؟**

نا، وا نییە، گۆڕانی وەرزمان هەیە. نزیک بە هێڵی ئیستیوا جیاوازی وەرزەکان زۆر کەمە، بەڵام خوار هێڵی ئیستیوا، خوارەوەی کیشوەری ئەفریقا، هەروەها باکووریترین بەشی وڵاتی ئەفریقا، ژۆهانسبۆرگ کە من تێیدا دەژیم، 1800 پلە لە سەرووی دەریاوەیە، وەرزەکان لەگەڵ یەکتر جیاوازن. زستانەکانی ساردە، بەفری نییە، دەکرێت بڵێین وەك کۆتاییەکانی پاییز و سەرەتای زستانی ئێوەیە، هەتاوی هەیە، هەوا تازە و شەوانی سارد. ئینسان لەبیری دەچێتەوە کە شتێك هەیە پێی دەوترێت باران. دواتر بەیانییەك زوو لە خەو خەبەرت دەبێتەوە و هەست دەکەیت بۆنی باران دێت. ئەو کاتە هەستێکی زۆر سەیرت هەیە. بەشێکی زۆر لە خانووە کۆنەکان و ماڵی ئێمە، سەرەکەیان لە ئاسنی گالوانیزە یان تەنەکەیە. کە باران دەبارێت، دەنگی باران لەسەر ماڵەکە دەبیسترێت، وەك دەنگی پێی ئەسپ ئەو کاتەی غار دەکات. ئەو خانووەی کە لەوێدا



گەورە بووم، سەرەکەی لە تەنەکە بوو و کۆنترین بیرەوەریی من ئەوەیە کە باران دەباری لەناو جێ و بانەکەم دەمامەوە و گوێم ڕادەگرت بۆ بارینی باران و تەرزە... هەڵبەت دەنگی باران کە دەیدا بەسەر تەنەکەکەدا، گوێی کەڕ دەکرد.

**یەکەم سەرفەری دەرەوەی وڵاتت بۆ کوێ بوو؟**

یەکەم سەفەرم بۆ دەرەوەی ئەفریقای باشوور، بۆ ڕوودزیای ئەو کات و زیمبابۆی ئێستا بوو. ڕەنگە لات وابێت زۆر لە ئەفریقای باشوور دەچێت، بەڵام وانییە. زیمبابۆی ئەفریقای ناوەندە. نیوە ئیستیوایی و بەرەو ئیستیوا، بەڵام یەکەم سەفەری ڕاستەقینەم زۆر دواتربوو، لە تەمەنی سی ساڵیدا، دوو کتێبم چاپ کردبوو. لە ڕێگای چوونم بۆ بەریتانیا و ئەمریکا، سەردانی میسرم کرد. ڕەنگە بۆ چوون بۆ ئەو دوو وڵاتە و گەیشتن بە وڵاتانە میسر ڕێگایەکی باش بوو. لە لەندەن هەستم دەکرد لە وڵاتی خۆمدام، بەڵام جۆرێك هەستی ناڕاست. واتە ئەو کاتەی گەیشتمە ئەوێ تێگەیشتم سەرجەم ئەو وێنایانەی لە لەندەن هەمە لە کتێبەکانەوەیە، بە تایبەت دیکێنز و ڤێرجینا وۆڵف. ئەو نووسەرانەی کە لام وابوو بە تایبەتمەندی ژیانی بەریتانیاوە منیان خستۆتە ژێر کاریگەری خۆیانەوە، کەسانی وەك ئۆروێل. کە گەیشتمە ئەوێ هەستم نەکرد بیرەوەرییەکانم زیندوو دەبنەوە، ئەم نووسەرانە هەستی شوێنیان بەهێز نییە. وۆڵف و دیکێنز زۆر بەباشی وەسفی شوێن دەکەن. ئەو کاتەی کە لە دەوروبەری چێڵسی پیاسەم دەکرد، هەستم دەکرد ئێرە ئەو شوێنەیە کە بە دڵنیاییەوە

خاتوو دالووی پیاسەی تێدا کردووە. لەبیرمە ژوورێکم لە هۆتێلێك نزیك بە وێستگەی ڤیکتۆریا بەکرێ گرت. شەوان، ئەو ژوورە تاریك و دووکەڵاوییانە، شێی ئەو دیوارەی کە مرۆڤ پاڵی پێوەداوە، بینا وێرانەکان...

**بۆ یەکەم سەفەرت بۆ دەرەوەی وڵات ئامادە نەبوویت؟ واتە وەك"رێبەکا" لە رۆمانی میوانی فەخری[53] تووشی سەرسووڕمان ببوویت؟**

نا، دایکم بیست ساڵ دەبوو نەگەڕابۆوە بۆ بەریتانیا، ئەو ئامادەی ئەم سەفەرەی کردم. جلی ژێرەوەی خوری پێدام کە گەیشتمە ئەوێ هەموویم خستە لاوە، بەڵام سەفەری رێبەکا بۆ سویسرا... لام وایە نووسەرانی ئەمڕۆیی دەبێت زۆر ئاگاداری وەسفی کاریگەری کەش و هەوا بن. وەك سەفەر بە شەمەندەفەر لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا... کە گۆڕانی زۆری دروستکرد لە ژیانی خەڵکدا. بەتایبەت لە باری کاتەوە بوو بە هۆی ئەوەی کە ئاستی خودوشیارییان بچێتە پێشەوە. دەتوانم ئەوە بێنمە بەرچاوی خۆم بیرکردنەوە لەوەی کە سواری شەمەندەفەر بووی و بە خێرایی لە گوندەکانەوە گوزەر دەکەیت، چ هەستێك دەستی پێدەدایت. لە ئەدەبی ئەوکاتەدا زۆر وەسفی شەمەندەفەر کراوە، بەڵام لام وایە نووسەران دەبێت زۆر وشیاربن لە بەکارهێنانی سەفەر، وەك گۆڕانی قووڵی دەروونی. ئەمڕۆکە "سەفەر" بووە بە سەفەری ئاسمانی، تۆ بزانە چەند نووسەر بەکاریدەبات، لە کتێبەکانی مندا لە کتێبی "کۆنسێرڤات"دا هەیە، لە میوانی فەخریدا (A Guest of Honour) هەیە. هەڵبەت لە کچی

53– A Guest of Honour



بێگێردا، رۆزا بێرگێر بۆ یەکەم جار لە ئەفریقای باشوور دەڕواتە دەرەوە، کە دەمنووسی دەبا بەرم بە حەزەکانی خۆم گرتبا، نەوەك دەربارەی سەفەر بنووسم، تەنها ئەوە بوو باسی شوێنی رۆیشتنەکەیم کرد، لەبەر ئەوەی ئەو بەرجەوەنە دواتر بەکەڵکم دەهات.

**سەفەرت بۆ بەریتانیا جۆرێك سەفەر "بۆگەڕانەوە بۆ رەگەکان" بوو؟**

نا، بەڵام بوو بەهۆی ئەوەی بزانم کێم و یارمەتیدام بەوەی دوایین نیشانە و ئاسەوارەکانی کۆلۆنیالیستی لەخۆم دوور بخەمەوە، من نەمدەزانی کۆلۆنیالیستم، بەڵام ئەوکات ناچاربووم بزانم کێم، هەرچەند دایکم تەنها شەش ساڵی تەمەن بوو کە لە بەریتانیا چووە دەرەوە و روویکردە ئەفریقای باشوور، هێشتا باسی لەوکەسانە دەکرد کە دەگەڕانەوە بۆ وڵات، بەڵام من دوای یەکەم سەفەرم، تێگەیشتم وڵات و نیشتمانی من تەنها ئەفریقای باشوورە و بەس. هیچ کوێی تر نییە.

**چۆن بوو باوك و دایکت روویانکردە ئەفریقا و چوونە ئەفریقا؟**

هەردووکیان بە یەك هۆ روویانکردە ئەو وڵاتە، هەردووکیان بەشێك بوون لە بەرنامەی بەربڵاوکردن و فراوانکردنی کۆلۆنیالەکان. باوەگەورەی باوکم لە دەیەی 1890 لەگەڵ یەك دوو برای سەردانی ئەفریقای باشووری کرد. ئەفریقای باشوور بۆ ئەوروپییەکان سەرزەمینی دەرفەتەکان بوو. لە راستییدا بە هیوای دەستڕاگەیشتن بە ئەڵماس روویانکردە ئەو وڵاتە. لام وا نییە باوەگەورەم شتێکی وای دۆزیبێتەوە، رەنگە چەند بەردێکی بچووکی

دۆزیبێتەوە. دواتر، پاشماوەی تەمەنی لە بۆرسەدا بوو. ئەو هەر ئەو کەسەیە کە پێی دەڵێین "تیکی بڕ"، تیکی جۆرێك پارەی ئاسنین بوو وەك دە سەنتی. بەداخەوە ئیتر لەو پارەیە نەماوە. بەرامبەر بە سێ پێنسی بەریتانیا بوو. "تیکی" وشەیەکە زۆر خۆش دێت بەسەر زارا، تۆ چی دەڵێیت؟ بەڵێ، دەمگوت، باوکم "تیکی" بڕی بۆرسە بوو، بەو مانایەی کە بە درێژایی ڕۆژ لەوێ دادەنیشت و پشکی دەکڕی و دەفرۆشت و پارەی خۆرایی دەردێنا. چیرۆکی باوکم ئەوەندە خۆش نییە. لە لیتوانی لەدایك بوو و سەرجەم ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی جوولەکەکان بۆوە، بەسەریدا هات، خۆ ئاگاداری ئەو کارەساتانەی بەسەر جوولەکەکاندا هات، هەیت. بە ئەستەم دەکرێت بڵێین خوێندنی هەبێت. لەو گوندەی کە ئەوی لێ دەژیا دواناوەندیی بۆ منداڵە جوولەکەکان نەبوو. باوکی کە کارمەندی گواستنەوە و گەیاندن بوو، دوانزە منداڵی هەبوو... دڵنیام زۆر هەژار بوون. دایکی جلدووری دەکرد. وایان بیر دەکردەوە لەگەڵ ئەوەی باوکم بوو بە دوانزە سێزدە ساڵ دەبێت بڕوات، تەنها ئەوەیە کە بڕوات، ئەمریکا یان هەر شوێنێکی تر. سەردەمی گەشەسەندن و گەشەخوازی بوو، دەزانم ئاگاداری ئەم شتە هەیە کە سەرەتای دەیەی 1900 وەها سەردەمێك بوو. بەکورتی چیرۆکی باوکم چیرۆکی کلاسیکی دوورگەی ئالیسە– سێزدە ساڵە، بێ ئەوەی ئینگلیزی بزانێت، لە مەخزەنی کەشتیدا لەبری ئەمریکا بەرەو ئەفریقا– دەبێت زۆر شتێکی سەیر و نائاسایی بووبێت. کەسێکی کۆنسێرڤات بوو، کەسایەتییەکی بەهێزی نەبوو. شەرمن بوو. باوکم هێشتا بەلای منەوە پڕە لە راز و نهێنی. لەخۆم دەپرسم لەو پەیجوورییە



شێتانەیەدا، خۆی لەناو نەبرد، بەلایەوە دژوار نەبوو؟ کە سووچێکی بۆخۆی دۆزییەوە ئەوەندە بوێر نەبوو کە ببێت بە کەسێکی گرنگ.

### کە گەیشتە ئەفریقا چی کرد؟

وەك بەشێکی زۆر لە جوولەکەکان– کە دەبا ببن بە پێڵاودوور، سەعات ساز یان جلدوور، سەعات سازی فێربوو، هەموو سەرمایەکەی جانتایەکی بچووکی سەعات سازی بوو. ڕۆیشتە ترانسواڵ، ناوچەیەك کە زێڕی هەبوو. بە جانتاکەیەوە دەڕۆیشتە لای کانەکان و لە کرێکارەکانی کانە زێڕەکانی دەپرسی کەس نایەوێت سەعاتەکەی بۆ چاك بکەمەوە. دواتر سەعاتەکانی وەردەگرت و دەگەڕایەوە بۆ ژوورە بچووکەکەی کە پەیدای کردبوو، لەوێ سەعاتەکانی چاك دەکردەوە. دواتر پاسکیلی کڕی و بە پاسکیل بە دەوری کانەکاندا دەگەڕا، بەڵام ئەوکاتەی من لەدایکبووم ئەو ئیتر زێڕینگەرییەکی بچووکی هەبوو و ئیتر وەك پێشتر خەریکی سەعات چاککردنەوە نەبوو. کەسێکیشی لای خۆی دامەزراندبوو، لە ڕاستییدا مێردی خوشکەکەی لە ڕووسیاوە هێنابووە لای خۆی بۆ ئەوەی کاری بۆ بدۆزێتەوە. ئێستا ئیتر باوکم ببوو بە خاوەندی سەرمایەی بنەماڵەکەی. نۆ خوشکی هێنایە ئەفریقای باشوور، ئەو هەژارە پاشەکەوتی دەکرد و دواتر خوشکەکانی دەهێنا بۆ ئەفریقای باشوور. دواتر زانیم بێزاربووە لە هەموویان. ئێمە هیچکات کوڕ و کۆمەڵی بنەماڵەییمان نەبووە. نازانم بۆچ ئەوەندە لێیان بێزار بوو.

**ئەم زێرینگەرییە لەکوێ بوو؟**

لە شارێکی بچووک بوو لە ناوی سیپرینگەز، پەنجا کیلۆمەتر لە ژۆهانسبۆرگەوە دووربوو. من لە شارێکی بچووکی کانی زێڕ لەگەڵ بیست هەزار کەسدا گەورە بووم.

**قوتابخانەکانی ئەو شارە بچووکە چۆن بوو؟**

ئەوی راستی بێت من خوێندەواری کەمم هەبوو، بەڕاستمە. سەردەمی منداڵیم زۆر سەیر بوو. سەردەمێکی سەیر بوو. ئێمە دوو خوشکین، من پاشەبەرە بووم، نازدار، پڕ روو، هاروهاج و... رەنگە بکرێت بڵێم ئەوەندەم وزە هەبوو کە نەمدەزانی چییان لێ بکەم و چۆن ئارام بگرم. حەزم دەکرد ببم بە سەماکار– لە چوار ساڵییەوە تا ئەو کاتەی بووم بە دە ساڵی، عاشقی سەما بووم. سەماکردن هیوایەتم بوو. ئێستاش بیر لەو هەستە خۆشە دەکەمەوە کە بە جووڵاندن و بادانی لەشم دەستی پێدەدام. هیچ گومانێك نەبوو کە دەبا ببم بە سەماکار و دەبوو ببم بە سەماکار، بەڵام لە تەمەنی دە ساڵیدا کوتوپڕ بوورامەوە. هەربۆیە بردمیانە لای دکتۆری بنەماڵە و دەرکەوتی لێدانی دڵم خێرایە. کەس نەیزانیبوو، لام وایە ئەو هاروهاجی و پڕ جموجووڵییەم بەهۆی ئەوەوە بوو. پێیان وتم غودەی تیرۆئیدم گەورەبۆتەوە کە بووە بەهۆی توندتربوونی لێدانی دڵم و ئەوەی کە خێراتر لێی دەدا. لەوکاتە بەدواوە زانیومە نەخۆشییەکی مەترسیدار نییە. بەزۆری لە تەمەنی باڵقبووندا بۆ سەدان کەس روودەدات، بەڵام دایکم زۆر دەترسا. دەبوو زۆر گرنگییان بەم خێرا لێدانی دڵەم نەدایە. دایکم



دڵنیابوو ئەم خێرا لێدان یانی ئەوەی من "نەخۆشی دڵ"م هەیە. هەربۆیە دەستبەجێ رۆشتبووە ئەو دێرەی کە خوێندنگەکەی منی لێبوو و بە راهیبەکانی وتبوو: "ئەم منداڵە نابێت پرۆڤە و راهێنانی جەستەیی ببێت، نابێت تێنس بکات، نابێت مەلە بکات". لە دە ساڵیدا کەس لەگەڵ دایکی ناکەوێتە باس و قسەوە و مشتومڕی لەگەڵ ناکات. دایك دەڵێت نەخۆشیت و منداڵەکە باوەڕ بە قسەکەی دەکات. کە دەمویست لە قاڵدرمەکانەوە سەرکەوم، دەیگوت: "کچێ، ئارام، ئاگات لەدڵت بێت". دواتر هەموو نەهامەتییەکە لەوێوە دەستی پێکرد پێیان گوتم نابێت سەما بکەم. کەوایە بەم ئاسانییە سەماکردن وەستا و بەم شێوەیە لە شتێك کە زۆرم حەز لێبوو، بێبەری کرام، بێبەریکردنێکی زۆر ناخۆش بوو.

حەوت هەشت ساڵ لەوەوپێش بوو توانیم لەگەڵ ئەم شتانەدا رابێم. لە تەمەنی بیست ساڵیمدا کە زانیم دایکم چی لەگەڵ کردووم زۆر شکامەوە– ئەمە بۆ زۆربەمان پێش دێت، بەڵام من بەڕاستی زۆر شکامەوە و هۆیەك هەبوو بۆ ئەو شکانەوەیەم– لە تەمەنی سی ساڵیدا بەرەبەرە زانیم بۆچی وای لەگەڵ کردووم و بەزەییم پێیدا هاتەوە. کە ساڵی 1976 ماڵئاوایی لە ژیان کرد، ئاشتمان ببۆوە، بەڵام چیرۆکی من نائاسایی بوو.

بەکورتی، دایکم کە چووە ژیانی هاوسەرییەوە، ئەو هاوسەرگیرییەی بەختەوەری نەکرد، هاوسەرگیرییەکی گاڵتەجاڕ بوو. لام وایە عاشقی پیاوێکی تر بوو، بەڵام لە خەویشدا نەیدەتوانی لەگەڵ کەسێکی تر پەیوەندی هەبێت. لەبەر ئەوەی هاوسەرگیرییەکی ناخۆشی هەبوو، زۆر گرنگی دەدا بە منداڵەکانی و زیاتر ئاگای لێیان بوو. ئەو کەسەی کە زیاتر

لـه هـەموو کـەس وایکـرد دایکـم زۆر ئاگـای لـە منداڵـەکان بێـت، دکتـۆری خێزانیمـان هـەبوو. هـیچ گومانێـك لـەوەدا نییـە، بـەڵام دڵنیـام لـە رووی وشیارییەوە نەبوو. شتێکی راسـت و حاشـاهەڵنەگر بـوو کـە دایکـم کچێکی "ناسـك و لاواز"ی هـەبوو و دەیتـوانی لەبـەر کچەکەشـی بێـت بـەردەوام تەلەفۆن بۆ دکتۆر بکات و "نەخۆشییەکەی" من بەم شێوەیە رابگرێت. ئـەو کات دکتۆرەکان دەهاتنە ماڵ و چای و بسکێت دادەنرا و دەست دەکرا بـە قسەکردن بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ قسە دەکرا. رەنگـە هەڵـەی کردبێـت لـە چارەسەرکردنمدا لەبەر ئـەوەی دەرمـانکردن دەبـا چـاکی کردبـام، بـەڵام وا نەبوو و نیشانەکانی ئەو نەخۆشیە مانەوە. هەڵبەت مـن هەسـتم دەکـرد زۆر گرنگیم پێدەدرێت. ئەوکات هەموو چەشـنە کتێبـێکم دەخوێنـدەوە کـە بـوو بەهۆی ئەوەی لام وابێت نەخۆشییەکەم منی بەرەو کتێب بـردووە. مـن بـەم حیکایەتەوە گەورە بووم، کە زۆر لاوازم و نەخۆشی دڵم هەیە.

یازدە سـاڵم تەمـەن بـوو دایکـم لـە قوتابخانـە هێنامییـە دەرەوە، نـازانم چۆن ئەم کارەی کـرد. تـا یـەك سـاڵ نەمدەخوێنـد، بـەڵام بـەردەوام سـەرم لەناو کتێبـدا بـوو. خزامـە نـاو خۆمـەوە و بـووم بـە کەسـێکی دەروونگـەرا. دایکم بە تەواوی کەسـایەتی گـۆڕیم. دواتـر مامۆسـتایەکی بـۆ گـرتم بـەوەی رۆژی سێ سەعات بڕۆمە لای. سـەعات 10ی بـەیانی دەیبردمـە ماڵەکـەی و سەعات 1 دەهات بە شـوێنمدا. تەنیاییـەکی سـەیربوو. ئـەو کـارەی لەگـەڵ منداڵێك کـرا کـارێکی زۆر نـاخۆش بـوو. لای مامۆسـتاکە هـەر خـۆم بـووم و خۆم، کارەکانم جێبەجێ دەکرد، پەرداخێك شیری بۆ دەهێنام، ژنێکی زۆر باش بوو، بەڵام لەگەڵ منداڵانی تـر پەیوەنـدیم نـەبوو. لـە دە سـاڵییەوە تـا



شانزە سـاڵی لەگـەڵ گـەورەکان ژیـام، کەسـانی هاوتەمـەنی دایکـم. لەگـەڵ خۆی بەزۆر دەیبردم بۆ میوانییە ژنانەکانی خۆی، من وەك ئەو دەژیـام. کـە باوك و دایکم شەوانە دەچوونە میوانە، دایکم لەگـەڵ خـۆی دەیـبرم... مـنی دەبـردە نـاو باسـەکان، لـە حاڵێکـدا هێشـتا بەتـەواوی نەمـدەتوانی لەگـەڵ منداڵانی تر قسە بکەم. پیرەژنێکی بچووك بووم.

**لەم سەردەمەدا پەیوەندیت لەگەڵ خوشکەکەت چۆن بوو؟**

خوشکم چوارساڵ لە من گەورەتربوو. چـووە زانکـۆ. بەڕاسـت هـاودەم و هاوتەمەنی من نەبوو. پانزە یان شانزە ساڵم بـوو کـە ئـیتر نەدەچـوومە لای مامۆستاکە. کەوایە سەرجەم خوێندنی من هەر ئەمە بوو.

لە تەمەنی بیستویەك و بیسـتودوو ساڵیشـدا لـە حاڵێکـدا کتێبیشـم چـاپ ببوو، حـەزم دەکـرد بڕۆمـە زانکـۆ و خوێنـدنی زانکـۆ بخـوێنم، بـەڵام لەبـەر ئەوەی کۆنکۆر[54]م نەدابوو، تەنها بۆم هەبوو ژمارەیەك لـە یۆنیتـەکانی[55] زانکۆی "ویت واترز راند" بخوێنم. ناوی زانکۆکە "سـنووری ئـاوی سـپی"یە بــە زمــانی ئــەفریکانس. هەنــدێ وانــەم خوێنــد بــە نــاوی "خوێندنــە گشتییەکان". دوای جەنگ بوو و ژمارەیەکی زۆر لە سەربازەکان لـە جـەنگ گەڕابوونەوە، کە بەهۆی جەنگـەوە پچـڕان دروسـت ببـوو لـە خوێندنیانـدا و

[54]–**کونکۆر= تاقیکردنەوەی زانکۆ کە لە بەشێك لە وڵاتان دوای تەواوکردنی خوێندنی شەشی ئامادەیی لە قوتابییەکان دەگیردرێت. و– کوردی**

[55]– **یۆنیت** (unit)– **پێوانەیەکە بۆ خوێندنی وانە کە هەمان مانای (یەکە) دەدات. بۆ وێنە وانەیەك لە زانکۆ دەتوانێت چەند یۆنیت بێت. و–کوردی**

ئێستا گەڕابوونەوە بۆ زانکۆ، ئەمەش بۆ من زۆر باش بوو. کەسانی هاوتەمەنی خۆم بوون، هەموومان پێکەوە تێکەڵ ببووین. چەند ساڵ دواتر لە ڕێوڕەسمی تەخەڕوجی ئەم زانکۆیەدا وتارم پێشکەش کرد.

**تۆ لەو نووسەرانەیت کە بەردەوام بڕوانامەی فەخرییان پێدەدەن؟**

لە ئەفریقای باشوور ئەم بڕوانامە فەخرییە وەرناگرم. ساڵی 1981[5] یەکێك لەم بڕوانامانەم لە بەلجیکا وەرگرت، لە زانکۆی لیوون. دواتر ڕووداوێکی نائاسایی ڕوویدا، ئەو پیاوەی لەگەڵ من ئەو بڕوانامەی پێبەخشرا، بەڕێز ئۆسکار ڕۆمیرۆ[57]، دوو حەفتە دواتر لە ئال سالوادۆر تیرۆر کرا. لە بەلجیکا وتارێکی زۆر باشی پێشکەش کرد. کەسێکی زۆر سەرنجڕاکێش بوو و لەو کەسانە بوو سەرنجی خەڵکی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا و دوای وتارەکەی خوێندکارەکان نزیك دە دەقە بە پێوە چەپڵەیان بۆ لێدا. دوو حەفتە دواتر لەبەردەم کەنیسەکەدا کەوتبوو.

**چەندێك چوویتە زانکۆ و ماوەی چەند لە زانکۆ بوویت؟**

ساڵێك. یەکەمجاربوو لە ژیانمدا لەگەڵ ڕەشپێستەکان هاتوچۆم دەبوو و دەکرێت ئەمە بە سەرەتا و دەستپێکی شعوور و تێگەیشتنی سیاسی خۆم بزانم. ڕەنگە خاڵی پۆزەتیڤی ئەم ئەملاوئەولا پێکردنەم ئەوەبوو کە دایك و باوکم دادەنیشتن (ڕامی) یان یاریی تریان بە وەرەق دەکرد و من لە ماڵەوە دەبووم بە میواندار بۆئەوەی شتێك بۆ خوێندنەوە پەیدا بکەم. سەرجەم نووسەرەکانم لەم ماوەیەدا ناسی، لە هێنری میلەر[58]ەوە بگرە تا دەگاتە

---

[5]– لام وایە لێرەدا لە دەقە فارسییەکەیدا وەرگێڕ هەڵەی کردبێت، لە بەر ئەوەی ڕۆمیرۆ 24ی ئۆگۆستی 1980 تیرۆر کرا. کە وایە دەبێت مەبەستی نادین گۆردیمێر 1980 بووبێت، نەك 1981. (و– کوردی)

[57]– ئۆسکار ڕۆمیرۆ (Óscar Arnulfo Romero y Galdámez) 15ی ئۆگۆستی 1917– 24ی مارچی 1980) ئۆسقەڤ کەنیسەی کاتۆلیکی ئەلسالوادۆر، کە ساڵی 1980 تیرۆرکرا.
لە کاتی شەڕە ناوخۆییەکانی دەوڵەت لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی چەپگەرای ئەلساوادۆر (وڵاتێك لە ئەمریکای ناوەند کە سان سالوادۆر پایتەختەکەیەتی، هەرچەند سەرباز هەڕەشەی لە ئۆسکار ڕۆمیرۆ کردبوو کە دەیکوژێت، بەڵام هێشتا ئەو ڕووبە سەربازەکان وتاری دەدا و داوای لێدەکردن تا ئەو کاتەی فەرمانیان پێدەدرێت تەقە لە خەڵك بکەن، ملکەچی ئەفسەرە باڵا دەستەکانی خۆیان نەبن. ڕۆمیرۆ، ئۆسقۆڤ گەورەی ئەلسالوادۆر، مانگی مارچی 1980 لەبەردەم کەنیسەی ناوەندی سان سالوادۆر (پایتەختی ئەلساوادۆر) تیرۆرکرا. (و– کوردی)

[58]– هێنری میللەر(Henry Miller) (1891–1980) نووسەری ئەمریکایی. بەرهەمەکانی کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر ئەدەبی ڕزگاریبەخشی لە سەدەی بیستەم. ژمارەیەکی زۆر لە بەرهەمەکانی میللەر لەبەر ئەوەی زۆر ڕاشکاوانە باس لە پرسە سێکسییەکان دەکات بۆماوەیەکی زۆر ئیزنی بڵاوبوونەوەی لە وڵاتە جیاوازەکانی دونیا پێ نەدەدرا. میللەر لە دەیەی 1960 دا بوو بە یەکێك لە پڕخوێنەرترین نووسەرەکانی ئەمریکا. (و– کوردی)

ئاپتۆن سینكلێر[59]. سەرەتای بیركردنەوەی سیاسیم لە راستییدا دوای خوێندنەوەی رۆمانی دارستان (جەنگەڵ)ی سینكلێرەوە بوو. بیرم لەوە دەكردەوە خوای گەورە ئەو كەسانەی لەو كارگانەدا كاردەكەن كە گۆشت دەكەنە زەرفەكانەوە، وەك رەشپێستەكان ئێرە دەچن، هاتنی خەڵك بۆ ئەمریكا، بێئەوەی زمان بزانن، شەڕكردن لە شیرینی فرۆشییەكان... هەموو ئەمانە گرێ نەدەدایەوە بە باوكمەوە، لەبەر ئەوەی ئەوكات ئیتر باوكم ببوو بە كەسێكی بۆرژوا... بەڵكو گرێم دەدایەوە بە رەشپێستەكانەوە. ئەمە پارادۆكسێكی گەورە بوو، لەبەر ئەوەی ئەفریقای باشوور "وڵاتی خودی" رەشپێستەكان بوو، بەڵام وەك ئەو كرێكارانەی كە بۆ كاركردن لە كانەكان هاتبێتنە ئەو وڵاتە كاریان پێدەكردن. دواتر وێكچوونەكانم بینی و ئەمە بوو بەهۆی ئەوەی تێفكرم دەربارەی پێگەی كرێكارە رەشپێستەكان و پێگەیان لەم وڵاتەدا. هەرچەند زۆر كەمم دەربارەیان دەزانی یان باشتر بڵێم هەر هیچم نەدەزانی–لەبەر ئەوەی دوانزە سێزدەساڵم بوو و بەو ژیانە سەیرەشمەوە لەناو كتێبەكاندا دەژیام– ئەم بیركردنەوانە پێشتر دەستی پێكردبوو، بەڵام ئەوكات ئامادە بووم بۆ بیركردنەوە لەو شتە. كە چوومە زانكۆ، بە هاتوچۆكردن و قسەكردن لەگەڵ ئەو كەسانەی كە دەیاننووسی و شێوەكارییان دەكرد، ناچاربووم بەوە بگەم رەشپێستەكان لەگەڵ ئەوانی تر یەكسانن. لە زانكۆ، ئەو جیهانەی كە زۆرم بەدڵ بوو و جیهانێك هەبوو

59– **ئاپتۆن سینكلێر– نووسەری فەڕەنسایی. كتێبی جەنگەڵ (دارستان) لە نووسینی ئەم نووسەرە فەرانسەوییە یەكێكە لە كتێبە ناودارەكانی دونیا. (و– كوردی).**



كە پێمخۆشبوو، لەگەڵ كەسانێك ئاشنابووم كە لە دونیای بیركردنەوەدا دەژیان.

ئەو شارەی كە من لێی دەژیام، شتی وای تێدا نەبوو كە لەباری رۆحییەوە ئارامبەخش بێت، یان باشتر بڵێم خۆراكی رۆح بێت. هەندێ جار بیركردنەوە لە ژیانی ئەو رەشپێستانە تووشی سەرسووڕمانی دەكردم، دەبێ زۆر زوڵمیان لێ كرابێت و ستەمی زۆریان لەسەر بووبێت، لەبەر ئەوەی مرۆڤ دەبێت لە دونیای بیركردنەوەدا بژی. ئەم لایەنەی رۆحی مرۆڤ زۆر گرینگە. لەو شارەدا خەڵك ئەم كێشانەیان هەبوو، بەڵام نەیاندەزانی چۆن باسی لێوەبكەن. زۆربەی جار دەربارەی شتی كەمبەها و سووك گفتوگۆ دەكرا. ژنەكان دەربارەی ماڵداری و كێشەی بەخێوكردنی منداڵ و پیاوەكان دەربارەی یاریی گۆڵف و كار و كاسبی و پێشبڕكێی ئەسپسواری و بابەتی تری لەم چەشنە قسەیان دەكرد. هیچكات دەربارەی كێشە گەورەكان قسە نەدەكرا و كەس لەوبارەیەوە هیچی نەدەگوت: باسی مەرگ و ژیان نەدەكرا. ئەم بابەتانەم لەناو كتێبەكاندا بینییەوە. بیرم لە هەبوون و خۆم دەكردەوە. ئەم بیركردنەوانە بەقەد ژیانی سێكسی و پەیوەندی سێكسی دایك و باوكم شاراوە و نهێنی بوو. شتێكی زۆر تایبەتی بوو، لەبەر ئەوەی لام وابوو كەس نییە لەم بارەیەوە لەگەڵی قسە بكەم، هیچ كەس، بەڵام دواتر كە چوومە زانكۆوە و زانكۆم بینی ژیانم گۆڕا. دوای جەنگ بوو، ئێگزێستانسیالیستەكان لە ئەوروپا سەریان هەڵدابوو و لە وڵاتەكەم، لە ئەفریقای باشوور، زۆر گرنگی بە بزووتنەوە چەپییەكان و بزووتنەوەی نەتەوەیی رەشپێستەكان دەدرێت. ئەوكات حیزبی كۆمۆنیست و بزووتنەوە

جیاوازەکانی چەپ قەدەغە نەبوون. بۆیە لە هەموو شوێن مشتومڕ و قسەوباسی مارکسیستی لەئارادا بوو. زانکۆ شوێنی بیرکردنەوە و رادەربڕین و ئایدیای جیاواز بوو، ئەو شتەی کە من تا ئەوکات نەمبیستبوو و کەس لەو بارەیەوە قسە بکات، تەنها ئەوبووە لەو بارەیەوە خوێندبوومەوە. هەڵبەت لەوێ هەمووان لەگەڵ رەشپێستەکان تێکەڵ بوون، هەربۆیە لە رێگای ئەو کەسانەوە کە دەیاننووسی یان وێنەیان دەکێشا، یان ئەکتەر بوون، لەگەڵ رەشپێستەکان کەوتمە گفتوگۆ و پەیوەندیم گرت لەگەڵیان.

## دوای ئەو یەك ساڵەی زانکۆ چیت کرد، چالاکی سیاسی؟

نا، خۆ پێم گوتی ئەو کات دەمنووسی، زۆرم دەنووسی. زۆر گرنگیم دەدا بە نووسین. لە راستییدا حەزم لە سیاسەت نەبوو. رووبەڕووبوونەوەم لەگەڵ ژیان، لە روانگەی ئێستامەوە، بەدڵنیاییەوە وەك کەسێکی سپیپێست کە خوازیاری باشتربوونی ژیانی رەشپێستەکان بوو، هەڵسوکەوتێکی دۆستانە و لە هەمانکاتدا شتێکی تاکەکەسی خۆم بوو. هەست دەکەم دەبێت بۆ پەیوەندیگرتن لەگەڵ رەشپێستەکان سەرجەم لەمپەرەکان لەوانە رەنگ بخەمە لاوە. من لام وابوو هەر ئەوەی کە ئەم لەمپەرە فیکرییە بخەمە لاوە، بەسە بۆ پەیوەندی و کارکردن، بەڵام دواتر زانیم ئەمە تەواو نییە و پێویستە کاری زیاتری لەسەر بکرێت.

## ئەوکات تەنها دەژیایت؟



نا، لەم رووەوە زۆر دواکەوتبووم، بەڵام تۆ دەبێت ئەو جۆرە لە گرێدراوێتییە لەبەرچاو بگریت کە لە تەمەنی دە ساڵیدا کە تەمەنێکی هەستیارە لە مندا دروست ببوو، لەبەرچاو بگریت. ئەو کاتەی منداڵەکانی تر هەمووان وەك یەك و بێ جیاوازی دەچوون بۆ کەمپی هاوینە و سەفەرەکردن دەیانگوت: "نادین ناتوانێت بڕوات، نەخۆشی دڵی هەیە". ئەگەر منداڵەکان پیاسەیان دەکرد و دەچوون بۆ گەڕان: "نادین ناتوانێت بڕوات دەبێت لای دایکی دانیشێت". وەها منداڵێك سەردەمی منداڵی لەناو دەچێت، دەبێت بە گاڵتەجاڕ و وەك لیبۆکی لێدێت، دەبێت بە کەرەسەی یاریی دەستی گەورەکان، بەتایبەت لە پانزە شانزە ساڵیدا، کە گەورە ساڵەکان بەلایانەوە سەرنجڕاکێشە، دواتر لەبری نازکردن و خۆ جوانکردن بۆ کوڕی هاوتەمەنی، خۆی لە مێردی کەسانی تر نزیك دەکاتەوە. ئەمە دەبێت بەهۆی لەناوچوونی منداڵ. من زۆر باش لاسایی کەسەکانم دەکردەوە. ئەمە سەرەتایەك بوو بۆ ئەوەی کەسێك بوو گوێم لێبگرێت؟ رەنگە وابێت. لاسایی خەڵکم دەکردەوە. مرۆڤە گەورەکان لە میوانییە گەورەکان، بە دەوری یەکتردا دادەنیشتن و نادین خانم ورتە ورتی دەکرد و بێڕەحمانە لاسایی ئەو کەسانەی دەکردەوە کە هەمووان دەیانناسی، نەیاندەزانی لەگەڵ ئەوەی پشتیان لێکردم لاسایی خۆشیان دەکەمەوە.

بەڵێ، بەمشێوەیە کە چوومە زانکۆ هێشتا لەگەڵ بنەماڵە دەژیام، هەموو رۆژێك بەشەمەندەفەر دەڕۆشتمە ژۆهانسبۆرگ. دواتر خوشکم مێردی کرد و رۆیشتە ژۆهانسبۆرگ و لەوێ دەژیا. کاتێك حەزم نەدەکرد بڕۆمەوە بۆ ماڵ، دەچوومەلای، زۆر باش بوو کە شوێنێکم لە ژۆهانسبۆرگ هەبوو، بەڵام نازانم بۆچی هێشتا نەمدەوێرا و بوێریی ئەوەم تێدا نەبوو لە شاری

کرێکارانی کانەکان بچمە دەرەوە. با بزانیت خوا دەزانێت لە ڕێگای نووسینەوە پارەیەکی وام بە دەست نەدەگەیشت. کارێکم دەکرد کە هیچ منداڵێك ئێستا نایکات، لە باوکم وەردەگرت. بە دەربڕینێکی تر، کۆمەڵێك پێویستی مامناوەندم هەبوو، هیچکات بیرم لەوە نەکردەوە ئینسان ڕەنگە حەز بکات ئۆتۆمبێل بکڕێت- ئێستا هەر منداڵێك ئۆتۆمبێلێکی لەژێر پێدایە- بەخەویش بیرم لەوە نەدەکردەوە ئۆتۆمبێلم هەبێت. تەنها بیرم لەوە دەکردەوە کتێب بکڕم. لێرەو لەوێ دەمنووسی و ئەوەندەم پارە بەدەست دەهێنا کە کە بتوانم کتێبی پێ بکڕم. هەڵبەت زۆریش دەچوومە کتێبخانەکان و زۆرم کەڵك لێوەردەگرتن، ئەو کارەی کە خەڵکی ئێستا زۆر نایکەن. کە لەگەڵ نووسەرانی گەنج قسە دەکەم لێیان دەپرسم: "ئەم کتێبەتان خوێندۆتەوە؟"- "نا، ئاخر کتێب زۆر گرانە..."، پێیان دەڵێم: "تۆخوا وا نابێت، کتێبخانەی ناوەندی کتێبخانەیەکی گەورەیە. لەو کتێبانە کەڵك وەربگرن. ئەگەر نەخوێننەوە هیچکات ناتوانن بنووسن!"

**ڕەنگە ئەوەی کە منداڵیت جیاواز بووە لە منداڵانی تر، هاوکاری کردوویت بەوەی ببیت بە نووسەر. لەبەر ئەوەی هەموو کاتەکەت بۆ خۆت بوو بۆ ئەوەی بخوێنیتەوە، هەرچەند دەبێت زۆر هەستت بە تەنهایی کردبێت.**

بەڵێ... ڕەنگە بە هەرحاڵ ببام بە نووسەر. بەر لە نەخۆشکەوتن هەندێ شتم نووسیبوو. هاوکات حەزم دەکرد ببم بە ڕۆژنامەنووس و سەماکار. دەزانیت بۆچی حەزم کرد ببم بە ڕۆژنامەنووس؟ خوێندنەوەی کتێبی "کەوتنەپێشەوە" لە نووسینی "ئێولین ڤوو" لە تەمەنی یازدە ساڵیدا. ئەم کتێبە بەس بوو بۆ ئەوەی وا لە کەسێك بکات حەز بە ڕۆژنامەنووسی



بکات! بەڕاستی دەمپەرەستی. شتێکی ڕوون و ئاشکرایە کە ئێستاش زۆر دەخوێنمەوە، بەڵام ئەوکات بێ هیچ جیاکارییەك دەمخوێندەوە. دەڕۆیشتمە کتێبخانە، دەسووڕامەوە و لەم کتێبەوە بۆ ئەو کتێب، بەڵام لام وایە ئەمە باشترین ڕێگایە. چەند ڕۆژ لەوەوپێش، خوێندکارێکی ئۆکسفۆرد کە نامەکەی دەربارەی کتێبەکانی من دەنووسی لە ژۆهانسبۆرگ هات بۆ لام. کارێکم کرد کە پێشتریش کردبووم. پێم گوت: "فەرموو ئەمەش بەستەیەك لە کاغەزەکانی من. چیت پێخۆشە بیکە". زۆرم بە دڵ بوو، کوڕێکی وریا و زیرەك بوو. کاتی نانی نیوەڕۆ دەمبینی. جارێك دەفتەرێکی منداڵانەی دەرهێنا- لە یانزە ساڵیدا لیستەیەکم نووسیبوو دەربارەی ئەو کتێبانەی کە لە شەش مانگی پێشتردا خوێندبوومەوە، ڕەخنە و لێکدانەوەی ئەو کتێبانەشم هەر لەوێدا نووسیبوو. لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی "بەباچوو"(بر) دەزانیت بابەتەکەی تر دەربارەی چی بوو؟ لێکدانەوەی من دەربارەی بیروەرییە ڕۆژانەکانی پیپی. من ئەو کات هێشتا کتێبی منداڵانەم دەخوێندەوە، ڕاستت دەوێت دەمخواردن، جیاوازیم دانەدەنا لەنێوان ئەو کتێبە منداڵانانە و "بەباچوو" یان "بیرەوەرییە ڕۆژانەکانی پیپی".

**چاپی چیرۆکەکانت لە نیویۆرکێر بەر لە چاپی یەکەم کتێبت بوو؟**

---

60- Gone With The Wind – **لە نووسینی مارگارێت میچێل نووسەری ژنی ئەمریکایی. مارگارێت میچێل بە بۆنەی ئەم کتێبەوە ساڵی 1937 خەڵاتی ئەدەبی پۆلیتزەری بردەوە.** (و- کوردی)

نا، ساڵی 1949 کتێبێکم لە ئەفریقای باشوور چاپ کرد. دەستپێکردنی چاپی چیرۆکەکانم لە نیویۆرکێر دەگەڕێتەوە بۆ کاتێک کە من لە تەمەنی 26 ساڵیدا بووم. چیرۆکێکم لە نیویۆرکێر چاپ بوو، چەند چیرۆکم لە گۆڤارەکانی تر لەوانە وەرزنامەی لێکدانەوەی کتێبی ڤێرجینیا، لێکدانەوەی کتێبی ییل، واتە ئەو شوێنانەی کە بە زۆری نووسەرانی گەنج لە دەیەی 1950 بەرهەمیان لەوێ چاپ دەکرد. دواتر یەکەم کتێبم لە دەرەوەی ئەفریقای باشوور چاپ بوو، کۆمەڵەچیرۆکێکی کورت.

**دەستنووسەکانت دەنارد بۆ ئەو گۆڤارانە؟**

نا، ئەوکات ئیتر بریکارم هەبوو. ڕووداوێک هاتە پێش و لە نیویۆرک بووم بە خاوەنی بریکار. من هیچکات لەگەڵ ڕۆژنامەکان سەربەخۆیانە هیچ شتێکم نەدەنارد، لەبەر ئەوەی ئاشناییم لەگەڵ پیشەسازی چاپ نەبوو لە ئەمریکا. لەگەڵ بڵاوکردنەوە لە بەریتانیا ئاشنابووم. هەڵبەت ئەوکات بڵاوکەرەوەکان گۆڤارەکانیان دەخوێندەوە. یەکەم بڵاوکەرەوەکانم، سیمۆن و شۆستەر، بە خوێندنەوەی چیرۆکەکانم لە نیویۆرکێر، دڵیان چووبووە سەرکارەکانم و کارەکانمیان پێخۆش بوو. هەر لەم سەردەمەدا لەگەڵ کاترین وایت لە نیویۆرکێر ئاشنابووم و ئەو ئێدیتی کارەکانی دەکردم. چەند ساڵ دواتر پێی گوتم سەرجەم ئەو چیرۆکانەی لە یەکەم کتێبمدا چاپ بوو، پێشتر لە لایەن بریکارەکەمەوە نێردرابوو بۆ نیویۆرکێر، بەڵام کەسانی دەستنووس خوێن ئەو چیرۆکانەیان ڕەفز کردبۆوە، خۆی هەر نەیدیبوون و زۆر بەداخەوە بوو کە نەیتوانیوە ئەو چیرۆکانە چاپ



بکات. ئەم شتانەش دێتە پێش. نازانم چۆن بوو ئەو چیرۆکە لە نیویۆرکێر چاپ بوو.

**بریکارەکەت کێ بوو؟**

پیاوێکی نائاسایی بەناوی سیدنی ئۆستێر ستاین. پیاوێکی زۆر دەوڵەمەند کە عاشقی نووسەرەکان بوو. منداڵی نەبوو و لام وایە نووسەرەکان منداڵەکانی بوون. هەڵبەت تەنها چەند نووسەری هەبوو، هەرچەند لە ڕاستییدا بریکار نەبوو. کەسێک لە ئەفریقای باشوور کە نووسینەکانی منی خوێندەوە، وتی: "تۆ دەبێت بریکارت هەبێت". منی لەگەڵ ئەو ئاشنا کرد و بەیەکیان ناساندین. پیاوێکی سەیر بوو. وەک کارەکتەرەکانی جان ئۆهارا. نیوەی کاتەکەی لە لاس و گاس یان لە فلۆریدا بۆ گۆڵف بەسەردەبرد. جۆرێک کاریکاتۆری ئەمریکایی دەوڵەمەند، هەموو کات جگەرەیەکی بەرگ لەسەر لێوی بوو. جلی زۆر گاڵتەجاڕانەی دەکردە بەر. پانتۆڵی چوارگۆشی گەورە و شتی لەم جۆرە. پیاوێکی زۆر ئازیز بوو. هەڵبەت ناسینی ئەو بوو بەهۆی ئەوەی دەربارەی بریکارەکان بکەومە هەڵەوە و بە شێوەیەکی هەڵە دەربارەیان بیر بکەمەوە. کە ئەوم ناسی سی ساڵم تەمەن بوو- هەرچەند ئەو لای وابوو بیست و چەند ساڵێکم تەمەنە- ئەو شەست و چەند ساڵی تەمەن بوو. پەیوەندییەکی باوک و کچی لەگەڵم هەبوو، زۆر دلۆڤان بوو. ئەوەی کە کارەکانی منی زۆر پێخۆش بوو و زۆری بەدڵ بوو جێگای سەرسووڕمان بوو و پێم سەیربوو. کەس لای وا نەبوو نووسراوەکانم- بەتایبەت کورتەچیرۆکەکانم- بەدڵی کەسێکی وەک

ئەو بێت، بەڵام بەدڵی بوو. پیاوێکی سەیربوو. زۆر باش دەیتوانی لێم تێبگات. تازە لە مێردەکەم جیاببوومەوە و منداڵێکی بچووکم هەبوو، هەژدە مانگی تەمەن بوو، پارەشم نەبوو. بەڕاستی لەبەر من شەڕی زۆری کرد. بەگشتی نەناسراو بووم و ئەگەر کەسێك شتێك لە نووسینەکانی منی دەکڕی، ئەو بەردەوام دەیگوت کارێکی چاکی کردووە لەبەر ئەوەی ئەم نووسەرە لایەنگری زۆرە. هەر بەم کارانە پارەیەکم بەدەست دەگەیشت و دەمتوانی بژیم. ئەو کاتەی بڵاوکەرەوەی سیمۆن ڤۆشۆستێر یەکەم چیرۆکەکانی منیان کڕی، پرسی رۆمانیش دەنووسم یان نا. لە راستییدا خەریکی نووسینی رۆمان بووم و ئەو پیاوە ناچاری کردن بڕێك پارەی پێشم پێ بدەن. ئەو پارەیە بە ئەندازەی پاداشی نووسینی یەك رستەی ئێستا بوو، ئەوکات بڵاوکەرەوەکان زۆر دەست و دڵ ئاوەڵا نەبوون، نووسەرەکانیش زۆریان نەدەویست. بەڵام ئەوەندەیان پارە پێدام کە توانیم بژیم و ئەو کاتەی سەرقاڵی نووسین بووم و لە پرۆسەی بەرەوپێشچوونی نووسیندا، ئۆستێر ستاین پێی وتن "دەبێت هەمدیسان پارەی پێبدەن، پارەی نییە". دواتر ئەوان جارێکی تر پارەی پێشیان پێدام، هەموو بەهۆی هەوڵی ئەوەوە بوو. کە دەهاتم بۆ ئێرە، تا زیندوو بوو دووجار هاتم، لە یانەی "21" میوانداری دەکردم و بە کاڤیار و سترۆژێن و... پێشوازی لێدەکردم. دڵێکی گەورەی هەبوو.

بەداخەوە لەکاتێکدا خەریکبوو دەیناسم و کەوتبوومە سەر هێڵی سەرکەوتن، بەهۆی جەڵدەی دڵەوە ماڵئاوایی لە ژیان کرد. زۆر بەداخەوە، زۆر حەیف بوو، ئەگەر دەیزانی کەوتوومەتە سەر هێڵی سەرکەوتن، زۆری



پێخۆش دەبوو. لانیکەم ئەگەر ئەو پێشوازییەی کە لە رۆمانی یەکەمم کرا، دەبینی، زۆر خۆشحاڵ دەبوو، ئەو وەها کەسێك بوو. هەرچەند پڕفرۆش نەبوو– کتێبەکانم هیچکات پڕفرۆش نەبوون– لە باری رەخنە و لێکدانەوەوە لە ئەمریکا سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆم... نووسەرێکی تەواو نەناسراو کەوتە لاپەڕەی یەکەمی لێکدانەوەی کتێبی نیویۆرك تایمزەوە.

**لات وایە سیاسەت و ئەو جەنگە بەردەوامانەی کە لە ئەفریقا روویان دا، کاریگەری هەبوو لەسەر تۆ وەك نووسەر؟**

بەڵێ، وادیارە کاریگەری هەبووە. بەهەرحاڵ دەبووم بە نووسەر. بەرلەوەی سیاسەت کاریگەری لەسەر نەستم دابنێت، خەریکی نووسین بووم. لە نووسینەکانمدا، سیاسەت هێدی هێدی وەك پەروەردە هاتە ناو کارەکانمەوە– بۆ وێنە ئەو گفتوگۆ و مشتومڕانەی لە کتێبی "کچی بێرگێر"و بەشێکی تر لە کتێبەکانمدا دەیبینی–ئەمانە دەور و نەخشێکی بچووکیان هەیە. بە هۆکاری جیاواز، لەبەر خودی چیرۆکەکان ئەو بەشانە دەبا لەوێ هاتبان، بەڵام کاریگەری راستەقینەی سیاسەت لەسەر نووسینەکانم هەمان کاریگەری سیاسەتە لەسەر خەڵك. ژیانیان و بە بڕوای من جۆری کەسایەتیشیان بەهۆی دۆخی توندڕەوانەی سیاسی لە ئەفریقا گۆڕا. من لەگەڵ خەڵك لە هاتوچۆ و گفتوگۆکردندام و پەیوەندیم لەگەڵ ئەوان هەیە، لێرە کەسانێك هەن کە سیاسەت تووشی گۆڕانی کردوون،

ئەوانی گۆڕیوە. هەربۆیە ئەو بابەتەی وەك ناوەرۆكی چیرۆك و ڕۆمانەكانم هەڵیدەبژێرم، كاریگەری قووڵی سیاسەتی لەسەرە.

**لات وایە بۆ نووسەرێك ئەمە شتێكی پۆزەتیڤ و خاڵێكی پۆزەتیڤە؟**

نا زۆر. ژیان خۆی لە خۆیدا نەزمێكی نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەی گرێت دایەوە بە ئێرەو ئەوێوە... ماگزیم گۆتەت لەبیرە؟: "دەستەكانت ببە قووڵایی ژیانەوە، ئەوەی هێناتە دەرەوە خودی تۆی، دەستكەوت و سەرمایەی تۆیە". لام وایە نووسەرەكان هەر ئەم كارە دەكەن.

**ئەگەر لە وڵاتێك گەورە بایت كە سەركوتی سیاسی تێدا نەبێت، ئەگەری ئەوە هەبوو ببیت بە نووسەرێكی ئابستراكت؟**

ڕەنگە، بۆ وێنە نووسەرێكی گەورەی كورتەچیرۆكی ئەمریكایی كە زۆر كارەكانیم بەدڵە و هەموو كات باسی لێدەكەم، ئێدۆرا وێلتی[61] بێنە بەرچاوی خۆت. با وا دابنێین ئەگەر ئەو لە وڵاتی من ژیابا، ڕەنگە توانا سەیرەكانی زیاتر دەركەوتبان– ڕەنگە زۆرتری نووسیبا– ڕەنگە بابەتی زیاتری هەڵبژاردبا بۆ كاركردن و بابەتی زیاتر بە دەستییەوە هەبا بۆ نووسین. من تۆزێك بە بەپارێزەوە ئەم شتە دەڵێم، لەبەر ئەوەی سەرجەم نووسینەكانی، زۆر باشن، بەڵام مەبەستم ئەوەیە زۆری نەنووسیوە، لام وا

61– Eudora Alice Welty (1909–2001) **چیرۆكنووسی ئەمریكایی. ساڵی 1937 بە نووسینی ڕۆمانی** *<u>The Optimist's Daughter</u>* ***بوو بە براوی خەڵاتی ئەدەبی پۆلیتزەر. (و– كوردی)***



نییە هیچكات تواناكانی وەك ڕۆماننووس بە تەواوی پەروەردەكردبێت. دۆخەكەی ناچاری نەكردبوو لەگەڵ شتەجیاوازەكان ڕووبەڕوو بێتەوە. من لام وایە ئەمە تەنها گرێ نەدراوەتەوە بە توانا و حەزەكانی نووسەرەوە. لەبەر ئەوەی یەكەم نووسینەكانی من بەهەمان شێوە بوو. من لە وشەی "پڕهەست" دەربارەی ڕۆمانەكانم بێزارم. بەردەوام لەگەڵ كاترین مانسفیلد[62] بەراوردم دەكەن. من خۆم لە خۆمدا كەسێكی سیاسی نیم، تەنانەت ئێستەش، زۆر شت لە سیاسەت و كەسانی سیاسیدا هەیە كە پێم خۆش نییە، هەرچەند ئەو كەسانەی لە سیاسەتدا چالاكن، بەلامەوە جێگای ڕێزن و بەردەوام ڕێزیان لێدەگرم– سیاسەت درۆكردن لەگەڵ خود، خۆفریودانی زۆر هەیە و دەبێت ببێت– تۆ تەنها كاتێك دەتوانیت ببیت بە خەباتكارێكی سیاسی كە وا بنوێنیت هیچ كەموكووڕییەك بوونی نییە.

**ئەو گلەیی و ڕەخنەیەی كە لە ئێدۆرا وێلتیت هەیە، لە ڤێرجینیا وۆلفیشت هەیە؟**

نا، لەبەر ئەوەی ڤێرجینیا وۆلف لە ئاراستەیەكی تردا پەرەی بەكارەكانی خۆیدا و بەردەوام نووسی. مەبەستم ئەوەیە لە ڕاستییدا ئەو بەردەوام جەختی دەكردەوە لەسەر ئەو ساكارییە ئاڵۆزەی كە خۆی پێی

62– **Katherine Mansfield Beauchamp Marry** (14 October 1888 – 9 January 1923) – **چیركنووسی دیار و مۆدێرننووس كە خەڵكی نیوزیلەند بوو. ئەم خانمە نووسەرە بەیەكێك لە پێشەنگەكانی چیرۆكنووسی مۆدێرن دەزانرێت لە نیوزیلەند. (و– كوردی)**

گەیشتبوو. دوو ڕێگا هەیە بۆ چنینی ئەزموونەکانت، نووسینیش لەم بارەوەیە. نووسین مانابەخشینی بە ژیان. تۆ بەدرێژایی تەمەنت کار دەکەیت و ڕەنگە تەنها لە ناوچەیەکی بچووك بناسرێیت و کارەکانت وەربگیردرێت و لە ناوچەیەکی بچووك مانای هەبێت. ئاڵۆزی پەیوەندییە مرۆییەکان، شێوەیەك کە بە کەمترین نووسین بتوانیت ئەو کەسانە بە وێنا بکێشیت (کە شێوازی ڤێرجینیا وۆلفە) جێگای ستایشە، بەڵام ناکرێت بە هەستیاری ڤێرجینیا وۆڵفەوە ڕۆمانێکی وەك کچی بێرگەر بنووسیت. دەبێت ڕێگایەکی تر بدۆزیتەوە. مرۆڤ هەموو دەم بیر لە دۆزینەوەی ڕێگای تر دەکاتەوە. من هەردوو شێوە نووسینم بەدڵە. من بە ئەوپەڕی حەزەوە بەو سادەییە ئاڵۆزەی بوونمەوە دەستم کرد بە نووسین.

**کە دەستت دایە نووسین کاریگەری ڤێرجینیا وۆڵفت لەسەر بوو؟**

تا نیوەی ڕێ. لام وایە تا پێنج ساڵ. شتێکی دوور لە چاوەڕوانی نییە وۆڵف کاریگەری مەترسیدار لەسەر نووسەرانی گەنج دانێت، زۆر ئاسان دەکەونە داوی هەڵچوون و داچوونەوە، بەڵام لە نیویۆرکدا هیچ نابینیت. هەر ئەم شتە دەکرێت کوتومت بۆ نووسەرانێکی زۆر جیاوازی وەك دۆس پاسۆس[63] و هێمێنگوای بڵێین. دەبێ زۆر وریا بیت، یان ئەگەر کەوتیتە

**63– جۆن دۆس پاسۆس (John Dos Passos) ڕۆماننووسی ڕادیکاڵی ئەمریکایی لە دایکبووی 14 جێنیوەری 1896– 28 سێپتەمبەری 1970) لە شیکاگۆ لەدایك بوو. خوێندنی لە زانکۆی هارڤارد تەواو کرد، سەفەری ئەورووپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کرد. زۆر شت دەربارەی ئەدەب، هونەر و**



ئەو داوەوە، نووسەرێکی وەك من بیت کە بە هەستیارییەکی زۆر و تواناییەکی حیکایەت بێژی لاوازەوە دەست پێبکەیت. توانای حیکایەت بێژیم لە یەکەم چیرۆکمدا لاواز بوو، چیرۆکەکان بەرەو ئەوە دەڕۆشتن کە هەندێ کۆپلەی جوان وەسف بکەن. لە کتێبی "کۆچکردوو دونیای بۆرژواز"(1966)دا بوو کە تواناکانی حیکایەتبێژی لە مندا بەهێز بوو. لەوکاتە بە دواوە بەردەوام هەوڵم ئەوە بوو ئەو هەستیارییە زۆرە لەدەست نەدەم– مەبەست هەستیاربوونە لە ڕاوکردنی جیاوازییە وردەکان لە هەڵسوکەوتدایە (نەك وەسفکردن لەبەر ئەوەی هەرچەند ئەزموونت زیاتر دەبێت وەسف لە شوێن خۆیدا دەمێنێتەوە، لەگەڵ توانای چیرۆکنووسیدا یەك دەگرن). لەبەر ئەوەی ئەو (تێم)انەی لە دەورووبەرمدایە، ئەو شتانەی کە وام لێدەکەن بێمە قسەکردن، دەمورووژێنن، پێویستی بە توانای حیکایەتبێژی و گێڕانەوە هەیە.

**لات وایە گەورەترین هاندەرت بۆ نووسین– دۆخی سیاسیتان– دۆی ئەفریقای باشوور–ە؟**

نا، بۆ وێنە لە ڕۆمانی کچی بێرگێردا، بەڕواڵەت وا دەردەکەوێت کە کتێبەکە دەربارەی کۆمۆنیستێکی سپی پێستە لە ئەفریقای باشوور، بەڵام بەلای منەوە شتێکی ترە. ئەم کتێبە دەربارەی بەپرسبوون و هەست بە

**بیناسازی فێربوو لەو سەفەرانەیدا، لە سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانیدا بە شێوەی خۆویستانە بەشداری کرد و وەك بەشێك لە سوپای ئەمریکا لە فەرەنسا و ئیتاڵیا مایەوە. (و– کوردی)**

بەرپرسایەتیکردنە. بەرپرسایەتی و بەرپرسبوون ئەوە نییە هەموو دەم شتێکی سیاسی بێت. بەرپرسبوون بەشێکە لە کۆی پرسی ئۆنتۆلۆژی ژیان. بەشێکە لە هەستی من بەوەی ئەوەی نووسەر دەیکات، هەوڵدانە بۆ مانابەخشین بە ژیان. من لام وایە ئەمەیە نووسەربوون. ئەمە شێوەکارییە. پرسی سەرەکی پەیجۆر بوونی نەزم و لۆژیکی بێ نەزمییە و تایبەتمەندی بەفیڕۆدان و زێدەڕۆییکردنە لە ژیاندا. ئەوەی هونەرمەندان دەیکەن مانابەخشینە بە ژیان. کە وایە دەبینی من ئەگەر نووسەرێکی ئەمریکایی یان بەریتانیایی بام، ئەوکاتیش (تێم)م پەیدا دەکرد بۆ نووسینەکانم. ئەگەر کەسێك بزانێت بۆ کوێ دەڕوانێت، تێمەکان لەوێن... دەبێت لە ناوەوە پاڵی پێوەنێن.

**رات چییە دەربارەی چیرۆکنووسین لەو وڵاتانەی داگیرکەر نین، لەو وڵاتانەی کە دۆخی سیاسی پێویستی بە ئاستێك لە تێگەیشتنی سیاسییەوە هەیە؟**

پرسی سەرەکی بەلای منەوە پرسی چۆنییەتی نووسینە. لام وایە ئەمە هەموو شتە و بابەتی سەرەکی ئەمەیە. من دەتوانم دەقێکی زۆر ئاوانگارد و سیاسیم پێ خۆش بێت و وەسفی بکەم. ئەگەر کەسێك نووسەر بێت دەتوانێت وەسفی مەرگی کەنارییەك بکات بە رەمز و نیشاندەری هەموو نهێنییەکانی مەرگ... پرسی سەرەکی لێرەدایە، بەڵام ئەگەر تێم و ناوەرۆکێکی زۆر باشت هەبێت، لە یەك رووەوە بەخت لەگەڵتە. دەکرێت دەربارەی نووسەرانی سەدەی 19ی رووسیا قسە بکەین. ئەگەر ئەو



کێشانەی ئەو سەردەمی کۆمەڵگای رووسیا نەبا، ئەوان دەبوون بە نووسەرانێکی ئەوەندە دیار و گەورە؟ ئەو نووسەرانە چاودێری و سانسۆری وەك ئێستای ئەفریقای باشووریان لەسەر بووە کە نووسەر بێزار دەکەن. بەمەشەوە من لام وایە کاریگەری زۆر باشی لەسەر ئەوان هەبوو. دواتر لام وایە لە نووسەرێکەوە بۆ نووسەرێکی تر جیاواز بێت. رەنگە کاریگەری خراپیشی هەبێت. لە ئەفریقای باشووردا نووسەرە رەشپێستەکان– هەڵبەت سەختە بۆیان دانی پێدا بنێن، خۆ دەزانیت، دەبێت ملکەچی هەموو ئەو شتانە بن کە لە خودوشیاری رەشپێستەکاندا ناسراوە. شیعر یان چیرۆك یان رۆمان دەبێت بە هێڵێکی تایبەتدا بڕوات، جۆرێك هێڵی حیزبی، تەنانەت ئەگەر ئەو بابەتەی کە دەربارەی دەنووسن سیاسی نەبێت، بەڵام بەمەشەوە بەڕاستی هێشتا هەر هێڵێکی حیزبییە و حیزب چوارچێوەی نووسین و هێڵە سوورەکان دیاری دەکات. بۆ وێنە دەبێت رەسەنییەتی کەسایەتی رەشپێستەکان بخاتە روو. ئەگەر کارەکتەرێکی سپیپێست لەناو رۆمانەکانی ئەودا بە شێوەیەکی ئینسانانە هەڵسوکەوت بکات، لە لایەن هێڵی حیزبەوە ئەو نووسەرە وەك نووسەرێکی خراپ چاوی لێدەکەن. ئەم بابەتە و گرینگ بوونی وەك فۆرم و تەکنیك بە مەبەستی وروژاندنی وشیاری رەشپێستەکان زۆر ئاسان دەرکی پێدەکرا، وای دەکرد رەشپێستە گەنجەکان زۆر باش شوناسی خۆیان بناسنەوە و هەست بە شوناسی خۆیان بکەن، کۆمەڵێك شیعر لە بەر بخوێننەوە کە وا بکات ئاستی تێگەیشتنی رەشپێستەکان بباتە سەرەوە و زۆر جاریش بە کۆمەڵێك وێنای ساویلکانە و وشەی ناجوان دەیانەوێت پێگەی رەشەکان ببەنە

سەرەوە. لە پلەی یەکەمدا ئەم نووسینانە وەك چەکی ریکلامی بۆ خەبات زۆر باشن، واتە هەر بۆ ئەم شتەیە، بەڵام نووسینی راستەقینە دەبێت بە قوربانی، لەبەر ئەوەی ئەگەر هات و یەك دوو هێڵ لە بابەتی دیاریکراو و پەسەندکراو لای دا پێی دەڵێن...

**خۆفرۆش. نووسینەکانی رەشپێستەکان لە ئەفریقای باشووردا چاپ دەبێت؟**

زۆر. پەیوەندییەکی واقیعبینانەش لەنێوان نووسەرانی رەشپێست و سپیپێستدا هەیە. ئەدەبیات یەکێکە لەو چەند بوارە کەمەی کە ماوەتەوە و رەشپێستەکان و سپیپێستەکان هەست دەکەن هەندێ لە ئامانجەکانیان وەك یەکە، ئێمەش دژ بە سانسۆر دەجەنگین و ژمارەیەکی زۆر لە نووسەرە سپیپێستەکان بەرامبەر بە بردنە سەرەوەی ئاستی وشیاری کۆمەڵگای رەشپێستەکان و پلە و پێگەیان، بەرگری و یارمەتیدان بە نووسەرانی رەشپێست بەتەواوی هەست بە بەرپرسایەتی دەکەن.

**کچی بێرگێر سێ حەفتە دوای بڵاوبوونەوەی راگیرا، وایە؟**

بەڵێ، تا چەند مانگ ئیزنی بڵاوبوونەوەی نەبوو. دواتر ئیزنی بڵاوبوونەوەیان پێدا. ناتوانیت بیر لەوە بکەیتەوە چەند خۆشحاڵ بووم. تەنها لەبەر خۆم نا، بەڵکو پێشینەیەك بۆ نووسەرەکانی تر دروست بوو. لەبەر ئەوەی لەو کتێبەدا لادانی بەرچاو لە ژمارەیەك لە یاسا تایبەتەکان دەبیندرا. من لەو کتێبەدا کۆمەڵێك بەڵگەم خستبووە روو کە راستەقینەن و



بوونیان هەیە. خوێندکارەکان لە نائارامییەکانی سووتوو لە ساڵی 1976 راگەیاندنێکیان بڵاو کردبۆوە و دەوڵەت بەری بە بڵاوبوونەوەی گرتبوو. ئەم راگەیاندنە بە هەموو هەڵە تایپی و گرامەرییەکانییەوە لە کتێبەکەدا وەك خۆی هاتووە، کە لە راستییدا گرنگییەکەی هەر لێرەدایە. لەبەر ئەوەی وەك چۆن رۆزا دەڵێت، ئەم منداڵانە لەبەر ئەوەی لایان وابوو خوێندنی باڵایان نییە، دەستیان دایە شۆڕش و کە دەقی ئەو راگەیاندنە دڵتەزێنە دەخوێنیتەوە، دەزانی ئەو گەنجە رەشپێستانە چ مەبەستێکیان هەبووە، لەبەر ئەوەی لە تەمەنی شانزە حەڤدە ساڵیدا، ئەو کاتەی دەبا بۆ چوونە زانکۆ ئامادەبان، ئەوەی دەیانتوانی بینووسن وەك دەقی ئەو راگەیاندنە بوو. ئەمە نموونەیەك بوو کە من بە ئاشکرا لە هێڵی سووری نائاسایی لامدابوو. دەی خۆ ئێستا ئیزنی بڵاوبوونەوەی هەیە، لێرەبەدواوە دەستبەسەرداگرتنی کتێبەکانی تر، بە پشتبەستن بە لادانی لەو شێوەیە بۆ لێژنەی سانسۆر دژوار دەبێت.

**چۆن بوو ئیزنی بڵابوونەوەی پێدرا؟**

ئەگەر من نووسەرێك نەبام کە لە دەرەوەی وڵات زۆر ناسراوبام و ئەگەر ئەو کتێبە لە دەرەوەی ئەفریقا زۆر پێشوازی لێ نەدەکرا– ئەو هۆکارانەی کە بوو بەهۆی ئەوەی دایرەی سانسۆر هەست بە گەمژەبوون بکات– ئەم کتێبە ئیزنی بڵاوبوونەوی پێ نەدەدرا.

**ئیزندان بە بڵاوبوونەوەیەکی ئاسایی؟**

نەک بەم خێراییە. دوو کتێبەکەی پێشترم بەم ڕێگایەدا نەچوون. دونیای نەناسراوەکان دوانزە ساڵ قەدەغە بووەم و کۆچکردوو دونیای بۆرژوا دە ساڵ قەدەغە بوو، دوای ماوەیەک لە راستییدا کتێبەکان دەمرن.

**کتێبەکان چۆن قەدەغە دەکرێن و بەر بە بڵاوبوونەوەیان دەگیردرێت؟**

بەر لە هەر شتێک، ئەگەر کتێبێک بێت هاوردەکرابێت، بەرپرسەکان مۆری قەدەغەبوونی بازرگانیپێکردنی لێدەدەن. بە دەربڕینێکی تر، وەک هەر بارێکی تر لەگەڵ کتێب هەڵسوکەوت دەکرێت لە بەندەرەکان لە لایەن بەرپرسەکانەوە. کتێبەکە لە گومرۆک رادەگیردرێت و ئەفسەری ئەوێ کتێبەکە دەنێرێت بۆ لێژنەی سانسۆر، کتێب دەکەوێتە لیستی گومانلێکراوەکانەوە. بۆ وێنە نووسەرێکی ئەفریقای باشووری وەک من لەو لیستەدایە، لەبەر ئەوەی دەزانن ئەو نووسەرانەی لەو لیستەدا چ بابەتێک هەڵدەبژێرن و جگەلەمەش من پێشتر سێ کتێبم قەدەغە کراوە. ڕێگایەکی تر هەیە بۆ سانسۆرکردن. دوای ئەوەی بڵاوبۆوە، کەسێک وەک دایکێکی وردبین، ئەو کتێبەی کە چۆتە ناو رەفەی کتێبفرۆشییەکانەوە، دەخوێنێتەوە. هەڵوێست دەگرێت بەرامبەری و سکاڵاکەی بۆ لێژنەی سانسۆر دەنێرێت. لەسەر پێشنیاری تەنها یەک کەس، کۆمیتەی سانسۆر کتێبەکە دەخوێنیتەوە بۆ ئەوەی بزانێت کێشەی هەیە یان نا، بەڵام لەو ماوەیەدا کە خەریکی خوێندنەوەن، کتێبەکە راگیراوە. بەو مانایەی چەند کۆپییەکی لە کتێبفرۆشییەکاندا هەیە، بەڵام ئیزنی فرۆشیان نییە، دەبێت کۆبکرێنەوە. هەندێ جار ئیزن بە بڵاوبوونەوەیان دەدرێت و ئەو حەسارەیان لەسەر نامێنێت وەک "میوانی فەخری" و "کۆنسێرڤات". کۆمیتەی سانسۆر دە حەفتە کتێبەکەی راگرت کە زۆر زاڵمانەیە، لەبەر



ئەوەی دە حەفتەی یەکەم زۆر گرنگە لەباری فرۆشەوە. دواتر بەرپرسی لیژنەی سانسۆر ئیزنی بڵاوبوونەوەی بە کتێبەکە دا. کۆمیتەی سانسۆر ژمارەیەک ئەندامی هەیە. ئەم کۆمیتەیە بە زۆری سێ ئەندامی هەیە و هەرکامەیان بە جیا کتێبەکە دەخوێننەوە و بە شێوەی سەربەخۆ راپۆرتی خۆیان لەو بارەوە دەنووسن، ئەگەر هاودەنگ بوون، دەنگ دەدەن بەوەی کتێبەکە رابگیردرێت یان بڵاو بکرێتەوە. ئەگەر هاودەنگیش نەبوون کەسی چوارەم دێتە پێش، ئەگەر ئەم کەسە بڵێت کتێبەکەی بەدڵ نییە، کتێبەکە رادەگیردرێت. راپۆرتی خۆیان نادەنەوە بە نووسەر. بڕیاری کۆمیتەی سانسۆر لە بڵاوکراوەی فەرمی حەفتانەی دەوڵەتدا چاپ دەبێت. ئەمە چارەنووسی کتێبە.

**دواتر چی روو دەدات، وەک ئۆلیسی پێدێت، یان خەڵک شێتانە هەوڵ دەدەن بە هەر فێڵ و تەڵەیەک بووبێت کتێبەکە بەدەست بێنن و هەرکاتیش پۆلیس هات بیشارنەوە؟**

خەڵک هەر ئەم کارە دەکەن. بەڵێ، وا دەکەن. قەدەغەبوونی کتێب بۆ فرۆش و بڵاوکردنەوەیە، نەک بۆ خاوەندارێتی. ئەگەر کەسێک کتێبەکەی پێشتر کڕیبێت دەتوانێت لای خۆی رایبگرێت، بەڵام ناتوانیت بیدات بە من یان کسێکی تر لە دراوسێیەتیدا چ بە کڕین و چ بە ئەمانەت.

**ناتوانێت بە ئەمانەت بیدات بە کەسیش؟**

نا، بەڕاستی زۆر گەمژانەیە. هەموان بەردەوام کتێبە قەدەغەکان بە ئەمانەت دەدەن بەیەکتر، بەڵام خەڵک تووڕەن، بۆ وێنە دەربارەی کڕینی

کتێب لە دەرەوەی وڵات، یان ئەگەر کەسێك بۆیان بنێرێت. تا رادەیەك ترسنۆکن، نایانەوێت پێیان بڵێن قاچاخچی.

**کە وایە شتێك نییە ئەوەندەش قاچاخ و قەدەغە بێت؟**

هەندێ کەس بە قاچاخ دەیهێنن، هەندێ کەس وا ناکەن. بە گشتی بۆ هەندێکمان شانازییە.

**قاچاخ؟**

بەڵێ، وایە. لە روانگەی ناڕەزایەتی دەربڕینییەوە مەشرووع و رێگەپێدراوە، بەڵام بەداخەوە ئەو کاتەی کتێبێك رادەگیردرێت، ژمارەیەکی کەمیان دەگاتە دەستی خەڵك و دەست بەدەستی پێدەکرێت.

**بگەڕێینەوە سەر ئەو بابەتەی کە کۆمەڵگا سەرکوتکراوەکان نووسەری باشتر بەرهەم...**

چی بڵێم، نازانم. لام وایە دەربارەی وڵاتانی ئەمریکای لاتین، کە بۆماوەیەکی زۆر بە شێوەی جیاواز سەرکوت کراون، سەرکوت بووەتە شتێکی ئاسایی بۆیان، بەڵام تۆ بڕوانە هەموویان دەربارەی یەك بابەت و یەك جۆر بابەت دەنووسن... ناوەڕۆکی کتێبەکانیان وەك ناوەڕۆکی نووسراوەکانی نووسەرە ئەفریقاییەکان سەرنجڕاکێشن. ناوەڕۆکی نووسراوەی نووسەرە جیدییەکانی ئەمریکای لاتین دیکتاتۆری گەندەڵە. بەمەشەوە سەرەڕای ئەوەی ناوەڕۆکەکانیان لەیەك دەچێت، چیرۆکەکانیان بەلامەوە سەرنجڕاکێشترین چیرۆکەکانی ئەمرۆی دونیایە.



**کامە نووسەر لە نووسەرانی ئەمریکای لاتین؟**

بەدڵنیاییەوە گابریەل گارسیا مارکێز. بۆرخس پێویست ناکات ناوی ببەم. بۆرخس تەنها جێنشینی فرانتس کافکایە. ئێلخۆ کارپینتێر بەڕاستی زۆر جوان دەنووسێت. پاشایەتی زەوی رۆمانێکی بچووك و بێ وێنەیە. دواتر کارلۆس فۆئێنتس نووسەرێکی مەزنە. ماریۆ ڤارگاس یۆسا، مانۆئێل پووچ. ئێستا ئەم ناوانەم هاتە سەر زار، کەسانی تر هەن کە نووسراوەکانیان هەموو کات سەرنجڕاکێشە– دیکتاتۆری گەندەڵ. هەموویان لەم بارەیەوە دەنووسن. دیکتاتۆری گەندەڵ کەڵکەڵەی زەینیانە.

**لام وایە کلتووری سەرکوتکراوی وەك ئەفریقای باشوور، دەرفەتی دروستکردنی قارەمان دەخولقێنێت، هەربۆیە لە بەشێك لە رۆمانەکانی تۆدا وەك میوانی فەخری و کچی بێرگێردا قارەمانەکان وەك هێزی بزوێنەر بوونیان هەیە.**

نازانم چی بڵێم، زۆرم پێ سەیرە... من دێمە ئەمریکا، سەردانی بەریتانیا و فەڕەنسا و... دەکەم و کەس ناکەوێتە مەترسییەوە. لە شێرپەنجە دەترسن، لەوەی کە لە عەشقدا شکست بخۆن، لەدەستدانی کار، هەست بە ئەمنییەت نەکردن... ئەو شتانەی کە ناتوانن کۆنترۆڵی بکەن و توانای زاڵبوون بە سەریاندا نییە وەك مەرگ، بۆمبی ئەتۆمی. یان شتێك کە بەهەر شێوەیەك دەکرێت لەگەڵی رابێت و دونیا ئاخر نابێت،

کارێکی تر پەیدا دەبێت یان ئەوەیە رێگەچارەیەك دەدۆزینەوە. تەنها لە وڵاتی مندایە کەسانێك دەبینیت بە حەزی خۆیان لە ژیانی تایبەتی خۆیان، هەموو شت دەخەنە مەترسییەوە. مەبەستم ئەوەیە بۆ زۆربەمان خودی عاشقبوون شتێکە کە شەیدات دەکات، جگە لە شەیدابوون هیچ نییە. منیش وام پێهاتووە. پێش هاتووە ئەو کەسەی عاشقی بووم خستۆتە پێش کارەکانمەوە. ئیتر زۆر حەزم نەچۆتە سەر کارکردن. تەنانەت بۆشم گرنگ نەبووە چاپ بوونی کتێبەکانم نزیکە. لەبیرم دەچوو خەریکە چاپ دەبێت. لەبەر ئەوەی دڵم لای پیاوێك بوو. هەربەم شێویە کەسانێك دەناسم دەربەستن بە ئامانجی سیاسییەوە، ئەو ئیزنە بە خۆیان نادەن ئەم چەشنە ویستە تاکەکەسییانە ئەوان لە سیاسەت دوور بخاتەوە.

**تۆ لات وایە عەشقی رۆمانتیك لە بنەماڵەیەکی وەك بنەماڵەی رۆزادا کە کەسەکان حەز و ویستی سیاسییان هەیە، چۆن خۆی دەردەخات؟**

زۆر حەزم لەم بابەتەیە، تا رادەیەك هەوڵم دا لە پەیوەندی نێوان ئەو کچە و بنەماڵەکەیدا کە زۆریان خۆشیان دەویست و نازدار باریان هێنابوو، بیدۆزمەوە و لە هەمانکاتدا هەست دەکرێت کە ئەوان بۆ یەکتر یان بەرامبەر بە یەکتر ئەم کارانە ناکەن، بەڵکو پێویستی خودی رۆمانەکەیە وا بێت.

**لەم کتێبەدا چاوێکی کورت دەخشێنین بەسەر عەشقی نێوان بێرگێر و ژنەکەی. لە راستییدا خوێنەر ناتوانێت وێنایەکی دەست بکەوێت لە پەیوەندییەکانیان، یان لە خودی دایکی رۆزا.**



ئەمە یەکێکە لەو خاڵانەی دەربارەی وەها کەسانێك سەرنجی راکێشام. رەنگە تۆ کەسێك زۆر باش بناسیت بەمەشەوە لە پەیوەندی نزیکی لەگەڵ کەسانی تر زۆر شتت پێ نەڵێت، یان شتێکی وا نەدرکێنێت. بەشێکە لەو پرەنسیپەی کە دەبێت بپارێزرێت. بەشێکی زۆر لەو شتانەی دەربارەی کەسانی وەك کەسایەتییەکانی ئەو رۆمانە دەیزانم، یان ئەو شتانەی کە بە چاوی خۆم بینیومە، دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی زۆر زۆر نزیکی هاوڕێیانەم لەگەڵ خانمێك– رەنگە پێویست بێت ئەوە بڵێم هیچ کارەکتەرێك لەو کتێبەدا لە رووی ئەوەوە کوتومت وەرنەگیراوە–. ئەو ساڵانێکی زۆرە یەکێکە لە نزیکترین هاوڕێکانم، ئێستا لە مەنفایە. بە درێژایی رۆژان و شەوان لەگەڵ یەکتر قسەدەکەین. لام وایە یەکێك لەو دەگمەن کەسانە بێت کە بۆ ئەو و بە مەبەستی ئامانجێکی تایبەت، خۆم دەخەمە مەترسییەوە. زۆر شت هەیە کەسانی وەك ئێمە کە ئەوەندە لە یەکتر نزیکن لەنێوان خۆیاندا باسی لێوەدەکەن، بەڵام ئێمە باسی ناکەین، هەر لەبەر ئەو دەربەستبوونە سیاسییەی ئەو، من ناتوانم لەو بپرسم و ئەویش ناتوانێت شتێکی وام پێ بڵێت. لام وایە دەکرێت ئەم شتە لە پەیوەندی خێزانیشدا ببینین. بەشێکە لە پرەنسیپێك، تا زیاتر بزانیت، بۆ دەوروبەرەکەت مەترسیت زۆرترە. ئەگەر من و تۆ پێکەوە لە بزووتنەوەیەکی نهێنیدا کار بکەین، هەرچی کەمتر دەربارەی تۆ بزانم باشترە.

**دەربارەی نووسەرانی ئەمریکای باشوور کە کارەکانیان شایستەن بەلای تۆوە قسەمان کرد، رات چییە دەربارەی نووسەرانی تر؟**

ژمارەیەکی زۆر لە رۆماننووسەکان دەڵێن بەرهەمی رۆماننووسەکانی تر– هاوچەرخەکان– ناخوێننەوە. ئەگەر قسەکەیان راست بێت، بەداخەوەم بۆیان. بیرلەوە بکەوە ئەگەر کەسێك لە سەدەی 19 ژیابێت و بەرهەمی نووسەرانی ئەو سەردەمە کە ئێستا ئێمە هەموو رۆژێك عاشقانە دیانخوێنینەوە، نەخوێندبێتەوە، یان تەنانەت لە سەدەی بیستەمدا بەرهەمەکانی لارنس و هێمینگوای نەخوێندبێتەوە، چی روویدەدا؟ لە سەردەمە جیاوازەکانی تەمەنمدا نووسەرانێك هەبوون کە من– خەریکم بە شوێن وشەدا دەگەڕێم، خۆشویستن وشەیەکی شیاو نییە– من لە باری دەروونییەوە گرێدراوم پێیانەوە. کاریگەری هەندێکیان لە ژیانمدا ماوەتەوە، هەندێکیان کاریگەرییان نەماوەتەوە و لام وایە ژمارەیەکیانم فەرامۆش کردووە و من بە کەمتەرخەم بوون بەرامبەریان، جۆرێك نادادەوەرانە لەگەڵیان هەڵسوکەوتم کردووە. ئێدۆرا وێلتی کاریگەری زۆر لە سەرم دانا. چەند ساڵ دواتر کە بینیم– بۆ بینینی رۆشتمە جەکسۆن– تەنانەت ئەو کاتەش چەند خاڵێکی هاوتەریبی سەیر لەنێوان شێوەی ژیانی ئەو و ژیانی مندا هەبوو. پیاوێکی رەشپێست چیمەنەکەی لێدەدا! تێگەیشتنێکی وەك یەك. هەڵبەت ئەمە پەیوەندی بە چیرۆکنووسینی ئەوەوە نییە کە چیرۆکنووسێکی بەتوانایە. کاترین ئانێ پۆرتەر[64]

[64] – کاترین ئانێ پۆرتەر(Katherine Anne Porter) نووسەر و چیرۆکنووس و چالاکی سیاسی، خەڵکی ئەمریکا کە 15 مای 1890 لەدایکبوو و 18ی سێپتەمبەری 1980 ماڵئاوایی لە ژیان کرد. ساڵی 1930 بە چاپی یەکەم کتێبی بە ناوی *(Flowering Judas)خۆی وەك*



کاریگەری زۆری لەسەرم هەبوو، فاکنەریش هەروەها، بەڵام خۆت دەزانیت مرۆڤەکان درۆ دەکەن. لەبەر ئەوەی دڵنیام ئەو کەسەی لە کۆتاییەکانی دەیەی 1940، ئەو کاتەی کە من دەمنووسی، بە هەموو توانایەوە خەریکی خۆ پەروەردەکردن بوو بەوەی ببێت بە چیرۆکنووس و پرۆڤەی چیرۆکنووسینی دەکرد، دەبێت کەوتبێتە ژێرکاریگەری هێمێنگواییەوە. پرۆست کاریگەری بووە لەسەر هەموو ژیانم. ئەوەندە قووڵ کە دەمترسێنێت... نەك تەنها لەسەر نووسینەکانم، بەڵکو کاریگەری هەبووە لەسەر چۆنییەتی روانینم بۆ جیهان، دواتر سەرەی کامۆ هات، کە کاریگەری زۆری دانا، هەروەها تۆماس مان کە کاریگەری زۆری لەسەر دانام. ئەو کاتەی کچێکی گەنجی بیست و چەند ساڵە بووم ئەی. ئێم فۆرستەر[65] بەلامەوە زۆر گرنگ بوو. ئێستاش لام وایە سەفەرێك بۆ هیندستان (A Passage to India) یەکێکە لەو بەرهەمانەی کە زۆرم بەدڵە و ئەوەی کە لە زانکۆکان دەوترێتەوە ئەو بەرهەمە دەکوژێت.

***نووسەرێکی خاوەن ستایلی تایبەتی خۆی ناساند. ساڵی 1966 لەبەر کۆمەڵە چیرۆکێکی بوو بە براوەی خەڵاتی پۆلیتزەر. رۆمانی کەشتی گەمژەکان کە تەنها رۆمانی ئەوە ساڵی 1962 بوو بە پرفرۆشترین رۆمانی ئەمریکا.*** **(و– کوردی)**

[65] – ئەی. ئێم. فۆرستەر(Edward Morgan Forster ) رۆماننووسی بەریتانیایی، لەدایکبووی 1ی جێنیوەری 1879 کە 7ی جولای 1970 ماڵئاوایی لە ژیان کرد. ئەو بە یەکێك لە رۆماننووسە ناودارەکانی بەریتانیا دەزانرێت. یەکەم رۆمانی خۆی ساڵی 1905 بە ناوی ( Where Angels Fear to Tread) نووسی. (و– کوردی)

**هێمینگوای چۆن کاریگەری لەسەر دانایت؟**

لە ڕێگای کورتە چیرۆکەکانییەوە. خۆدەزانێت سادەنووسین، هەروەها کەڵکوەرگرتن لە دیالۆگ تا چەندە لە بەرهەمەکانی ئەودا بەجوانی هاتووە. ئێستا بیر لەوە دەکەمەوە گەورەترین شکست کەسەکان لە چیرۆکنووسی بە شێوەی هێمینگوای ئەوەیە کە هێمینگوای لە هەموو شوێن ئامادەیە و لە هەموو شوێن دەنگی دەبیسترێت. مرۆڤەکان لە لایەن خۆیانەوە و بە ستایلی خۆیان قسە ناکەن، وەك هێمینگوای قسە دەکەن. ئەو "ژنە وتی"، "پیاوەکە وتی"، هێمینگوای. من زۆر زوو ئەم شتانەم لە ڕۆمانەکانم هێنایە دەرەوە. هەندێ کەس گلەیی دەکەن کە بەم کارە خوێندنەوەی ڕۆمانەکانم دژوارە، بەڵام بەلامەوە گرنگ نییە. تەنها ئەوە هەیە ئیتر ناتوانم "ژنە وتی"، "پیاوە وتی" بەکار ببەم و تاقەتی ئەوانم نەماوە. ئەگەر نەتوانم لە تۆنی دەنگ و لە ڕێگای ڕستەکانەوە خوێنەر ناچار بکەم بەوەی بزانێت کێ قسە دەکات، کەوایە ئیتر سەرکەوتوو نەبووم و هیچ کارێکی پێ ناکرێت.

**بەدڵنیاییەوە خوێندنەوەی ڕۆمانەکانت مرۆڤ ناچار دەکات تێفکرێت و بە وردبینی زیاترەوە بیانخوێنێتەوە.**

بەڵێ وایە.

**لەم چڵەوە بۆ ئەو چڵ ڕۆیشتن لە دەقدا کاریگەری زۆری هەیە؟**



زۆر کۆنەز بە تریسترام شەندی[66] "ستێرن"[67] دەستی پێکرد.

**ئەو تەکنیکەی بەکاری دەبەیت هەر ئەو تەکنیکەیە؟**

جۆرێك مۆنۆلۆگی دەروونی کە ڕوانگەیەکەوە باز دەدات بۆ ڕوانگەیەکی جیاوازتر (چڵاوچڵ دەکات). لە ڕۆمانی کۆنسێرڤاتدا هەندێجار (مرینگ) لەبەر خۆیەوە قسەدەکات و تەماشا دەکات، هەندێجار لە تێڕوانینی دەرەکی و تەواوی بێلایەنانەوە.

**تەکنیکی حیکایەتبێژییەکەی زۆر زیاتر لە کچی بێرگێر تەکنیکێکی ستانداردە.**

نا وا نییە. لە کۆنسێرڤاتدا مۆنۆلۆگی دەروونیت هەیە و حیکایەتبێژییەکی ڕاستەقینە. هەمووکات "مرینگ" قسە ناکات، بەڵام هێڵی

---

66– **ژیان و بیرکردنەوەکانی ئاغای تریسترام شەندی (** The Life and Opinions of Tristram Shandy, Gentleman**) کە بە کورتی پێی دەوترێت "تریسترام شەندی" ڕۆمانێکە لە نووسینی لارنس ستێرن کە 9 بەرگە و دوو بەرگی یەکەمی ساڵی 1759چاپ و بڵاو کرایەوە و 7 بەرگی دواتری لە ماوەی 7 ساڵدا چاپ بوو. ئەم ڕۆمانە باسکردنە لە ژیان و بیرکردنەوەکانی ئەریستۆکراتێك بەناو تریسترام شەندی. (و– کوردی)**

67– **لۆرانس ستێرن (**Laurence Sterne**) لەدایکبووی 1713– کە ساڵی 1768 ماڵئاوایی لە ژیان کرد. ڕۆماننووس و قەشەیەکی بەریتانیایی–ئایرلەندی. کە بە ڕۆمانی ژیان و بیرکردنەوەکانی ئاغای تریسترام شەندی ناسرا و ڕۆمانێکی تری هەیە بە ناوی سەفەرێکی هەستیارانە لە فەڕەنساوە بۆ ئیتاڵیا(و– کوردی)**

نێوان ئەو کاتەی ئەو قسە دەکات و ئەوکاتەی قسە ناکات زۆر ئاڵۆزە. تیۆرییەکەی من ئەوەیە کەسایەتی سەرەکی لەوێدایە، چ لە دەرەوە ببینرێت یان چ لە ناوەوە، وەك یەك وایە و نەگۆڕاوە.

**تۆ ئاماژەت بەوە دا ئەو بونیادی چیرۆکییەی کە بۆ "کچی بێرگێر" دۆزیوتەتەوە، ئەو ستایلەی کە رۆژا هەموو دەم خەریکە لەگەڵ کەسێك قسە دەکات، تایبەتە بەو کەسەی دەنووسێت و هەموو دەم لە زەینیدا بیسەرێك هەیە.**

نا، وەها نییە، کاتی نووسین نا، لە ژیانیدا. من لام وایە لە ژیانی مرۆڤدا ئەو کاتەی تەنها بیردەکاتەوە، هەموو دەم خەریکە بۆ کەسێك وتار دەدات.

**تۆ دەنووسیت و ئەم کارە ناکەیت؟**

نا، لەبەر ئەوەی کاتی نووسین مرۆڤ خۆی نییە، خەریکە خۆی دەخاتە جەستەی کەسێکی ترەوە، بەڵام بە بۆچوونی من، هەندێجار لە ئیدارەکردنی ژیاندا، مرۆڤ هەست دەکات کەسانێك هەن چاودێری هەڵسوکەوتمان دەکات. هەندێجار مرۆڤ لە کەسانی تر هەڵدێت.

**فاکنەر تا چەند لەسەر تۆ کاریگەری هەبوو، ئاخۆ وێکچوونێك هەیە لە نێوان بونیادی گێڕانەوەی کچی بێرگێر و بۆ وێنە گۆڕبەگۆڕدا؟**

نا، بەهیچ شێوەیەك، لام وا نییە لە کتێبەکەی مندا کاریگەری فاکنەر ببینی. لام وایە ئەو کاتەی زۆر گەنجی و تازە دەستت کردووە بە نووسین، کاریگەری نووسەرانی ترت دەکەوێتە سەر، دواتر لە دەستی ئەو شتانەی



پێویستت پێیان نییە، رزگارت دەبێت و بە شێوەیەکی تراژیك ستایل و فۆڕمی خۆت چەکوشکاری دەکەیت.

**وێکچوون هەیە لەنێوان شێوەی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی تۆ لە کچی بێرگێر و ژمارەیەك لە کتێبەکانی فاکنەر کە باس لە چییەتی رێژەییبوونی"حەقیقەت" دەکەن.**

بەڵێ، ئەمە شێوەیەکە کە باس لە رێژەییبوونی حەقیقەت دەکات. ئەو شتەی دەمەوێت باسی بکەم پەیوەندی بە ستایل و فۆڕمەوە هەیە، بە مانایەکی گشتی، فۆڕم روانگەیە یان روانگە ستایل و فۆڕمە.

**وایە، هۆکاری بونیادی حیکایەتبێژی تۆ ئەمەیە.**

دواتر ئەوە پرۆست بوو وتی ستایل، چرکەساتی ناسینی نووسەر و دۆخە. دۆخی ئایدیال ئەو دۆخەیە کەسێك ئەو دەرفەتە بخولقێنێت کە ستایل بەسەر نووسراوەدا دەسەپێنێت.

**کە وایە تۆ بەو فۆڕمەی هەڵتبژاردووە، روانگەی خۆت دەربارەی شێوەی ژیان لە ئەفریقای باشوور خستۆتە روو؟**

بەڵێ، من خەریکم روانگە و تێڕوانینی خۆم دەربارەی ژیانی کەسێکی تایبەت و دەوروبەرەکەی (دەربارەی کچی بێرگێر) دەردەبڕم و ئەگەر بە شێوەیەکی بەربڵاوتر لێی بڕوانین، جۆرێك وەرگیراوە لە خودی ژیانی ئەفریقای باشوورەوە.

**کانر کرۆزۆ ئۆبراین، لە لێکدانەوەی کتێبی کچی بێرگێردا کە لە لێکدانەوەی کتێبی نیویۆرکدا چاپ بوو، دەڵێت ڕۆمانەکەی تۆ بە "هونەری فریودەری تەواو" دروستکراوە. ئەو دەڵێت چۆن بونیادی چیرۆك کارێك دەکات وەك ئەوەی لە کتێبەکەدا هیچ ڕوونادات، بەڵام لە ڕاستییدا کارەساتێك ڕوو دەدات. دەمەویست بزانم وەڵامت چییە بۆی؟**

جارێکی تر دەیڵێمەوە بەڕای من بونیاد زۆر کەم بە شێوەی ئۆبژەکتیڤ بە زەیندا دێت. کردەیەکی زاتی و غەریزی و ناوشیارانە. نازانم چۆن پێت بڵێم کە چۆن دەستم پێی گەیشت. وەك ئەوەی دەبێت کاتێکی زۆر بۆ هەرکتێبێك تەرخان بکەم بەوەی بزانم دەمەوێت چی بکەم، کەوایە تەرخانی دەکەم، سەرم لێدەشێوێت و بێزار دەبم، لەبەر ئەوەی تا دەستم پێ نەکردووە نازانم چۆن دەتوانم بنووسم، هەمووکات دەترسم بەوەی نەوەك نەتوانم بنووسم. با بزانیت لە میوانی فەخریدا من کتێبێکی سیاسیم نووسی، کتێبێك کە بوونی بێلایەنانەی هەبێت لە پەیوەند لەگەڵ ژیانی کارەکتەرەکانی. کتێبەکەم وەك چیرۆکێکی باو نووسی، بە شێوەیەك کە لە کاتی کۆنگرەی گەورەی حیزبیدا، کێشەیەکم نەبوو وەك شانۆنامە پێشکەشی بکەم. دواتر ڕۆمانی "کۆنسێرڤات"م نووسی. لەم کتێبەدا بڕیارم دا بە هەموو شێوەیەك بیر لەوە نەکەمەوە کە ناچار بم ڕووداوەکان شی بکەمەوە و وەسف بکەم. لەبەر خۆمەوە بیرم لەوە کردەوە نەوەك خوێنەر لە زەینیدا نەچێت بەلای ئەو شوێنانەی کە گرنگە، نەوەك توانجەکان سەری لێ شێوێنێت، ئەگەر وابێت زۆر ناخۆشە، بەڵام چیرۆکبێژی دەبا بچوایەتە پێش بە شێوەیەك کە دیاری بکات لە زەین و



جەستەی کارەکتەرەکاندا چی ڕوودەدات. شێوازێك کە خوێنەر باوەڕ دەکات کە هەموو شت بەڕاستی بەهەمان شێوە ڕوویداوە. خوێنەر یان ئەوەیە دەچێت بەلای ئەو شتانەدا و دەیبینێتەوە، یان ئەوەیە نایبینێتەوە، یان ڕەنگە هەندێجار سەری لێ بشێوێت– زۆر خراپە. بە دەربڕینێکی تر ڕۆمان پڕە لە گەڕانەوەی تایبەت بۆ پەیوەندی نێوان کارەکتەرەکان. ئەم شێوە گێڕانەوەیە شێوەیەکی مەترسیدارە، ریسك دەکەیت، کە سەرکەوتیت زۆر باش دەبێت. هەڵبەت کاتێك سەرناکەوێت خوێنەر تووشی سەرلێشێواوی دەکەیت. خۆم وەك خوێنەر گرنگی نادەم بەوەی تووشی سەرلێشێواوی ببم. ڕەنگە نووسەر ئەنجامی کتێبەکەی نەزانێت، لەبەر ئەوەی شیکردنەوەکان بە دڵی خۆی هەڵدەبژێرێت، من وەك خوێنەرێك ئەمەم پێخۆشە. بەلای منەوە سەرنجڕاکێشترین بەشی خوێندنەوەی کتێبێك ئەوەیە کە تووشی ورووژانت بکات و زەینت داگیر بکات. کەوایە وەك نووسەرێك ئەو مافە بەخۆم دەدەم ئەم کارە بکەم.

**بەر لە نووسینی ڕۆمان، بەشێوەیەکی وشیارانە بونیادەکەی دەدۆزیتەوە؟**

نا، دەربارەی کچی بێرگێر وا بزانم چوار پێنج لاپەڕەیەکی پرش و بڵاوم نووسیبوو، بەڵام ئەو ڕستە ناتەواوانە یان ئەو کۆپلە بچووکانەی گفتوگۆ بەلای خۆمەوە زۆر گرنگن، جەوهەرەی شتێکن. تەنها کاتێك دەچم بەلایانەوە بۆ ئەوەی بزانم دیمەنی دواترم لە کتێبەکەدا کامەیە.

**هەر بەم شێوەیە ڕۆمانەکانت دەنووسیت؟**

بەڵێ، کە دەست دەکەم بە نووسین ڕەوتێکی سروشتی و ئاساییە بەلامەوە، ڕەوتێکی زاتی.

**چەند دەبات تا دەست پێدەکەیت؟**

وتنی دژوارە، کە ئاوڕ لە دواوە دەدەم و چاو لە ڕۆمانی کچی بێرگێر دەکەم، دەبینم چەندین ساڵ بەشێوەیەك شەیدای کەسایەتییەکی وەك ڕۆزا بووم. چما نهێنی ژیان لای ئەو بێت، دواتر دەسووڕێمەوە و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لێی نزیك دەبمەوە. ڕەنگە تێمی تریش هەبن کە دەرکەون، بەڵام لەبری ئەوەی سەرنجم بۆلای خۆ ڕاکێشن، خۆیان نامێنن و جۆرێك دەتوێنەوە، لام وایە مرۆڤ لە سەردەمە جیاوازەکانی ژیاندا ئامادەی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ شتی جیاوازدا هەیە. هەروەها لە وڵاتێکدا کە هەردەم لە گۆڕانە، ئاستی ژیانی خەڵك بەردەوام لە گۆڕانە. بە شێوەیەك کە ئێستا ئەو چیرۆکانەی دە ساڵ لەوەوپێش بەلامەوە سەرنجڕاکێش بوون، ئێستا سەرنجڕاکێش نین بۆ نووسین.

**کەوایە هەست دەکەیت شێوەی نووسینی کتێبەکانت زیاتر دیاردەیەکە خۆی بەسەرتدا دادەسەپێنێت نەك ئەوەی خۆت هەڵی بژێریت.**

لام وانییە هیچ نووسەرێك بتوانێت بڵێت کە بۆچی ئەم تێم یان ئەو تێمەی هەڵبژاردووە، یان ئەوەی چۆن تێمێك دێتە ناو نووسینەکانییەوە. ڕەنگە ئەو تێم و بابەتە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە چواردەوریدا بێت و



دواتر قۆناغێك لە ژیان دێتە پێشەوە کە خەیاڵ و فەنتازیای تاك ئامادە دەبێت و دەتوانێت بیهێنێتە نووسین.

**دەمویست دەربارەی ڕۆمانی کۆنسێرڤات پرسیارت لێ بکەم. دەربارەی پرسی مەرگ کە لە کتێبەکەدا ڕەنگیداوەتەوە. بەشێکی تایبەت لە کتێبەکەدا هەیە کە بەردەوام بە شێوەیەکی تەشریفانی دەردەکەوێت: لە سەرجەم کتێبەکەدا لە زەینی کەسە جیاوازەکاندا پیاو لە قەبرەکەی دێتە دەرەوە، ڕێوڕەسمی "بزن کێشان" بە مەبەستی گەڕانەوە بۆ بڕینی سولەیمان...**

کۆنسێرڤات هەڵگری ناوەڕۆکی هەستانەوەیە، کە ناوەڕۆکێکی سیاسیشی هەیە. لە کۆتایی کتێبەکەدا پەیامێك بە جلی گۆڕاوەوە دەگاتە دەستمان. دروشمی گەورەترین بزووتنەوەی ئازادی کە ئێستا نائاساییە، جۆرێك هاواری خەبات کە بەشێوەی بەربڵاو هەڵیبژاردووە، بە زمانی ئەفریکانس دەبێت بە "مایی بایی" واتە ئەفریقا بگەڕێوە. سەرجەم ئایدیاکانی هەستانەوە لەوێدا دەبینی. ئەگەر سەیری کۆتاییەکانی کتێبی کۆنسێرڤات بکەیت، دەبینیت ئەم ئایدیایە بە شێوەیەکی تر دەردەکەوێتەوە، بەڵام لە ڕاستییدا ئەو شتەی کە لەکاتی کفنکردنی دووبارەی پیاوە نەناسراوەکەدا دەیڵێن: هەرچەند کە ئەو بێناو و بێ کوڕە، سەرجەم منداڵەکانی کەسانی تر و دەوروبەری منداڵی ئەون. بە دەربڕینێکی تر، داهاتوو. بەڵام ئەو لەبەر ئەوان هەستابۆوە. ئێستا ئەو لە

رێورەسمێکی شایستەدا لە خاکدا ئارامی گرتووە. بووە بە خاوەنی ئەو خاکە. پێشنیار دەکرێت شتێك بچێنن، شتێك کە گەشە بکات.

**ئەم ناوەڕۆکە لە یەکێك لە کورتەچیرۆکەکانتدا دووبارە بۆتەوە، مەترێك لە وڵات.**

بەڵێ دووبارەکردنەوەیەك بە شێوەی پێچەوانە. مەترێکم چەند ساڵ پێش کۆنسێرڤات نووسی، سەیر ئەوەیە ئەو کورتەچیرۆکە بە پێی رووداوێکی حەقیقی نووسراوە.

**مەرگ بەدوای خۆیدا رات دەکێشێت و شەیدای خۆیت دەکات؟**

بەشێوەیەکی وشیارانە نا، بەڵام مرۆڤێك کە بیر دەکاتەوە چۆن دەکرێت شەیدا نەبێت؟ لە راستییدا مەرگ نهێنی ژیانە، وانییە؟ ئەگەر بپرسیت کە دەمرین چی رووددەدات؟ بۆچی دەمرین؟ لە راستییدا پرسیار دەکەیت کە بۆچی دەژین؟ مەگەر ئەوەی کەسێك باوەڕی ئایینی هەبێت... بێ هیچ شیکردنەوەیەکی ئایینی، تەنها هەر ئەو باسەی لوتکەی ئەوێرێستە: من بۆ لوتکەکە سەردەکەوم، لەبەر ئەوەی لەوێیە[68]. من دەژیم لەبەر ئەوەی ژیان وەك پێشکەشییەك، پێشکەش کراوە پێم. لە راستییدا ئەمە وەڵام نییە، خۆ دزینەوەیە لە وەڵام. من لام وایە بەگشتی مەبەست لە بوونی من

---

**68– رستەیەکی ناسراوی جۆرج مێلۆری کە هیچکات لە ئەوێرێست نەگەڕایەوە. و– کوردی**



لەسەر زەوی ئەوەیە، کە ژیان باشتر بکەم. پێشکەوتن واتە ئەمنترکردن و ئاسوودەبەخشترکردنی ژیان... کاملترکردن، بە گشتی دەڵێم، بەڵام ئەمجۆرە پاساوهێنانەوەیە ناهێڵێت لە چەمکی مەرگ نزیکتر بینەوە، وانییە؟ تەنها بنەمای سەرتر لە ئەزموونی مرۆڤایەتی ئەوەیە کە بە شوێن باشترکردنەوەی چارەنووسی مرۆڤایەتییەوەیە بۆ بەرەکانی داهاتوو، بەڵام هێشتا ناتوانین پرسی سەرە لەبەرچاو نەگرین، ئێستا سەرەی تۆیە، دواتر سەرەی من، کەسێکی تر دێتە ژیان. مرۆڤ هیچکات لەگەڵ ئەم شتە رانایەت. لە ژیانی خۆمدا، جۆری روانینی خۆم و کەسانی تر بۆ مەرگ تووشی سەرسووڕمان و نیگەرانیم دەکات. شتێکی زۆر ناخۆشە کەسێك جوانە مەرگ بێت، کارەساتە، هەمووان لایان وایە ئەو گەنجە ناکام بووە، مرۆڤ بیر لە سەرجەم ئەو بەڵێنیانە دەکاتەوە، بەتایبەت– ئەمە قسەیەکی ناشیرینە– بەڵام بەتایبەت دەربارەی کەسە ریزپەڕ و جیاوازەکان، مرۆڤ دەبینێت، زەینیان لەناو دەچێت، لەت لەت دەبن، حەز دەکەن بمرن، کەسانی تریش حەز دەکەن بمرن کە لە هەردوو حاڵدا ترسناکە. ئاخۆ ئەمە واقیعی مەرگە کە ناتوانین وەریبگرین؟ دەڵێین ترسناك و کارەساتە لەبەر ئەوەی کەسێك جوانەمەرگ بووە و دەڵێن ترسناکە لەبەر ئەوەی کەسانی تر زۆر دەژین.

**تۆ ئایینیت یان عارف؟**

من بێ خودام. تەنانەت بە خۆشم ناڵێم لائیك. بێ خودام، بەڵام لام وایە وەك سروشت ئایینیدارم، رەنگە زۆریش ئایینیدار بم. ئەوکاتەی سیودوو و

سیوسیێ ساڵە بووم، زۆرم حەز لە کتێبەکانی سیمۆن ویل بوو کە وای لێکردم ژیانم بچێتە قۆناغێکی ترەوە و ژیانی گۆڕیم. سەرەنجام فەلسەفە ئاینییەکەی لە هەر ئەو شوێنەی کە بووم رەهای کردم، بەڵام هەست دەکەم لە نووسینەکانیدا شتێك هەیە کە وەڵام بە پێویستییەکانی من "پێویستییە بنەڕەتییەکانم" دەداتەوە. سیمۆن ویل زۆر سەیر نووسیویەتی. نەمتوانی بەو رێگایەی ئەودا بڕۆم.

**رات چییە دەربارەی کانێر کرۆز ئۆبراین، کە دەڵێت لە کچی بێرگێردا سیبەی مەسیحییەت دەبیندرێت؟**

بیری لێدەکەمەوە. لام وایە ژمارەیەکی زۆر لە هاوڕێکانم، ئەوانەی باش دەمناسن بەم قسەیە پێدەکەنن و پێکەنیون لەبەر ئەوەی دەزانن من باوەڕم بە خودا نییە، بەڵام ئۆبراین داویە لە خاڵێك کە لە مندا هەیە، تەنها حەزێکی تایبەتی قەشەیەك– لەوە زیاتر نییە–. رەنگە ئەگەر لە شوێنیکی تر، بە شێوەیەکی تر گەورە بام، کەسێکی ئاینی و باوەڕدار دەبووم.

**لە کۆنسێرڤاتدا هەستانەوەی ئەو پیاوە رەشپێستە بوونی هەیە، دەربارەی ئەوە چی دەڵێیت؟**

هەڵبەت تیۆری هەستانەوە تیۆری یۆنانییەکان و میسرییەکانە. مرۆڤ دەکرێت بێباوەڕی ئاینی باوەڕی بە نەستی (ناوشیاری) گشتی بێت.



**من بەوەم زانیوە هۆکارە هەستەکییەکان لە نووسینەکانی تۆدا جێگەی تایبەتیان هەیە: بۆن، ریشاڵە دەمارییەکانن، حەزە سێکسییەکان، کارکردنی جەستە. تۆ دەربارەی ئەو کەسانەی کە پێگەیەکی تایبەتی کۆمەڵایەتییان هەیە، نانانووسیت، دەربارەی چینی خۆش بژێوی ئەفریقای باشوور و ئەو شوێنە جوانەی کە لێی دەژین نانووسیت. لە راستییدا ئەوە دەبینم زۆربەی زۆری ئەو ژنە سپیپێستانەی لە کتێبەکانی تۆدا هاتوون لە باری جەستەیی و زەینییەوە شتێکی وایان نییە و لە چینی مامناوەندن. ئاخۆ ئەم کەسانە هێمان بۆ کۆلۆنیالیستە سپیپێستەکانی وڵاتەکەت؟**

من بەم شێویە دەربارەی کەسەکان دادوەری ناکەم. بەدەر لەمانەش، خۆم ژنێکی سپیپێست و داگیرکار و کۆلۆنیالیستم، واتە باوباپیرانم کۆلۆنیالیست بوون. رەنگە لە رێگای خۆمەوە زۆر زیاتر لەوەی کە پێویستە، خۆمان دەناسم. ئەگەر کەسێك تا رادەیەك بێ عەقڵ، یان رووکەش بێت، هەندێ سات تووشی دەمارگرژی و بێڕەحمی یان باوەڕ بەخۆ نەبوون دەبن. من لەمجۆرە شتانە نانووسم لەبەر ئەوەی لام وایە هەموو مرۆڤەکان خاڵی لاوازیان هەیە. کارەکتەرە رەشپێستەکانیشم فریشتە نین. هەموو ئەو دەورانەی لە کۆمەڵگایەك وەك کۆمەڵگای ئێمە دەگێڕدرێت، لە زۆربەی کۆمەڵگاکانی تر هەمان رۆڵ دەگێڕدرێت، بەڵام لە کۆمەڵگای ئێمە بەرچاوترە. هەندێ جار لەمجۆرە رۆڵانە بەسەر کەسەکاندا دادەسەپێندرێت. مرۆڤ تووش دەبێت. جۆرێك دەنگەدەنگی ئاساییە و مرۆڤ دەی بینێت و کارەکتەرەکانی منیش دەیبینن، کە خەریکن رۆڵی لە پێشدا بیرلێوەکراو، رۆڵێکی لەپێشدا ئامادەکراو دەگێڕن، بەڵام هەڵبەت

ژمارەیەکی زۆر لە ژنان، بەتایبەت ژنانی کۆمەڵگای خۆم، بەهۆی ئەو رابردووەوە کە هەیانبووە و وایلێکردوون دواکەوتوو بمێنەوە، باشترین شت دەربارەیان ئەوەیە کە بوترێت لێیان ببوورین، ئەو جۆرە ژنانە لە ئەمریکاش هەن. برۆنە مۆڵێکی ئێرە، لەو ژنانە دەبینیت کە جلی زۆر رازاوەشیان لەبەرە، بەزۆری وا دەردەکەوێت نیگەرانن، تەمەن مامناوەندن دەوڵەمەند، دادەنیشن دە دوانزە جووت پێڵاو تاقی دەکەنەوە، دەبینی بەرەبەیانێك تا نیوەڕۆ لەوێ دەمێننەوە، بڕیارێکی دژوار و قورسە، ئاخر باشتر وایە پاژنەکەی تۆزێك بەرزتر بێت یان رەنگە... دەبێ دوو جووت بکڕم؟ چەند شەقام ئەولاتر هەر لەم شارەدا، لە نیویۆرك کەسانێك هەن کە لەوپەڕی هەژاریدا دەژین. ئەی بۆچی کەس رەخنە لە ژنانی ئەمریکا ناگرێت بەو شێوەیەی رەخنە لە ژنانی ئەفریقای باشوور دەگرن؟ من لام وایە ئەمریکاییە دەوڵەمەندەکان نوێنەری جیاوازی چینایەتی و ناعەدالەتین، لە حاڵێکدا لە ئەفریقای باشوور وا دادەنرێت کە هاوچینن و هەستی رەگەزییان هەیە.

## "مرۆڤە باشەکانی" ئەفریقای باشوور کێن و چین؟

لە کتێبی کۆنترمدا "دونیای بێگانەکان" ئەم کەسانە بە ئاشکرا رۆڵی سەرەکی دەگێڕن و لەو کتێبە بەدواوە تا کارەکتەری "مرینگ" لە رۆمانی "کۆنسێرڤات" زۆر کەم دەبیندرێن. لە ئەفریقای باشوور ئەم کەسانە زۆر جێگای سەرنج نین و کەسانی زۆر باش نین، هەرچەند رەنگە خۆیان بە شێوەیەکی تر بیر بکەنەوە.



**بەئەنقەست ئەوەندە ورد ناپەرژێتە سەر وردەکارییەکانی جەستەیی کارەکتەرەکانت؟ مرۆڤ هەست بە هێزی زەینی کارەکتەرە سەرەکییەکانت دەکات و ئەو هەستە دەستی پێدەدات، بەڵام بەزۆری لە باری رواڵەتەوە زۆر باسیان لێ ناکرێت و شتێکی وایان دەربارە ناوترێت.**

من لام وایە نووسەر دەبێت زۆر کەم وەسفی فیزیکی و جەستەیی کەسەکان بکات. ریزپەڕ و جیاوازیش هەیە، ئیساك باشێویس سینگێر[69] بێنە بەرچاوی خۆت. بەزۆری چیرۆکەکان بە وەسفی فیزیکی تەواو دەست پێدەکات و ئەگەر لە نزیکەوە چاو لەو وەسفانە بکەین دەبینین زۆر وەسفی جوانن. ئەو بە لووتی لارەوە یان ریشی سووری لوول، ناو لە کارەکتەرەکان دەنێت. من پێم باشترە وەسفی فیزیکی، هەرکات دەیەوێت بەشەکانی تر لە دەقدا رابکێشێت، لەت لەت دەردەکەوێت. بۆوێنە رەنگە چاوی کارەکتەرێك کاتێك وەسف بکەن کە کارەکتەرێکی تر راستەوخۆ چاو دەبڕێتە ناوچاوی. ئەو وەسفە سروشتی دەردەکەوێت... تایبەتمەندی ئەو ساتە تایبەتەی گێڕانەوەیە. دواتر رەنگە دیمەنێکی تر ببێت کە

---

[69]– **ئیساك باشێویس سینگێر** (Isaac Bashevis Singer) – **رۆماننووسی بەڕەسەن جوولەکە و پۆڵەندایی نیشتەجێی ئەمریکا کە ساڵی** 1902 **لە گوندێك نزیك وەرشۆ لەدایك بوو. ساڵی** 1935 **لەگەڵ بنەماڵەکەی روویانکردە ئەمریکا و بوو بە سەرنووسەری رۆژنامەی "فۆروارد"لە نیویۆرك. ساڵی** 1978 **بوو بە براوەی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیات. ساڵی** 1991 **بەهۆی نەخۆشییەوە ماڵئاوایی لە ژیان کرد. (و– کوردی)**

کارەکتەرێك کە چاوی وەسف دەکەیت، گوشاری دەروونی لەسەربێت و بە پێ کوتانە سەر زەوی یان خواردنی نینۆکی ئەو گوشارە بخەیتە روو، جا ئێستا ئەگەر شتێکی تایبەت بە دەستییەوە بێت، کاتی ئەوەیە دەربارەی قسە بکەیت. ئەم قسانەم دەربارەی ئەو شتانەیە کە پلانتان بۆ داناوە، بەڵام بە زۆری پلان دانانێك لەئارادا نییە. وەسف خۆی لە کاتی گونجاودا دەردەکەوێت.

**لە پێشەکی چیرۆکە هەڵبژێردراوەکاندا دەڵێیت: "ژنانە بوونم هیچکات نەبووە بە هۆی ئەوەی بە شێوەیەك پەراوێزکەوم. لە راستییدا تەنها پەیوەندی راستگۆیانەم لەگەڵ ژیانی کۆمەڵایەتی (ئەوکاتەی گەورە دەبووم) لە رێگای ژنانەبوونمەوە بوو. لە تازەلاویدا هەستم دەکرد لانیکەم وەك کەسانی تر سەرنجڕاکێشم، دەتوانم هاتوچۆی ئەملاوئەولا بکەم و پەیوەندیم لەگەڵ خەڵکانی تر هەبێت. قژەکانی "راپۆنزل" خوازەیەکی گونجاوە بۆ ئەم ژنانەبوونە: :لەو رێگایەوە توانم (لە دەروونی خۆم) بێمە دەرەوە و بە جەستە لەگەڵ ئەوانی تر و بە زەین لە تەنیاییدا بژیم". دواتر هەروەها دەڵێیت: "گومان بکەن لە گۆشە نشینی تایبەتی ژنێکی بیرمەند، ئەگەر ئەو ژنە نووسەر بێت، لەبەر ئەوەی ئەو کاتەی بابەتێك تایبەتە بە توانای زەینی نووسەرەکانەوە، سەرجەم نووسەرەکان کەسانێکی دوو رەگەزین". رەوتی نووین چییە، بوونەوەری دوو رەگەزی چییە، ژنان خەبات ناکەن؟**



خۆم دەپارێزم لەوەی ئەزموونەکانی خۆم بگشتێنم. ئەزموونەکانم خۆم بکەم بە راستییەك بۆ سەرجەم ژنان بەلای منەوە خۆبەزلزانینە. من هیچکات وەك ژنێك کێشەی گەورەم بۆ نەهاتۆتە پێش و ئازارم نەچێشتووە. ناتوانم بیر لەوە بکەمەوە لە هەموو تەمەنمدا پیاوێکم خۆش بوێت کە بە چاوی سووك لە ژن دەڕوانێت. هیچکات شتێکی وام بۆ نەهاتۆتە پێشەوە. لە وەها دۆخێکدا جەنگ روو نادات. زۆرباش دەزانم چیم دەوێت لە پەیوەندیم. ئەو پیاوانەی لە ژیانمدا بوون بەچاوی رێز و یەکسانییەوە سەیریان کردووم. هیچکات گومانم لەوەدا نەبووە و پێویست نەبووە بۆی بجەنگم. من کەسێکم کە ژیانێکی ژنانەی هەبووە. بە دەربڕینێکی تر، دووجار چوومەتە ژیانی هاوسەرییەوە، منداڵم گەورە کردووە و سەرجەم ئەوکارانەی ژنان دەیکەن منیش کردوومە. هیچکات خۆم لەو کارانە نەدزیوەتەوە کە وا دەزانن زۆرم حەز لەوکارانەیە، نا، وا نەبووە و واش نابێت، بەڵام کە دەڵێم نایگشتێنم بەسەر هەموو ژناندا لەبەر ئەوەیە کە ژنانێکی وریا و زیرەك لە دەروبەرومدا هەن کە دەبێت خەبات بکەن و لە راستییدا ئەم ژنانە وام لێدەکەن زوو هەڵچم. کە منداڵەکانم بچووك بوون لام وایە تا رادەیەك بە شێوەیەکی بێڕەحمان رەفتارم دەکرد. لام وایە نووسەر و هونەرمەندەکان زۆر بێڕەحمن و دەبێت واش بن. بۆ کەسانی تر ناخۆشە، بەڵام نازانم چۆن و لە چ رێگایەکی ترەوە دەتوانین کارەکان ببەینە پێشەوە. لەبەر ئەوەی خودی دونیا شوێنك بۆ مرۆڤ نادۆزێتەوە. کە منداڵەکانم بچووك بوون دەیانزانی لە سەعاتی کاریمدا دەبێت تەنهابم، ئەگەر لە قوتابخانە دەگەڕانەوە، دەیانبینی دەرگاکەم

داخراوە، دەرۆیشتن و دەنگی رادیۆیان بەرز نەدەکردەوە. کەسانی تر رەخنەیان لێدەگرتم، بەڵام منداڵەکانم خۆیان شتێکی وایان نەدەگوت. من هێشتا کاتم هەبوو بەوەی لەگەڵ ئەوان بم و کاتم بۆ ئەوان هەبوو، ئەوەی من پێم بەخشین بەلای خۆمەوە لەخۆبردوویی نەبوو، بەڵکو ژیانی کۆمەڵایەتی بوو. لەگەڵ پیرتربوونم کەمتر حەزم لە هەڵسوکەوت و ژیانی کۆمەڵایەتییە. کە گەنج بووم، ساڵانێکی زۆر بوو کە چێژێکی زۆرم وەردەگرت لە چوونە میوانی و ئەملاوئەولا چوون و شەوانە لە دەرەوە بوون، بەڵام سەرەنجام رۆژی دواتر بەهۆی هیلاکی و ماندوویییەوە نەمدەتوانی کار بکەم و ئەم شتە وای دەکرد خۆشی شەوی پێشتری لێ تاڵ دەکردم. بەمشێوەیە لەگەڵ تێپەڕبوونی کات زیاتر لە هەمووان دوورکەوتمە. لەبەر ئەوەی نووسەرێك تەنها کاتەکانی بۆ نووسین نییە، بەڵکو کاتی دەوێت بۆ ئەوەی بیر بکاتەوە، بیرکردنەوەکانی رێك بخات و شتێکیان لێدەربێنێت. بۆ ئەم شتانە هیچ شتێك لە کۆمەڵگا خراپتر نییە و کۆمەڵگا خراپترین دوژمنی تەنهاییە. هیچ شتێك لە کاریگەری مرۆڤەکان خراپتر نییە، هەرچەند رەنگە چێژبەخش بێت.

**بۆ نووسین پێویستت بە چ هەلومەرج و بارودۆخێك هەیە؟**

ئەوی راستی بێت شوێنێکی زۆر تایبەت یان ژوورێکی وام ناوێت کە گەورە بێت و مێزێکی جوانی تێدابێت. لە ژیانمدا سەردەمانێك بووە، ئای خوایە، ژنێکی گەنج بووم کە لە مێردەکەم جیاببوومەوە بە منداڵێکی بچووکەوە، لە ئەپارتمانێکدا بە تەنکە دیوارەوە دەژیام و رادیۆکەی ئەوبەر



بەڕاستی شێتی کردبووم. ئێستاش ئەو دەنگانە زۆر ئەزیەتم دەدەن. دەنگی مرۆڤ ئەزیەتم نادات، بەڵام مۆسیقای لاوەکی و خشەخشی رادیۆ و تەلەفیزیۆنی دراوسێ... دەی ئەمانە، ئێستا لە خانوویەك دەژیم لە پەراوێزی شاردا و ژوورێکم هەیە. دەرگایەکی هەیە کە راستەوخۆ دەڕواتە سەر باخچە– بۆ من شوێنیکی زۆر خۆشە– دەتوانم بێ ئەوەی کەس بەرم پێ بگرێت بڕۆم و بێم و کەس ئاگای لە هاتوچۆم نەبێت. بەرلەوەی دەست بکەم بە نووسین تەلەفۆنەکە دەکێشمەوە و دواتر کە تەواو بوو، جارێکی تر لێدەدەمەوە. ئەگەر کەسێك بەڕاستی کاری پێم بێت جارێکی تر تەلەفۆن دەکاتەوە. هەر ئەمە.

**بە زۆری چەند کار دەکەیت؟،یان باشتر بڵێم هەموو رۆژێك کار دەکەیت؟**

ئەگەر خەریکی نووسینی کتێبێك بم هەموو رۆژ کار دەکەم. نزیك بە چوار کاتژمێر بەردەوام دەنووسم، دواتر ئەوەندە ماندوو دەبم مێشکم دەوەستێت و هیچم بۆ ناکرێت. هەڵدەستم و دەچم بەلای کاری ترەوە. من نازانم مەبەستی ئەو نووسەرانە چییە کە دەڵێن نووسەر نابێت کاری ئاسایی بکات و لێیان تێناگەم. لەبەر ئەوەی لام وایە پێویست مرۆڤ پەیوەندی لەگەڵ جیهانی دەوروبەری پەیوەندی هەبێت و شتەکان لە نزیکەوە هەست پێ بکات. گۆشەنشینی و خەڵوەگرتنی نووسەر مەترسییە بۆ سەر نووسینەکانی. هەندێ جار زۆر نزیك دەبێتەوە لە شێتێتی. کارە ئاساییەکان، جل بردنە جل شۆری، خاوێنکردنەوەی باخچە، کارە زۆر ئاساییەکان، زۆر بەکەڵکە بۆ نووسەر. دەکرێت بڵێین مرۆڤ دەگێڕنەوە بۆ ناو کۆمەڵگا. جیهان زیندوو دەکەنەوە. لە کاتی نووسینی ئەم دوو کتێبەی

دواییمدا یاسایەکم بۆ خۆم دانا، شەوانە بەر لە خەو، نیو سەعات پێش خەو، ئەوەی لە ڕۆژدا نووسیمە دەیخوێنمەوە، بەڵام دواتر مرۆڤ حەز دەکات پێیاندا بچێتەوە و دەستکارییان بکات، نیگەرانیان دەبێت، ئەویش لە شەودا، بەڵام بۆ من زۆر باشە. بەڵام ئەگەر لەگەڵ هاوڕێکانم بم یان بڕۆمە دەرەوە، نایخوێنمەوە. ڕاستی ئەوەیە ئەو کاتەی خەریکی نووسینم ژیانێکی تەریککەوتووم هەیە.

**چ سەعاتێك لە ڕۆژدا بەلاتەوە باشترین کاتە؟**

بەیانیان کار دەکەم. باشترین کاتە بەلامەوە.

**نووسینی کتێبەکانت چەند دەخایەنێت؟**

لە کتێبێکەوە بۆ کتێبێکی تر جیاوازە. کەمترینیان هەژدە مانگ بوو. کچی بێرگێر چوار ساڵی خایاند.

**چوار ساڵ کاری بەردەوام؟**

یەك دوو شتی تریشم نووسی، کورت بوون. هەندێجار کە دەنووسم، دەوەستم. وەستان دروست دەبێت لە کارەکانمدا. کارەکانم ناچێتە پێش. کەوایە دەینێم بەلاوە و کورتەچیرۆك دەنووسم، چەند بیرۆکە بۆ کورتەچیرۆك بە مێشکمدا دێت و بەخۆیەوە سەرقاڵم دەکات، بەڵام بەداخەوە تا پیرتر دەبم بیرۆکەم بۆ کورتەچیرۆك کەمتر دەبێت، سووژەی کەمتر دەبینمەوە بۆ کورتەچیرۆك. پێشتر پڕ بووم لەم سووژانە. ئێستا لەم ڕووەوە ناڕەحەتم، لەبەر ئەوەی کورتەچیرۆکم پێخۆشە.

**دەربارەی وەستان لە نووسیندا قسە بکە، کێشەیە بەلاتەوە؟**



نا، دەبینیت دەڵێم نا، بەڵام بە ترس و لەرز و دوودڵییەوە، لەبەر ئەوەی مرۆڤ هەموو دەم هەست دەکات ئەو شەیتانە لە پشتەوەی مێشکییەوە خۆی شاردۆتەوە.

**نووسینی کورتەچیرۆك وەك پرۆڤەکردن و خۆئامادەکردن وایە بۆت؟**

بەڵێ، هەندێ جار نووسینی کورتی تر دەنووسم کە چیرۆك نییە، بەزۆری هەندێ شت دەربارەی سەفەر، بەلامەوە جۆرێك پشوودانە. ئەوکاتەی کچی بێرگێرم دەنووسی دوو دانە لەم نووسینانم نووسی کە چیرۆك و گێڕانەوەیی نین.

**تەنانەت حەسانەوەی بچووکی مێشکیشت نییە، وەك خواردنەوەی بەردەوامی چای و شتی لەمجۆرە؟**

نا، بەهیچ شێوەیەك. نەك ئەوەی بڵێم وەستان بەڵکو... کێشەی ڕۆشتنم هەیە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر، بەتایبەت کاتێك بەشێکم زۆر بەدڵ بێت. بۆ وێنە کاتێك بەشی "بریێندت و ڤۆرمیۆلن"م تەواو کرد، دەزانی خۆ هەمان نەتەوەخوازی کچی بێرگێر کە زۆر باش تەواو بووە، زۆر زوو نووسیم و هەموو شت زۆر زوو تەواو بوو. لەم بەشە دەترسام، دەترسام نەوەك تۆنی دەنگەکان و شتەکانی تر بە باشی دەرنەچێت. دواتر هەرچەند دەمزانی لەوە بەدوا ئەو بەشانەی دەینووسم چین، بەمەشەوە بەلامەوە دژوار بوو لەو فەزا و ئەتمۆسفێرە بێمە دەرەوە و هەستم دەکرد ناتوانم ئەم کارە بکەم، دوای ئەوە چەند ڕۆژێکی زۆر ناخۆشم هەبوو، لەبەر ئەوەی کە

شتێکی وا دێتە پێشەوە، واز لە کارەکەم ناهێنم و ناچم بەلای کاری ترەوە. هەر ئەو ماوەیەی کە خەریکی نووسینم لاپەڕەیەکی سپیم لەبەردەستدایە و دادەنیشم، دواتر ئەو لەمپەرە تێدەپەڕێنم.

**ڕەوتێکی ئاسایی تۆ لە ژووری خەو یان ژووری دانیشتنەوە ناکێشێت بۆ ژووری کارەکەت بۆ ئەوەی پردێك دروست بکەیت لەسەر ئەو شەقڵە ترسناکەی نێوان نووسین و نەنووسیندا؟**

نا، ئەوە زۆر باشە و خاڵی زۆر باشی هەیە کە مرۆڤ ئازادبێت کاتی نووسینی خۆی دیاری بکات. باشترین کات بۆ نووسین بەیانیانە. لەبەر ئەوەی مرۆڤ لە خەو هەڵدەستێت و خودی ناوشیاری دەزانێت: ئەمڕۆ دەنووسم. هەرکارێك بچووك کە ئەنجامی دەدەیت، وەك قسەکردن لەگەڵ خەڵکانی تر لەکاتی نانخواردنی بەیانیان، تەنها بە بەشێك بە جەستە و فیکرت ئەنجام دەدرێت و بیرت هەموو دەم لای شتی ترە. ئەو کەسەی لەگەڵی دەژیت، مێردەکەم لەمێژە بەم شتەی زانیوە. دەزانێت کە لەکاتی نانی بەیانیدا، وتنی: "چی لەمە بکەین یان ئەوە چی لێ بکەین؟" یان "ئەم نامە دەخوێنێتەوە؟"... دەزانێت کاتی ئەو پرسیارانە نییە. تووڕە دەبم و پێم ناخۆشە. ئەوکاتانە حەز ناکەم کەس هیچ داواکارییەکی لێم ببێت. ئەو کاتە نامەوێت تەلەفۆن بکەم بۆ سۆپەرمارکێت و داوای شت بکەم. تەنها دەمەوێت وازم لێ بێنن نانەکەم بخۆم. پیاسەکردنم پێخۆشە، بەتایبەت لەناو باخچەکەدا، بەڵام زۆرجار لام وایە ئەمەش جۆرێك کات بەفیڕۆدانە لەبەر ئەوەی ئینسان گیایەك دەبینێت و دەبێت بوەستێت و



هەڵی بکەنێت، یان مێروولەکان دەبینێت و لەخۆی دەپرسێت ئەم مێروولانە بۆ کوێ دەچن؟ کەوایە باشترین کار ئەوەیە بڕۆیتە ژووری کارکردن و دەرگاکە دابخەیت و دانیشیت و بنووسیت.

**زۆر بە نووسینەکانتدا دەچیتەوە؟**

هەرچەند کات زیاتر تێپەڕ دەبێت کەمتر پێیاندا دەچمەوە. کە گەنج بووم عادەتم وەهابوو سێ قاتی کاری کۆتاییەکەم بنووسم. ئەگەر چیرۆکێکم دەنووسی، سەرەنجامەکەی یەك لە سێی ئەوە بوو کە سەرەتا نووسیبووم، بەڵام سەرەتای کارەکە بەم شێوەیە بوو. کورتەچیرۆکەکان پرەنسیپی زۆر باشی پێداچوونەوەیان هەیە. مرۆڤ حەز دەکات شتە زیادییەکان بخاتە لاوە.

**تا ئێستا ڕەخنەگرەکان بەکەڵکت هاتوون، یان توانیوتە کەڵك لە ڕەخنەکانیان وەربگریت؟**

بەڵێ، بەڵام دەبێت ئەوە بزانیت کاری ئەوان هەموو کات دوای ئەوەیە کە نووسینەکەت بڵاوبۆتەوە. وا نییە؟ لەبەر ئەوەی کارەکە تەواو بووە. کاتێك لەگەڵیان ڕێدەکەویت کە بە ئەنجامەکەی تۆ بگەن. بە دەربڕینێکی تر، ئەگەر ڕەخنەگرێت بە شتێك ناڕازی بێت و ڕەخنەی لە شتێك گرتووە تا ئەو جێگایەی توانام هەبووە و لام وایە باشیش بووە، ناکەومە ژێرکاریگەری ڕەخنە تیژەکانی ئەوەوە، بەڵام ئەگەر گومانم هەبێت دەربارەی

کارەکتەرێك، یان شتێکی تر و رەخنەگرێکیش باس لەم گومانە بکات، بە خۆشحاڵییەوە رێز لە رەخنەکانی ئەو رەخنەگرە دەگرم.

**زۆرجار نووسەران دەڵێن رەخنەکان ناخوێننەوە لەبەر ئەوەی رەخنە و تاوتوێکردنێکی خراپ لەناو دە لێکدانەوەی باشدا، وێرانگەرە.**

ئەمە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە. کەسانێك هەن کە توانای لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی کتێبیان نییە، یەك دوو کەس هەن کە کتێبەکانمیان پێدەدەم بیخوێننەوە، رەنگە دەستنووسیشیان پێ بدەم. کە خەریکی خوێندنەوەین نیگەرانم و تووشی دڵەڕاوکەن، بەدڵنیاییەوە کەسانێکی تایبەتن کە ئەگەر بە کتێبەکەمدا بچنەو بڵێین خراپە، زۆرم پێ ناخۆش دەبێت.

**بەڵام هێشتا رووی نەداوە بۆت.**

نا هێشتا، پەنجا شەست وتاری رەخنەیی دەربارەی کچی بێرگێر بڵاوبۆوە هەڵبەت تەنها دوو دانەیان خراپ بوو.

**تۆ وتت نووسەرەکان دوو رەگەزیین. جیاوازی دەکەیت لەنێوان نووسینی پیاوانە و ژنانەدا، بۆ وێنە ڤێرجینیا وۆڵف و هێمێنگوای؟**

هێمێنگوای نموونەیەکی زۆر توندڕەوانەیە، نووسینەکانی بەڕاست نموونەی دەرکەوتنی پیاوانەیە، وانییە؟ هێنری جەیمز دەکرا ژن بێت، ئەی، ئێم فۆرستەریش هەروەها. جۆرج ئیلیوت دەکرا پیاو بێت. پێشتر زۆر زیاتر



پێداگریم لەوە دەکرد کە لە مێشکدا رەگەز و نێر و مێبوون بوونی نییە، بەڵام ئێستا کەمتر. لات وایە کەوتوومەتە ژێر کاریگەری هەڵسوکەوتی ژنان بە گشتی بەرامبەر بە خۆیان؟ لام وانییە شتێك ببێت ژنانی نووسەر نەزانن، بەڵام رەنگە بکرێت بڵێین هەندێ سووچی ژیان هەیە ژنان باشتر لێی تێدەگەن و دەتوانن باشتر بینووسن. لە لایەکی ترەوە لە خۆم دەپرسم نووسەرێکی ژن هەیە، هەرچەند نووسەرێکی ناودار و گەورەش بێت، بتوانێت دیمەنی سەرنجڕاکێشی جەنگ لە جەنگ و ئاشتیدا بنووسێت؟ تا ئەو شوێنەی کار، بەرهەمی نووسەرێکی راستەقینە بێت، لام وا نییە رەگەزی نووسەر و ژن و پیاو بوونی زۆر گرنگ بێت. لام وایە شتێك وەك نووسراوەی "خانمەکان" یان نووسراوەی ژنانە و نووسەری ژن و شاعیری ژن بوونی هەیە. پیاوانێکیش هەن وەك "هێمێنگوای" کە "پیاوانەبوون" زیادە لە ئاستی پێویست لە نووسراوەکانیدا رەنگیداوەتەوە، بەڵام بۆ بەشێکی زۆر لە نووسەرانی پیاو کە من کارەکانیان پەسەند دەکەم، ئەم شتانە بوونی نییە. شتێك نییە کە نەیزانن. بەدەر لەمانە سەیری کارەکتەری "مولی بلۆم"[70] بکە. لام وایە دەرخەری ئەوپەڕی توانایی هەردوو رەگەزە کە دەتوانن لە دەروونی یەکتر تێبگەن و بیگوازنەوە. کەس باشتر لە نووسەرانی ژن دەربارەی ژنانی نەنووسیوە. جۆیس چۆنی دەزانی و چۆن ئاگاداری ئەم شتانە بوو؟ خوا دەزانێت لە کوێوە زانیویەتی و گرنگ نییە چۆنی زانیوە. کە ژنێکی گەنج بوو، کچێکی گەنج بووم، چیرۆکێکم

70– Molly Bloom **کارەکتەری رۆمانی "ئۆلیس" لە نووسینی جەیمز جۆیس. (و– کوردی)**

نووسی دەربارەی پیاوێك كە پێی لەدەست دابوو. نەیدەتوانی باوەڕ بەوە بكات كە پێی بڕدراوە و پێی نییە و ئەم شتەی بۆ هەرس نەدەكرا، تا ئەوەی لە سەردەمی چاكبوونەوەدا لە حەوشە دانیشبوو و بینی كوللەیەك پێی نییە، دەیبینی كوللەكە هێشتا شەڕی دەكرد لەبەر ئەوەی لای وابوو هێشتا پێی هەیە. نازانم ئەو چیرۆكەم چۆن نووسی. تا رادەیەك خۆم خستبووە ناو چیرۆكەكەوە. جارێك دەروونناسێك پێی گوتم ئەمە چیرۆكێكی زۆر باشە دەربارەی هەست بە ئێرەییكردن بەرامبەر بە ئەندامی نێرینەی پیاو.

**شتێك هەیە جا نوێ بێت یان نوێ نەبێت، كە حەز بكەیت و ئاواتە خوازبیت لە داهاتوودا بینووسیت؟**

هەموو كات ئاواتەخوازم رێگایەكی دروست بدۆزمەوە بۆ ئەوەی توانای تەواوكردنی ئەو بابەتەم هەبێت كە سەرقاڵیم. كێشەی سەرەكی من ململانێی نووسینە. هیچ هەستێك لەگەڵ ئەو هەستەدا بەراورد ناكرێت كە وا هەست بكەیت شتەكان كوتومت وەك ئەوەی دەتویست هاتوونەتە دی. ناتوانم بڵێم لەبەر ئەوەی وام پلان داناوە ئەوەی دەمەوێت لە كتێبێكدا بیڵێم، كە وایە ئێستا دەزانم چی دەڵێم لە كتێبی داهاتوومدا و هەموو شتێكی لە دەروونمدا ئامادەیە، لەبەر ئەوەی كتێبی دواتر خواستی جیاوازی هەیە و تا ئەو كاتەی نەزانم دەبێت چۆن بینووسم، ناتوانم بە دروستی ئەنجامی بدەم.



**بە دەربڕینێكی تر تا وەڵام نەدۆزیتەوە، پرسیار ناكەیت؟**

بەڵێ، حەز دەكەم بەگشتی بڵێم رۆمانێك یان هەر چیرۆكێك دەبێت چۆن بێت. قسەیەكی كافكا دێنمەوە. كافكا دەڵێت: "كتێب دەبێت تەورێك بێت كە دەریای سەهۆڵ بەستووی دەروونی ئێمە ورد بكات".



## دوریس لیسینگ

دوریس لیسینگ، چالاکی سیاسی– کۆمەڵایەتی و چیرۆکنووس و ڕۆماننووس و شانۆنامەنووس، نووسەری وتار، ئۆتۆبایۆگرافی، دەقی ئۆپرا، ئەدەبی ناگێڕانەوەییە، کە هەموو ئەمانە ستایل و فۆڕمێکی تایبەت



ناگرنەوە. ئەو ناوی دۆریس–می تایلەرە و 22ی ئۆکتۆبەری 1919 لە کرماشان لە ئێران لەدایك بووە.

باوکی سەربازێکی کەمئەندامی جەنگی یەکەمی جیهانە، کارمەندی ئێپمریاڵ بانك یان (بانکی شاهەنشاهی) و دایکی پێشتر پەرەستار بوو. بنەماڵەکەی ساڵی 1925 بۆ گەیشتن بە سەرمایە لە ڕێگای کشتوکاڵی گەنمەشامییەوە، ڕوویان کردبووە ڕۆدزیای باشوور (زیمبابۆی ئێستا)، بەڵام لە هەزاران دۆنم زەوی بەیاردا نەیانتوانی بەو سەرمایە خوازراوە بگەن. دایکی هەوڵی دەدا شارستانییەت و یاسا و ڕێسای وشك و تەندروستی سەردەمی ئێدوارد لەو سەرزەمینە دوور لە شارستانییەتە جێبخات.

لە منداڵیدا بەدەر لە ئەو حیکایەتانەی دایکی بەر لە خەو بۆ ئەو و براکەی هێری دەیگێڕایەوە، بیرەوەریی تاڵی باوکی لە جەنگی یەکەمی جیهانی– بەوتەی خۆی وەك ژەهر– وەردەگرت: "ئێمە هەموومان بەرهەمی جەنگ و دروستکراوی دەستی جەنگین، ئێمە بە جەنگەوە مەلۆتکە کراوین، بە مەرگەوە پێچاومانیانەتەوە، بەڵام وەك ئەوە وایە فەرامۆشمان کردبێت. "لە حەوت ساڵیدا ناردیانینە خوێندنگەی شەوانەڕۆژی ڕاهیبەکان، بەڵام دواتر چووە خوێندنگەیەکی کچانە لە سالیزبۆری لە باشووری بەریتانیا. لە سێزدە ساڵیدا قوتابخانەی بەجێهێشت و وەك دوو ژنە نووسەری ئەفریقایی، ئۆلیڤە شراینەر[71] و نادین گۆردیمێر، خوێندنی تەواو نەکرد. سەردەمی منداڵی تێکەڵ بوو لەگەڵ کەمێك خۆشی و ئازاری زۆر. ئەو دەڵێت لایوایە سەردەمی تاڵی منداڵی

71–**ئۆلیڤە شراینەر** (Olive schreiner) (1855–1920)

مرۆڤ دەکات بە چیرۆکنووس: "بەڵێ، هەرچەند ئەو کات نەمدەزانی و بیرم لەوە نەدەکردەوە ببم بە نووسەر، دڵنیام وایە. هەموو سەردەمی منداڵی بیرم لە هەڵاتن دەکردەوە". لسینگ بە خوێندنەوەی دیکێنز، سکات ستیۆنسن، کیپلینگ و دواتر بە دۆزینەوەی دی.ئێچ. لارێنس، ستانداڵ و تۆلستۆی و دیستۆیۆفسکی، بێ ئەوەی خوێندنی قوتابخانەی تەواو کردبێت خۆی بوو بە مامۆستای خۆی.

دوای وازهێنان لە خوێندن و بەجێهێشتنی قوتابخانە، چوو بەلای ئەم ئیشانەوە: ئیشکردن وەك پەرەستار لە ماڵی پەککەوتووان، سکرتێرە، هەواڵنێری و... لەم ماوەیەدا چەند کورتەچیرۆکێکی بۆ گۆڤارەکانی ئەفریقای باشور نارد و لەوێ بڵاوبوونەوە.

ساڵی 1939 لەگەڵ فرانك چارلز ویزدام ژیانی هاوسەری پێکهێنا و بوون بە خاوەنی دوو منداڵ. جان و جین، بەڵام چوار ساڵی دواتر ساڵی 1943 لە یەکتر جیابوونەوە.

لیسنیگ زۆر زوو تێکەڵی گرووپە هاوبۆچوونەکانی خۆی بوو لە یانە چەپییەکان، گرووپێکی کۆمۆنیستی کە گاتفرید لیسنیگ رێبەری دەکرد. ئەم دوو کەسە دوای ماوەیەکی کورت پێکەوە چوونە ژیانی هاوسەرییەوە و ساڵی 1949 لە یەکتر جیابوونەوە و دوریس و کوڕەکەی چوونە لەندەن.

ئەو گرووپە مارکسیستییە دەپەرژایە سەر پرسە رەگەزییەکان و لەم ناوەدا دوریس لیسنیگ لەگەڵ حیزبی کرێکاری رودزیای باشوور (زیمبابۆی) پەیوەندی نزیکی هەبوو. دواتر بوو بە ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی بەریتانیا و دژ بە چەکی کیمیایی خەباتی کرد. ساڵی 1954 وازی لە



سەرجەم چالاکییە کۆمۆنیستی و حیزبییەکانی هێنا، بەڵام هەر بە بۆنەی ئەم چالاکییانەوە، لە ساڵی 1956ەوە تا ساڵی 1995، رێگەی پێ نەدەدرا سەردانی ئەفریقای باشوور و رۆدزیای باشوور (زیمبابۆی) بکات.

لیسنیگ هەر ئەو ساڵە لەگەڵ کوڕەکەی چووە لەندەن، یەکەم رۆمانی خۆی بە ناوی "چیمەن گۆرانی دەڵێت"ی چاپکرد و وەك نووسەرێکی پرۆفێشناڵ دەستیکرد بە نووسین. لەم کتێبەدا لیسینگ باس لە خۆبەزل زانین و هەژاری کۆمەڵگای سپی پێستی کۆلۆنیالەکانی باشووری ئەفریقا دەکات.

لە ساڵی 1951ەوە تا ساڵی 1959 لیسینگ ژمارەیەك رۆمانی بە ناوی "منداڵانی توندوتیژی" بە ستایلی رۆمانە کۆنە فێرکارییەکان چاپکرد. لەم کتێبانەدا پاڵەوانی چیرۆکەکە، مارتا کوێست، تا دێت هۆشیارییەکەی دەچێتە سەرەوە. ناوەرۆکی ئەم رۆمانانە باس لە رزگاری رەها دەکات، بەڵام بە روانگەیەکی جەبرییەوە. پاڵەوانی چیرۆکەکە، دوای مردنی، لەو سەرەوە، بە بێ هیواییەوە، خودی گەنجی خۆی دەبینێت و ناتوانێت رەوتی ژیانی خۆی بگۆڕێت. باشترین بەرهەمی ئەم ژمارە کتێبە، دوایین بەرگی ئەم کتێبانەیە بە ناوی "شاری چوار دەروازە" کە نووسەر دەربارەی کلتوورەکان قسە دەکات و لە کلتوورەکان دەکۆڵێتەوە.

سەرکەوتنی راستەقینەی دوریس لیسینگ دوای بڵاوبوونەوەی کتێبی "دەفتەر یادداشتی زێڕین"(1962) بوو. چیرۆکێکی بوێرانە کە لەو چیرۆکەدا "ئانا والف" پاڵەوانی چیرۆکەکە، زۆر تینووی راستگۆییە و دەیەوێت خۆی لە پەیوەندی ماندووکەری سۆزداری، پشێویی و ئاژاوە و

درۆ و دەلەسەی جیل و بەرەی خۆی دوور بگرێت. ئانا والف، ئەو نووسەرەی کەوتۆتە قەیرانی کەسایەتی و هونەرییەوە. ژیانی لەنێوان رۆڵە جیاوازەکانی ژنێکدا بە دابەشکراوی دەبینێت، عاشق، نووسەر، چالاکی سیاسی. ئەو یادداشتی رۆژانەی لە دەفتەرە بچووکەکان بە رەنگی جیاواز دەنووسێت، هەر رەنگە و تایبەت بە بەشێك لە بوونی ئەوە. ئانا تووشی قەیرانی قووڵی رۆحی دەبێت و سەرەنجام لەناو ئەم قەیرانەوەیە کە "گشتییەتییەك"ی نوێ دەدۆزێتەوە و دوایین دەفتەری یادداشتی تەرخان دەکات بۆ ئەم شتە.

لە دەیەی 1970، لیسینگ روانگەی پڕ لە راز و نهێنی ئانا والف کە وا دەردەکەوێت لە کۆتاییەکانی "دەفتەر یادداشتی زێڕێن" پێی گەیشتووە، لەگەڵ چیرۆکێك لە کەشوهەوای مینۆکی (مەعنەوی) بە بەستێنێکی فەنتازیایی–کەیهانی لە رۆمانی "فەرمان بۆ دابەزین بۆ جەهەننەم"(1971) و خەونی هەڵهاتن و لایەنەکانی تری رۆمانی "دەفتەر یادداشتی زێڕین"ی لە رۆمانی "بیرەوەرییەکانی رزگاربوویەك"(1974)دا هێنایەوە و درێژەی پێدایەوە. لیسینگ لە دەیەی 1960دا هۆگری ئامۆژەکانی "ئیدریس شاه"[72] بوو. نووسراوەکانی ئیدریس شاه

---

[72]– **ئیدریس شاه ساڵی 1303 لە باکووری هیندستان لەدایك بوو. یەکەم کتێبی خۆی ساڵی 1956 بە ناوی "سیحری رۆژئاوا" چاپکرد و ساڵی 1957 کتێبی "کەعبەی ئامانج"ی نووسی کە لە راستییدا سەفەرنامەی ئەوە بۆ مەککە و عەرەبستانی سعودی. وەك نووسەرێکی عارف ناسراوە و 11 کتێبیشی بۆ منداڵان نووسیوە. (و– کوردی)**



دەربارەی وەسفی سۆفییەکان، جەخت دەکاتە سەر گۆڕانی وشیاری و باوەڕی کەسەکان بە شێوەیەك کە رزگاری کەسەکان کاتێك مومکینە کە هەمووان بەوە بگەن کە لە ناوخۆی چارەنووسی کۆمەڵگادا پەیوەندی دروست بکەن. ساڵی 2004 لیسینگ لە کتێبی "زەمانە گازمان لێدەگرێت"، جارێکی تر دەچێتەوە سەر بابەتی سۆفیگەری. دوو بەرگی ئۆتۆبایۆگرافی لیسنیگ "ژێر پێستی من"(1994) و پیاسەکردن لە سێبەر (1997)، خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە نووسینەکانی و خەڵاتی جەیمز تیت بلیکی لە ساڵی 1995 بۆ باشترین ئۆتۆبایۆگرافی پێ بەخشرا.

لیسینگ لە کۆتاییەکانی دەیەی 1970 و سەرەتای 1980 کاتی خۆی بۆ نووسینی چیرۆکی فەنتازیایی و زانستی– خەیاڵی تەرخان کرد. فیلیپ گلاس ئۆپرایەکی لەسەر رۆمانی "خولقانی نوێنەر بۆ ئەستێرەی ژمارە هەشت" دروستکرد و خودی نووسەر دەقەکەی (لیبرتۆ)ی ئۆپێراکەی نووسی و گلاس و لیسینگ جارێکی تر لە ساڵی 1997 پێکەوە هاوکارییان کرد و لیسینگ لیبرتۆیەکی لەسەر رۆمانی ژیانی هاوسەرێتی نێوان ناوچەی سێ و چوار و پێنج نووسی و گلاس مۆسیقای ئۆپێراکەی دروستکرد. لیسینگ هەروەها بەهاوکاری چارلی ئەدلەر رۆمانێکی تایبەت و گرافیکی بە ناوی "یاری بکەین" بڵاوکردەوە.

لەو خەڵاتانەی کە وەریگرتووە دەکرێت ئاماژە بدەین بە خەڵاتی پرێنس ئاستۆریاس بۆ بەرهەمە درەوشاوەکانی و بەرگریکردنی لە ئازادیی رادەربڕین و هێنانە بەرباسی پرسی جیهانی سێیەم. هەروەها خەڵاتی

ئەدەبی دەیڤید کۆهنی بەریتانیای بردەوە و هەروەها ساڵی 2005 خەڵاتی بۆکێری پێبەخشرا.

دووریس لیسینگ ساڵی 2007 بوو بە براوەی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی.

**ئەم وتووێژەی لێرە بڵاو دەبێتە ساڵی 1998 لە لایەن تامس فریکەوە ئەنجام دراوە و لە پاریس ریڤیۆ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.**

دووریس لیسنیگم لە ماڵی رابێرت گاتلیب لە شەقامی چلی مەنهاتن بینی و لەوێ وتووێژم لەگەڵ کرد. گاتلیب کە ساڵانێکی زۆر هەڵەچنی بەرهەمەکانی لیسینگ بوو لە کناپۆف، ئەوکات سەرنووسەری نیویۆرکێر بوو. خاتوو لیسینگ بۆ ماوەیەکی کورت هاتبووە نیویۆرک بۆ ئەوەی لە دانیشتنەکانی پرۆڤەی ئۆپێرای فیلیپ گاس کە بە پێی رۆمانی "خولقانی



نوێنەر بۆ ئەستێرەی ژمارە هەشت" ئامادەکراوە و دەقەکەی خاتوو لیسینگ نووسیویەتی، بەشداری بکات. پلاندانان بۆ بەشداری لە پرۆڤەی ئۆپێرا، بەردەوام دەگۆڕدرا و دوای نامە و نامەنووسینێکی زۆر توانیم بیبینم. (خاتوو لیسینگ نامەکانی لە پشت کارت پۆستاڵی و بە زۆری کارت پۆستاڵێك لە مۆزەخانەی بەریتانیا دەنووسی).

کە تەسجیل (زەبت)ەکەم هەڵکرد، خاتو لیسینگ وتی: "دەنگە دەنگێکی زۆری هەیە، ئێرە وەك ئەوەی لە باخێك لە پشت ریزێك خانووەوە دانیشتبێتی". بە ئاماژەی دەست خانووەکانی شار، شوێنی ژیانی کاترین هیپۆرنی پێ نیشاندام و ماوەیەك دەربارەی شارەکان پێکەوە قسەمان کرد. ئەو ماوەیە نزیکەی چل ساڵ لە لەندەن ژیابوو، کەچی هێشتا لای وابوو "هەموو شتەکانی شارێك نائاساییە! " لە شوێنێکی تر بۆچوونێکی سەرنجڕاکێشتری دەربڕیوە: "ئەگەر کەسێك بڵێت ئەندازەی بیناکان، زیاتر لەوەی بیری لێدەکەینەوە کاریگەرییان لەسەرمان هەیە، پێم سەیر نابێت". خاتوو لیسینگ وتی تا ئەو کاتەی بە تەمەنی 6 ساڵی گەیشتووە تەنها شەش مانگ لە بەریتانیا بووە: "پێموایە منداڵەکان دەبێت سەفەر بکەن. کارێکی زۆر باشە منداڵەکان لەگەڵ خۆمان بەملاو ئەولادا ببەین، بۆ منداڵەکان زۆر باشە و بۆ دایك و باوکیشیان هەروەها".

لە سووچێکدا دانیشتبووین کە گیا دەوربەرمانی گرتبوو. قژە رەشەکانی دەبریسکانەوە و لە ناوەڕاستەوە قژی لەت کردبوو، پشت سەری تەماتەی لێبوو. ئەو شێوەی جلپۆشینەی کە ئێستا پۆشیبووی بە تەنوورەی زۆر کورت و بلووزەوە زۆر لەو رەسمانە دەچێت کە لە پشت کتێبەکانییەوەیە.

تۆزێك ماندوو دیاربوو كه بەم هەموو سەفەرەی ئەم دواییانەوە سەیر نییە ماندوو بێت. دەنگێكی بەهێزی هەیە كە وات لێدەكات سەرنجراكێش بێت.

تامس فریك– پاریس ریڤیۆ–1988

**تۆ لە ئێران ، پێرشیای ئەو كات لەدایكبوویت، چۆن بوو باوك و دایكت چوونە ئەوێ؟**

باوكم لە جەنگی یەكەمی جیهانیدا بەشداری كردبوو، دوای ئەوە نەیدەتوانی لە بەریتانیا بمێنێتەوە، بەریتانیا بەلایەوە شوێنێك بوو كە بچووك بوو بۆی. ئەو سەربازانەی لە سەنگەرە بەربڵاوەكاندا ئامادە بوون ناتوانن لە وڵاتدا بمێننەوە. هەر بۆیە داوای لە بانكەكەی كرد بینێرێت بۆ شوێنێك. ئەوانیش ناردیان بۆ (پێرشیا). لەوێ ماڵێكی زۆر گەورەیان پێدابووین، ژووری گەورە و حەسارێكی گەورە، ئەسپی هەبوو كە بەردەوام سواری دەبووین. ژیانكردن لە شوێنێكی كراوە و زۆرخۆش. بەمزوانە پێیان وتووم ئەو شارە وێران بووە. ئەمەش نیشانەی تێپەڕبوونی كاتە، شارێكی كۆنی جوان، كەس لێی تێ ناگات، زۆر شت وێران دەبێت، ناتوانین كەمتەرخەم بین. دواتر باوكمیان نارده تاران كه شارێكی زۆر ناخۆش بوو، بەڵام دایكم خۆشحاڵ بوو، لەبەر ئەوەی لە وەفدی دیپلۆماتیكدا بوو. دایكم ژیانی لە تاران پێ خۆش بوو، ئەو ژیانەی دەپەرست. باوكم لەم شتانە بێزاربوو. جارێكی تر بۆ رێكەوتنامە گەڕایەوە. دواتر ساڵی 1924 گەڕاینەوە بۆ بەریتانیا. شتێك دامەزرابوو كە پێی دەوترا "پێشانگای ئیمپراتۆری" ئەم شتە لە ئەدەبدا رەنگدانەوەی دەبێت، دەبێت كاریگەری



زۆری بووبێت. ژووری رۆدزیای باشوور (زیمبابۆی)، گەنمەشامی گەورەی هەبوو، ئەم دروشمەی لەسەر بوو: "لە ماوەی پێنج ساڵدا دەوڵەمەند بن". شتی بێماناتری لەمجۆرە. كەوایە باوكم وەك كەسێكی رۆمانتیك چاوەڕوان دەكرا، خۆی كۆكردەوە، لەبەر ئەوەی لە جەنگدا پێی بریندار ببوو پێنج هەزار پاوەند غەرامەی وەرگرت، ئەو پێنج هەزار پاوەندەی هەڵگرت و بەرەو وڵاتێكی نەناسراو كەوتە رێ بۆ ئەوەی ببێت بە خاوەن مەزرا. سەردەمی منداڵی لە دەورووبەری "كالچستەر" ژیابوو، كە ئەو كات شارێكی بچووك بوو، واتە منداڵی خاوەن مەزرایەك بوو، سەردەمی منداڵی لەگوند ژیابوو. هەربۆیە روویكردە سەوزاییەكانی رۆدزیای باشوور (زیمبابۆی). بەسەرهاتی باوكم بۆ ئەو سەردەمە نائاسایی نییە، بۆماوەیەكی زۆر فیكر و زەین منی داگرتبوو. ئەوكاتەی "شیكاستا"م نووسی، زۆر بیرم لەوە دەكردەوە كە چەند سەربازی پێشتر كە بریندار بوون لەوێ دەژیان، جا سەربازی ئەڵمانی یان بەریتانیایی، هەموویان بریندار، هەموویان بەخت یاوەریان بوو كە وەك هاوڕێكانیان نەمردبوون.

**رەنگە بەسەرهاتی جەنگ، چیرۆكی كۆنی سەربازەكانی جەنگی ڤێتنامی ئێمە بێت، كە دەگەڕێنەوە و ناتوانن لەگەڵ كۆمەڵگا خۆیان بگونجێنن.**

من نازانم كەسەكان چۆن دەتوانن ئەم شتانە قبووڵ بكەن و زۆر زوو خۆیان بگونجێنن. پرسیاری زۆر لە زەین و مێشكمدایە.

**بەمزوانە بیرەوەرییەکت لە گۆڤاری "گرانتا" چاپکردووە، کە بە پێی ناوەکەی بێت دەربارەی دایکتە، بەڵام لە راستییدا بەشێوەیەك، دەربارەی باوکت نووسیوتە.**

مرۆڤ چۆن دەتوانێت بەجیا دەربارەیان بنووسێت؟ هەردووکیان دەیانگوت ژیانی دایکم بووە بە قوربانی ژیانی باوکم.

**کە پێشبینییەکانی باوکت دەربارەی زێڕ، گیا گەورەکان و بەسەرهاتەکانی دەخوێنینەوە، سەرمان سووڕ دەمێنێت...**

باوکم کەسێکی زۆر جیاواز و سەیر بوو. پیاوێکی زۆر دەست و پێ بەستراو بوو، کە بەشێکی زۆری بەهۆی جەنگ و ئەم شتانەوە بوو. رووداوەکان ئەویان بەشوێن خۆیاندا دەکێشا، نەیدەتوانی خۆی بگونجێنێت. دایکم ژیانی ئێمەی بەڕێوە دەبرد و بەشێوەیەك ئەو بەڕێوەبەر بوو، هەموو شتێکی رێکدەخست.

**لام وایە پێشبینییەکانی باوکت بۆ دۆزینەوەی زێر ئاوانگارد و زانستیانە بوو.**

ئەو لای وابوو هەموو کەس دەتوانێت دەربارەی زێڕ و کانزا گرانبەهاکان پێشبینی بکات بەو مەرجەی پێشبینیکردن بزانێت– رەنگە قسەکانی بە دوور لە راستی نەبن. هەربۆیە بەردەوام لە تاقیکردنەوەدا بوو. من لە چیرۆکێکدا بە ناوی "ئەلدورادۆ" بە شێوەی وتوویژ باسی باوکم کردووە. من لە وڵاتی زێڕدا دەژیام، چواردەورمان پڕبوو لە کانە زێڕ.



**کە وایە زۆر بێمانا نەبوو قسەکانی باوکت؟**

نا، وەرزێرەکان هەموو کات تەشوێ یان تاوەیەکیان پێبوو لەناو ئۆتۆمبێلەکەیان بۆ کاتی مەبادا و هەموو کات بە تۆزقاڵێك زێڕەوە کە لە بەردەکانیان کەندبۆوە دەگەڕانەوە بۆ ماڵەوە.

**کە منداڵبوویت چواردەورت پڕبوو لە حیکایەتبێژ؟**

نا، ئەفریقاییەکان حیکایەتیان دەگێڕایەوە و ئێمە بۆمان نەبوو تێکەڵیان بین. ناخۆشترین و خراپترین شتی سەردەمی منداڵیم ئەمە بوو. ئەگەر وا نەبوایە رەنگە سەردەمی منداڵیم سەردەمێکی دەوڵەمەند و زۆر باش بوایە، بەڵام منداڵێکی سپیپێست بۆی نەبوو لە ئەفریقییەکان نزیك بێتەوە. ئێستا لە بەریتانیا پەیوەندیم هەیە لەگەڵ "کۆلێجی حیکایەتبێژەکان". نزیك بە سێ ساڵ لەوەوپێش گرووپێك لە دەوری یەکتر کۆبوونەوە بۆ ئەوەی حیکایەتبێژی وەك هونەرێك پەرەپێبدەن. ئێستا کارەکان زۆر بە باشی دەڕواتە پێش. من تەنها ئەوەیە پشتیوانیان لێدەکەم و لە هەندێك لە کۆبوونەوەکاندا بەشداری دەکەم. لە سەرەتادا کێشەمان ئەوە بوو خەڵك لایان وابوو حیکایەتبێژی جۆك گوتنە. ئەمە رەنگە ئێمەی دڵساردکردبایەتەوە ! دواتر بینیمان ژمارەیەك وەك دەرمانی بەکۆمەڵ چاو لە حیکایەتبێژی دەکەن. هەموو کات کەسێك هەیە باس لە ئەزموونە تاکەکەسییەکانی خۆی بکات و ئەزموونە تاکەکەسییەکانی بگێڕێتەوە، بەڵام ژمارەیەکی زۆر حیکایەتبێژی راستەقینەش پەیوەست بوون پێمانەوە. ژمارەیەك لە ئەفریقاوە– لە هەموو شوێنێکی ئەفریقاوە– ئەوانەی کە هێشتا حیکایەتبێژی وەك نەریتێکی باو و باپیران پارێزراوە لە لایان، یان ئەوانەی کە هەوڵیاندەدا نەریتی حیکایەتبێژی زیندوو بکەنەوە و

پەرەی پێبدەن. بەکورتی "کۆلێجی حیکایەتبێژەکان" کارەکانی بە باشی دەباتە پێشەوە، زۆر باش دەچێتە پێشەوە. کە دانیشتنی حیکایەتبێژی لە لەندەن و شوێنەکانی تر بەڕێوە دەچێت، زۆر کەس بەشداری تێدا دەکەن. مرۆڤ کە دەبینێت بەشداربووانی ئەم کۆبوونەوانە دەیانتوانی کاری تر بکەن، وەك دانیشتن لە ماڵەوە و تەماشای حەڵقەی تەلەفزیۆنی کردن، سەری سووڕ دەمێنێت.

**کە گەڕایتەوە بەریتانیا چ هەستێکت هەبوو، لەبیرمە (جەی.جەی. بالارد) کە لە شانگهایەوە گەڕابۆوە بۆ بەریتانیا، هەستی دەکرد ئەوێ جێگای ئەو نییە. هەستی دەکرد هەموو شت بچووك و دواکەوتووانەیە؟**

بەڕاستی وایە. من زۆر هەستم بە بێزاریی، نامۆیی و رەنگ زەردی و شێ دەکرد. هەموو شت لە پشت دەرگا داخراوەکانەوە بوو و زۆر لەناوەوە بوو. ئێستاش هەر ئەو هەستەم هەیە. لام وایە جوانە، بەڵام زۆر رێکوپێکە. لام وا نییە یەك سەنتی مەتر لە خاکی بەریتانیا هەبێت کە بە شێوەیەك دەستکارییان نەکردبێت. لام وا نییە هیچ کوێ گیای کێویی تێدا بێت.

**هەست دەکەیت پێویستە بگەڕێیتەوە بۆ سەرزەمینێك لە چەشنی سەرزەمینی ئەفریقا، کە پڕە لە راز و رەمز، ئێرەیی بەو ساتانەوە دەخوازیت؟**

چۆن پێت بڵێم، من لەو ژینگەیەدا نەدەژیام. دەژیام؟ ژیانی من بەو شێوەیە نەبوو. سێ ساڵ لەوەوپێش کە جارێکی تر گەڕامەوە بۆ زیمبابۆی، دوو ساڵ دوای سەربەخۆییان، جوان دیاربوو کە کەسێکم سەر بە رابردوو. هەڵسوکەوتی من وەك کەسێك کە ئێستا هەم، بەدڵنیاییەوە ئێستا



سیمبۆلێکە ! لەبەر ئەوەی من "کچێك بووم لە گەڕەکێك کە ئێستا بووم بە کەسێکی باش". لەژێر دەسەڵاتداری رژێمی سپیپێستدا، من زۆربەی کات کەسە خراپەکە بووم. کەس بە باشی لەگەڵم قسەی نەدەکرد، بڕیاربوو تەنانەت کەسێکی نەفس نزمیش بم، بەڵام ئێستا بووم بە "کەسێکی باش".

**لەبەر جۆری روانینت بۆ رەشپێستەکان، کەسە خراپەکە بوویت؟**

من دژ بە رژێمی سپیپێست بووم. لەو کاتدا لەوێ "لەمپەرەکانی رەنگین پێستی" بە تەواوەتی دەپارێزرا. ئەم دەستەواژەی "لەمپەرەکانی رەنگین پێستی" ئێستا بە تەواوی نەماوە. تەنها پەیوەندییەك کە هەمبوو لەگەڵ رەشپێستەکان، پەیوەندیم بوو لەگەڵ خزمەتکارەکان. پەیوەندی دروستکردنی عاقڵانە لەگەڵ ئەو رەشپێستانەی کە بەهۆی حکومەتی سەربازییەوە دەبوایە کاتژمێر 9 لە ماڵ بن، زۆر دژوار بوو، ئەوان لە گەڕەکی هەژارنشین دەژیان کە ئێمە نەدەژیاین.

**لە بیرەوەرییەکدا کە لە گرانتا چاپ بووە، وێنایەك لە منداڵی تۆ هەیە، ژماردنی چەك و چۆڵەکانی دەوروبەرت، تەقەکردن...**

ئەوکات کۆمەڵێك یارییمان دەکرد. ئێستا ئەو یارییانە زۆر کەمبۆتەوە و وەك پێشتر نەماوە، سپی پێستەکان هەموو ئەو یارییانەیان لەناو بردووە.

**ئەو کات حەزت دەکرد ببیت بە نووسەر؟ ئاماژەت بەوە داوە دایکت زۆر گرینگی دەدا بە نووسینەکانت، بەڵام تۆ هەرچیت دەنووسی لێت دەشاردەوە.**

دایکم ژنێك بوو کە زۆر کەم بە ئاواتەکان و مەبەستەکانی گەیشتبوو. توانای زۆری هەبوو و هەموو تواناکانی خۆی بۆ من و خۆشکەکەم تەرخان

دەکرد. ماوەیەکی زۆر ئاواتی ئەوە بوو ببم بە مۆسیقار، لەبەر ئەوەی خۆی مۆسیقارێکی تا رادەیەك لێهاتوو بوو. من زۆر حەزم لە مۆسیقا نەبوو و توانایەکی وەهام نەبوو، بەڵام ئەوکات هەموو دەبوایە مۆسیقایان بخوێندایە. دایکم هەمووکات پاڵی پێوە دەنام. هەڵبەت لە رووییەکەوە زۆرباش بوو، پێویستە منداڵان ناچار بکەیت کارێك بکەن، بەڵام ئەو شتەی لەو رێگاوە بەدەستمان دەهێنا دەبوو بە هی دایکم. کە وایە ئێمە دەبوایە بەرگریمان لە مافی خۆمان کردبا. لام وایە هەر منداڵێك رێگایەك دەدۆزێتەوە بۆ ئەوەی ببێت بە خاوەنی بەرهەمەکانی خۆی.

**بەلامەوە سەیر و سەرنجڕاکێشە کە بزانم لە منداڵیدا دەتویست ببیت بە نووسەر.**

هەندێ شتی تریش. بەدڵنیاییەوە دەمتوانی ببم بە دکتۆر. کاری کشتوکاڵم پێخۆشە و دەمتوانی سەرکەوتووبم و کاری لەمجۆرە. نەگەیشتن بەو شتانە منی کرد بە نووسەر. لام وایە ژمارەیەکی زۆر لە نووسەران هەر بەم شێوەن.

**لەو رووەوە تۆ بە ستایلی جیاواز رۆمانت نووسیوە، خەڵك هەست بە بێوەفایی ناکەن کە بەم گرووپ یان ئەو گرووپەوە نەچەسپاویت؟ بیرم لە لایەنگرانی چیرۆکە زانستی- فەنتازیاییەکان دەکردەوە کە بەرامبەر بە نووسەرانی زانستی- فەنتازیایی دەمارگرژن و ئەگەر دایم و دەرهەم سەر بە یانە بچووکەکەی ئەوان نەبیت دەڕەنجێن.**



بەڵێ دەمارگرژن و بیرکورتن. لە راستییدا ئەو کەسانەی کە بە خۆیان دەڵێن نوێنەری ئەو کەسانە، وا دەردەکەوێت دەیانەوێت نووسەران پۆلێنبەندی و تاقمبەندی بکەن. من وەك میوانێکی فەخری بانگکرابووم بۆ کۆنڤانسیۆنی جیهانی چیرۆکە زانستی- خەیاڵییەکان لە برایتۆن. دوو نووسەری زانستی- خەیاڵی رووس بانگهێشت کرابوون. پێشتر کێشە هەبوو، ئێستا هیوادارن گلاسنۆست ئیزن بدات نووسەرەکانیان ئامادەبن و بەشداری بکەن. لە راستییدا هیچکات بیرم لەوە نەکردبۆوە دوایین کتێبم زانستی- خەیاڵی یان شتێکی لەوجۆرە بێت! ئەوکات کە تەنها لەبەر زانستی-خەیاڵی نووسین رەخنەیان لێگرتم، زانیم پێم ناوەتە سەرزەمینی پیرۆزەوە. ئەوەی راستی بێت من بەڕاستی زانستی-خەیاڵی نانووسم. تەنها کتێبێکم لە "سۆلاریس"(Solaris) خوێندۆتەوە. زانستی- خەیاڵی کلاسیکە... پڕە لە بیرۆکەی زانستی کە نیوەی بە کەڵکی من نایەت، لەبەر ئەوەی لێی تێ ناگەم و تێی نەگەیشتم، بەڵام ئەو بەشەی لێی تێگەیشتم سەرنجڕاکێش بوو بەلامەوە. من کەسانی گەنج زۆر دەبینم- هەرچەند هەندێکیشیان بە مانای گەنجبوون گەنج نین- کە دەڵێن: "داوای لێبووردن کاتمان بۆ ریالیزم نییە". و پێیان دەڵێم" خوا هاوار! بەڵام ئێوە سەرنج بدەن چی لەدەست دەدەن! چەند دەمارگرژن!" دەی بە دەستی خۆیانە و حەزناکەن لەو شتانە بخوێننەوە. دواتر کەسانێکی تەمەن مامناوەند دەبینم دەڵێن: "داوای لێبوردن، بەڵام ناتوانین چیرۆکە ناڕیالیستییەکانی تۆ بخوێنینەوە". لام وایە جێگای داخە. لەبەر ئەوەی زۆرم پێخۆش بوو میوانی فەخری ئەم کۆنڤانسیۆنە بووم.

**من لەو رووەوە "شیکاستا"م پێخۆشە کە سەرجەم ناوەڕۆکە ڕۆحییەکانی کە لە چیرۆکە زانستی– فەنتازیاییەکاندا نوقم بووە، یان سەرکەوتوو رەمزاوی بووە، کردووە بە باکگراوند.**

کە ئەو کتێبەم دەنووسی بە هیچ شێوەیەك بیرم لە زانستی– فەنتازیایی نەدەکردەوە، بەڕاستمە. بە دڵنیاییەوە کتێبێك نییە چۆن بڵێم بەم رستەیە دەست پێ بکات: "کاتژمێر سێی فلانە دوا نیوەڕی ساڵی 1883 لە تامسك..."، کە دژ بە روانگەی کەیهانییە و رەنگە ئەمجۆرە دەستپێکردنە لە پلەی دووەمدا بێت بۆم.

**تۆ پێشەکیت بۆ چەند کۆمەڵەچیرۆکی دەقە سۆفیگەرییەکان نووسیوە، چۆن بوو هۆگری سۆفیگەری بوویت؟**

دەزانیت حەز ناکەم لەم بارەیەوە قسە بکەم و زۆرم پێ ناخۆشە لەم بارەیەوە قسە بکەم. لەبەر ئەوەی ئەوشتەی تۆ باسی دەکەیت زۆر لە مەبەستی منەوە دوورە و وا دەکات باسەکە بەلارێدا ببات. من لەو نووسینانەدا بە شوێن نەزم و پرەنسیپدا دەگەڕام. هەمووان کۆکن لەسەر ئەوەی مرۆڤ پێویستی بە مامۆستایەکە. من بە شوێن مامۆستایەکەوە بووم، بەڵام هیچکامیانم بە دڵ نەبوو، لەبەر ئەوەی هەمووان بە جۆرێك "مورشد"[73] بوون. تا ئەوەی کە هەندێ شتم دەربارەی ئەو

73– مورشد: چەمکێکی سۆفیگەرییانەیە و بەو کەسە دەڵێن ئیرشاد دەکات.



پیاوە "شاە"[74] بیست. بیستم کە سۆفییە. بەڕاستی خستمییە ژێر کاریگەری خۆیەوە. هەربۆیە لە سەرەتای دەیەی 1960ەوە هۆگری سۆفیگەری بووم. زۆر دژوارە هەموو شت بەکورتی لێرەدا باس بکەم، لەبەر ئەوەی قسەکردنە دەربارەی ئەزموونەکانی مرۆڤ. حەزناکەم بۆچوونی خۆم لەو بارەیەوە دەرببڕم لەبەر ئەوەی هەمووان قاو دەدەن کە من سۆفیم. لەبەر ئەوەی کتێبێکیان خوێندۆتەوە و بەلایانەوە سەرنجڕاکێش بووە، ئەم قسانە بە تەواوەتی دژ یان پێچەوانەی وتە و هەڵسوکەوتی سۆفییە. ژمارەیەك لە گەورەترین سۆفییەکان وتوویانە: "هیچکات بە خۆیان ناڵێن سۆف– زۆر قورسە بەخۆیان بڵێن سۆف" خەڵکانێك نامەم بۆ دەنووسن، بەم شێوەیە دەنووسن: "سڵاو دۆریس، بیستوومانە تۆش سۆفیت! " دەی من چی بڵێم، پێمخۆشە وەڵامیان نەدەمەوە.

**بیرلەوە بکەوە خەڵك حەز دەکەن بە شێوەیەك تۆ بکەن بە مورشد و رێنوێنی خۆیان، جا یان لە رووی سیاسییەوە یان مێتافیزیکییەوە؟**

لاموایە خەڵك هەموو کات بەشوێن مورشد و رێنوێندا دەگەڕێن. ئاسانترین کار لە دونیا بە مورشدبوونە. زۆر ترسێنەرە. جارێك لێرە، لە نیویۆرك، شتێکی سەرنجڕاکێشم بینی. وا بزانم سەرەتای دەیەی 1970 بوو، سەردەمی مورشدی. پیاوێك دەچووە سەنتراڵ پارك و بە پاڵتۆیەکی زێڕینی پڕ زریق و بریقەوە دادەنیشت. تەنانەت بۆ جارێکیش متەقی لێوە نەدەهات، تەنها ئەوە بوو دادەنیشت. نزیك نانی نیوەڕۆ دەردەکەوت.

74– shah

خەڵك لە هەموو شوێنێكەوە دەهاتن لەبەر ئەوەی پیاوێكی پیرۆز دیار بوو. ئەم كارە چەند مانگی خایاند. هەمووان بێدەنگ و بەرێزە بە دەوریدا دادەنیشتن. سەرەنجام ئەو پیاوە لەم خەڵكە بێزاربوو و رۆیشت و نەگەڕایەوە. هەر ئەمە، بەم ئاسانییە.

**با پرسیارێكی ترت لەم بارەیەوە لێ بپرسم. تۆ باوەڕت بە دۆنادۆن هەیە؟**

لاموایە شتێكی سەرنجڕاكێشە. خۆم باوەڕم پێی نییە. من وا بیردەكەمەوە ئێمە لەم سەفەرە دوورودرێژەی خۆماندا چاوێك لەم هەرێمە بكەین و بەم دونیادا گوزەرێك بكەین.

**ئەم ئەستێرە (زەوی)یە، تەنها وەستانێكی كورتە؟**

ئێمە– واتە ئەو كەسانەی خۆمان بە شاگردی "شا" دەزانین– هان نادەن كە زۆر بیر لەم شتە بكەینەوە. لەبەر ئەوەی كاری گرنگتر هەیە بۆ ئەنجامدان، بەڵام دەربارەی دۆنادۆن، بیركردنەوە لێی سەرنجڕاكێشە، تەنانەت كتێب نووسین لەوبارەیەشەوە هەر سەرنجڕاكێشە! بەڵام تا ئەو شوێنەی پەیوەندی بە منەوە هەیە، لە شیكاستا، دۆنادۆن تەنها خوازەیەكی سەرنجڕاكێشە یان روانگەیەكی ئەدەبی، هەرچەند دەزانم كەسانێك وەك كتێبی وانە وەرگرتن سەیری شیكاستا دەكەن و دەیخوێننەوە.

**رەنگە بەرپرسایەتی و ئەرك؟**



شێوەیەكی حیكایەتبێژی– باوەڕی ئایینە گەورەكانمان تێكەڵی بووە. من لە پێشەكی شیكاستادا نووسیوومە ئەگەر "پەیمانی كۆن" و "پەیمانی نوێ" و بەشەكانی كتێبی پیرۆز و قورعان بخوێنیتەوە، چیرۆكێكی درێژكراوە دەبینیت. ئەم ئایینانە كۆمەڵێك ئایدیای تایبەت و هاوبەشیان هەیە و یەكێك لەو ئایدیایانە دەربارەی جەنگی كۆتایی یان دۆزینەوەیە (مكاشفە). كە وایە من هەوڵم داوە ئەم ئایدیایانە پەروەردە بكەم. ناوم ناوە حیكایەتی ئاسمانی، لەبەر ئەوەی نەدەكرا ناوێكی تری لێ بنێم.

**من لاموایە تۆ چیرۆكنووسێكی زۆر شهوودیت، كە رەنگە لە پێشدا پلان یان پلۆتی هەمەلایەنەت نەبێت، بەڵكو بە شێوەیەك دەیدۆزیتەوە. وایە؟**

بۆچی نا، من پلان و بەرنامەیەكی گشتیم هەیە، بەڵام بەو شێوەیە نییە كە لەگەڵ ئەوەی دەچمە پێشەوە رێگا بۆ هاتن و سەرهەڵدانی یەك یان دوو كارەكتەرەی سەیر و سەمەرەم نەبێت. ئەو كاتەی تیرۆریستی باشم دەنووسی دەمزانی دەمەوێت چی بكەم. سەرەتای بیرۆكەكەی، تەقینەوەی فرۆشگای "هێردۆز" بوو. بیرم لەوە كردەوە كە نووسین دەربارەی گرووپێك كە پەیوەستبوون بە تاقمە تیرۆریستەكانەوە و تازەكار و بێ ئەزموونن، سەرنجڕاكێشە. كارەكتەرێكی سەرەكیم هەبوو– چەند كەسی وەك ئالیسم دەناسی– تێكەڵەیەك لە چاودێری دایكانە، ئەوەی كە نیگەرانی ژینگە و قرشەكان و نەهەنگەكانن، بەڵام لەو كەسانەن كە دەڵێن: "ئەدەی لە ئاو دەبێت قولیشت تەڕ بێت". بێ ئەوەی كوشتنی ژمارەیەكی زۆر لە مرۆڤەكان نیگەرانیان بكات. تا زیاتر بیرم لێدەكردەوە زیاتر بەلامەوە سەیر بوو. بەكورتی دەمناسی! كوڕە خۆشەویستەكەشیم

دەناسی، شتێکی کەمیشم دەربارەی کەسەکانی تر دەزانی. کەسانی جیاوازم هەبوو، کەوایە ئەو دوو کەسە هۆمۆسێکشواڵەم لەخۆمەوە دروست کرد، بەڵام دواتر ئەو شتەی منی بۆلای خۆی راکێشا و زۆرم پێ خۆشبوو، ئەو کارەکتەرانە بوو کە بە بێ پلانی پێشتر هاتبوونە ناو چیرۆکەکەوە و دەردەکەوتن، بۆ وێنە کەسایەتی "ڤ". دواتر "ڤ" بوو بە کەسێکی لەناوچوو کە خۆم پێم سەیر بوو. ئەو کەسە"فیلیپ" کوتوپڕ دەرکەوت– هەر ئەوکات دەربارەی پیاوێکی بیستویەك ساڵە کە زۆر تێکشکاو بوو هەندێ شتم بیستبوو، بیستبووم ئەو کەسە بێکارە، بەڵام هەموو کات لە لایەن خاوەنکارەکانەوە پێشنیاری کاری پێدەدرێت، واتە گڵۆزە قورسەکانی کاغەز بخاتە سەر لۆرییەکان! مرۆڤ وا بیر دەکاتەوە رەنگە ئەوان کەسانێکی نەخۆش و سادیست بن! هەموو کات دوای سێ رۆژ دەریان دەکرد. لاموایە کتێبێکی زۆر پێکەنینییە.

**بەڕاست؟**

بەڵێ، لە هەندێ رووەوە پێکەنینییە... هەموو کات دەربارەی بابەتەکان بە شێوەیەك قسە دەکەین وەك ئەوەی بڕیار بێت هەموو شت بەو شێوەیەی چاوەڕێی دەکەین روو بدات و بە دڵنیاییەوە بە ئامانج بگات. لە راستییدا، ئەزموونی کەسەکان دەربارەی هەمووشت، دەربارەی هەرشت کە باسی بکەیت، شتێکی ناخۆشە. دەی بۆچی تیرۆریزم دەبێت جیاواز بێت؟ من بەهیچ شێوەیەك باوەڕم بە تیرۆریستە زۆر ئەکتیڤەکان نییە.



**مامەڵەی ژێر بەژێر و شاراوە و شتی لەمجۆرە؟**

بە دڵنیاییەوە خراپەکارییەك و تێکەوڵێکەیەکی لەمجۆرەیە.

**ئاخۆ هاوکات بیر لە زیاتر لە یەك بەرهەم دەکەیتەوە؟**

نا. بەدڵنیاییەوە لە رووی بەرنامەوە. هەندێجار کە خەریکم لەسەر شتێك کار دەکەم، دەستنووسە پێشترەکانم رێك دەخەم، بەڵام بەگشتی حەز دەکەم بەرهەمێك تەواو بکەم و دواتر بچمە سەر بابەتێکی تر.

**لاموایە تۆ لەبری ئەوەی تێکەڵ و پێکەڵ بنووسیت، لە سەرەتاوە دەستی پێدەکەیت و سەرەنجام تەواوی دەکەیت؟**

بەڵێ، هەروایە. هەمووکات هەر بەمجۆرە دەنووسم. ئەگەر پچڕ پچڕ بنووسیت، بە شێوەیەك بەردەوامییەتی پڕ بەهای فۆڕم لەدەست دەدەیت، ئەو بەردەوامییەتییەی کە شاراوە و دەروونییە. هەندێجار ئەو کاتەی دەتەوێت فۆڕمەکەی بگۆڕێت، دەیدۆزیتەوە.

**لاتوایە لەناو هەر ژانرێکدا کە بەکاری دەبەیت، خۆت گۆڕانت بەسەر دێت و دەگۆڕێیت؟ بۆ وێنە بیرم لەوە کردەوە ناوەڕۆکی ریالیستییانەی تیرۆریست و تەنانەت هەندێجار کتێبەکانی "جەینی سۆمێرز"[75] لەچاو ریالیستبوونی سەرەتایی تۆ، بێلایەنانەترە.**

رەنگە بەهۆی چوونە سەرەوەی تەمەنەوە، بێلایەن دەبین.

75 -Jane somers

هەر کتێبێك بەلای منەوە پرسێکە کە دەبێت چارەسەر بکرێت. هەر ئەمەیە فۆرمەکە بەسەرماندا دادەسەپێنێت. بەمجۆرە نییە کە بڵێین: "دەمەوێت کتێبێکی زانستی-خەیاڵی بنووسم". لەو لایەوە دەستی پێدەکەیت و ئەوەی دەتەوێت بیڵێیت فۆرمەکە بەسەرتا دادەسەپێنێت.

**ئاخۆ بەردەوام و بەدوای یەکتردا دەنووسیت، یان ئەوەیە لەنێوان کتێبەکاندا پشوویەك دەدەیت بەخۆت؟**

بەڵێ، پشوویەك دەدەم. ماوەیەکە نەمنووسیوە. هەندێجار ئەم وەستانە زۆرە. هەمووکات بتەوێت یان نەتەوێت، هەندێ کار هەیە دەبێت ئەنجامی بدەیت، بۆ وێنە وتارێك بنووسیت. لە ئێستادا خەریکی نووسینی کورتەچیرۆکم. زۆر سەیرە، لەبەر ئەوەی چیرۆکەکانم زۆر کورتن. ئێدیتۆرەکەم، باب گاتلیب، رۆژێك زۆر بە رێکەوت پێی وتم: "تا ئێستا هیچ کەس چیرۆکی زۆر کورتی بۆ نەناردووە". کورتەچیرۆك بەلایەوە زۆر سەیربوو. من بیرم کردەوە: "خوای گەورە، چەندساڵە چیرۆکی زۆر کورتم نەنووسیوە". ئێستا دەستم کردووە بە نووسین، هەرکامەیان نزیك بە 1500 وشەیە، پرەنسیپێکی تایبەتی هەبێت. خۆم ئەمەم پێخۆشە. چەند کورتەچیرۆکم نووسیوە و رەنگە ناوی بنێم گەلاڵەکانی لەندەن، لەبەر ئەوەی هەموو چیرۆکەکان دەربارەی لەندەنە.

**کەوایە بە هیچ شێوەیەك تەمسیلی، یان نالۆکاڵی نییە؟**

نا وا نییە. بە تەواوی ریالیستییە. زۆر بە لەندەندا دەگەڕێم. هەموو شارێك بۆ خۆی سینەمایەکە. وانییە؟



**کاتی کارکردن خوو و عادەتێکی دیاریکراوت هەیە؟**

زۆر گرنگ نییە، لەبەر ئەوەی خوو و عادەتە. ئەوکاتەی منداڵم بەخێو دەکرد بەخۆم دەگوت لە کاتێکی کورتدا بە تەرکیزی زۆرەوە دەنووسم. ئەگەر کۆتایی هەفتەیەك یان هەفتەیەك بەگشتی کاتم بۆخۆم هەبوایە بە شێوەیەکی باوەڕنەکراو دەمنووسی. ئێستا ئەو جۆرە کارکردنە بووە بە خوویەك لە دەروونمدا، بەڵام لە راستییدا ئەگەر بتوانم هێورتر بنووسم، زۆر باشترە، بەڵام ئیتر بووە بە خوویەك بۆم. سەرنجم داوە زۆربەی خانمەکان هەربەم شێوەیە دەنووسن، لەحاڵێکدا گراهام گرین هەموو رۆژێك دووسەد وشەی بێ کەموکوڕی دەنووسی! وایان پێ گوتووم! لاموایە ئەگەر بەردەوام و بێ پسانەوە بنووسم زۆر باشتر دەنووسم. مرۆڤ دەستی پێدەکات و سەرەتا ناڕێکوپێك و خراپ دەست پێدەکات، دواتر دەگاتە شوێنێك کە ئیتر بێ پسانەوە دەنووسێت و دەکەوێتە سەر سکە. ئەوکاتەی دادەنیشم و بۆ هەر رستەیەك خۆم ئازار دەدەم و بە دژوارییەوە هەڵیان دەبژێرم باش نانووسم.

**لەم رۆژانەدا چ جۆرە کتێبگەلێك دەخوێنیتەوە، چیرۆکی هاوچەرخیش دەخوێنیتەوە؟**

زۆر دەخوێنمەوە. لە خوا بەزیادبێت زۆر خێرا دەخوێنمەوە، لەبەر ئەوەی ناتوانم جۆرێکی تر بخوێنمەوە. بڵاوکەرەوەکان کتێبی زۆر بۆ نووسەرەکان دەنێرن. هەموو هەفتەیەك نزیکەی دە کتێبم بۆ دەنێرن،

هەست بە قورساییەك دەكەم لەسەر شانم، لەبەر ئەوەی كەسێكی ئەركناسم. ئینسان بە خوێندنەوەی بەشی یەكەم و دووەمی كتێبێك دێتە دەستی كە كتێبەكە چۆن كتێبێكە. ئەگەر پێمخۆش بێت درێژە دەدەم بە خوێندنەوەی، لەبەر ئەوەی زۆر لە ویژدان و ئینسافەوە دوورە ئەمجۆرە دادوەریكردنە، رەنگە ئەو كاتە لە دۆخێكی گونجاوی رۆحیدا نەبین، یان زۆر شەیدای ئەو نووسینە بین. جگە لەمانە بەرهەمی ئەو نووسەرانەش دەخوێنمەوە كە كارەكانیانم پێ جوانە، هەمووكات دوایین بەرهەمەكانیان دەخوێنمەوە. هەڵبەت كەسانی دەوروبەریش كتێبی زۆرم پێ دەناسێنن كە بیخوێنمەوە. بەكورتی هەمووكات خەریكی خوێندنەوەم.

**دەكرێت دەربارەی "جین سامێرز" و ئەو فێڵەی كە لە بەرپێوەبەرانی رەخنە و لێكدانەوەی كتێبتان كرد، قسەمان بۆ بكەیت؟ من كەوتمە ژێركاریگەری ئەم كارە دووربینانە و سەرنجراكێشەی ئێوەوە، زیاتر لەبەر ئەوەی دوو رۆمانتان بە ناوی خوازراوەوە بڵاوكردەوە بۆ ئەوەی دەركەوێت چۆن لەگەڵ رۆماننووسە گەنجەكان هەڵسوكەوت دەكرێت.**

راستت دەوێت بڕیار نەبوو بۆ دوو رۆمان ئەم كارە بكەین، بەڵكو بڕیاربوو بۆ رۆمانێك ئەم كارە بكەین! جا چی لێكەوتەوە؟ سەرەتا رۆمانێكم نووسی و بە بریكارەكەمم وت دەمەوێت وەك رۆمانی یەكەم بیفرۆشم... رۆمانی یەكەمی ژنە رۆژنامەنووسێكی لەندەنی. شوناسی كەسێكم دەویست كە هاوتەریبی شوناس و كەسێتی خۆم بێت، زۆر جیاواز نەبێت. بریكارەكەم ئەم شتەی دەزانی و كتێبەكەی نارد بۆ بڵاوكەرەوەكە.



راپۆرتی ئەو بڵاوكەرەوانەم بینی. زۆر لووتبەرزانە بوو. بەشێوەیەكی سەیر لووتبەرزانە. وەك كەسێكی بالادەست بۆ بندەستەكەی. بڵاوكەرەوەی سێیەم، بڵاوكەرەوەی مایكڵ جۆزێف (بڵاوكەرەوەی یەكەم كتێبم) ئەو كات خاتوونێكی زۆر وریا بەرێوەی دەبرد بەناوی (فیلیپا هریسۆن). ئەم خاتوونە بە بریكارەكەمی گوتبوو: "ئەم كتێبە من دەخاتەوە یادی یەكەم كارەكانی دوریس لیسینگ". ئێمە دەترساین لەبەر ئەوەی نەماندەویست قاو بدات و بە هەموو كەسی بڵێت! كەوابوو بانگهێشتمان كرد بۆ نانی نیوەڕۆ. پێم گوت: "ئەو كەسە منم، دەتوانی هەربەم شێوە بڕۆیتە پێش!" سەرەتا پێی ناخۆش بوو، بەڵام دواتر پێشوازیكرد لە كارەكە. باب گاتلیب كە ئەو كات ئێدیتۆری كناپۆف بوو لە ئەمریكا گومانی كردبوو، بەگشتی بوون بە سێ كەس. دواتر بڵاوكەرەوەیەكی فەڕەنسایی تەلەفۆنی بۆكردم و پێی وتم: "بەمزوانە كتێبێكم لە نووسەرێكی بەریتانیایی كڕیوە، بەڵام بەردەوام لەخۆم دەپرسم تۆ یارمەتیت نەداوە لە نووسیندا؟" كەوابوو بەویشم گوت و بەگشتی دەبوون بە چوار پێنج كەس. هەموومان چاوەڕوانی ئەوەمان دەكرد كە كتێبەكە بڵاوبووەوە هەمووان بەم شتە بزانن. بەر لە بڵاوبوونەوە، كتێبەكەمان بۆ هەموو ئەو كەسانە نارد كە شارەزای نووسینەكانی من بوون، ناردمان بۆیان و هیچیان گومانیان نەكرد و بەو شتەیان نەزانی. سەرجەم نووسەرەكان بە تەواوی هەست دەكەن كە بوون بە دیل و ئەسیری دەستی چەند شارەزایەك، نووسەرەكان دەبن بە موڵك و دارایی ئەم شارەزایانە. بەكورتی، كارێكی زۆر سەرنجراكێش و باش بوو! باشترین شتك كە روویدا. چوار بڵاوكەرەوەی ئەوروپایی بێ ئەوەی بزانن

نووسەری کتێبەکە منم، کتێبەکەیان کڕی. زۆر باش بوو. دواتر کتێبەکە چاپ بوو، رەخنە و لێکۆڵینەوە لەسەر یەکەم رۆمان، وتاری کورت، زۆربەی وتارەکان ئەو ژنە رۆژنامەنووسانە نووسیبوویان کە لایان وابوو منیش یەکێکم لەوان. دواتر "جین سامێرز" نامەی زۆری لە لایەن لایەنگرەکانییەوە پێگەیشت، زۆرتر لەلایەن کەسانێکەوە کە شارەزای ئەدەب نەبوون. زۆربەی نامەکان لە لایەن ئەو کەسانەوە بوون کە چاودێری بەساڵاچووەکانیان دەکرد و ئەم کارە شێتی کردبوون. ژمارەیەکی زۆری نامەش لە لایەن چاودێرە کۆمەڵایەتییەکانەوە، چ ئەوانەی هاوڕا بوون و چ ئەوانەی ناکۆك بوون، بەدەستم گەیشت، بەڵام هەمووان نووسیبوویان زۆریان پێخۆشە کە لەم بارەیەوە نووسیومە. ئەوە بوو بیرم لەوە کردەوە رۆمانێکی تر بنووسم، ئیتر شەیدای "جین سامێرز" بووم. کە لە روانگەی یەکەم کەسەوە دەنووسیت، زۆر ناتوانیت لەو شتانە دوور بکەویتەوە کە گونجاوە بۆ ئەو کەسە. "جین سامێرز" لە چینی مامناوەندی بەریتانیا بوو و شتێکی تایبەت لە پێشینەکەیدا نەبوو. چینی مامناوەند زۆر سنوردار کراوەتەوە و سنووردارتر لەوان هیچ شتێك نابینیتەوە. "جین سامێرز" نەچۆتە زانکۆ، لە تەمەنی زۆر منداڵییەوە دەستیکردووە بە کارکردن، دواتر لە کۆمپانیایەك دامەزراوە، هەر کاری ئەو کۆمپانیایە بووە بە شێوەی بەڕێوەبردنی ژیانی. چووەتە ژیانی هاوسەرێتییەوە و زۆر لە ژیانی هاوسەرێتیش ناچێت. منداڵی نییە. حەز ناکات بڕواتە دەرەوەی وڵات. کە دەڕواتە دەرەوەی وڵات یان لەگەڵ مێردەکەیدایە یان بەهۆی سەفەری کارییەوەیە و کە دەگەڕێتەوە زۆر شاد و دڵخۆشە بەگەڕانەوەی. تێدەگەیت



ئەزموونەکانی چەند سنوورداره. کەوایە کاتی نووسین ئاگام لەوە بوو هەموو شت نەنووسم. دەمگوت، بڕۆ، بڕۆ، بڕۆ دواوە، ئەو ژنێکی زۆر ئاساییە. زۆر بە رەهایی دەربارەی دروستبوون و هەڵەبوونی شتەکان قسە دەکات.

**بەوەی کە چی لەبەر بکات...**

بەڵێ، هەموو شت! هاوڕێیەکم هەیە ئەو هەژارە زۆر ئەزیەتی خۆی دەدات، کاتی جل لەبەرکردن بۆ ئەوەی جلی باش لەبەر بکات، ئەوەندە خۆی ئەزیەت دەدات ئینسان حەز ناکات بەسەر کەس بێت! "جین سامێرز" تێکەڵەیەکە لە مرۆڤە جیاوازەکان. یەکێکی تر لەو کەسانە دایکمە. لەخۆم دەپرسم دایکم ئەگەر ئێستا گەنج بایە لە لەندەن چی دەکرد. سێیەم کەس خاتوونێك بوو کە دەمناسی، بەردەوام دەیگوت: "لە منداڵیدا زۆر بەختەوەربووم، باوك و دایکم شایستەی ستایشن. براکەمم خۆش دەویست. پارەیەکی زۆرم هەبوو. چوونە قوتابخانەم پێخۆش بوو. لە تەمەنی کەمدا چوومە ژیانی هاوسەرییەوە، مێردەکەمم دەپەرست..." هەر بەمشێوەیە درێژەی پێدەدا. دواتر کوتوپڕ مێردەکەی مرد. ئەو لە ژنێکەوە بە خوو و خەدەی منداڵێکەوە بوو بە کەسێکی گەورە. بەکورتی من لە هەموو ئەمانە کەڵکم وەرگرتن بۆ ئەوەی کەسێك دروست بکەم. کە لە روانگەی یەکەم کەسەوە کە زۆر لە تۆ جیاوازە دەنووسێت، هەندێك شت دەربارەی خۆت دەدۆزیتەوە و بە هەندێك شت دەگەیت کە سەرنجڕاکێشە.

**کەوایە بیرۆکەی یەکەم کتێبەکانی "جین سامێرز" بۆئەوە بوو کە تاوتوێی ئەو کەسانە دەربێنیت کە لە ئەدەبدا کار دەکەن.**

بەڵێ، ماوەیەکی زۆرە لە دامەزراوە و ناوەندە ئەدەبییەکان زۆر نزیکم. هەموو باشە و خراپییەکانیان دەناسم. بڵاوکەرەوەکان نین کە ئەوندە لێیان بێزارم، زۆرتر رەخنەگران و لێکۆڵەرانی کتێبەکانن کە بەوە گەیشتووم بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو هەڵسوکەوت و کارەکانیان پێشبینی دەکرێت. بەجوانی دەمزانی چی بەسەر ئەو کتێبانەدا دێت! بەرلەوەی دانی پێدا بنێم، لەگەڵ تەلەفزیۆنی کەنەدا وتووێژم هەبوو. پرسیاریان کرد: "لات وایە چی بەسەر ئەم کتێبانەدا دێت؟" وتم: "رەخنەگرە بەریتانیاییەکان دەڵێن کتێبی باش نییە". هەرواش بوو! تەنها چەند وتاری کورتیان لەسەر نووسین. لەم ماوەیەدا، کتێبەکە لە وڵاتانی تر بە باشی دەفرۆشرا.

**لە پێشەکی کتێبی "شیکاستا"دا نووسیوتە، لەباری دەستپێڕاگەیشتن بە هەموو جۆرە کتێبێك، خەڵك تێ ناگەن لە چ سەردەمێکی جیاوازدا دەژین. لە راستییدا تۆ لات وایە ئێمە خەریکین کلتووری کتێب خوێندنەوەمان دەفەوتێنین، ئەم دۆخە تا چەند بە مەترسیدار دەبینیت؟**

لەبیرت بێت من جەنگی دووەمی جیهانیم لەبیرە کە کتێب کەم بوو، کاغەز زۆر کەم بوو. بۆ من ئەوکات دەڕۆشتمە کتێبفرۆشی و لە لیستەی ئەو کتێبانەدا کە چاپ ببوون، دەمبینی ئەو کتێبەی من دەمەوێت یان ئەوەیە هەر نییە یان زۆربەی کات پەیدا نابن، ئەو دۆخەی ئێستا وەك



پەڕجوویەك وایە. لەو دۆخە دژوار و سەختەی ئەوکاتدا، مرۆڤ نازانێت پێویستی بەم شتانە هەیە یان نا!

**هەست بە بەپرسایەتی دەکەیت کە وتنی ئەم پێشبینییانە لە چیرۆکبێژی و گێڕانەوەی باش جودا بکەیتەوە؟**

دەزانم خەڵك وەك کەسێك کە پێشبینی دەکات، چاو لێدەکەن، خۆیان دەیلێن، بەڵام ئەو شتەی من دەیلێم ئەو شتە نییە کە بۆ وێنە لە بیستساڵی رابردوودا لە بڵاوکراوەی "زانای گەنج"دا باسی لێوە نەکرابێت. هیچ شتێك! ئەی بۆ بە من دەڵێن پێشبینیکەر و پێشگۆ، بەڵام بەوان ناڵێن؟

**تۆ باشتر دەنووسیت.**

جا چی بڵێم، دەمویست بڵێم من سەرنجڕاکێشتر باسی لێوەدەکەم، لام وایە هەندێجار خۆم دەدەم لە شەپۆلێك– هەرچەند زۆربەی نووسەرەکان ئەم کارە دەکەن– دواتر دەتوانم رووداوەکان پێشبینی بکەم، بەڵام لاموانییە بە راستی کارێکی گرنگ بێت. من لامواية ئەرکی نووسەر ئەوەیە پرسیار دروست بکات. خەز دەکەم ئەو کەسەی کتێبەکەم دەخوێنێتەوە، بەشێوەیەکی جیاواز بیر لە ئەدەب بکاتەوە. لام وایە نووسەرەکان هەر بەم شێوەیە بیردەکەنەوە. کاری ئێمە ئەوەیە. ئێمە هەمووکات بیر لەوە دەکەینەوە شتەکان چۆن کاردەکەن، چۆن روو دەدەن، ئەمە بەو مانایەیە ئێمە زۆر هەستیارین بەرامبەر بەو شتەی لە دەوروبەرمان روودەدەن.

**لەو ئەزموونانەی دەیەی 1960 و بەکار هێنانی ماددە وەهمزاکان و شتی لەوجۆرە، شتی وەهات بووە؟**

جارێك مێسكالینم[76] بەكارهێنا. زۆرم پێخۆشە كە ئەو كارەم جارێك كرد، بەڵام ئیتر دووبارەم نەكردەوە. زۆر دڵڕەق بوون بەرامبەرم. ئەو دوو كەسەی مێسكالینیان پێدام، زۆر خۆیان بە بەرپرس دەزانی! بەدرێژایی ئەو ماوەیە لە سووچێكەوە دانیشتن. بە مانایەكی تر، من لایەنی "میوانداری" كەسایەتی خۆمم دۆزییەوە، بە درێژایی ئەو ماوەیە خەریكبووم ئەزموونی ناخۆشی خۆم پێ پێشكەش دەكردن، بەم كارەم دەمویست تا رادەیەك خۆم رابگرم. ئەو كارەی كە دەبا بیكەن، ئەوە بوو كە دەبوو بێڵن تەنها بم. لاموایە دەترسان لە پەنجەرەوە خۆم بخەمە خوارەوە، بەڵام من لەو كەسانە نیم. دواتر زۆربەی كاتەكە دانیشتم و گریام و زۆریش گرنگ نەبوو، ئەو دوو كەسە رەنجان و ئەم شتە زۆرتر تووڕەی كردم. بەكورتی شتێكی سەرنجڕاكێش نەبوو و ئیتر دووبارەم نەكردەوە. دواتر كەسانێكم ناسی كەوتبوونە هەپەرووتێكی زۆر خراپەوە. تووشی وەهم و خەیاڵێكی سەیر ببوون. هاوڕێیەكم هەیە جارێك مێسكالینی بەكارهێنا و تەنها شتێك لەو بەكارهێنانە پێی گەیشت، خەوی ناخۆش بوو، كە بەردەوام دەیبینی. بۆ چەند مانگ شەوانە كە دەخەوت لە خەویدا سەری ئینسانەكان لە گەردنیان جیادەبوونەوە و سەریان دەپەڕا و تلی دەخوارد و دەیقژیاند. زۆر ناخۆش بوو.

**زۆر سەفەر دەكەیت؟**

ناكرێت بەر بە سەفەرم بگریت.

**زیاتر بەهۆی كارەوەیە؟**

---

[76] **مێسكالین** (mescaline) **ماددەیەكی سڕكەری وەهمزا. و– فارسی**



تەنها كار، ریكلام. دەزانیت نووسەرەكان بڕیارە كتێبەكەی خۆیان بفرۆشن! پێشكەوتنێكی سەیرە! با پێت بڵێم ئەمساڵ لەبەر بڵاوكەرەوەكان چوومەتە كوێ. چوومە ئیسپانیا، بەرشەلۆنە و مەدرید، هەڵبەت سەفەرێكی زۆر خۆش بوو. دواتر چوومە بەڕازیل و ئەو شتەی نەمدەزانی، لەوێ زانیم ئەویش ئەوە بوو كتێبەكانم لەوێ باش دەكڕن. دواتر چیرۆكە كەیهانییەكان. زۆریان پێخۆشە. دواتر چوومە سانفرانسیسكۆ. وتیان: "ئێستا كە لێرەی باشترە..." بڕۆیتە فلانە شوێن "باشتر وایە..." بڕۆیتە ئەوێ، بڕۆیتە كەناری زەریای پۆتلەند، چوویتەتە ئەوێ؟

**نا، هیچكات.**

ئەزموونێك بوو! لە سانفرانسیسكۆ كەسانێكی چێژخواز، بەرژوەندیخواز، مەجلیس خۆش و شیكپۆش دەژین. دوای یەك كاتژمێر بە فڕۆكە رۆیشتن، دەگەیت بە شارێكی زۆر وشك و بێ رۆح كە ناتوانیت هەست بە ئارامش بكەیت لەگەڵیان. زۆر سەیرە. تەنها تۆزێك لەسەرەوەی كەنار دەریاوە. ئەمریكای لێیە. دواتر بۆ جاری دووەم رۆیشتمە فێنلاند. فێنلاندییەكان باشترین كتێبفرۆشییەكانی دونیایان هەیە. كتێبفرۆشییەكانیان زۆر سەرنجڕاكێش و گەورەن، دەڵێن لەبەر ئەوە نییە شەوەكانیان درێژ و تاریكە! ئێستاش كە لە خزمەت ئێوەدام. دواتر دەڕۆم بۆ برایتۆن بۆ كۆنڤانسیۆنی چیرۆكە زانستی–خەیاڵییەكان. دواتر لە ئیتاڵیا خەڵاتێكم پێدەدەن بە ناوی خەڵاتی "مۆندلۆ" كە لە سیسیل پێم دەدرێت.

وتی: "باشە بۆچی سیسیل؟" ئەوان زۆر وشك و فەرمی وەڵامیان دایەوە "هەڵبەت خۆ دەزانیت سیسیل لەبەر مافیاکان وێنایەکی خراپی هەیە..."، بەکورتی دەڕۆمە سیسیل و دواتر بەدرێژایی زستانەکە دادەنیشم و دەنووسم.

**بیستوومە لەگەڵ فیلیپ گلاس لەسەر ئۆپێرایەکی کەیهانی کار دەکەیت؟**

هەندێك شت روودەدات بۆ کتێبەکان و هەندێك پێشهات دێتە رێیان کە سەرسووڕهێنەرن! کێ بیری لەوە دەکردەوە "خولقانی نوێنەرێك بۆ ئەستێرەی ژمارە هەشت" ببێت بە ئۆپێرا؟ لاموایە سەیرە.

**دەی چۆن بوو؟**

فیلیپ گلاس نامەیەکی بۆ نووسیم و وتی دەیەوێت ئۆپێرایەك بە پێی ئەو کتێبە دروست بکات و دواتر یەکترمان بینی.

**پێشتریش لەگەڵ مۆسیقای فیلیپ گلاس زۆر ئاشنابوویت؟**

نا، هیچ ئاشناییەکم نەبوو. ژمارەیەك لە بەرهەمە مۆسیقییەکانی خۆی بۆ ناردم. ماوەیەکی خایاند تا ئەوەی گوێم لەگەڵ مۆسیقاکەدا راهات. کە گوێم بۆ رادەگرت چاوەڕوانی ئەوە بووم درێژەکەی شتێکی تر بێت. لێم تێ دەگەیت چی دەڵێم؟ دواتر بۆ جارێکی تر یەکترمان بینی و هەموو شت بە باشی دەچووە پێش کە بەم هەموو جیاوازییەوە، سەیرە، ئێمە تەنانەت لەسەر رستەیەکیش نەکەوتینە ئەزیەتەوە، وا نەبوو. فیلیپ گلاس پێی وتم



کتێبەکەی بەدڵ بووە و لاموایە حەقی بوو، لەبەر ئەوەی لەگەڵ مۆسیقاکەیدا دەهاتەوە. ئێمە یەکتر دەبینین، دیداری کورت، رۆژێك لێرە، رۆژێك لەوێ. لەسەر کارکردن لەگەڵ یەکتر قسە دەکەین و بڕیار دەدەین چی بکەین و چی نەکەین. من لیبرتۆم نووسی.

**پێشتر هیچکات ئەم کارەت کردبوو؟**

نا، لەگەڵ مۆسیقادا نا.

**مۆسیقاکە ئامادە بوو و کارەکەت بە مۆسیقاوە دەستپێکرد؟**

نا، کارەکەمان بە دەقەکەوە دەستپێکرد. تا ئێستا شەش حیکایەت لە چیرۆکەکە ئامادەکراوە، لەبەر ئەوەی بەپێچەوانەی ئەو کارانەی کە تا ئێستا کردوویەتی، دەقی ئەم ئۆپێرایە چیرۆکە...

هەرکات بەشێك تەواو دەبێت، فیلیپ گالاس مۆسیقاکەی دروست دەکات، دەڵێت لێرەدا شەش رستەی زیاترم دەوێت، دەمەوێت لەوێ سێ رستە، بەکورتی مشتومڕێکی خۆشە.

**دەکرێت دەربارەی کاری دواترت قسە بکەیت؟**

بەڵێ، کتێبی دواترم کتێبێکی بچووکە، کورتەچیرۆکێك کە خەریکە پەرە دەستێنێت. زۆر سەیرە لە بەریتانیا رۆمانی کورتیان زۆر پێخۆشە. لێرە لە ئەمریکا زۆر پەسەند نییە. خەڵك لێرە کتێبی قەبەیان پێخۆشە، بەوەی ئەو پارەیەی پێی دەدەن، بهێنێت، ئەم رۆمانەم دەربارەی بنەماڵەیەکی زۆر

ئاساییە کە دێوێك لە ماڵەکەیان لەدایك دەبێت. چیرۆکێکی ریالیستییە. بیرۆکەکەیم لە دوو شوێن وەرگرتووە. یەکێکیان لە نووسەرێکی زۆر سەرکەوتووەوە بە ناوی "لۆرین ئایزلی". شانۆنامەیەکی نووسیوە، ناوی شانۆنامەکەم لەبیر نییە، بەڵام لەو شانۆنامەیەدا کەسێك، خۆرئاوابوون لە جادەیەکی گوندی لە کەنار دەریا پیاسەی دەکرد کە کوتوپڕ کچێکی نیاندرتاڵ دەبینێت، کچە دێهاتییەك لە گوندێك. ناتوانێت هیچی لێ بپرسێت. ڕووناکیش ئەوەندە نییە کە بتوانێت بە باشی بیبینێت، تەنها ئەوە دەزانێت کچێکی خرتەڵەیە کە پشتی کۆم بۆتەوە. نووسینێکی دڵتەزێن کە کاریگەری تەواوی لەسەر خوێنەر هەیە. ئەم نووسینە لە زەینمدا مایەوە، بەخۆم گوت: "ئەگەر دەکرێت دەربارەی نیاندرتاڵەکان بنووسین، ئەی بۆچی ناکرێت دەربارەی کرۆمگنۆنەکان بنووسین؟ یان مرۆڤە زۆر بچووکەکان یان جندۆکە، لەبەر ئەوەی ئەم بوونەوەرانە لە سەرجەم کلتوورەکاندا هەن". سەرچاوەکەی ترم کە ئەم رۆمانەم لێوەرگرت نووسینێکی زۆر تاڵ و دڵتەزێن بوو لە گۆڤارێکدا. خاتوونێك نووسیبووی، ئەمە نەنووسم شێت دەبم. لاموایە نووسیبووی سێ منداڵی هەیە. منداڵە بچووکەکەی کە ئەودەم حەوت هەشتساڵی تەمەنی بوو، بە دایکی وتبوو، شەیتان لە دایکبووە، وای نووسیبوو. ئەم بەچکە شەیتانە جگە لەوەی رقی لە چواردەورەکەی خۆی و کەسانی دەوروبەری خۆی بوو، هیچ کارێکی تری نەبوو. هیچکات کارێکی وەك خەڵکانی ئاسایی نەکردووە، لەوانە پێ بکەنێت یان شاد بێت. ببوو بەهۆی لەناوچوونی بنەماڵەکە لەبەر ئەوەی دەبێت بەهۆی بێزاربوونی هەموان: "شەوانە



دەڕۆمە ژوورەکەی و لەخەودا چاوی لێ دەکەم و لە حاڵێکدا کە خەوتووە ماچی دەکەم، لەبەر ئەوەی ئەوکاتەی بەئاگایە کەس ناتوانێت و ناوێرێت ماچی بکات". بەکورتی ئەم شتانە لە چیرۆکەکەی مندا هاتووە و بابەتی سەرەکی دەربارەی ئەم دێوە ئەوەیە کە بەتەواوی وەردەگیردرێت، دێوێکی ئاساییە. تەنها ئەوەی هەیە ئێمە ناتوانین خۆمان لەگەڵیدا بگونجێنین.

**زنجیرەی چیرۆکە کەیهانییەکان بەردەوامە؟**

بەڵێ، لەبیرم نەکردوو، ئەگەر دوایین کتێبت خوێندبێتەوە "بریکارانی سانتی مانتاڵ" کە چیرۆکێکی زانستی–خەیاڵی نییە و لە راستییدا تەنزە، بەشێوەیەك تەواو بووە خوێنەری بەرەو بەرگی دواتر دەبات[77]. لە کتێبی دواتردا من ئەم بریکارە زۆر ساویلکەم... ناوی ئەستێرە شەڕەکە چی بوو؟

**شمات؟**

بەڵێ، بەڵێ، دەینێرم بۆ شمات بۆ ئەوەی هەموو شتێك چاك بکات. نووسین دەربارەی شمات زۆر دژوارە، لەبەر ئەوەی نامەوێت لە گۆی زەوی بچێت! کارێکی وای ناوێت! پلۆتەکەم هەیە، تەنها تۆنێکم دەوێت، لێم تێدەگەیت؟

**زۆر بەشداری دەکەیت لە دانیشتنی خوێندنەوەی کتێبەکەتدا؟**

---

77– کتێبەکە لە ناوەڕاستی رستەیەکدا تەواو دەبێت.

نا زۆر، ئەوکاتە دەڕۆم داوام لێ بکەن. لە فێنلاند داوایان نەکرد. لەبیرم نییە کەی بوو دوایین جار داوایان لێکردم لە دانیشتن و کۆڕێکدا ئامادە بم بۆ خوێندنەوەی بەرهەمەکانم. ئای، هاتەوە یادم، ساڵی پار بوو لە ئەڵمانیا. ناخۆشترین سەفەری تەمەنم بوو. شوێنێك لە ئەکادیمیا لە ئەڵمان بانگکرابووم. لەوێ وتم: "من دەمەوێت وەك پێشتر کار بکەم و کاری هەمیشەییم بکەم، چیرۆکێك دەخوێنمەوە، دواتر وەڵامی پرسیارەکان دەدەمەوە". وتیان: "هەی هوو، تۆ چاوەڕوانی ئەوە نەبیت خوێندکارەکانی ئێمە پرسیار بکەن". وتم: "تەماشا چاوەکەم، ئەوە بسپێرە بەخۆم، خۆم دەزانم چی دەکەم". بەکورتی، دواتر هەر بەو شێوەیە چووە ڕێوە کە تایبەتی خودی ئەڵمانییەکانە. کاتژمێر چوار لەوێ بووین بۆ ئەوەی ئەو دانیشتنەی کە سەعات هەشت بەڕێوە دەچێت، شی بکەینەوە و ڕێکی بخەین. نەیاندەتوانی هیچ ناڕوونییەك قبوول بکەن– نا، بەڕاستی تاقەتی هیچ ناڕوونی و بێ بەرنامەییەکیان نەبوو. پێیانم گوت: "بێڵن کارەکان خۆیان بچنە پێش". هۆڵی وتاردانەکە زۆر گەورە بوو و من چیرۆکەکەم بە ئینگلیزی خوێندەوە و دواتر هەموو شت بە باشی چووە پێش، زۆر باش. وتم: "زۆر باشە پرسیارەکانتان بپرسن". دواتر ژمارەیەك مامۆستای نەخوێندەوار دەستیان کرد بە وەڵامدانەوە بە پرسیارەکان و مشتومڕ لەنێوان خۆیاندا دروست بوو، بە ڕستەی زۆر درێژ و پرسیاری بێزارکەرەوە، بەشێوەیەك کە سەرەنجام ئامادەبووان ماندووبوون و ڕۆشتنە دەرەوە. خوێندکارەکان لەناو کریدۆرەکەدا پرش و بڵاو ببوونەوە و کە یەکێك لە مامۆستاکان ڕستەیەکی دوورودرێژی تەواو کرد، کوڕێکی گەنج



هاواری کرد: "وێر، وێر، وێر، وێر". منیش بە بێ سەرنجدان بە هەستی مامۆستاکە وتم: "من بە پرسیاری ئینگلیزی ئامادەبووان وەڵام دەدەمەوە". بەکورتی گەڕانەوە و لە شوێنەکەیان دانیشتن و هەموو شت بەباشی چووە پێش، پرسیاری زیندوو و باش. زۆر باش بوو! مامۆستاکان زۆر تووڕە ببوون، وڵاتی ئەڵمانیاش هەر بەو شێوەیە. مامۆستا ئەڵمانییەکان لە هەموو شوێنێك خراپترن.

**بەم دواییانە چویتە بەلای نووسینی بابەتێکەوە کە چیرۆك یان ڕۆمان نەبێت؟**

تەنها کتێبێکی بچووك، کتێبێکم نووسیوە دەربارەی دۆخی ئەفغانستان. ڕۆیشتمە ئەفغانستان و کەمپی پەنابەرەکانم بینی، لەبەر ئەوەی بەزۆری لە لایەن ڕۆژنامەکانەوە پیاوەکان دەڕۆنە ئەفغانستان و بەهۆی ئیسلام و نەریتە ئیسلامییەکانەوە ئەو پیاوانە ناتوانن لەگەڵ ژنەکان قسە بکەن. کەوایە ئێمە زیاتر کاتی خۆمان دانا بۆ ئەوەی لەسەر ژنان کار بکەین و لەگەڵ ئەوان قسە بکەین. ناوی کتێبەکە "با وشەکانی ئێمە لەگەڵ خۆی دەبات"ە کە لە قسەی یەکێك لە شەرکەرەکانەوە وەرگیراوە کە وتوویەتی: "ئێمە هاوار دەکەین و داوای یارمەتی دەکەین، بەڵام با وشەکانی ئێمە لەگەڵ خۆی دەبات".

**تۆ کەسێکی بیانی بوویت و ماوەیەکی کەم لەو وڵاتەدا مایتەوە، نیگەران نەبوویت چۆن پشت بە بابەتە دوورودرێژەکەی تۆ دەبەستن؟**

مەگەر ئەو ڕۆژنامەنووسانەی بۆ ماوەیەکی کورت سەردانی وڵاتێك دەکەن نیگەرانی ئەوە هەن بەوەی بابەتەکەیان دەبێت بە سەرچاوە؟ بەڵام دەربارەی خۆم، ڕەنگە زۆر زیاتر لە زۆربەی ڕۆژنامەنووسەکان بۆ ئەم سەفەرە خۆم ئامادە کردبوو و ئاگاداری دۆخی ئەوێ بووم. چەند ساڵ شتم خوێندەوە بۆ ئەوەی ئەفغانەکان و پاکستانییەکان بناسم (لە کتێبەکەدا زۆر بە ڕوونی باسم لێوە کردووە) لەم ماوەیەدا کەسانێکم بینی کە بە فارسی قسەیان دەکرد، ڕۆژنامەنووسەکانی تر ئەو خاڵە پۆزەتیڤەیان نەبوو، یانی نەیاندەتوانی بە فارسی پەیوەندی بکەن بەو خەڵکەوە.

**شێوەی ڕاپۆرت نووسینی تۆ لەو کتێبەدا لەلایەن ڕۆژنامەنووسە ئەمریکییەکانەوە ڕەخنەی لێ دەگیرێت، تۆ بەوە تاوانبار دەکەن سەفەرەکەتان بۆ ئەفغانستان لە لایەن ڕێکخراوە تایبەتەکان و لایەنگری ئەفغانستانەوە ڕێکخراوە، تۆ چیت هەیە لە وەڵام بەوان؟**

ئەمە لەو جۆرە ڕەخنانەیە کە زیاتر لە جۆری ڕەخنەی چەپی دەچێت و کە توند قۆپچەکانیان دادەخەن، دەنگیان بەرز دەبێتەوە، ئەو کەسانەی کە لاموانییە کەس چاوەڕوانی ئەوە بێت من بە هەندیان وەربگرم و گرنگیان پێبدەم، لەبەر ئەوەی زۆر بە ڕوونی لە کتێبەکەدا باسم لەوە کردووە هیچ ڕێکخراو و دامەزراوەیەکی سیاسی ئەم سەفەرەی ڕێك نەخستووە. من بۆ گرووپێك بەناوی "ڕزگاری ئەفغان" کە هاوڕێکانم ڕێکیان خستووە و خۆشم یەکێکم لەوان، سەردانی ئەفغانستانم کردووە. ئەم گرووپە یارمەتی دا چەند کەس لە ئێمە سەردانی پاکستان بکەین، بەڵام یارمەتی ماڵی پێ نەداین. من تێچووی سەفەرەکەی خۆم دا، ئەوانی تریش هەروەها. مەبەست لە "ڕزگاری ئەفغان" پەیوەندی نزیك گرتنە لەگەڵ ئەفغانەکان، هەم ئەوانەی لە تاراوگەن و هەم ئەوانەی لەناو ئەو وڵاتەدا دەجەنگن و ئەوانەش کە لە لەندەن دژین و ڕاوێژکاری ئەم پلانەن. ئەم ئەفغانانە هاوڕێیانی خۆمن وەك کەس نەك هاوڕێیانی سیاسی. "ڕزگاری ئەفغان" تا ئێستاش پێنییەکی سەرف نەکردووە بۆ کاروباری ئیداریی، هەموو یارمەتی و پشتیوانییە مادییەکان لێرە و لە پاکستان بە شێوەی خۆویستانە بووە. باشتر وایە ڕوونی بکەمەوە: هیچ کەس جگە لە ئەفغانەکان لە "ڕزگاری ئەفغان" سوودمەند نابێت.

**ڕستەیەك بۆ کتێبەکانی "جین سامێرز" بەکار دەبەیت "ئەگەر گەنجەکان دەیانزانی\ ئەگەر بەساڵاچووەکان دەیانتوانی..." حەزت دەکرد هەندێك کارت بەشێوەیەکی تر ئەنجام دەدا؟ دەتەوێت ئامۆژگاری کەسانێك بکەیت؟**

ئامۆژگاری نا... بابەتی سەرەکی ئەوەیە کەس ناتوانێت باوەڕ بکات لەم بوارەدا هەموو شت کلێشەیە. هەموو شت دووبارەیە، بەمەشەوە مرۆڤ باوەڕ ناکات پیر دەبێت. خەڵکیش لەوە ناگەن چەند بە خێرایی پیر دەبن، کات زۆر زوو تێپەڕ دەبێت.

## تۆنی مۆریسۆن

تۆنی مۆریسۆن نووسەر و ئێدیتۆری ئەمریکایی و یەکێك لە ڕۆماننووسە هاوچەرخەکانە، ناوی خۆی کلۆئە ئانتۆنی ڤۆفۆردە و 18ی فێبریوەری 1931 لە لۆرین ئۆهایۆ لەدایك بوو. باوك و دایکی لە دەست



ڕەگەزپەرەستەکانی باشوور هەڵاتبوون و بۆ ئەوەی بە ژیانێکی باشتر بگەن هاتبوونە باکووری وڵات. باوکی لە کارگەیەکی پاپۆڕ دروستکردن وەك جۆشکار کاری دەکرد و لە سەردەمی تێکشکانە گەورە ئابوورییەکەی دەیەی 1930دا بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی بنەماڵە، لە سێ شوێن کاری دەکرد. باوکی پیاوێکی زەحمەتکێش، بەڕێز بوو. زۆر باش بە جلوبەرگ و ڕوخساری خۆیدا دەگەیشت و بەوپەڕی وردەکارییەوە کارەکانی ئەنجام دەدا و ناوی خۆی لەسەر کەشتییەکە بە جۆش دەنووسی. دایکی ژنێك بوو کە بەردەوام سەردانی کەنیسەی دەکرد و ئەندامی گرووپی کۆڕ[78] بوو.

لۆرین شارێکی بچووك و پیشەیی بوو، شارێك کە کۆچبەرە ئەوروپایی، مەکسیکی و ڕەشپێستەکانی باشووری گرتبووە خۆی و هەمووان پێکەوە بە ئارامی پێکەوە دەژیان. کلۆئە تەنها ڕەشپێستی قوتابخانەی سەرەتایی بوو و لە پۆلەکەیدا تەنها کەسێك بوو دەیزانی بخوێنێتەوە. سەرجەم هاوڕێکانی سپیپێست بوون و تا کۆتایی سەردەمی منداڵی کە هەستی بەرەو ڕەگەزی بەرامبەر جووڵا، نەیزانیبوو هەڵاواردن و ئاپارتایدی ڕەگەزی یانی چی. تۆنی مۆریسۆن دەڵێت: "باوکم ڕەگەزپەرەست بوو. لە منداڵیدا، لە جۆرجیا، سپیپێستە بەتەمەنەکان کاریگەری خراپیان لەسەر دانابوو بە شێوەیەك بۆخۆی بەڕەوا دەزانی لە سپیپێستەکان بێزار بێت و ئەو مافەی بەوان نەدەدا لەو بێزار بن".

---

[78]– گرووپی کۆڕ یان دەستەی کۆڕ، مەبەست لەو کەسانەیە لە کەنیسەکاندا بە کۆڕ سرووتە ئایینییەکان دەخوێنن (و–کوردی)

سەردەمی منداڵی مۆریسۆن پڕاوپڕ بوو لە فۆلکلۆری ئەمریکایی–ئەفریقایی، مۆسیقا و شیعر و ئەفسانەکان. بنەماڵەکەی "پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ مێتافیزیک" هەبوو و بەزۆری بە بەکارهێنانی توانا دەروونییەکانی خۆیان و هێماکان داهاتوویان پێشبینی کردووە. حیکایەتبێژی بەشێکی گرینگ بوو لە ژیانی خێزانی ۆفۆردەکان و گەورەکان و منداڵەکان حیکایەتیان بۆ یەکتر دەگێڕایەوە. نووسراوەکانی مۆریسۆن لە حیکایەتبێژی دەچێت و بەبیرهێنەرەوەی میراتی خەڵك و پێگەی ئەم خەڵکەیە لە کۆمەڵگادا. بۆ دەستپێکردنی نووسین بیرەوەریی سەردەمی منداڵی یارمەتی زۆری دا. هەربۆیە بەزۆری ژیانی راستەقینەی خۆی لە رۆمانەکاندا هێناوە و گونجاندوویەتی.

مۆریسۆن قوتابییەکی زیرەك بوو و لە سەردەمی قوتابخانەدا لەگەڵ تیۆلستۆی، دۆستۆیۆفسکی، فلۆبێر و جین ئاستین ئاشنا بوو و ساڵی 1949 بە نمرەی بەرزەوە خوێندنی ئامادەیی تەواو کرد. دواتر بە یارمەتی و پشتیوانی ماددی باوك و دایکی چووە زانکۆی هاوارد و لە کۆلێجی زمانی ئینگلیزی درێژەی بە خوێندن دا و هەر لەوێ لەبەر ئەوەی نەیاندەتوانی "کلۆئە" بەجوانی بڵێنەوە، ناوی خۆی گۆڕی بە کورتکراوەی "ئانتۆنی" و بوو بە تۆنی. دوای بەکالۆریۆس چووە زانکۆی کۆرنێل لە نیویۆرك و ساڵی 1955 لەم زانکۆیە ماجستەری تەواو کرد.

وەك پیشەی یەکەم لە زانکۆی تەکساسی باشوور لە هیۆستن، ئینگلیزی سەرەتایی دەوتەوە. بەلایەوە سەیربوو لەم زانکۆیە، "هەموو کات حەفتەی رەشپێستەکان بەڕێوە دەچوو". واتە کلتووری رەشپێستی، لەبری ئەوەی



زیندووکردنەوەی بیرەوەریی خێزانی بێت، بوارێکی خوێندن بوو. ساڵی 1958 بۆ خوێندن گەڕایەوە بۆ زانکۆی هاروارد و لەگەڵ هارۆڵد مۆریسۆن، بیناسازی جامائیکایی ژیانی هاوسەرێتی پێکهێنا. بەرهەمی ئەم ژیانە هاوبەشە دوو منداڵی کوڕی لێکەوتەوە و هارۆلد فۆرد و ئیسلید و دواتر ساڵی 1968 لەیەکتر جیابوونەوە.

سەردەمی بزووتنەوەکانی مافی مەدەنی بوون و تۆنی مۆریسۆن لەم چالاکییانەدا زۆر کەسی ناسی، لەوانە ئەندرۆ یانگ، کە دواتر لەگەڵ دکتۆر مارتین لۆتەر کینگ کاری کرد و دواتر بوو بە شارەداری ئاتلانتا، جۆرجیا.

لەم سەردەمەدا تۆنی پەیوەست بوو بە گرووپێکی بچووك لە نووسەرەکانەوە کە هەرکامەیان دەبا چیرۆکێك یان شیعریك بۆ قسەکردن پێشکەش بکەن. یەکێك لەو حەفتانە تۆنی چیرۆکێکی دەربارەی کچێك نووسی کە لە منداڵییەوە لە لۆرین دەیناسی، ئەو کچەی نزای دەکرد بۆ ئەوەی چاوەکانی شین بن. گرووپەکە پێشوازییان لە چیرۆکەکە کرد، تۆنی چیرۆکەکەی نایە لاوە.

ساڵی 1968 لە لقی بڵاوکەرەوەی رێندۆم هاوس لە سیراکیۆز، وەك هاوکاری هەڵەچن و ئیدیتۆر دامەزرا. کارکردن لە چاپ و بڵاوکەرەوەکە یارمەتیدەر بوو بەوەی مۆریسۆن زیاتر بەرەو نووسەربوون رابکێشرێت. کەوایە چووە بۆ لای رەشنووسی چیرۆکی "ئەو کچەی ئاواتی بوو چاوی شین بێت". چەند ساڵ دواتر چووە لقی رێندۆم هاوس لە نیویۆرك و بوو بە ئیدیتۆری پلە بەرزی ئەو شوێنە و لەگەڵ ئەنجامدانی کارەکانی زانکۆ، رۆمانی شینترین چاوی بۆ چەند بڵاوکەرەوەیەك نارد.

شینترین چاو دەربارەی ستانداردەکانی جوانی سپیپێستەکان و ئەوەی کچە تازە لاوە رەشپێستەکان چەند ئێرەیی دەبەن بەوەی کە چاوی شینیان هەبێت. ئەم کتێبە ساڵی 1970 پێشوازی زۆر باشی لێکرا.

بگێڕەوەی رۆمانی سێیەمی مرۆیسۆن، سروودی سولەیمان (1977) پیاوێکە بە شوێن شوناسی خۆیدا دەگەڕێت. ئەم کتێبە خەڵاتی رەخنەگرانی کتێبی نەتەوەیی و خەڵاتی ئەکادیمیای هونەرو ئەدەبی پێبەخشرا.

رۆمانی (In loved) چیرۆکێکی ریالیستییە کە ساڵی 1851 ژنێکی رەشپێست لەگەڵ منداڵەکانی لە دەست ئەرباب و خاوەنکارەکەی هەڵدێت و کە نزیکە بیگرن و قۆڵبەستی بکەن بڕیار دەدات منداڵەکانی بکوژێت بۆ ئەوەی نەگەڕێنەوە بۆ ژیانی کۆیلەبوون. ئەم کتێبە کە بە شاکاری تۆنی مۆریسۆن دەزانرێت، خەڵاتی ئەدەبی پۆلیتزەری لە ساڵی 1988 پێبەخشرا. فیلمی (IN loved) بە بەشداری ئۆپرا ئۆینفری لە ساڵی 1998 نمایش کرا.

تۆنی مۆریسۆن لە رۆمانەکانیدا وشە و دەستەواژەی زۆر شاعیرانەی بەکارهێناوە. کارەکتەرەکانی هەوڵدەدەن بەوەی بە حەقیقەتی جیهان بگەن، ئەو بابەتانەی هەڵی دەبژێرێت، خێر و شەڕ، عەشق و رق و بێزاریی، جوانی و ناشیرینی، خۆشەویستی و مەرگە.

تۆنی مۆریسۆن ساڵی 1993 وەك هەشتەمین ژنی نووسەر و یەکەم ژنە رەشپێست بوو بە براوەی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی.



مۆریسۆن ساڵی 1999 لەگەڵ کوڕەکەی ئۆسلید یەکەم کتێبی منداڵانی بەناوی "سندووق" نووسی. ئەم کتێبە بە شێوەیەکی رەشبینانە چاو لە سەردەمی منداڵی لە ئەمریکا دەکات و منداڵەکان ناچار دەکات بە شێوەیەکی جیاواز بۆ ئەو یاسا و بەهایانە بڕوانێت کە ژیانیان پێکدێنێت و لە گۆشەنیگایەکی نوێوە چاوی لێبکەن. کتێبەکە ئەوە دەخاتەڕوو چۆن گەورەکان بە مەبەستی چاکە و بە نییەتی باش، سەربەخۆیی و هەستی داهێنەرانی منداڵەکان دەکوژێت.

بیل کلینتۆن ساڵی 2001 خەڵاتی نەتەوەیی هونەر و مرۆڤدۆستی پێشکەش بە مۆریسۆن کرد. ئێستا مامۆستای خانەنشینکراوی زانکۆیە و لە ساڵی 2006ەوە وەك مامۆستای خانەنشین زیاتر بە نووسین و وەرگێڕانەوە سەرقاڵە.

تا ئێستا رۆمانێکی کراوە بە کوردی کە ئەویش رۆمانی "جاز"ە. ئەم رۆمانەی ساڵی 1992 خەڵاتی ئەدەبی پۆلیتەزەری پێ بەخشرا و رۆمانێکی مێژووییە و لە لایەن مەنسوور تەیفورییەوە کراوە بە کوردی.

ئەو وتووێژەی دەیخوێننەوە لەلایەن خاتوو زیا جەعفەری نووسەری کتێبی نادیارەکان: چیرۆکی خواجەکانی هیند (1996) ەوە ئەنجامدراوە و لە ژمارەی فێبریوەری ساڵی 1998 لە گۆڤاری سالۆن چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

تۆنی مۆریسۆنم له ئەپارتمانەکەی له سۆهۆ بینی. پاڵتۆکەی لە دەست گرتم و داوای لێکردم ساردی بخۆمەوە و دەستمان کرد بە قسەکردن. زۆر زوو هەستم بە ئارامشی ئەو ژوورە و ئامادەبوونی ئەو بۆ ئەوەی گوێم لێبگرێت، کرد. حەوتەمین رۆمانی ئەو، رۆمانی "بەهەشت" تازە لە لایەن بڵاوکەرەوەی کناپۆفەوە چاپ کراوە و لە ماوەی قسەکردنماندا تەلەفۆنەکە بەردەوام زەنگی لێدەدا و کوڕ و کچ و خوشك هاوڕێکانی هەواڵی تازەی خوێندنەوە و لێکدانەوەی کتێبەکەیان پێدەگەیاند. ئەم ژنە بەوپەڕی تاقەت و لەسەرخۆییەوە وەڵامی هەموو تەلەفۆنەکانی دەداوە. بەهەشت بە رستەی هەژێنەری "سەرەتا تەقەیان لە کچە سپیپێستەکە کرد" دەست پێدەکات و دەربارەی کوشتنی ژمارەیەك ژنە لە دەیەی 1970دا بە دەست گرووپێك لە پیاوە پێست رەشەکان کە بە مەبەستی پاراستنی شکۆ



و گەورەیی، بەوە گەیشتوون ژنانی یاخی، ئەو ژنانەی بە تێکدەری ئەخلاقی شارە بچووکەکەیان دەزانی، بکوژن. بەهەشت کتێبێکی سەرنجڕاکێشە و خوێنەر بە تەواوی هەستی پێدەکات و بە ئاسانی دەتوانین بە یەکێك لە باشترین رۆمانەکانی دونیا ناوی ببەین.

تۆنی مۆریسۆن ساڵی 1931 لە لۆرین ئۆهایۆ لەدایك بوو، رۆیشتە زانکۆی هاوارد و ماستەری لە زمانی ئینگلیزی وەرگرت و نامەکەی دەربارەی فاکنەر بوو. یەکەم رۆمانی "شینترین چاو" ساڵی 1969 چاپ و بڵاو بۆوە و دوای چەند رۆمان و شانۆنامەیەك، کتێبی (In loved) خەڵاتی پۆلیتزەری لە ساڵی 1988 پێ بەخشرا. تۆنی مۆریسۆن بوو بە براوەی خەڵاتی نۆبڵ لە ساڵی 1993 و لە ئێستادا لە زانکۆی پرینستۆن چیرۆکنووسین دەڵێتەوە.

زیا جەعفەری–ساڵۆن– 1988

**ئەو رەخنانەی دەربارەی کتێبەکانت دەنووسرێن دەخوێنێتەوە؟**

بەڵێ، بەڵێ، بەدڵنیاییەوە.

**راتان چییە دەربارەی رەخنەی زۆر توندی میکی کۆکاکۆتانی دەربارەی کتێبی بەهەشت لە نیویۆرک تایمز؟**

لاموایە بۆچوونی جیاواز هەیە دەربارەی ئەم کتێبە و مەبەستی ئەم کتێبە بە شێوەی جیاواز خوێندنەوەی بۆ دەکرێت. رەنگە هەندێ کەس لە روانگەیەکی تایبەت و لە گۆشەنیگایەکی تایبەتەوە بیخوێننەوە. لێکدانەوەی رۆژانەی نیویۆرک تایمز بۆ ئەم کتێبە زۆر توندڕەوانە بوو. لەم نموونە تایبەتەدا هەستم کرد باش نەنووسراوە. لێکدانەوە توندڕەوانە و دەمارگرژانەکان زۆر ناخۆشن، ئەوانەی کە خراپ نووسراون، زۆر سووکایەتی ئامێزن. ئەو رەخنەگرە بەڕاستی کاتی دانەنابوو بۆ خوێندنەوەی کتێبەکە.



**لام وانییە پاراستنی ئارامشی خۆت گرینگرە لە خوێندنەوەی ئەمجۆرە لێکدانەوانە؟**

ئینسان ناتوانێت نەیانخوێنێتەوە.

**پێویستە بزانیت چی دەڵێن؟**

دەزانم ژمارەیەك نووسەر هەن، لە رەوتی خولقاندن و نووسیندا وایان پێ باشترە هیچ رەخنەیەك نەخوێننەوە، یان رەخنە خراپەکان نەخوێننەوە، یان گوڵبژێری بکەن، لەبەر ئەوەی رەخنەی توند کاریگەری نێگەتیڤی هەیە لەسەریان. من ئەم شێوە خۆ تەریکخستنەوانەم بەلاوە پەسەند نییە. زۆر حەز دەکەم بزانم لەم وڵاتەدا چۆن دەڕوانن بۆ ئەدەبی ئەمریکایی–ئەفریقایی، چۆن دەربارەی ئەو نووسەرە و بۆچوونەکانی بیردەکەنەوە. کێشمەکێش و ململانێیەکی درێژماوەمان بووە و کاری زۆر هەیە دەبێت ئەنجامی بدەین. بەتایبەت حەز دەکەم بزانم روانینیان بۆ چیرۆکەکانی ژنان چۆنە و چۆنی لێکدەدەنەوە و باشترین رێگا بۆ زانینی ئەم شتانە ئەوەیە ئەو رەخنانە بخوێنیتەوە لەسەر کارەکانی خۆت دەنووسرێت و بە کۆمەڵێك هۆکار باس لە چۆن نووسینم ناکات. مەبەستم ئەوەیە ئەم لێکدانەوانە بە کەڵکی کاری نووسینی من نایەت. قەت بیر لەوە ناکەمەوە و ئەم نووسینانەش وام لێ ناکات کارەکانم بە حەزی ئەوان دابڕێژم، بیر لەوە ناکەمەوە دەبوایە چم بکردبایە و چۆن و چەندە سەرکەوتوو دەبووم. واتە بەم شێوەیە کاریگەری لەسەرم نابێت، بەڵام بە

گشتی حەز دەکەم پەرچەکردارەکان بخوێنمەوە و تا ئێستا، رەخنە لێکۆڵینەوەکان شتی سەیر و سەرنجڕاکێشی تێدا بووە...

**ڕۆمانی بەهەشت وەک ڕۆمانێکی فێمنیستی ناوی دەرکردووە، هاوڕای لەگەڵ ئەم ناولێنانەدا؟**

بەهیچ شێوەیەک. من هیچکات نووسینی "ئیست" نانووسم. یانی لە چوارچێوەی هیچ ئایدیۆلۆژیایەکدا خۆم قەتیس ناکەم. ڕۆمانی "ئیست"ی نانووسم.

**بۆچی خۆت لە فێمنیسم دوور دەگریت؟**

بۆ ئەوەی تا ئەو شوێنەی دەتوانم و بۆم دەکرێت لە خەیاڵ و فەنتازیای خۆمدا ئازاد بم، ناتوانم خۆم بخەمە چوارچێوەوە. هەر کارێک تا ئێستا لە دونیای نووسیندا کردوومە، بۆ پەرپێدانی شێوەی دەربڕین بووە، نەک بەرتەسککردنەوەی، بۆ کردنەوە و ئاوەڵاکردنی دەرگاکان، هەندێ جار کۆتایی ڕۆمانەکەم بە تۆزێک لێڵییەوە بە مەبەستی تەفسیرکردنەوەی دووبارە، خوێندنەوەی تر کراوە هێشتۆتەوە. من بێزارم لە پۆلێنبەندیکردن و تاقمبەندیکردن. لام وایە ئەو خوێنەرانەی هەست دەکەن خەریکم وتارێکی فێمنیستی یان مانیفێستێکی فێمنیستی دەنووسم دوور دەکەونەوە لێم. من باوکسالاریم بەلاوە پەسەند نییە و لام وا نییە دایکسالاری دەبێت جێگای بگرێتەوە. بەلای منەوە پرسی سەرەکی پرسی



دەست پێڕاگەیشتی یەکسان و وەک یەکە بە ئیمکانەکان کرانەوەی دەرگاکانە بەڕووی ژن و پیاودا بەشێوەی یەکسان.

**لەبەر ئەوەی ژمارەی کارەکتەرە ژنەکانت لەم کتێبەدا (ڕۆمانی بەهەشت) زۆر نییە، ئەمجۆرە ناولێنانانە ئاسانە.**

بەڵێ، بەڵام ئەم شتە بۆ نووسەرە پیاوە سپیپێستەکان ڕوونادات. کەس ناڵێت سۆلژنیتسین تەنها دەربارەی ڕووسەکان دەنووسێت، مەبەستم ئەوەیە بڵێن، یانی چی، بۆچی دەربارەی ڤێرمۆنت[79] نانووسیت؟ ئەگەر کتێبێکی هەبێت کە هەموو کارەکتەرەکانی پیاو بێت، یان پڕبێت لە کارەکتەری پیاو ژمارەی کەرەکتەرە ژنەکان کەم بێت... (کەس پێی ناڵێت ڕۆمانی پیاوسالارانە دەنووسێت. و- کوردی)

**تەنانەت کەس بەمەش نازانێت. کەس باس لە هێمینگوای ناکات کە ئەوەندە کێشەی هەیە لەگەڵ ژنان و ئەوەندە دژە ژنانە دەنووسێت.**

بەڵێ وایە.

---

79- Vermont **یەکێک لە ئیالەتەکانی ناوچەی نیو ئنگلەند لە باکووری ڕۆژئاوای ئەمریکا کە یەکێکە لە بچووکترین و کەم حەشیمەتترین ئیالەتەکانی ئەمریکا. (و- کوردی)**

**له ڕۆمانی بەهەشتدا ژمارەیەکی زۆر لە کارەکتەرە پیاوەکان کێشەی قووڵیان هەیە. لەخۆم پرسیوە تۆ لەگەڵ هیچکام لەو کارەکتەرانەی کە لە باری ئاکارییەوە بەهێزن، هەست بە نزیکایەتی و هاوسۆزیی دەکەیت؟**

لام وایە ئەوەی لەبارەی کێشەی ئاکاری و ئەخلاقییەوە بە هەستیاربوونی من نزیکترە، قەشە گەنجەکەیە، باوکە میزێنز. ئەو بە هەموو توانا و هێزییەوە لەگەڵ باوەڕە ئاینییەکانیدا دەجەنگێت، لەگەڵ گوشاری یاسایی و تێکچوونی مافی شارستانیدا دەجەنگێت.

**نیگەرانی گەنجییەتی**

نیگەرانی گەنجییەتی. زۆر نیگەرانی ئەوەیە نەوەک تەریك بکەوێت، لە ڕاستییدا ئەو لەسەر حەقە و ڕاست دەکات، ئەو کاتەی کە چاوەڕوانی زۆریان لێدەکرا، کوتوپڕ بێدەنگی زاڵ بوو و ئەوان جیابوونەوە و ئەم تەریك کەوتەوە.

**ئەو لە کارەکتەری "لیڤ" دەچێت لە ڕۆمانی "ئانا کارنینا".**

بەڵێ وایە

**بەردەوام ڕووبەڕووی ئەخلاقیات دەبێتەوە...**

ئەو بەرامبەر بەم شتانە ڕوانینی پۆزەتیڤانەی نییە، بەڵام دەیەوێت سەری باسەکە بکاتەوە. دەیەوێت کارێکی ترسێنەر بکات و ئەویش گوێدانە بە قسەی منداڵەکان. زۆرجار ئاماژەی پێدراوە یان لایان وابووە بەهەشت



شتێکی وای پێ نییە بۆ وتن، لەبەر ئەوەی باس لە بابەتێکی عەقڵانی دەکات کە گرینگ نییە، ئەویش بابەتی ئایینە.

**بە بەهەشتیان وتووە کتێبی دژوار.**

هەرکات دەڵێن ئەم کتێبە "دژوار"ە، سەرم سووڕ دەمێنێت، تەنگەنەفەس دەبم، لەبەر ئەوەی کەس نایەوێت دەربارەی ئەو شتەی ئێستا هەیە، قسە بکات.

**دەربارەی مائۆی دووەم، بەرهەمی (دێن دلیلۆ)ش هەر ئەم شتە دەڵێن، لەبەر ئەوەی لەناو کتێبەکەیدا ڕێوڕەسمی ئایینی هەیە وای پێدەڵێن؟**

لام وایە بۆچوونەکان جیاوازن لەیەکتر. تێڕوانینی جیاواز و چاوەڕوانی جیاواز لە ئەدەبی ڕەشپێستەکان دەکرێت.

**مەبەستت ئەوەیە دەیانەوێت بچێتە ئەو بوارانەوە کە پێشتر دەربارەیان بیستووتە؟**

بچمە ئەو بوار و پانتاییەوە و جارێکی تر بڵێن: "ئەها وا دەبێت، بڕیار نەبوو کەس لۆمە بکرێت". من نامەوێت کەس لۆمە بکەم. من تەنها دەمەوێت بێئەوەی چاو بتروکێنم، چاو لە شتێك بکەم. ببینن چۆنە یان چۆن بووە و ئاخۆ بەکەڵکی ژیانی ئەمڕۆ دێت. ڕۆمان هەموو دەم بۆ من پرسیارکردن و کونجکۆڵییە.

**له مندالّی و تازەلاویدا هیچ پەیوەندییەکت لەگەڵ وشەی فێمنیسم هەبوو، یان بەرامبەر بە خۆت وەك رەشپێستێك یان ژنێك وشیاریت هەبوو؟**

لام وایە ئەم دووانەم تێکەڵ بەیەکتر کردبوو، رەشپێستبوون و فێمنیسم، لەبەر ئەوەی چواردەورم بەو ژنە رەشپێستانە گەمارۆ درابوو کە زۆر بوێر و نەترس بوون و هەموو دەم پێداگریان لەسەر ئەوە دەکردەوە دەبێت کار بکەن و منداڵەکان گەورە بکەن و بە ژیان و ماڵ و منداڵیاندا بگەن. هەمووان چاوەڕوانی سەیروسەمەرەیان لە کچەکانیان هەبوو، بەزەییان نەبوو، بەڵام لام وانەبوو ئەوکارانە چالاکی فێمنیستی بێت. با بزانیت دایکم دەچووە سینەمایەك کە تازە لە شارە بچووکەکەماندا کرابۆوە بۆ ئەوەی دڵنیابێت خەڵکیان جیا نەکردۆتەوە، سپیپێستەکان لە لایەکەوە و رەشپێستەکان لە لایەکی ترەوە. هەرکە کرایەوە بەر لە هەمووان دایکم چووە ئەوێ بۆ ئەوەی بزانێت ئەو کەسەی لەوێ خەریکی کۆنترۆڵکردنی کەسەکانە، ئەو بەرەوکوێ رێنوێنی دەکات. چاوی لە دەوروبەری دەکرد و سکالای لە کەسێك دەکرد، ئەمە کاری هەموو رۆژێکی بوو، پیاوەکانیش هەروەها. هەربۆیە بیرم لەوە نەدەکردەوە دایکم دەست لەم رووبەڕووبوونەوەیەی هەڵبگرێت. ژنبوونیشی وای لێ نەدەکرد واز لەم کارە بێنێت. دەیویست بزانێت منداڵەکانی کە دەڕۆنە سینەما چی روودەدات، مندالانی رەشپێست، کچەکانی، کوڕەکانیشی. چواردەورم بەو کەسانە گیرابوو کە هەردوو کار و دەورەکەیان (رەشپێست بوون و فێمنیستبوون) زۆر بە هەند وەردەگرت، دواتر پێیان دەوت ئاکاری فێمنیستی. سەرەتا ئەم پێناسە و چەمکانە دەیخستمە ئەزیەتەوە. چەند وتارێکم لەم بارەیەوە



نووسی. سۆلام نووسی کە لە راستییدا لەباری تیۆرییەوە، بەپێی ئەم تیۆرییە زۆر نوێیە ژنان دەبێت هاوڕێی یەکتربن... لەو گەڕەکەی من گەورە بووم، زۆربەی ژنان حەزیان دەکرد لەگەڵ ژنان هەڵسوکەوت بکەن لەچاو پیاوان. لەڕوویەکەوە بەڕاستی "خوشك" بوون.

**هەمووکات هەڵسوکەوتت هەیە لەگەڵ ژنانی نووسەر، هەست دەکەیت پێویستە؟**

من هاوڕێی نووسەرم زۆر کەمە. چەند هاوڕێییەکی نووسەرم هەیە کە زۆر لەیەکتر نزیکین، بەڵام هاوڕێیەتیمان زیاتر لەبەر ئەوەیە کە ئەوان کەسانێکی نائاساین. نووسەربوون بەشێکە لە هاوڕێیەتیمان. پێم سەیرە سەرەتا کە کتێبی ژنانی رەشپێست لە لایەن هەموانەوە پەسەند کرا و وەرگیرا، یاسایەکی گشتی و نەنووسراو بوونی هەبوو و بەو پێیە ئیش دەکرا: "هیچکات دژ بە یەکتر قسەی سووك مەکەن". دیارە ئازاد بوون بەوەی کاری یەکترمان بەدڵ نەبێت، بەڵام هیچکاممان نەدەچووینە ئەو بارییەوە کە بڵێین "کێ لە هەمووان باشترە". بە شێوەیەکی زۆر جوان بە پێشبڕکێ خەریکی کارکردن بووین. هەندێ جار رەخنەی ژنێکی رەشپێست لەسەر بەرهەمی ژنێکی تری رەشپێست دەبینم، رەخنەیەك دژ بە بەرهەمەکانی، بەڵام رەخنەیەکی بونیادنەر، ئەمە کولتووری رەخنەیە. لەبەر ئەوەی هەمووان دەزانن تەنها لە بیاباندا فەزایەکی کراوە و بەربڵاو بوونی هەیە.

**بەوەت زانیوە بەتێپەڕبوونی کات و دوای چەند ساڵ، ئاستی تێگەیشتن و شعووری رەخنەگرەکانت گۆڕاوە و چووەتە سەرەوە؟**

بەڵێ، لەم چەندساڵەی دواییدا ئاستی تێگەیشتنیان چووەتە سەرەوە و هەستیارتر بوون. وازیان لە تەمبەڵی هێناوە. سەردەمانێك کتێبەکانم وەك کتێبی کەسانی تر، وەك کتێبێك کە باس لە پرسێکی کۆمەڵایەتی دەکات، چاوی لێدەکرا. بۆ وێنە دەیانگوت ئاخۆ باشترین روانینی هەیە بۆ بنەماڵەیەکی رەشپێست، یان نا؟ لەبیرمە جارێك لە نیویۆرکێر کتێبێکی من درابووە بەر رەخنە و لێکۆڵینەوە، وا بزانم رۆمانی (In loved) بوو و رەخنەگر لێکدانەوەکەی بە قسەکردنی دوورودرێژ دەربارەی بەرنامەی تەلەفزیۆنی "بیل کازبی" دەستپێکردبوو– واتە جۆرە بنەماڵەیەکی رەشپێست کە دەبوایە لەگەڵ بنەماڵەی ( In loved) بەراورد بکرایە. بەڕاستی بێزارکەر بوو. کەسێکی تر لە لێکدانەوەی کتێبی نیویۆرکدان کتێبەکەی منی لەگەڵ دوو نووسەری تری رەشپێست بەراوردکردبوو. ئێمە سیانەی تەنها لەبەر ئەوەی رەنگمان وەك یەکە،کەچی هیچ وێکچوونی تر نەبوو لەنێوانماندا، پێکەوە هێنابوو. سەرەنجام رەخنەگر بڕیاریدابوو کتێبی کاممان لەوانی تر باشترە. دواتر ئەم خاتوونە رەخنەگرە یەکێك لەو کتێبانەی وەك باشترین کتێب هەڵبژاردبوو، تەنها لەبەر ئەوەی زیاتر لە ژیانی راستەقینەی رەشپێستەکان دەچێت و لەگەڵ ژیانی ئەواندا دێتەوە. بەڕاستی ئەم شتانەم پێ ناخۆش بوو. ئەمە سووککردنی کاری نووسەرە.



**ئاخۆ شوێنێك بۆ ئەدەبی هێمۆسێکسواڵ، ئەدەبی رەشپێست، ئەدەبی ژنانی رەشپێست بوونی هەیە، مەبەستم ئەوەیە بە شێوەی پۆزەتیڤ بۆ ئەم باسانە بڕوانین؟**

بەڵێ، بەدڵنیاییەوە. هەموو شت لە گۆڕانە. کاتی دەوێت، بازاڕ دۆزینەوە (مارکێتینگ) جۆری تێگەیشتنی ئێمە بۆ ئەم کتێبانە دەگۆڕێت و وادەکات چۆن بۆ کتێبێك بڕوانین. ژمارەیەك لە نووسەرە رەسەنە ئەمریکییەکان، پێیان خۆشە پێیان بوترێت نووسەری رەسەنی ئەمریکایی. خوێندکارێکی سوورپێستم هەبوو پێم گوت: "بۆ چاپی کتێبەکەت تووشی کێشە دەبیت، لەبەر ئەوەی نە پیلاوی سوورپێستی لە کتێبەکەتدا هەیە و نە تەور هەیە". بەڕاستی کێشەی گەورەشی بۆ دروستبوو. مەبەستم ناردن بۆ بڵاوکەرەوەکانە. حەز ناکەم بڵێم بۆ چەند بڵاوکەرەوەی نارد، بەڵام سەرەنجام بڵاوبۆوە. کتێبی یەکەمی بوو، رەخنە و لێکدانەوەی زۆر باشی لەسەر نووسرا، بەڵام پرسی سەرەکی ئەوەیە کتێبەکەی لەبەر ئەوەی وەرنەدەگیرا و رەت دەکرایەوە کە نەیاندەتوانی باوەڕ بکەن ئەمریکایی رەسەنیش– بەتایبەت لەم نموونە تایبەتەدا– ئەمریکاییە.

**تۆ لە پرینستۆن وانەی نووسەربوون دەڵێیتەوە، دەتوانیت فێری کەسێك بکەیت چۆن بنووسێت؟**

لام وایە دەکرێت هەندێ لە لایەنەکانی وەك وانە بڵێینەوە. دەزانم خۆ چاوەڕێی ئەوە ناکەیت توانا و جۆری روانین فێری کەسێك بکەم، بەڵام دەتوانیت بە خەیاڵی ئاسوودەوە یارمەتی بدەیت.

### یان بە باوەڕ بەخۆبوونەوە؟

زۆر بەکەڵکم نایەت. لەم بوارەدا زۆر توندڕەوم. تەنها دەتوانم بڵێم دەبێت ئەم کارە بکەیت و نامەوێت گوێم لێ بێت کە بڵێیت دژوارە و ناکرێت. بەڕاستی تاقەتی بیستنی ئەم قسەیەم نییە. لەبەر ئەوەی هەرکەس لە تەمەنیدا شتێکی نووسیوە لەژێر گوشارێکی گەورەدا دەستی داوەتە قەڵەم، خۆم یەکێکم لەوانە. کەوایە بۆڵەبۆڵکردن بەوەی ناتوانیت کارێك بکەیت گاڵتەجاڕ و بێهوودەیە. کارێك کە هەمووکات بە باشی دەتوانم ئەنجامی بدەم، ئێدێتکردنە، هەموو کات ئەم کارەم کردووە. دەتوانم رایەڵەی بیرکردنەوەکانیان بدۆزمەوە و سەرەداوەکان بدۆزمەوە، بۆ ئەوەی بزانم زمانیان بەرەو کوێ دەڕوات و رێگای تر پێشنیار بکەم. من دەتوانم ئەم کارە بکەم و زۆر باشیش شارەزای ئەم کارەم. حەز دەکەم دەستنووسەکان ئێدێت بکەم.

### چۆن ئێدێتۆری و نووسەربوون و دایکبوونت پێکەوە رێکخستووە؟

کە چاو لەو ساڵانەدەکەم و ئاوڕ لەو ساڵانە دەدەمەوە، ئەو کاتانەی منداڵەکانم ورد بوون و هەموو رۆژێك دەچوومە ئۆفیسی کارەکەم، خۆشم نازانم چۆن ئەو هەموو کارە پێکەوە دەچووە پێش. بۆچی ئەوکارانەم پێکەوە دەکرد؟ تا رادەیەك لەبەر ئەوە بوو کە لام وابوو نانهێنەری بنەماڵەم، کەوایە دەبوایە هەرکارێکم کردبا بۆ ئەوەی سەربەخۆیی ئابووریم



بێت و بتوانم پارێزگاری لە بنەماڵەکەم بکەم، بەڵام نووسین بۆ خۆم بوو، دەمدزی، لە دونیام دەدزی.

### کەوایە کەی دەتنووسی؟

بەیانیان زۆر زۆر زوو، بەرلەوەی منداڵەکان خەبەریان بێتەوە، شەوانیش زۆر درەنگ دەمتوانی کار بکەم، ناتوانم زۆر بنووسم، بەڵام زۆر زوو هەڵدەستم، هەربۆیە بەیانیان زۆر زوو و کۆتایی حەفتەش دەمنووسی. هاوینان منداڵەکان دەچوون بۆلای دایك و باوکم لە ئۆهایۆ و خۆشکیشم لەوێیە– هەموو خزم و کەسوکارم لەوێ دەژین– هەموو هاوینەکە بە نووسینەوە سەرقاڵبووم. بەکورتی بەمشێوەیە دەمنووسی. ئێستا بەلامەوە تۆزێك شێتانەیە، بەڵام کە چاو لە ژیانی ئاسایی ژنانی تر دەکەم و بیری لێدەکەمەوە کە چەند کار پێکەوە ئەنجام دەدەن، دەزانم وەك ئەوان وام. ژنان دەتوانن هەموو کارێك ئەنجام بدەن. ژیان رێك دەخەن. ئێمە فێردەبین چۆن کەڵك لە کات وەربگرین و کات بە فیڕۆ نەدەین. تۆ هەرجارەی کە قاپ دەشۆی پێویست ناکات فێربیت چۆن قاپ بشۆیت، فێربوویت چۆن بیشۆیت. کەوایە ئەوکاتەی قاپ دەشۆیت بیر دەکەیتەوە. دەزانیت قاپ شتن هەموو مێشك و فیکر و بیرکردنەوەی تۆ داگیر ناکات. یان لە میترۆ. من زۆربەی کێشە ئەدەبییەکانم لە بیرکردنەوە لە میترۆ چارەسەر کردووە. دواتر بیرم دەکردەوە، زۆرباشە ئێستا ئەم کارەکتەرە ئەم کارە دەکات؟ دواتر بیرۆکەیەکی باش بە مێشکمدا دەهات. کە دەگەیشتمە سەرکارەکەم، دەستبەجێ دەمنووسی نەوەك لەبیرم چێتەوە.

ژیانێکی دەروونی زۆر بەهێزم بۆ خۆم و کارەکتەرەکانم دروستکردبوو، لەبەر ئەوەی هەموو کات شتێك لە ناوەوە هەڵدەقولا. کاتی بەتاڵم نەبوو. ئێستا ئیتر بەو شێوەیە ناژیم، بەڵام هێشتا کارم زۆرە کە پێیانەوە سەرقاڵم. مەبەستم ئەوەیە زۆر ناچمە دەرەوە.

**لۆئیز کێیە؟ کتێبەکەت بەو پێشکەش کردووە.**

خوشکەکەم. پێی دەڵێن لۆئیز. (پێدەکەنێت).

**ئێدیتۆری تۆ لە کناپۆف کێیە؟**

دوو ئێدیتۆرم هەیە.

**ئارۆل مەك دانۆلد و سونی مەتا؟**

بەڵێ، دەزانیت بۆ سەرجەم کتێبەکانم تا رۆمانی (IN loved)یەك ئێدیتۆرم هەبوو. بۆب گاتلیب. دواتر ئەو چوو بۆ نیویۆرکێر. دەبوایە کەسێکم بدۆزیبایەتەوە. هەمووان دەیانگوت خۆتۆ پێویستت بە ئێدیتۆر نییە. وتم: "بۆچی نا. لەبەر ئەوەی خۆم ئێدیتۆر بووم پێشتر دەزانم بوونی ئێدیتۆر چەند پێویستە"، مەبەستم کەسێکە ئینسان لەگەڵی قسە بکات. "بۆب" بۆ ئەم کارە زۆر باش بوو. زۆر شت لەوەوە فێربووم، هەر لە قسەکانمانەوە. ئەو خوێندەوار و خۆش مەشرەفە و ئینسان دەتوانێت بەقسەکردن لەگەڵی زۆر شت فێربێت. کاری ئەوە نییە لە پەراوێزی دەستنووسدا کۆمەڵێك یادداشت بنووسێت بەڵام...



**بیرکردنەوەی گشتی...**

رێك هەروایە. سۆنیش دوای ئەو چووە کناپۆف.— سۆنیم زۆر خۆش دەوێت زۆر وریایە دەربارەی کتێب و بڵاوکردنەوەوە، زۆر زیرەکە لەو بارەیەوە. لە کناپۆف بەڕێوەبەر بوو. بۆب گاتلیبیش بەڕێوەبەر بوو، بەڵام تەنها بەڕێوەبەرێك بوو کە ئێدیتیشی دەکرد، رستە بە رستە، سۆنی ئەم کارەی نەدەکرد. واتە نەدەبا بیشی کردبا. زۆربەی بەڕێوەبەرانی بڵاوکەرەوەکان ئێدیت ناکەن، بەڵام من کەسێکم دەویست...

**کە ئەو تواناییەی...**

ئەوەبوو پێیان وتم چۆن کەسانێکت دەوێت سەرەڕای ئەوەی ئارۆڵ مەك دانۆڵد لە پانتئۆن کاری دەکرد (کارەکانی خۆم بەو سپارد).

**کەوایە ئارۆڵ ئێدیتۆری یەکەمی تۆیە و ئەوە بەڕاستی کە ئێدیتی کارەکانت دەکات؟**

بەڵێ... هێڵە گشتییەکان. هیچ گومانێکم نییە لە تواناکانی، زۆر باشە، بەڕاستی جێگای گومان نییە، هەموو شتێکی خوێندووە، دەتوانێت زۆر بە باشی پەیوەندی دروست بکات. ئەو زۆر بەباشی چاودێری کتێب دەکات، هەموو شتێکی کتێبەکە، بەرگی کتێبەکە، جۆری مقەبای بەرگی کتێب، کاغەز، هەموو شتێك بەلایەوە گرینگە. کە ئێدیتۆری دووەمم بینی و لەگەڵی کەوتمە راوێژ و کارکردنەوە، رۆمانی "جاز"م تەواوکردبوو. کەوایە ئارۆڵ کارێکی وای نەبوو، بەڵام دەربارەی رۆمانی بەهەشت، دەستنووسەکانم

بۆی نارد، واتە بۆ وێنە سەد لاپەڕەی ڕۆمانەکەم بۆنارد و ئەویش ڕاوبۆچوونی خۆی بۆ ناردم. کەوایە کارەکە بە شێوەی جیاواز بەڕێوە دەچوو، لەبەر ئەوەی منیش دەستنووسەکانم لە دۆخی جیاوازدا بۆ ناردبوو.

**دواتر ئەو دێڕ بەدێڕ دەستنووسەکانی ئێدێت کرد و پێیاندا چۆوە، یان دەستی وەردا لە ڕەوتی چیرۆکەکە؟**

نامەیەکی دووروودرێژ و سەرنجڕاکێشی بۆ نووسیم، هەڵگری زانیاری و وردەکاری دەربارەی بەشە بەهێزەکان، بەشە سەرکەوتووەکان و ئەو بەشانەی خستبوویە ئەزیەتەوە و بەشە خراپەکانی و شتی لەمجۆرە. واتە ئەوەی مرۆڤ حەز دەکات بیزانێت.

**وابزانم لە گۆڤاری تایمزدایە باست لەوە کردووە هێشتا دەبێت لەسەر ڕۆمانی بەهەشت کار بکەیت؟**

من سەرجەم ئەو کتێبانەی نووسیومە بەم شێوەیە هەڵدەسەنگێنم... سالآنێك دواتر، کتێبەکان دەخوێنمەوە، یان لەناو جەماوەردا دەیانخوێنمەوە و دەڵێم...

**"دەبوایە ئەم کارەم بکردبا..."**

یان "نەدەبا ئەم کارەم کردبا". یان بۆ وێنە ئەم ڕستەیە، ئەو ڕستەیە و بەم شێوەیە تا کۆتایی دەچمە پێش.



**دەربارەی ڕۆمانی بەهەشت هەڵسەنگاندنی تایبەتی خۆت...**

لەو کارەی کە دەبوایە بمکردبایە؟ حەزم دەکرد جۆرێکی تر ڕووبەڕووی پاتریشیا ببمەوە، سەرجەم شەجەرەنامەکان هەڵبگرێت.

**بەڵێ، لە کۆتاییدا دەیسووتێنێت.**

چەند کەس لەو ژنە گەنجانە. وەك ئانا، کە باوکە میزنێر دەبینێت— بەڵام خوێنەر پێشتر هەندێ شت دەربارەیان دەخوێنێتەوە، دەزانێت چۆن دەربارەی بیر دەکەنەوە، بەڵام ڕوانگەیەکی دەروونگەرایانەی هەیە. کچەکە کەسێکە هەست دەکات خەڵك سووکایەتی پێدەکەن. کەوایە بە شوێن بەرژەوەندی تایبەتی خۆیەوەیە. هەوڵی هەڵسەنگاندنی دووبارەی ڕووداوەکان دەدات و سەرەنجام کۆمەڵێك شتی مەترسیدار دەربارەی ئەم شارە دەزانێت.

**هاوڕێیەك پێی وتم: "بۆچی لە تۆنی مۆریسۆن ناپرسیت چ شتێك تووڕەی دەکات؟"**

دەزانیت، من ئیتر تووڕە نابم. شتێکی زۆر زۆر نامۆیە. هاوینی ئەمساڵ بە هاوڕێیەکم وت هەست دەکەم لە خاڵێکی وەرچەرخاندام و نازانم ئەو خاڵە چییە. بەڕاستی پێم ناخۆشە ئیتر تووڕە نابم. شتێکی ناخۆشە تووڕە نەبیت. بەڕاستی تراژیکە. دواتر ماوەیەك لەوەوپێش تووڕە بووم لە دەست ئەم کچەی ناو کتێبەکە. تا ئێستا کەس بەقەد ئەم کچە تووڕەی نەکردووم.

لە هەندێ شت توورە دەبم، دواتر دەچمەوە سەرکارەکەم. ئەمڕۆش جاستینا تۆزێك توورەی کردم.

**جاستینا؟**

جاستینا کچۆڵەیەکە کە دایکی بە یارمەتی خۆشەویستەکەی دەیکوژێت.

**ئای خوایە، بەڵێ، لە نیویۆرك پۆستدا.**

کە ئەو بەشەم دەخوێندەوە کە دایکی دەیگوت کاتی نوقمبوونی کچەکەی، منداڵەکە دەستی گرتبوو، ئاگرم تێبەر بوو.

**وردەکارییەکی زۆر تراژیك.**

ئەوەندە بیرم لەم هەواڵە کردەوە تا ئیتر ئاسایی بۆوە بۆم و ئارامبوومەوە. بەڕاستی حەزم دەکرد دەربارەی ئەم منداڵە بنووسم. ئەم شتانە ئاگرم تێبەردەدەن و توورەم دەکەن، بەڵام بەشێوەی گشتی، لام وایە بەهۆی ئەوەوەیە چوومەتە تەمەنی 64 ساڵییەوە، مرۆڤ بتەوێت و نەتەوێت تووشی خەمۆکی دەبێت.

**خەمۆکی، واتە لە پەرچەکردارەکانتدا تەسلیم بوویت یان پەسیڤ؟**

ئیتر تاقەتت نامێنێت. کە بەتەمەنی من بگەیت، هەوڵت ئەوەیە چوار کاری باش ئەنجام بدەیت، ئیتر وازی لێدێنیت. تەنانەت بە



خوێندکارەکانیشم دەڵێم چوار کار. کارێکی کاریگەر کە وانییە بڕیاربێت کارێکی تایبەتی بێت.

**ئەو چوار شتە چییە؟**

کە دەیکەم؟

**ئەو کارەی بۆ وێنە ساڵی پار ئەنجامت دا.**

با پێت بڵێم، لام وایە، ئەم کتێبە یەکیان، ئەویتریان وانەوتنەوە و نامەوێت باسی دووانەکەی تر بکەم.

**زۆر باشە، پرسیارێکی جیاواز: لەناو نووسەرانی هاوچەرخدا، کتێبی کام یەك لەو نووسەرانە بەپەلە دەکڕیت و دەخوێنیتەوە؟**

مممم. بەردەوام هەوڵدەدەم کتێبەکانی مارکێز بکڕم. سەرجەم کتێبەکانی دەخوێنمەوە. کتێبەکانی پیتەر کییەرم ناو بەناو دەخوێندەوە، بەڵام ئێستا سەرجەم کارەکانی دەخوێنمەوە. بەرهەمەکانی پێنچاون دەخوێنمەوە. چاو لە لیستەی کتێبەکان دەکەم و دەیانکڕم. کێی تر؟ جامائیکا کین کید، کتێبێکی تازەی نووسیوە کە هێشتا نەمخوێندۆتەوە. کارەکانیم زۆر پێخۆشە و عاشقی کارەکانیم و بە تامەزرۆییەوە دەیخوێنمەوە. چیرۆکەکانی جوان و لە هەمانکاتدا تراژیکە.

**حەز دەکەیت جارێکی تر بچیتەوە ژیانی هاوسەرییەوە، مەبەستم ئەوەیە هاوسەرگیرییەکەت، بۆچوونی دەربارەی هاوسەرگیریی و ژیانی هاوسەریی گۆڕیویت؟**

نا، خودی هاوسەرگیری زۆرباشە. لام وایە دەبێت دایك و باوك پێکەوە ئامادە بن و شتێك بدەن بە منداڵەکە. هەموو شت بۆ دایکێکی تەنها یان باوکێکی تەنها قورسە. تەنها مانەوە ناخۆشە. بەردەوام هەوڵ دەدەم پەیوەندی بەربڵاوم هەبێت لەگەڵ سەرجەم ئەندامانی بنەماڵە، نەك تەنها لەکەسانی نزیکی خۆم، بەڵام هاوسەرگیریی و جیابوونەوە زۆر شتی فێرکردووم. لاموایە هەموو ژنەکان زۆر شت فێر دەبن، بەڵام خۆیان نازانن. لەبیرمە لەگەڵ هاوڕێیانم لە شوێنێك دانیشتبووین هەموومان جیاببووینەوە، یان بە جیا دەژیاین، یان هاوسەرگیریی دووەم و سێیەممان بوو، شکستمان زۆر بوو لە ژیانی هاوسەریماندا. من وتم: "من بەگومانەوە دەڵێم شکستم خواردووە، تکایە بڵێن: "چی فێربوویت؟ ئاخۆ رووخانی ئەو پەیوەندییە شتێکی بەهاداری تێدابوو؟" هەمووان کەوتنە فیکرەوە و خۆشم هەروەها، هەموومان بە شێوەی نائاسایی قسەمان کرد و هەندێ شتی نائاساییمان گوت. خاتوونێك وتی: "من فێربووم چۆن قسە بکەم. بۆ یەکەمجار فێربووم چۆن قسە بکەم". خاتوونێکی تر وتی: "من فێربووم ژیانم رێك بخەم. کە گەنج بووم لە ماڵداریدا زۆر خراپ بووم". مێردی ئەم خاتوونە لە هەموو مێردەکان خراپتربوو و ئەو خاتوونە دەبوایە کارێکی کردبا کە هەردووکیان بتوانن لەو ماڵەدا پێکەوە بژین. ئێستا توانایەکی زۆر باشی لە رێکخستندا هەبوو، لە ژیانی رۆژانەیدا بەکەڵك بوو. من پێم وتن: "کە وایە نابێت بیر لەم



بەریەککەوتنانە بکەینەوە، هەچەند درێژخایەنیش بێت. ئەم رووداوە شکستێکی هەتاهەتایی نییە. هەندێ شتی تریش هەیە و مرۆڤ دەتوانێت لە دەروونی ئەو شکستەوە هەندێ شتی تر هەڵبهێنجێت".

**ئەو وانەیەی تۆ فێربوویت، چی بوو؟**

من فێربووم باوەڕم بەخۆم بێت، هەرچەند تێکشکانی پەیوەندییەك پێچەوانەکەی لێدەکەوێتەوە. من دەبوایە لەسەر پێی خۆم راوەستم و متمانەم بەخۆم بێت. کە دەمویست لە پیشەکەمدا پلەم بەرزبێتەوە، زۆر کەم وەك ژنێك پلەکەیان بەرزکردمەوە. من وتم: "زۆر کەمە". ئەوان دەیانگوت "بەڵام..." دەمگوت: "نا، ئێوە نازانن، تۆ بەڕێوەبەری بنەماڵەی. دەزانیت چیت دەوێت. من ئەم بەرزبوونەوەی پلەیەم دەوێت. ئەوەندەم دەوێت". ئێستا کارەکەم جیدییە. خۆ یاریی منداڵانە نییە. کارێکی جیدییە. من بەڕێوەبەری بنەماڵەم. دەبێت کار بکەم، بۆ ئەوەی بتوانم منداڵەکانم بژیەنم.

ئینسان نانوانێت هەموو دەم جیابوونەوە و تەڵاق بۆ منداڵەکانی شی بکاتەوە. منداڵەکان منیان بە تاوانبار دەزانی. تازەلاو بوون. ئێستا ئیتر زۆر لە دڵەوە نزیك و خۆشەویستن، ئەگەر منداڵی خۆشم نەبایەن عاشقیان دەبووم، بەڵام کە زۆر منداڵ بوون، پێنج شەش ساڵیان تەمەن بوو، نەیاندەزانی چی بووە و تێنەدەگەیشتن. هیچکات خراپەی باوکیانم نەگوت، تەنها لەبەر ئەو پەیوەندییە. ئێستاش بەخراپە باسی ناکەم، رەنگە هەڵەم کردبێت. نەمدەویست شتێك بەوان بڵێنم. نەمدویست هەڵبژێرن.

**کە منداڵەکان گەورە دەبوون، دەربارەی پرسە رەگەزییەکان و ئەو شتانەی رووبەڕووی دەبوونەوە ڕێنوێنیت دەکردن، یان ئاگادارت دەکردنەوە؟**

نا، کەمتەرخەم بووم لەوبارەیەوە. بە شێوەیەکی خراپ کەمتەرخەم بووم. یەکێک لە منداڵەکان ساڵی 1968 لەدایک بوو. لام وابوو ئەوەی بەسەر من هاتووە هیچکات ئەو نایبینێت. دیارە کێشەی سیاسی و بوون و نەبوون و شتی لەمجۆرە بوونی هەبوو، بەڵام منداڵەکانی من ئیتر ئەو بێزاری و شکستانەی خوشک و براکانم رووبەڕووی دەبووینەوە، یان خراپتر لەوە، دایکم یان خراپتر لەوەش، دایکی دایکم رووبەڕووی بۆوە، بەچاو نابینن. دۆخەکە تا دەهات باشتر دەبوو، زۆر باش نا بەڵام ئیتر... بەڵام تا ئاستێک بیرم لەوە دەکردەوە منداڵەکانی من ئەو کێشانە نابینن و بەتەواوی لەهەڵەدا بووم.

**لەبەر ئەوەی دەیەی 1980 هات...**

وەک تاوانبار هەڵسوکەوتیان دەکرد لەگەڵ کوڕە رەشپێستەکان. بەردەوام دڵ لە دوا و نیگەرانیان بووم، لەبەر ئەوەی لە هەموو شوێن دەکرانە ئامانج. ئێستاش هەر مەترسییان لەسەرە. واتە ئێستاش پۆلیسەکان دەڵێن لەتە شوکولاتێک، چەکە. لایان وابوو فلانە شت– پاساو هێنانەوەیەک کە بۆ تەقەکردن لە منداڵێکی سپی پێست لە دواوە لۆژیکی نییە. ئەم پۆلیسانە دەتوانن بە دایک و باوکی منداڵێکی سپی پێست بڵێن



"لایان وابوو شوکولاتی مارچ چەکە؟"، نا ناتوانن شتی وابکەن. هەربۆیە منداڵەکانی ئێمە خۆراکی ئەوانن. ساڵانێکی زۆرە نەمتوانیوە بە قووڵایی رۆحی ئەو بگەم. ئێستاش نەمزانیوە بۆچی دۆخەکە ئەوەندە خراپە. ئەوکات دەمزانی دۆخەکە خراپە، بەڵام نەمدەزانی ئەوەندە.

**هیچکام لە کوڕەکانت چوونە زانکۆی هاروارد؟**

یەکیان چووە هاروارد، کۆلێجی بیناسازی. پێی خۆش نەبوو. لای وابوو هاروارد بۆ بیناسازی شوێنێکی زۆر باش نەبوو. بڕیارێکی تایبەت بوو دەربارەی کۆلێجی بیناسازی. پێیان خۆشبوو بڕۆنە کۆلێجێک لە زانکۆی هاروارد، بەڵام بە پێچەوانەی من لەبری ئەفسانە کۆمەڵناسییەکان، بیر لە باشترین شوێنەکان بکەنەوە و شتی لەمجۆرە. زۆر باش لێیان تێدەگەم. هاوڕێ نزیکەکەم ئانجیلا دەیڤیس، هەر لە منداڵییەوە منداڵەکانم دەناسێت. ئەو ژنانەی هاوڕێی نزیکمن، لەو ژنە سەربەخۆ و ئاوانگاردانەن، منداڵەکانم لەناو ئەمجۆرە ژنانەدا گەورە بوون. هەربۆیە هەستێکی جیاوازیان هەیە. زۆر هەستیارن بەرامبەر بە گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان و شتی لەمجۆرە، بەڵام ئەو شتەی من نەمدەزانی ئەوە بوو چۆن دەکرێت هەموو رۆژێک ئینسان سواری ئاسانسۆر (مصعد) بێت و ئەوانی تر لەگەڵ ئەوەی ئەویان بینی بێنە دەرەوە... نەمدەتوانی بیر لەم شتە بکەمەوە. ئەگەر پێش یان دوای ئەو دۆخە گەورەیانم دەکرد پێیانم دەگوت: "دۆخەکە بەمجۆرەیە". شتێکم پێدەگوتن کە هەمووکات باوکم پێی دەگوتم: "تۆ لەو دەوروبەرە ناژیت".

**تۆ لەو دەوروبەرە ناژیت؟**

واتە تۆ لە خەیاڵی ئەواندا ناژیت. ئەوەی دەربارەی تۆ بیری لێدەکەنەوە خانووەکەی تۆ نییە.

**ئەو راستییەی دەربارەی تۆ بیری لێدەکەنەوە، راستی تۆ نییە.**

بەڵێ راستە، تۆ بەوجۆرە نیت کە ئەوان بیری لێدەکەنەوە.

**ئەمەی پێدەگوتی؟ ئینسان سەری سووڕ دەمێنێت.**

پیاوێکی سەیر بوو. زۆر عاقڵ بوو. دەچووە ئیش، پارەی دەردێنا، دەگەڕایەوە ماڵەوە.

**باوکت جۆشکاربوو، وایە؟**

بەڵێ، قسەکانی یارمەتی دەدام، هەربۆیە هەموو کات رەگەزپەرەستی و سووکایەتی بە خەڵکم پێ شتێکی ناشیرین بوو. هیچکات نەمتوانی ئەم شتە وەربگرم. هەموو کات لام وابوو ئەم کەسانە عەقڵ سووک و نەفامن، ئێستاش هەروا بیردەکەمەوە و رەگەزپەرستەکانم پێ نەزانە، بەڵام ئەوەیە دەکرا تا رادەیەك منداڵەکانم لەم شتە ئاگادار بکەمەوە، بەڵام نەمکرد. لام وایە زیانیان پێگەیشت. پیاوبوونیشیان هۆکارێك بوو بەوەی زیاتر بکەونە مەترسییەوە. بەشێوەیەکی تر هەستیان پێکرد، لە پێشبڕکێدان. لام وایە ژنەکان زووتر رادێن لەگەڵ سووکایەتی و رەفتاری خراپدا.



**تۆ لای خۆت وا بیرت دەکردەوە "ئیزن نادەم ئەم شتانە بێتە ژیانیانەوە؟"**

وایە. تەنانەت قەت رووبەڕووی ئەم شتانە نابمەوە، بەڵام کوڕەکانم وا نین.

**لەگەڵیدا رادێن.**

هەوڵ دەدەن و لام وایە ئازاری ئەوان لە ئازاری ئەو سەردەمەی من زۆرترە.

**زڕ باوکەکەم کە رەشپێستە ماوەیەك لەوەوپێش وتی ئامۆژگاریم بۆ پیاوانی گەنجی رەشپێست ئەوەیە برۆنە لای دەروونناس، دەروونناس یارمەتییان دەدات بەوەی لەگەڵ ئەو دەمارگرژییانەدا رابێن و خۆڕاگر بن. ئەم قسەیەم پێ سەیر بوو.**

بەڵێ سەیرە. من پێشتر بەردەوام گلەییم لەوە دەکرد کە دەروونناسەکان گرینگی بە پرسی رەگەزی نادەن. لەبیرمە ئەم شتانەم دەگوت، دەزانیت، ئەو ساتەی ئینسان بۆ یەکەمجار دەزانێت کوڕە یان کچ، یان چۆن میز بکات— ئەو شتە بچووکانەی لە منداڵیدا روو دەدەن— کەس باسی ئەو ساتە ناکات کە مرۆڤ دەزانێت سپیپێستە یان رەشپێست. دۆزینەوەیەکی گەورەیە. ئەو ساتەی کە تێدەگات، شتێك روودەدات. ئەوساتە دەبێت جارێکی تر پرسەکان لێك بدەیتەوە و تاوتوێیان بکەیت. ئەو ساتە لەباری رووحییەوە پڕ ناوەرۆکە. هیچکات باسی ئەو ساتە

ناکەیت مەگەر ئەوەی بتەوێت باسی پارانویا[80] بکەیت یان لە ساتێك کە ڕەوشەنگەری دەکەیت. من هەموو دەم لە ڕۆمانەکاندا دەخوێنمەوە منداڵە سپیپێستەکانیش تووشی شڵەژان دەبن، ئەوکاتەی دەزانن کە سپیپێستن. لە کتێبەکانی لیلیان هێڵمەن و سەرجەم نووسەر باشوورییەکاندا– منداڵە سپیپێست و ڕەشپێستەکان پێکەوە یاریی دەکەن و دواتر ساتێك دەگات کە هەموو شت تەواو دەبێت، لەبەر ئەوەی ناتوانن پەیوەندییەکەیان لەگەڵ یەکتر ببێت. بۆ منداڵانی سپیپێست هەندێ جار لە پەیوەندیگرتن لەگەڵ دایەنەکەیان ئەم شتەیان بۆ دێتە پێش.

**وەك ئەوەی من عاشقی ئەم کەسەم و ئیتر نامێنێت.**

ئیتر نییە. ئیتر متمانەت بە هاوڕێکانت نامێنێت. واتە من شتێکم خۆش دەویست کە بۆ خۆشویستن نەدەبوو؟ شتێکم خۆش دەویست کە بەڕاست یەکێك نەبوو لە ئێمە؟ گوشارێکی رووحی دێتە سەرت بەم بۆنەیەوە لە وتاردانێکمدا ئاماژەم پێداوە. دەروونناسێك داوای لێکردم لەم بارەیەوە

80– Paranoia لە مانا گشتییەکەیدا دۆخێکە کە کەسێك بە شێوەیەك گرینگی بە پاراستنی گیانی و رووحی خۆی ئەدات کە تووشی زیانی دەکات. ئەم کەسانە بەردەوام بیر لەوە دەکەنەوە هۆکارە سروشتی و ئینسانی و مێتافیزیکییەکان هەڕەشەن بۆ سەری و بەردەوام خۆی ئامادە دەکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان. (و– کوردی)



زیاتر قسە بکەم. پێم گوت "نا، تۆ دەبێت زیاتر لەم بارەیەوە بخوێنیتەوە".

**ماوەیەك لەوەوپێش شتێکم لە شوێنێك خوێندەوە کە جارێك ماڵەکەتان زۆر خراپ ئاگری گرتووە. دەستنووسەکانیشت لەناو چوون، چی ڕوویدا؟**

بەڵێ، لەبیرمە. خانووەکەی "راکێلند کانتی"بوو. ئاگرکەوتنەوەیەکی ئاسایی و ساویلکانە لە کریسمەس. داری کاج و خەڵووزی بەرد (Coal) لە ئاگردانەکەدا (Fireplace) دەسووتا. بازنە گوڵەکان و زبڵەکان و دارە وشکەوەبووەکان لەسەر زەوی کۆ نەکرابوونەوە. ئاگرەکان دەپەڕینە دەرەوە و دەکەونە سەر کاناپەکان. کاناپەکان ئارام ئارام ئاگر دەگرن و کەس پێیان نازانێت. من لە ماڵەوە نەبووم. یەکێك لە کوڕەکانم لە ماڵەوە بوو. کە هاتبووە نهۆمی خوارەوە دیتبووی ئاگر بەرز بۆتەوە بۆ میچەکە. کوڕەکەم زەنگی دابوو بۆ ئاگرکوژێنەوە، بەڵام زستانێکی زۆر ناخۆش بوو و ئاو لە بۆرییەکاندا بەستبووی. دەستنووسەکانم... من بە دەست دەنووسم... چەند کتێب بە ساغ دەرچوو، بەڵام سەرجەم دەستنووسەکانم، نۆتەی کتێبە کۆنەکانم، هەمویان لە نهۆمی دووەم لە چەکمەجەیەك لەژێر قەرەوێڵەی ژووری خەوەکەمدا بوو. نهۆمی سەرەوەش ئاگری گرت. دواتر بە کەسێکم وت "بۆچی لام وابوو ئەگەر ئەو شتانە لای خۆم دانێم پارێزراوترن، نەك لە ژێرزەمین؟"

دەستنووسەکانم زۆر گرینگ نەبوون. لەبەر ئەوەی هیچکات نەدەچوومەوە سەریان بەوەی چاویان لێبکەم، هەربۆیە بەلامەوە گرینگ

نەبوو کە سووتان. گرینگ نەبوون. لام وایە منداڵەکانم گرینگ بوو وەك میرات بۆیان جێ بمایە، بەڵام خۆم هیچکات نەدەگەڕامەوە سەریان. هیچکات نەدەچووم چاو بە حەوت جار پێداچوونەوەی "شینترین چاو"دا بخشێنم. کەوایە سووتانی ئەوانەم پێ ناخۆش نەبوو. سووتانی وێنەی خۆم و منداڵەکانم پێ ناخۆش بوو. وێنەی بنەماڵەیی. هەمووی سووتا. سووتانی شەهادەی منداڵەکانم پێ ناخۆش بوو، سووتانی گیا سەوزەکان و جلەکانم پێ ناخۆش بوو. هەروەها چاپی یەکەمی کتێبەکانی ئیمیلی دیکینسۆن و فاکنەر، ئەو شتانەی کە مرۆڤ بە هەموو شێوەیەك هەوڵدەدات رایانبگریت. تەنها 30–40 کتێبێکی کۆن بوون. کتێبی فردریك داگلاس چاپی یەکەم نەبوون چاپی دووەمی بەریتانیا بوو. نامەکانی ساڵانێکی دوور. ئەوەی بوو لەناو چوو. بیانوویەکم نییە، ئەو شتانەی پێمخۆش بوو لە شوێنێکی گونجاو رام نەگرت، خانووەکە سووتا و بەشێکی زۆر لە شتەکانم لەناو چوون.

**تا ئێستا چوویتە ئەفریقا؟**

نا.

**هەست ناکەیت پێویستە بڕۆیت؟**

بۆچی نا، زۆر.



**لات وایە بەگشتی بۆ رەشپێستەکان سەفەر بۆ ئەفریقا سەفەرێکی گرینگە؟**

نازانم، لەبەر ئەوەی پەڕ و باڵی پێدەدەین و گەورەی دەکەینەوە، رەنگە گرینگ بێت، لەبەر ئەوەی ئێمە لە ئەفسانەکاندا، لە مێژوودا، لە تاقیکردنەوەیەکی بچووك یان هەر شتێکدا، زۆر ئاسان نوقم دەبین. حەز دەکەم سەردانی سەنگاڵ بکەم، لەبەر ئەوەی عوسمان سومبنە بانگهێشتی کردووم، زۆر حەز بە چوون دەکەم. دواتر بڕۆم بۆ ئەفریقای باشوور، لەبەر ئەوەی چەند کەس بانگهێشتیان کردووم.

**راست لەم ساتەدا لە بینینی فیلمی سەربەخۆیی 1776 دەچێت بەو جیاوازییەی رەشپێستەکان بڕیاریان داوە سەربەخۆ بن.**

بەڕاستی بڕیارم داوە بڕۆم و حەز دەکەم بڕۆم، لەبەر ئەوەی سەفەرێکی لێکۆڵینەوەیی یان شتی لەمجۆرە نییە کە بەدرێژایی تەمەنم سەفەری لەمجۆرەم بووە، بەڵکو ئەوەیە دەڕۆم، دادەنیشم، تەماشا دەکەم و قسە دەکەم. بۆ نووسینی شانۆنامەیەك دەربارەی راستی و ئەرکی ئاشتی چبوومە ئەوێ. لە دانیشتنی دادگاییکردنی ڤینی ماندێلا لەوێ بووم. لات وایە سەرەنجام شتەکان بەشێوەیەك بگۆڕدرێن کە خەڵك لێی تێبگەن؟ با بزانیت کە ڤینی ماندێلا بە کەسێکی خراپ دەرچوو، رەنگە باشتر وابوو نەدەبا پێشوازیی لێ بکەین. خاتوونێکی خەڵکی ئەفریقای باشوور کە زۆر لە ماندێلا نزیك بوو، لێی پرسیم: "بۆچی ژنانی رەشپێستی ئەفریقا هەست بە نزیکایەتی دەکەن لەگەڵ ڤینی ماندێلا؟" پرسیارەکەیم پێ سەیربوو،

لەبەر ئەوەی ئەوکاتەی ڤینی ماندێلا هاتە ئێرە، هێزێکی تایبەت و شکۆیەکی تایبەتی بەخشی بە ژنانی رەشپێستی وڵاتەکەمان، هەندێ شتی قبووڵ کرد و بەرامبەر بەو شتانە تاقەتی هێنا کە بە زمان ناوترێت. دوای ئەوە بوو لەخۆم پرسی ئاخۆ پەردەیەك بەرچاومانی گرتووە، بەئەنقەست و لەڕووی وشیارییەوە؟ نازانم چی لەبارەی ڤینی ماندێلاوە بڵێم. من زۆر ستایشی دەکەم، بێ پەردە بڵێم زۆری ستایش دەکەم، بەڵام ئەم ستایشکردنە زیاتر لەبەر رابردووی ئەفسانەیی ئەوە. کە هاتە ئێرە و بینیم زۆر سەرنجڕاکێش و بە جەزبە بوو. دواتر کە هەندێ شتی ترم دەربارەی ئەفریقا و بەتایبەت ئەفریقای باشوور بیست، ناچاربووم ئەوانیش بخەمە ناو هاوکێشەکەی خۆمەوە. ئێستا زۆر حەز دەکەم بزانم ئەو کەسە کێیە، بەڕاستی حەقیقەتی ڤینی ماندێلا چییە؟

هەڵبەت ئەوە بڵێم نیلسۆن ماندێلا تەنها کەسی سیاسی دونیایە. ئەو سیاسییەی کە کێشەکانی خۆی بە چەك چارەسەر نەکرد. راستییەکی باوەڕ هەڵنەگرە. بەڕاستی ئەستەمە باوەڕ بەم شتە بکەیت.



**لە چاوی نیجرییاییەکەوە دونیا دەبینم.**

چیماماندا نگۆزی ئادیچی (Chimamanda Ngozi Adichie) کە بە رەمزی نووسەرانی نایجیریا دەناسرێت، بەوە ناسراوە کە زۆر

دەرکەوتە و دیارە، ئەم نووسەرە 15ی سێپتەمبەری 1977 لە نایجیریا لەدایك بووە. لە ( Nsukka) کە شارێکی بچووکە لە باشووری رۆژهەڵاتی نایجیریا گەورە بووە. لە زانکۆی نایجیریا ساڵ و نیوێك دەرمانسازی خوێند، هەر لەم ماوەیەدا و لە تەمەنی 19 ساڵیدا بوو بە ئێدیتۆری گۆڤاری (The Compass)، کە گۆڤارێك بوو لە لایەن زانکۆوە دەردەچوو. دوای ساڵ و نیوێك وازی لە خوێندنی دەرمانسازی هێنا و روویکردە ئەمریکا و لە زانکۆی ( Drexel ) لە ئیالەتی فیلادێلفیا و لە کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان دەستی کرد بە خوێندنی ( communications and political science)و دوای ماوەیەك کۆچی کرد بۆ ( Eastern Connecticut State University ) بۆ ئەوەی لە خوشکەکەی نزیك بێت کە دەرمانسازی دەخوێند.

چیماماندا نگۆزی ساڵی 2003 ماستەری لە بواری نووسینی داهێنەرانە وەرگرت لە زانکۆی ( Johns Hopkinsy ).

ساڵی 2008 ماستەری لە بواری هونەر لە ئەفریقاناسیدا لە زانکۆی یاڵی (Yale) وەرگرت.

ساڵی 2007 یەکەم رۆمانی خەڵاتی ئۆرەنج (پرتەقاڵ)ی بردەوە.

ئەوەی لە خوارەوە دەیخوێننەوە وتووێژێکی رۆژنامەی گاردییەنە لەگەڵ ئەم نووسەرە گەنجەی نێجیریا.



چیماماندا نگۆزی ئادیچی، نووسەری رۆمانی پڕفرۆشی "نیوەی خۆرێکی زەرد" دەربارەی رۆمانە نوێکەی "ئامریکانا" و سەردەمی منداڵی لە نێجیریا و شوێنگەی رەگەز لە بەرهەمەکانیدا قسە دەکات. ئەم نووسەرە ساڵی 2007 بە نووسینی یەکەم رۆمانی خەڵاتی ئۆرەنجی بردەوە. ئەوەی لە خوارەوە دەیخوێننەوە وتووێژێکە دەربارەی سێیەمین رۆمانی، واتە رۆمانی "ئامریکانا".

**لەم رۆمانەدا یەکێك لە کەسایەتییەکانت ئاگادارمان دەکاتەوە دەربارەی بێهوودەبوونی پرسیارکردن دەربارەی چیرۆکی کتێبێك، "وەك ئەوەی کتێبەکە تەنها باس لە یەك شت دەکات"... دەبێت بپرسم: "ئەمریکانا" دەربارەی چییە و باس لە چی دەکات؟**

لە عەشق دەدوێت و باسی عەشق دەکات. دەمویست بێئەوەی داوای لێبووردن لە کەس یان کەسانێك بکەم چیرۆکێکی عاشقانەی کۆن بنووسم،

بەڵام کتێبەکە دەربارەی رەگەزە و ئەوەی کە ئێمە چۆن جارێکی تر خۆمان دروست دەکەینەوە و دەدۆزینەوە. دەربارەی ئەوەی چۆن ئەو کاتەی لەماڵ دەڕۆینە دەرەوە، دەبین بە کۆپییەك لە خۆمان. هەروەها دەربارەی قژە...

**دواتر دەگەڕێینەوە سەر قژ و باس لە قژ دەکەین، بەڵام دەتوانیت پێم بڵێیت بۆتۆ ماڵەوە کوێیە؟**

من نیوەی ساڵ لە نێجیریا دەژیم و نیوەکەی تری لە ئەمریکا، بەڵام ماڵەوە بۆ من نێجیریایە و هەموو کاتیش ئەوێ ماڵمە. من خۆم بە خەڵکی نێجیریا دەزانم، کەسێك کە لە دونیادا ئاسوودەیە. لە روانگەی کەسێکی نێجیریاییەوە سەیری دونیا دەکەم.

**تا چەند گرنگە سەر بە شوێنێك بیت؟**

سەر بە شوێنێکبوون گرنگە. من لە 19 ساڵیدا ماڵەوەم بەجێهێشت بۆ ئەوەی لە فیلادیلفیا بخوێنم و درێژە بە خوێندن بدەم. تا ئەو کاتەی نەڕۆشتمە ئەمریکا و بەر لە رۆشتنم بە ئەمریکا بە هیچ شێوەیەك بیرم لە شوناسی خۆم نەدەکردەوە. پیتەر ئەکرۆید قسەیەکی زۆر جوانی هەیە دەربارەی ویستن و پەیوەستبوون و سەر بە شوێنێکبوون. من گرێدراومەتەوە بە نەستالۆژیایەکەوە کە شتێك نییە پێویست بێت، ویستن ئەو شتەیە لەوێدا نییە.



**کاتێك لە نێجیریات بیری ئەمریکا دەکەیت؟**

بەڵێ، بیری ئینتەرنێتە خێراکەی و کارەبای هەمیشەیی و ئەوەی کە ناچار نیم بیر لە ژێنراتۆر (موەلیدە) بکەمەوە، دەکەم. من ئەمریکام پێخۆشە و هەست دەکەم دەبێت رێز لەو ئیمکانیاتانە بگرم کە هەیە لەوێ و دەتوانم بەکاریان بێنم و بەو بۆنەیەشەوە سوپاسی بکەم.

**بە زۆری دەربارەی عەشقێکی سەیر و سەمەرە دەنووسیت. لات وایە چی دەبێت بەهۆی بەردەوامێتی و مانەوەی عەشق؟**

خۆزگە دەمزانم... ئەگەر دەمزانی هەوڵم دەدا هەمووان لەو شتە ئاگادارکەمەوە و هەمووان فێر دەکرد. عەشقێك کە دەمێنێتەوە و هەمیشەییە دەبێت لەسەر بنەمای رێزلێگرتن و گرنگیپێدانی دوو لایەنە بێت. دەربارەی ئەوەی تۆ بەرامبەرەکەت ببینی. پەیوەندییە مرۆییەکان زۆر بەلای منەوە گرنگن و زۆرم حەز لە پەیوەندییە مرۆییەکان و ئەوکاتەی ژن و مێردێك دەبینم، هەندێ جار هەست بە جۆرێك کوێر بوون دەکەن لەنێوانیاندا. ئەوان یەکتر نابینن. بینینی کەسێکی تر کارێکی دژوارە.

**تا ئێستا عەشق لە روانینی یەکەمتدا ئەزموون کردووە؟ (واتە لە روانینی یەکەمدا عاشقی کەسێك بیت).**

نا، بەڵام حەز دەکەم ئەزموونی بکەم.

**تۆ بە تەنزێکی وردەوە دەربارەی شێوەی هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕەشپێستەکان لە ئەمریکا و بەریتانیا دەنووسیت، ئەوەی کە وەك کۆیلە و بندەستە چاو لە ڕەشپێستەکان دەکەن. ئەم ڕەفتار و هەڵسوکەوتە تا چەندە بەربڵاوە لەناو خەڵکدا؟ یەکێك لە کەسایەتییەکانی ڕۆمانەکەت "کێمبرلی" سەرجەم ڕەشپێستەکان بە کەسانێکی "جوان" وەسف دەکات.**

ئەم پرسە زۆر بەربڵاوە و لە زۆر شوێن دەبیندرێت. نیگەرانی قووڵ هەیە دەربارەی ئەم بابەتە. خەڵك هەوڵیان ئەوەیە بێ گرێ و ڕاستگۆ بن و زۆر ئاسایی بژین. خۆزگە ڕەگەز و جیاوازی ڕەگەزی بوونی نەبا. خۆزگە کێمبرلی (کە کەسایەتییەکە کە خۆم زۆریم خۆش دەوێت و ڕەگەزپەرەست و ڕاسیست نییە) وابیری نەدەکردەوە سەرجەم ڕەشپێستەکان جوانن. لە ئەمریکا کە بەهۆی مێژووی ڕەگەزی و ڕەگەزپەرەستییەوە کە هەیەتی دۆخەکە زۆر لەمە خراپترە. –خەڵك ڕەگەز دەنێنە لاوە و دەڵێن: "ئێمە هەمووومان وەك یەکین"– بە هیچ شێوەیەك بەو جۆرە نییە. من دونیا بە شێوەیەکی تر ئەزموون دەکەم و دەبینم، لەبەر ئەوەی هەم ژنم و هەم ڕەشپێست. بە دەربڕینێك ڕووبەڕووی هەردوو هەڵاواردنی ڕەگەزی و سێکسی دەبمەوە. چ وەك ژن و چ وەك ڕەشپێست.

**ڕۆمانەکەت دەربارەی وەسفی ورد و سەرنجڕاکێشە دەربارەی قژی ژنەکان. تکایە بە وردی باسی قژی خۆت بکە، هەروەها بڵێ کە قژت چ هەستێکت پێدەدات و چ هەستێکت بەرامبەر بە قژت هەیە؟**



ئەمە باشترین پرسیارە ! قژم وەك پەلکە چنراوە و لەسەر سەرییشم بەشێکیم کۆ کردۆتەوە. زۆرم پێ جوانە. شتێکی ئاساییە کە پێم جوان بێت. ئەوکاتەی باس لە قژی ژنان دەکرێت من تا ڕادەیەك باوەڕم بە یەك بنەما هەیە. ڕاستە کە قژ، قژە، بەمەشەوە پرسیاری گەورەتر لە پشتی ئەو قژەوە شاراوەیە، بۆ ژنێکی ئەفریقایی قژ و ڕازاندنەوەی قژ بەو مانایە کە ئەو کەسە خۆی پێ پەسەندە و متمانەی بە خۆی هەیە، یان ئەوەی کە باوەڕی بەخۆی نییە. ئەوەی کە ڕازی دەبیت بەوەی کە چۆن بیت دەتوانی ببینی دونیا جوانە و جوانییەکانی دونیا ببینیت. بەشێکی زۆری ژنە ڕەشپێستەکان، بە شانەکردن و دروستکردنی قژیان بە شێوەی تایبەتی خۆیان کە شێوەیەکی تەواو جیاوازە، لەگەڵ دونیا قسە دەکەن. بە نەریتەکانیان لەگەڵ دونیا دەدوێن.

**باسی سەردەمی منداڵیت بکە...**

من لە شاری نسۆکا لە بنەماڵەیەکی گەورە و لەیەکتر نزیك و شاد لەدایکبووم. من یەکەم کچی بنەماڵە بووم، پێنجەمین منداڵ لە شەش منداڵی بنەماڵە. دوای لەدایکبوونی سێ منداڵی یەکەم، باوك و دایکم ڕووناکبیرانەتر هەڵسوکەوتیان کرد و زۆر شتەکانیان بە قورسی وەرنەدەگرت. سەردەمی منداڵیم سەردەمێکی خۆش بوو، هەموو دەم شاد و دەم بە بزە بووم. بنەماڵەم ئێستاش زۆر لە یەکتر نزیکن و هەست بە نزیکایەتی دەکەن لەگەڵ یەکتر. باوکم مامۆستای بیرکاری بوو و ئێستا خانەنشین بووە. دایکم بە کارکردن لە زانکۆ وەك یەکەم کارمەندی ژنی

بەشی ئیداری، ناوی لە مێژوودا وەك یەكەم ژنی كارمەندی بەشی ئیداری نووسراوە. هیچكام لە خوشك و براكانم توانایەكی تایبەتیان لە باری داهێنانی هونەری و ئەدەبییەوە نییە– هەموویان زانست خۆشەویستن و بە شێوەی لۆژیكی لەگەڵ شتەكان هەڵسوكەوت دەكەن.

**چۆن بوو تۆ لە زانست دووركەوتیتەوە؟**

دوور نەكەوتمەوە. باوك و دایكم وتیان: "تۆ دەبێت ببیت بە دكتۆر". هەر بۆیە من پزیشكیم خوێند، بەڵام پێم خۆش نەبوو، شتێك نەبوو بە حەزی خۆم بێت، بۆیە بیرم لە هەڵاتن كردەوە. پێشكەوتنم لە زانستی پزیشكیدا زۆر باش بوو، زۆر باش شتەكانم وەردەگرت، بەڵام گرنگیم بەو كارە نەدەدا كە دەمكرد. لە كاتی وانەی ئاناتۆمی (جەستەناسی)دا شیعرم دەنووسی.

**كەی دەستت كرد بە چیرۆكنووسین؟**

گەنج بووم، زۆر گەنج. یەكەم چیرۆكەكانم بە ئیلهام و لاساییكردنەوەی چیرۆكەكانی ئانید بلایتۆن نووسی.

**(چینوا ئاچە بێە) تۆ وەك نووسەرێكی "نەترس" دەناسێنیت. پێویستت بەوەیە نەترسیت؟**

نا، دەبێت وەفادار بن بە حەقیقەتی خۆتانەوە. حەز دەكەم خەڵك منیان خۆشبوێت، بەڵام پێویستم بەوە نییە. خەڵكانێكی زۆر دژ بە منن و



دژایەتیم دەكەن، بەڵام من نامەوێت و مەبەستم ئەوە نییە سووكایەتی بە كەس بكەم.

**وا هەست دەكەم كەوتنە باسەوە و قسەكردنت پێ خۆشە؟**

بەڵێ! زۆرم پێخۆشە رووبەڕووی رەخنە ببمەوە، ئایدیا جیاوازەكان تاقیكەمەوە و هەندێ جار هەركەس بە قەناعەتم بگەیەنێت دەبێت بۆچوونم بگۆڕم.

سەرچاوە:
گاردیەن

## ژیان و بەرهەمەکان لیلیان هێلمەن( Lillian Florence "Lilly" Hellman)



لیلیان هێلمەن یەکێکە لە گەورەترین شانۆنامەنووسەکانی ئەمریکا. ژمارەیەکی زۆر شانۆنامەی بەهێز و ریالیستییانەی نووسیوە و ژمارەیەك لە شانۆنامەکانیان لەگەڵ کارەکانی چیخۆف بەراورد کردووە. شانۆنامەکانی هێلمەن بە زۆر باس هەڵگرن و بە شێوەیەکی ئاشکرا باس لە روانگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی دەکات لەو شانۆنامانەدا و ئەو شانۆنامانە رەنگدانەوەی روانگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەون.

لیلیان ساڵی 1906 لە باوك و دایکێکی جوولەکە لە نیۆئۆرلئان لەدایك بوو. ساڵی 1910 بنەماڵەکەی بەرەو نیویۆرك کۆچیان کرد و لە نیویۆرك گیرسانەوە. لیلیان هەر لەم شارە چووە قوتابخانە و زانکۆ (زانکۆی نیویۆرك و زانکۆی کۆلۆمبیا). ساڵی 1925 لەگەڵ ئارتۆر کووبێر کە نووسەری نیویۆرکێر بوو ژیانی هاوسەری پێکهێنا و بەیارمەتی ئەو توانی چەند کارێك لە نیویۆرك پەیدا بکات لەوانە، لەوانە رەخنە و پیداچوونەوەی کتێب بۆ نیویۆرك هرالد تریبیۆن و خوێندنەوەی نموونە[81] بۆ بڵاوکەرەوەی هێرمەن شاملین و خوێندنەوەی نموونە بۆ ستۆدیۆکان و خوێندنەوەی نموونە بۆ بڵاوکەرەوەی هێرمەن شاملین. ژیانی هاوسەری ئەوان 7 ساڵی خایاند و ئەم ژن و مێردە ساڵی 1932 لە یەکتر جیابوونەوە.

لیلیان هێلمەن یەکەم چیرۆکی خۆی لە پاریس کامت چاپ کرد. ساڵی 1934 شانۆنامەی (سەردەمی منداڵی)ی نووسی و سەرەڕای ناوەڕۆکی

81- خویندنەوەی نموونە- یان پێشتر خوێندنەوە کارێك کە لە ستۆدیۆ و بڵاوکەرەوەکان دەکرێت.(و- کوردی)

جەنجاڵی و باسهەڵگری ئەم شانۆنامەیە 700 شەو لە برادڤۆی چووە سەر تەختەی شانۆ. ساڵی 1935 لەگەڵ کۆمپانیای گێلدڤین گرێبەستێکی سێ ساڵەی بەست و داهاتی ئەو گرێبەستە وای کرد کە شکستی کتێبەکانی دواتری لە باری ماددییەوە گوشار نەخاتە سەری و قەرەبووی بۆ بکاتەوە. ساڵی 1936 فیلمی "ئەم سێ کەسە" لەسەر بنەمای شانۆنامەی "کاتی منداڵان" بە دەرهێنەری ویلیام ڤایلەر دروستکرا و ئەمە سەرەتایەك بوو بۆ هاوکاری هێلمەن و ڤایلەر. لیلیان هێلمەن لەمبارەوە دەڵێت: "ئێمە لەگەڵ یەکتر دەبووین بە هاورێ. لە شێتخانەی گێلدوین تەنها ئێمە دوو کەسە چل چلەیی[82] نەبووین".

شانۆنامەی "رێوی بچووك"(1939) یەکێکە لە ناودارترین و بەناوبانگترین کارەکانی هێلمەن. ئەم شانۆنامەیە وەسفی و شیکردنەوەی تووڕەیی و بێزاریی ئەندامانی بنەماڵەیەکە لە یەکتر کە تا رادەیەك لە بیرەوەری بنەماڵەی خۆی دەچێت. دوای سەرکەوتنی ئەم شانۆنامەیە لە برادڤۆی، ستۆدیۆی گۆڵدڤین مافی ئەم شانۆنامەیەی لە هێلمەن کڕی و ئارتۆر کووبێر، دorووتی پارکێر و ئالێن کەمپ بیلی دامەزراند بۆ ئەوەی فیلمنامەیەك بۆ ویلیام ڤایلەر بە پێی ئەو شانۆنامەیە بنووسن. ئەم فیلمە بوو بە پاڵێوراو بۆ وەرگرتنی نۆ خەڵاتی ئۆسکار، بەڵام هیچ خەڵاتێکی

---

[82]– چل چلی، شێتی، کارێکی شێتانە، لە زمانی خەڵکیدا دەڵێن ئەو پیاوەی بە چل ساڵی دەگات پێی دەڵێن تازەی "چل چلە"یەتی. هەروەها جۆرێك ئاکاری سێکسی و جنسیش دەوترێت چل چلەبوون یان ئەو شتەی پێی دەڵێن لە رووی هەوەسەوەیە. و– کوردی



نەبردەوە. هێلمەن باس لەوە دەکات (سێرگێی ئایزنیشتاین) دەرهێنەری رووسی، ئەم فیلمەی زۆر بەلاوە پەسەند بوو و لە میوانییەکانیدا زۆرجار باسی لەم فیلمە دەکرد.

ساڵەکانی 1936–1937 لیلیان هێلمەن سەفەری ئەورووپای کرد. لە پاریس هێمێنگوای بینی، چووە ئیسپانیا و جەنگی ناوخۆیی ئەو وڵاتەی بینی. دواتر سەردانی یەکێتیی سۆڤییەتی کرد و لە یەکەم کتێب لە تریلۆژی بایۆگرافییەکەی "ژنێکی ناتەواو"(1969) باسی ئەم سەفەرەی کردووە. ویلیام رایت، بایۆگراف نووسی هێلمەن، لە کتێبەکەیدا دەنووسێت هێلمەن لە زۆربەی بەسەرهاتەکانی ئەم کتێبەدا چیرۆکی نووسیوە لەبری ئەوەی راستییەکان بگێڕێتەوە. دوای ئەو سەفەرە، روانگەی چەپ بە سەر روانینی سیاسی ئەودا زاڵ بوو و لە شانۆنامەی دژە فاشیستی "پاسەوانی راین"(1941) کە دوای ئەم سەفەرە نووسی، رەخنەی لە گەمژەیی ئەمریکاییەکان گرت.

لە کۆتاییەکانی دەیەی 1930دا هێلمەن دەستیکرد بە چالاکی لیبراڵی و چەپی. بەمەشەوە دواتر جەختی لەسەر ئەوە کردەوە هیچکات ئەندامی حیزبی کۆمۆنیست نەبووە. جۆرج ئۆروێل و ئارتوور کۆیستلەر لە دەیەی 1930دا ئیتر باوەڕیان بە کۆمۆنیسم نەبوو، بەڵام هێلمەن وەك سارتەر لەو یەکەم رۆشنبیرانە نەبوو کە سیستمی یەکێتیی سۆڤییەتی سەرکۆنەو مەحکووم دەکرد. ساڵی 1925 بانگ کرایە بەردەم کۆمیتەی چالاکییە دژە ئەمریکاییەکانی پەڕلەمانی نوێنەران، بەڵام ئامادە نەبوو ناوی هاوڕێکانی بدرکێنێت.

هێلمەن ساڵی 1946 جارێکی تر چووەوە بۆ لای شانۆنامەی ڕێوی بچووك و لە شانۆنامەی بەشێکی تر لە دارستان، درێژەکەی نووسی. باخی پاییزی (1951) شانۆنامەیەکی چیخۆفی هێلمەنە، هەرچەند وەك شانۆنامەکانی تری بەهێز نییە، بەڵام کاریگەری دادەنێت. هێلمەن لە پرۆسەی کارکردنی خۆیدا چەند شانۆنامەیەکی بەراوردی و وەرگێراوی تێدایە، لەوانە شانۆنامەی مۆزیکاڵی پالێوراو (1956). هەروەها شانۆنامەکانی مۆنتسرات (1949) و خوێڕیەتی (1956). هەروەها بە کتێبی نامەکانی ئانتوان چیخۆفدا چووەوە و ئیدێتی کرد.

ساڵی 1960 جۆرج هیل بە پێی شانۆنامەی (Toys in the Attic) فیلمێکی دروستکرد. هێلمەن لە سەرەتای دەیەی 1960ەوە دەستیکرد بە وانەوتنەوە و هەر لەم سەردەمەدا دەستیکرد بە نووسینی تریلۆژی بیرەوەرییەکانی. لە ژنێکی ناتەواودا، سەردەمی منداڵی، ساڵەکانی هۆلیوود و پەیوەندییەکانی لەگەڵ دشیل هێمتدا دەگێڕێتەوە. کتێبی Pentimento (1973) دەربارەی گەنجێتی و ژیانی ئەوە لە نیویۆرك. ساڵی 1977 لەسەر بنەمای سەرنجڕاکێشترین بەشی ئەم کتێبە کە دەربارەی جوولیا، هاوڕێ نووسەرەکەیەتی کە لە لایەن نازییەکانەوە بەدیل گیراوە، فیلمێك بەناوی جوولیا، بە دەرهێنەری فرێد زینەمان و دەورگێڕانی جین فۆندا دروستکرا. سێیەمین بەشی بیرەوەرییەکانی بەناوی سەردەمی چەتوونی (1979) دەربارەی دەیەی 1950 و بانگکردنی بۆ شاهیدیان بەرامبەر بە کۆمیتەی چالاکییە دژە ئەمریکاییەکانە.



هێلمەن کە بەئاشکرا خۆی وەك لایەنگری ئازادییە مەدەنییەکان و لایەنگری ئازادیی رادەربڕین نیشان دەدات، لەگەڵ ئەوەی لە راگەیاندنە گشتییەکان هێرشی دەکرایە سەر، وەك خۆیان وەڵامی دەدانەوە، هەربۆیە بەوە تاوانباریان دەکرد کە لەگەڵ بۆچوونەکانی خۆی راستگۆ نییە. جوان مێلێن لە کتێبێکدا کە دەربارەی هێلمەن و هێمت نووسیویەتی باس لەوە دەکات: هێلمەن کە لە سەردەمی چەتووندا هیچی بە لیبراڵە دژە کۆمۆنیستەکانەوە نەهێشتووە و هێرشی کردوونەتە سەر، لەبەر ئەوەی لەبری ئەوەی وزەی خۆیان بۆ هێرشکردنە سەر فاشیست و کاپیتالیستەکان بەکاربێنن دژ بە کۆمۆنیسم دەوەستنەوە و هەڵوێست دەگرن، ئەمە هەموو ئەو کەسانەی کە ئەم راستییەیان دەزانی تووڕە کردبوو. لەبەر ئەوەی ئەم کتێبە وەك (Pentimento) پڕە لە بیانوو و درۆ. مێلن دەڵێت هێلمەن گوشاری بۆ بڵاوکەرەوەکەی (لیتل براون) هێناوە، بەوەی گرێبەستی لەگەڵ دایانا تریلینگ هەڵبوەشێنێتەوە. دایانا تریلینگ کۆمەڵە وتارێکی بۆ چاپ ناردبوو کە لەو وتارانەدا بەرامبەر بە تۆمەتێك کە هێلمەن خستبوویە پاڵ خۆی و مێردەکەی هەڵوێستی گرتبوو و وەڵامی دابۆوە. هێلمەن هەروەها داوای کرد کتێبەکەی تریلینگ سانسۆر بکرێت، ئەوکاتەی خاتوو تریلینگ رازی نەبوو لیتل براون گرێبەستەکەی لەگەڵ هەڵوەشاندەوە. (دواتر هارکورت کتێبەکەی تریلینگی چاپ کرد). هێلمەن بە سکاڵا بەرزکردنەوە دژ بە مێری مەك کارتی، پێگەی خۆی لەناو کەسە ماقووڵ و ئەوانەی کە دەمارگرژ نەبوون، لەدەست دا. مێری مەك کارتی هێلمەنی بەوە تاوانبارکردبوو کە هێلمەن بە ئاشکرا و راشکاوانە لە

بەرنامەیەکی تەلەفیزیۆنیدا درۆی کردووە ئەوەی دەینووسێت، تەنانەت "و" و "بەڵام"ەکانیش درۆیە. سکاڵای هێلمەن بەپێچەوانە کەوتەوە. مەک کارتی هەندێ بەڵگەی بۆ قسەکانی خۆی خستە روو. یەکێك لەو بەڵگانە درۆیەکی گەورەی هێلمەن بوو کە دەیگوت ئاگاداری دادگاییکردنەکانی مۆسکۆ نییە کە لەو دادگاییکردنانەدا ستالین، حیزبی کۆمۆنیستی لە گاردە کۆنە بەلشفیکییەکان پاککردەوە و ئاگای لە کوشتن و پاڵاوتەکردنەکانی ستالین نییە، ئەویتریان نامەیەك بوو کە هێلمەن واژۆی کردبوو بەوەی چەپییەکان هان بدات هاوکاری کۆمیتەی جان دیۆیی نەکەن کە هەوڵیاندەدا نهێنییەکانی دادگاییە نمایشییەکانی ستالین بخەنەڕوو. هێلمەن هەروەها دژ بەوە بوو ترۆتێسکی وەك پەنابەری سیاسی لە ئەمریکا بمێنێتەوە و پەنابەری پێبدرێت. ناشیرینترین بەڵگە کە مەککارتی خستییە روو، تایبەتە بە بەشێك لە بیرەوەرییەکانی هێلمەن لە کتێبی (Pentimento) کە لەو بەشە لە کتێبەکەدا باس لەوە دەکات بۆ چالاکی دژە فاشیستی، بەوپەڕی بوێرییەوە بە دزییەوە پارەی بردووەتە ناو ئەڵمانیای نازی، ئەمە جگە لەوەی درۆیە، دزییەکی ئاشکراشە. هێلمەن چیرۆکی ژنێکی تری دزیوە. موریل گاردنەر، جولیای فیلمی زینەمان، کە دواتر بەسەرهاتی خۆی بە ناوی خوازراوی مێری بڵاو کردەوە، ئەو کەسە بوو کە بە دزییەوە و بە قاچاخ پارەی بۆ دژە فاشیستەکانی ئەڵمانیا دەبردە ئەڵمانیا و دەیگەیاندە دەستیان. دواتر "مارتا گیلهێرن" کۆنە ژنی ئەرنێست هێمێنگوای کە لەکاتی جەنگی ناوخۆیی ئیسپانیا هەواڵنێر بوو، درۆ و خەیاڵ پڵاوەکانی هێلەنی خستەڕوو و بەم شێوەیە پێگە و کەسایەتی هێلمەن خەساری



گەورەی پێگەیشت. هێلمەن بۆ پاساوهێنانەوەی درۆکانی پێشتری هەندێ درۆیتری کەڵەکەی سەریەکتر کرد و دوای ئەوە خەڵك بەزەییان پێیدا هاتەوە لەبەر ئەوەی پیرەژنێکی هەشتا ساڵەبوو. دۆسیەی سکاڵاکەی دژ بە مێری مەك کارتی دوای مردنی هێلمەن داخرا.

لیلیان هێلمەن دوای جیابوونەوە لە ئارتوور کۆبێر، تا کۆتایی تەمەنی لەگەڵ دشێل هێمت ژیا. لە کۆتایی تەمەنیدا تووشی کێشەی بینین بوو و چاوی باش نەیدەبینی و سەرەنجام رۆژی 30 جولای 1984 لە واین یارد هیۆن ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

هێلمەن دووجار بوو بە پاڵێوراوی وەرگرتنی خەڵاتی "تۆنی برادۆی"، جاری یەکەم ساڵی 1956 بۆ باشترین شانۆنامەی میوزیکاڵ و و جاری دووەم بۆ (Toys in the Attic). هێلمەن ساڵەکانی 1941 و 1960 دووجار خەڵاتی رەخنەگرانی شانۆی نیویۆرکی بردەوە.

ساڵی 1964 لە ئەکادیمیای هونەر و ئەدەب بۆ دەستکەوتە درەوشاوەکانی لە شانۆدا، میدالیای زێڕیان پێ بەخشی. هەروەها ساڵی 1969 بۆ کتێبی ژنێکی ناتەواو بوو بە براوەی خەڵاتی کتێبی نەتەوەیی و ساڵی 1974 بوو بە پاڵێوراوی ئەم خەڵاتە بۆ کتێبی (Pentimento). هێلمەن ئەندامی ئەکادیمیای هونەر و ئەدەبی ئەمریکابوو و لە زانکۆکانی نیویۆرك، ییل، هاروارد و ئەنیستیتۆی تەکنۆلۆژیای ماساچۆست وانەی دەوتەوە. ساڵی 1974 مەدالیای مەك داوڵی پێبەخشرا. ئەو تا کۆتایی تەمەنی هەر لە نووسین بەردەوام بوو.

ئەو وتووێژەی لە بەردەستاندایە، جان فیلیپ و ئان هالندێر لە پاریس ریۆیۆ لە ساڵی 1956 ئەنجامیان داوە و بڵاویان کردۆتەوە.

**بەرلەوەی شانۆنامە بنووسیت، هیچ شتێکت نووسیبوو؟**



بەڵێ. کورتەچیرۆك و چەند شیعر. چەند چیرۆکێکم لە گۆڤارێك لە پاریس بەناوی کامت (ئەستێرەی کلك دار)، کە لەمێژە داخراوە و ئارتۆر کێبێر کاری تێدا دەکرد، چاپ بوو. من و ئارتوور پێکەوە هاوسەرگیرییمان کردبوو و لە پاریس دەژیاین. نزیك بە 1928 و ئەو دەوروبەرانە. چیرۆکی ژنانەم نووسیبوو. چەند ساڵ لەوەوپێش جارێکی تر چیرۆکەکانم خوێندەوە. دەزانیت، لەو چیرۆکانەیە کە پیاوەکە چەتاڵەکە دێنێتە پێش و ژنە زانی ئیتر هەموو شت تەواوە.

**دشیل هێمت هانیدایت شانۆنامە بنووسیت؟**

نا، ئەو شانۆی پێخۆش نەبوو. هەمووکات داوای لێدەکردم رۆمان بنووسم. بەر لە شانۆنامەی "کاتی منداڵان"، شانۆنامەیەکمان لەگەڵ لۆئییس کرۆن بێرگێر نووسی بەناوی "شاژنی ئازیز": دەربارەی بنەماڵەیەکی پاشایەتی بوو کە دەیانویست ببن بە بۆرژوا. بەردەوام لەوەی کە سەر بە چینی مامناوەند بن، هەڵدەهاتن و لەم شتە بێزار بوون. دشیل بەردەوام دەیگوت شانۆنامەیەکی باش نییە، لەبەر ئەوەی لۆئی بە رستەکانی خۆی پێدەکەنێت و من بە رستەکانی خۆم.

**کام شانۆنامەی خۆتت زیاتر لە هەموو کارەکانی ترت خۆش دەوێت؟**

ئەم پرسیارانەم پێخۆش نییە. مرۆڤ هەموو کات دوایین بەرهەمی خۆی لە سەرجەم بەرهەمەکانی خۆشتر دەوێت، حەزدەکات وا بیربکاتەوە بە تێپەڕبوونی کات و زەمان کارەکانی باشتر بووە، بەڵام خۆت دەزانیت ئەم

شتە هەمووکات راست نییە. من زۆر کەم بۆ جاری دووەم بەرهەمەکانم دەخوێنمەوە. چەند جارێك کە ئەم کارەم کردووە و خوێندوومەتەوە، ئەو بەشانەی کە باشتر لەوە بوو کە بیرم لێدەکردەوە، بەشێوەیەکی خۆش تووشی سەرسوورمان دەبووم و ئەو بەشانەی کە لام وابوو خراپ نووسیومە، ترساندمی، بەڵام لام وایە، باخی پاییزی، بەڵێ، بە بۆچوونی خۆم باخی پاییزی باشترین شانۆنامەمە. هەڵبەت ئەگەر مەبەستت لە "پێخۆشبوون" ئەم شتە بێت.

**ئەو کەسانەی تۆیان لە شەوی کرانەوەی وەرگرتنی (quotation) سیمۆن سینیۆرە لە رێوییە بچووکەکان لە پاریس دیبوو، باسیان لەوە کردووە لە ماوەی نمایشی شانۆکەدا بەردەوام لە شوێنەکەت هەڵدەستایت و لە بەینی کورسییەکاندا دەهاتی و دەڕۆشتی.**

من زۆربەی کات کاتی نمایشی شانۆ هەڵدەستم و دادەنیشمەوە، بەڵام ئەو شەوە تایبەتە، ئەوەی دەمبینی دەیهەژاندم. من رێوییە بچووکەکانم خۆش دەوێت، بەڵام لێی بێزار بووم. لام وا نییە نووسەرەکان ناودارترین بەرهەمیان لە هەمووی خۆشتر بوێت، بەتایبەت ئەگەر چەند ساڵ بەسەر نووسینیدا تێپەڕ بووبێت.

**چی وات لێدەکات کە بگەڕێیتەوە بۆ هەمان بەستێن و کارەکتەرەکانی رێوییە بچووکەکان، دوای نزیك بە حەوت ساڵ بەشێکی تر لە دارستانت نووسی.**



هەمووکات بیرم لەوە دەکردەوە رێوییە بچووکەکان بکەم بە تریلۆژی. رگینە لە رێوییە بچووکەکاندا لە ساڵی 1900 ژنێکی نزیك بە سی و هەشت ساڵ تەمەنە، دەمویست بۆ جارێکی تر لە ساڵەکانی 1920 و 1925 بگەڕێمەوە بۆ لای. بگەڕێمەوە بۆ لای ئەو و ئەلێکساندێرای کچی کە بڕیاربوو قەیرە کچێکی نائومێد و تاڕادەیەك تووڕە و یاریدەدەری کۆمەڵایەتی بێت.

**لە پەردەی سێیەمی رێوییە بچووکەکاندا قسەیەك کراوە کە سەرجەم قورسایی شانۆنامەکە دەکەوێتە سەرشانی. هەندێ مرۆڤ هەن وەك خڕنۆکەکانی تەورات، گۆی زەوی و مرۆڤەکانی دەخۆن. هەندێ مرۆڤیش هەن ئەو ئیزنەیان پێدەدەن. "من هەندێ جار بیر لەوە دەکەمەوە دروست نییە مرۆڤ راوەستێ و چاو لەو کەسانە بکات کە خەریکن گۆی زەوی دەخۆن". لە کۆتایی شانۆنامەکەدا، ئەلێکساندرا بڕیار دەدات بەشێك نەبێت لەو مرۆڤە پەسیڤ و بێکردانە. دەیەوێت دایکی بەجێبێڵێت.**

بەڵێ، دەمویست دایکی بەجێبێڵێت، بەڵام لەوپەڕی سەرسوورمانمدا، دەربەستبوونی شانۆنامەکە بوو بەهۆی ئەوەی ئەلێکساندرا لەسەر باوەڕەکەی خۆی بمێنێتەوە و بنەماڵەکەی بەجێبێڵێت. مەبەستم نەبوو بەو شێوەیە دەربچێت. ئەلێکساندرا ئەوەندە بوێر بوو دایکی بەجێبێڵێت، بەڵام هیچکات توانا و هێزی بەقەد بنەماڵەی دایکی نەبوو. مەبەستم ئەمە بوو. یان رەنگە دواتر لەخۆمەوە ئەم شتەم دروستکرد.

**ئەم بەدوای یەکترداهێنانەی ناو شانۆنامەکانت، گوێ بڕەکان، بنەماڵەی هاباردی رەزیل، زۆرن ئەوانەی لەمجۆرە کە بیناسن؟**

زۆرکەس لایان وایە ئەمانە بنەماڵەی دایکی منن.

**دەتەوێت شانۆنامەی سێیەم بنووسیت؟**

مرۆڤەکانی ناو شانۆنامەی رێوییە بچووکەکان تەواو ماندوویان کردووم.

**لە ئۆپێرای رگینەی مارك لیستزستاین کە بە پێی شانۆنامەی رێوییە بچووکەکان دروستکراوە، خراپە بوونی رگینە بەئاشکرا دیارە.**

من و مارك دوو هاوڕێی نزیك بووین، بەڵام هیچکات پێکەوە کارمان نەکردووە و هاوکاریمان نەبووە. ئۆپێرا پەیوەندی بە من و کاری منەوە نییە. بەو شێوەیە چاو لە ئۆپێرای رگینە ناکەم. نووسەر ئەو مافەی نییە کارەکتەرەکانی خراپ یان باش بخاتە روو. کە دەربارەی کەسەکان دەنووسن، ئەم وشانە بەکەڵك نایەن. ئەوە خەڵکن خراپە و چاکبوونی کارەکتەرەکان دەبینن و هەڵی دەسەنگێنن. (نووسەر بۆی نییە دادوەری بکات لەسەر خراپە و باشبوونی کارەکتەرەکانی).

**تۆ خۆت لە پێشەکی شانۆنامەی (کاتی منداڵەکان)دا نووسیوتە دەربارەی چاکە و خراپەیە.**

چاکە و خراپە لەگەڵ مرۆڤە چاك و خراپەکان جیاوازن. وا نییە؟ کە منداڵەکان ئەنجامی شانۆکەیان بەدڵ بوو دڵگەرمی بوو بۆم. نەمدەزانی



شانۆنامە بنووسم، خەریکبووم خۆم فێر دەکرد. کێشەیەکی یاسایی هاتبووە پێش و ئەو کێشەیەم هەڵبژارد. یان دشیل هێمت بوو بۆی هەڵبژاردم. لەبەر ئەوەی لەباری تیۆرییەوە شتێکی ئامادە و بەردەست باشتر لە کڵ دەردەچێت، لە راستییدا بونیادی هەیە. لە تەمەنی بیستوشەش ساڵیدا نەمدەویست دەربارەی خۆم بنووسم. ئەو شانۆنامە بەپێی کێشەیەکی یاسایی لە کتێبی (ویلیام راف هێد) دا داڕێژراوە. هەڵبەت بەو ئایدیایە دەستی پێکرد، بەڵام کە تەواو بوو سەرجەم شتەکەم گۆڕیبوو. کێشەکە لە سەدەی نۆزدەیەم لە ئێدینبۆر روو دەدات و دەربارەی دوو قەیرە کچی مامۆستایە کە قوتابخانەیەکی تایبەتی پلە دوو بەڕێوە دەبەن. دایە گەورەیەك ناوی کچۆڵەیەکی هیندی– هیندییە سوورەکان نا– لە قوتابخانە دەنووسێت و لەوێ دەینێرێتە بەرخوێندن. کچەکە ئەو دوو مامۆستایە بەوە تاوانبار دەکات کە هێمۆسێکسواڵن. ئەو دوو خاتوونە لەوە بەدوا تەمەنیان بە سکاڵا و هەندێ جار بردنەوە و هەندێ جار دۆڕاندن دەبەنە سەر تا سەرەنجام نە پارەیان بەدەستەوە دەمێنێت و نە قوتابخانەکە.

**وەك یاسا. ئاخۆ تێمی شانۆنامەیەك لە شوێنێك وەردەگریت، ئاخۆ لەسەر ئایدیا و بیرۆکە گشتییەکان کار دەکەیت؟**

نا، بەهیچ شێوەیەك. پێشتر دەمگوت شانۆنامە بەلامەوە تەنها مرۆڤەکانی ناو شانۆنامەکەیە. بەڵگەم بۆ ئەم کارە ئەوە بوو کە لەسەر

ئەوباوەڕە بووم باشترین بەرهەم لەم ڕێگاوە دێتە نووسین. ئێستا لام وایە شانۆنامە بریتییە لە مرۆڤەکان و بیرۆکە و ئایدیاکان.

**کارکتەرەکان بەرلەتۆ خۆیان دروست دەکەن؟**

لام وا نییە کارەکتەرەکان بەو شێوەیەی مرۆڤ دەیەوێت لەکڵ دەربچن و بەو شێوەیە دەربکەون. هەموو کات بەو ڕێگایەدا کە ئێمە دەمانەوێت ناڕۆن. لانیکەم بەو ڕێگایەدا ناڕۆن کە من دەمەوێت. ئەگەر بمەوێت نووسراوەکەم بە کەسێکەوە دەست پێ بکەم، ڕەنگە دە لاپەڕەم بۆ پڕ نەبێتەوە. لام وا نییە بکرێت بە کەسێك دەست پێ بکەین. لام وایە بەرهەمێك بە چەند بەش لە بوونی ژمارەیەکی زۆر لە مرۆڤەکان دەست پێدەکات. شانۆنامە دەبێت بە خستنە پاڕادۆکسی کەسەکانەوە، باس لە نکۆڵیکردنی ئەوان بکات. بەڕاستی شتێکی ئەوتۆ دەربارەی ڕەوتی خولقان نازانم و حەز ناکەم دەربارەی قسە بکەم.

**ئاخۆ لەو شتەدا شانۆنامە دەکات بە هونەر و تەکنیکی نووسین، شتێکی شاراوە و نهێنی بوونی هەیە؟**

بەڵێ بەدڵنیاییەوە. لە ڕاستییدا ئەوەی هەیە ڕاز و ڕەمزە. لەبەر ئەوەی تیۆری بەکەڵکی کەسێك دێت و بەکەڵکی کەسی تر نایەت. زۆر دژوارە، لانیکەم دژوارە بۆم کە تیۆرییەکم هەبێت دەربارەی نووسەربوون.



**بەڵام تۆ دەبێت ڕوانگەیەکی ڕوونت هەبێت دەربارەی چۆنییەتی کردەی چیرۆك یان شانۆنامە بۆ ئەوەی بتوانیت بنووسیت.**

هەموو کات نا. بەتایبەت کە مرۆڤ پیر دەبێت. ئەمە توانای (هێمت) بوو کە لای وابوو ئەو کەسەی دەست دەکات بە نووسین دەبێت بونیاد و چوارچێوەیەکی پتەوی هەبێت بۆ ئەوەی چیرۆکێك لەسەر ئەو بونیاد و پلۆتە دروست بکەیت. بەم شێوەیە ڕەوتی چیرۆك ئاسانتر دەڕواتە پێش. سەرەتا کە دەستم دەکرد بە نووسین دوو سێ لاپەڕە سەردێڕی بابەتەکانم دەنووسی. دواتر درێژەم پێ نەدا.

**لات وایە ئەوجۆرە شانۆنامەیەی کە تۆ دەینووسیت- شانۆنامەی خۆش فۆڕم کە بەمەستێکی تایبەت بە پێشوازی میلۆدرامەوە دەڕوات- ڕزگاری دەبێت؟**

من نازانم چی ڕزگاری دەبێت و چی ڕزگاری نابێت. منیش وەك هەمووان هیوادارم ڕزگاری ببێت، بەڵام ڕزگاربوون پەیوەندی بە خۆش فۆڕم، یان بەد فۆڕم بوون یان وشەی وەك "میلۆدرام"ەوە نییە. من حەز بە ناولێنان و ئیسمەکان ناکەم. ئەم قسانە بەکەڵکی ئەوانە دێت کە لەگەڵ مۆدەی ساڵدا تەنوورەکەیان کورت و درێژ دەکەنەوە. مرۆڤ دەنووسێت و لە سەردەمی خۆیدا و بەو شێوەیەی دونیا دەبینێت، دەنووسێت. هەزاران ڕێگا هەیە بۆ نووسین. نووسەر کەڵك لە هەر فۆڕمێك وەردەگرێت کە بەکەڵکی بێت. ئەگەر نووسەرێکی باش بێت هەر فۆڕمێك بەکار ببات باشە. بەهەمان شێوە کە دەنووسێت ئەگەر بتوانێت ڕەوتێکی نوێ دەست پێ

بکات کە ئازادی زیاترت پێ بدات شتێکی ترە، بەڵام ئەمە هەموو شت نییە، ڕەنگە شتێکی وەهاش نەبێت. هەر فۆڕمێك کە دەتەوێت هەڵبژێریت، ئەگەر چاك...

**ئاخۆ بەشداریت لە هەڵبژاردنی ئەکتەری شانۆنامەکانتدا؟**

بەڵێ.

**هەموو کاتیش بەو شێوەیە کە پێت خۆشە؟**

هەندێ جار بەدڵمە و هەندێ جار نا. پاڵێوراو و دایکم، باوکم و من شتێك بوو وامان کرد بەس کارەکە بچێتە پێش. منیش یارمەتیم دان لەو شتەدا. سەردەمی ناکامی، مرۆڤ نازانێت زیانی بە کێ گەیاندووە. دواتر ئەوەی هەبوو بەس دەمانویست کارەکە بچێتە پێشەوە، خۆشم ئەو شتەم دەویست. شکستێکی تەواو. مەبەستم ئەوەیە هێشتا دە خولەك نەدەبوو کە پەردە لادرابوو، نەهامەتی دەستی پێکرد. شکستێکی تەواو، بەمانای شکست. ئاغای ویلیام ڕێندۆلف هارست لەگەڵ دە کەس لە هاوڕێکانی، لە ناوەڕاستی پەردەی یەکەمدا هەستا و تا ڕادەیەك خەڵکی وروژاند. من لە حەسارەکەی دواوە هێڵنجم دەدا. بەڕاستی دەرشامەوە. دەبوایە بڕۆشتبایەتمە ماڵەوە بۆ گۆڕینی جلەکانم. سەرخۆش بووم.

**لەو وەرگرتنانەی لە شانۆنامە ئەوروپییەکان وەرتگرتووە، ڕازیت؟**



هەندێ جار، بەڵام نەك هەموو کات. شانۆنامەی (The lark)م پێخۆش نەبوو، بەڵام تا ئەوکاتەی کارەکە بە نیوە نەگەیشتبوو، نەمزانی. مۆنتسرام پێخۆش بوو. لام وایە لە وەرگرتندا بەختم نییە. لە شانۆنامەی "پاڵێوراو" جگە لە ئازار و بەدبەختی هیچم دەست نەکەوت. چیرۆکێکی دووردرێژی هەیە. لەبەر چی، ئەو کاتەی بە تەنها لەسەر "پاڵێوراو" کارم دەکرد، زۆر دڵخۆش بووم. شەریکێکی باش نیم. زوو هەڵدەچم، بەڵام کە ئەوکات بەتەنها کارم دەکرد زۆر باش بوو.

**شکستی پاڵێوراو لە بلیتفرۆشییەکاندا بوو، بەڵام بە ئاشکرا شانۆنامەیەکی سەرکەوتوو بوو. گرامافۆن زۆر لایەنگری هەبوو.**

بوو بە شانۆنامەیەك بۆ ئەو کەسانەی بە دژواری شتەکان وەردەگرن. بەڵێ ئیتر، پێمخۆشە.

**لات وایە شانۆنامەی (دایك و باوکم و من)یش شانۆنامەیەکە بۆ ئەو کەسانەی بە دژواری شتەکان پەسەند دەکەن.**

دەستپێکی نمایشکردنی شانۆکە هاوکات بوو لەگەڵ مانگرتنی ڕۆژنامەکان کە بەڕاستی وێرانگەر بوو، بەڵێ لام وایە شانۆیەکی سەیر و سەمەرە و پڕ لە ژەنیار و تایبەت بەوانەی دژوار پەسەندن. دوایین حەفتە سەرجەم ئەوانەی بینەری بوون، مۆسیقاری جاز بوون. ئەستێن گێتز شانۆنامەکەی بینی و پێی خۆش بوو، بە هاوڕێکانی گوتبوو. هیوادارم جارێکی تر نمایش بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی پێمخۆشە، لە دەرەوەی

براد‌ڤۆی نمایش بکرێت. سەرەتاش دەمویست لە دەرەوەی براد‌ڤۆی نمایش بکرێت.

**دەکرێت دەربارەی نووسەری هاوچەرخی خۆت، ئارتۆر میللەر قسە بکەیت و بۆچوونی خۆتم دەربارەی ئەو پێ بڵێیت؟**

مەرگی نووسەرم بەدڵ بوو. تا رادەیەك گومانم هەیە لەو بارەوە، بەڵام لام وایە شانۆنامەیەکی زۆر باشە. زیاتر لە هەر شتێك دیمەنی پردەکەم پێخۆش بوو.

**دوای کەوتنەخوارەوە؟**

پیاو ژنە پێشترەکەی کە خۆی کوشتووە و مردووە بێنێتە سەر سێن و جۆرێك جل بکاتە بەری کەس نەکەوێتە هەڵەوە، ناویشی مێرلین مۆنرۆ بێت، وایکرد خەڵك روو بکەنە بلیتفرۆشییەکان. واتە ژنەکەت بکەیت بە رێگایەك بۆ پارە دەرهێنان و خراپتر لەوەش ناوەکەی بکەیت بە کەرەسەی پارە دەرهێنان.

**لە گەڵاڵەیەکی لاوەکی، بەڵام گرینگدا، ئەم شانۆنامەیە، پیاوێك کە لە سەردەمێکی کورتی تەمەنیدا کۆمۆنیست بووە، لە بەرامبەر کۆمیتەی تایبەت بە کۆنگرە، چەند هاوڕێیەکی نزیکی دەدات بە دەستەوە و ناویان دەبات.**



لەو بەشە تێنەگەیشتم، میللەر سەردەمانێك بە شێوەیەکی جیاواز لە شانۆی دەڕوانی و تێڕوانینی تری هەبوو، هەرچەند هیچکات شاهیدیدان بەرامبەر "کۆمیتەی چالاکییە دژە ئەمریکاییەکانی پەرلەمان"م پێخۆش نەبوو: تا رادەیەك خۆدەرخستن و داوای لێبووردنی پێوە دیاربوو. جارێکی تر چوومەوە سەر ئەو شاهیدیدان و دانپێدانانانە، هەر پێمخۆش نەبوو، تەنانەت زیاتر لە پێشتر پێمخۆش نەبوو. لام وایە هەستی هەڵکردن لە شانۆنامەکانی میللەردا زۆر بەرچاوە. ئەوکەسانەی خیانەتیان لە هاوڕێکانیان کرد، مەبەستێکی تایبەتیان هەبوو و ئەو کەسانەی خیانەتیان نەکرد مەبەستی تایبەتیان هەبوو.

**ئەی تێنسی ویلیامز، کارەکانی ئەوت بەلاوە پەسەندە؟**

لام وایە کەسێکە بە شێوەی زاتی شانۆنامەنووسە. قامکی دەسمێ و پێی دەنووسێت. سەرجەم شانۆنامەکانیم پێخۆش نییە. ئەم سێ چوار شانۆنامەی ئەخیری وەك پێشتر باش نین، وەك ئەوەی لە رەوتی ئاسایی لایدابێت. خەریکە تواناکانی خۆی دەفەوتێنێت.

**مێری مەك کارتی لە وتارێکی رەخنەییدا نووسیویەتی تۆلات وایە گرینگ نییە چی روودەدات، بەهەرحاڵ تێنسی ویلیامز ناو دەردەکات و سەرمایەیەکی زۆر بەدەست دێنێت.**

دەربارەی خاتوو مەك کارتیش ئەم هەستەم هەیە.

**خاتوو مەك كاتری وەك شتەكانی تر، تۆی بەوە تاوانبار كردووە كە توانایەكی زۆر باشت هەیە وەڵامی پرسیارە دژوارەكان بدەیتەوە و بە فێڵ و تەڵە وەڵامی رووكەشییانە بدەیتەوە پێیان.**

حەز ناكەم بەرامبەر بە بۆچوونەكانی خاتوو مەك كارتی یان هەركەسی تر بەرگری لەخۆم بكەم. لام وایە خاتوو مێری مەك كارتی خانمێكی زۆر وریایە، تەنانەت هەندێجاریش بێ كەموكوورییە، بەڵام لە چیرۆكنووسیندا خانمێكی نووسەرە، نووسەری گۆڤاری خانمان. هەڵبەت ئەمە بەو مانایە نییە قسەكانی دەربارەی من راست نییە، بەڵام ئەگەر لام وابایەت ئەو راست دەكات وازم لە كارەكەم دەهێنا. حەز دەكەم رەخنەگرانم شانۆنامەكانی منیان پێخۆش بێت، هۆگریان دەبێت بەهۆی سەركەوتنی شانۆنامەكان، بەڵام تەنها چەند كەسێكن كە رێزی تایبەتم بۆیان هەیە و بۆچوونەكانیان بەلامەوە گرینگە.

**توخمێكی سەرەكی لە گوشارە رووحییەكان كە دەبێت بەهۆی ئەشكەنجە، لە شانۆنامەكانتدا بوونی هەیە. "لە دواترەكان و پاسەوانەكانی راین"دا مرۆڤ كوژییەكان لەسەر سێن ئەنجام دەدرێت. وا دەچێت هاورێیەتی لەگەڵ دشیل هێمت و نزیكی لەگەڵ بەرهەمەكانی، جۆرێك كاریگەری ناڕاستەوخۆی كۆمەڵایەتی لەسەر تۆ دانابێت؟**

لام وا نییە، بەهیچ شێوەیەك لام وا نییە. جۆری بیركردنەوەی من و دشیل لەگەڵ یەكتر جیاوازە و بە گشتی دوو نووسەری جیاواز بووین. دشیل بەردەوام دژ بەو توندوتیژیانە بوو كە لە شانۆنامەكانی مندا رەنگ



دەداتەوە. لام وایە زۆر گرینگی بە تەكنیك و چۆنییەتی لەكڵ دەرهاتنی بەرهەمەكانم. لام وایە راستی دەكرد، بەڵام خۆ ئەو شانۆنامەی نەدەنووسی من دەمنووسی.

**فیلمنامەی زۆریشت نووسیوە؟**

با بیربكەمەوە. سەرەتا كە دەستم پێكرد شانۆنامەیەكم نووسی بەناوی فریشتەی تاریكی. دواتر وەرگرتنێك لە "كۆتایی رێگا" و وەرگرتنێكی تر لە "رێوییە بچووكەكان". لە ئێستادا خەریكم شانۆنامەیەك دەنووسم بە ناوی "شوێنكەوتن".

**هیچكات نیگەرانی ئەوە نەبوویت نەوەك هۆلیوود بۆ نووسەرێكی جیددی وەك تۆ "كۆتایی رێگا"بێت؟**

هیچكات، ئەگەر نیگەرانی ئەوە بام فیلمنامەم نەدەنووسی. سەرەتا كە چوومە هۆلیوود، یەكێك لەو شتانەی كە لە نووسەرەكانم دەبیست، ئەوە بوو كە ئەم كارە جۆرێك لەشفرۆشی و خۆفرۆشتنە، بەڵام مرۆڤ تا ئەو كاتەی حەز نەكات خۆفرۆشتن و لەشفرۆشی رایناكێشێت.

**چەند شەو لەوەوپێش گوێم گرتبوو لە گۆرانی "پیت سیگر"، تۆ بە شێوەیەك نۆستالۆژیك دەردەكەویت.**

دیتنەوەی دووبارەی ئەو پیاوە باوەڕدارە هەژاندمی.

**ئیتر وەك رابردوو بیریان لیَ ناكەیتەوە؟**

نا، زۆر نا، زۆر بیریان لیَ ناكەمەوە. پاكیزەبوون دڵسۆزی و هەوڵدانی بەردەوام و قووڵایی باوەڕەكانی سیگر شتێك بوو كە بێزاری دەكردم. ئەو وای لێدەكردم بیر لە مرۆڤەكان و سەردەمە جیاوازەكان بكەمەوە. هەموو كات ئەوەندە كەس گەمژە بوون،X كەسێكی گەمژە و ساویلكە، X كەسێكە بەردەوام بیر لە بەرژوەندییەكانی خۆی دەكاتەوە، بەڵام لەهەمانكاتدا كەسانێكی دیاریش هەبوون، مرۆڤی باوەڕدار، ئەو كەسانەی دەیانویست بە باوەڕەكانیانەوە بژین. رۆزڤۆڵت وای لە مرۆڤ دەكرد كە بۆ دەوڵەت و حكومەتەكەی كارێك بكات بۆ ئەوەی دۆخی خۆمان و كەسانی تر باشتر بكەین. دەیەی 1930 بە هەموو خراپییەكانییەوە سەردەمێكی باش بوو و هەندێجار بە ئێرەییەوە لێی دەڕوانم. ژمارەیەكی زۆر لە هاوتەمەنەكانی من بەو سەردەمە پێدەكەنن و لەهەمانكاتدا ئەوكاتە بەلایانەوە دژوارە. هەندێجار بەڕاستی بەداخەوەن بۆ ئەو كارە گەمژانە و ساویلكانەی كردوویانە، ژمارەیەكیش لەسەر ئەو باوەڕەن باوەڕ ئیتر باو نییە و چوونە تەمەنەوە وات لێدەكات بترسیت.

**ئاخۆ خەڵك هێشتا ئاماژە دەدەن بە قسەكانی تۆ بەرامبەر كۆمیتەی چالاكییە دژە ئەمریكاییەكانی نوێنەرانی پەرلەمان: من ناتوانم بە پێی مۆدەی رۆژی ئەمساڵ شعوور و تێگەیشتنی خۆم لەبەرچاو نەگرم؟**

بەڵێ.



**قسەكانی تۆ وەك سووكایەتی بە كۆنگرە چاوی لێنەكرا؟**

نا، با هیچ شێوەیەك نەمدەویست سووكایەتی بكەم. ئەوانیش لە كۆتایی ئەو رۆژەدا قسەكانی منیان بە سووكایەتی نەزانی و سكاڵایان دژم بەرز نەكردەوە. پارێزەرەكەم، جۆزف را، سەربەرز بوو.

**لە شوێنی شاهیدی داندا ئەو كاتەی بە كۆمیتەكەت وت چیان بوێت دەربارەی خۆت دەیڵێیت، بەڵام كێشە بۆ كەسی تر دروست ناكەیت، پەیوەندی بەوەوە نییە كە فریوت داون.**

ئێمە نامەیەكمان نارد بەو شێوەیەی من دێم و ئەگەر بڕیاربێت دەربارەی كەسانی تر پرسیارم لیَ نەكەن، دەربارەی خۆم شاهیدی دەدەم و قسە دەكەم، بەڵام كۆمیتە گرینگیان پیَ نەدا. لام وایە دەیانزانی من بێتاوانم و دەیانویست دەربارەی كەسانی تر شتێك بزانن. ئەو رۆژانە جگە لەوەی قسەكردن دەربارەی كەسانی تر زۆر باو بوو، بەڵكو وایان دەكرد تا ئەو شوێنەی دەكرێت قسەكانیان سەرنجڕاكێش بێت. پێیان دەوتن شاهیدان نزیك. ئەم كەسانە رابردووی خۆیان و كەسانی تریان زۆر رەنگاوڕەنگتر لەوەی كە هەبوو، نیشان دەدا. ئەگەر وا نەبا رەنگە بە گەمژەیان زانیبان. ئەوكات لام وابوو دۆخی من باش نابێت و ئێستاش هەروا بیر دەكەمەوە.

**ئەو رۆژانە لەناو ئەو كەسانەدا كە كاری شانۆیان دەكرد، باو بوو، كە بەر لەوەی بڕۆن ناوی چەند كەس لە ناسراوەكان بدەن بە كۆمیتە و تەلەفۆنیان بۆ بكەن و پێیان بڵێن؟ تەنها بۆ ئەوەی راستگۆ بن.**

بەڵێ، تەلەفۆنیان بۆ هاوڕێکانیان دەکرد. ئەو کەسانەی بڕیاربوو زیانیان پێ بگات زۆر جار ئیزنیان دەدا. دەیانزانی مەبەستی خیانەتی هاوڕێکانیان چییە (پارە، بەگرتن بەوەی کارەکەیان لەدەست بدەن). بۆ ئەملاوئەولا تەلەفۆنی زۆر دەکرا. لە خودی شاهیدیدان خراپتر بوو. وا نییە؟ شێتێتی خیانەتکارەکان و خیانەت پێکراوەکان. پیاوێك لە کالیفۆڕنیا لەبەر ئەوەی پێشتر کۆمۆنیست بوو قەدەغە کرابوو وێنەی بڵاو بکرێتەوە لە میدیا گشتییەکان. دایکی ئەم پیاوە کە لە دەستی ماندوو ببوو– هەمووان لە دەستی ماندوو بوون– پێی گوت پارچە زەوییەکت پێدەدەم. هەر بۆیە ئەو کەسە دەستی کرد بە دروستکردنی خانوویەکی دوو ژووری، کەرەسەکانی کارەکانی لە نزیکترین هاوڕێکانی بە قەرز وەرگرت، لە کەسێك کە لە سەردەمی خوێندنی زانکۆدا هاوژووری بوو. حەوت هەشت مانگ خەریکی درووستکردنی خانووەکەی بوو و خەریکبوو خانووەکە تەواو دەبوو، کە هاوڕێکەی چووە لای و پێی گوت دەبێت کەرەسەکانی بداتەوە، لەبەر ئەوەی کۆمیتە بانگیان کردووە و ڕۆژی دواتر بڕیاربوو بڕواتە بەردەم کۆمیتە و ناوی ئەو دۆستە کۆمۆنیستەی ببات و لە ئەخلاقیاتەوە بەدوورە ئەو کاتەی ناوی هاوڕێکەی دەبات کەرەسەکان بەدەستییەوە بێت. نازانم سەرەنجام خانووەکە تەواو بوو، یان نا. گاڵتەجاڕە.

**زۆر کەمن ئەوانەی دەزانن لیلیان هێلمەن سەرچاوەی ئیلهامی دشیل هێمت بۆ نورا چارلز، هاوسەری وەفاداری نیك چارلز، پۆلیسی قارەمانی**



**چیرۆکی پیاوە باریکەلەکەیە. ئەم زەماوەندە کە لە کتێبەکەدا زۆر جوان هاتووە، کرا بە فیلم و ویلیام پاوڵ و میرینا لۆی بەشداریان تێدا کرد.**

بەڵێ.

**لەو کارە رازێت؟**

بەڵێ، بەدڵنیاییەوە.

**کە میرینا لۆی دەورێکی گێڕا کە دەوری خۆی بوو، بوو بە ژنێکی تەواو.**

بەڵێ، منیش پێمخۆش بوو، بەڵام نوورا گەمژەیە. هەمووکات دەبێت بەهۆی سەرئێشە و کێشە بۆ نیك.

**دەربارەی تۆ و دشیل بوو؟**

چی بڵێم. من و دشیل هێمت ماوەیەك پێکەوە زۆر خۆشمان گوزەراند. زۆربەی کاتەکان، نەك هەمووکات، بەیەکتر پێدەکەنین.

**بۆ ئەو کتێبە بوو گیرتۆد ستاین بۆ نانی ئێوارە بانگهێشتی کردن؟**

خانمی ستاین هاتبووە ئەمریکا و حەزی دەکرد دوو کەس ببینێت. هەردووکیشیان هاوکات لە کالیفۆڕنیا بوون. چاپلین و دشیل. هەموومان بانگهێشت کرابووین بۆ ماڵی هاوڕێ خاتوو ستاین، چارلی چاپلین، دشیل و من، پۆلت گۆدار، خاتوو تووکلاس، ئەو ژن و پیاوەی کە میواندار بوون و پیاوێکی تر. لەسەر مێزی نانخواردنەکە سرویسی چینی دانرابوو. چاپلین

کۆپی نزیك بە خاتوو ستاین خست، لەسەر ئەو مێزە جوانە. دەستبەجێ خاتوو ستاین وتی: "نیگەران مەبە، نەڕژا بەسەرمدا". ئاگای لە کارەکەی چاپلین نەبوو. زۆر بە جیددی وتی. دواتر بە دشیلی وت تەنها نووسەرێکی ئەمریکاییە دەربارەی ژنەکان دەنووسێت. دشیل پێی خۆش بوو.

**ئەو کاتانە فاکنەرت زۆر دەبینی؟**

فاکنەر و دشیل هاوڕێیەتییان خۆش بوو. کورتەچیرۆکەکانی دشیل فرۆشرابوون، فیلمەکانی زۆر باش دەفرۆشران. پارەیەکی زۆرمان هەبوو، دشیل پارەکانی دەبەخشییەوە، زۆر بەباشی دەژیاین. دشیل هەموو کات تا ئەوکاتەی مرد پارەکانی دەبەخشییەوە. لە کۆتایی تەمەنیدا شتێکی وای بۆ نەمابۆوە. لەو چەند مانگەدا کە فاکنەر لە نیویۆرك بوو هەموو شەو یەکترمان دەبینی. باسی ئەدەبیاتمان دەکرد و بەردەوام باسی تۆماس مانمان دەکرد. قسەکردن لە تۆماس مان و ئەدەبیات بۆ چەند حەفتە بابەتی گفتوگۆ و قسەکردنەکانمان بوو.

**فاکنەر پیاوێکی بێدەنگ بوو؟**

فاکنەر پیاوێکی بە ئەتەکێت بوو. زۆر باشووری بوو. پێی دەگوتم خاتوو لیلیان. دوای چەند مانگ ئیتر نەمبینییەوە تا چەند ساڵ لەوەوپێش. یادی ئەو ڕۆژانەمان کردەوە کە دشیل زیندوو بوو. فاکنەر وتی یادی بەخێر، ڕۆژانێکی زۆر خۆشمان پێکەوە هەبوو.

**نووسینی کامە شانۆنامەت بۆت ئاسان بوو؟**



"باخی پاییزی" لە هەمووان ئاسانتر بوو.

**ڕاست لە کۆتایی ئەم شانۆنامەیەدا، گریگس، ژەنراڵی خانەنشینکراو، جۆرێك قسە دەکات پەیوەندی بە چییەتی فەلسەفی شانۆنامەکەوە نییە.**

دشیل ئەو بابەتەی نووسی. من هەرچیم کرد نەمتوانی چاکی بکەمەوە. شەوێك وتی: "بڕۆ بخەوە جێی بێڵە بۆ من". لەم وتووێژەدا زۆر باسی دشیل دێتە پێشەوە، وا نییە؟

**نووسەرێك کاتێك وشەکانی لە زمان کەسێکی ترەوە دەبیسێت، تەنانەت لە زمانی بەتواناترین ئەکتەرەکانەوە، چ هەستێکی هەیە؟**

جاری وا هەیە ئینسان پێی خۆشە، هەندێجار وشەکان جۆرێك مانا دەبەخشن و هەڵگری جۆرێك مانان کە پێشتر ئەو مانایەیان نەبووە، مانای بەربلاو، بەڵام هەندێجاریش پێچەوانەکەیەتی، یاسایەك نییە بۆ ئەم شتە. پێویست ناکات بڵێین قسەکانی سەر سێنی شانۆ، هەمان ئەو قسانەی ژیان نییە، تەنانەت قسە نووسراوەکانیش وەها نییە.

**کە دەنووسیت دەنگی وتووێژەکان دەبیستیت؟**

لام وایە بەڵێ، بۆ خۆمی دەخوێنمەوە. بە زۆری لە چەند ڕۆژی یەکەمی دوایین پرۆڤەکاندا ئینسان تێدەگات چی کردووە کە ئەکتەرەکان ناتوانن جوان دەربیبڕن و چ ڕێگا چارەیەکی هەیە یان نییەتی.

**ئاخۆ مشتومڕ دەکەیت لەگەڵ ئەو ئەکتەرانەی کە دەیانەوێت چەند رستەیەك لەو شتانەی کە لە دەورەکەیاندا هەیە، بگۆڕدرێت؟**

نا زۆر، لە یەکەم شانۆنامەمدا، دژی وەستامەوە و ئێستا بەوە ناوم دەرکردووە کە ئامادە نیم نەرمونیانی بنوێنم.

**رەنگە لەبەر ئەوەی تۆ زیاتر بۆ خوێنەران دەنووسیت، نەك بۆ نمایشکردن.**

تا رادەیەك وایە، بەڵام هەر لە یەکەم رۆژەکانەوە فێربووم لە شانۆدا، چاك یان خراپ، باشتر وایە مرۆڤ هەڵوێست بگرێت و خۆڕاگر بێت. لە شانۆنامەی "پالێوراو"دا وایان لێکردم کارێك بکەم کە باوەڕم پێی نەبوو. فێر نیم ئەم کارانە بکەم. ئەوە نییە لام وابێت بەدڵنیاییەوە ئەوانی تر لەهەڵەدان، بەڵکو دەڵێم ئەوکارەی ئەوان دەیانەوێت من ناتوانم ئەنجامی بدەم. لام وایە چوونە سەرەوەی تەمەن وایکردووە زیاتر لەگەڵ کەسانی تر هاوڕا بم.

**ئەگەر شانۆنامەکانت تەنها بخوێنرێنەوە و نمایش نەکرێن، گرینگی بەم شتە دەدەیت؟**

پێم خۆش نییە. شانۆنامە بۆ نمایشکردنە. هەردووکیانم دەوێت.



**وتووێژە ناودارەکانی هێمینگوای، تەنانەت باشترین کەسەکان، ئەوکاتەی لە وەرگرتن و هەڵهێنجانی بەرهەمەکانی ئەودا وشە بەوشە لە لایەن ئەکتەرەوە دەوترێتەوە، گاڵتەجاڕ دەردەکەوێت.**

بەڵێ وایە. خۆی دەردەخات، خۆی دەردەخات. کە باسی گوێگرتن لە نووسەرم دەکرد، مەبەستم ئەمە بوو. فۆڕمی نووسین بۆ شانۆ زۆر جیاوازە. ئەگەر کەسێك بیەوێت کارەکەی باش بێت و بەئاواتەوە بێت شانۆنامەکانیشی بخوێننەوە، بابەتی گرینگ ئەوەیە کە دەبێت دڵنیابێت تێکەڵەیەك لەم دوو فۆڕمە دروست بکات. زۆر دێتە پێش لە نموونە چاپییەکاندا، مرۆڤ بەوە دەگات دەبێت رستەیەك بە شێوەیەکی تر بنووسێت. من ئەگەر تەمبەڵی نەکەم، بەرلەچاپ ئەم کارە دەکەم و پێیدا دەچمەوە و ئێدیتی دەکەم، بەڵام تەنها بۆ شتە لاوەکییەکان، بۆ وێنە گۆڕینی جێگای کردار و خاڵ دانان. بۆ سیناریۆی شانۆ، جارێکی تر خاڵبەندی دەکەمەوە.

**لام وایە پەیامی سیاسیت لە هەندێ لە شانۆنامەکاندا لە کارەکتەرەکان پێشڤەچوونی بابەت بەلاتەوە گرینگترن.**

هیچکات حەزم لە پەیامی سیاسی نەکردووە، هەربۆیە دژوارە باوەڕ بەو قسەیەی تۆ بکەم. منیش وەك هەر نووسەرێکی تر خۆم و سەردەمەکەم دەنووسمەوە. شانۆنامەی "گەڕان بەدوای بادا" زیاتر لە شانۆنامەکانی ترم بە شانۆنامەی سیاسی نزیکە، رەنگە لەبەر ئەمەش بێت زۆرم پێخۆش نییە، بەڵام تەنانەت لەو شانۆنامەیەشدا دەمویست دەربارەی ئەو مرۆڤە

چاو رەسەنانە بنووسم کە بەمەبەستی چاکە و لە دەروونی پاکەوە دەیانەوێت یارمەتی بدەن جیهانێك بفرۆشرێت.

**رەنگە ئەمە تەنها شانۆنامەیەك بێت کە تۆ زیاتر لە کارەکتەرەکان دەپەرژێیتە سەر دۆخی قەیراناوی.**

بەڵێ، بەڵام ئەوکاتەی دەمنووسی ئەم شتانەم نەدەزانی. بە تەواوی هەستم دەکرد کەسانێك ئێمەیان خستۆتە دۆخێکی زۆر خراپەوە، چوونەتە جەنگێکەوە کە ئەگەر زووتر لە ماهییەت و چییەتی فاشیزم ئاگادار دەکرانەوە، خۆیان لەو جەنگە بەدوور دەگرت.

**ساڵەکانی جەنگ چیت دەکرد؟**

ساڵی 1944 رووسەکان وەك جۆرێك مەئموورییەتی کلتووری منیان بۆ بانگهێشت کرد بۆ رووسیا. لەبەر ئەوەی دەیانویست "پاسەوانی راین" و "رێوییە بچووکەکان" نمایش بکەن.

**نمایشکردنەکان چۆن بوو؟**

رێوییە بچووکەکان زۆر باش بوو، "پاسەوانی راین" زۆر خراپ. لام وابوو دەبوایە بەپێچەوانە با. من لەگەڵ سێرگێی ئایزنشتاین بۆ پرۆڤەی کۆتایی "پاسەوانی راین" رۆیشتم، کە هەڵوێستم دەگرت یان دەنگم دەگۆڕا ئایزنشتاین دەیگوت: "گرینگ نییە، گرینگ نییە شانۆنامەیەکی باشی لێدەردەچێت، زۆر خۆت سەخڵەت مەکە و سەرنج مەدە کە چی دەکەن،



خراپی ناکەن". رێزێکی تایبەتم بۆ ئایزنشتاین هەبوو. زۆرم خۆش دەویست.

**کەی زانیت ئیتر ناتوانیت لە رێگای شانۆنامەنووسینەوە پارە بەدەست بێنێت؟**

ساڵی 1948 ئاگادارکرامەوە کەوتوومەتە ناو لیستەی رەشەوە. وایلەر و من بڕیار بوو فیلمنامەی "خوشکە زەحمەتکێشەکە"بنووسین، کەسێك، لام وایە ئاغای بلابان بوو، بە وایلەری گوتبوو ناتوانێت من دامەزرێنێت و کارم پێ بسپێرێت. ئەو لیستە رەشە نەنووسراوە تا سێ ساڵ لەوەوپێش وەك خۆی مایەوە.

**پێشنیاریان پێ نەدایت شتێك واژۆ بکەیت بۆ ئەوەی ناوت ناو لیستەی رەشدا نەمێنێت، شتێك وەك جۆرێك تۆبەنامە؟**

بۆچی نا، دواتر پێشنیاریان کرد. هێشتا ماوەیەکی کورت بەسەر لیستەی رەشدا تێدەپەڕی کۆمپانیای کۆلۆمبیا پێشنیاری گرێبەستێکی پێدام- گرێبەستێك کە ئارەزووم بوو و خەوم پێوە دەبینی- کاری دەرهێنەری و بەرهەمهێنان بکەم و فیلمنامەیەك بنووسم، هەرسێکیان یان هەرکامەیان خۆم پێم خۆش بێت. بە پارەیەکی زۆر زۆر، بەڵام لە کۆنفرانسێکی سینەماییدا، گەورەترین بەرهەمهێنەرەکان لە دەوری یەکتر کۆبوونەوە بۆ ئەوەی بەرامبەر بە "چەپییەکان" بوەستنەوە و چۆکیان پێدا بدەن. ماددەیەکی تازە خرایە سەر گرێبەستە سینەماییەکان.

رستەکەم لە باری یاساییەوە بە جوانی لەبیر نەماوە. من گرێبەستەکەم واژۆ نەکرد.

**دەربارەی ئەو دیدارە چۆنت بیر دەکردەوە؟**

من بە هیچ شێوەیەك خۆم بۆ ئامادە نەکردبوو، سەرم سوورمابوو کە چۆن دەکرێت شتێکی لە چەشنی مەك کارتییەکان لە ئەمریکا روو بدات. هەربۆیە ژمارەیەکی کەم هەڵوێستیان گرت، ژمارەیەکی کەم ناڕەزایەتییان دەربڕی. لام وایە خەڵك زیاتر تووشی سەرسوورمانیان کردم تا خودی مەك کارتی.

**ئەو کەسانەی کاری شانۆ، یان سینەمایان دەکرد؟**

هەردووکیان و هەروەها کەسانێك کاری ئەدەبیاتیان دەکرد و لیبراڵەکان. ئێستاش پێم ناخۆشە، ئێستاش کاس و وڕم. بەدەر لەوە داوایان لێکردم لەبەر نووسەرانی پۆڵەندایی، هەڵوێست بگرم و نامەیەکی ناڕەزایەتی واژۆ بکەم. لام وابوو کارێکی باشە و چووم پۆستی بکەم، بەڵام زانیم هیچکام لە ناڕازییەکان بەرامبەر بەو دۆخەی ئێمە ناڕەزایەتییان دەرنەبڕیبوو، نامەکەم دڕاند.

**لات وابوو چ قەوماوە؟**

لام وایە بابەتی مەك کارتی زیاتر لە خودی مەك کارت دەوامی هێنا. لام وایە ئەو سەردەمە خراپترین سەردەم بوو و زۆری خایاند و بە سەردەمێکی



رەش دەزانرا. نیگەرانی دشیل بووم. نەخۆش بوو دەترسام نەوەك جارێکی تر بکەوێتەوە زیندان و نەخۆشکەوێت– ماوەیەکی زۆر بەو ترسەوە ژیام کە دەیخەنەوە زیندان و لەوێ تەنهایە و کەس نییە دەرمانی پێبدات و ئاگای لێی بێت– بەڵام زیندان زۆری ئازار نەدا، یان وای نیشان دەدا کە زۆری ئازار نەداوە. سەرقاڵی کردبوو. وەهای دەنواند وەك ئەوەی زیندان جۆرێك کۆلێج بێت بۆی. وەها باسی زیندانی دەکرد کە خەڵکانی تر باسی کۆلێج دەکەن و ئەمە تووڕەی دەکردم.

**ئەو کاتەی سەردەم سەردەمی (رۆی کۆهن) و "دەیڤید شاین" بوو، کتێبی "هەڵۆی ماڵت"یان لە کتێخانەکانی سرویسی نەتەوە یەکگرتووەکان هێنایە دەرەوە. دشیل هێمت بانگ کرایە بەردەم کۆمیتەی مەك کارتی.**

بەڵێ، لە تەلەفزیۆن بڵاوبۆوە و بینیم. دشیلیان بانگ کرد. دشیل پیاوێکی قۆز بوو. پیاوێکی گەورە و قۆز، روخسارێکی جوانی هەبوو. یەکێك لە سیناتۆرەکان، لام وایە مەك کارتی بوو بە دشیلی وت: "ئاغای هێمت، ئەگەر لە پێگەی ئێمەدا بایت، ئیزنت دەدا کتێبەکانت لە کتێبخانەکانی سرویسی زانیاری ئەمریکادا بێت؟ دشیل وتی: "ئەگەر لە جێی ئێوە بام جەنابی سناتۆر، ئیزنم نەدەدا هیچ کتێبخانەیەك بوونی ببێت". توانجێکی زۆر باش بوو! مەك کارتی پێکەنی. کەس پێنەکەنی، بەڵام مەك کارتی پێکەنی. دشیل خوویەکی هەبوو کە دەبوو بەهۆی ئازاردانی کەسانی تر ئەویش ئەوە بوو شانی هەڵدەتەکاند. ساڵانێکی زۆر پێم دەگوت: "تکات لێدەکەم شان هەڵمەتەکێنە". نازانم بۆچی ئەم کارەی

تووڕەی دەکردم. وەك شێتەکان لەبەردەم کۆمیتە شانی هەڵتەکاند. کە وەڵامی هەر پرسیارێکی دەدایەوە شانی هەڵدەتەکاند. کە تەواو بوو، ڕۆیشتە فڕۆکەخانەوە و لەوێوە تەلەفۆنی بۆ کردم و پێی وتم: "سڵاو، چۆن بوو؟ تەنها لەبەر تۆ شانم هەڵدەتەکاند".

**ئاخۆ ئەو سەردەمە و ئەو کاریگەرییەی لەسەر خەڵکی هەبوو، سووژەیەکی سەرنجڕاکێشە بۆت؟**

من هیچکات خۆم لەگەڵ ئەم سووژەیە یەکلایی نەکردەوە و نەمزانی چۆن باسی لێوە بکەم. سەردەمێکی تەواو گاڵتەجاڕ بوو. پڕبوو لەو مرۆڤ و لیبۆکە گاڵتەجاڕەکان کە بەردەوام چەنە درێژییان دەکرد. داوای لێبووردنیان دەکرد، بەدرۆ گوناهیان دادەتاشی و بۆ ئەو گوناهە درۆینە داوای لێبووردنیان دەکرد. ژمارەیەك لیبۆکی تریش بوون، لیبراڵەکان، کە ڕێگای بیابانیان گرتبووە بەر. گاڵتەجاڕییەکی ناشیرین، بابەتێکی قورس و ئاڵۆزە بۆ نووسین. لە شانۆیی درامدا، کەمن ئەو ئەکتەرانەی جوان دەور دەگێڕن. ئەو ژمارە کەمەش شانۆیی کۆمیدییان پێخۆش نییە.

**دواتر رووتکردە بەریتانیا بۆ ئەوەی فیلم دروست بکەیت؟**

هەموو کات هەوڵم دەدا ئەوە بڵێم ئەوەندەش کە بریتانیاییەکان بیری لێدەکەنەوە دۆخەکە خراپ نییە. دەی خۆ واش نەبوو. بەریتانیاییەکان زێدەڕۆییان دەکرد. لەبەر ئەوەی هیچکات خۆشیان لەئێمە نەهاتووە. بەردەوام باسی فاشیزمیان دەکرد لە ئەمریکا و ئەو ژمارە زۆرە ئینسانەی



کە لە زیندانن. تەنها کاتێك کە ریچارد کراسمەنم بینی، هەر ئەوکاتە بوو. نەیدەزانی "هێمت" دەناسم، هێمت لە زیندان بوو. کراسمەن پێی وتم ئابڕووچوونێکی سەیرە. من وتم: "باشە پێم دەڵێت ئێوە چیتانە؟ کەستان هیچ کارێکی بچووکتان بۆ ئەم پیاوە کردووە و قامکێکتان بۆ جووڵاندۆتەوە (قامکم پێی نیشاندا) ئەگەر ئەم رووداوە لێرە روویدابا هەموومان هاتوهاوارمان بەرز دەبۆوە.

**وەك ئەمریکاییەکانی تر هیچکات بیرت لەوە کردۆتەوە لە دەرەوەی ئەمریکا بژیت؟**

من هاتبوو بە مێشکمدا لە بەریتانیا بژیم، بەڵام نەمتوانی. من ئەمریکام خۆشدەوێت. بەشێکم لێرە. زۆر حەز ناکەم لەخۆڕا باس لە وڵات بکەم و هاتوهاوار بکەم، بەڵام زۆرم هەوڵ دا دشیل رازی بکەم کە تەنها بۆ پاراستنی گیانی ئەمریکا بەجێبهێڵێت. لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا تووشی نەخۆشی سێل ببوو، لە جەنگی دووەمی جیهانیدا نەخۆشی ئامفیزم. هیچکات نەچووبووە ئەورووپا. کە پێم دەگوت ئەمریکا بەجێ بهێڵە، پێدەکەنی. لە بیانییەکان بێزار بوو و بە بیرۆکراسی رووسی پێدەکەنی.

**ئەورووپییەکان ستایشیان دەکرد، ئەو پێیان پێدەکەنی؟**

نا پێی خۆش بوو، بەڵام زۆر سەرنجی رانەدەکێشا. کە پێم گوت ئاندرێ ژید ستایشی کارەکانی دەکات، قسەیەکی کرد کە تۆ ناتوانیت چاپی بکەیت.

**تۆزێك بێ شەرمی خۆ عار نییە.**

زۆرباشە، وتی: "هیوادارم ئەو هەتیوە لووسکە ئیتر ناوم نەبات".

**حەزی دەکرد کێ ستایشی بکات؟**

ئەویش وەك زۆربەی نووسەرەکان حەزی دەکرد نووسەرانی باش ستایشی کارەکانی بکەن. دەزانیت خۆ سەرەتا کە دەستی کرد بە نووسین نووسەرێکی گشت پەسەند و بازاڕی بوو و خوێنەران کارەکانی ئەویان پەسەند دەکرد. بۆ گۆڤارێکی پۆلیسی بازاڕی بەناوی "دەمامکی ڕەش" بابەتی زۆری دەنووسی، بەڵام لام وایە دشیلە هەر لە سەرەتاوە کاری خۆی زۆر بە جیددی گرتبوو و زۆر جیددی دەستی دابووە نووسین.

**وتت لە نووسیندا یارمەتی دەدایت. تۆش یارمەتی ئەوت دەدا؟**

نا، نا.

**کە ڕۆمانی دەنووسی نیشانی دەدایت؟**

بەڵێ، پیاوی باریکەلە و چەند چیرۆك و ڕۆمانێکیش کە بەهۆی مەرگییەوە ناتەواو مایەوە. ئەو ڕۆمانانەی تر کە نووسیویەتی بەر لەیەکترناسینمانە.

**بەڵام دشیل هێمت زۆر ورد لەسەر کتێبەکانی تۆ کاری دەکرد.**



بەڵێ، بەڵێ وایە. زۆریش ڕەخنەی لە کارەکانی من دەگرت، بەڵام لای منەوە بەو شێوەیە نەبوو. کاتی نووسینی ڕێوییە بچووکەکان کێشەی زۆرم بۆ دروست بوو، بەڵام بەلای خۆمەوە لام وابوو کە چاکیان دەکەم و درووستیان دەکەمەوە، حەزم دەکرد دشیلیش بیخوێنێتەوە. سەعات پێنجی بەیانی بوو من بۆ شەشەم جار ئێدێتم کردبوو و لام وابوو زۆر باش ئێدێتم کردووە. دەستنووسەکانم لەگەڵ نامەیەکی کورتتدا لەبەر درگاکەی دانا: "هیوادارم بەدڵت بێت". کە هەستام لە خەو دەستنووسەکانی لە پشت دەرگای ژوورەکەم دانابوو نامەیەکی نووسیبوو "ئەگەر ئەو ڕوانگە لیبراڵییەی کە وەك زەنگی مەترسی وایە بۆ لیبراڵەکان، لێی بێنیتە دەرەوە، زۆر باش دەبێت".

**مەبەستی وتووێژەکانی پێش خزمەتی ڕەشپێست بوو؟**

بەڵێ. تەنها ئەوە. لەخۆڕا تاریفی شتەکانی نەدەدایەوە.

**دواتر دەتزانی کارەکەت باش چۆتە پێش و نووسینەکەت باشە؟**

نا، جارێکی تر سەرلەنوێ دەمنووسییەوە. دشیل زۆر دڵ ئاوەڵا بوو بەرامبەر بەوانەی کە داوای هاوکارییان لێدەکرد. لای وا نەبوو کەس لە نووسیندا درۆ دەکات و گرینگی بەوانە نەدەدا کە وشەی جیددیان هەڵنەدەبژارد. ئەو پیاوێك بوو دڵی بۆ نووسەربوون دەسووتا. دڵئاوەڵا و ماندوونەناس.

**تا رادەیەك زۆربەی کاتەکان سەرکەوتوو بووی؟**

نا، وا نییە. سەرەتا بەئەستەم دەیتوانی بژێویی ژیانی خۆی دەربێنێت. گۆڤارە بازاڕییەکان پارەی زۆر نادەن. ماوەیەك بەر لە یەکترناسینمان ساڵی 1930 ناسێندرا. لەمێژ بوو دەینووسی.

**بەردەوام دەیخوێندەوە؟**

زۆر زۆری دەخوێندەوە. خوێندنی ئەکادیمی و فەرمی وەهای نەبوو. لە تەمەنی سێزدە ساڵیدا قوتابخانەی بەجێهێشت بۆ ئەوەی کار بکات. ئەوەندە بوارەکانی خوێندنەوەی زۆر بوو و بەردەوام لە هەموو بوارێکەوە دەیخوێندەوە کە من تا ئێستا کەسم نەدیوە بەو شێوەیە بێت. هەموو شتێکی دەخوێندەوە. کتێبی زانسی، کشتوکاڵ، کتێبی دروستکردنی تەڵەی کیسەڵ، ڕۆمان. یەکساڵی تەواو دەربارەی چاو کتێبی خوێندەوە. خوێندنەوە دەربارەی چاو و بینایی وەڕزی کردبووم. دواتر دەستیکرد بە خوێندنەوە دەربارەی گیا ژەهراوییەکان، ماسییەکان و نرخە ئیسلەندییەکان و... سەرەنجام بڕیارمان دا من ئیتر گوێ بە هیچ شتێك دەربارەی چاو و رایەڵەی چاو یان بیسباڵ و فووتباڵ نەدەم.

**خۆت زۆر بە شانۆ و مرۆڤە شانۆییەکان نزیك دەبینیت؟**

سەرەتا زۆر بیرم لەم شتانە نەدەکردەوە. خۆم پەراوێز دەخست. لە پێشبڕکێ و ململانێ دەترسام. هەستم دەکرد تا زیاتر خۆم دوور بگرم



چانس و بەختی زیاترم دەبێت. نا، کەسی شانۆکار و شانۆییم زۆرم نەدەناسی.

**کەسێك کە هەردوو توێژ دەناسێت وتوویەتی بەگشتی نووسەرەکان خۆبەزلزانترن و زیاتر حەز بە ململانێ دەکەن لەچاو ئەو کەسانەی کاری شانۆ دەکەن.**

دژوارە کەم یان زۆربوونی بزانین. ئەو کەسانەی کاری شانۆ دەکەن بەزۆری لەباری ماددی و پارەوە دەست و دڵ ئاوەڵاترن و دڵپاکترن. رەنگە لەبەر ئەوەی پێشتر ئەکتەرەکان پێکەوە دەژیان و هەموو شتێکیان بەش دەکرد. نووسەرەکان کەسانێکی سەیرن، بەڵام زۆربەیان رەزیلن. لەگەڵ یەکتر لە ململانێدان و بەرامبەر بە یەکتر زۆر توند قسە دەکەن. هێمینگوای بەرامبەر بە سەرجەم نووسەرەکان توند و بێ پەردە قسەی دەکرد. زۆربەی نووسەران وان. نووسەرەکان هەموو دەم هیچ و پووچ بوون. وا نییە؟

**شانۆنامەنووس لەگەڵ کۆمەڵێك کێشە رووبەڕوو دەبێتەوە کە جیاوازە لە کێشەی رۆژنامەنووسەکان؟**

بەڵێ. لەبەر ئەوەی شکست لە شانۆدا زۆر زوو روودەدات. پێویستە مرۆڤ لە شکست نەترسێت. شکست لە شانۆدا بەرچاوتر و ناشیرینترە لە شکست لە ژانرەکانی تری نووسین. شکست لە شانۆدا زۆر خراپ بەسەر مرۆڤدا دەشکێتەوە. مرۆڤ هەست بە گوناه دەکات. کاتی نمایشی شانۆنامەی

"پالێوراو" لام وایە بۆ یەکەم جار نیگەرانی هەموو شتێك بوو. ئەزموونێکی باش نەبوو.

**ئەلیزابێت هاردویك لە لێکدانەوەی کتێبی نیویۆرکدا دەربارەی شانۆنامەی کورتی لینکن سەنتەر نووسیویەتی، کێشەی شانۆی ئێستا ئەوەیە بووە بە کارێکی پێشەیی و لە ئەدەبیات جیابۆتەوە.**

بەڵێ وایە. راست دەکات. نابێت جیاوازی هەبێت لەنێوان نووسین بۆ شانۆ و هەر نووسینێکی تردا. تەنها ئەوەیە مرۆڤ دەبێت شانۆ بناسێت. بۆ چاپی شیعر یان رۆمان پێویست ناکات لەگەڵ ئاشنای پیشەسازی چاپ بیت بەگشتی، بەڵام دەربارەی شانۆنامە پێویستە نووسەر بە باشی شانۆ بناسێت و پەیوەندی بەوەوە نییە تا چەند دەیەوێت خۆی دوور بگرێت. شانۆنامە نووسەکان لەوانە شاو و چیخۆف هەوڵیان دا خۆیان دوور بگرن، بەڵام سەرەنجام تووش بوون. چیخۆف عادەتی بوو کۆمەڵێك نامە کە هەلگری فەرمان و یادداشتی تووڕەئامێز بوو، بنێرێت. شانۆنامە تەنها بەسەر کاغەز نییە. ئەکتەرەکان، دەرهێنەرەکان، دیزاینەرەکان، کارەباچییەکان، هەموویان بەشێوەیەك بەشدارن.

**باوەڕت بەوە هەیە ژمارەیەکی زۆری نووسەرانێکی بەتوانا لە ئێستادا خەریکی نووسین و کارکردنن؟**

بەڵێ، نەك بە قەد دەیەی 1920 کە من گەنج بووم. بەرەی پێش من کەسانی بەتوانای زۆریان تێدا بوو، بەڵام ئێستاش کەسانێکی بەتوانا هەن.



رەنگە زۆر درەوشاوە نەبن. مەگەر ئەو سەردەمە هەرچەند ماوە جارێك دێتەوە؟ ئەم ژمارە نووسەرە بەتوانایەش کە ئێستا هەمانە زۆر باشە. ئێستا هێمای رەخنەگرتن دەردەکەوێت. هەموویان ئەو شتە نین کە من پێمخۆشە، بەڵام ئەمە گرینگ نییە. رەخنە لێگرت خۆی جۆرێك باوەڕ پێبوون و پەسەندکردنە. لێکدانەوەی نێگەتیڤی باوەڕپێبوونە، بەڵام هەر باوەڕ پێبوونە.

**زانیاری پیشەیی نووسەرانی ئەو سەردەم لەوانە رینگ لاردنێر، دشیل هێمت یان دووروتی پارکێر، بەلای نووسەرانی ئێستاوە سواو و لە مۆدە کەوتووە. نووسەرانی گەنج وەك کەسانێکی ئاست باڵاو هونەرمەند زۆر خۆیان بەلاوە پەسەندە.**

مەبەستی نووسەر لەگەڵ ئەو شتەی بەدەستی دێنێت، جیاوازە و پەیوەندییان بەیەکەوە نییە. مەبەست پارە دەرهێنان بێت، یان ناوبانگ دەرکردن، یان دەرکەوتن و درەوشانەوە، هەمووی وەك یەك وایە. ئەم شتانە خۆی روو دەدات. ئێستا مۆدەیە کە بڵێن باشترین نووسەرەکان لە خەونی کەسە مودمین و موعتادەکانەوە دێنە دەرەوە و خەونەکان دەرژێننە دەرەوە و بەیەکتریانەوە گرێ دەدەنەوە. زۆر سانتی مانتاڵە.

**سانتی مانتاڵ یان رۆمانتیك؟**

ڕۆمانتیك و سانتی مانتاڵ. بۆ وێنە ئەو هەموو هەستەی لە کارەکانی ژانە[83]دا هەیە تووشی سەرسووڕمانم دەکات. ئێمە سەیرە خەڵك ئەوەندە ڕۆمانتیکن و سانتی مانتاڵەکان کاری ئەو نابینن. مەبەست شێوە ڕوانینی سانتی مانتاڵە بۆ ژیان، عەشق و خۆشەویستی یان ژیان کرن یان بیرکردنەوە. سەیر ئەوەیە بە شێوەیەك نییە دەمارگرژانە بڕوانێت یان توندووتیژئامێز بێت، بەڵکوو وشە توندووتیژ ئامێزەکان یان کردەوە توندووتیژەکانە کە ڕۆمانتیەکان دادەشارێت. توندووتیژی خۆی جۆرێك چەمکێکی ڕۆمانتیکە. دژە بۆرژوازی بوون ئیتر باوی نەماوە.

**لە ئەوروپا شانۆی ئەمڕۆیی زۆرت بینیوە؟ بە بەراورد لەگەڵ شانۆی ئێمە چۆنن؟**

بەریتانیا بە بەراورد لەگەڵ ئێمە پیاوان و ژنانێکی بەتوانای زۆرترە. بەڵام گومانم هەیە توانای گەورە بن. ژانە و یۆنسکۆ کەسانێکی سەیرن بەڵام من ئەوجۆرە شانۆیانەم پێخۆش نییە. ڕەنگە بکرێت بوترێت (بێکت) تەنها توانایەکە کە دەکرێت بە توانای پلەیەکی دونیای شانۆ ناوی ببەیت. بەڵام ئەبێ ڕەهەندەکانی ڕوانینی خۆی فرە لایەن بکاتەوە. پێوەرەکانی بچووکە. ئێمە زۆر دەربارەی شانۆی رووس نازانین و زۆر ئاگاداری شانۆی رووس نین. دیارە شانۆنامەنووسی باشیان نییە. ئەوکات کە لەوێ بووم

---

[83]– Jean Genet (1910 –1986) **نووسەر، شاعیر، شانۆنامەنووسی فەڕەنسایی کە لە سێپتەمبەری** 1982 **سەردەمی کوشتاری سەبرا و شەتیلا لە بەیرووت بوو وتاری چوار کاتژمێر لە شەتیلای نووسی. (و– فارسی).**



هەر نەیانبوو، بەڵام نمایش و دەرهێنەری و دەورگێڕانی رووسەکان سەرنجڕاکیشە، بەڵام قەیرانی شانۆ. کاتێك توانا گەورەکان، دەرهێنەرەکان، ئەکتەرەکان و دیزاینەرەکان هەبن، قەیرانی شانۆ دروست دەبێت. بینینی زۆر باشە، بەڵام شتێکی وای لێ ناکەوێتەوە. دەبێت نووسەری باشیش بەرهەم بێت.

**رات چییە دەربارەی دووبارە دەرکەوتنەوەی برێشت؟**

برێشت راستەقینەترین و دیارترین توانای ئەم 50 ساڵەی دواییە، بەڵام چرت و پرتی زۆر دەربارەی برێشت وتراوە و نووسراوە. خودی برێشتیش قسەی خۆڕای و چرت و پرتی زۆری وتووە. لام وایە بەئەنقەست. کەسێك بوو زۆر دەردەکەوت و وەك شەومەن[84] وابوو. تیۆری دان و بە تیۆری رشتن لە شانۆدا کاری شەومەنەکانە، بەڵام کێشە ئەمە نییە. گالیلۆ شانۆنامەیەکی سەرنجڕاکێشە. نووسەرەکان زۆر قسە دەکەن.

**بەرنامە و پلانی دواترت چییە؟**

دەمەوێت ئەو "جۆنگ"ە ئێدیت بکەم. لەگەڵ خۆمدا بەردەوام لە جەنگدا بووم، لەبەر ئەوەی دشیل حەزی پێ نەدەکرد. ئەو نەیدەویست کورتەچیرۆکەکانی جارێکی تر چاپ بێتەوە، بەڵام دەمەوێت ئەوەی ئەو دەیویست لەبیر بکەم. زۆر نابات دووەم کۆپی رایتیش نامێنێت و چیرۆکەکانی دەکەوێتە بەردەم هەمووان. بەڕاست نازانم بۆچ پێی خۆش

---

[84] - Showman

نەبوو چیرۆکەکانی دووبارە چاپ بێتـەوە. —رەنگـە لەبـەر ئـەوەی ئەوەنـدە نەخۆش بوو کە نەیدەتوانی گرینگی بە هیچ شتێك بـدات— کـارێکی دژوارە. تازە دەسـتم کـردووە بـە پێشـەکی نووسـین و دەبیـنم نووسـین دەربـارەی پیاوێك کـە ئەوەنـدە ئـاڵۆز دەینووسـی، چـەند دژوارە، تەنانـەت منـیش بـە باشی نەمدەناسی. دڵنیـا نـیم بـەوەی کـە سـەرەنجام بتـوانم، بـەڵام هـەموو هەوڵی خۆم دەدەم. بەڵام نـازانم چ هۆکارێـك بـوو کـە دشـیل وای دەگـوت. رەنگە ئەو کاتەی مرۆڤ زۆر نەخۆشە، گرینگی بە هیچ نادات. ئەو سـەردەمە زۆر ناخۆش بوو بۆی.